IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# فیتنە

## مشتومڕی ئایین و سیاسەت لە سەرەتای ئیسلامدا

**هشام جعیط**

**لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم**

**2015**

سەرچاوە:
کتێبی: (الفتنة.. جدلية الدين والسياسة فى الاسلام المبكر)
چاپی یەکەم: کانوونی یەکەمی 1991
چاپی حەوتەم: ئەیلولی 2012
(دار الطليعه) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە - بەیروت

# فیتنه

مشتومڕی ئایین و سیاسەت لە سەرەتای ئیسلامدا

هشام جعیط

لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 81 )

ناوی كتێب: فیتنە
نوسینی: هشام جعیط
لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا كەریم
بابەت: ئیسلامی
دیزاین: ئاكام شەمسەدینی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەكەم
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 2000 دانە
نرخ: 10000 دینار
ساڵی چاپ: 2015
لەبڵاوكراوەكانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فكر و لێكۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

## پێرست


دەستپێك ..... 7
سەردەمی دامەزراندن ..... 16
بانگەواز بۆ خوداپەرستی ..... 30
دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ..... 43
سەرکەوتن بەسەر هەڵگەڕاوەکاندا ..... 57
جیهاد، داگیرکاری، ئیمپراتۆرییەت ..... 73
فیتنە وەك قەیران و گێژاوی کوشتن ..... 88
کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان ..... 99
گوژمی هێزی هەستەوەری ئیسلامی ..... 108
قەیران.. مەدینە، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان ..... 124
کوفە: هەڵچوونی سامناکی جەنگاوەران ..... 132
قورئانخوێنان و دیاردەی قورئانییقورئانخوێنان و دیاردەی قورئانیی ..... 163
کوشتن، سەرەتاکانی دراماکە ..... 180
کرانەوەی گرێکوێرەکە ..... 192
فیتنەی ژانگرتوو، سەردەمی شەڕ ..... 105
کێشەی سەرچاوەکان ..... 214
عەلی و سێکوچکەی (الجمل) ..... 232
جموجووڵی عائیشە ..... 241
دەستبەسەرداگرتنی بەسرە ..... 247
کوفە پشتیوانی عەلی دەکات ..... 256
بەسرە هەڵدەوەشێت ..... 273

شەڕی (الجمل) ........ 279
چڕی دراماتیکی لە دوای شەڕ ........ 283
داستانی (صفین) ........ 290
گەشەسەندنی ململانێ..کرۆك و بونیادەکانی ........ 313
شەڕی (صفین) ........ 332
هێڵی ئاشتەوایی.. هێڵی دەمارگیریی ........ 341
لەدیکبوونی بزووتنەوەی خەواریج ........ 342
دابەشبوون لەناو سوپای عێراقدا ........ 346
کۆنگرەی داوەریکردن ........ 352
نەهرەوان و بەکۆمەڵکوشتنی خەواریج ........ 364
دابڕانێکی سەرتاسەری، شەڕو قەسابخانە ........ 371
ململانێ لەسەر دەسەڵات ........ 385
فراوانبوونی دەسەڵاتەکانی موعاویە ........ 386
دەستبەسەرداگرتنی میسر ........ 400
هەڕەشەکانی سەر دەسەڵاتی عەلی ........ 417
یاخیبوونی خرێت ........ 421
شکستهێنانی هەوڵی بەرپاکردنی شۆڕش لە بەسرە ........ 430
پێگەی ئێران لە ستراتیژی فیتنەدا ........ 445
دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن موعاویە ........ 471
پێگەی عەلی لە مێژوو، مێتامێژوودا ........ 478
کۆتایی فیتنە ........ 499
ڕەهەندەکان ........ 512

# دەستپێک

ئیسلامی رەسەنایەتییەکان هەمان ئەو ئیسلامە کلاسیکیە ئاوێتەیە نییە کە لە نێوان (البغدادي) و (القرطبي)دا وێنا کراوە، یان ئەو ئیسلامەی کە لە ئەندێشەگەلی بەکۆمەڵدا پەیوەستە بە شارستانیەتێکی گەشاوە و کەلتورێکی گەورەوە. ئیسلام لە ڕووی ماترياليييەوە ئاسایی بوو، بەڵام ئایا چەند پڕ بووە لە ئاماژەکانی دوارۆژ، بەجۆرێك کە هەتاکو ئەمڕۆش بەقسە دێت و بە هەموو قورساییەوە، دوێنێ و ئێستاو سبەینێش فشاری خستۆتە سەر جومگەگەلێتی ئیسلام.

من تەنیا قسە لەسەر سەردەمی دامەزراندن، سەردەمی پێغەمبەرایەتی و

لەدایکبوونی ئایین و دەوڵەت ناکەم، ئەو سەردەمەی کە بە تەنها هەڵنەستاوم بە باسکردنی و خستنەڕووی تا ئەو ئاستەی خوێنەر وا لێبکات ڕێچکەی سەرەداوێك بگرێت، کە لە ساتی سفرەوە دەستپێبکات، بەڵکو بە تایبەتی دەمەوێت قسە لەسەر خەلافەتی یەکەم و دوایین قۆناغی خەلافەت واتا (فیتنە گەورەکە) بکەم، کە بە درێژایی پێنج ساڵ یان زیاتر لەبەریەك هەڵوەشانی ئوممەتی ئیسلامی بەخۆیەوە بینی، هەر ئەمەشە لێرەدا دەمەوێت توێژینەوەیەکی لەسەر بکەم و هەموو گۆڕانکاری و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بخوێنمەوە. یەکەم قۆناغ، قۆناغی قەیران بوو، دووەمیش قۆناغی شەڕی ناوخۆ بوو، کە لە نیوەی دووەمی سەردەمی خەلافەتی عوسمان تاکو تیرۆرکردنی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەردەوام بوو، دوای ئەوەش بە ماوەیەکی کورت موعاویە جڵەوی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی گرتە دەست، دواتریش تاکو دامەزراندنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەوی لە نێوان (29 - 41-ی کۆچی/ 650 - 661ی زایینی) درێژەی کێشاوە. ئەو سەردەمە بە سەردەمی دایك دادەنرێت، چونکە بە راستەوخۆیی یان لە مەودایەکی نزیك یان دووردا ململانێ و دابەشبوونە گەورەکانی نێوان مەزهەبەکانی سوننە و شیعە و خەواریجەکانی تێدا بەرپابووە. تەنانەت دەشکرێت هۆکاری سەرهەڵدانی هەموو گۆڕانکارییەکان و روداوەکانی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ئایینی و دەرهاویشتەکانی بۆ ئەو قۆناغە کلاسیکیە دوورودرێـژە بگەڕێنینەوە، وەك: درووستبوونی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی ئومەوی، ناکۆکی و ململانێ سیاسیە – ئاینییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی، روخاندنی دەسەڵاتی ئومەوییەکان لەلایەن عەباسییەکانەوە و سەرهەڵدانی تێڕوانینێکی تازە بۆ هاوسەنگی نێوان هێزە ئایدۆلۆژی و ئیتنییەکان. ئەمانە هەموویان پێکەوە لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ سەدەی نۆیەمی زایینی بوونە هۆی دەرکردنی عەرەب و دوورخستنەوەیان لە گۆڕەپانی سەروەریە مێژووییەکان.

ئەمە بووە هۆی دروستبوونی گۆڕانکارییەکی ناوخۆیی قووڵ، لە هەمانکاتدا بووە

هۆکاری سەرلەنوێ خوێندنەوەی قۆناغی خەلافەتی کۆن (خەلافەتی سەرەتا)، لەگەڵ پێکەوە جووڵان لە ساتی روودانی فیتنە دراماتیکیەکەدا، کە هەردووکیان پێکەوە پاڵیان بە کۆمەڵی سوننەوە ناوە تا هەموو قۆناغەکە بە پیرۆز بدەنە قەڵەم، کاتێك هەر چوار خەلیفەکەیان بە (خەلیفەکانی راشیدی) ناوزەد کردو بەشێك لەو بیروباوەڕەیان کردە زادەی دانپێدانان بە سەرجەمیاندا لە روانگەی گرتنەدەستی خەلافەتی ئیسلامی قۆناغ لەدوای قۆناغ: «ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی»، ئەو خەلیفانەی کە ئێمە تاکو ئەمڕۆش ناوەکانیان بە درەوشاوەیی لەناو گومەزی مزگەوتی (ئایا سۆفیا)ی ئیستانبوڵ دەبینین. هەمان ئەو دیاردە دووجەمسەریە بوو کە بووە هۆکاری پێکهاتنی شیعەگەرایی و گەشەکردنی، پاشان سەقامگیربوونی لە سەرجەم بەش و لقەکانیدا، ئەو شیعەگەراییەی کە تەنیا عەلی بە خەلیفەیەکی راستەقینە دادەنێت و ئەوانی دیکەش بە کەم دەدەنە قەڵەم لە بواری رەتکردنەوە و نکۆڵی لێکردنیان. دواجار، مەزهەبی تاقمی خەواریج کە لە تونس، جەزائیر، لیبیا و عومان بوونیان هەیە، بە پێچەوانەی ئەهلی شیعە و سوننەوە، جگە لە خەلافەتی هەردوو شێخەکە، واتا هەردوو خەلیفەکەی پێش هەڵگیرسانی فیتنە (ئەبوبەکر و عومەر)، دان بە هیچ خەلافەتێکی دیکەدا نانێن، کە هەردووکیان لە شاری مەدینە لە پاڵ پێغەمبەردا نێژراون.

بە درێژایی سەردەمەکان، ویژدانی ئیسلامی لەسەر ئەو قۆناغە هەڵاوێرکراوە (استثنائیە)دا جێگیر بووە بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراوی پێبدات، چونکە لەو بڕوایەدایە ئەو قۆناغە درێژبوونەوەی مێتامێژووی پێغەمبەرایەتیە، کە بە بەرگێکی روحانی دەورەی دراوە، هەروەها بووەتە سێکوچکەی فەرمانڕەوایەتی راستەقینە: فەرمانڕەوایەتی خەلافەتی رەوا و شەرعیەت. تەنانەت لە دەرەوەی ئەو دابەشبوونە بنەڕەتییانەدا لە پێناو زیادکردنی بەرگێکی نموونەیی بۆ خەلافەتی سەرەتایی بەلای ئەو موسڵمانە نوێخوازانەوە گرنگە، کە دەیانەوێت دیالۆگ و مشتومڕە سیاسی و ئاینییەکانیان بۆ زیاد بکەن، ئەو دیالۆگ و مشتومڕانەی کە لە

ئەنجامی بەریەککەوتن لەگەڵ مۆدێرنێتەدا درووست بووە. لە ساڵی 1924وە، کە مێژووی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی خەلافەتی ئیسلامیە لەلایەن ئاتاتورکەوە، مشتومڕێکی سەنتراڵ لە نێوان جیاوازی و مشتومڕەکاندا هەیە پەیوەندی بە عەلمانیکردنی سیاسەت و دەوڵەتەوە هەیە، کە هێشتا هەر بەردەوامە لەسەر لەتکردنی هۆشیاری ئیسلامی مۆدێرن بەسەر دوو بەشدا: لایەنگرانی عەلمانیەتی دەوڵەت و شوێنکەوتوانی فۆرمە ئیسلامییەکەی. پاڵپشت بەوەی کە مەرجەعیەتی هەمیشەیی بریتیە لە مەرجەعیەتی خەلافەتی سەرەتایی، واتا خەلافەتی هەق و دانایی. نوسەری میسری (عەلی عەبدولڕازق) لە دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوودا، کتێبێکی بەناوی (الاسلام واصول الحکم) نوسیوە. نوسەر لەو کتێبەدا دەیەوێت بەڵگە بۆ ئەوە بهێنێتەوە کە چوار خەلیفەی سەرەتا (خەلیفەکانی راشیدی)، حوکمێکی تەواو سیاسیان بەڕێوە بـردووە و هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی دینییەوە نەبووە، چونکە حوکمی دینی پەیوەندی بوون بە خوداوە دیاریدەکات، کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی وەحی و کۆچکردنی پێغەمبەردا کۆتایی پێهاتووە.

تاکو ئەمڕۆ، ئەوانەی باسی عەلمانیەتی دەوڵەت دەکەن دەگەڕێنەوە بۆ ئەو قۆناغە تاوەکو نکۆڵی لە بوونی هەموو فۆرمێکی رێنیشاندانی دینی بکەن و لێی دابماڵن، بەو پێیەش هەوڵدەدەن بیرۆکەکەی عەبدولڕازق بسەپێنن و پاساویش بۆ بیروڕاو بیرۆکەی خۆیان بهێننەوە، بەڵام ئێمە وایدەبینین ئەمانە ئاراستەیەکی پێچەوانەیان هەڵبژاردووە و چەمکی ئیسلامی سیاسی رەتدەکەنەوە، راشیدەگەیەنن کە ئیسلام ئەم جیهانە و جیهانەکەی تریش بە سیاسی دەکات. راستی قسەکە ئەوەیە کە ئیشکالیەتی پەیوەندییەکان لە نێوان ئایین و سیاسەت، لە رێگەی دینامیکیای (فیتنە)وە، لە پانتایی ناوەرۆکی ئەم کتێبەدا بووەتە ناوەندی گرنگیپێدان و سەرقاڵیم. کەواتا ئایا بابەتەکە پەیوەندیدارە بە ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان یان بە ململانێ ئاینییەکانەوە؟ ئایا لێرە و لەوێ پەیوەندی بە زنجیرەیەك مەرام و

ئامانج و خواستەوە هەیە لە پێناو دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، یان پەیوەندیدار بووە بە ئارەزوو هەڵچوونی دینی رووتەوە؟ بابەتەکە بەندە لەسەر قۆناغەکانی گەشەکردنی فیتنە، هەروەك بەندیشە لەسەر ئەو کێبڕکێکارانەی کە خۆیان بزوێنەر و پاڵەوانەکانی کێشەکەن.

جەنگاوەرە - قورئانخوێنەکان، کە هۆکار پێشینەی هەڵگیرسانی فیتنە بوون، بە گەرموگوڕی دەجەنگان لە پێناو جێبەجێکردنی حوکمەکانی قورئانی پیرۆز لە بـواری کاروباری موسوڵماناندا، بەڵام موعاویە لە کۆتایی قۆناغەکەدا، خواستەکانی خۆی ئاشکراکرد بۆ گەیشتن بە پێگەی هەرە بڵندی دەسەڵات. بە هەمانشێوە (عەلی) بە ناوی فەرمانڕەواکانی پێشخۆی لە ئیسلامدا، بەرگری لە شەرعیەتبوونی خەلافەتەکەی دەکرد، واتا لەژێر ناوی وتە و بەها ئاینییەکاندا داکۆکی لە دەسەڵاتی سیاسی دەکرد. راستی بابەتەکە ئەوەیە کە کەسی ئایینی و سیاسی پێکەوە لکێنراون، واتا ئاساییە کە یەکەمجار بۆ کەسی ئایینی بگەڕێیتەوە، ئوممەتێك کە سەرەتا لەسەر بناغەی بانگەوازێکی دینی، لەسەر میتامێژوویی پێغەمبەرایەتی و لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز درووستبووە، لە ڕووی دینییەوە هەموو شتێکی تێدا پیشاندراوە، بە شێوەیەکی تایبەتیش دیوە سیاسیەکەی، بەڵام هەموو یەکێك لە کێبڕکێکاران گێڕانەوەی تایبەتی خۆی بۆ ئەو دیوە دینیە هەیە کە تەوزیفی سیاسەتکراوە. ئەو قورئانخوێنانەی کە خەلیفە عوسمانیان کوشت، یان کە بە تێڕوانینی ئەوانیتر بە خەلیفە شەهیدەکە ناوزەد دەکرێت، پابەند بوون بە ناسەردەمیبوون و دەقەکانی قورئانەوە، بۆ ئەوەی هەموو وزە و توانا شۆڕشگێڕییەکەی خۆیانی تێدا ببەخشن و سنوری بەهاکانی سەرکردایەتی مێژوویی ببەزێنن، بێئەوەی بیرۆکەیەکی روونیان دەربارەی هەر جۆرێکی تری سەرکردایەتی و رابەرایەتی کردن هەبێت.

دوایئەوەی خەلیفە عوسمانیان کوشت، قورئانخوێنانی کوفە چوونە پاڵ عەلی بۆ ئەوەی کۆتایی بە دژایەتیکردنی بهێنن، لەو کاتەدا کە یەکەم حزبی سیاسی دینییان

لەناو ئیسلامدا بە ناوی حزبی خەواریج پێکهێنا. قورئانخوێنەکان نوێنەرایەتی هێزێکی نوێیان دەکـرد، خۆیان زۆر رۆشنفکر کردبوو، زۆریـش وابەستەی دەقەکانی قورئان بوون و لە یەککاتدا نوێنەرایەتی لایەنی شۆڕشگێڕی و دیوە تیرۆریستیەکەی پشت فیتنەیان کرد، بەڵام هێزەکەی تر لە مێژووی ئیسلامیدا لە کەسایەتی بنەچەی ئومەوییەکان (موعاویە) و لایەنگران و شوێنکەوتوانی لە سوریا بەرجەستە ببوو. ئەویش لە پێناوی بیرۆکەیەکدا تێدەکۆشا، کە باوەڕی بە پەیڕەوی ئایینی هەبوو، وای لێهاتبوو کەسێك نەبوو بەبێ باوەڕێك یان قەناعەتێك لە ڕێگەی فیتنەدا شەڕ بکات. موعاویە لە پێناوی لابردنی ستەمکاری لەسەر عوسمان دەجەنگا بەگوێرەی ئەو سزایەی کە خودا فەرمانی پێکردووە. ئەوە دەرهاویشتەیەکی نوێبوو بەپێی ئاستی بەشداری نەکردن و نەبوونی جێدەستی لە میراتی پێغەمبەرایەتیدا، بەو قەدەرەش کە بنەماڵەکەی دژایەتی کردووە. بەڵام خاوەنی هێزێکی گورزوەشێنی گەورە و هەستێکی ستراتیژی باڵاو پرسێك بوو، کە هەمیشە بیانو و پاساوی خۆی هەبوو.

بە پێچەوانەی موعاویە و قورئانخوێنانی ئەو سەردەمە، دایکی بـاوەڕداران (عائیشە) و تەڵحە و زوبێر لەلایەك و عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لە لاکەی ترەوە، کە خاوەنی خەسڵەت و ئاکاری باش و شانازین، بە تایبەتی کە ئەوان سیمبوڵی مێژوویی ئیسلام بوون. شتێکی گرنگ هەیە پێویستە لەمە جیای بکەینەوە، کە ئەو ناکۆکی و دابەشبوونە سەرەکیە کێبڕکێکارییانە لەناو هێزی فیتنەدا، بەپێی لۆژیکی کۆن و نوێ بونیاتنەنراوە، بەڵکو بەپێی دینامیەتێکی وردتر بونیاتنراوە، بە جۆرێك کە زنجیرەی مێژوویی رووداوەکان بەمشێوەیەیە: قورئانخوێنان بە ناوی هەندێك بیروڕاوە سێیەم خەلیفە، واتا (عوسمان) دەکوژن، پاشان تیشك دەخرێتە سەر راگەیاندنی ناوی عەلی بە خەلیفە و قورئانخوێنان وەك زۆرینەی ئومەتی ئیسلام دەچنە ژێر فەرمانیەوە. عائیشەی خێزانی پێغەمبەر لەگەڵ هاوەڵە دیارەکاندا (تەڵحە، زوبێر)، کە ئەوانیش نوێنەرایەتی ئیسلامی مێژووییان دەکرد، لە دژی

عەلی هەڵدەچن و هەڵوێست وەردەگرن و داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان دەکەن، بەڵام لە دوای شکستهێنانیان، موعاویە بە هەمان داواکارییەوە دەچێتە ناو گەمەکەوە و خۆی وەکو ڕکابەر و ناحەزی عەلی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەناسێنێت. دووبەرەکی دەکەوێتە نێوان لایەنگرانی عەلیەوە، ئیتر لەو دابەشبونەوە بزووتنەوەی خەواریج سەرهەڵدەدات، لە کۆتاییشدا عەلی بە تایبەتی لەسەر دەستی ئەو بزووتنەوە لە ڕێباز دەرچووە دەکوژرێت، لە کاتێکدا ئوممەتی ئیسلام لە دۆخی دابەشبونێکی بێ دەرچەدا گوزەری دەکرد. دواجار دەسەڵات دەکەوێتە دەستی موعاویە، ئەوەش مانای وایە کە لە کۆتاییدا مەسەلەی تۆڵەکردنەوەی خوێنی عوسمان سەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی توندترو بەگوژمتر بوو ئەوەیە کە بە جیاوازییەکی دیار سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ویژدانی ئیسلامیی هەژاند، پانتاییەکەی ئەوەبوو کە خەلافەت بوو بە نەسیبی ئەوانەی کە لە ڕابردوودا شەڕییان لە دژی ئیسلام دەکرد، لەسەر حسابی کوڕە خاوێن و بێگەردەکەی ئیسلام (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) و لەسەر حسابی ئەو قورئانخوێنانەی پێیانوابوو چاکسازی لە حوکمێکی لادەر و چەوتدا ئەنجامدەدەن لە ڕێگەی پەنابردنیان بۆ حوکم و فەرمودەکانی قورئان. ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆوی کێشە و ململانێکانی داهاتوو لێرەدا خۆیان مەڵاسداوە و لە ڕێگەی چەند شەپۆلێکی پچڕ پچڕەوە چاوەڕوانی دەرفەتێکن بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدان. لەگەڵ ئەوەشدا، بنەماڵەی ئومەوی بە خەسڵەتێکی ئیتنیکییەوە چووە ژێر بارگرانییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیەوە و لە ماوەی نزیکەی سەدەیەکدا ڕووبەرەکەی بەرفراوانتر کرد، هەروەها سەکۆ و بنەماکانی شارستانیەتی ئیسلامیشی دامەزراند.

من لە ڕووی بزووتنەوە هەڵکەوتوەکەیەوە دانی پێدا دەنێم، زۆر گرنگی بەو فیتنەیە داوە کە لە قۆناغی سەرەتای ئیسلامدا ڕوویداوە، هەر لە قەیرانەکەی سەردەمی عوسمانەوە تاکو ئەو شەڕە داستانئامێزانەی کە لە بەسرە و صفین ڕوویاندا و لە سەرووی ئاستی شەڕی ئەهلی یان شەڕی ئایینیەوە بوون، چونکە

تەوژمێکی بەهێز بوو ریتمە بێکۆتاییەکانی هێنایە لەرزین، بەڵکو شتێك بوو گەشەی بە بونیاد و پێکهاتە باڵاو فرەجۆرەکان کرد، لەوە دەچوو دەرهاویشتەی نوێ بێت وەك لەدایکبوونی حزبەکان و کۆنگرەی داوەریکردن. هەروەکو شۆڕشە گەورەکان، فیتنەش ئاوازێکی هەناسەسواریی پێوە دیار بوو، زەمینەی بیروڕاکان بەسەریدا زاڵبوو، لە پڕۆژەکەیدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بۆ ئامادە کرا، بەو شێوەیەش سنوری چەمکی سیاسی خۆی فراوانکرد.
جێی سەرسوڕمانە کە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی جددی هیچ کتێبێکی لە بارەوە نەنوسراوە، جگە لە کتێبی (فیتنە گەورەکە)ی تەها حسێن نەبێت، کە سیمایەکی ئەدەبی تایبەتی هەیە، زیاتر لەوەی مێژوویی بێت. هەوڵمداوە تا ئاستێکی باش کار لەسەر مێژوویەکی تێگەیەنراو بکەم و رۆبچمە ناو دڵی ژینگەی زیهنی و عەقڵانی سەردەمەکەوە، ویستوومە هەوڵیش بدەم بۆ تێگەیشتنی چۆنێتی جۆری بیرکردنەوەی خەڵکەکەی بگەم، کە ئایا جۆرەکانیان و گوتار و گوفتار و بەهاکانیان چۆن بووە، تەنانەت هەوڵمداوە بە زمانی ئەوان بدوێم. لە لایەکی تریشەوە، لە کاتێکدا هەوڵمداوە بە ڕوونی درك بە زۆری دەرهاویشتەکانی ئەو سەردەمە بکەم و بونیادەکانی شیبکەمەوە، مێژوویەکی سەرتاسەری گشتگیر بنوسمەوە، بەڵکو ویستومە لە رێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو سەردەمە دەوڵەمەندەوە بەسەرهاتی پیاوەکانی و رووداوەکانی بگەیەنم. لە کۆتایی باسەکەدا گەیشتمە ئەو راستیەی کە لەگەڵ ئەو خەڵکە و رووداوەکانی سەردەمەکەدا دەژیم.
بە ئەرکی خۆمی دەزانم بە خوێنەر بڵێم، ئەوەی لە کتێبەکەمدا مەبەستمە لە سایەو لەناو باوەشی نەریتی ئیسلامیدا گەورە بێت، بۆیە لەسەری پێویستە لە یەککاتدا لە دژی تێڕوانینی کلاسیکییانە بۆ بابەت و رووداوەکان و دژی نوێگەریکردنی ئاسان تێبکۆشێت. لەم پرۆژە قورسەدا مێژووی راست و درووست و تۆکمە یارمەتیداوم و وایلێکردم پەیوەندییەکی مەعریفی سنوربەزێن و هاوسۆزی و خۆشەویستی قووڵ لەگەڵ ئەو قۆناغە دامەزرێنەرەی ناسنامەی ئیسلامیدا درووستبکەم، کاتێك

بواری مەعریفی و ژیاریی، زانست و ژیان پێکەوە وابەستەی یەکتری دەبن. زیندووکردنەوەی لایەنێك لە راستییەکان و چڕی رووداوەکانی مێژووی ئیسلامی، بەشێکە لە کاروانی دوورو درێژی هەبوونی من. بەڵام ئایا هەمیشە توانیومە گۆشە راستەکە بدۆزمەوە؟ ئایا بە بەردەوامی بابەتەکانم روونکردۆتەوە؟ ئایا هەمیشە خۆم پڕچەك کردووە بە بەڵگە و حوکمدانی راست و درووست؟ ئەمەیان مافێکە دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەر تاکو بڕیاری درووستی لەسەر بدات.

# -1-

# سەردەمی دامەزراندن

# تەنیا ئایین

## سەردەمی دواکەوتوویی (الجاهلیة)

دورگەی عەرەب زەوییەکی بیابانیی و دەشتە، هەمووی دەکەوێتە ناوچەیەکی وشکانییەوە. لێرەو لە هەر شوێنێکی تر زیاتر، ژینگە و کەشوهەواکەی جۆری ژیانی و مێژووەکەی لەقاڵبداوە. عـەرەب هەر لە کۆنەوە، لەگەڵ چەمکی کۆچەری بووندا ژیانیان گوزەراندووە، هەروەك سەرچاوەی ئەکادی یەکەم ئەوەی بۆ ئاشکرا کردووین، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی نۆیەمی پێش زایین

دەگەڕێتەوە، بەڵام نە لەگەڵ چەمکی ئیتنی، نە لەگەڵ ئیتیکی زمانەوانیدا هەڵیان نەکردووە. عەرەبەکانی نیوە دورگەی عەرەب کەمێك پێش دەرکەوتنی ئیسلام، توانیویانە سیمایەکی یەکگرتوانە و هۆشیاری لە بەرامبەر یەکبوون پێشکەش بکەن، کە لەسەر بنەما و چوارچێوەی پێکەوە گرێدانی نێوان خوێن و زمان و ئایین بونیاتیان ناوە. ئەوان بە ئەندازەیەکی دوورمەودا لە مێژووی خۆرهەڵاتدا کە بە کەمی تێکەڵاوی بوون، لە شێوەی پەراوێزخراوەکاندا دەرکەوتوون، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکیان دەکرد کە خەڵکانی تر هەست بە بوونیان بکەن. پێدەچێت نیوە دورگەی عەرەبی لە سەردەمێکی زۆر زوودا دەستی بە شەپۆلێکی کۆچکردن کردبێت و پاشان لە وڵاتی رافیدەین نیشتەجێبوون، بەوەش بووەتە لانکەی سامییەکان. بێگومان لە هەموو بارێکدا نیوە دورگەی عەرەب گوشارێکی لەسەر ئەو ئیمپراتۆریەتانە درووستکردووە کە چەند گروپ و سەرچاوەیەکی سەرهەڵداو لە دورگەی عەرەبەوە تێیاندا بڵاوبوونەتەوە، واتا ئەو گروپ و کۆمەڵگانەی کە ریتمی عەرەبایەتی خۆیان لەدەستدابوو، بەڵام پارێزگارییان لە ناوە عەرەبییەکانیان کردووە.

لە سوریا کە پێدەچێت سەرچاوەی سەرهەڵدان و لانکەیان بووبێت، عەرەبەکان رۆڵی خۆیان وەکو دامەزرێنەرانی شارو میرنشینەکان سەلماندووە، زیاتر لەو رۆڵەی کە لە وڵاتی رافیدەین پێی هەڵساون. راستیەکەی ئەوەیە کە جیهانی عەرەبی لە بۆتەی (3) خولگەی تایبەتیدا خۆی بەرجەستە کردووە، کە بە تەنیا ئیسلام توانیویەتی یەکیان بخات: باکور واتا سوریا، یەمەن و دورگەی عەرەبی ناوەڕاست. بەڵام رەوتێکی هاوکار هەبووە سنوری تەواوی نیوە دورگەی عەرەبی لە سوریاوە تاکو یەمەن بەزاندووە، بە درێژایی ئەو هەزار ساڵەی کە مێژووی دورگەی عەرەبی لەپێش هاتنی ئیسلامی لێ پێکهاتووە - لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین تاکو سەدەی شەشەمی دوای زایین. باکوری نیوە دورگەی عەرەب ناوچەیەکی شارستانیتر بوو، پەیوەندی جێگیرو باشیان لەگەڵ شانشین و ئیمپراتۆریەتە خاوەن

شارستانیەتەکاندا هەبوو لە پشت دورگەی عەرەبیەوە، کە دەکەوێتە نێوان دوو جیهان و یەمەن و لێیانەوە تینوێتی خۆی دەشکاند.
ئەزمونە شارستانییە، دەوڵەتییە، کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان لە باکور بەردەوام لە قەڵەمڕەویدا بوون، بۆیە یەمەن ببووە نموونەی شارستانیەتی یەمەنی باشور، بە دڵنیاییشەوە ببووە نموونەی شارستانیەتی کۆمەڵگەی کۆچەری دەشتەکی لە دوورگەی عەرەبی ناوەڕاستدا، یان بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان لە رێگەی یەمەنەوە ئەو پەیوەندیە دروستبوو. لە راستیدا یەمەن لە باکورەوە خاوەنی رەگوڕیشە و رەسەنایەتی زیاتر بووە لە نیوە دورگەی عەرەب کە لەناو خولگەی ئیمپراتۆریەتەکاندا دەخولایەوە، بەو هۆیەشەوە بوو کە یەمەن وزە و توانای زۆری هەبوو بۆ پەروەردەکردنی جەماوەری کۆچەری دەشتەکی. کەواتا یەمەنی رێکخراو لە چوارچێوەی مەمالیکەکاندا، کە بە شارو دەوڵەت و هونەر و نوسین ئاشنا بوو، بە بەردەوامی بەهۆی ئامادەگی کۆچەرییەوە بەزێنراوە، کە لە دوای دەرکەوتنی ئیسلام فراوانتر بوو، چونکە ئیسلام لە ڕووی زمان و زمانەوانیەوە هەستا بە تەعریبکردنی. لەگەڵ ئەمەشدا، عەرەب واتا کۆچەری و دەشتەکیەکان زۆرییان چەشت لەدەست تەماشاکردنیان وەکو نامۆ و غەوارە، چونکە ببوونە بارێکی زیاد بەسەر شارستانیەتی یەمەن کە لە هەموو شارێك لە شارەکانیدا هاوڵاتیانی عەرەبی تایبەتی خۆی تێدا بوو.
یەمەن لەسەر بازرگانی بخور دەژیا و هەناردەی سوریای دەکرد، کە بە دەرگای ناوەڕاستی جیهان دەناسرا، هەر لەسەر ئەو بازرگانیەش پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە دواییدا گەشەکردنێکی کشتوکاڵی هەڵکەوتووی پێبڕا. بازرگانیکردن و ئابوری دەشتەکی شوانکارەیی، دوو بنەمای ئابوری نیوە دورگەی عەرەبییان پێکدەهێنا. ئەگەر بارزگانی توانایەکی تایبەتی لە درووستکردن و پێکهێنانی دەوڵەتان و شارستانیەتەکان و هەموو فۆرمێکی شارستانی مەدەنی باڵادا هەبووبێت، ئابوری دەشتەکی شوانکارەییش پەیوەندی قووڵی بە ژیانی

کۆچەری و ڕێکخستنی خێڵەکی و سروشتی دوژمنکارانەی جەنگخوازیدا هەبوو، لە نیوە دورگەی عەرەبیدا ئەو ئابوریە کۆچەرییە بە شێوەیەکی زیاتر گشتگیر و بڵاوتر بوو. هەروەها بناغەی ئابوری نیوە دورگەی عەرەبی وەك کۆگەلێکی جوگرافی ناسرابوو کە لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە. سەرەڕای دابەشبوونی جیهانی عەرەبی بەسەر چەند خولگەیەکدا: خولگەی باکور، خولگەی ناوەڕاست، خولگەی باشور، بەڵام دەشکرێت بەسەر دوو ناوچەدا پۆلێن و دابەش بکرێت: ناوچەی شارستانیەت و ناوچەی کۆچەری - دەشتەکی، بەڵام باکور و باشور کە بازرگانی پێکەوە دەیبەستنەوە، رایەڵەیەکی تریش پێکیەوە گرێدابوون، بریتی بوو لە فۆرمی ژیانی شارستانی و مەدەنییەت، پانتایی رووبەرەکانی دورگەی عەرەبی ناوەڕاستیش بە یەکتری دەگەیاندن، کە پێکدەهات لە جیهانی دەشتەکییەکان و ئەو خێڵ و هۆزانەی کە لە گەورە خاوەنانی حوشترگەل بوون و ژیانێکی دەشتەکیان دەگوزەراند، بەڵام ئیسلام نە لەم جیهانە و نە لەوەی ترییاندا دەرنەکەوت، بەڵکو لە ناوجەرگەی هەموویانەوە هەڵکەوت کە لەنێو خۆیاندا هۆزی قوڕەیشیان پێکهێنا و لە بنەچەدا هۆزێکی کۆچەری دەشتەکی بوو، پاشان لە ناوەندی خۆرئاوای دورگەی عەرەبیدا نیشتەجێبوون و شارنشین و شارستانی بوون.

ئایا کامیان بووەتە سەرەتا؟، لەو سەردەمەدا چی باو بوو، ژیانی کۆچەری یان شارستانیەت؟

ژیانی کۆچەری - دەشتەکی یەکەمین و سەرەتا بوو، لەبەر ئەوەی کە ئاشوریە بابلییەکان لە رێگەی دەرگای کۆچەرییەوە بەناو ناسنامەی عەرەبیدا رۆچووبوون، بەو پێیەی کۆچەریی دەشتەکی پێویستیەکی جەوهەری ناسنامەی پێکدەهێنا. هەرچەندە عەرەب لە رێگەی شارەکانەوە چوونە ناو مێژووەوە، سەرەتاش لە رێگەی شارەکانی باکورەوە وەك (العلا، الحجر، البتراء، بصرة)، کە لەلایەن سەمودییەکان و نەبەتییەکانەوە بونیاتنران، بە پلەی دووەمیش شارستانیەتی

یەمەن دێت، وەك (سبأ، شبوا، تمنع، ظفار، نجران)، کە ئەمانە توانییان شانازی بە جیاوازی و شایستەیی خۆیانەوە بکەن لە بەرامبەر عەرەبی دەشتەکیدا. شار و شارنشینی لە بواری مێژووییدا باوتر بوو، بەڵام کۆچبەریی – دەشتەکی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا بریتیبوو لە خواست و ویستی هەژمونگەری.

هێشتا زۆرینەی هـەرەزۆری عەرەبەکان لەژێر کاریگەری بوونی کۆچبەری – دەشتەکی – خێڵەکی - جەنگخوازیدا ماون، بەڵام شارستانیەتی بەترا هەروەك شارستانیەتی (سبأ، الحیرة)، بناغەی دەوڵەت و بنەماکانیان بەرجەستە دەکرد و لەناو هەناوییاندا بیرۆکەی یەکبوونی بەکۆمەڵ و خواستی هەژمونگەرییان هەڵگرتبوو، بەڵام شار هـەروەك دەرهاویشتەیەکی کەمینەیی مایەوە و بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن پێودانگی خێڵەکییەوە دەبەزێنرا، کە بە مەبەست هەوڵیدەدا بەسەریدا زاڵبێت، پاشان شارەکان لەپاڵ کەمی ژمارەیاندا سەرەڕای ئەو فشارەش بە شێوەیەکی قووڵ و دیار لەناو روانگەی مێژوویی عەرەبدا بەرجەستە ببوون. ئەوە واقیعێکی بەرچاوو بەهێز بوو. شار بە توندی بەربەرەکانێی لەگەڵ ژیانی کۆچەری و دەشتەکی عەرەبەکاندا دەکرد، چونکە ناسنامەی و هەستی ئینتیمابوون و رەچەڵەکێتی زۆر تایبەتی بۆ خودی خۆی بەرجەستە دەکرد و خاوەنی شکۆمەندییەکی شارستانی باڵا بوو. بەڵام لە لایەکی ترەوە شارو خێڵ لە بەریەککەوتن و کارلێککردندا دەژییان، بە تایبەتیش لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلام. سەدەی شەشەم هەروەك قورئان دیاریکردووە، سەدەی نەزانی و دواکەوتوویی (جاهلییەت)، واتا سەردەمی توندوتیژی و دواکەوتوویی پێش هاتنی ئیسلام بووە. ئەم نەزانی (جاهلییەت)ە ئاوێنەی دوایین واقیعی عەرەبیە، کە زیاتر جدییەتی پێوە دیارە.

رەوشی یەمەن کەوتبووە ژێر رکێفی بیانییەکانی حەبەشی و فارسەکان، واقیعی هەڵکەوتنی مەککە و هەژمونگەری لێشاوی کۆچەری – دەشتەکی، هەروەها واقیعی بە لوتکەگەیشتنی حیرە و غەساسینە درەوشانەوە. گومانی تێدا نییە کە

دیاردەی مەککی پێویستە وەك دیاردەیەکی سەرەتا لەبەرچاو بگیرێت، لە سایەی ئەوەدا کە لە داهاتوودا روودەدات، چونکە لە داهاتوودا پێگەی زیاتری دەبێت. بەڵام لەپاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، ئەوە روون نەبوو کە مەککە لە حیرە و تەنانەت (صنعاء)ی پایتەختی یەمەنی نوێ گرنگتر بێت.

گرنگی مەککە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لێی دەخـوازرا ببێتە پێشەنگ بۆ رێکخستن و بەڕێوەبردنی هێزە تازەکانی عروبەی کۆچەری - دەشتەکی و ئەنجامدانی پرۆسەی پێکەوەبەستنی نێوان هەردوو جیهانی ناوخۆیی و دەرەکی، جیهانی خێڵ و جیهانی شارنشینی، بە جۆرێك کە لەوەو پێش رووینەداوە. راستە حیرە سیمای هێز بوو، بەڵام پاڵپشتیکراو بووە لەلایەن هێزێکی بیانیەوە، ئەویش ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو، بۆیە هەرگیز نەیتوانی پێگەی خۆی بەرەو هەموو ناوچەکانی دورگەی عەرەبی فراوان بکات، هەروەك هەڵگری پەیامی ئایندەش نەبوو بۆ عەرەب. یەمەنیش دەستپێشخەری مێژوویی لەدەستدابوو، پەراوێز خرابوو، لە کاتێکدا کە لەلایەکی ترەوە قەبارەی کۆچەرێتی و دەشتەکیەتی زیاتر دەبوو، بەوەش خەسڵەتی یەمەنایەتی ونکرد و وەك جیهانی باکور نەمایەوە، جیهانی عەرەبی پێشینەی رابـردوو، کە بتوانێت بە رۆڵی نێوەندی کەلتوری هەڵبستێت. ئەوەبوو سیمای شارە عەرەبییەکانی یەمەن پووکایەوە و جگە لە تاکە واقیعی کۆچەرێتی هیچی دیکەی تێدا نەمایەوە، واتا ئەو کۆچکردنەی کە عەرەبەکانی یەمەنی لە باشورەوە گواستەوە بۆ باکور، بەو شێوەیەش لەگەڵ نەریت و تایبەتمەندیە رووتەکانی ژیانی کۆچەری دەشتەکی تێکەڵبوون، لە سەرو ئەوەشەوە کەوتنە ژێر دەسەڵات و رکێفی رۆمە بێزەنتییەکانەوە.

دیـاردە گەورەکەی سەردەمی جاهیلیەت، بریتیبوو لە سەرهەڵدانی هێزە تەقینەرەوە تازەکەی دەرکەوتووەکەی دورگەی عەرەبی لە نێوان دوو جیهاندا، یان هەڵکەوتنی نیوە دورگەی عەرەبی ناوەڕاستبوو، کە لە نێوان سوریا و یەمەن قەتیس مابوو، هاوکات لاوازبوونی ئەو دوو جەمسەرە دووره دەستە بوو. وەلحاڵ دورگەی

عەرەبی ناوەڕاست، کە لە رابردوودا سەنتەری بوونی ئەنترۆپۆلۆجیەتی بێدەنگ و پەرتکراو بوو، لەسەر رێگەی خۆڕێکخستنەوەدا روویکردە دوو بنەما سەرەکیە گەورەکە: بنەمای کۆچەرێتی و بنەمای شارستانییەت. جیهانی کۆچەری لەسەر خێڵ و هۆز بونیاتنرابوو، بەڵام جیهانی شارستانی لەسەر پیرۆزییە قەدەغەکراوەکان بونیاتنرابوو، وەك لە حیجاز و یەمامە دەگوزەرا، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی چەند شارێکی نوێدا، بە تایبەتی شاری مەککە. خێڵی کۆچەری - دەشتەکی جۆرێك لە ئەرەستۆکراتی شەڕکەر بەرجەستە دەکات، واتا ئەرەستۆکراتی خانەدانەکان (الاشراف)، کە خۆی بە پاڵپشتیکردنی وتاربێژان و شاعیران و سوارچاکی بەهێز کرد و لە شێوەی دەزگایەکی سیاسیدا خۆی دەناسێنێت. بەڵام شارەکانی حیجاز وەکو مەککە و تائیف و یەسریب (مەدینە)، کە تا ئەو کاتەش هێشتا بەهێز نەبوون و شلوشاویان هەبوو، ئەوانیش لەسەر بنەمای خێڵەکی دامەزرابوون، بەڵام هێزو توانای بوونییان لە رێگەی کشتوکاڵ یان بازرگانیەوە بەدەستهێنابوو. مەککە لە ناوەڕاستی پیرۆزییەکان یاخود لە ناوەندی خاکی پیرۆزدا هەڵکەوت، واتا گرنگترین پیرۆزی لە هەموو دورگەی عەرەبیدا لە مەککە بوو، لەبەر ئەوەی ببووە ناوەندی حەج کە بەوپەڕی پاکێتییەوە پیرۆزی پێبەخشیوە، بەو هۆیەشەوە شارەکە و خێڵەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتری داناوە. لە هەموو بارێکدا، ئەو دورگە عەرەبیە دووجەمسەریە بوو کە جاهلییەتی بەرجەستە کرد و بووە ئەو سەرزەمینەی کە دەوڵەتی عەرەبی تێدا دروستبوو، بەبێ ناوچەکانی باکور و باشور و خۆرهەڵاتی لەبەریەك هەڵوەشاوەی دورگەکە.

لەو سەردەمەدا خاڵی هاوبەش لە نێوان ناوچەکانی دورگەی عەرەبی ئەوەبوو کە بە بنەمای دەوڵەتداری ئاشنا نەبوو، بەڵکو هەموو جۆرەکانی ژیانگوزەراندنی بەناویەکداچوو بوون و پێگەکەی لەسەر بناغەی خێڵ (هۆز) بۆ رێکدەخست. لە دەرەوەی چوارچێوەی جیاکردنەوەی نێوان کۆچەری و شارستانیدا، هەروەها بە تێپەڕاندنی سنوری هەڵوەشاندنەوەی خێڵەکی، عەرەبەکان بە خوێن و زمان

و دینییان یەکگرتوو بوون، بۆیە زیاتر نەتەوەیەکی کەلتورییان پێکهێناوە، نەوەك نەتەوەی دەوڵـەت. سـەرەڕای عەشیرەت، خێڵ ناسنامەی بە تاك بەخشی و کۆمەڵێکی هەمئاهەنگ و دامەزراوی لەسەر بنەمای خوێن و رەچەڵەکی هاوبەش و رێچکەی باوك و باپیران بەرهەمهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی دەزگایەکی سیاسی بوو سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەکرد، بڕیاری راگەیاندنی شەڕ و جووڵەی کۆچکردنی دەدا و لە رێگەی دامــەزراوەی تۆڵەسەندنەوە پارێزگاری لە تاك دەکرد. بەو شێوەیە خێڵ تا ئاستێکی زۆر جێگەی دەوڵەتی گرتەوە. هەموو خێڵێك ماڵی سەرکردایەتی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەو ماڵەی کە تیایدا دانانی گەورە و سەرۆکەکانی خێڵ ئەنجامدەدرا، بەڵام مومارەسەی دەسەڵاتی رەهای پاوانخوازانەی نەدەکرد. ئەم شێوە رێکخستنە سیمایەکی گشتی بوو، دەکرێت لەناو ژیانی هاوشێوەی کۆچەریی خۆرهەڵاتدا بیدۆزینەوە، وەك خێڵی بەکر و عەبدولقەیس و گەورە خێڵە کۆچەرییەکانی نەجد (تەمیم و ئەسەد)، هەروەها لەلای قەیس لە حیجاز، لە رێگەی خێڵی قورەیش لە مەککە و ئەوس و خەزرەج لە یەسریب و سەقیف لە تائیف درکی پێدەکرێت. ئەو شێوازە رێکخستنەی کاروبارەکان رێگەی بە هەردوو دیوەکەی عەرەبچێتی کۆچەری و شارستانی دەدا، کە زمانێکی هاوبەش و هەڵوێست و بەهایەکی هاوبەش بۆ خۆیان بدۆزنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا عەقڵیەتێکی تایبەت و جیاوازی لە عەقڵیەتی کۆچەری بە دانیشتوانی شارەکانی دەبەخشی، کە سنوری خۆی لە نێوان هەردوو جیهانەکەدا کێشابوو.

خێڵەکانی مەزەر و قەیس و رەبیعە و سەرجەم عەرەبەکانی ناوەڕاستی دورگەی عەرەبی، هەرچۆنێك بووبن، بەڵام هەموویان لە یەك باپیرەوە سەرچاوەیان گرتووە و گریمانە دەکرێت کە یەکەمین رەچەڵەکیان بێت. وابەستە و پەیوەندی خوێن ئەوانەی پێکەوە دەبەستەوە لە چوارچێوەی ئەو تۆڕی دابەشبونەیاندا کە خێڵەکان لە قۆناغی جیاجیادا لەناویدا قەتیس ببوون. بە هەمان چۆنیەتی، یەکبوونی

و زمان و شێوەزارەکەی تا ئاستی دیاریکردنی دوو زمان: زمانی پێکەوەبوون و ئاخاوتنی ڕۆژانەی پەیوەندیدار بە ناوەندە شارستانییەکانی حیجاز بوو، هەروەها زمانێکی هاوبەش، پوخت و نەخت، زمانی شیعر کە شێوەزاری ئاخاوتنی کۆچەری و دەشتەکییەکانی باکور و ناوەڕاست بووە. عەرەبەکان یەك ئاینییان هەیە، ئایینی عەرەب کە واتای ڕێگەی عەرەبیشی دەبەخشی، واتا ڕێگەیان بۆ روبەڕوبوونەوەی ئایینە نامۆکان وەکو مەسیحیەت، لەلایەکی تریشەوە پاڵپشتیان بوو بۆ وەستانیان لە بەرامبەر هەڕەشەی داب و نەریتە بیانییەکاندا، ئەو ئایینەش بەبێ بوونی ریتمێکی ڕێکخراو لە روانگەی فرەیی خواوەندەکانەوە دیاریکراوە. پێدەچێت رەگەزی یەکبوون لە پەیڕەوە ئایینیەکانەوە هاتبێت، زیاتر لەوەی لە ڕێچکەی بیروباوەڕەوە سەرچاوەی گرتبێت. لەو سەردەمەدا ژمارەیەك لە خواوەندەکان بە تەنیا دەپەرستران وەك (هوبەل، لات، عوزا، مەننات) کە لە خواوەندەکانی تر ناودارتر بوون. پەیکەری خواوەند (هوبەل)، بە تایبەتی لەناو کەعبەی پیرۆزدا لە مەککە دانرابوو، کەچی لە هەمانکاتدا پەیکەری ئەساف و نائیلەشی لە نزیك خۆی لە ئامێز گرتبوو. دانیشتوانی شاری مەککەی پیرۆز خاوەنی چەندین بت بوون، واتا هەر ماڵەو خاوەنی بتی خۆی بوو، کۆچەرییەکانیش لە وەرزی حەجدا بتەکانیان دەکڕی و دەیانپەرستن.

لەناو مەککەدا جێگۆڕکێی زۆر بە بتەکان و پەرستراوەکان دەکرا. سەرچاوەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری ئیسلام (360) بتی لەناو مەککە دۆزیوەتەوە و هەموویانی شکاندووە. بتی مەننات، کە خوداوەندی تایبەتی ئەوس و خەزرەج و غەساسینە بوو، لەلایەن دامەزرێنەری خورافیی بتپەرستی لە حیجاز (عەمری کوڕی لوحی)وە گواسترایەوە و لە ناوچەی (قەدید)ی سەر کەنار دەریا بینرایەوە. عەرەبەکان لە دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکانی حەج دەچوون بۆ سەردانیکردنی مەننات. بەڵام سەبارەت بە (لات) کە بە خواوەندە چاك و تایبەتمەندەکە دەناسرا، لەلایەن سەقیفەوە موڵکداریی دەکرا و حاجییەکان لە دوای تەواوکردنی حەج

و تەوافکردن بە دەوری کەعبەدا، لە تائیف سەردانیان دەکرد. بە هەمانشێوەش بتی (عوزا) کە قورەیش و کینانە و خوزاعە و هەموو هۆزەکانی موزەڕ خۆیان بە خاوەنی دەزانی بەردەوام سەردانی دەکرا. کۆچەرییەکان خاوەنی خێوەتی پیرۆز بوون، کە بە ماڵ یان (طاغوت) ناسرابوو، هۆزەکان بە دەوریدا تەوافییان دەکرد، تەواو هاوشێوەی ئەو تەوافە بوو کە بە دەوری کەعبەدا ئەنجامیان دەدا و لە کاتی کۆچکردنیشیاندا خێمەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەگواستەوە. خێمەکەی بەکری کوڕی وائیل لە سنداد بە تایبەتی پێیدەوترا (ذات الکعبات). بەڵام حەج بە شێوەیەکی بەرچاو عەرەبەکانی پێکەوە کۆدەکردەوە، چونکە گروپی پەرستش و نەریتی ئایینی لە ماڵباتی نزیك مەککە بەڕێوە دەچوو، بەڵام وا پێویستبوو لەگەڵ ڕێوڕەسمەکانی تەوافکردن بە دەوری کەعبەدا لە یەکتری جیا بکرێنەوە، هەرچەندە پێکەوە یەکترییان تەواو دەکرد. لەو سەردەمەدا چەندین نەریتی ئایینی جوان هەبوون بە هەموویان حەجیان پێکدەهێنا وەك: تەواف، ڕاکردنی لەسەرخۆ، قوربانیکردن ، ڕاوەستان (لە ئێستاشدا ساتی سەرەکی حەجکردن بریتیە لە ڕاوەستان لەسەر کێوی عەرەفە).

لەو سەردەمەدا تەوافکردن لە کاتێکی تریشدا بەڕێوە دەچوو، کە حاجییەکان چەپڵەیان لێدەدا و بە فیکەلێدان لاسایی جریوە جریوی باڵندەکانیان دەکردەوە. لێرە یان لەوێ مەبەستەکە نەریتێکی کۆنە کە لەگەڵ گەشەکردنی چالاکیە بازرگانییەکانی مەککە و دروستکردنی سێ بازاڕی ساڵانەدا گەشەی دەکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە بازاڕەکانی: عوکاز، زیلمەجاز، مجنە. بەڵام ئەوجۆرە حەجەی کە خەڵکی لە هەموو خێڵ و هۆزەکانەوە پەلکێشدەکرد، ئەویش یەکێك بوو لە کاروبارەکانی عەرەب کە لەلایەن بەنو صوفە، بەنو صفوان، بەنو مورە بن عەوف و بەنو تەمیم ڕێکدەخرا، بەڵام حەرەمی کەعبە بە تایبەتی لەلایەن قورەیشییەکانەوە پاوان کرابوو، کە خێڵێکی مەککە بوون، دوایئەوەی کە بەڕێوەبردنیان لەژێر دەستی خوزاعییەکان و بەنی بەکر بن عەبد مەنات دەرهێنا،

کە عەشیرەتێکی پێگەدار و پیرۆزی خاکی کینانە بوون. لە راستیدا خودی مەککە لە شوێنێکی پیرۆزدا هەڵکەوتووە، کە حەرەمی لێیە و ئاسایش و ئارامی هەمووان و پێکەوەژیانی نێوان خێڵەکانی لە رێگەی نەریتەکان و رێورەسمی حەجەوە دابین دەکرد. کەلتوری مێژوویی بۆمانی باسدەکات کە مەککە لەپێش قوسەی جگە لە گۆڕەپانێك بۆ دامەزراندنی خێمە و رەشماڵەکان بە دەوری کەعبەدا، هیچی تر نەبووە. قوسەی بە سەدەیەك لەپێش لەدایکبوونی پێغەمبەر مەککەی درووستکرد و سنورەکانی بۆ کێشاوە. قورەیش درەنگ پێڕاگەیشت پاسەوانی کەعبە بکات و سودی لێوەربگرێت، بەڵام وەکو خێڵێکی ئاشنا بە شارستانیەت کە دەچێتەوە سەر کینانە، ناوەکەی بەسترابوو بە سەرهەڵدانی مەککە لەناو ژیانی شارستانیدا. قوسەی کە نازناوی (کۆکەرەوە)ی وەرگرت، بووە سەر گەورەی قورەیش و هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لەژێر دەستی خۆیدا کۆکردبۆوە. ئەو ئەرکانەی قوسەی سەرپەرشتی دەکردن لە یەککاتدا پەیوەندییان بە ژیانی شارنشینی و حەرەمی کەعبە و پرسی حەجەوە هەبوو. قوسەی سەرپەرشتی پارێزگاریکردن لە کەعبە و بەڕێوەبردنی (دار الندوة)ی دەکرد کە یانەیەك بوو قورەیشییەکان تێیدا کۆدەبوونەوە و راوێژ و گفتوگۆیان دەکرد، هەروەها سەرپەرشتی دابینکردنی ئاوو خواردنی بۆ حاجیان و سەرکردایەتی هەڵمەتە سەربازییەکانی دەکرد.

ئەو سێ دەزگا یەکەمە رادەستی (عبدالدار) کران، سیانەکەی دیکەش پشکی (عبد مناف) بوون، کە وەکیەك باپیرەی راستەقینەی پێغەمبەر و ئومەوییەکان بوو. نەوەکانی قوسەی بنەماڵەی ئایینی و پیرۆز بوون و بۆ ماوەیەکی زۆر خاوەندارێتی و رابەرایەتی قورەیشییان کردووە. لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەی عبد مەناف بە بەراورد بە بنەماڵەی (عبدالدار) پێگە و گرنگیەکی زیاتری هەبوو، بۆیە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئایینی پلەی بنەماڵەی سەرەکی قورەیشی پێدرا. بەو پێیەش خێڵی قورەیش بە گشتی لە ئاستی خێڵێکی پیرۆزی عەرەبیدا تەماشا دەکرا، کە لە ئەرستۆکراتیەکی ئایینی بەرفراوان پێکهاتبوو، لەگەڵ سیستمە

ئەرەستۆکراتیە شەڕەنگێزەکانی خێڵ و هۆزە کۆچەریە دەشتەکییەکاندا جیاواز بوو. دەوترێت، لە پێناوی ئەوەدا کە درێژە بە ژیانی بدات، قورەیش پەنای بۆ شەڕ و پەلاماردانە سەربازییەکان نەدەبرد، واتا هێرشی نەدەکردە سەر هۆزەکانی تر، بەڵکو بۆ دواجار وازی لەوە هێنابوو. حەرەمی پیرۆزی لەدەستدا بوو، بۆیە پێیان دەوترا ئەهلی حەرەم و خودا.

قورەیش بە توندی و موریدییانە پەیڕەوی ئایینی دەکرد، بۆیە هەرچیەك لە دەرەوەی حەرەمدا بوایا بە خاکی چارەسەر دەدرایە قەڵەم، بەڵام هەرچییەك لە ناویدا بوایا بە پیرۆز و دابینکەری ئاسایشی مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك دادەنرا. هەموو جۆرەکانی توندوتیژی لەناو حەرەمی کەعبەدا قەدەغەکراو بوو، چونکە حەرەم بۆ حەجکردن زۆر پێویست و گرنگ بوو، بەڵکو بۆ ژیانی شارو گەشەکردنی بازرگانیەکەشی پێویست بوو. موریدەکان پەیوەندی و تێکەڵاوی بەهێزیان لەگەڵ حەرەم هەبوو، بۆیە دەیانگوت: «ئێمەین موریدان و ئەهلی حەرەم». لەبەر ئەو هۆیە بوو کە لەدوای راوەستانی سەر کێوی عەرەفە تەوافی رۆژی قوربانیان لە دەرەوەی حەرەم ئەنجام نەدەدا، بۆیە رێگەی چوونە دەرەوەیان لە حەرەم لێنەدەگیرا، بەڵکو هەر لە سنوری خاکی پیرۆزدا سەرجەم رێوڕەسمەکانیان ئەنجامدەدا. هەروەها لە دەرەوەی شوێنی حەرەمدا رێگەیان بە موریدەکان نەدەدا بە جلوبەرگی تایبەتییانەوە فەریزەی سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا ئەنجامبدەن، بەڵکو لەسەرییان پێویستبوو یان ئەو فەریزەتە بە لەشی رووتی ئەنجامبدەن، یان جلوبەرگی ئەهلی حەرەم بەدەستبێنن و لەبەری بکەن ئینجا ئەنجامی بدەن.

موریدیی خەسڵەتێکی تایبەت بوو بە قورەیش، بەڵام قورەیش توانی ئەو خەسڵەتەی بە هۆزە نزیکەکان لە مەککە و ئەو عەشیرەتانە ببەخشێت، کە لە ڕووی ژن و ژنخوازییەوە لێیەوە نزیکبوون، بەو جۆرەش گروپێکی تەواو لە موریدان و ئەهلی حەرەم لە کەسە زۆر نزیکەکان پێکهات، بە تایبەتیش لەبەر

ئەوە دەبوو سەر بە خێڵی قورەیش بن. لە ریزی ئەو گروپەدا: خوزاعە، سەقیفە، عدوان و عەشیرەتەکانی کینانە، عامر، تەمیم و کلب هەبوون. بە دڵنیاییەوە پەیوەندییەکی لەو شێوەیە، پەیوەندی و وابەستەیی خوێنی لە نێوانیاندا بەهێزتر کردووە، بەڵکو زۆریش بەسود بوو بۆ فراوانکردنی رێگەکانی بازرگانیکردن و پاراستنی ئاسایشی بازرگانی.


لەو بازرگانیکردنەدا، مەککە شوێنی یەمەنی گرتەوە کە دواتر لاواز و ژێرکەوتوو بوو، بەو هۆیەشەوە هەروەك سەرچاوەکان دەڵێن، بازرگانی ترانزێتی نێودەوڵەتی لە نێوان ئۆقیانوسی هندی و دەریای ناوەڕاستدا زیاتر گەشەی کرد. هەروەك چاوەڕوانیش دەکرا پرسەکە پەیوەندار بوو بە رێڕەوی گەشەسەندنێکی هێواش و لەسەرخۆ. مەککە لە ناوەندێکی بازرگانی هەرێمی بچوکەوە کە چەند بازاڕێکی ساڵانەی هەبوو، گۆڕا بۆ ناوەندێکی بازرگانی گرنگ و روویکردە حەبەشە و یەمەن و وڵاتی شام و وڵاتی فارس. گومانی تێدا نییە ئەو گۆڕانکارییە گرنگە بە یارمەتی رێکەوتننامە ئەمنییەکان روویدا کە لە رێکەوتنی (ئیلاف)وە دەستیپێکرد کە لەگەڵ هۆزەکاندا کردیان لە پێناو تێپەڕبوون بە ناوچەکانیاندا. لەو کاتەدا بونیاتی بازرگانی قورەیش گۆڕا و تۆکمە بوو، قورەیشییەکان خۆیان بوونە کاروانچی بازرگانیەکانیان و پشکێکی قازانجەکانیان بۆ خانەدانەکانی هۆزەکان دابیندەکرد. ئەمە وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی ریشەیی و زۆر گرنگ بوو لە مەککە، کە لە رێگەیەوە تۆڕێك لە رێککەوتن و هاوپەیمانێتی لە باکور و خۆرئاوا و پشت دورگەی عەرەبی درووستکرد، بەوەش بووە هێزێکی خاوەن هەژموون لە خۆرئاوای دورگەی عەرەب و بگرە لە تەواوی دورگەی عەرەبیدا. دیپلۆماسیەت و بازرگانی و ئایین بوونە یارمەتیدەری مەککە بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش و گەشەکردن و بەدەستهێنانی پێگە و دەسەڵات و سەرکردایەتی راستەقینە لە ناوچەکەدا.

# بانگەواز بۆ خوداپەرستی و سەرهەڵدانی ئایین

پێغەمبەر محەمەد لەو ژینگەیەدا لەدایکبوو، لە مەککەدا بۆ ماوەی (13) ساڵ بانگەشەی خوداپەرستی کرد. ڕەچەڵەکی پێغەمبەر بە هێڵێکی ڕاست دەچێتەوە سەر قوسەی، واتا نەوەی دامەزرێنەری مەککەیە، ئەو پیاوەی کە کۆڵەکەکانی خێڵی قوڕەیشی دامەزراند و دەسەڵاتە ئایینی و سیاسی و سەربازییەکانی لەژێر دەستی خۆیدا کۆکردەوە. بە جۆرێکی تایبەتتر، پێغەمبەر دەچێتەوە سەر عەشیرەتی عبد مناف، واتا دووەمین کوڕی قوسەی، کە بە شێوەیەکی خێرا وەك کوڕە گەورەی (عبدالدار) ناوو ناوبانگی دەرکرد. سەرەڕای دابەشبوونی عەشیرەتی عبد مناف بەسەر دوو تیرەدا: تیرەی هاشم و تیرەی عبد شەمس، بەڵام بە یەکگرتوویی و بە بەهێزی تەواو مایەوە بۆ ئەوەی نیشانیبدات عەشیرەتە نزیکەکەی کە خودا لە قورئاندا فەرمانی بە پێغەمبەر کردووە بانگیان بکات بۆ ناو ئیسلام، بە ڕاستی ئاماژە دەکات بۆ بەنی عبد مەناف دەکات نەك بە تەنیا ئاماژەکردن بێت بۆ بەنی هاشم، بەوەش ڕەچەڵەکی پێغەمبەری ئیسلام دەچێتەوە سەر یەکێك لەو دوو عەشیرەتە پیرۆزەی قوڕەیش، کە بەشدارییان دەکرد لە خزمەتکردنی حاجیان و سەرکردایەتیکردنی سەربازیدا. لەبەر ئەوەی کە فراوانبوونی چالاکی بازرگانی لەو سەردەمەدا دیاردەیەکی نوێ بوو، جیاوازی کۆمەڵایەتی درووستکرد و بەهای چەند عەشیرەتێکی نیشاندا وەك بەنی مەخزوم، کە ڕەچەڵەکیان لە (قوسەی) وە سەرچاوەی نەگرتووە، یان تیرەی عبد شەمس لەسەر حسابی تیرەی بەنی هاشم، کە هەردووکیان دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی عبد مەناف، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەشیرەتی عەبد مەناف توانی پارێزگاری لە پێگەی تایبەتی و شایستەی خۆی بکات و بە شێوەیەکی کرداریی و تایبەتی نوێنەرایەتی بنەماڵەی قوڕەیشی دەکرد. ئەمە بۆ خۆی پرسێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە درەوشانەوەی قۆناغی

پێغەمبەرایەتی محەمەد و سەرکەوتنەکانی لە داهاتوودا لە مەدینە و لەناو خێڵ و هۆزە عەرەبییەکاندا.

**خشتەی شەجەرەی بنەماڵەی (عەبد مەناف) کە بۆ دوو باڵی سەرەکی (هاشمی) و (ئومەوی) دابەشبووە:**



سەرەڕای هەژاری پێغەمبەر محەمەد(د.خ)، هەروەها هەژاری (ئەبو تالیب) ی مامی کە پشتوپەنای بوو، بە تەنیا رەچەڵەکیان دەچـۆوە سەر قوسەی و عەبد مەناف، بە هەڵگرتنی ئەو سیفەتەش پێغەمبەر بواری هەبوو لەبەرچاوی عەرەبەکاندا وەکو نوێنەری قورەیش لەوپەڕی پێگەیشتوو‌ییدا دەربکەوێت. گومان لەوەدا نییە پێگە و پلەی دادپەروەریی پێغەمبەر محەمەد لە مەدینە پێش هەر شتێك بۆ ئەو رەچەڵەك و رەسەنایەتیەی دەگەڕێتەوە، هەر ئەوەش بوو رێگەی بۆ خۆشکرد پلەی مەدینە بگەیەنێتە ئاستی حەرەم، واتا تا ئاستی پێگەیەکی هێندە پیرۆز کە رێگە بە پێشێلکردنی نادرێت.

ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی محەمەد دایمەزراند، تاکو سنورێکی زۆر بوون و پێگەکەی لە چەمکی پیرۆزیی حەرەم وەردەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا بە دیوێکی تردا داهێنراوێك بوو بۆ دینامیکیای پێغەمبەرایەتی و حوکمی ئیسلامی دەگەڕایەوە، بەو هۆیەشەوە بەشێکی گەورەی بەردەوامبوونی بۆ میراتی قورەیشی دەگەڕێتەوە. بەمجۆرە محەمەد پیاوێك بوو بە رەچەڵەك دەچۆوە سەر بنەماڵەیەکی ئایینی و خاوەن رابەرایەتی ناو قورەیش، لە کاتێکدا قورەیش بەهۆی پێگەکەیەوە وەك چاکترین خێڵی ئایینی عەرەب تەماشای دەکرا، واتا محەمەد لە هەموو کەس شیاوتر و شایستەتر بوو بۆ قسەکردن لە بارەی بابەتەکانی ئایین و سیاسەت. هیچ بوارێك بۆ دەرچوون نییە لە بەراوردکردنی نێوان قۆناغی رەهای موژدەهێنانی ئایینی پێغەمبەر محەمەد بە درێژایی (13) ساڵ لەناو شاری مەککەدا، ئەو موژدەهێنانەی کە بروسکەیەکی ئایینی کاریگەر بوو لەدایکبوونی ئیسلامی لێکەوتەوە، هەروەها لە نێوان خۆپێکهێنان و گونجاندنی نێوان دەوڵەت و ئایین لە مەدینە لە دواییدا. رەگەزی یەکەم بەرهەمی ئاراستەیەکی روحی قووڵبوو، کە لە رێچکەیەکی دوورو درێژی گەشەسەندنی بیری روحانیی یەکتاپەرستییەوە سەرچاوەی گرتووە، رەگەزی دووەمیش بریتیە لە بەرئەنجامی رێکەوت کە توانی پێویستیەکانی قۆناغەکە دەستەبەر بکات بۆ تێپەڕاندنی پەراوێزی نێوخۆیی، پەراوێزی دورگەی عەرەبی،

ئەوەش لە ڕێگەی هێنانی بنەمای دەوڵەتداری لە خۆیەوە بۆ خۆی. سەرەتا لەوێوە بۆ ماوەی (13) ساڵ، کاروانی ئازارو مەینەتییەکان لە پێناو بانگەوازکردن بۆ خوداپەرستی دەستیپێکرد، بێئەوەی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بەدیبێنێت. بە ڕاستی پێغەمبەری ئیسلام نەك تەنها هۆزو میللەت و تائیفەیەك، بەڵکو بنەمای ئاینێکی نوێی دامەزراند، لەگەڵ ژمارەیەك هاوەڵ و شوێنکەوتووی بە ورەدا کە (100) کەسیان تەواو نەدەکرد، لە شوێنێکدا کۆدەبوونەوە کە لە کڵێسای کۆنی یەهودییەکان دەچوو لە قودس. بەڵام لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی سەردەمەکەی، هەڕەشەی بێباوەڕاندا شکستیهێنا، ئەو شکستهێنانەشی هاوکاتی لەدەستدانی مامی و پشتیوانەکەی (ئەبو تالیب)، بە شێوەیەکی تراژیدی و پڕئێش و ئازار بەسەریدا شکایەوە.

نەیارەکانی پێغەمبەر هەموو شتێکیان لە دژی تاقیکردەوە، لەوانەش دابڕاندنی لە عەشیرەتەکەی (بەنی هاشم)، بەڵام لە بەرامبەردا هەموو هەوڵێکیدا بۆ ئەوەی سنورێك بۆ تووڕەبوونی خێڵ و عەشیرەتەکەی دابنێت، بۆ نموونە ناردنی دوو تاقم لە کۆچبەرانی ئیسلام بەرەو وڵاتی حەبەشە، بەڵام هەوڵەکانی بێهودە بوون. ئەستەمە باوەڕ بەوە بێنین، هەرچەندە ژمارەیەك لە خۆرهەڵاتناسان پێیانوایە کە بانگەوازی محەمەد بۆ خوداپەرستی بە درێژایی (13) ساڵ، ئامانجی سیاسی هەبووە بۆ دەستگرتن بەسەر مەککەدا. بەڵگەی ئەوتۆمان لەبەردەست نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی گریمانەیەکی لەمجۆرە، جگە لە تاکە گەواهیدانەکەی ئەبو سوفیان[1]، کە لە دوای سەرکەوتنی محەمەد بەسەریدا وتویەتی: «من

1- ئاشکرایە ئەوەی ئیبن ئیسحاق دەیگێڕێتەوە دەربارەی پێشنیازکردنی موڵك بۆ پێغەمبەر محەمەد، هیچ بەهایەکی نییە، چونکە لە سەرتاکەیەوە تاکو کۆتاییەکەی پێچەوانەی یەکترە، چونکە محەمەد بەبێ پێچوپەنا داواکەیانی بە تەواوەتی ڕەتکردەوە، واتا هیچ سامان و موڵکێکی ئەو کاتەی مەککەی وەرنەگرت. پێدەچێت گەواهیدانی ئەبو سوفیان زۆر لەوە جدیتر بووبێت، لە کاتێکدا ئەوە گەواهیدانی نەیارە دێرینەکەی پێغەمبەرە لە دوای شەڕی بەدر نەك لەپێشی، گەواهیدانی پیاوێك کە سەرکێشی ئیسلامی سەرکەوتووی بینیوە: البلاذري، انساب الاشراف، 4 1-، ئیحسان عەباس بڵاویکردۆتەوە، لا 10. ئەو دانی پێدا دەنێت کە دژایەتی پێغەمبەری کردووە، چونکە لە شەرەفمەندی و پێگە کۆمەڵایەتیەکەی و سەرکردایەتیەکەی دەترسا.

لەوە دەترسام پێگە و پایە کۆمەڵایەتیەکەم لەدەستبدەم، بەڵکو لە ململانێیەك دەترسام لەسەر پێگەو دەسەڵات سەرهەڵبدات». لەبەر ئەوەی کە ناحەزان و نەیارەکانی پێغەمبەر تۆمەتی پاوانخوازییان دەدایە پاڵی، ئەوەش هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە خاوەنەکەی نیازی وا بووبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاسۆی ئەوان لە سنوری شارە بێهیواکەیاندا (مەککە) و هاوسەنگی پێگەی کۆمەڵایەتیدا پەنگی خواردبۆوە و قەتیس ببوو، لە سەرووی ئەوەشەوە لەو سەروبەندەدا دەسەڵاتێك نەبوو بتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت. دیوە راستەکەی ئەوەیە کە دەکرێت تێبینی بەرەنگاربوونەوەیەکی کەلتوری و ئایینی لەوانەوە بکرێت: بەرەنگاربوونەوە لە پێناوی بێباوەڕیی و «فرەیی خواوەندەکان» و رێزگرتن لە نەریتی باوو باپیران، کە قورئان رەخنەی لێگرت. پەیامی قورئان کە لە سەرووی ئاستی ویست و تێگەیشتنیانەوە بوو، بە هیچ جۆرێك هەستیانی نەدەجووڵاند، بەو پێیەش بـەردەوام بوون لەسەر قایمکردنی پێیەکانیان بۆ بەرگریکردن لە کەلتوری بتپەرستییان، واتا «ئایینی دێرین و رێزگرتنیان لە باوو باپیران»[2]. ئەوە یەکەمجار نەبوو کە دامەزرێنەری ئاینێك رووبەڕووی کەللەڕەقی و چەقبەستوویی نەریتپارێزە خۆبەزلزانەکان ببێتەوە، بەڵکو ئەوە لە بەرامبەر عیسای مەسیح و مانیدا روویداوە، کە هەردووکیان لە خاچدران.

کەواتا ئەو پرسەی کە پێغەمبەر محەمەد رووبـەڕووی بۆوە، پرسێکی ئایینی کەلتوری بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە بازرگانی یان بە سیاسەتەوە نەبوو، لە پاڵ ئاراستە روحانییەکەی، بەڵام بانگەوازەکەی بە پلەی یەکەم ئایینی و بە پلەی دووەمیش کەلتوری بوو. کەلتوری بوو لەو روانگەیەوە کە بە هۆشیاری یان بە

2-لە قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەردا بەڵگەی زۆر هەیە دەربارەی وابەستەبوونی قورەیشییەکان بە باوو باپیران. ئەبو تالیب مامی پێغەمبەر و باوکی عەلی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر پارێزگاری لە پێغەمبەر کرد، پێداگریکردووە کە لەسەر دینی عەبدولموتەلیبی باوکی بمرێت، سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر خەمبار دەبێت بە بینینی بەو شێوەیە کاتێك مامی وەك بێباوەڕێك دەمرێت. بەڵام من لەگەڵ ئەمەشدا پێموانیە پەرستنێکی راستەقینەی باوو باپیران هەبووبێت، هەروەك قورئان باسی ئەوەیکردووە و گەواهی لەسەر دەدات، بەپێی رای (ناگڵ).

ناهۆشیارییەوە، ئەگەر لەژێر کاریگەری مانۆیی و سابیئیدا بووبێت یان نەبووبێت، دەیویست کتێبە پیرۆزەکەی، پێغەمبەرایەتیەکەی، ئادابە دینی و ئەخلاقیەکەی بە گەلی عەرەب بگەیەنێت، چونکە لە رۆژی دواییدا بواری ئەوەی هەیە بە خودا بڵێت: «ئەمە ئوممەتی منە کە خستبووتە ئەستۆم، ئاگادارم کردنەوە بۆ یەکتاپەرستی و بـاوەڕم پێتهێنا». پێشبینی پێغەمبەر محەمەد بۆ بانگەوازی پێغەمبەرایەتی ئەوە بوو، کە خودا ئاگادارکار و پەیامبەرێکی موژدەبەر بۆ هەموو گەلێك دەنێرێت، کەسێك دەنێرێت کە شاهیدی بۆ بدات و باسی لێوە بکات، دوای ئەوەش ئیتر بەڵگەکە درووستدەبێت. کەواتا لە قۆناغی (مەککی) دا رەگەزی سیاسی بوونی نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا خۆرهەڵاتناسان تەنانەت لە دوایین نوسینەکانیاندا بەردەوامن لەسەر پێشبینیکردنی هەبوونی رەگەزی سیاسی، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە مادام پەیامی پێغەمبەرایەتی لە ناوەرۆکە ئاینییەکەیدا لە جدییەت بەدەرە وەکئەوەی بریتی بێت لە کۆمەڵێك راو بۆچوونی «لێڵ و ناڕوون»[3]، یان وەك سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گەلانی سەرەتایی وایە، کە دەکرێت بە بزووتنەوەی رابەریەتی ماوری لە شەستەکانی سەدەی نۆزدە بەراورد بکرێت، ئیدی لەوەودوا چی جدییەتێك لە پرۆژەی ئیسلامی دەمێنێتەوە، ئەگەر سیاسەتی تیادا نەبووە، کە شتێکی زۆر ئاشکرا و بەرچاوە[4] ؟

---

3-راستە کە مانی وەحی لە دەست پیاوانی کتێبی پیرۆزدا قەتیس نەکردووە، بەڵام پێغەمبەر خۆی لەسەر راستەهێڵی هاتنەخوارەوەی تەوحیدی لە موساوە تاکو عیسای مەسیح دانابوو، نەك لە دەرەوەیدا. ئەوەی تازەیە لەو بابەتەدا ئەوەیە کە پێغەمبەر «نەخوێندەوار» بووە و بووەتە پەیامبەری گەلان. بەڵام ئەوەش بۆ خۆی نیعمەت و بەرەکەتی خودایی بوو، چونکە وەحی لە رێگەی کەسێکی نەخوێندەوارەوە جێبەجێکرد، لە کاتێکدا ئەو لە رەچەڵەکی ئیبراهیمە کە « نە یەهودیە و نە نەسرانیە»، بەڵکو پێغەمبەر لەسەر هەنگاوەکانی بەردەوام و عەوداڵبوو بە دوای راستیدا رێیدەکرد. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە سابیئەوە، راستیەکەی ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز لە چەند ئایەتێکدا باسیان لێوە دەکات بەو پێیەی کە خاوەنی دینێکی دانپێدانراون، بەڵام سەرچاوە عەرەبییەکانی تر کە (تور ئەندرێ) پشتی پێبەستوون سەبارەت بە سابیئەکان بە بۆچوونی من پێناچسێت راست و شیاو بن.

4-ئەو دەستەواژیە دەگەڕێتەوە بۆ (رۆدینسۆن)، لاپەڕە 301ی کتێبی Ma Homet، لە لایەکی ترەوە لە لاپەڕە 271دا ئیسلام بە (ئایدۆلۆژیا) وەسفدەکات.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، خۆرهەڵاتناسی لە سەردەمی تۆر ئەندرێ بەدواوە جگە لە پاشگەزبوونەوەی لە تێگەیشتنی پەیامی پێغەمبەرایەتی هیچی دیکەی نەکردووە، لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت کتێبەکەی (مۆنتیگمری وات) بە شاکارێکی پەسەندکراو دابنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت بە پشتبەستن بە گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دیاردەکە لێکبداتەوە[5]. بەڵام سەبارەت بە نوسینەکانی رۆدنسۆن و پاتریسیا کرۆن، نادیدەییەکی قووڵ لە هەمبەر تایبەتمەندێتی بزوتنەوەی ئایینی سەردەمی پێغەمبەرایەتی نیشاندەدەن، بەڵکو هەمووی بە داخراوی لە بۆتەی چەند کێشە و گرێیەکی بۆماوەیی سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوا یان چاخە نوێیەکانی سەرەتا ماوەتەوە: ئایا محەمەد راستگۆ بوو؟ ئایا پەیامەکەی پێغەمبەر محەمەد چاك و دەگمەن بوو [6] ؟ ئەمە وەکئەوە وایە پرسیارەکە بە تایبەتی پێویستە بە تەنیا لە نێوان دامەزرێنەرە گەورەکانی دین لە خودی محەمەد بکرێت، یان وەکئەوە وایە بڵێین ئەو دامەزرێنەرانە دینییانە بە راستی لەنێو پیاوانی خواوەنددا نەبووبن و پەیوەندییان بە خواوەندەوە نەبووە و بە قووڵی لە روحی خواوەند قاڵ نەبوونەتەوە و دەقە عەقڵی، ئەخلاقی و ئایینییەکانیان بۆ زۆرێك لایەنی فراوانی مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بونیات نەناوە.

---

5-بۆلگ، شیکردنەوە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی مۆنتیگمری وات کتێبی (محەمەد لە مەککە)، وەرگێڕانی فەرەنسی – پاریس 1958، بەشی یەکەم لاپەڕە 43. کە تێیدا لە کێشەیەکی بچوك زیاتر ناڕوات، لە بەرامبەردا واز لە ئیشکالیەتی سیاسی یەکلاکەرەوە نەهێنراوە: بەشی یەکەم، لاپەڕە 173 و لاپەڕەکانی دوایی.

6-پێناچێت هیچ کتێبێك لەو ئیشکالیەتە، واتا ئیشکالیەتی راستگۆیی محەمەد دەربازی ببێت، بەڵکو هەوڵیانداوە بە کەمێك یان زۆرێك شەرمنییەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە. هەروەك پەیوەستن بە بابەتی سیاسی و ئاراستەی تەشریعی و عەقڵی تایبەت بە وەحی مەدەنی. دەربارەی ئەم خاڵە (تۆر ئەندرێ) بابەتەکانی بە باشی لێکداوەتەوە و شیکردۆتەوە. دەڵێت: «دیاردەیەکی جێگیر هەیە ئەوەیە کە وەحی یەکەم و سەرەتا وردە وردە دەگۆڕێت بۆ زنجیرەیەك بیروڕا کە عەقڵ و ویست تا ئەندازەیەکی مەودا دوور رێکیخستووە». کتێبی (محەمە، ژیان و بیروباوەڕی)، وەرگێڕانی فەرەنسی، پاریس 1945 – لاپەڕە 51. بەڵام من پێموایە ئیشکالیەتی راستگۆیی هیچ مانایەکی نییە.

محەمەد لەناو خولگەی هندۆسیدا لەدایك نەبووە، بەڵکو لە ناوچەی قەڵەمڕەوی ڕۆمانی- سامیدا لەدایکبووە، کە کەلتوری یەکتاپەرستی بە هێڵێکی سنور بۆکێشراوی کەلتوری و جوڵێنراو بە لۆژیکێکی نێوخۆیی هەڵیگرتووە کە هەزاران ساڵ لەوەوپێش دروستیکردووە. محەمەد و مەسیح ماوەی شەش سەدە لە نێوانیاندایە، هەروەك نێوانی مەسیح و موسا (1000) ساڵە. هەر دامەزرێنەرێکی ئایین بە گشتی دەیەوێت لەناو کەلتوری ئاییندا ببێتە چاکساز، بەڵام ناچار دەبێت بە ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی ئاینێکی نوێ، هەرچەندە لە هەموو سەدەیەکدا لەدایك نابێت، چونکە بابەتەکە بە ڕاستی پەیوەندی هەیە بە کەسێك لە دەرەوەی مرۆڤایەتی ئاسایی، کە لە ڕووی ڕۆڵ و تواناکانیەوە زۆر ڕاستەوخۆیانە بەشداری لە بونیاتنانی مرۆڤایەتیدا دەکات. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، بەڵام زۆر نۆرماڵە کە (یاسپەرز) لە دوایین لێکۆڵینەوەی خۆیدا پێغەمبەری ئیسلام ناخاتە نێو سەردەمی میحوەری خۆیەوە، هەرچەندە ئەو کۆتایی بە سەردەمەکە هێناوە: واتا لە دوای محەمەد لەسەر ئاستی جیهانی هیچ ئاینێکی تر نەهاتووە، بە هەمان شێوازیش کەلتوری یەکتاپەرستی بە ڕاستی محەمەدی وەك کۆتا پێغەمبەر ناسیوە، هەروەکو لە قورئاندا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش مانایوایە هەموو جۆرێکی وەحی و پەیامی ئاسمانی لە دوای محەمەد پچڕاوە و کۆتایی پێهاتووە و پەیوەندی خودا بە مرۆڤەوە تەواو بووە. ئیسلامبوونی مرۆڤ و وابەستەیی بە ئایینی خودا چوارچێوەی کۆتایی دیالۆگی لە نێوان ئاسمان و زەوی کێشاوە، یان هەروەك ئیقبال دەیگوت: محەمەد دەرگای سەردەمی کۆتاییهاتنی ڕاسپاردەیی خودایی بەسەر ئادەمیزادا کردەوە، بەو پێیەش دەستپێکی ئازادبوونی مرۆڤ بوو.

ئایا پشکی ئیسلام و ئاستی بەشداریکردنی لە کەلتوری یەکتاپەرستیدا چەندە؟ ئایا بە چی دۆخی مرۆڤایەتی لە ساڵی 600ی زایینی پێویستی بە هاتنی پێغەمبەرێکی نوێ بوو، ئەو مرۆڤایەتیەی کە مەسیحیەت لە بوارە ناوەندیە سەرەکییەکاندا ڕوماڵی کردبوو؟ گەشەکردنی یەکتاپەرستی لە واری لۆژیکی نێوخۆییدا پێویستی

به توندبوون و پێداگری زیاتر هەبوو لەسەر یەکتاپەرستی و باڵایی خواوەندێتی. ئەمە مانای وا نییە کە گەڕانەوەیە بۆ یەهودییەت لە سەرووی مەسیحییەتەوە، چونکە هەرگیز لە گەشەکردنی ئایینەکاندا گەڕانەوە بۆ دواوە بوونی نییە. یەهودییەت ئایینێکی جیهانی نەبوو، بەڵام مەسیحییەت سەرەڕای ئەوەی دەربارەی دەوترێت، بە راست و دروستی درکیکردووە بە پاکێتی یەك خودای باڵادەست و راست، لە کاتێکدا کە زێدەڕۆیی دەکرد لە تێکەلکردنی رەگەزی نهێنی. لەبەر ئەوەی دابەزینی پەیامی ئیسلامەتی لەناو جیهانی بتپەرستی (جیهانی لۆکاڵی عەرەبی)دا روویداوە، کە هەرگیز بیروباوەڕە کۆنەکەی بە خودای جیهانیان لەبیر نەکردووە، ئەو خودایەی کە خۆیان خواوەندێکی تریيان بۆ زیاد کردبوو، بەڵام قورئانی بەکارهێناوە بۆ زیادکردنی دیالۆگی عەقڵانی و پێداگریکردن بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا لەسەر ئەو چەمکی یەکتاپەرستیە. ئەوە هەر لە سەرەتاوە وابوو، چونکە راست نییە ئەگەر بڵێین کەسێتی و پابەندێتی بە خوداوەند بە هێواشی و قۆناغ بە قۆناغ لەناو وەحیدا سەریهەڵداوە. ئەو کەسێتیە خوداوەندیە لە سەردەمێکی زۆر زوودا، بەبێ پێشینە و پاشینە، بەبێ رابردوو داهاتوو ئامادەگی هەبووە، هەروەها ئیسلامیش بەو پێیەی کە هەر لە سەرەتاوە وەك ئاینێکی سەربەخۆ دەرکەوتووە بوونی بەرجەستە کردووە[7]، جگە لەوەش ئیسلام خۆی وەکو ئایینی راست و حەق نمایشکردووە.

پێشتر رووی نەداوە بەو شێوەیە بانگەواز بۆ یەکتاپەرستی و خوداپەرستی بکرێت، هەروەك لە قورئاندا رەنگیداوەتەوە، لەگەڵ بەرجەستەبوونی هەر (99) ناوە پیرۆزەکەی خودای گەورەدا، کە بریتین لە سیفاتە ئەزەلییەکانی خودا و لە خۆیدا بەرجەستەی کردوون و بۆ مرۆڤەکانی ئاشکرا کردووە. بەو ئاستەی کە قورئان بە راستی ئاسۆکانی لەبەردەم زانینی خودا ئاوەڵە کردووە، هەروەها بە حوکمی

7- بە پێچەوانەی ئەوەی تۆر ئەندرێ باسیکردووە کاتێك دەڵێت: پێغەمبەر لە بنەڕەتدا نەیدەویست دین سیاسەتاوی بکات. سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 26. بگەڕێرەوە بۆ سورەتی (الکافرون).

بونیاتی راستەوخۆی پەیام (وەحی)، فەرمودەی ڕاستەوخۆی خودایە، نەك بە تەنیا ئیلهام و سەرچاوەی وەحی[8]. پێغەمبەر خۆی کردبووە نزایەکی ئەرێنی بۆ وەرگرتنی ئەو فەرمودانەی لەلایەن خوداوە بەسەر دڵیدا دادەبەزین: ئەو فەرمودەکانی وەردەگرت، واتا لە خودی خوداوە وەریدەگرتن، بەو شێوەیەش ئامادەگی سروشی خودایی وەردەگرت. بەو جۆرەش دەبینین ئیسلام گەڕانەوە نییە بۆ یەهودییەت، بەڵکو ئیسلام بە جیاوازی لەگەڵ مەسیحییەتدا پرس و بابەتی بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی خودای لەسەر زەوی خستۆتە ئەستۆی خۆی، کە لێرەدا باڵاییەکەی لە فەرمودە و وتەی خودای بەرز و باڵادا بەرجەستە بووە.

قورئان دانی بەو کتێبە ئیرۆزانەی تردا ناوە کە دەگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی کتێبی نموونەیی یەکەم، بەڵام پێگە و پلەیەکی باڵای بۆ دوایین فەرمودەکانی خودا تەرخانکردووە، چونکە ئەوە ئاستێکی باڵایە لە بەرجەستەکردنی دوایین شێوازی وەحی، شێوازە کامڵ و تەواوەکەی. قورئان هەمیشە بە وردی باسی ڕووداوە گەورەکانی تەوراتی کردووە، بەڵام بە کورتی و سەرسوڕهێنەرانە ئاماژەی پێکردووە. قورئان بەردەوامە لەسەر کەلتوری یەکتاپەرستی، بەڵام لە وردەکارییەکانیدا باسی ناکات، بە هەمان چۆنێتی کە سەرلەنوێ بیرەوەری خۆی دەبەخشێتە ئەو جیهانە عەرەبیە کە ئاخاوتنی لەگەڵدا دەکات. بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی هێزی بانگەوازە ڕوحیەکەی پێکدەهێنێت، ئەو هەستکردنەیە بە مردن و نەمری کە بووەتە مۆرکی ئەو خوداناسیە قووڵەی کە لێوەی هەڵێنجراوە، ئەمەیە بانگەوازی گەردونی لەناو قووڵاییەکاندا، شتێکە بە ڕاستی لە حاڵەتی مرۆڤایەتی باڵاترە. لە کتێبی (سرودی شادومان) کە پێدەچێت گرنگترین کتێبی ئایینی بێت کە لە هندستان نوسراوە، هاتووە: «لەوە ناچێت لە نێوان هەموو دەقە مرۆڤایەتیە پیرۆزەکاندا کە نوسراون، لە هەمانکاتدا کتێبێکی تر هەبێت ئەوەندە «گەورە،

---

8- کەسێکی ئەوروپی وەك (کارل شمیت) درکی کردووە بە «حیکمەتی سیاسی ئیسلام»، وەکچۆن درکی بە دەوڵەمەندی تیۆلۆژی ئیسلام کردووە. بڕوانە: C.SCHMITT.paris Gallimard,1988

تەواوکار و بەڕێز» بێت، چونکە کورتکراوەیەکی پڕشنگداری هەموو بیروباوەڕی (ئەلڤیدا)یە، هەروەك لە کتێبە سەرەتاییەکاندا هاتووە وەك (ئەلڤیدا، برهمانا، ئەوبانیچادا). ئەوەی سیمای شایستە و تایبەتی (لیبهاگاڤاد جیتا)ی درووستکردووە دەربارەی کەلتوری هندۆسی، بۆ قورئانیش راستە لە رووی پەیوەندی قورئان بە کەلتوری یەکتاپەرستیەوە: «پوختی و رەوانی، بەهێزی وشە، سروشتی گشتگیری پەیام»، بەڵام قورئان لەلایەن ئەوانەوە دانی پێدا نەنراوە کە وابەستەی داب و نەریتەکانی پێشوویانن، لە کاتێکدا قورئان لەلایخۆیەوە دان بەبوونی ئەواندا دەنێت.

بە پێچەوانەی (لیبهاگاڤاد جێتا)وە، بابەتەکە پەیوەندی بە کتێبێکی دامەزرێنەری ئاینێکی نوێوە هەیە، کە خۆی لە هاوتا و دیدگای ئایینە کۆنەکاندا دادەنێت، بەڵام لەناو سەرجەم دەقەکانی کەلتوری یەکتاپەرستیدا، گەشاوەتر و پرشنگدارتر و هێزی نێوخۆیی زیاترە، کە بەوپەڕی سنوری کورتکردنەوەوە روماڵی ئەزمون و مێژووی مرۆڤایەتی کردووە کە هەردووکیان لەبەرچاوی خودا بەڕێوەچوون و بەرجەستە بوون. دواتر لەلای ئەوانەی کە باوەڕییان هێناوە و ئەوانەشی کە باوەڕییان نەهێناوە، وەکیەك بە یەکێك لە کتێبە مەزن و پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە، کە سەدەکانی بەڕێکردووە و بووەتە بابەتی سەرەکی شیکاری و لێکدانەوەکان کە لە رێگەی قووڵترین عەقڵەکانی ئیسلامەوە بە مرۆڤایەتی گەیەنراوە، لەو سەردەمەدا سەنتەری جیهان بووە. لە روانگەی ئایەتەکانی قورئانەوە زۆرێك لە روداوو بەسەرهاتەکان بە شێوەیەکی جوان و شایستە رازێنراونەتەوە، پاشان وەك هەڵوەستەیەك هەندێك لە ئایەتەکان یان بڕگەی دوورو درێژی دووبارە کردۆتەوە. قورئان یەکێکە لەو سەرسوڕهێنەرانەی کە ناوەرۆکی ناوخۆیی مرۆڤەکان و قەوارەی شارستانیەتێکی تەواوی درووستکردووە، بۆیە بە راستی شایەنی ئەو پێگە و پایە گەورەیەیە، لەبەر ئەوەی لە بۆتەی وەعز و ئامۆژگاری پێغەمبەرایەتیدا لە مەککە پایە و پێگەی سەرەکی گرتووە.

هەموو ئەوانەی کە لەو سەردەمەدا موسڵمان بوون، لە دوای گوێگرتنیان لە دەقی پیرۆز کە دەبوو بۆیان بخوێنرایە ئینجا باوەڕییان دەهێنا و دانیان بە تەنیایی و یەکتاپەرستنی خودا دەنا، بەو پێیەی کە محەمەد پێغەمبەر و نێردراوی خودایە و قورئانیش فەرمودەی خودایە. هەموویان باوەڕبوونێکی ساویلکانە، پتەو، گەرم و سەخاوەتییان بۆ نیشاندەدا.

لە جیهانی ئەو سەردەمەدا، هەموو تاکێك لە هەموو شوێن و جێگەیەك باوەڕی تەواوی بە شتێکی دیاریکراو هەبوو، بە خودا (الله)، یان بە خواوەند (الالهة)، باوەڕییان بە کەسێتیەکی دامـەزراو، بە دەقێك هەبوو کە بۆیان بەرجەستە بکردایا. ئەو گروپە بچوکەی موسڵمانەکان لە مەککە لە کەسانێك پێکهاتبوو کە خاوەنی رێزو پێگە و بەهای خۆیان بوون، کەوتنە بەربەرەکانێ بۆ دابڕان لە بیروباوەڕی باوو باپیرانیان و تەنیا شوێنکەوتنی کەسێك، کە چەوساوە بوو، بەڵام لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ خودا و فریشتەکانی. ئەوە راست نییە کە دەوترێت مەسەلەکە پەیوەندی بە هەژارەکان و لاواز و ژێردەستەکانەوە هەبوو، هەرچەندە بە راستی لەو سەردەمەدا خەڵکانێکی هەژار و لاواز و ژێردەستە هەبوون، بەڵام شانبەشانی ئەوان پیاوانی بە تەمەن، دەوڵەمەند و خانەدانیش هەبوون، لە نموونەی ئەبوبەکر، عومەر و عوسمان، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە ئومەوییەکان. ئەوان لە پشت باوەڕهێنانیان بە ئیسلام چاوەڕوانی نوێبوونەوەیەکی ئەخلاقی و زیندووکردنەوەی مۆراڵیی عەرەب نەبوون، چونکە خۆیان وەك چاکساز لە قەڵەم نەدەدا، بەڵکو چاوەڕوانی پاداشت و بینینی خودایان دەکرد لە رۆژی دواییدا و لە دوای کۆتاییهاتنی ژیانیان لەسەر رێگەیەکی راست و دروست، دەیانەویست بگەنە ئاست و هاوشانی راستی و خوداپەرستی. ئەوان لە پێناوی ئیسلامدا دەستبەرداری موڵك و سامانەکانیان بوون و ئامادەبوون پەیوەندی و وابەستەیی خێڵ و خوێن و خزمایەتی هەڵبوەشێنن. بە تەواوەتی بە ئیسلامەوە پابەندبوون، چونکە خاوەنی باوەڕی تۆکمە و پتەو بوون بە خودا و پێغەمبەرەکەی. لە دوای (13) ساڵ لە

پەراوێزخستن و چەوساندنەوە، بارودۆخێکی تایبەت بۆ موسڵمانەکان هاتەپێش و ڕێگەی بۆ خۆشکردن لە یەککاتدا لە شارە خۆشەویستە - بێزراوەکە، واتا لە (مەککە) دەربکرێن و بۆ دواجار لەگەڵ پێغەمبەرەکەیاندا کۆچبکەن، کە زۆر بە توندی بوونیان بەوەوە بەسترابۆوە. لەلایەن خەڵکی مەدینە (یەسریب)وە چەندین پێشنیاز کرا بۆ پێشوازیکردنی پێغەمبەر محەمەد لە شارەکەیاندا. دانیشتوانی مەدینە بەسەر دوو خێڵی ناکۆك و ڕکابەردا (ئەوس و خەزرەج)دا دابەشببوون، کە لەو سەردەمەدا هێشتا نەگەیشتبوونە ئاستی تێپەڕاندنی ناکۆکی و ململانێکانیان کە دراوسێ جولەکەکانیان کەڵکیان لێوەردەگرت، هەرچەندە ئەوانیش ئەهلی کیتاب بوون و شانازییان پێوە دەکرد و خۆیان پێوە بادەدا. مەدینەییەکان دەرگای شارەکەیان لەبەردەم محەمەد و جەماعەتە بچوکەکەیدا کردەوە و بەڵێنیان پێدان میوانداریان لێبکەن و بەوپەڕی توانایانەوە ژیانی پێغەمبەر بپارێزن.
پێغەمبەر (محەمەد) وا هەستیدەکرد هۆزەکەی هەڕەشەی لێدەکەن، ئەوەی کە مەترسییەکانی ئەو هەڕەشانەی بۆسەر ژیانی پێغەمبەر زیاترکرد، ئەو هاوپەیمانێتیە بەرگریکارییە نوێیە بوو کە لەگەڵ چەند هێزێکی بیانیدا کرا. لێرەوە کۆچکردنە بەپەلەکەی پێغەمبەر لەگەڵ ئەبوبەکر بۆ یەسریب کە دواتر ناوی بووە مەدینە، دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ ئازادبوون و وەرچەرخانێکی گەورەش بوو. لە مەدینەدا هاوەڵەکانی، لە پیاوان و ژنان کە زێد و شارەکەی خۆیان جێهێشتبوو پەیوەندییان پێوە کردو لە دەوری کۆبوونەوە و لەوە بەدواوە ناوییان لێنرا (کۆچبەرەکان) و هەموویان ئەو مێرگەیان وەکو خاکی پەناگەیەکی ئارام و پێشوازیکردن لە خۆیان بینی. پێغەمبەر محەمەد گیانی برایەتی لە نێوان هەموو یەکێك لە هاوەڵەکانی و هەموو تاکێکی شاری مەدینەدا چەسپاند. ئیتر لەو کاتەوە کاروانی مێژوویی ئاینی ئیسلام ئاڕاستەیەکی تەواو جیاوازی وەرگرت، کە تاکو ئەو سەردەمە هەرگیز چاوەڕوانکراو نەبوو.

# دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی

## دەوڵەتی پێغەمبەرایەتی

دەوڵەتی ئیسلامی بە سێ قۆناغ دامەزرێنراوە:

یەکەم: لە ماوەی کۆچکردنی پێغەمبەر و هاوەڵانی بۆ شاری مەدینە، کاتێك دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی سەریهەڵدا.

دووەم: لە ساڵی (5)ی کۆچیدا، لە دوای ئابلۆقەدانی مەدینە و رودانی شەڕی

خەندەق، کاتێك ئەو دەسەڵاتە بەرە بەرە خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەوڵەتی وەرگرت، کاتێکیش کە فەزای بنەماکانی بەرفراوانبوو، هەموو ناوچەکانی دورگەی عەرەبی گرتەوە.

سێیەم: لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئەبو بەکر، لەو کاتەدا دەوڵەتی ئیسلامی سەلماندی کە دەتوانێت سەرجەم هەڵگەڕانەوە و دووبەرەکییەکان بە زەبری هێز کۆتایی پێبێنێت.

گومانی تێدا نییە و پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە دەسەڵاتی باڵای خودا و کەسێتی کاریزمایی پێغەمبەر و پێکهێنانی کۆمەڵێکی پێکەوە گرێدراوی تۆکمە و بەهێز، واتا (ئوممەت)، لەگەڵ سەرهەڵدانی یاساو ڕێساکان و دەرکەوتنی فەزایەکی یەکگرتووی خوداپەرستی، بنەما و کۆڵەکەکانی ئەو دەوڵەتەیان پێکهێنا. لێرەدا پرسەکە پەیوەندیدارە بە ڕەگەزە بونیاتنەرەکانی دەوڵەت، کە هەوێنی پێکەوە گرێدانی یەکەم و سەرەتایی لەناو باوەڕداران درووستکرد. بەڵام ئەو دەوڵەتە لە گۆشەنیگای دورگەی عەرەبییەوە لە پەیوەندییەکانی بە روانگەی دەرەوە لێی دەڕوانرا، بەڵکو لەسەر بنەمای جەنگ، لەسەر پێکهێنانی هێزی دەستێوەردەر دروستبوو، بووە ئامرازێکی کاریگەر بۆ فراوانکردنی رووبەری دەوڵەتی ئیسلامی. قۆناغی دووەم یان ئەو گرێبەستەی لە پاش کۆچکردن لەگەڵ موسڵمانەکانی مەدینەدا بەسترا، لە پەیمانێکی مەدینەیی زیاترە، چونکە بە هۆیەوە ئوممەتی ئیسلام لەژێر فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەیدا لەدایکبوو، بەڵکو بریتیە لە بەڵگەنامەی لەدایکبوونی مەدینەی ئیسلام. راستە کە پرسەکە پەیوەندیدی بە هاوپەیمانێتی و بەرگرییەوە هەیە، واتا لە پێناو بەرگریکردن بوو لە پێغەمبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو دوژمنێك، بەڵام بیرۆکەی شەڕ و نیەتی شەڕکردن تیایدا ئامادەییان هەبوو. هەروەکو بەسەرهاتی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، خودا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد لە دژی بێباوەڕەکان بجەنگێت، لە کاتێکدا کە بانگەوازی پێغەمبەرایەتی تا ئەو سەردەمە بە درێژایی (13) ساڵ وەك پەیامێکی

ئاشتیخوازانە بڵاوبۆوە.
کۆچکردن لەو شارە بێباوەڕە لادەرە (مەککە)، بۆ خۆی دابڕانێك بوو لەگەڵ ناوەندە خێڵەکیەکەی و یەکانگیر بوو لەگەڵ وەرچەرخانێکی گەورەدا، بە تایبەتی لە دیدگای پێغەمبەرایەتیەوە، کە لەو سەردەمە بەدواوە ئاراستەی بەرەو سیاسەت و جەنگ وەرگرت. لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندیدار بوو بە دامەزراندنی شارێکی ئیسلامی ئاشتیخواز کە خۆی پێگەیاند، بۆیە دەکرێت پەیماننامەی مەدینە وەکو بەڵگەنامەی دامەزراندن تەماشا بکرێت. بەڵام بابەتەکە بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوو، چونکە هەرزوو دەستپێشخەری بۆ هێرشکردن وەك پاساوێك بۆ بوون و مانەوەی مەدینە دەرکـەوت، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتادا هێزێکی هێرشبەر لە چەند سەت کەسێك پێکهێنرا، کە پاشان قەبارەکەی گەورە بوو تا گەیشتە (30) هەزار جەنگاوەر. بە رێکەوت نەبوو عومەری کوڕی خەتاب رایگەیاندووە کە بەشداریکردن لە شەڕی (بەدر)دا مەرجێکی سەرەکیە بۆ دابەشکردنی بەخشین و دەستکەوت و دیارییەکان. لە راستیدا شەڕی بەدر قۆناغێکی یەکلاکەرەوە و بناغەیی بوو، چونکە هۆکارێك بوو بۆ هەڵخلیسکان لە قۆناغی هاوپەیمانێتی بەرگری (العقبة)وە بەرەو قۆناغی دەوڵەتی جەنگ و هێرشبەریی و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان، لەوەشدا هەندێك لایەنگری پێغەمبەر لە سەرکردەکانی مەدینە بە شەخسی یارمەتیدەر بوون بۆ هەڵنانی ئەو هەنگاوە، بە تایبەتی سەعدی کوڕی مەعاز، پاشان هەندێکی تریش چاوییان لێکرد و ئەو هەنگاوەیان نا، بەڵام هەموویان نەبوون. ئەو ژمارە جەنگاوەرەی کە بەشدارییان لە شەڕی (بەدر)دا کرد ژمارەیان نزیکەی (300) کەس دەبوو، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژمارانەی کە پێغەمبەر لە دواییدا توانی کۆیان بکاتەوە، ژمارەیەکی زۆر کەم بوو. شەڕی بەدر و چۆنێتی بەڕێوەبردنی شەڕەکە بە تەواوەتی، کتومت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێغەمبەر لە قۆناغی دووەمی گەشەکردنی دەوڵەتی ئیسلامیدا، نیازی هەبوو شەڕ لە دژی قورەیش رابگەیەنێت، واتا شەڕێکی بەردەوام لە دژی

قوڕەیشییەکان بەرپا بکات[9]، بەڵام هەرگیز لە دیدگا و پێشبینییەکانیدا مەبەستی هاوپەیمانێتی بەرگریکردن نەبوو. ڕاستە کە پێغەمبەر هەوڵیدەدا بیروباوەڕ و ڕاستی ئاینەکەی بڵاو بکاتەوە، بەڵام لە ڕێگەی گەمەی شەڕو هێزەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەردەمەکەی ئەو ئامانجەی بەدیهێنا. لە شەڕی (بەدر) دا ئەوە تێبینی دەکرێت کە دەستکەوتەکان (الغنیمة) بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ پەلکێشکردنی پیاوەکان بۆ شەڕ. جگە لە کۆچبەران و پشتیوانەکان، هێزی پشتیوانی پێغەمبەر لە شەڕی بەدردا، هێزی هۆزی جوهەینەی نزیك لە مەدینە بوو، کە لەگەڵ پشتیوانەکاندا هاوپەیمان بوون.

شەڕی بەدر سەرەتایەك بوو بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی داوەرانەی پێغەمبەری ئیسلام لەناو مەدینە و ڕێگەشی بۆ خۆشکرد تاکو کاری جەنگیی بە چۆنێتیەکی پڕ ناوەرۆك ئاراستە بکات. ئەوەبوو بەدر لە پێشچاوی عەرەبەکانی تردا وەکو پاڵەوانی بەهێز و توانادار لە بەرامبەر هێزی قوڕەیشدا دەریخست، دواتریش زەمینەی بۆ خۆشکرد تاکو سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر جولەکەکاندا ڕوون بکاتەوە، واتا: ناساندنی ئیسلام وەك تاکە ئایین و کردنی جولەکە بە ئامانجێك بۆ داپڵۆسین یان دەرکردنیان. ئەوەبوو لە هەموو قەیران و جەنگەکاندا (بەدر، ئوحود، خەندەق، حودەیبیە)، جولەکەکان باجی قورسییان دەدا، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە بینەرو ڕەتکەرەوەی ئایینی زیندووی تازەهەڵکەوتوو بوون، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە غەنیمە و دەستکەوتی زیاترییان بۆ دابینبکات، کە شوێنی پێغەمبەر و دەسەڵاتی نوێ کەوتبوون، لە کاتێکدا لە قۆناغی خۆدرووستکردندا بوو. لێرەوە دەرکردنی (بەنو قەینوقاع)ی جولەکە لە مەدینە، لە دوای ئەوانیش دەرکردنی (بەنو ئەلنەزیر) و دواتریش ڕوودانی کوشتارگەلی بەنو قوڕەیزە و

9- پێدەچێت نیەتەکە ڕوونکرابێتەوە و بەرە بەرە دەرکەوتبێت، بەڵام تەنها یەك پارسەنگ بۆ ئەم بیرۆکەیە دەبینینەوە ئەویش ئیبن ئیسحاقە بە پشتبەستنی بە لێکدانەوەی قورئان، پێشدەچێت لەوەدا هەڵە بێت. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 299.

دەستبەسەرداگرتنی خەیبەر روویاندا [10].

شەڕی ئوحود جگە لە تۆڵەسەندنەوەی قوڕەیشییەکان لە موسڵمانان لە پای شەڕی بەدر، شتێکی تر نەبوو، بەڵام بەلای دەوڵەتی ئیسلامی تازەهەڵکەوتوو، ئوحود توانای بەرەنگاربوونەوەیەکی باڵاو شایستەی سەلماند، هەروەك پێغەمبەر دەیتوانی پیاوان و جەنگاوەری زیاتر بێنێت و رووبەری دەسەڵاتەکەی فراوانتر بکات. شانبەشانی هەردوو هۆزی جوهەینە و موزینە، لە رازیکردنی هۆزی خوزاعەش سەرکەوتوو بوو. پارێزگارە دێرینەکەی کەعبە کە قوڕەیش لە سەردەمی (قوسەی)ەوە پەراوێزی خستبوو، بەڵام هەر لەژێر سێبەری مەککەدا دەژیا. سەرەڕای ئەوەی کە هۆزی خوزاعە جگە لە هەندێك کەسی کەم نەبێت، هێشتا موسڵمانبوونی خۆی رانەگەیاندبوو، بەڵام پشتیوانی راستەقینە و کارای خۆی بۆ پێغەمبەر دەربڕی و چووە ناو سیستمی هاوپەیمانێتی ئیسلام و رۆڵێکی دیپلۆماسی و هەواڵگری بینی. ئەو قۆناغە ئینتیقالیەی کە کەوتووەتە نێوان شەڕی بەدر و خەندەق بە ئاراستەوەرگرتنێکی فراوانخوازی سەرەتایی بەرەو جیهانی کۆچەری - دەشتەکیی نەجد ناسراوە، بە شێوازێکی دیپلۆماسییانە و لە رێگەی دەستبەسەرداگرتنی موڵك و سامانەکانی (بەنولنەزیر)ی جولەکە، هەروەها رۆڵی دەوڵەت لە دابەشکردنی دەستکەوت و داهاتە دەستبەرسەردا گیراوەکاندا بەرجەستە کرا.

روودانــی شــەڕی خەندەق لە ساڵی (5ی کـۆچـی/626ی زایینی)دا بووە وەرچەرخانێکی گرنگ لە بواری هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی. تەنانەت دەکرێت بوترێت لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی هەمیشە ئاراستەی بەرەو بەدەوڵەتبوون وەرگرت، لە رێگەی خۆسەپاندنی جەنگییەوە. ئەوەبوو بەریەککەوتن لە نێوان پێغەمبەر و هاوپەیمانێتیەکەدا روویدا کە

10- گومانەکە بوونی هەیە سەبارەت بە دەرکردنی بەنی قەینوقاعی جولەکە، تەنانەت سەبارەت بە کۆمەڵکوشتنی (بەنی قورەیزە)ش هەیە. BARAKAT. Muhammad and the jews,new delhi,1979

قورەیش و ئەحباشەکانی کینانە و هۆزی غەتەفان و ئەلقەیسی گەورەی تێدا بوو، کە نوێنەرایەتی عەشیرەتەکانی فەزارە و ئەشجەع و مورەی دەکرد. لایەنی ئابوریش پاڵنەرێکی بەهێز بوو، چونکە هۆزی بەنو غەتەفان چاوییان بڕیبووە بەشێکی مێرگی مەدینە، بەڵام بۆ ئەوەی پێغەمبەر سنورێك بۆ دوژمنکارییان دابنێت، پێشنیاری بۆ کردن کە سێیەکی بەروبوومی ئەو ناوچەیان پێبدات.

لە دواییدا بە روونی دەرکەوت لایەنی ئابوری کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە دەستبەسەرداگرتنی موڵك و سامانی بەنی قورەیزە و دابەشکردنی دەستکەوت و دەستبەسەرداگیراوەکان بەپێی ئەو پێوەر و بنەمایانەی کە لە قۆناغی داهاتووی فەتحی عەرەبیدا پەیڕەو دەکرا. رێژەی ئەو پێنجیەکەی کە لەو دەستبەسەرداگرتنانە بەدیهات، دواجار خەزێنەی دەوڵەتەکەی پێغەمبەری زۆر دەوڵەمەند کرد. دەوڵەتی ئیسلامی لە قۆناغی خۆدرووستکردندا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەیویست بە کۆکردنەوەی دەستکەوت و غەنیمەتەکان خۆی پێکەوە بنێت، لەوەشدا خۆی پابەند کردبوو بە یاساو رێساکانی جەنگ لە نیوە دورگەی عەرەبی، بەڵام ئەو یاساو رێسایانە لە شەڕەکانی دژ بە هۆزەکان پەیڕەو نەدەکرا. بە تایبەتی، روودانی کوشتارگەلی بەنو قورەیزەی جولەکە بە شێوەیەکی عەقڵانی سەرەتایەك بوو بۆ نیشاندانی توندوتیژی راستەقینەی دەوڵەت و جەنگێکی راستەقینە، کە بە هیچ جۆرێك لە دورگەی عەرەبیدا هاوشێوەی نەبوو، چونکە شێوازە توندوتیژییەك بوو لە کردەوە و پەیڕەوەکانی خۆرهەڵاتی دێرین وەرگیرابوو: بە کۆمەڵکوشتنی پیاوان، بە کۆیلەکردنی ژنان و منداڵان.

لە راستیدا توندوتیژی کۆچەری - دەشتەکی پێشتر ئەو جۆرە مۆرکە و بەو تۆپزی و شێوازە رێکخراوییە، بەو ئاستە گەورەیەش بڵاو نەبووبۆوە. لێرەوە رۆڵی دەوڵەت دێتە پێشەوە، بەڵام ئایدۆلۆژیای ئایینیش تەدەخولی کرد، هاوکاتیش لەگەڵ دیدگایەکی روون بۆ وێناکردنی دوارۆژێك کە پێویستە بەرگری لێبکرێت، کەسانێکی زۆر لە پێناویدا خۆیان بکەنە قوربانی. دەرکەوتنی ئەم فۆرمە لە توندوتیژی

ڕێکخراو، هەموو عەرەبی بە گشتی و بە تایبەتی قورەیشی تووشی داچڵەکین و سەرسوڕمان کرد. دواجار هەستکردن بە سەرهەڵدانی هێزی پێغەمبەرایەتی دروستبوو کە زاڵبوون بەسەریدا کارێکی ئەستەمە، قەبارەی ئەم هەستەش لە نێوان حودەیبیە و دەستبەسەرداگرتنەوەی مەککەدا گەورەتر بوو. هەر لە شاری (مەککە)دا، سۆزی عەشائیری لە بەرژەوەندی دەسەڵات و کەسایەتی کاریزمایی پێغەمبەردا هەڵوەشایەوە. ئەوەبوو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوازی ناچارکردنی پێدانی باج و دارایی، لە ڕێگەی دامەزراوەی (الصدقة)وە بەسەر ئەو خێڵ و هۆزانەدا سەپێنرا کە دەهاتنە ناو ئیسلامەوە. شتێك زیاتر جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوەیە کە ئەو دەرئەنجامانە بەدینەهێنران لە ڕێگەی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر ڕکابەرە سەرەکیەکەدا، واتا خێڵی (قورەیش)، بەڵکو لە ڕێگەی بەرەنگارییەکی سەرسەختانە و کارکرنێکی پاڵپشتیکراو بەرەو بەدیهێنانی ئامانج و ڕێکخستنێکی عەقڵانی و پێکەوە گرێدراو بەدیهات، هەموو ئەمانەش پێکەوە سنوری ئەندێشە و ناهۆشیاریی بەکۆمەڵی عەرەبیی تێپەڕاند.

ئەو ئامانجە، هەر لە قۆناغی حودەیبیەوە روون و ئاشکرا دیار بوو: یەکەمین مەبەستیش یەکخستنی عەرەبەکان بوو، پاشان هەڵنانیان بوو بەرەو فەتحکردنی باکور. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، پێویستبوو بە هەر شێوەیەك بێت مەککە داگیر بکرێت. چۆنچۆنی لێکدانەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە سەیرە دەکرێت، کە وای لە پێغەمبەر کرد لە دوای نزیکەی ساڵێك بەسەر گەمارۆدانی مەدینە لەلایەن قورەیش و هاوپەیمانەکانیەوە، بە شێوەیەکی جددی بیر لەوە بکاتەوە کە پێشەوایەتی هاوەڵانی بکات بۆ عەمرە و سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا؟ لە ڕێگەی ڕووداوی خەندەق و تەنانەت لە شەڕی ئوحود، تێبینی ئەوە دەکرێت کە سەرکردەکانی قورەیش، بە تایبەتی ئەبو سوفیان، نەیانویستووە پێشڕەویکردنی خۆیان بە تەواوەتی وەبەربهێنن، وەکئەوەی کە ویستبێتیان دەرفەت بدەن بە پێغەمبەر، کە خۆی لە قورەیشە، تاکو پرۆژەکەی جێبەجێ بکات. لە لایەکی تریشەوە، تێبینی

ئەوە دەکرێت لە ماوەی دوو ساڵی نێوان رێککەوتنی حودەیبیە لە ساڵی (6ی کۆچی/627ی زایینی) تاکو لە ساڵی (8ی کۆچی/629ی زایینی)دا چوونەوە ناو مەککە. بەشێکی زۆر لە قورەیشییەکان باوەڕییان بە ئیسلام هێنا و پاڵیاندایە پێغەمبەر، لە نێوان ئەوانەدا دوو کەسی پلە یەك هەبوون: خالیدی کوڕی وەلید، سەرکەوتوو لە شەڕی ئوحود، هەروەها عەمروی کوڕی ئەلعاص دانوستانکاری قوڕەیش لەلای نەجاشی پاشای حەبەشە. هەرگیز گومانی لەوەدا نییە کە هەردوو لایەنە دیارەکە لەو قۆناغە چارەنوسسازەدا، کە وەکو پێغەمبەر قوڕەیشی بوون، دەستیانکرد بە پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکانی پێشوویاندا بە ئاراستەی پێکهاتنێکی قووڵ، کە لە رێگەیەوە پلەو پێگەیەکی هەژموندار لەناو سیستمی پێغەمبەرێتیدا بە قوڕەیش بدرێت، چونکە ئەو پایە و پێگەیە لە رێگەی گۆڕینێکی نائاسایی لە ئاسۆ و دیدگاکاندا، وایکرد قوڕەیش ببێتە داکۆکیکاری سەرەکی دەوڵەتی ئیسلامی. یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئەو گۆڕینە لەلایەن پێغەمبەرەوە لە رازیبوون و داننانی بە عومرە و باڵایی کەعبەدا بوو، کە پێکەوە لەگەڵ حەجدا دوو رەگەزی سەرەکی سیستمی ئایینی مەککە پێکدەهێنن.

پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ خۆیدا (70) حوشتری ئامادەکراوی لە رووی نەریتی دینییەوە بۆ قوربانی هێنابوو، ئەوەش کاریگەری لەسەر سنوردارکردنی ئەحباشەکانی کینانەدا هەبوو، کە پارێزگارییان لە رۆڵی دێرینی خۆیان دەکرد وەك پاسەوان و پارێزگارانی کەعبە و نیشاندانی هەڵوێستی شایستە لە بەرامبەر حەرەم. پێغەمبەر هەنگاوێکی باشی هەڵنا بە ئاراستەی پێکهاتن لەگەڵ بیروباوەڕی بتپەرستیدا، پێش ماوەیەکی کورتیش لە کۆچکردنی لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو حەج بە تەوەاوەتی بە ئیسلامی بکرێت و لەگەڵیدا یەکانگیر ببێت. هەموو ئەو کارانەش بە ئەنجام نەدەگەیشتن بەبێ ئەو کارە شایستەیەی کە هێزی پێغەمبەرێتی وەکو دەسەڵاتی سەرەکی و بنەڕەتی لە حیجاز نیشاندا و دواجار هەنگاوی نا بەرەو یەکخستنی تەواوی نیوە دورگەی عەرەبی.

راسته کە هەموو قورەیشییەکان لە هەڵوێستیاندا لە بەرامبەر پێغەمبەر گەشەیان نەدەکرد. بەڵکو دژایەتی گەڕانەوەی پێغەمبەرییان بۆ مەککە کرد، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ئاشتیانەش بوو. چەند دانوستانێك بەڕێوەچوو کە هودنەی بۆ ماوەی (10) ساڵ لێکەوتەوە، پێغەمبەر وەك کەسێکی دیپلۆماسی و پیاوی دەوڵەت هەڵسوکەوتی کرد و دڵنیایی دەدا کە پێویستە بە شێوەیەکی کاتی لەگەڵ قورەیش ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن بکرێت، لە چاوەڕوانی هاتنی دۆخێکی گونجاوتر و باشتر تا بتوانێت هێزو پێگەی پتەوتر بکات، ئەوەش بە پێچەوانەی رای راوێژکاران و هاوەڵە سەرەکیەکانیەوە بوو. با سەرنج لەوە بدەین کە دانوستانکاری رکابەر کەسێکی رۆشنبیر بووە، سەرسام بووە بە شکۆو هەیبەتی پێغەمبەر و دیسپلین و وابەستەیی نائاسایی هاوەڵەکانی و دەسەڵات و قەڵەمڕەوە بێسنورەکەی لەسەرییان. دەوترێت چەمکی پادشایەتی وەکو رەگەزێکی پێویست بۆ سەر کەسایەتی خۆی دووبارە کردۆتەوە، جولەکەکانی خەیبەر دوای ماوەیەکی کەم وەکو پاشای حیجاز تەماشای پێغەمبەرییان کردووە.
پێدەچێت جگە لە دەستەی تۆکمە و سەرسەختی لایەنگرەکانی، لە کۆچکەران و پشتیوانان کە بە شێوەیەکی جەوهەری و پێش هەر شتێك بە پێغەمبەری خودایان زانیوە، هەموو ئەوانەی تر لە عەرەبەکان، قورەیشییەکان و جولەکەکان، وەکو هێزو دەسەڵاتی حیجاز تەماشایان دەکرد. ڕووداوی دەستبەسەرداگرتنی خەیبەر بۆ ئەوەی پەیکەرو پێکهاتەی دەوڵەتی ئیسلام درووستبێت، کاتێك بناغە کشتوکاڵیە سەقامگیرەکانی بۆ دەستەبەر کرد، ئەوەش بۆ خۆی تێپەڕاندنی چەمکی غەنیمەی ئاسایی لێکەوتەوە. سوپاکەی پێغەمبەر لەبەردەم خەیبەر کۆکرایەوە و یەك لە دوای یەك گەمارۆی ئەو شورایانەی دا کە جولەکەکان قایمیان کردو خۆیانیان تێدا پاراستبوو، پاشان تەسلیمبوونی خۆیان راگەیاند. پێغەمبەر دوای ئەوەی دەستکەوت و غەنیمەکانی دابەشکرد، دەستی بەسەر زەوییەکاندا گرت و پێنجیەکی لە دەستی خۆیدا هێشتەوە، ئەویتریشی بەسەر هاوەڵەکانی لە خەڵکی مەدینە و هەندێك لە

عەرەبی هۆزەکاندا دابەشکرد، کە بەشدارییان لە گەمارۆدانی خەیبەردا کردبوو. جولەکەکان داوایانکرد بەپێی گرێبەستێکی هەمیشەیی کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە بێت لەسەر بەکارهێنانی وەزییە زەوتکراوەکانیان بەردەوام بن، دواتر بە کردەوە ئەو گرێبەستە لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا هەڵوەشێنرایەوە. دەستکەوت و غەنیمە لە پاڵ دەستبەسەرداگرتنی زەوی سودی زۆرییان هەبوو لە بەهێزکردنی هاوسۆزی و پتەوکردنیدا. پێشتر وتمان ئەو دەسەڵاتە پابەندبوو بە جەدەلیەتێکەوە کە دوژمنانی بەرجەستە دەکرد و لە موڵکەکانی دایدەماڵاندن، لە لایەکی تریشەوە لە روانگەی ئەو بێبەریکردن و لێ داماڵاندنەوە هاوسۆزی و پابەندێتی بۆ خۆی بەهێزتر دەکرد. ئەمە کتومت جەدەلیەتی دەوڵەتێکی شەڕکەر و رێکخراو و پشتبەستووە بە ئایین.

ئەو هێزە ئابوریە پاڵپشتیکارە رۆڵێکی پەلکێشکارانەی هەبوو لەسەر هۆزە کۆچەرییەکانی ناوچەکە، وەك (بەنی ئەسلەم)، کە بەدەست برسێتیەوە دەیانناڵاند. بە شێوەیەکی پراکتیکی، هۆزی خوزاعە و غەفار موسڵمانبوونی خۆیان راگەیاند، لە کاتێکدا کە ئەحباشەکان بێلایەنیان هەڵبژارد و بەڵێنیاندا نەگەڕێنەوە سەر شەڕکردن لە دژی پێغەمبەر. وردە وردە سوپای پێغەمبەر پاڵپشت بە کۆچەرییەکان و دەشتەکییەکان گەورەتر بوو، تا وایلێهات سوپای ئیسلام لە ساڵی (8ی کۆچی/ 629ی زایینی)دا کاتێك خۆی بۆ پەلاماردانی مەککە ئامادە دەکرد، ژمارەیان ببووە (10) هەزار کەس، ئەو گەورەبوونەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو رێژە زۆرەی کۆچەریە دەشتەکییەکان کە دەهاتنە ناو ئایینی نوێ و ژێر سێبەری سیستمی پێغەمبەرایەتی محەمەدەوە. لە دەرەوەی پێکهاتەی ناوەندیی کۆچبەران و پشتیوانەکان، چەند هۆزێك یان چەند بەشێکی هۆزەکان هەبوون ببوونە بازنەی دووەمی پێکهاتە دڵسۆزەکە وەك هۆزەکانی: موزینە، جوهەینە، سولەیم، غەفار، خوزاعە.

پاش دەستبەسەرداگرتنەوەی مەککە، لە کاتێکدا کینانە و قورەیش و سەقیف لە دوای تەسلیمبوونی تائیف چوونە ریزی ئەو پێکهاتەیەی دەوڵەتی ئیسلامیەوە،

ئیتر ئەو پێکهاتەیە بە تەواوەتی بوونە کرۆکی سوپایەکی دڵسۆز و هەمیشەیی موسڵمانان، ئەو سوپایەی کە وابەستەی سیستمی نوێ بوو دواتر بەرەنگاری هەڵگەڕانەوە و لە ڕێگە لادانی هۆزەکان بۆوە. ئەم کۆمەڵە بەرفراوانە لە سەربازگەکانی عێراق ناوییان (اهل العالية) یان (اهل المدينة) بوو. لەسەر ڕێچکەی موسڵمانە دڵسۆزەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام، ژمارەیەکیان بەرەو مەدینە کۆچییان کرد و ناوییان لێنرا (کۆچبەرەکان). بە گشتی ئەو هۆزانە یان لەگەڵ مەدینە هاوسنور بوون و لە کۆندا هاوپەیمانی خێڵەکانی ئەوس و خەزرەج بوون، یان هاوسنوری مەککە بوون و لەگەڵ قوڕەیشدا هاوپەیمان بوون، پاشان پێغەمبەر وەك رابەر و سەرکردەی ئوممەتی ئیسلام لە مەدینە و میراتگری هێزی قوڕەیش، ئەو هۆزانەی خستە ناو بازنەی شوێنکەوتوانیەوە، بەڵام شتێکی دیارە کە کرۆکی یەکەمی ئیسلام لە کۆچبەرە پێشینەکان و پشتیوانان پێکهات. کاتێك پێغەمبەر لە ساڵی (8ی کۆچی/629ی زایینی) گەمارۆی مەککەی دا، بەو هۆیەوە تەنیا لە دوای دوو ساڵ بەسەر راگەیاندنیدا، کۆتایی بە ڕێککەوتنی (10) ساڵی هێنا و لە شێوەی سەرکردەیەکی راستەقینەدا دەرکەوت، کە دورگەی عەرەبی هاوشێوەی ئەوی بە خۆیەوە نەدیبوو. سوپاکەی جگە لە خەڵکی مەدینە و خێڵ و هۆزە پشتیوانەکانی دراوسێ، ژمارەیەکی زۆریشی لە کۆچەرییەکانی تەمیم و قەیس و ئەسەد تێدا بوو. بە راستی سەرسوڕمانی قوڕەیش گەورە بوو. ئەبو سوفیان بە عەباسی مامی پێغەمبەری وت: «ئەمڕۆ موڵك و قەڵەمڕەوی برازاکەت زۆر مەزن بووە».

مەککە لە دوای تێپەڕبوونی (21) ساڵ بەسەر پەیامی پێغەمبەرێتیدا، بەبێ شەڕو بەرەنگاربوونەوە تەسلیمبوو، ئینجا ئیسلامبوونی خۆی راگەیاند. ئەوە ڕووداوێکی گەورە بوو کە پێغەمبەری کردە گەورەی کەعبە و حەج و بازرگانی مەککە، واتا بە شێوەیەکی گشتی بوو بە میراتگری هێزی قوڕەیش. پێغەمبەر سەرگەورەی دەسەڵاتێکی پێکهێنراو بوو بە سەبرو پشوودرێژی ئوممەتی ئیسلام لە کۆچبەران و پشتیوانان، دەسەڵاتێکی دامەزرێنراوی لەسەر بنەمای وابەستەیی بە ئایین، بە

قورئان و پەیڕەوەکانی، یاساو قەدەغەکراوەکان، کە پێ بە پێ لە بەشێکی گەورەی جیهانی مەڵباتی کۆچەری - دەشتەکی لە حیجاز دامەزراند، ئەوەتا ئێستاش بەسەر گرنگترین ناوەند لە هەموو دورگەی عەرەبیدا زاڵبووە.
قوڕەیش چووە ناو ئیسلامەوە، سوپاکەی پێغەمبەر لەو سەروبەندەدا لەگەڵ (20) هەزار سەربازی سەر بە هۆزی (هوازن) بەشەڕ هات، بەڵام دواجار تێکیشکاندن و دەستیگرت بەسەر غەنیمە و دەستکەوتی زۆر گەورەدا، کە بەپێی چەند حسابێکی سیاسی دابەشکرا بە ئامانجی بەهێزکردنی وەلا و هاوسۆزی تازەی رابەران و سەرکردەکانی قوڕەیش. ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ پشتیوانەکاندا، کە بنکەی پاڵپشتی سەرەکی سیستمی ئیسلامی بوون، بەڵام پلەی دووەمیان پێدرا. قوڕەیشییەکان، کە زۆرینەیان تازە ببوونە ئیسلام خۆیان ئامادەکرد بۆ وەرگرتنی رۆڵی یەکەم لە دەوڵەتی نوێی ئیسلامدا، چونکە ئەوان هۆزی پێغەمبەر بوون، بەوەش پەیوەندی و وابەستەیی خوێن بەسەر وابەستەیی ئایینی رووتدا زاڵکرا.
ئەو دوو ساڵەی کەوتنە نێوان تەسلیمبوونی مەککە و کۆچکردنی پێغەمبەر، فراوانبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ سەرتاسەری دورگەی عەرەبی بەخۆیەوە بینی، جگە لە گەڕانەوەیەکی دیاریکراو بۆ دەمارگیری ئایینی لە رێگەی بە ئیسلامیکردنی حەج و بەرجەستەکردن و ئاراستەکردنی فەتحی ئیسلامی بەرەو ناوچەی باکور. چەندین وەفد لە هەموو هۆزەکان روویانکردە مەدینە بۆ ئەوەی بەگوێرەی نەریتی مێژوویی پەیڕەوکراو بەیعەت بدەن. ئەمە مانای ئیسلامبوونی هەموو هۆزەکان نییە، بەڵکو مانای چۆکدادانێکی سیاسی دەگەیەنێت کە هاوشێوەی موعجیزە بوو، کە لە راستیدا تا ئێستاش بەبێ روونکردنەوەیەکی تەواو ماوەتەوە، کەواتا چۆن ئەوە روونبکەینەوە کاتێك خێڵ و هۆزە شەڕکەر و بەخۆوە شانازیکارەکان، کە هەرگیز هیچ دەسەڵاتێکیان نەبینیوە، بەبێ هیچ شەڕو بەرەنگارییەك هاوسۆزی خۆیان نیشانداوە؟ پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە پێویستیەك بۆ یەکبوون

هەبوو، دەسەڵاتی نوێی ئیسلامیش هیواکانی بوژاندەوە، بونیاتە ئاینییەکەی کە لە دەسەڵاتی خوای تاك و تەنیاوە وەرگرتووە، ڕێگەی تاعەت و گوێڕایەڵی ئاسانکرد و دواجار ئەم دەسەڵاتە، خاوەنی هێزی سزادان و لێپێچینەوەی تەواوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هۆزەکانی نەجد و هۆزەکانی خۆرهەڵات و یەمەن، تەواو وەکو پێشتر سەربەخۆ نەبوون، لەبەر ئەوەی لە رابردوودا بەیعەتیان بە میرەکانی لەخمییەکانی حیرە و میرەکانی یەمەن دابوو. هەڵوێستی هۆزەکانی (بەکر، تەمیم، مزحەج، هەمەدان)یش هەروا بوو.

لە راستیدا، سەربەخۆیی گشتگیری هۆزەکان بۆ خۆی ئەفسانەیەك بوو، جگە لە هەندێك حاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت، وەك هۆزی هوازن کە بە تایبەتی لە شەڕی (حونەین) توانای بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی نەما و لەسەر دەستی پێغەمبەر تێکشکێنرا. هەروەها هۆزەکانی یەمامە کە لە دەوری حەرەم بوون، خەریکبوو پێغەمبەرێکی تایبەت بە خۆیان بەرجەستە بکەن. بەمشێوەیە دورگەی عەرەبی بە ئەزمونە تایبەتەکەی ئامادە بوو بۆ ئەوەی بەیعەت بدات بە دەسەڵاتێکی بەهێز. بەهەرحاڵ، دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی محەمەد لەوەدا جیاواز بوو، کە دەسەڵاتێکی عەرەبی پوختبوو، جگە لەوەش بە هێزی گەشاوەی حەرەم پشتیوانی لێدەکرا و بەبێ رەتکردنەوەی پەیوەندی خوێن بوونی مرۆڤەکانی رێکدەخست و دواجار دەرگای لەبەردەم ئاسۆی فتوحاتەکاندا کردەوە. لە چاوەڕوانی ئەوەدا، هۆزەکان قورسایی دەسەڵاتیان دەگرتە ئەستۆیان، لە رێگەی پێدانی باجی شەرعی یان خێرو سەدەقە و رازیبوونیان بە داوا و راسپێردراوە لۆکاڵییەکانی پێغەمبەر. بیرۆکەی ئاڕاستە وەرگرتنی پێغەمبەر بەرەو دەرەوە لە کاتێکی زۆر پێشوەختدا سەریهەڵدا. هەر لە ساڵی (8ی کۆچی/629ی زایینی)ەوە، ئەم ئاڕاستەیە بەرجەستە بوو بە ناردنی سوپایەکی پێکهاتوو لە (3000) جەنگاوەر بۆ موئتە، بەڵام توشی شکستێکی گەورە بوو. هەروەها لە ساڵی (10ی کۆچی/631ی زایینی)دا، سوپای ئیسلام کە لە (30) هەزار جەنگاوەر پێکهاتبوو بەهێزترین سوپا بوو دەسەڵاتی

ئیسلامی له‌ مه‌دینه‌ کۆیکردنه‌وه‌ و روویکرده‌ ته‌بوك و توانی چه‌ندین ناوچه‌ی جۆراوجۆر بخاته‌ ژێر ركێفی ده‌وڵه‌ته‌كه‌یه‌وه‌.

ئه‌مه‌ زۆر به‌ روونی ئامانجه‌كانی پێغه‌مبه‌ر (د.خ) له‌ به‌رامبه‌ر پانتاییه‌كان و شاره‌كانی باكور ده‌رده‌خات، كه‌ ناكرێت ئه‌و پێگه‌ و پایه‌ گه‌وره‌یان له‌بیر بكرێت كه‌ له‌ قورئاندا پێیان به‌خشراوه‌ به‌و پێیه‌ی نموونه‌ی ئه‌و شاره‌ عه‌ربییانه‌ن كه‌ به‌ر نه‌فره‌تی خودایی كه‌وتوون. قورئانی پیرۆز زۆر به‌ روونی كه‌لتوری باكوری عه‌ره‌بی له‌بیركراوی ئاوێته‌ی چیرۆكه‌كانی كردووه‌ و وه‌ك بناغه‌ی بیره‌وه‌ری و بیرهێنانه‌وه‌ی عه‌ره‌بی دایناوه‌. پێغه‌مبه‌ر له‌ كۆتایی ژیانیدا مه‌سه‌له‌ی فه‌تحی ده‌ره‌كـی وه‌ك ئه‌ڵته‌رناتیڤی ده‌رچـوون له‌ روانگه‌ی نیوه‌ دورگـه‌ی عه‌ره‌بی مه‌زه‌نده‌ كردووه‌. قورئانی پیرۆزیش باسی به‌ڵێنه‌كانی خودای كردووه‌ به‌و پێیه‌ی له‌ ده‌ستكه‌وت و بازرگانی چاكتره‌، هه‌روه‌ها باسی پێویستی گوێڕایه‌ڵیكردنی فه‌رمانه‌كانی خودای كردووه‌ ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر بازرگانیش بخاته‌ مه‌ترسیه‌وه‌، به‌هۆی رێگه‌نه‌دان به‌ بێباوه‌ڕه‌كان له‌ نزیكبوونه‌وه‌یان له‌ رێوڕه‌سمی حه‌ج. پێده‌چێت ئه‌م بێبه‌ریكردنه‌ تازه‌یه‌ له‌لایه‌ن بزافێكی گه‌ڕاوه‌ی دره‌نگوه‌خت بۆ ره‌سه‌نایه‌تییه‌كان پڕكرابێته‌وه‌. بازرگانی مه‌ككه‌ له‌ژێر هه‌ڕه‌شه‌ی ته‌نگه‌تاوكردن و له‌ناوچووندا بوو، له‌م چوارچێوه‌یه‌شدا قورئان پێشنیارێكی له‌ به‌رامبه‌ر به‌ڵێنه‌كانی خودا، وه‌ك ئامرازێكی تر بۆ ژیانكردن و ئاسۆی نوێ پێشكه‌شكردووه‌[11]. مه‌به‌سته‌ راستیه‌كه‌ بریتیه‌ له‌ كردنه‌وه‌ی ده‌روازه‌ی ئه‌و ناوچه‌ی باكوره‌ له‌پێشدا به‌ عه‌ره‌بكراوه‌، كه‌ روانگه‌ی درێژبوونه‌وه‌ی سروشتی دورگه‌ی عه‌ره‌بیه‌. به‌مشێوه‌یه‌ش ده‌سه‌ڵاتی پێغه‌مبه‌رایه‌تی تۆوی فه‌تحكردنی ناوچه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی له‌خۆ گرتووه‌.

11-شه‌عبان بیرۆكه‌ی هه‌بوونی په‌یوه‌ندی له‌ نێوان بازرگانی و پرۆسه‌ی فه‌تحدا باسكردووه‌، به‌ڵام ئه‌و بیرۆكه‌یه‌ له‌ناو سه‌رچاوه‌كانیشدا هه‌یه‌. بی.كرۆن لێكدانه‌وه‌یه‌كی له‌مجۆره‌ ره‌تده‌كاته‌وه‌. راسته‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ر به‌بێ ده‌ستپێكردنی به‌ ئاسۆكانی فه‌تح نه‌یده‌توانی دورگه‌ی عه‌ره‌بی یه‌كبخات، به‌ڵام له‌و كاته‌دا چۆنچۆنی بابه‌تی هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ لێكبده‌ینه‌وه‌؟ له‌ راستیدا پرۆسه‌ی فه‌تح له‌ بونیادی ده‌وڵه‌تی موحه‌مه‌دی دا پۆڵێنده‌كرێت، به‌ڵام خۆی زیاتر له‌ناو ئیسلامدا به‌رجه‌سته‌ كردووه‌، چونكه‌ پێش هه‌ر شتێك پرۆژه‌یه‌كی روحی بوو.

تێکچوون و ناهاوسەنگبوونی سیستمی گەورەی بازرگانی و ئەستەمبوونی ئاسۆی بەدەستهێنانی دەستکەوت و غەنیمەت لەناو دورگەی عەرەبی بە ئیسلامبوودا، لەگەڵ پێویستی پشتبەستنی دەسەڵاتی ئیسلامی بە چەند سەرکەوتنێکی ماددی بەرچاو، هەموو ئەمانە رۆڵی گەورەیان بینی لە ئاڕاستەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو فەتحکردن (دەرچوون لە دورگەی عەرەبی). لە راستیدا، سەرەڕای ئەوەی پرسەکە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە لە قۆناغی کۆچکردندا، پەیوەندی بە دەوڵەتێکی شەڕکەرەوە هەیە، بۆیە مەسەلەی فەتح بەلایەوە تەنیا پێشنیازێك نەبوو، بەڵکو پێویستیەکی جەوهەری هەبوونی دەوڵەتەکە بوو. تاکە رێگەش بۆ کۆکردنەوەی هۆزەکان لە چوارچێوەی یەکێتیەکدا، لە بەرجەستەکردنی ئامانجێکی بەدیهێنراودا خۆی دەبینیەوە، واتا ئامانجی گەڕان بەدوای دەستکەوت و غەنیمەدا، کە هەمیشە و بەردەوام دووبارە دەبۆوە. لە بەدرەوە بۆ حونەین، لە دوای ئەوانیشەوە بۆ تەبوك، تا گەیشتە دەستبەسەرداگرتنی یەك لەدوای یەکی مێرگ و پانتاییەکانی قەڵەمڕەوی جولەکەکان. دەوڵەتی پێغەمبەرایەتی بەبێ شوێنکەوتنی هەمان ئامانج پێکنەهات: ئامانجی گواستنەوەی نەریتەکانی جیهانی کۆچەری – دەشتەکی بە شێوازێکی رێکخراو بۆ ناو ژینگە شارستانییەکان و چۆکپێدادانی ئەو کاروانە جەنگیە بەردەوامە لەژێر دەسەڵاتی باڵای خوداییدا.

## سەرکەوتن بەسەر هەڵگەڕاوەکاندا

لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر محەمەد، ئاینێکی تەواوکراو و دەوڵەتێکی هەژمونداری بەسەر هەموو دورگەی عەرەبیدا جێهێشت، بە جۆرێکی وا پێکەوە گرێدرابوون کە لێکهەڵنەدەوەشانەوە. لە رێگەی بڕواهێنان بە ئیسلام و پەیڕەوکردنی، بە تایبەتیش نوێژ و زەکات توانرا تاکەکان و کۆمەڵەکان گوێرایەڵی دەوڵەتی نوێ ئیسلام بن. مسوڵمانە پێشینەکان کە کەوتبونە ژێر کاریگەری

بانگەوازەوە بە شێوەیەکی ئاسایی چوونە ژێر سایەی سیستمی دەوڵەتەوە. ئەرکی پێغەمبەرایەتی جیهانی دنیایی و پیرۆز، جیهانی بەرجەستە و نابەرجەستە پێکەوە نەبەستێتەوە، دەسەڵاتەکانی لەسەر فەرمودەکانی خودا وەستاوە، وەکئەوەی ئاڕاستەی پراکتیکی ئومەتی ئیسلام لەسەری بەندە. گومانی تێدا نییە کە عەرەبەکان بەبێ بزاڤی پێغەمبەرایەتی محەمەد نەیاندەتوانی یەکبگرن و خۆیان ڕێکبخەن و بگەنە ئەو پلە ئەخلاقییە باڵایە. بەو پێیەش نەیاندەتوانی بچنە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە. بەم ئاراستەیە پێغەمبەرایەتی خۆی وەك واقیعێك نمایشکرد کە عەرەبەکانی بە ئاکار و یەکبوون و یەکچارەنووس دەوڵەمەند کرد.

لە ڕاستیدا موسڵمانانی مەدینە، واتا کۆچبەران و پشتیوانان کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی سەرکێشی و ئازایەتی پێغەمبەرایەتیدا ژیان، واتا ژیانێکی ڕەسەنی ئیسلامەتیان بەسەر برد، تەنانەت نەیاندەویست جگە لە ئیسلام بۆ هیچ شتێکی تر بژین و بە تەواوەتی لەناو بۆتە و کاریگەرییەکانی ئیسلامدا ئاوێتە ببوون. لە دواییشدا شەپۆلی نوێی کۆچبەران لە قورەیشیە باوەڕدارەکان و هۆزە نزیکەکانی وەك (جوهەینە، موزینە، خوزاعە) لەدوای فەتحی مەککە چوونە پاڵ پێکهاتەی ناوەندی دەوڵەتی ئیسلام  و بەرەو مەدینە کۆچیانکرد، ئەوانیش پێیاندەوترا کۆچبەرەکان. بازنەی سێیەمیش هەبوو کە لە دانیشتوانی مەککە (قوڕەیشییەکان)، دانیشتوانی تائیف و سەقەفییەکان پێکهاتبوون. بە کورتی، ئەو بنەمایانەی کە ڕەگوڕیشەکانی دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی پێکدەهێنا، بە گشتی شارەکانی حیجاز و کۆچەرییەکانی بوون. لە سەرووی ئەوەشەوە، هەموو دورگەی عەرەب بە گشتی بڕوایان بە ئیسلام هێنا، واتا جیهانێکی شارستانی و کۆچەری - دەشتەکی بەرین، لە یەمەنەوە تاکو بەحرەین. لێرەوە پێغەمبەر گەیشتە درووستکردنی بونیادە پراکتیکییەکانی ئیسلام و دەوڵەتەکەی، کە بە شێوەیەکی سەرپێیی مایەوە.

کۆچکردنی پێغەمبەر تاکە مەسەلەیەکی ڕاستەقینەی هێنایە گۆڕێ: پارێزگاریکردن

له دەستکەوتەکانی، لە دیـن و دەوڵــەت، پاشان مەسەلەی خەلافەت و پارێزگاریکردن لە دڵسۆزی هۆزە موسڵمانەکان. خەریکبوو هەموو شتێك لەناو بچێت، بەڵام لە دوای کۆمەڵێك رووداودا توانرا پارێزگاری لە هەموو شتێك بکرێت. بە شێوەیەکی زۆر خێرا ئەبوبەکر بە جێنشینی پێغەمبەر هەڵبژێردرا، لە ماوەی ساڵێکدا هەڵگەڕانەوەی نیمچە گشتی هۆزەکان پاکتاو کراو کۆتاییپێهات. ئا لێرەوە هەست بە پتەوییەکی زۆر گەورەی پاراستنی دەستکەوتی پێغەمبەرایەتی کرا، کە دەکرێت بە بەهای خۆدی/ نێوخۆیی پەیام و کاری پێغەمبەرایەتی و دڵسۆزی و توانا و گیانی بەرەنگاربوونەوە لەلای کرۆکی سەنتراڵی ئیسلام، کۆچبەران و پشتیوانان لێکبدرێتەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوانتریش لەلای بازنەی شارەکانی حیجاز. لە راستیدا ئەو کرۆکەی ئیسلام خەریکبوو لە سەرەتادا دابەشبێت، چونکە لە کاتی راگەیاندنی هەواڵی کۆچکردنی پێغەمبەر و لە دوای ماوەیەکی کورت لە دروستبوونی ناسەقامگیرییەکی تەواو، پشتیوانەکان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە کۆبوونەوە. پرسی کۆبوونەوەکەیان پەیوەندار بوو بە راوێژکردن لە پێناو هەڵبژاردنی یەکێك لەناو خۆیاندا وەکو جێنشینی پێغەمبەر، ئەویش سەعدی کوڕی عوبادە بوو، کە یەکێك بوو لە سەرۆکانی هۆزی خەزرەج. بەڵام هەڵبژاردنی بۆ چ شتێك؟ بە رووکەش بۆ شوێنگرتنەوەی پێغەمبەر لە رووی دەسەڵاتی دونیاییەوە. بیرۆکەی هەڵبژاردن ئاماژەیەکە بۆ بوونی شێوازی دیموکراتی بەکۆمەڵ کە لە دەستی بـژاردەدا قەتیسکرابوو، هەروەك ئاماژەشە لەسەر ئەوەی کە ئەرکی پێغەمبەرایەتی وەك ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی پێشەوایەتی تەماشا دەکرا و پێویستی بە شوێنگرەوە یان جێنشین بووە. بەڵام هەرگیز ناتوانرێت ئەوە بزانرێت کە ئایا بابەتەکە لە دیدی پشتیواناندا پەیوەندار بووە بە هەڵبژاردنی سەرۆکێك بە تەنیا بۆ خۆیان یان بۆ هەموو ئومەتی ئیسلامی، یان ئایا وەڵامی پشتیوانان وەڵامێکی خێڵەکیانە بووە یاخود مافی هەڵوێست وەرگرتن بووە بۆ رزگارکردنی ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی لەو قەیرانە.

لەو کاتەدا بەبێ ئاگاداری کۆچبەران، داوای کۆبوونەوەیەکی زۆر بە پەلە کرا، چونکە مەبەستەکە ئەوەبوو کاروبارەکان بە جیا لەنێوان تاقمی پشتیواناندا تاوتوێ بکرێت. پێدەچێت دەستپێشخەری پشتیوانەکان، دەستپێشخەریەکی خێڵەکی یان تایبەتی بووبێت بۆ بەرژەوەندی شارەکەیان (مەدینە) بە تەنیا، چونکە ئەوان لە شارەکەی خۆیاندا زۆرینە بوون، حەزییان بەوە دەکرد وەك سەرۆك و سەرگەورە مامەڵە بکەن و سەروەری خۆیان بەدەستبێننەوە کە پێشتر رادەستی پێغەمبەرییان کرد، کاتێك لە ژیاندا بوو. بە بۆچوونی من ئەوە جۆرێك بوو لە هەڵسوکەوتی جوداخوازییانە کە کۆی ئوممەتی لەپێشچاو نەدەگرت، بەڵکو تەنیا بەرژەوەندی دووقۆڵی هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەجی لەبەرچاو گرتبوو، چونکە لە دیدگای خۆیدا دەیویست سەرۆکێك بۆ خۆی دەستنیشان بکات. نوێنەرانی کۆچبەران (المهاجرین)، ئەبوبەکر، عومەر، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح، کە وەك شاندێك بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کرد، رووبەڕووی تایبەتمەندێتی جوادییخوازانەی پشتیوانان بوونەوە، تایبەتمەندیەك کە لە توانایدا نەبوو لە کاری یەکتاپەرستیدا ببێتە جێنشینی پێغەمبەر، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی بریتی بوو لە بەدەنگەوەچوون و جێبەجێکردنی چەند پێوەر و نەریتێکی خێڵەکی و جاهیلییانە، بەڵام ئیسلام دەیویست ئەو گرێیە تێبپەڕێنێت[12]. باشترین نموونەش لەسەر ئەو راستیە ئەوەیە، کە پشتیوانان لە بەرامبەر هێزی سێقۆڵی کۆچبەراندا دەیانەویست هەموو تاقمێك میر یان سەرۆکی خۆی هەبێت. ئەوەی پشتیوانەکانی مەدینە لە سەرەتادا بانگەشەیان بۆ دەکرد، بریتی بوو لە بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی مەدینە، کە وڵاتی ئەوان بوو، بەڵام ئەوەی لەوەدوا پێشنیارییان کرد هەوڵدانێك بوو بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و دەبێت سەرۆك لەوان بێت لەسەر شێوازی خێڵەکی کە لەو سەردەمەدا کاریگەری لەسەرییان

12-سەرچاوەکان پشتیوانەکانیان وەك چاوتێبڕی دەسەڵات بەسەر هەموو ئوممەتی ئیسلام و هەوادارانی دەسەڵاتێکی جوداییخوازیی وەك دوایین رێگەچارە وێنا کردووە: الگبری، بەشی 3، لاپەڕە 220-221

هەبوو. لە هەمبەر ئەم هەڵوێستەدا، سەرجەم بەرەی کۆچبەران پارێزگاریکردنیان لە یەکێتی و یەکڕیزی ئومەتی ئیسلام و جیهادی پێشینە کە پێغەمبەر لە پێناوی گەشەکردنی ئیسلام دایمەزراند. بۆیە گرنگی و ئەولەویەتیان دابووە ژیانی ئیسلام و نارەحەتی ژیان و گوزەرانی خۆیان هەڵبژارد لە پێناوی دەستگرتن بە باوەڕ و عەقیدە.

وەلحاڵ، کۆچبەران هەر لە سەرەتاوە بەردەوامبوون لەسەر هەموو هەنگاوەکانی ئیسلام و بنەمای هاوەڵێتیان کردبووە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی چاکترین و باشترین. هەرچەندە ئەوان دانیان بە گرنگی جیهادی پشتیوانان‌دا ناوە، بەڵام لە پلەی دووەمدا ئەژمار کراوە. بەمشێوەیە لە روانگەیەکی ئیسلامیانەی تەواو، پێشینەیی بۆ کۆچبەران گەڕێنراوەتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی روانگەی عەرەبیش پێشڕەویکردن هەر بۆ بەرژەوەندی ئەوان بووە، چونکە سەر بە خێڵی قورەیش بوون، واتا خێڵی پێغەمبەری ئیسلام، بەو پێیەش بێت میراتی ئیسلام بەلای کۆچبەراندا شکاوەتەوە. ئەوان دەیانگوت: «هەرگیز نابێت عەرەبەکان گوێڕایەڵی هیچ کەسێك بکەن کە سەر بە خێڵی پێغەمبەر نەبێت». بۆیە خواستی دابەشکردنی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو داکۆکی دەکرایە سەر یەکێتی ئومەتی ئیسلام و پێشخستنی قورەیش و ئەولەویەتیش دەدرایە کۆچبەران، لە سەرووی هەمووشیەوە کارکردن بۆ بەردەوامبوونی کاری پێغەمبەرایەتی ئامانجێکی بنەڕەتی بوو.

ئەبوبەکر کە زۆر بە توندی لەلایەن عومەری کوڕی خەتاب پشتیوانیلێکرا، توانی بیروڕاکانی خۆی بسەپێنێ. پشتیوانی دوودڵەکانیش، دواجار لە پشتگیریکردنی دوانەکەوتن و پاڵپشتیان لە کۆچبەران کرد. بەو هۆیەشەوە هەرزوو هەمووان بەیعەتیان دا بە ئەبوبەکر و چاوییان لە عومەر کرد کە بە قسەو راکانی سەرسام بوون. ئەوە گۆڕینێکی سەیر بوو لە هەڵوێستیاندا کە دەرئەنجامی زۆر قورسی لەسەر ئاستی دوارۆژ هەبوو. لـەدوای مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر و خێرا، خەلافەت دامەزرێنرا، بەڵام چۆنچۆنی ئەو هەڵوێست گۆرینە لێکبدەینەوە؟

لەڕووی پراکتیکەوە، پشتیوانەکان بەرەیەکی یەکگرتوویان دروستنەکردبوو، چونکە لەلایەك ئەوس، لە لایەکی تریشەوە خەزرەج هەبوو، کە لە رابردوودا چەندین ناکۆکی و ململانێی خێڵەکی نێوانیانی تێکدابوو، بەڵام ئیسلام هات و لەناو بۆتەی یەك چارەنوسی هاوبەشدا یەکیخستن. راستە کە ئەوان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە نوێنەرایەتی بەرەیەکی هاوبەشیان کرد، بەڵام هەردوو لایەن لەبەردەم بەرەنگارییەکانی بەرەی کۆچبەراندا کەلێن کەوتە نێوانیانەوە. هۆزی ئەوس حەزییان بەوە نەدەکرد کەسێك لە هۆزی خەزرەج بە سەرۆك هەڵبژێردرێت، بۆیە هەرزوو بەیعەتیان دایە ئەبوبەکر، کەواتا یەکێك لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ خواستی زیندووکردنەوەی داب و نەریتەکانی سەردەمی جاهیلیەت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی کە جێی سەرنجدانە دەبینین پێداگر بوون لەسەر نموونە باڵاکانی ئیسلامی، بەڵکو پشتیوانان لە ناوەرۆکدا بە پەرۆشبوون بۆ یەکبوونی ئومەتی ئیسلامی، سەرەڕای هەموو رابردووی دیارییان لە تێکۆشان لە پێناو خودا، بە سەرپەرشتی پێغەمبەر و لە ئامێزی ئەودا. جگە لەمەش، پشتیوانان توانیان بە ئاسانی رازی بن بە چاکە و لەپێشینەیی کۆچبەران لە جیهاد بەگوێرەی نەریتە ئیسلامییەکانی پێشوو.

پشتیوانەکان هێزو توانا و ژمارە و گوێڕایەڵی خۆیان پێشکەشی ئیسلامکرد، بەڵام کۆچبەران کە لە هەموو شەڕەکاندا ئامادە بوون و لە ماوەی دوورو درێژی چەوساندنەوەیان لە مەککە زۆر لەپێش ئەوانەوە بوون. بەمجۆرە پشتیوانەکان کەوتنە ژێر کاریگەری بەڵگە و پاساوەکانی ئەبوبەکر، لەوەش زیاتر ئەوەیە کە وەکو عەرەب، پابەندبوون بە چەمکی میراتگری لە چوارچێوەی هۆز، عەشیرەت یان خێزان. کۆچبەرانی ئیسلام ئەو چاکەیەشیان بۆ دەگەڕێتەوە کە رۆڵیان هەبوو لە پێکەوەگونجاندنی نێوان هەردوو نەریتی ئیسلامی و عەرەبی. بەڵام لە رووداوی سەقیفەدا، هەر بە گۆڕینەوەی بیروڕا و بەڵگەکان نەوەستان. هەواڵدەرەکان دەگێڕنەوە کە شەقامەکانی مەدینە جمەی دەهات لە کەسانی سەر بە هۆزی

ئەسلەم، لەو لاشەوە گوشارێکی سەربازی هەبوو لەلایەن ئەندامانی هۆزی خوزاعەوە کە لە مەککەوە نزیك بوو، پەیوەندی شەخسی پتەوییان لەگەڵ پێغەمبەر هەبوو، کە دواتر ئەو پەیوەندییان گواسترانەوە بۆ میراتگرە ئاساییەکان، واتا کۆچبەرانی قورەیش. بەو هۆیەشەوە هاوسەنگی هێزەکان لەپاڵ هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆچەریە دەشتەکیەکاندا بەلای کۆچبەرانی قورەیش شکایەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو رۆڵە شایستە و باڵایە بکەین کە عومەر لەم بابەتەدا بینی. عومەر مرۆڤێك بوو کەسایەتیە بەهێزەکەی وایکرد ببێتە یەکێك لە راوێژکارە ژیرو داناکانی پێغەمبەر، گوێ بۆ راوێژو تەگبیری دەگیرا، یەکێکیش بوو لە کۆچبەرە یەکەمینەکان. ئەوەش راستە کە ئەبوبەکر بۆخۆی خۆی سەپاند، هەروەها ئەوەش راستە کە عومەر زۆر یارمەتیدا و یەکەم هەنگاویش عومەر هەڵینا بۆ دانپێدانان بە خەلافەتی ئەبوبەکردا. عومەر پشتیوانانی بە توندی هەڵوێست و متمانەبەخۆبوون و دڵنیاییەکەی ترساند. هیچ گومان لەوەدا نییە کە سێکوچکەی ئەبوبەکر، عومەر، ئەبو عوبەیدە هەر لە سەردەمی مەککەوە گروپێکی تۆکمە و بەهێزییان پێکهێنابوو. ئەوان سەر بە چەند عەشیرەتێکی بچوکی قورەیش بوون، ئەوەش هۆکارێکبوو بۆ نزیکییان لە یەکتری. ئەبوبەکر و عومەر بە شێوەیەکی زۆر گونجاوو بەهێز یەکترییان تەواو دەکرد، چونکە دوانەیەك بوون لە یەکتر دانەدەبڕان. ئەو دوانەیە بە تەنیا لەناو قورەیشییەکاندا بەهۆی خزمایەتی و ژنخوازییەوە پەیوەندییان لەگەڵ پشتیواناندا هەبوو. وابەستەیی ئەبوبەکر و عومەر بۆ عەشیرەتە بچوکەکانی قورەیش جۆرێك لە دڵنیایی بوو بۆ پشتیوانەکان، چونکە زیاد لە پێویست پشتیان بە عەشیرەتە بەهێزەکانی قورەیش نەدەبەست و سیاسەتەکانیشیان ئیسلامیانە بوو، کە لەسەر باوەڕ و عەقیدە بەندبوو، زیاتر لەوەی بەند بێت لەسەر پەیوەندی و وابەستەیی خوێن و (خزمایەتی).

ماوەتەوە بڵێین بنەماڵەی پێغەمبەر، بە مانا قەتیسکراوەکەی (بەنی هاشم)، یان بە مانا فراوانەکەی (بەنی عەبد مەناف)، لە خەلافەت دوورخرانەوە. لەوەشدا

جیاوازیەك دەبینرێت بەو مانایەی کە ئەگەرچی پشتاوپشتی میرات لەسەر ئاستی خێڵ (قورەیش) پشتی پێدەبەسترا، بۆیە ئاساییە کە لەسەر ئاستی بنەماڵەییش بەرجەستە ببێت. لە دیدگای عەرەبەکان، ئەرکی سەرۆك خێڵ یان هۆز، ئەرکی بەرپرسیار و سەرگەورە بوو، کە لە بنەماڵە گەورەکە (البیت)دا بەرجەستە ببوو. بەڵام لێرە مەبەست سەپاندنی دەسەڵاتە بەسەر هەموو عەرەبدا، لەم روانگەیەشەوە خێڵ رێگەی بۆ خۆشکرا بۆ ئەوەی رۆڵی بنەماڵە ببینێت. لەم بارودۆخە هەستیارەدا، ماوەتەوە بڵێین کە ئەم بابەتە کێشەیەك بەرجەستە دەکات. لەوەش زیاتر کە واتایەك دەبەخشێت، ئەوەیە کە ئەندامانی ماڵی پێغەمبەر نە ئامادەی بوون، نە داوای کۆبوونەوەی سەقیفەشیان کرد، کە دوور لە کەسە نزیکەکانی پێغەمبەر ئەنجامدرا. شتێکی ئاساییە کە لەو بارودۆخانەدا هەڵبژاردنی ئەبوبەکر جۆرێك لە هەڵچوون و فیتنە درووست بکات. هەندێك لە سەرچاوە لایەنگرەکانی شیعە دەڵێن: عەلی سەرەتا بەیعەتی بە خەلیفە ئەبوبەکر نەدا، بەڵکو لەوەدا دواکەوت و خۆی لێپاراست.

هەندێك لە هاشمییەکان و تەنانەت ئومەوییەکان کە هەموویان لە پشتی بنەماڵەی بەرفراوانی (عەبد مناف)ن، خۆپارێزیەکی زۆرییان لە بەرامبەر هەڵبژاردنی ئەبوبەکر نیشاندا و بە پەلە داوایان لە عوسمان و بە تایبەتی لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب کرد خۆپاڵاوتنی خۆیان رابگەیەنن. وا پێدەچێت کەسانی وەکو (العباس) و (الفضل)ی کوڕە گەورەی و ئەبو سوفیان و خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاص، هەموویان دەیانویست عەلی هەڵبژێردرێت، ئەوەشیان بە ئاشکرا نیشاندەدا. بەڵام ئەو کۆدەنگیەی کە لەسەر ئەبوبەکر هەبوو، لە ساتی درووستبوونی قەیرانەکەدا، توانی ئەو ناڕەزایی و نەیارییە هەڵمژێت و کۆتایی پێبێنێت. لە راستیدا ئەو دوو شێخە، واتا ئەبوبەکر و عومەری جێنشینی، بوونە دوو حاڵەتی جیاواز و بەرجەستەبووی هاوەڵێتی ئیسلامی پاك، لە سەرووی ئیعتیبارێکی وەك نزیکیان لە (آل البیت) یان وابەستەیی عەشائیری و خێڵایەتی،

لەم ڕێڕەوەشەوە بەردەوامبوون بەرەو گەشانەوە لە بازنەی نزیکی پێغەمبەرایەتی. دەسەڵات لە دوای ئەوان، بۆ دواجار بە شێوەی پشتاوپشت لە دەستی بەنی عەبد مەناف، واتا لە دەستی ئومەوییەکان و هاشمییەکاندا گیرسایەوە. کەواتە بە ڕوونی دەبینین کە ئەو پرسە گەورانەی دواتر ئومەتی ئیسلامیان سەرقاڵ کردو پارچە پارچەیان کرد، هەر لە سەرەتاوە بوونیان هەبوو: کێ شایستەیە بۆ جێنشینی پێغەمبەر؟ ئایا پێوەرەکانی جێنشینی و خەلافەت کامانەن؟ ئایا پێویست دەکات بنەماڵە بەسەر هەمووان‌دا زاڵ بکرێت؟ ئەگەر بە (بەڵێ) یە، کام بنەماڵەیان دەبێت، ئومەوی، عەلەوی یان عەباسی؟

دەستەواژەی (خەلیفە)، یان جێنشینی پێغەمبەری خودا، بۆ خۆی بەرنامەیەکی تەواوە بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی، نەك لەلایەن سەروەربوونە مرۆڤایەتیەکەی، کە پەیوەندیدارە بە وەحی، بەڵکو لەو لایەنەوە کە قابیلی شوێنگرتنەوەیە و لە ناوەڕۆکیدا پەیوەندی بە دەسەڵاتی زەمەنیەوە هەیە. خەلیفە سـەرگـەورەی ئومەتی ئیسلامیە و سەرکردایەتی و رابەرایەتی لە پێغەمبەرەوە بۆ ماوەتەوە. لەبەر ئەوەی ئومەتی ئیسلام سیاسی/ئاینیە، بۆیە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیشی سیاسی/ئاینیە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە خەلیفە دەست بۆ عەقیدە یان پەرستراوەکان دەبات، کە لە پشکی پەیام (وەحی) یە. دەسەڵاتەکەی بەو ئاستی ئایینیە کە ئایین ببێتە بناغەی بوونی ئومەت، بەو ئاستەش سیاسیە کە لە بنەڕەتدا بە بوارە ئاینیەکە روپۆش بێت، هەموو ئەو لایەنانەش کە کاری خەڵکە لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە. بە هەمان ڕێگەش، دەسەڵات لە جەوهەریدا بۆ خودا دەگەڕێتەوە کە بە پێغەمبەرەکەی بەخشیوە، بەڵام خەلیفە جگە لە شوێنگرەوەی هیچی تر نییە. دەسەڵات بۆ خۆی بناغەیەکی پیرۆزی هەیە و خەلیفە تەنیا پارێزەرێکی ئەو پیرۆزیەیە لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە. لە پەیڕەوکردندا، دەسەڵاتی خەلیفە تەنیا سیاسیە و هیچی تر، دەسەڵاتێکی شەخسی و نیمچە رەها، کە تەنیا بە فەرمودەکانی خودا و میسالیەتی کارو

کردەوەکانی پێغەمبەرەکەی (سوننەت)وە بەندە، بەڵام دەسەڵاتی خەلیفەش بە ڕاوێژی بژاردەی موسڵمانان دیاری دەکرێت، واتا کۆچبەران و پشتیوانان.
ئەبوبەکر ئەو بیرۆکەیەی پەخشدەکرد، کە دەسەڵات لەگەڵ عومەر دابەشدەکات، بەڵام لە ڕاستیدا بە تەنیا بۆ خۆی گرنگترین ئەو بڕیارانەی دەردەکرد کە چارەنوسی ئومەتی ئیسلامی پێوە بەند بوون. خەلافەتی ئەبوبەکر پەیوەستبوو بە دوو کاری گەورەوە: لێدان و لەناوبردنی هەڵگەڕانەوەی هۆزەکان و سەپاندنی ئاینی ئیسلام بەسەر هەموو دورگەی عەرەبیدا لە ڕێگەی هێزەوە، بە پلەی دووەمیش دەستپێکردن بە پرۆسەی فەتحی ئیسلامی. لە کاتی کۆچکردنی پێغەمبەردا، بزاڤی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام وەکو دیاردەیەکی نیمچە گشتی لەنێو خێڵ و هۆزەکاندا سەریهەڵدا. ئەوە لێدانێك بوو لە بەردەوامبوونی دەوڵەتی ئیسلام بە تایبەتی، چونکە ئەو پەیوەستیەی کە هۆزەکانی بە پێغەمبەرەوە دەبەستەوە، درکی بەوە کردبوو کە وابەستەییەکی کەسیە و قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە، بۆیە لە کاتی مردنی پێغەمبەردا لێدرا و هەڵوەشایەوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەت و ئایین بە هەردووکیان یەك شتی هاوبەش درووستدەکەن، بۆیە درزتێبوونی هاوسۆزی بۆ دەوڵەت لە ڕێگەی هەڵگەڕانەوە و پشتکردن لە ئیسلام دەربڕینی لێدەکرا، بەڵام ڕاستە کە ئەو هەڵگەڕانەوەیە لەڕووی نکۆڵیکردن لە پێنەدانی زەکات و سەدەقەوە بەرگی هەڵگەڕانەوەی و لادانی پۆشی. هۆزەکان ڕازی نەدەبوون سەدەقە و زەکات بدەن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرپێیی وەك گوێڕایەڵ خۆیان نیشاندەدا. لەبەر ئەوە خێڵ و هۆزەکان ئامادەبوون بۆ بەردەوامبوونیان لەسەر ئەنجامدانی نوێژ، هەر بۆیە بە تەواوەتی لایەنی پاکێتی رووە ئاینیەکە نەبوو کە تەنگەتاوی کردبوون، بەڵکو ڕەهەندە دەوڵەتیەکە بوو زیاتر تەنگەتاوی کردبوون، ڕەهەندی پێدانی سزا. لە بارەی ئەم خاڵەوە، ئەبوبەکر بە دانوستان و مشتومڕکردن ڕازی نەبوو: دەوڵەت و ئایین هەمان شتن، بەڵام ئایین بە تەنیا خۆی سەربەخۆیە و پێویستە هەموو مەسەلەکان وەکچۆن پێغەمبەر بۆی جێهێشتوون وەکو خۆیان بمێننەوە.

هەرچەندێك بابەتەكە قورس یان ئەستەم بوو، بۆ خۆی راگەیاندنی شەڕێکی بێکۆتایی بوو لە بەرامبەر هەموو نیوە دورگەی عەرەبی، لە کاتێکدا ئیسلام جگە لە چەند شارێکی حیجاز، لە مەدینە و مەککە و تائیف بە زیندوێتی بەردەوامبوو، جگە لە بەردەوامبوونی لە کۆمەڵگە کۆچەریە دەشتەکیەکانی دەوروبەری مەدینە (جوهەینە، موزینە، غفار) و هۆزی خوزاعە، واتا روانگەی دورگەی ئیسلام لە ناوەندی روانگەیەکی دژو هەڵگەڕاوەدا. بوونی دڵسۆزیەکی تەواو بۆ میراتی پێغەمبەر لە پێناوی مانەوەی، لەگەڵ متمانەیەکی بێهاوتا بە تواناکانی ئیسلام و گیانی باوەڕداری و دامەزراوەیی زۆر پێویستبوو.
وا پێدەچێت ئیسلام ئامادە بووە بۆ هەرەسهێنان و لێکترازان، بەڵام چارەنوسی لەناو دورگەی عەرەبی، لەگەڵ بەردەوامی کاروانەکەی لە ئایندەدا، لەلایەن چەند کەسێکەوە لە هاوەڵان و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەبوبەکر، رزگار کرا. ئیسلام وزە و توانایەکی ناوازەی بۆ بەرگری لەخۆکردن نیشانداوە، سەرباری هەبوونی توانای قوربانیدان لەلای کۆچبەران و پشتیوانان، دواتر شارنشینەکانی ترو کۆچەرییەکانی حیجازیش چاوییان لێکردن، هەروەها لەبەر ئەوەش سەرکەوتن، چونکە ئەو هێزە سەربازیە شەڕکەرەی پێغەمبەر جێیهێشت کە لە شەڕەکانی حونەین و تەبوك ئازایەتی و سەرکەوتنی نیشاندا، هێشتا هێزێکی دامەزراو و تۆکمە بوو. رێژە و ژمارەی ئەو هێزە کەمبوو، بەڵام هێزێکی جەربەزە و رێکخراو بوو. لەسەر ئاستی سەربازی، پێغەمبەر لە دورگەی عەرەبیدا نوێگەری کرد، ریزەکانی جەنگاوەرانی لە شەڕدا لەسەر شێوەی ریزەکانی نوێژخوێنان درووستکرد، پەیکەری لەشکری لەسەر شێوازی نوکی رم و باڵەکان درووستکرد. بە شێوەیەکی تایبەتی گیانی خۆڕاگری و بەرخۆدان و ورەبەرزی بەرجەستە کرد، هەموو ویستێکی بۆ راکردن و پاشەکشەکردن لێیان دوورخستەوە، بە شێوەیەك تێی گەیاندن کە پاداشتەکەی لەلای خودا زۆر گەورەیە. بەو پێیەش، ئەو ئامرازە جەنگیەی کە پێغەمبەر لە مەدینەدا جێیهێشت، ئامرازێکی شایستە و باڵا بوو. بە

پێچەوانەشەوە، عەرەبە هەڵگەڕاوەكان بەپێی ناوچەكان و لە باشترین دۆخیاندا بەپێی هاوپەیمانێتیان وەك چەند هێزو ریزێكی پەرتەوازە و چەند هۆزێكی لە یەكتر دابڕێنراو دەركەوتن. ئەو تاكتیكەی كە سوپاكانی مەدینە پەیڕەوییان كرد لەسەر بنەمای پێكەوە گرێدانی ئەو هۆزانە بونیاتنرا كە تازە باوەڕییان بە ئیسلام هێنابوو، ئەویش بەگوێرەی ئاستی پێشكەوتنی ئەو سوپایانە بۆ شەڕكردن لە دژی ئەو هۆزانە كە هێشتا لە دین لادەر و هەڵگەڕاوە بوون.

لە راستیدا، هەڵگەڕانەوە و شۆڕش هاوتای یەكترن، چونكە مەسەلەكە پەیوەندیدار بوو بە دەرچوون لە بازنەی تاعەت و گوێڕایەڵی سەپێنراو لە بەرامبەر مەدینە. بەو پێیە كاتێك كە شۆڕشێك بەرپا دەبوو، ئیسلام دادەماڵێنرا، هەروەها دەركەوتنی چەندین بانگەشەی پێغەمبەرایەتی جێمشتومڕو ئاماژەدار بۆ بەستنەوە لەنێوان ئایین و سیاسەت بەرجەستە ببوو وەك: ئەسەد، توڵەیحە، تەمیم و سەجاح، ئەسوەد ئەلعەنسی لە یەمەن، (ذي التاج) لە عومان، موسەیلەمە لە حونەیفە. لە هەموو سەرچاوەكاندا سەرجەم ئەو پێغەمبەرە ساختانە وەك جۆرێك لە قەشەو كاهینەكان باسكراون، كە خاوەنی شەیتانی تایبەت بە خۆیان بوو، قسەی بریق و باقیان دەكرد و پەیڕەوی دەسەڵاتی روحی و دەسەڵاتی زەمەنیان دەكرد، بەڵام تا ئاستێك وەك رابەر ببوونە مایەی گاڵتەجاڕی پێكەنین، لە بەرامبەر پێغەمبەری راستەقینە و قورئاندا كە لەلایەن خوداوە دابەزیوەتە خوارەوە. مەبەستەكە ئەوە بوو كە ئەو وێنایە گومان لای خەڵك درووستدەكات، چونكە وێنایەكی قێزەونە، رۆژهەڵاتناسەكانیش باسی ئەو جۆرە گومانانەیان كردووە.

سەرهەڵدانی ئەو بانگەوازانە لە هەموو جێگەیەك كێشەیەكی درووستكردووە. ئایا مەسەلەكە كتومت پەیوەندی هەیە بە بەرپەرچدانەوەی پێغەمبەر محەمەد یاخود بە واتایەكی قووڵتر پەیوەندیدارە بە راستیەكی كۆمەڵگەیی و شارستانی؟ ئایا توڵەیحە و موسەیلەمە دەنگۆیەكی درووستكراوبوون وەك دوبارەبوونەوەی میكانیزمەكە لە بەرامبەر دانایی و دەسەڵاتە پڕ بەهاو بیروباوەڕەكەی محەمەد،

یان باسەکە پەیوەندیدار بوو بە دەرهاویشتەی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی، کە تەنیا لە ڕێگەی بزاڤی پێغەمبەرایەتیەوە نەبێت نەیدەتوانی بگاتە بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی ڕێکخراو؟ پێدەچێت پرسەکە پەیوەندی بە هەردووکیانەوە هەبێت. ئەرەستۆکراتیەتی شەڕکەر لەو سەردەمەدا لە توانایدا نەبوو دەسەڵاتێکی دەوڵەتی بەرجەستە بکات، بەڵکو تەنها دیاردەی ئایینی دەیتوانی بەرەو ئاستی دەوڵەت هەڵبکشێت، بە تەنیا ئایینیش بوو کە دەیتوانی خەڵك یەکبخات و گوێڕایەڵیان بەدەست بێنێت و ڕێکیانبخات و سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیان بکات بۆ جەنگ. بۆ نموونە پێمان دەگوترێت کە موسەیلەمە لە یەمامە پەلاماری حەرەمێکی داوە، بەڵام نکۆڵی لێکردووە. جۆرێك لە پەیوەندی پتەو لەنێوان پێغەمبەرایەتی و حەرەمدا هەبووە، هەموو هەوڵ و تەقەللایەکی ئاینیش بۆ ئەوە بووە کە ئاشتی لە نێوان خەڵکیدا بڵاوبکاتەوە و سەرکردایەتیان بکات. موسەیلەمەش جۆرێك لە شەرع و یاسای دانا، خۆی وەکو سەرکردەی جەنگ ناساند، بەڵام پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە پێشبینیکردنی گرتنەدەستی بە دەسەڵات لەو سەردەمەدا بەبێ خەسڵەتی پێغەمبەرێتی کارێکی ئەستەم بوو، بە تایبەتی لەناو کۆمەڵگەی خێڵەکی و لە بارودۆخی دورگەی عەرەبی ئەو سەردەمەدا، بەڵام شتێکی ئاساییە کە ئەو بانگەشەی پێغەمبەرایەتیانەی لەو کاتەدا لە ژێر کاریگەری پەیامی پێغەمبەرایەتی محەمەد دەرکەوتبوون، هەموویان بێبنەما و شلوشاو بوون، چونکە تەنیا دەربڕین بوون لە خواستی خێڵ و هۆز و بەناو کاروانێکی دوورو درێژ و ئەزمونێکی ڕاستگۆیانەدا گوزەرییان نەکردبوو. بۆیە لە بەردەم پەیامێکی پێغەمبەرایەتی ڕاستگۆدا شکستیانخوارد کە خاوەنی بنەما و خەسڵەتی تایبەتیبوو، توانی بنکە کۆمەڵایەتیەکەی دابمەزرێنێت و بەناو کاروانێکی درێژدا گوزەریکرد، جگە لە هەموو ئەمانەش خاوەنی هەستکرنێکی بەهێز بوو بۆ گەیشتن بە ڕاستی. ئەو هێزانەی کە ئەبوبەکر بۆ لەناوبردنی هەڵگەڕاوەکان و بێباوەڕەکان ئاراستەی کردن ژمارەیان تەنیا (11) فەسیل بوو، لەلایەن (11) فەرماندەوە سەرکردایەتی

دەکران، دوان لەو سەرکردنە لە یەکەمە پێشینەکان بوون (خالیدی کوڕی وەلید) و (عکریمەی کوڕی ئەبو جەهل). ئەو هێزە سەربازییانە لە کۆچبەران و پشتیوانان و دەشتەکییەکانی نزیك مەدینە و خەڵکی شارەکانی حیجاز پێکهاتبوون. خالید نێردرا بۆ لای تولەیحە کە هۆزەکانی نەجدی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە، لەپێشیانەوە هۆزەکەی خۆی (ئەسەد)، ئینجا هۆزەکانی (تەی) و (غەتەفان). بەڵام تائییەکان بەهۆی پێگەی عەدی کوڕی حاتم رازیبوون بەبێ شەڕ واز لە هەڵگەڕانەوەیان لە دژی ئیسلام بێنن و چوونە ناو سوپاکەی خالیدی کوڕی وەلید، کە چەند پەلامارێکی سەربازی لە دژی هۆزەکانی ئەسەد و هوازن و غەتەفان ئەنجامدا. کاتێکیش ئەم هۆزانە لە شەڕدا شکێنران، داوایان لێکرا بگەڕێنەوە ناو ریزی ئیسلام، دواجاریش گەڕانەوە. خەلیفە ئەبوبەکر، عکریمەی بۆ لەناوبردنی موسەیلەمە نارد و خێراش سوپاکەی خالید پەیوەندی پێوە کرد.

بەرەی یەمامە بریتیبوو لە کۆمەڵێك هۆزی سەقامگیر و بەهێز کە توانیان (40) هەزار جەنگاوەر ئامادە بکەن و لە ڕووی ستایڵی ژیانەوە لە خەڵکی حیجاز دەچـوون و خاوەنی شارو مێرگ و بونیاتی بەهێزی خۆیان بـوون، بۆیە وا لێکدراوەتەوە کە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونیان مەترسیدارتر بووە لەسەر دەوڵەتی مەدینە و زاڵبوون بەسەر هەڵگەڕانەوەی و لەناوبردنی، بە بەراورد بەوانەی تر زۆر زیاتری ویستووە. بۆ نموونە لە شەڕی (عقرباء) کە موسڵمانەکان تیایدا سەرکەوتن، تەرمی (600) کوژراوییان لە ریزەکانی ئەواندا ژماردووە، کە (260) کەسیان لە کۆچبەران و پشتیوانەکان بوون. بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی تر (1200) کوژراو لە ریزی سوپای موسڵمانان و (7) هەزار کوژراویش لە ریزی حونەیفە هەبووە. سوپای ئیسلام بۆ هەموو شوێنێك رەوانە کرا: بۆ بەحرەین، کاتێك (ئەلعەلا کوڕی ئەلحەزرەمی) هێرشیکردە سەر خەخلافەتی ئەبوبەکر. سوپای ئیسلام رەوانەی عومانیش کرا و دەسەڵاتی (ذوالتاج) لەسەر دەستی موسڵمانان تێکشکێنرا، کاتێك هاوکارییان لە ناجیە و عەبدولقەیس پێگەیشت.

سوپایەکی تر ڕەوانەی مەهرە کرا و هۆزەکانی ناجیە و ئەلئەزد و عەبدولقەیس و راسب و سەعد تەمیم چوونە پاڵ سوپای ئیسلام و هۆزی (مهرة)یان تێکشکاند. لە یەمەن (الاسود العنسي) هەڕەشەی لە ژیانی خودی پێغەمبەر کرد، لە دژی فارسەکانیش هەڵگەڕایەوە، توانی تێکیانبشکێنێ و بە یارمەتی هۆزی بەهێزی (مذحج) دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا سەپاند. (الاسود العنسي) لەو ماوەیەدا کوژرا کە پێغەمبەر کۆچی دواییکرد. لەو کاتەشدا، هەڵگەڕانەوەی دووەم بە سەرکردایەتی (قەیس بن مەکشوح ئەلمورادی) سەریهەڵدا و دەستی بەسەر سەنعادا گرت و وڵاتەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. پاشان عکریمە بەرەنگاری بۆوە و توانی بە یارمەتی ئەرەستۆکراتەکان و هۆزی (مهرة) تێکیبشکێنێت. دواتر لە حەزرەمەوت، موسڵمانەکان پەلاماری (کندە)یان دا کە لەلایەن ئەشعەسی کوری قەیس سەرکردایەتی دەکرا. موسڵمانەکان توانیان بەسەریدا زاڵبن و شورای (النجیر)یان بڕی و پیاوەکانی ئەشعەس کوژران. بەمشێوەیە ئیسلام گەڕایەوە بۆ هەموو ئەو وڵات و قەڵەمڕەوی هۆزانە کە لەو ناوچانەدا بوون، رازیشبوون بە پێدانی سەدەقە و گوێڕایەڵی و پابەندییان بە فەرمانەکانی دەوڵەتی مەدینە.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە موسڵمانەکان، سەرەڕای کەمی ژمارەیان، توانییان هەمیشە سەرکەوتوو بن و کەس نەیتوانی لەبەردەمیاندا بەرگە بگرێت، هەڵگەڕاوە و یاخیبووەکانیش لاواز و نابوت دەردەکەوتن و نەیانتوانی یەکبگرن. ئەو دەستکەوت و غەنیمانەی کۆکرانەوە زۆر گەورە بوو. زۆرێك لە ژنانی ئەو ناوچانە کرانە کۆیلە و بەدیلگیران، بەڵام ئەو پیاوانەی کە چەکییان هەڵگرتبوو دەستگیرکران و کوژران. بەمجۆرە شەڕەکە توندو بێبەزەییانە بوو، بەڵام گرنگی بابەتەکە بۆ شاری مەدینە بریتی بووە لە لەناوبردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون لە پێناوی دووبارە یەکخستنەوەی عەرەبەکان لەسەر یەك بیروباوەڕ و لەژێر سایەی یەك دەوڵەتی ئیسلامیدا. لەبەر ئەوەش عومەر لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا رایگەیاند: «بۆ عەرەب باش نییە یەکتری بکەنە

کۆیلە، دەبێت دیلەکان لە بەرامبەر پێدانی فیدیەدا ئازاد بکرێن». هاوکات لەگەڵ لێدان و تێکشکاندنی هەڵگەڕانەوەکاندا دەوڵەتی مەدینە کاری پێغەمبەری تەواو جێبەجێکرد، توانای خۆیشی سەلماند بۆ لەناوبردنی هەموو هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونێك بە زەبری هێز. بەدەستهێنانەوە و فەتحکردنی دورگەی عەرەبی، توانرا دەسەڵاتی دەوڵەت بچەسپێنرێت. هاوکات لەگەڵ بزاڤی هەڵگەڕانەوەدا، ئەو بیرۆکەیە پشتڕاستکرایەوە کە دەڵێت: ناکرێت دورگەی عەرەب لە یەك ئایین زیاتری هەبێت، ئەویش ئیسلامە کە بەو پێیە بووە ئاینێکی نەتەوەیی وابەستە بە پانتایی زەویەکەوە، لەگەڵ گەلێکی گوێڕایەڵ و پابەندبوو بە ئایین و دەوڵەتەوە، کە لە ئایندەدا بەڕووی جیهاندا دەکرێتەوە.

# جیهاد، داگیرکاری، ئیمپراتۆرییەت

فەتحی عەرەبی، وەکو یەکێك لە رووداوە گەورەکانی مێژووی جیهان سەریهەڵدا، دەکرێت بڵێین کە لەوانەیە ئیسلام بەبێ فەتح، وەك ئاینێکی لاوەکی و قەتیسبوو لە چوارچێوەی ناوچەی دورگەی عەرەبیدا بمایاتەوە، بەڵام پرۆسەی فەتحی ئیسلامی لە بۆتەی هەمان وەرچەرخاندا بەرجەستەبوو، ئەمەش وایکرد ئیسلام لە دورگەی عەرەبی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. لەو کاتەوەی کە ئیسلام لە

مەدینە گیرسایەوە، دەسەڵاتی پێغەمبەرایەتی ئالەتی جەنگی خۆی پێکەوەنا کە نەیدەتوانی بوەستێت و راگیر ببێت. کارکردنی ئەبوبەکر بۆ چۆکپێدادانی جیهانی هەڵگەڕاوە و لە رێگە لادەری خێڵەکی، بەگوێرەی لۆژیکی کاری پێغەمبەرێتی بەڕێوە دەچوو. هەروەها کاتێك کە هەڵمەتێکی سەربازی بە سەرکردایەتی ئوسامەی کوڕی زەید نارد بۆ سنورەکانی سوریا بە ئاراستەی هۆزەکانی قوزاعە، لەوەدا مەبەست و فەرمانی پێغەمبەری جێبەجێککرد بۆ هەنگاونان بەرەو ناوچەی باکور.

ئەو توندوتیژیە جەنگیەی وایکرد عەرەب ببنە گەلێکی ئیمپراتۆریی گەورە و دیار، هەرگیز دەربڕینی هەستی خێڵەکی و دەشتەکی و خواستە جەنگییەکانیان نەبوو، بەڵکو بە راستی بنەمایەکی سەرەکیبوو لە بنەماکانی دەوڵەتی مەدینە، دەوڵەتی شارستانیخوازی سەقامگیر. لە راستیدا ئەو دەوڵەتە لە ویستە جەنگیەکەیدا لەلایەن زۆرینەوە پشتیوانی لێدەکرا، نەك پشتیوانی لێکردنی رەهای هۆزە کۆچەریە دەشتەکییەکان کە لەسەر جەنگ راهێنرابوون و ئامادەی جیهادکردن بوون. کەواتا ئەو دەوڵەتە بوو کە لەسەر رێڕەوی فەتح ئامادەیکردن، نەوەك بە پێچەوانەوە. پیاوانی وەکو ئەبوبەکر و عومەر، کە لە خێڵی قوڕەیشی بوون و هیچ پەیوەندییان بە کۆچەری و دەشتەکیەوە نەبوو، وەك سەرکردەی جەنگیی خۆیان نیشاندا، بەڵکو هەموو ئەو سەرکردانەی کە بە کردەیی سەرکردایەتی پرۆسەکانی فەتحی ئیسلامییان کرد قورەیشیەکان بوون، واتا سەر بە هۆزێك بوون کە بەگوێرەی بەهای جەنگیی بەناوبانگ نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، هەر ئەوانە بوون وێرانکارییان کردو لە رێگەی چەند پرۆسەیەکی سەربازی ئاسانەوە لە دورگەی عەرەبیدا، هۆزە شەڕکەرە گەورەکانی وەك (ئەسەد، حونەیفە، بەکر، مزحەج)یان لە ناوچەکانیاندا خستە ژێر رکێفیانەوە، پێشئەوەی لوتی هەردوو سوپای بێزەنتی و ساسانی بشکێنن.

ناوی سەرکردە قوڕەیشییەکان ئەمانە بوون: خالیدی کوڕی وەلید، عکریمەی

کوڕی ئەبو جەهل، عەمرو کوڕی ئەلعاص، شەرحەبیل کوڕی حەسنە، یەزید کوڕی ئەبو سوفیان، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس. هیچ شتێك لەوە هەڵەتر نییە، کە فەتحی عەرەبی وەکجۆرێك لە تەقینەوەی وزەی جەنگیی لەلای ئەو دەشتەکی و کۆچەرییانەی تەماش بکرێت، کە خۆیاندا بەسەر وڵاتە دەوڵەمەندەکانی خۆرهەڵاتدا و خستیاننە ژێر فەرمنڕەوایەتی ئیسلامەوە. لە راستیدا کۆچەرییەکان جگە لە ئامرازێکی سیاسی جەنگیی کە لەلایەن شارستانیەکانەوە رێکخرابوون، هیچ تر نەبوون، بەڵکو لەژێر فەرمان و دیسپلینی ئەو سوپایانەدا بوون کە دەوڵەت پێکی هێنابوو. کەواتا بە دیاریکراوی کێشەی یەکەمی پرسی فەتحی عەرەبی (داگیرکاری) بریتی بوو لە بوونی دەزگایەکی سەربازی کە پێغەمبەر دایمەزراند، پاشان ئەبوبەکر و عومەر گەشەیان پێدا. ئەو دەزگا سەربازیە خاوەنی خواستێکی فراوانخوازی بێکۆتایی بوو. لە بەرامبەردا، ئەو دەزگا سەربازیە جەنگیە بەبێ پشتبەستن بە تامی چنینەوەی دەستکەوت و غەنیمەت، نەیتوانی لەناو پانتاییەکی بەرفراوانی عەرەبەکاندا زیاترو زیاتر بوون و کاریگەری خۆی نیشانبدات و پێشڕەوی بکات. ئەمە مانای وایە کە پاڵنەرە ئایینی و سیاسی و ئابورییەکان سەرجەمیان پێکەوە بەسترابوون و بەناویەکدا چووبوون لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی. هەمان ئەو هێزەی کە لەناو مەدینەدا کۆمەڵی جولەکەکانی تێکشکاند، فەتحی مەککەی کرد، تائیفی خستە ژێر رکێفیەوە، دەیان پەلاماردان و غەزای کرد، پاشان بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕاوەکان یەك لەدوای یەك هێزی هۆزەکانی تێکشکاند، هەر هەمان ئەو هێزە بوو توانی بەبێ بەرەنگاری هەردوو سوپای بێزەنتی و فارسی لەناو ببات.

هێزێك بوو نەیدەتوانی بە هێمنی و راوەستاوی بمێنێتەوە، چونکە دەوڵەتی مەدینە زیاتر لە هەوڵداندا بوو بۆ تێرکردنی بنکەیەکی بەرفراوانی خەڵك، لە رێگەی پێشکەشکردن و بەخشینی غەنیمەی زیاتر. هەرەسهێنانی بازرگانی عەرەبی کە بە درێژی و پانی بە هەموو دورگەی عەرەبیدا گوزەری دەکرد و

لەدوای دەیەیەك لە شەڕ، برسێتیەکی گورچکبڕ لە دورگەی عەرەبی بڵاوبۆوە، جگە لە زۆربوونی دانیشتوان و بوونی خواستێك بۆ یەکخستنی عەرەبەکان. هەموو ئەم پرسانە بە هەند وەرگیران و هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی فەتحدا زیاترو زیاتر روونتر دەبۆوە. بەڵام بوونی خواستگەلێك بۆ جەنگ و ئایدۆلۆژیای جیهادی، پێش هەموو ئەو پاڵنەرانە خرابوون. بە هیچ شێوەیەك بیرۆکەی بە ئیسلامبوونی گەلانی دیکە نەخرابووە ناو هاوکێشەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایەوە، بەڵکو بە تەنیا بیرۆکەی دروستکردنی دەسەڵاتی خودا لە رێگەی هەژمونی ئیسلامەوە خرابووە ناو هاوکێشەکانەوە. لەسەر ئاستی جەنگاوەری ئاسایی، ئایدۆلۆژیایەکی شاراوە بۆ جیهادکردن هەبوو بەو پێیەی کە دەربڕینە لە ویستی خودا و باوەڕداری. لەوەدا جیاوازییەکی ورد بەدیدەکرێت کە گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین. تاکی ئاسایی بۆ ئەوە دەجەنگا کە «دەسەڵاتی خودا باڵا بێت»، بۆ ئەوەی جیهان لە ژێر رکێف و فەرمانی خودادا بێت، واتا شەڕکردن و تێکۆشانی بۆ ئەوە نەبوو کە خەڵکانی تر بۆ لای بیروباوەڕەکەی پەلکێش بکات.

هیچ شتێك نەیتوانی وەکو فەتح ریزی عەرەب یەکبخات، هیچ شتێکیش ئەوەندەی فەتح سەبارەت بە خۆشویستنی ئیسلام کاریگەری لەسەرییان دروستنەکرد. سەرەڕای ئەوەی سوپا یەکەمینەکان، سوپای خالید لە عێراق، سوپاکانی سوریا و فەلەستین، خەڵکانی هەڵگەڕاوە لەناو ریزەکانیدا جێگەیان نەبۆوە، بەڵام لە سەردەمی عومەردا کرانەوەیەکی بەرچاو بەڕووی هەموو عەرەبدا بەرجەستە بوو، واتا رابردووی سڕییەوە و هەموو موسڵمانانی بەرەو یەك ئامانجی هاوبەش ئاراستە کرد. هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی جیهان و سەرکەوتنە گەورەکانی سوپای ئیسلام بە درێژایی چەندین ساڵ، دیمەشق و ئەنتاکیە و مەدائین کە لەناو گوزەرەکانیاندا کۆچەری و دەشتەکیە برسیەکانیان بە خۆیانەوە بینی، لە لایەکی ترەوە هەموو ئەمانە وەکو خەونێکی ئەستەم وابوو کە دواجار بەدیهات. چەند سیمایەکی وروژێن هەن کە سەرسوڕمانی موسڵمانەکان بەرامبەر گەنجینەکانی

پاشا فارسەکان پیشاندەدەن، کاتێك کەوتنە بەردەستیان، چونکە ئەو هەموو زێدەمەسرەفیەیان پێ سەیر بوو کە فارسەکان دەیانکرد، بەو پێیەش لاوازی و شلوشاوی ئیمپراتۆریەتەکانیان بۆ هێزو توانای گشتگیری خودا دەگێڕایەوە. ئاشکرایە کە عەرەبە موسڵمانەکان لەوەدا پشتیان بەو بیرۆکەیە بەستبوو کە خودا بەڵێنەکەی جێبەجێکرد کە بە پێغەمبەرەکەی دابوو بەوەی هەموو دونیای پێ ببەخشێت. بۆیە ئیسلام لە سایەی پشتیوانی و بەخششی خودا سەرفراز و قایمبوو، لە هەموو ڕووداوەکاندا دوای ئەوەی خودا لە جیهادی هاوبەشدا پشتیوانی لێکرد، سەرکەوتوو بوو. وەکو فریادڕەس و ڕزگارکاری گەلی عەرەب سەیری پێغەمبەر دەکرا، چونکە پەروەردەی کرد و لە نەزانی و بەربەریەتەکەی دەریهێنا و داوایلێکردن بۆ دەربازبوونیان ڕووبکەنە فەرمودەکانی خودا ، لەو پێناوەشدا ئازاردرا و بەدرۆ خرایەوە.

سەرکەوتنی بروسکە ئاسای فەتحی ئیسلامی بەڵگەیەکی پڕشنگدار بوو لەسەر ڕاستی ئیسلام. ئیسلام بەهۆی فەتحەوە، بووە ئایینی جەماوەری عەرەب و توانی ڕۆبچێتە ناو قووڵاییەکانی و یەکیبخات. سەرچاوەکانمان بەبێ هیچ شەرمێکی ساختە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە فاکتەرە ئابوریە ڕاستەوخۆکانی فەتحی ئیسلامی، وایانکرد فەتح بکرێتە بزووتنەوەیەکی گرنگی کۆچکردن. پرسەکە پەیوەندی نییە بە کۆچکردنێکی خۆڕسکانە و ناڕێکخراو، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سوپا ڕێکخراو بوو، بە دیسپلینەکانی پرۆسەی فەتح کە لە ژێر فەرمانی دەوڵەتدا بوون، حەزو خواستی کۆچکردن کە لە ناخی کۆچبەراندا هەبوو، پاڵی پێوە دەنان. واتا ئەو خواستەی جەنگاوەرە عەرەبەکان لە پێناو دەوڵەتدا نەبوو، بەڵکو ئەوانە خۆبەخش بوون دەیانزانی کە مانەوەیان بە بەردەوامی سەرکەوتنی بەدوادا دێت. لەبەر ئەوەی کە سوپا ڕێکخراو و لەژێر فەرمانی دەوڵەتدا بوو، بۆیە ئەوە هەرگیز پێچەوانە نییە لەگەڵ بیرۆکەی کۆچکردن لەدوای هەر کارێکی سەربازی. هەروەها جەنگاوەرە عەرەبەکان وەها بیرییان دەکردەوە، کە هەموو

ئەو شوێن و ناوچانەی بە شمشێرەکانیان فەتحیانکردووە، دەبێتە موڵکیان، بەو پێیەش دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان مامەڵەی تێدا بکەن و بەکاریبێنن، چونکە لەوەدا دەوڵەت تەنیا رێکخەر و نێوەندکار بوو.

ئاشکرایە ئەبوبەکری سدیق کاتێك کە دەستی بە پرۆسەی فەتحکرد، بەوە هۆشیار بوو کە درێژەپێدەری دەستکەوتەکانی پێغەمبەرایەتیە و نیاز و ئامانجەکانی پێغەمبەر بەرجەستە دەکات و بەدییان دەهێنێت. ئەبوبەکر پێی وابوو ئەو کارە پێویستە بۆ ئایندەی عەرەب و مانەوەی ئومەتی ئیسلام، بەڵام نەك بەو مانایەی کە وایدەخواست لە عەرەبە هەڵگەڕاوە و سەرلێشێواوەکان بدرێت لە وڵاتە دراوسێکاندا، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە تەنیا ئەو هۆزانەی سازدابوو کە بەشداری هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونیان نەکرد. بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر، ئەبوبەکر یەکەمجار بیری لە پەلاماردانی سوریا و فەلەستین کردەوە و خۆی بۆ ئامادە دەکرد، لە کاتێکدا بە راستی زەوییەکانی عێراق یەکەمین هەڵمەتەکانی فەتحی ئیسلامی گرتیەوە، واتا فەتحەکانی خالیدی کوڕی وەلید. سوپاکەی خالید لە یەمامە گرنگترین ئەو سوپایانە بوو کە دەوڵەتی مەدینە ناردی. لە دوای دامرکاندنەوەی هەڵگەڕانەوە، خەڵکی مەدینە و شارەکانی تریش بەشدارییان کرد و تەنیا سوپایەکیان هێشتەوە کە تەنیا (2) هەزار سەرباز بوو. پێویستبوو خالید (8) هەزار سەربازی خۆبەخش لە خۆرهەڵاتی دورگەی عەرەبی کۆبکاتەوە، کە لەنێوان هۆزەکانی مەزەر و رەبیعە هەڵبژاردن لەوانەی کە نەچووبوونە پاڵ هەڵگەڕاوەکان. خالید بەرەو عێراق جووڵا بۆ فریاکەوتنی سەرکردەی شیبان (موسەننای کوڕی حاریسە)، کە غەزای عەفەوی ئەنجامدەدا. ئەوە یەکەمین بەریەککەوتن بوو لەسەر خاکێك کە سەر بە ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو. ئەو هەڵمەتە چەند سەرکەوتنێکی تۆمار کرد و هەندێك بەشی خاکی عێراقی خستە ژێر رکێفیەوە. بەڵام بزووتنەوە سەربازیە خێراکەی خالید لە ناوەرۆکدا عەرەبەکانی کەنار دەریای کردبووە ئامانجی خۆی، کە لە حیرە و دومە و ئەنبار

دەژییان، واتا بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە لەژێر سایەی ساسانییەکاندا بوون. بەو جۆرە پێدەچێت یەکەمین هێرشە عەرەبییەکان درێژبوونەوەی شەڕەکانی دژ بە هەڵگەڕاوەکان بووە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو شەڕانە لەناو جیهانی عەرەبیدا، بەڵام لە دەرەوەی دورگەی عەرەبی روویاندا.

لە راستیدا ئەو کارەی کە بە چاکترین شێواز ئاراستەی خواستەکانی ئەبوبەکری لە چوارچێوەی فتوحاتەکاندا جێبەجێ دەکرد، بەرەو شام (سوریا و فەلەستین) ئاراستە کران، کە بەرەی سەرەکی پرۆسەی فەتح بوون. کەواتا ئیسلام بوو لە هەمان ئەو کاتەدا کە جڵەوی دەکردن، وزە و توانا سەربازییەکانی عەرەبی نیشاندا. ئیسلام دەزگایەکی جەنگیی بۆ خۆی پێکهێنا کە لە سەردەمی خۆیدا و بە درێژایی دوو سەدە یەکەمی جیهان بوو، تەنانەت تاکو شەڕی (طلس) و دوای ئەوەش. سوپای عەرەبی لە سوریا و فەلەستین، بێئەوەی لە هیچ شەڕێکدا ببەزێت، لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر هەنگاوی دەنا، بەڵام لە شەڕێکی عێراقدا کە بە شەڕی (الجسر) ناسراوە لە ساڵی (13ی کۆچی/634ی زایینی)دا تێکشکا. بەڵام لە شەڕەکانی: فحل، مرج صفر، الیرموك، لە ساڵی (15ی کۆچی/ 636ی زایینی) زیانی زۆر گەورەی بە سوپای بێزەنتی گەیاند و شەڕ لە دوای شەڕ تێکیدەشکاندن و لە ماوەی کەمتر لە (3) ساڵدا، ئیسلام باڵی کێشا بەسەر هەموو سوریا و فەلەستیندا و شارەکانی یەك لەدوای یەك دەکەوتنە دەستی سوپای موسڵمانان، وەك: دیمەشق، حومس، شارەکانی کەنار دەریا: سور و صیدا، عەککا، بەیروت. لە ساڵی (17ی کۆچی) شاری قودس و لە (19ی کۆچی)دا شاری ئەنتاکیە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانەوە. شارەکان لەدوای گەمارۆدانیان نەیاندەتوانی زۆر بەرگە بگرن، بەڵکو هەرزوو خۆبەدەستەوەدانیان بە سوپای ئیسلام راگەیاند، بە تایبەتی ئەو شارانەی کە سەربەخۆییەکی دیاریکراوییان هەبوو، لە رێگەی دەسەڵاتی قەشەکانیانەوە دانوستانیان لەسەر خۆبەدەستەوەدانیان دەکرد. لە سوریا شەڕە ئاشکراکان لە دژی بێزەنتییەکان ئەنجامدران، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی شارەکان

لۆکاڵی بوو، بەڵام لە پێناوی مانەوەیاندا تێدەکۆشان.
بە شێوەیەکی گشتی، ئەرەستۆکراتی لەگەڵ کشانەوەی سوپای بێزەنتیدا پاشەکشەی کرد و چووەوە ناو خاکی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، بەو شێوەیەش هەموو ماڵ و سامان و زەوییە نیوە داگیرکراوەکانی جێهێشت. ئەو سەرکەوتنەی عەرەب لە سوریا و فەلەستین بەدەستیهێنا، سەرکەوتنێکی خێرا و ئاسان و سەرتاسەری بوو، جگە لەوەش دەستکەوتێکی سەرسوڕهێن بوو بەو ئاستەی کە بێزەنتییەکان ئامادەی وەڵامدانەوە بوون، لەو بڕوایەشدا بوون هێرشدەکەن، چونکە ئەوان توشی قەیرانی ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی یان قەیرانی سیستم نەبوون. بەڵام ئەوە بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی فارسی بوو، کە بە هێرشەکانی خالیدی کوڕی وەلید بۆ سەر خاکی عێراق لەوبەری دیجلە تووشی شۆکبوو. لە دوای ڕۆیشتنی خالید بۆ سوریا، عومەر لە ساڵی (13ی کۆچی/634ی زایینی) بێئەوەی لەبەرچاوی بزر بێت، کە بەرەی سەرەکی شەڕ بەرەی سوریایە، دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی لە عێراق. لەبەر ئەوەش سوپایەکی بچوکی بە سەرکردایەتی (ئەبی عوبێدی ئەلسەقەفی) نارد، کە لە شەڕی (الجسر) لە ساڵی 13ی کۆچیدا تووشی تێکشکانێکی گەورە هات، پاشان لە ساڵی 14ی کۆچی سوپایەکی تری نارد و توانی لە بەرژەوەندی عەرەبەکاندا هاوسەنگی بەدەستبێنێتەوە. عومەر تاکو ساڵی (15ی کۆچی/636ی زایینی) بڕیاری ناردنی سوپایەکی بەهێزی نەدا بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی فارسەکان و یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە. لەو پێناوەدا دەرگای سوپای عەرەبی لەبەردەم هەڵگەڕاوەکانی پێشوودا کرایەوە و خاکی عێراق کرایە دەروازەی کۆچکردن. لە ساڵی (15ی کۆچی/636ی زایینی)دا شەڕی قادسیە روویدا و تێکشکانی فارسەکان لەو شەڕەدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ گرتنی هەموو خاکی عێراق. بەو شێوەیەش دەستگیرا بەسەر مەدائین (تەیسفون) کە پایتەختی ئیمپراتۆریەت بوو، لە پاش شەڕێکی تریش لە جەلەولا، فارسەکان لە عێراق هەڵکەنران و بەرەو چیاکانی زاگرۆس،کە دەکەوێتە ناوجەرگەی خاکی نیشتمانی ئێرانەوە پاشەکشەیان کرد.

بەمشێوەیەش روبەروبوونەوەیەكی ئاشكرا لەگەڵ دووەم ئیمپراتۆریەتی جیهان، ئیمپراتۆریەتی ساسانی روویدا، كە بە شێوەیەك تێكشكا گەڕانەوەی بۆ نەبوو.

سوریا و عێراق دڵی هەژمونگەری عەرەبیبوون، چونكە لەو دوو وڵاتـەدا كۆچكردنێكی چڕ روویدا، لەم وڵاتانەشەوە لەلایەك وڵاتی میسرو لە لایەكی تریشەوە وڵاتی ئێران فەتحكران، لەو هەڵمەتەدا كە بە فتوحاتی شەپۆلی دووەم ناودەبرێت. لە فەلەستینەوە سوپاكەی عەمرو كوڕی ئەلعاص جوولا و لە ساڵی (18ی كۆچی/639ی زایینی) هێرشیكردە سەر میسر. سوپاكەی عەمرو یەمەنیە پێشینەكانی ئیسلامی گرتەخۆی كە پێشتر لە شەڕە گەورەكانی بەرەی سوریا بەشدارییانكردبوو. بە هەمانشێوە سوپا عەرەبییەكانی تر لە بنكەكانی كوفە و بەسرەوە بەرەو چیای (میدیا) و وڵاتی فارس رۆیشتن، بۆ روبەڕوبوونەوەی سوپای فارسی لە شەڕی نەهاوەند كە لە ساڵی (21ی كۆچی/642ی زایینی)دا روویدا بۆ پاراستنی زەوییەكانی ئێران. فەتحی عەرەبی كە ئەبوبەكر بڕیاری لێدا، بەڵام لە جەوهەردا دەستكەوتی عومەر بوو لەنێوان ساڵانی (13-23ی كۆچی)دا. عومەری كوڕی خەتاب بوو كە پرۆسەی فەتح و كۆچی پێكەوە بەستەوە و عەرەبەكانی لە زەویە كراوەكاندا نیشتەجێكرد و لە ئەنجامی سەركەوتنی فەتح سیستمێكی درووستكرد، كە خەلافەتی ئیسلامی بۆ ماوەی دوو سەدە لەسەری بەردەوامبوو درێژەی كێشا. بیرۆكەی سەرەكی و ئیلهامبەخشی پرۆژەكەی عومەر ئەوە بوو كە ئەركی عەرەبەكانە پارێزگاری لە ناسنامەیان بكەن و سازو ئامادەبن بۆ درێژەپێدانی جیهادی بێسنور و تاكو تەنیا بۆ ئاراستە جەنگییەكەیان خۆیان تەرخانبكەن.

پێویست بوو لەسەر گەلانی داگیركراو كە لەسەر خاكی خۆیان مابوونەوە، پێداویستی عەرەبەكانیان دابین بكردایا تاوەكو بە دوای بژێوی ژیاندا عەوداڵ نەبن، ئەوەش لە رێگەی پێدانی باج و خەراج لەسەر زەوی و جزیە لە بەرامبەر سەر خێزاندا. كارپێكردنی سیستمێكی لەمجۆرە بە هەموو بێگەردی خۆیەوە لە عێراق بە پێچەوانەی یاساكانی جەنگی عەرەبیەوە، نەبووە هۆی دابەشكردنی

زەوی لەنێوان سەرکەوتوەکاندا و دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەو ناوچانەش نەکرانە کۆیلە، بەڵکو هەموو زەوییەکانی وەك موڵکی گشتی ئەژمارد کران، واتا کرایە بناغەی موڵکی گشتی: خاکی عێراق بۆ تاقمی شەڕکەری کوفە و خۆزستان بۆ تاقمی شەڕکەری بەسرە.

لە راستیدا زۆربـەی بەرهەمەکەی ئەو خەرجیانە دەیـبرد کە بۆ بژێوی و بەخێوکردنی جەنگاوەران و منداڵەکانیان تەرخانکرابوو، بەڵام بەشێك لەو باج و خەراجە رەوانەی مەدینە دەکرا. ئەو زەوییانەی کە موڵکدارێتیان بۆ پاشا و ئەرەستۆکراتیەتی فارسی دەگەڕایەوە، کە بە (الصوافي) ناودەبران و راستەوخۆ لەلایەن نوێنەرانی جەنگاوەرانی کوفە، ئەوانەی کە لە شەڕە چارەنوسسازەکاندا بەشدارییانکردبوو بەڕێوە دەبران، وەك قادسیە و مەدائین و جەلەولا، بەڵام سەرزەمینەکانی کۆکردنەوەی خەراج لە عێراق جوتیارەکان کارییان تێدا دەکرد و لەلایەن چینی خانەدانە لۆکاڵییەکان (الدهاقنة)وە بەڕێوە دەبران. بۆیە ئەو زەوییانە بەشی هەرە سەرەکی داهاتەکانی عێراقیان تێدا بەرهەمدەهێنرا، کە لە سەردەمی خەلافەتی عومەر بە (100) ملیۆن درهەم مەزەندە دەکرا. لەبەر ئەوەی کە ژمارەی هەرە زۆری شەڕکەران لە سوریا لەناو شارەکاندا کۆببوونەوە و لەناو ئەو ماڵانەدا دەژیان کە لە خاوەنە کۆنەکانیان چۆڵکرابوون. شەڕکەرەکان لە عێراق لەناو چەند شار/سەربازگەیەکی تازەدا لە کوفە و بەسرە کۆکرانەوە. بەو شێوەیە شەڕکەرانی قادسیە و جەلەولا کە رزگارکارە راستەقینەکانی عێراق بوو، لە کوفە نیشتەجێکران، بەڵام ئەو کۆچبەرانەی لە پرۆسەی فەتحدا لە بەحرەینەوە هاتبوون لە بەسرە نیشتەجێبوون و وردە وردە خۆزستان کرایە بنەما کشتوکاڵیەکەیان. لە کوفە بەشێك لەو هۆز و عەشائیرانە دەبینران کە لە هەموو ناوچەکانی دورگەی عەرەبیەوە هاتبوون، لەگەڵ کەمینەیەکی گەورەی یەمەن وەکو هۆزەکانی (کندە، هەمەدان، مزحەج)، بەو هۆیەشەوە پێگەوە یەکانگیر و گونجاو نەبوون، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەسەربازکردن لە بەسرە گونجاوتر بوو کە (5) کۆمەڵی خێڵەکی

لەخۆ گرتبوو وەك: (أهل العالية، تميم، عبد القيس، بكر، الازد) كە دواتر لە عومانەوە هاتن. ئەو کۆمەڵە و تاقمە نیشتەجێکراوانە نوێنەرایەتی ئەزمونێکی بەئیسلامکردنی زۆر سەرکەوتوویان دەکرد لە پێکەوەژیانی عەرەبی لەنێوان هۆزەکان و عەشیرەتەکاندا، کە لە رابـردوودا لە هەموو ناوچەکانی دورگەی عەرەبیدا ژیانێکی پەرتەوازەییان هەبوو. عەرەبەکان لەم ئەزمونەوە فێربوون کە لە سایەی ئاینە تازەکەیاندا پێکەوە بژین. بەمشێوەیە، کوفە و بەسرە وەکو دوو شورای بەهێزی عروبە و ئیسلام دەرکەوتن، بەو هۆیەشەوە عێراق بەعەرەب دەکرێت و لەوێشەوە ئیسلام سنوری هەموو جیهانی ئێرانی دەبەزێنێت.
لە سوریا، ئەزمونی کۆکبوون و کۆبوونەوە لە یەك خاڵدا شکستیهێنا و جەنگاوەرە عەرەبەکان بەسەر (4) گروپی جوندا دابەشبوون: فەلەستین، ئەردەن (فەلەستینی باکور و سوریای باشور)، دیمەشق و حومس. ئەو عەرەبانەی لەم ناوچانە کۆببوونەوە لە خەڵکانی یەمەن پێکهاتبوون وەك (السکون و حمیر)، یاخود ئەوانەی لەنێوان مەککە و یەمەندا بوون وەك: عەك، مزحەج، جگە لەوەش هۆزی قەیسیەکانی حیجازی لێبوو کە لەوەودوا ژمارەیەکی زۆرییان بەرەو دورگەی عەرەب کۆچیانکرد، بە تایبەتیش چەند پێکهاتەیەك لە (قزاعة) لە عەرەبە نیشتەجێ دێرینەکان لە سوریا وەك: کەلب، بلي، جوزام، بەهرا و غسان، کە بوونە موسڵمان. هەروەها هاونیشتمانیە رەسەنەکان پابەندبوون بە پێدانی خەراج و جزیە، بەڵام بە پێچەوانەوەی عێراقەوە عەرەبەکان دەیانتوانی بەشدار بوون لە بەکارهێنانی زەوی و داگیرکردنیدا. سیستمی دابەشکردن و پاداشتکردن کە عومەر و دەستەکەی دایانهێنا، بونیاتنرابوو لەسەر ژیاندنی شەڕکەرە عەرەبەکان لەسەر کاری جوتیاری و کشتوکاڵی لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا. ئەو سیستمە تا ئەوپەڕی بەگوێرەی نەریتە جەنگیە ئیسلامییەکان و بەپێی پێشینەیی لە ئیسلامدا، سیستمێکی رێکخراو بوو. ئەو پێشینەییە بەرگی دابەشکردنی سەرکێشی ئیسلامی بەبەردا کرابوو کە لەڕووی زەمەنیەوە بۆ چەند قۆناغێك دابەشکرابوو. بە راستی

پرسەکە پەیوەندارە بە جیهاد لەسەر ئاستی باوەڕ و عەقیدە، بەڵام پەیوەستە بە راستیە جەنگیەکانەوە. ئەوانەی کە لەڕووی بەشداریکردنیان لە شەڕەکان یان لە روانگەی کۆچکردنەوە پێش ئەوانەی تر کەوتبوون، پاداشتی باشتریان پێدەدرا بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەدا کە پاشان هاتنە ناو ئیسلام.

ئەگەر قۆناغبەندی زەمەنی رێگە بدات بە رێکخستنی زنجیرەیەك لە کەسە موستەحەقەکان، ئەوا پێدەچێت کۆچکردن مەرجێکی پێویست بووبێت بۆ وەرگرتنی بەخشین و مووچە و پاداشت. کۆچکردن چەمکێکی ناوەندیە لە ئیسلامدا، چونکە کۆچکردن بوو شاری مەدینەی ئیسلامی دامەزراند. راستە کە کۆچبەران لە مانا ناوەخنەکەیدا، ئەو قوڕەیشییانە بوون کە خۆیان کردە هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) لە کاتی کۆچکردنی بۆ مەدینە، بەڵام بە مانا گشتیەکەی لە راستیدا دەستەواژەی کۆچکەران بەکارهێنانی کەمە و ئاماژەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی کە کۆچیانکرد تاکو فەتحی مەککە: واتا قوڕەیشییەکان، بە تایبەتیش دەشتەکی و کۆچەرییەکان لە هۆزەکانی موزینە و جوهەینە و خوزاعە کە چوونە ناو ئیسلامەوە. دوائەوە پێغەمبەر ئەوەشی بە کۆچکردن لە پێناوی خودا دایە قەڵەم ئەگەر مرۆڤ لە ماڵی خۆشیدا بمێنێتەوە، پێشدەچێت ئەوە لەو پێناوەدا بووبێت کە سنورێك بۆ شەپۆلەکانی کۆچ دابنرێت، بۆیە کۆچکردن تەنیا پەیوەستکرا بە باوەڕ و ئامادەسازی بۆ جیهاد. کەواتا هەموو باوەڕدارێکی تازە بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆچکەرێکی شەرەفمەندە. واتا مەبەست لە کۆچکردن چەمکی کرداریی نەبوو، بەڵکو چەمکێکی روحی وەرگرت. لەگەڵ فەتحدا گەڕانەوەیەك بۆ کرداری کۆچکردن روویدا. سەرلەنوێ، ئیسلامی راستەقینە خۆی وا بینیەوە کە بە کۆچکردنەوە بەستراوە، بەڵام ئەمجارەیان بەرەو شام و پانتاییەکانی عێراق.

هەمان بەخشین تەنیا بەوانە دەدرا، کە بەرەو زەوییە کراوەکان کۆچیانکرد، چونکە جیهادکردن بە تەنیا لەوێ دەکرا، بۆیە هەر لەوێ دەکرێت پێکەوە ژیانێکی ئیسلامیانەی راست و درووست بەڕێوە بچێت. عومەری کوڕی خەتاب دەیوت: «ئەو

کەسەی لە کۆچکردن پەلە بکات، ئەوە زووتر بەخشین وەردەگرێت». دەشتەکی و کۆچەریە بێبەشەکان لە بەخشین و پاداشت، هاندەدران بۆ ئەوەی کۆچ بکەن. دیوانی بەخشین یان تۆماری مووچەکان کە لە ساڵی (20ی کۆچی/641ی زایینی) دامەزرێنرا، بژاردەی ئیسلامی لە مەدینە و جەنگاوەرانی شام و عێراقی دەگرتەوە، کە بە وردی ریزبەندکرابوون بەپێی پێشینەییان لەناو ئیسلام بەو پێیەی کە شەڕی ئەوان لە شەڕی بەدرەوە تێکۆشان بوو لە پێناوی خودا.

بەمشێوەیە لە دوای هاوسەرە بێوەژنەکانی پێغەمبەر(د.ح)، کە ساڵانە (12) هەزار درهەمییان وەردەگـرت، لە شاری مەدینە کۆچبەران و پشتیوانان کە بەشدارییان لە شەڕی بەدر کردبوو بە پلەی یەکەم دەهاتن و هەر یەکێکیان (5) هەزار درهەمی وەردەگـرت. لە دوای ئەوانیش کۆچبەرانی ئیسلام بەرەو حەبەشە دێن کە بەشدارییان لە شەڕی ئوحودا کردبوو، هەر یەکێکیان (4) هەزار درهەمی لە ساڵێکدا وەردەگرت. پاشان لە ریزبەندیەکەدا ئەوانە بوون کە لەپێش فەتحی مەککە بەرەو مەدینە کۆچییانکرد و هەر یەکێکیان (3) هەزار درهەمی وەردەگرت، دواتریش کوڕانی ئەهلی بەدر بوون، کە لەگەڵ فەتحکردنی مەککەدا بوونە ئیسلام و هەر یەکێکیان (2) هەزار درهەمی وەردەگرت.

لە راستیدا پلەبەندییەکان بەپێی جیاوازی سەرچاوەکان دەگۆڕێت و جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە ئەبو عوبێد کوڕی سەلام لەنێوان کۆچبەران و پشتیوانەکاندا جیاوازی لەنێوان ئەهلی بەدردا کردووە، بەڵام سەیف کوڕی عومەر بەو قۆناغانە دیاریکردووە: بەدر، نێوان بەدر و حودەیبیە (4000)درهـەم، نێوان حودەیبیە و کۆتایی شەڕکردن لە دژی هەڵگەڕاوەکان (3000)درهــەم. بەڵام لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا پێشینەی بەشداریکردن لە شەڕەکانی فەتحی ئیسلامیدا کرایە پێوەر بۆ جیاوازی دانان و جیاکردنەوە، بەرزترین بەخشین پێی دەوترا (شەرەفی بەخشین)، یان پاداشتی شەرەفی ئیسلامی (نەك عەرەبی). سەبارەت بە عێراق، ئەوانەی بە (أهل الایام) ناسراون لوتکەی هەرەمی بەخشینەکانیان داگیر کردبوو،

ئەوانە بوون کە لە ساڵی (12)ی کۆچی لە سوپاکەی خالیدی کوڕی وەلید بەشداری هێرشەکانی سەرەتایان کردبوو، هەر یەکەشیان (3) هەزار درهەمی وەردەگرت. لە هەمان گروپدا تاقمی (شەرەفی بەخشین) هەبوو، بەڵام لە ئاستێکی نزمتردا بوون. خەڵکی قادسیە و خەڵکی شام، واتا ئەوانەی بەشدارییان لە هەردوو شەڕی قادسیە و یەرموك کردبوو، ئەو دوو شەڕەی کە ڕێگەیان لەبەردەم فەتحکردنی عێراق و شامدا کردەوە، ئەوانەش ساڵانە (2)هەزار درهەم پاداشتیان وەردەگرت، بە هەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا دەکرا کە لە ساڵی (21ی کۆچی/642ی زایینی)دا بەشدارییان لە شەڕی نەهاوەند کـردووە. پاشان تاقمی سێیەم لە خوارەوەی ریزبەندیەکەدایە، نەوە کۆچبەرەکانی داهاتوو دێت واتا (الروادف). رادفەی یەکەم بە (1500) درهەم پاداشت دەکران، پاشان بڕەکانی بەخشین و پاداشت بەگوێرەی پلەکان لە نێوان (1500) و (1000) و (500) درهەمدا بوو، تا دواجار لە ئاستی (25) دینار لە شام و (200 تا 300) درهەم لە عێراق وەستایەوە. لە لایەکی ترەوە، کاتێك عومەر پلەبەندییەکی بۆ دابەشکردن بەپێی پێشینەی بەشداریکردن لە شـەڕدا دانـا، بەوە سیستمێکی ئیسلامی داڕشـت کە ڕۆڵی خانەدانە خێڵەکیە کلاسیکییەکانی سنوردار کرد، بۆیە خۆی سەرپەرشتی هیچکام لە سەرکردایەتییەکانی شەڕی هەڵگەڕاوەکان نەکرد. هەروەها نە خانەدانانی ناو هۆزەکان و نە کەسە دیارەکانی هاوەڵانی لە ویلایەتەکاندا دانەمەزراند، بەڵکو ئەو کەسانەی لەو پۆستانەدا دادەنا کە سادە و ئاسایی و خاوەن رابردووی ئیسلامی بوون، وەك عەماری کوڕی یاسر، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، عوتبەی کوڕی غەزوان، ئەبو موسای ئەشعەری. کارەکانی عومەر لەو رووەوە گەیشتە ئاستی ڕێگرتن لە نیشتەجێبوونی دیارترین کەسایەتییەکان لەناو کۆچبەران و پشتیوانان لە ویلایەت و وڵاتە فەتحکراوەکاندا، لە رووی پراکتیکیشەوە لەناو مەدینە دەیهێشتنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، گەورە ئەسحابە و هاوەڵان لە ترسی راکێشانی هاوسۆزی و وەلا بەهۆی کەسێتیانەوە، لەژێر جۆرێك لە چاودێریدا بوون. ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە

هێزی چەکداری لە ویلایەتەکاندا بوو، بەڵام مەدینە ناوەندی سیاسی و روحی بوو، واتە دوانەیەك بوو کە لە دواییدا تەقینەوەی قەیرانی مەترسیداری خەلافەتی لێکەوتەوە. بە هەمان شێوازیش، ئەو دەوڵەمەندیە لەڕادە بەدەرەی کە ئومەتی ئیسلامی لە ئەنجامی کۆکردنەوەی خەراج و غەنیمەی بێشومارەوە بەخۆیەوە بینی و تا ئەو سەردەمە لە سایەی دەسەڵاتی عومەر رێکخراو بوو، چونکە لە جەماوەری جەنگاوەرانەوە نزیکبوو، زۆریش گرنگی بە دادپەروەری دەدا. بەڵام لە ئایندەدا ئەو دەوڵەمەندییە دوانەکەوت لە بەرجەستەکردنی تێکچوونێکی قووڵ لە سەقامگیری و هاوسەنگیدا.

–2–

# فیتنە وەک قەیران و گێژاوی کوشتن

# گۆڕانکارییەکان

## هەڵبژاردنی عوسمان: شورا

لە کۆتایی ساڵی (23ی کۆچی/644ی زایینی)دا، خەلیفە عومەر بەهۆی پێکرانیەوە بە چەند خەنجەرێك بە شێوەیەکی ئاسایی مرد، مردنیشی هیچ هۆکارێکی سیاسی لەپشتەوە نەبوو. ئەو کارانەی عومەر ئەنجامیدان زۆر بەرز و مەزن بوون. ئەگەر ئەبوبەکر هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی لە ریشەوە دەرهێنا و فتوحاتی ئیسلامی دەستپێ نەکردبایا، دەکرا بڵێین کە عومەر شوێنگرەوەی راستەقینەی پێغەمبەرە.

له راستیدا ئەبوبەکر و عومەر تا ئاستێکی زۆر لە پاڵ هەندێك جیاوازیدا، وەکو یەك کەس وابوون. عومەر پایەکانی دەوڵەتی بەهێزتر کرد و بە راستی پرۆسەی فەتحی ئەنجامدا، ئەو کۆمەڵگەیەی رێکخستەوە کە دواتر درووستبوو. لە سەردەمی عومەردا، دەوڵەت گۆڕا بۆ ئیمپراتۆریەتێکی خاوەن هەژمون و دەسەڵاتی عەرەبی، کە تێیدا دانیشتوانی رەسەنە وڵات داگیرکراوەکان هیچ رۆڵێکیان نییە، هەر لەو سەردەمەدا ناوچە ئاسیاوییە خاوەن پانتاییەکان و ناوچە ناوەندییەکان لە رێگەی یەکگرتنیانەوە پێکەوە گرێدران.

عومەر زۆر هۆشیارانە راچەنی و سەرپەرشتی بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆچکردنی کرد لە دورگەی عەرەبیەوە بەرەو ناوچەکانی عێراق و وڵاتی شام و میسر، کە هۆکارێك بوو بۆ بەعەرەبکردنی خۆرهەڵات و هاتنیان بۆ ژێر باڵی ئیسلام. خەلافەتی عومەر سەردەمێکی ئاشتی مەدەنیانە بوو بۆ عەرەبە موسڵمانەکان کە پەرۆش بوون بۆ جێبەجێکردنی فەتح و رێکخستنی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و لەناو شارو سەربازگەکانیاندا لە ئیسلامەتییاندا قووڵ بوونەوە. عومەر لەناو سەروەت و سامانێکی بێشوماردا بە هەژاری مرد، یادەوەرییەکانی بەندبوون بە پێغەمبەرەکەی و ئەبو بەکری هاوڕێیەوە، بۆیە لە پاڵ ئەوانیشدا بەخاك سپێردرا، وەك نوێنەری دوایین زنجیرەی سەردەمی دادپەروەری و راستی، کە دواتر گۆڕا بۆ سوننەتێك کە شایستەی شکۆمەندی و رێزگرتنە. لە راستیدا لەگەڵ مردنی عومەردا، ئیتر لاپەڕەی دامەزرێنەران و لاپەڕەی ئیسلامی پاك و بێگەرد و قارەمانێتی پێچرایەوە.

عومەر خەلیفەیەك بوو دەیزانی چۆن فەرمان و گوێڕایەڵی خۆی بسەپێنێت، چونکە بە شایستەیی کارەکانی، بە تەواوەتی پایەکانی دامەزراوەی خەلافەتی داکوتا، کە درووستبوونی بۆ رووداوێکی بە رێکەوت و هەڵوێستێکی جوامێرانە دەگەڕێتەوە. خودی ئەبوبەکریش بوو کە عومەری بە جێنشینی خۆی دەستنیشانکرد، لەبەر ئەوەی هێشتا دەوڵەتی ئیسلام لەرزۆك و شلوشاو بوو، لەبەر ئەوەش بوو کە

عومەر شوێنگرەوەیەکی شیاوو شایستە بوو. عومەر سەرەڕای هەیبەت و جوامێریە دیارو مەزنەکەی، بە روونی دەستبەرداری هەموو میراتێکی تایبەتی بنەماڵەکەی بوو، هەروەها وازی هێنا لە دانانی جێنشینێك بۆ خۆی سەرەڕای ئەوەی عوسمان لەنێوان عومەر و گەلی ئیسلامدا یاریدەدەر و هاوکار و نێوەندکار بوو. هەمیشە دەیگوت بە زیندوویی یان بە مردوویی نایەوێت دەرئەنجامەکانی خەلافەت لە ئەستۆی بگرێت.

گومانی تیادا نییە کە پاڵێوراوێکی ئاشکرا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا عومەر دەیویست بگەڕێنەوە بۆ شورا، واتا هەڵبژاردنێکی رێکخراو، ئەو شێوازەی ئەبوبەکری گەیاندە خەلافەت، کە پێدەچێت لەسەر ئاستی عروبی و ئیسلامی باشترین شێوازی دامەزراندن بووبێت. بەو شێوەیە عومەر لەپێش مردنیدا رێگەی ئەنجامدانی شورای هەڵبژارد. شورا واتا راوێژکردن و راگۆڕینەوە، بەڵام لە راستیدا مەسەلەکە پەیوەندار بوو بە دەستنیشانکردنی ژمارەیەك کەسی سنوردار کە لە نێوانیاندا ئەمیری باوەڕدارانی پێشوو هەبێت. ئەو پرۆسەیە بریتیە لە هەڵبژاردنی کەسێك لەلایەن کۆی هاوڕێکانیەوە. لەبەر ئەوەی کە هاوەڵە پاڵێوراوەکان دەسەڵاتەکانی خۆیان رادەستی یەکێك لە خۆیانکرد، ئەویش عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف بوو، کە لەپێش هەڵبژاردنی کەسی دیاریکراودا راوێژی زۆری لەگەڵ خەڵکیدا ئەنجامدا، ئەوەش راوێژو راگۆڕینەوەی بەرفراوانی لەناو هاوەڵان، لە کۆچکەران و پشتیوانان و سەرکردە سەربازییەکان لێکەوتەوە.

چیرۆکی سیناریۆی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە بوو: عومەر شەش کەسی لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر هەڵبژارد و داوای لێکردن لەنێوان خۆیاندا راوێژ بکەن و یەکێك لە خۆیان بە خەلیفە یان ئەمیری ئیمانداران هەڵبژێرن. ئەو شەش کەسە هەموویان لە کۆچکەران بوون، واتا ئەو قورەیشیانەی لە هاوەڵە پێشینەکان بوو کە کۆچیان کردبوو بۆ مەدینە. عەمری کوڕی ئەلعاص کە درەنگوەخت موسڵمان بوو، ویستی لەناو گروپی شورا دابنرێت، بەڵام بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە:

«کەسێکی تێدا دانانێم کە چەکی لە دژی پێغەمبەری خودا هەڵگرتووە». هەندێك لە گێڕانەوەکان دەڵێن عومەر فەرمانی کردووە بە بەشدارکردنی عەبدوڵڵای کوڕی لەناو ئەنجومەنی شورا، بەڵام بێئەوەی مافی هەڵبژاردنی هەبێت، بەڵام دەسەڵاتی داوەریکردنی هەبوو. ئەم گێڕانەوەیە هەرزوو دەنگوباسی دەپچڕێت و کوڕی عومەر هیچ کاریگەرییەکی لەناو کۆی رووداوەکاندا نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێدەچێت ناوی عەبدوڵڵا خزێنرابێتە ناو لیستەکە و زیاد کرابێت. ئەو کەسانەی بەشدارییان لە شورادا کرد، کە مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنیان هەبوو، لە هەمانکاتیشدا پاڵێوراو بوون بۆ وەرگرتنی خەلافەت و بوون بە خەلیفە، ئەو شەش کەسە بوون کە کاتێك پێغەمبەری خودا جێیهێشتن لێیان رازیبوو، هەر هەمان ئەوانەش بوون کە موژدەی بەهەشتیان پێدرابوو. مەبەست لێرەدا هاوەڵە پێشینەکان بوون، واتا هاوەڵە یەکەمینەکانی پێغەمبەر، کە لە هەر سەرەتاوە ئیسلامبوون و هـاوڕێ و هاوسەردەمی هەموو سەروەرییەکانی سەردەمی پێغەمبەرایەتی بوون.

سەرەڕای بەشداری و سەروەری و بەرکەوتەیان، پشتیوانان دوورخرانەوە، بەڵکو پرسەکە بە شێوەیەکی سنوردار لە دەستی قوڕەیشیە دیارەکاندا قەتیسکرا. تەنانەت عەمماری کوڕی یاسر کە لە هاوەڵە یەکەمینەکان بوو، لەگەڵ ئەواندا لە رووی پێشینەی موسڵمانبوون و کۆچکردنەوە یەکسانبوو، هەڵبژاردنی شتێکی رێگەپێدراو نەبوو، چونکە قوڕەیشیەکی دیار نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە لە رەسەنێکی پلە نزم و ئاسایی بوو. شەش کەسە هەڵبژێردراوەکە بریتی بوون لە: عەلی کوڕی ئەبی تالیب (لە بنەماڵەی عەبدولموتەلیب و ئامۆزای پێغەمبەر و یەکێك بوو لە باوەڕدارە پێشینەکان لە دوای خەدیجە و ئەبوبەکر، زاوای پێغەمبەرو باوکی نەوەکانی بوو)، عوسمانی کوڕی عەفان (لە بنەماڵەی بەنی ئومەییە)، بەڵام لە ژنەوە لە رەچەڵەکی بنەماڵەی عەبدولموتەلیبە، زاوای پێغەمبەر و باوکی دوان لە نەوەکانی). عوسمان پیاوێکی بە تەمەن و خاوەنی رێزو قورسایی بوو، یەکێکە

لە موسڵمانە پێشینەکان بوو، کەسێکی دەوڵەمەندیش بوو زۆرێك لە سامانەکەی لە پێناوی سەرکەوتنی ئیسلامدا بەخشی. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کە لە بەنی زوهرە، عەشیرەتی دایکی پێغەمبەرە، زوو موسڵمان بووە و زاوای عوسمانە، پیاوێکی دەوڵەمەند بووە و گوێ بۆ قسەکانی گیراوە. سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کە لە ئەوەش بەنی زوهرە بوو، سەرکردە و پاڵەوانی شەڕی قادسیە بوو (بەڵام ئەمیان زۆر گرنگ نەبوو)، چونکە ئەوەی زۆر بە هەند وەرگیرا پێگەو نزیکی بوو لە پێغەمبەر و ڕۆڵی کەسەکان لە سەرەتای هەڵکەوتن و سەرکێشیەکانی ئیسلامی سەرەتا. زوبێری کوڕی عەوام کە سەر بە بەنی عەبدولعوزی بن قوسەی بوو، نازناوی (حواري رسول الله)ی هەبوو، یەکێکیش بوو لەوانەی زوو موسڵمان بوو، دایکی ئامۆژنی پێغەمبەر بوو بەو هۆیەشەوە لە ڕێگەی ژنخوزاییەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی عەبدولموتەلیب. تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا کە سەر بە (تەمیم) عەشیرەتەکەی ئەبوبەکر بوو، یەکێکە لە موسڵمانە پێشینەکان و کەسێکی خاوەن سامان و دەوڵەمەند بوو.

ئەم شەش کەسە هەموویان بەشدارییان لە شەڕی بەدردا کردووە، کە شەڕێکی یەکلاکەرەوە بوو لەگەڵ بێباوەڕاندا، هەرچەندە عوسمان بەشداری تیادا نەکردبوو، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) لە ریزی بەدرییەکاندا ئەژماری کردوو بەشی خۆی لە غەنیمەت پێدا. وتمان ئەو پلانەی عومەر لەناو دیدگای خۆیدا مەزەندەی کردبوو، بریتیبوو لەوەی هەر شەش کەسەکە کۆبوونەوە بکەن و لەنێوان خۆیاندا راوێژ بکەن و یەکێك لە خۆیان بە خەلیفە هەڵبژێرن. بۆ ئەو ئەرکەش (3) ڕۆژییان لەپێش بوو. ئەگەر بەسەر (3) گروپدا دابەشبوون، ئەوا پێویستە راوێژو راگۆڕینەوەیان دەستپێبکەن، وە ئەگەر زۆرینە درووست بوو پێویستە بە قسەی زۆرینە بکەن. پاشان ئەگەر بوونە دوو گروپی یەکسان سێ بە سێ کەس، ئەوا ئەولەویەت بۆ ئەو گروپەیە کە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە. ئەوە مانای وایە ڕۆڵێکی باڵاو دیار بەو سەحابەیەی پێغەمبەر بەخشراوە، کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بوو. لە

سەرووی ئەوەشەوە عومەر ڕێوشوێنەکانی خۆی گرتەبەر بۆ ئەوەی سوهەیب بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژە پێشنوێژی بۆ موسڵمانان بکات، کە ئەسحابەیەکی بە ڕەگەزو ڕەچەڵەك بێزەنتی بوو. بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لە پشتیوانان درووست بکرێت بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی گشتی و ئارامی بەڕێوەچوونی وتوێژەکان و بەباشی جێبەجێکردنی شورا، گفتوگۆ و وتوێژەکان لەپێش مردنی عومەر دەستیان پێکرد. لە ڕاستیدا، عومەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی بۆچوونی ڕای گشتی بەلای عوسمان و عەلی-دا ڕاکێشا کە هەردووکیان سەر بە بنەماڵەی عەبد مەناف و زاوای پێغەمبەر بوون. هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەرکەوت کە کێبڕکێکە لە نێوان ئەو دوانەدا سەریهەڵداوە، بەڵام سێ کەسەکەی تر بە شێوەیەکی تایبەتی وەك دەنگدەر بوون، لە کاتێکدا کە تەڵحە گەشتی کردبوو.
عەلی کوڕی ئەبو تالیب پێیوابوو خۆی بۆ وەرگرتنی خەلافەت شایستەترە بەهۆی خزمایەتی و نزیکییەوە لە پێغەمبەر، بەڵام وا هەستیدەکرد کە هەڵبژاردنی بەندە بە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان، بە تایبەتیش ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف درابوو، کە لە هەمانکاتدا هاوسەری خوشکی عوسمان بوو، بەو پێیەش کاریگەری لەسەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس هەبوو، چونکە سەر بە هەمان عەشیرەتی ئەوان بوو. دەگێڕنەوە کە (العباس)ی مامی پێغەمبەر و عەلی لەوە دەترسا جارێکی تریش خەلافەت لە دەستی عەشیرەتەکەیان دەربچێت، بۆیە ئامۆژگاری عەلی کرد کە بەشداری لە شورادا نەکات، بەڵکو ئامۆژگاری کرد بۆ جیابوونەوە، بەڵام عەلی کەوتە هەوڵدان لەلای سەعد کوڕی ئەبی وەقاس، کە پێدەچێت تیایدا سەرکەوتوو بوو. پێدەچێت ئەو هەوڵدانە بووبێت کە شێوازی شورای گۆڕی، یاخود بوونی ترس بوو لەلای عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لەوەی کە بەبێ گەیشتن بە ئەنجامێك وا دەکات دۆخی بۆشایی دەسەڵات درێژە بکێشێت، لە کاتێکدا هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە پلەو پایەی خەلافەت گەورە بوون. لە ڕاستیدا عەبدولڕەحمان لە کێبڕکێکە کشایەوە، بەڵام لە بەرامبەردا داوایکرد

مافی دەستنیشانکردنی خەلیفەی داهاتوو بە خۆی بدرێت و داواکەشی قبوڵبکرێت، لە کاتێکدا کە نەیدەویست خزمەکانی پێشبخات. لەبەر ئەم هۆکارە، شورا وەك کۆدەنگی و ئەنجومەن وەکو دەزگای هەڵبژاردنی راستەوخۆ بەهاو شێوازی خۆیان لەدەستدا، چونکە دەسەڵات درایە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کە بە ناوییەوە خەلیفە هەڵبژێرێت، بەو شێوەیەش هەڵبژاردن گۆڕا بۆ دانانی کەسێك لەنێوان ئەندامانی شورا. پرسی هەڵبژاردن قەتیسکرا، بەڵام لە بەرامبەردا قەبارەی راوێژکردن فراوانکرا.

شتێکی زۆر ئاسایی بوو کە عەبدولڕەحمان راوێژی بە ئەندامانی ئەنجومەنەکە کرد، بەڵام دوای کەمێك چوو راوێژی بە هاوەڵانی پێغەمبەریش کرد، کەسایەتییەکانی ناو خەڵك و ئەوانەی کە لە سەرکردەکانی سوپا بوون و هاتبوون بۆ مەدینە. لە ئەنجامی ئەو شورا قەتیسکراوە و شورا بەرفراوانە لەگەڵ خەڵکدا پێکەوە کۆڕاییەکی لێدەرچوو کە لە بەرژەوەندی عوسمان بوو. پێدەچێت ئەندامانی شورا (عەلی، زوبێر، سەعد)، جگە لە خۆیان ناوی عوسمانی کوڕی عەفان-یان وەکو باشترین پاڵێوراو ناساندبوو، بەڵام چەند سەرگوزشتەیەك باس لەوە دەکەن کە سەعد پێی باشبووە عەلی هەڵبژێردرێت. لەبەر ئەوەی تەڵحە هێشتا لە سەفەرەکەی نەگەڕابۆوە، بەڵام عەبدولڕەحمان داوای لە سەعد و زوبێر کردبوو لە کێبڕکێکە بکشێنەوە، ئەوانیش دواجار هەر وایانکرد، بەو شێوەیەش کێبڕکێکە هەروەکو لە سەرەتاوە پێشبینی دەکرا لەنێوان عوسمان و عەلیدا مایەوە. دەستنیشانکردنی یەکێك لەو دوو کەسە بە ناو بۆ پۆستی خەلیفە ئاسان نەبوو. سەرچاوەکان بە راستی باسی ئەوە دەکەن کە چانسی عوسمان زیاتر بووە، بەڵام دەکرێت بابەتەکە لەدواییدا لێکدانەوەی تری بۆ کرابێت، ئەگینا پێویستی بەوە نەدەکرد شورا فراوان بکرێت و تاکو رۆژی سێیەم چاوەڕوان بن بۆ بەیعەتدان بە عوسمان وەکو خەلیفە. پێشدەچێت عوسمان لە ناوەوەی ئەنجومەنی شورا هەروەکو دەرەوەی شورا چانسی لەوانی تر زیاتر بووبێت، بەڵام ئێمە لە شوێنێکدا

هەست بە بوونی بەربەستێك دەكەین.
كێبڕكێیكە لە نێوان بەنی هاشم و بەنی ئومەییەدا بەهێز بوو، كە وتابێژ و پێشنوێژەكانیان لەسەر بڵندگۆی مزگەوتی پێغەمبەر بەدوای یەكدا دەهاتن. عەمماری كوڕی یاسر و پشتیوانان بە توندی پشتیوانیان لە هەڵبژاردنی عەلی دەكرد. ئەوەی كە سەرچاوەكان بە روونی باسی لێوە ناكەن، ئەگەری بوونی دوو ڕەوتە: ڕەوتێكی ئیسلامخوازی شەرعی كە وابەستەی دوو پەیوەندی بوو، ڕابردووی ئیسلام و پەیوەندی خوێن لەنێوان كەسە نزیكەكانی عەشیرەتی پێغەمبەر، كە عەلی پاڵێوراوییان بوو. هەروەها ڕەوتێكی قورەیشی پەیوەندیدار بە توانایی لە باشتر نوێنەرایەتیكردنی قورەیش، بەو پێیەش نزیك لە ئومەوییەكان كە عەشیرەتێكی گەورە و باڵا بوو، كە عوسمان پاڵێوراوییان بوو. ئومەوییەكان لە ڕابردوودا دژایەتی ئیسلامیان دەكرد، بە هەمان ئاستیش دژایەتی ڕۆڵە ئامۆزاكانیان لە بەنی هاشم، عەشیرەتی پێغەمبەر دەكرد. چەمكی بنەماڵەیی (آل البیت) كە بەرجەستەكرا بۆ جیاكردنەوەی عەلی و عوسمان، بە مانا فراوانەكەی واتای بنەماڵەی (عەبد مەناف) ی دەگەیاند نەك بە مانا بەرتەسكەكەی بنەماڵەی بەنی هاشم، چونكە لەدوای ئەبوبەكر و عومەر، كە چەمكی بنەماڵە لەلای ئەوان لە بەرژەوەندی هاوەڵێتی پاك سڕایەوە، بەڵام گەڕانەوەیەكی گشتی هەبوو هێزی پەیوەندی خزمایەتی، بەو ئاستەی كە ئاماژە بوو بۆ گەورەیی پێگە و وێنەی پێغەمبەر، بەڵام لە بۆتەی ئەو واتایەدا كە بۆ زۆربەی هاوەڵان و قورەیشییەكان گونجاو بوو. بەلای هاوەڵانەوە ترسی ئەوە هەبوو كە لێكدانەوەی بەرتەسكی چەمكی بنەماڵەیی (البیت) ببێتە هۆی دامەزراندنی پاشایەتی بۆماوەیی پشتاوپشت لەسەر حسابی كۆمەڵی هاوەڵان (الصحابة)، بەلای قورەیشییەكانیشەوە، ترس هەبوو كە لێكدانەوەیەكی لەو جۆرە ببێتە هۆكارێك بۆ سڕینەوەی وابەستەیی بە قورەیش بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەی هاشمی.
لێرە و لەوێ، مەبەستەكە لێكدانەوەی وابەستەیی خوێن و خزمایەتیە، بەڵام

هەمیشە لە چوارچێوەی ئیسلام و بەهاکانیدا، چونکە ململانێ و کێبڕکێکە لەناو ئەو هـاوەڵانـەدا دەگـوزەرا کە رابـردو و پێشینەیان هەبوو بەوپەڕی هێزیشیان بەشدارییان لە سەرکێشی ئیسلامدا کردووە: عەلی و عوسمان. بە هەڵبژاردنی عوسمان ئەوە پشتڕاست بۆوە کە رەوتی ئۆلیگارشی لەناو هاوەڵان و رەوتی لایەنگرانی قورەیش لەناو جەماوەری راوێژکاراندا، باڵادەست و بە هەژمون بوون لە بەرژەوەندی هەڵبژاردنی عوسماندا. نە بیرۆکەی مۆنارشی، واتا (بنەماڵەیی قەتیسکراو لە خێزانی پێغەمبەر) کە بەوجۆرە بە واتایەکی قەتیسکراو لێکدراوەتەوە، نە بیرۆکەی پەیڕەوی ئیسلامی پەتی دژ بە قورەیش، هیچیان نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەسەرهاتەکانی مێژوو بۆمان دەگێڕنەوە کە لە سێیەمین رۆژی شورا، لە کاتێکدا کە خەریکبو تۆوی پەرتبوون و دابەشبوون لەنێوان موسڵماناندا چەکەرەی دەکرد، دواجار عەبدولڕەحمان لە ژێر گوشاری هەموو لایەنەکاندا بۆ ئەوەی بگەنە سەرئەنجام، بڕیاریدا کێشەکە یەکلایی بکاتەوە. لە مزگەوتی گەورەی مەدینە، لەبەردەمی کۆمەڵی کۆچکەران و پشتیوانان و نوێنەرانی ویلایەتەکان و سەرکردەکانی سوپادا، عەبدولڕەحمان بانگی عەلی و عوسمانی کرد و پرسیاری ئاراستەی هەردووکیان کرد، کە ئایا لەدوای هەڵبژاردنیان بە خەلیفە دەتوانن شوێن پەیڕەوی پێغەمبەری خودا (د.خ) و ئەبوبەکر و عومەر بکەون و جێبەجێی بکەن. عەلی بە شێوەیەکی پەناگیرانە وەڵامی دایەوە و وتی: شوێنکەوتن و جێبەجێکردنی پەیڕەوی پێغەمبەر کارێکی قورسە و هەرچیەك لە توانایدا بێت دەیکات. لە بەرامبەریشدا عوسمان بەبێ هیچ دوودڵیەك رەزامەندی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی پەیڕەوی پێغەمبەر نیشاندا، لەو کاتەشدا عەبدولڕەحمان بەیعەتی پێدا و خەڵکیش دەستە دەستە بەیعەتیان پێدا. عەلی ناڕەزایی نیشاندا و رازینەبوو بەیعەتی پێبدات، بەڵام لە کۆتاییدا لەژێر فشار و هەڕەشەی هاوەڵاندا بەیعەتی پێدا. دواتر تەڵحە لە دوای گەڕانەوەی بەیعەتی بە خەلیفەی نوێ (عوسمان)دا.

گێڕانەوەی ڕووداوەکـان بەو شێوەیە بۆ ئێمە جێگەی قبوڵکردن نییە، چونکە دەیەوێت پاساوێکی گونجاو بدات بە عەبدولڕەحمان بۆ ڕاگەیاندنی عوسمان بە خەلیفە لە جیاتی عەلی و دواتر پاساو بۆ دەستنیشانکردنێك دەهێنێتەوە کە زۆر لەپێشتر پێکهاتنی لەسەر کراوە. لە سەرووی ئەمەشەوە عەلی وەکو نوێکەرەوەیەك پیشاندەدات، کە شێواز و ڕێگەی تایبەتی خۆی لە شیکردنەوەی ئیسلامدا هەیە، کە لە شێوازی دوو خەلیفەکەی پێشوو جیاوازە، ئەمەش لە داهاتوودا درایە پاڵ عەلی کوڕی ئەبو تالیب. هەموو ئەمانە ناکرێت پشتی پێببەسترێت، چونکە لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکەی عەبدولڕەحمان ئەنجامدرا و ئەوەی وەکو دوایین ڕێگە بۆ دەستنیشانکردنی یەکێك لە پاڵێوراوەکان بە گوێماندا دەدرێت، پێدەچێت لێدوانێکی ڕاشکاوانە بێت بە تەنیا لەلایەن عوسمانەوە دراوە. عوسمان لەبەر ئەوە هەڵبژێردرا، چونکە زۆرینەیەك هەبوو پشتگیریيان لێدەکرد و دەیانویست. عوسمان شیاوی متمانەپێکردن و دڵنیایی بوو، لە یەککاتیشدا سەر بە عەشیرەتی پێغەمبەر بوو، بەڵام لە دەرەوەی بنەماڵەکەی بوو، بۆیە بە ڕاستی هێمایەك بوو بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی خوێن کە سنوری ئەبوبەکر و عومەری تێپەڕاند، بەڵام بەبێ هەبوونی مەترسی هەنگاونان بەرەو پاشایەتی پشتاوپشت لەلایەن هەر کەسێکی سەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر. عوسمان لە یەککاتدا لە کرۆکی قوڕەیش و کرۆکی ئیسلام بوو، بنەمای کۆن و بنەمای نوێی پێکەوە دەگونجاند. بەڵام گەورەترین جیاوازییەکان لە سەردەمی دوای عومەردا بەرجەستە بوو، بە تایبەت لە ڕووی زیندووبوونەوەی پەیوەندییەکانی خوێن و گەڕانەوەی بەهێزی ڕابردوو بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو بۆ بنەماڵەی عەبد مەناف، کە پێشتر لە سەردەمی جاهیلیەت دانی پێدا نرابوو، هەروەها هۆکارێك بوو بۆ پتەوکردنی هێزی هەستی ئیسلامیانەی بەئەنجامهاتوو. ئەمانە دوو بونیاتی ناچونیەك و پێچەوانەی یەکتری بوون، کە لە تەقینەوەی دۆخەکە و لەرزاندنی خەلافەتی عوسمان دوانەکەوتن.

# کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان

نەریت و تەقلیدی مێژوویی سەردەمی عوسمان کە ماوەی (12) ساڵی خایاندووە، بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە هەر بەشەیان ماوەکەی (6) ساڵ بووە: یەکەمیان سەردەمێکی سەقامگیر و ئارام و جێی ڕەزامەندی بووە. دووەمیان سەردەمێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر و پڕکێشە بوو، کە دواجار کوژرانی عوسمانی لێکەوتەوە. ئەو دابەشبوونە تا ئاستێکی دیاریکراو ئاراستەی خۆی وەرگرت، هەرچەندە ئەو هۆکارانەی کە قەیرانەکەیان بەرپا کرد، هەر لە سەرەتاوە و لەوەو پێشیش لە سەردەمی خەلیفە عومەر بوونیان هەبوو.

لە ڕاستیدا عوسمان لە کارە جەوهەرییەکاندا شوێنی ڕێچکەی عومەری گرت. ئەوەبوو پارێزگاری لە پرۆسەی فەتحکرد، بەو پێیەی کە پـرۆژەی سەرەکی کۆمەڵگەی جەنگیی ئیسلامیە، هەروەها پارێزگاریشی لە بونیاتە کۆمەڵایەتییەکان کرد و پلەبەندییەکانی دابەشکردن کە لە ئەنجامی پرۆسەی فەتحەوە دروستببوو. لە لایەکەوە شارەکان - هەرێمەکان هەبوون کە شوێنی کۆبوونەوەی بەرچاوی ئەو جەنگاوەرانە بوون کە ئامادە دەکران بۆ جیهاد، لە لایەکی تریشەوە لە مەدینە دەسەڵاتێکی باڵا هەبوو لەگەڵ (بیت المال) یاخود خەزێنەی گشتی دەوڵەت و بەرپرسان و سەرپەرشتیارانی، کە ڕۆڵی ناوەندیی دەبینی لە نێوان شەڕکردن و زەوی، نێوان شەڕکردن و گەلانی غەزا لەگەڵکراودا. بەڵام پرۆسەی فەتح لە دوای ئەو هەوڵدانە بێئەندازەی کە لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر دەدرا هێشتا هەڕەتی بوو. لە دوای شەڕی نەهاوەند لە ساڵی (21ی کۆچی/642ی زایینی)، عەرەبەکان پەرەیاندا بە درێژەپێدانی فەتحی نوێیان بۆ دەستەبەسەرداگرتنی خاکی ئێران، ئەوەبوو نێردەکانیان تاکو خوراسان لە خۆرهەڵات و دەریای قەزوین لە باکور نارد، پەلاماری سەجستان و چیاکانیان دا، بەڵام ئەوە بە شێوەیەکی تایبەتی بەریەککەوتنێکی سەرەتایی بوو لەگەڵ ئەو هەرێمە دوورانـەدا. بە

شێوەیەکی پراکتیکی، موسڵمانەکان تەنیا دەستیانگرت بەسەر وڵاتی فارس و میدیادا، واتە ناوچەی ناوەڕاستی ئێران، کە شارەکانی یان لە دوای دانوستان یان لە دوای شەڕ بە دوای یەکدا خۆیان رادەستی موسڵمانەکان دەکرد. بە تایبەتی لە ماوەی دووەمی خەلافەتی عوسمان لە ساڵی (30ی کۆچی/651ی زایینی)دا، لە بەسرە و کوفەوە هێرشێکی راستەقینەیان کردە سەر خوراسان و ئازەربایجان.

ئەمە مانای وایە کە شەش ساڵی سەرەتای خەلافەتی عوسمان، بریتی بوو لە ساڵانی پشودان و خۆسازدان، جگە لەو ماوە زەمەنیەی کە تێیدا پەلاماری ویلایەتێکی ئەفەریقی درا لە ساڵی (27ی کۆچی/648ی زایینی). ئەو ماوەیە ئارامی باڵی کێشابوو تێیدا زیاتر گرنگی دەدرا بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ناوخۆ. هەروەکو چۆن لە هەموو قۆناغێکی دوای فەتح دیار بوو، ماوەیەك بوو کە سەروەت و سامانەکان زۆر گەشەیانکرد، لە یەککاتدا بڕەکانی ئاڵتون و زیو و بەردە گرانبەهاکان زۆر کەڵەکە بوون.

ئەو سامانە رێگەی خۆی دەدۆزییەوە بۆ لای ئەو کەسانە کە دەیانزانی چۆن دەستیان بەسەریدا بگرن. لە دوای (10) ساڵی بەردەوام لە فەتحکردن، سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا مافی پێنجیەکی لە غەنیمەدا هەبوو، بەڵام (بیت المال)ی خەلیفە پڕ بوو لە پارە و سامان. خەزێنەی (بیت المال) بڕێکی زۆری سەدەقاتی دورگەی عەرەبی بۆ دەهات کە لە زەکاتی سەپێنراو بەسەر مەڕو ماڵات کۆدەکرایەوە و بۆ یارمەتیدانی هەژاران و بێنەوایان تەرخان دەکرا. هەروەها لە رێگەی کۆکردنەوەی بەشێك لە باج و خەراج سەپێنراو، پێنجیەکی داهاتەکانی ئەو زەوییانە بۆ (بیت المال) دەهات کە موڵکدارێتیان دەگەڕایەوە بۆ پادشا دۆڕاوەکان و ئەرەستۆکراتە کوژراو یان هەڵاتوەکان لە شەڕدا. خودی کارمەندان و سەرکردەی سەربازەکان خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بڕی پارەی بێئەندازدا دەکرد کە ملیۆنان درهەم و دینار بوو، سەرچاوەکانیان یان دەستکەوت و غەنیمە بوو، یان داهاتی ئاسایی ئەو وڵاتانە بوو کە فەتح کرابوون.

بازرگانەکان شوێنپێی سوپاکانیان هەڵدەگرت و لەگەڵیاندا دەڕۆشتن، کۆیلەکان و بەردە بەنرخ و شتی گرانبەهایان دەکڕی و بە قازانجێکی زۆر دەیانفرۆشت. عەمرو کوڕی حورەیس، کەسێکی قورەیشی سەر بە بەنی مەخزوم بوو، بەهۆی ئەو جۆرە کارە بازرگانییانەوە بووە دەوڵەمەندترین پیاوی کوفە. لەبەر ئەوەی کە زۆربەی عەرەبەکان بەشدارییان لە شەڕەکانی فەتحدا کرد، بۆیە کەوتنە ژێر کاریگەری غەنیمە و دەستکەوتەکانەوە تا ئەو ئاستەی کە دەکرێت بڵێین غەنیمە بووە بزوێنەری فراوانکردنی رووبەری فتوحات. کۆیلەکان و قوماشی جوان و گرانبەها و پێستی ئاژەڵ و زێڕو خشڵ لەلای ئەرەستۆکراتەکان چنگ دەکەوتن و دەکەوتنە دەستی سادەترین جەنگاوەران. هەرچەندە سامانەکان لەو شوێنانەدا کە بە زۆری کۆدەکرانەوە و کەڵەکە دەکران چاوییان لەسەر نەبوو، بەسەر خەڵکێکی کەمدا دابەش دەکرا. ئەمە بوو بارودۆخی مەدینە پایتەختی ئیمپراتۆریەت. ئاڵتون و کۆیلەکان بۆ ئەوێ رەوانە دەکران، هاوکات لەگەڵ بوونی پێویستیەکی کەمی خەرجییەکان، چونکە پێدانی بەخشینەکان لە چەند سەد کەسێك، یان چەند هەزارێك لە خەڵك تێپەڕی نەدەکرد، کە ژمارەیەکی بچووك بوو بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە زۆرەکانی عێراق و شام. سەرەڕای ئەمەش دەوڵەتی مەدینە ئەو خەرجیە ئیداری و سەربازییانەی لەسەر نەبوو، کە لە ناوخۆی ویلایەت و هەرێمەکان کۆدەکرایەوە، بەو پێیەش لەو شوێنانە سامانەکان دیارتر و زێدە بەهاو بەخشین و دەستکەوتەکان زیاتر کۆدەکرانەوە و سامانەکان باشتر بونیات دەنران.

لە هەموو حاڵەتێکدا، دەوڵەمەندترین کەسەکان لە مەدینە نیشتەجێببوون، ئەگەرچی سەرچاوەی سامانەکانیان لە جێگەیەکی تر بوو، بۆ نموونە لە عێراق. خەلافەتی عوسمان هەر لە سەرەتاوە، بە پێچەوانەی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب بەشێوەیەك خۆی نیشاندا کە لە پێدانی دەستکەوت و بەخشینەکاندا لیبرالیانەیە. عومەر بەهۆی خۆشویستن و زۆر پێداگریکردنی لەسەر دادپەروەری و پەرۆشی زۆری بۆ پارێزگاریکردن لە سامان و دارایی گشتی و سکهەڵگوشینی

به شەخسی و دەستێوەردانی لە بچوکترین بابەتدا، خەڵکەکەی تۆقاندبوو. جگە لەوەش بۆ ئەوەی دیاردەی دزیکردنی سامانی گشتی نەهێڵێت، بنەمای دابەشکردنی پارەی لەگەڵ کارمەندەکاندا درووستکرد، بەڵام عوسمان ویستی زیاتر نەرمتر و لیبرالیانە رەفتار بکات و دەربکەوێت، چونکە سەردەمەکە وای دەخواست. عوسمان رێگەی بە هاوەڵەکاندا لە ویلایەتەکان بازرگانی بکەن و لە مەدینە دەربچن بۆ ئەوەی بەناو ویلایەت و وڵاتاندا بڵاو ببنەوە. ئەو گۆشەگیری و داخرانەی شکاند کە بەسەریاندا سەپێنرابوو، هەر خۆی رێگەی بە خۆیدا کەڵك لەو شتانە وەربگرێت کە ئەبوبەکر و عومەر لەسەر نەفسی خۆیان قەدەغەیان کردبوو. ئەوەبوو بەبێ لێپرسینەوە لە خەزێنەی گشتی پارە و سامانی بۆ خۆی و خانەوادەکەی و ئەوانەی کە دەیویست یارمەتیان بدات و پاداشتیان بکات هەڵگرت. عوسمان بڕی پارەی زۆری لە (بيت المال) بە قەرز وەردەگرت و هەموو جارێك نەیدەگێڕایەوە، پێدەچێت بازرگانی پێوە کردبێت یان وەکو بەخشین و پاداشت بە خەڵکیدابێت. لەناو گەورە هاوەڵانی مەدینە و ئومەوییەکاندا لە خزمەکانی خۆی کە دەورەیان دابوو، سامانێکی قەبە و گەورە درووستبوو، کە لە چوارچێوەی قەرز و کارئاسانییەکانی (بيت المال)دا نەبێت هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ ناکرێت. جیاوازییەکە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی قارەمانانەی پێغەمبەر و سەردەمی سادەیی یان سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر، زۆر روونە. ئەو خانووەی عوسمان درووستی کرد لە بەرد و تەختەی گرانبەها بوو، هەروەها مێگەل و سامانێکی بۆ خۆی لە مەدینە پێکەوە نا. بەپێی گێڕانەوەی (المسعودي)، سەروەت و سامانی عوسمانی کوڕی عەفان لە کاتی مردنیدا گەیشتە یەك ملیۆن درهەم و (150) هەزار دینار. بەڵام سامانە نەگوازراوەکانی لە دۆڵی (القرى) و حونەین و شوێنی دیکەش بەرامبەر بوو بە (100) هەزار دینار، هەروەها لە پاشخۆی ژمارەیەك ئەسپ و حوشتری جێهێشت.

ئیبن سەعد دەیگێڕێتەوە، لە کاتی مردنی عوسمان، بڕی (35) ملیۆن و (500) هەزار

درهەم لەلای خەزنەدارەکەی هەبووە، دواتر ئەو پارانە تاڵانکرا بێئەوەی بزانرێت ئایا سامانی تایبەتیە یان سامانی گشتی بووە، هەرچەندە ئەوە ئەگەرێکی لاوازە. راستە کە خەلیفە عوسمان هەر لە سەردەمی جاهیلیەوە پیاوێکی دەوڵەمەند و هەبوو بوو، بەڵام کەمی سامانەکەی لە رابردودا لەگەڵ سامانەکەی لەو کاتەی کە خەلیفە بوو بەراورد ناکرێت. هەریەك لە تەڵحە و زوبێر لە هەموو هاوەڵەکانی تر دەوڵەمەندتر و زیاتر لە نیعمەتدا ژیاون. (تەڵحە)ش لە دوای مردنی سامانێکی گوازراوەی جێهێشت کە بە بەهای (2.200) ملیۆن درهەم و (600) هەزار دیناری ئاڵتون مەزەندە دەکرا، بە تێکڕاییش هەموو سامانەکەی بە(30) ملیۆن درهەم مەزەندە کراوە. رۆژانە لە رێگەی موڵکەکانی لە عێراق کە بە (النشاشتج) دەناسرا، زیاتر لە (1000) درهەمی دەستدەکەوت، ساڵانەش بە تێکڕا (400 تا 500) هەزار درهەمی دەستدەکەوت. تەڵحە کەسێکی بەخشندە بوو، یارمەتی عەشیرەتەکەشی دەدا و ساڵانەش بڕی (10) هەزار درهەمی بۆ عائیشەی هاوسەری پێغەمبەری خودا دەنارد. لە کوفە خانویەك و لە مەدینە خانویەکی تری هەبوو کە لە گەچ و خشت و ساج دروستکرابوون. بەڵام عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، کە یەکێك بوو لە هاوەڵە پێشینەکانی سەرەتای ئیسلام و کەسێکی سەرەکی ناو شورا بوو، لە دوای مردنی هەزار حوشتر و (3) هەزار سەر مەڕو (100) ئەسپ و رووبەرێکی زۆری زەوی بەراوو چەند خشتێکی ئاڵتونی جێهێشت کە بە پاچ دەشکێنران. عەبدولڕەحمان موڵکێکی لە موڵکەکانی (بەنی نەزیر) لە کیدمە هەبوو بە (40) هەزار دینار فرۆشتی، کاتێك کە پێغەمبەر (د.خ) بەسەر کۆچبەراندا دابەشیکرد بەر ئەو کەوتووە، هەروەها پارچەیەك زەوی تریشی هەبووە، بە نرخێکی هاوشێوە بە عوسمانی کوڕی عەفانی فرۆشتووە. لەوانەیە زوبێری کوڕی عەوام لە هەموان دەوڵەمەندتر بووبێت، چونکە بە تەنیا خۆی رۆڵی بانکی پارە دانراوەکان (ئەمانات)ی دەبینی، لێرەشەوە درك بە میکانیزمی دەوڵەمەندبوونی دەکەین، لە پاڵ وەرگرتنی قەرز لە خەزێنەی گشتی، چونکە پارە لێ قەرزکراوەکان لە موڵك و

سامانە گوازراوە و نەگوازراوەکان و پاڵپشتیکردنی دارایی پرۆسە بازرگانییەکاندا بەکاردەهێنرا. لە دوای مردنی زوبێر بڕی (2.200) ملیۆن درهەم گەڕێنرایەوە کە پرۆسەی گەڕاندنەوەکە چەند ساڵێکی خایاند. بەپێی هەندێك سەرچاوەی تر سامانەکەی زوبێری کوڕی عەوام بە زیاتر لە (35 یان 40 یان 51) ملیۆن درهەم مەزەندە کراوە. بە رای من ئەلمەسعودی هەڵەیەك بەرپا دەکات کاتێك باسی بڕێکی کەم دەکات، چونکە زوبێر خاوەنی زۆرێك دارستان و زەوی و زار و (11) خانوو لە مەدینە و دوو خانوو لە بەسرە و خانوویەك لە کوفە و یەکێکی تر لە میسر بووە، جگە لە باخ و باخات لە نزیك مەدینە و هەندێك موڵکی تر لە کوفە و (الفسطاط) و ئەسکەندەریە. ئەو سامانەی بە هەموو شوێنێکدا دابەشببوو.

هەروەها سەعد کوڕی ئەبی وەقاس، کە لەوان کەمتر دەوڵەمەند بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سامانێکی بە بڕی (250) هەزار درهەم و خانوویەکی لە (العقیق) هەبووە. ئەلمەسعودی باسیدەکات کە هاوەڵە غەیرە قورەیشییەکان و زۆر مامناوەندییەکانیش سامانیان کۆکردۆتەوە: زەیدی کوڕی سابت کاتێك مردووە ئاڵتون و زیوی زۆری جێهێشتووە، جگە لە جێهێشتنی پارە و دارایی بە بەهای (100) هەزار دینار. هەروەها (المقداد) لە دووری چەند میلێك لە مەدینە لەو شوێنەدا کە بە (الجرف) ناسراوە خانوویەکی خۆشی دروستکردبوو، کە ناوەوە و دەرەوەی بە قسڵ و گەچ دروستکرابوو. کاتێك یەعلی کوڕی مونیە مرد بڕی (500) هەزار دینار و قەرزی زۆری لەلای خەڵك هەبوو، خانوو و موڵکی تری بە میرات جێهێشت کە بایی (300) هەزار دینار بوو. تەنانەت عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، کە یەکێك بوو لە سەحابە گەورەکان و لە هەژارەکان بوو، ماوەی دوو ساڵ عوسمان بێزاری کردو لە بەخشین بێبەشی کرد، بەڵام لە دوای مردنی بڕی (90) هەزار درهەمی جێهێشت.

سەردەمی خەلافەتی عوسمان بە تایبەتی زەمینە لەبار بوو بۆ کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سامانێکی لەو جۆرە، چونکە سەردەمی پشوودان بوو، لەو

سەردەمەدا پارە و سامان زۆر و زەوەندە بوو بە چڕی کۆدەکرایەوە، ئەو ماڵ و سامانە کۆدەکرایەوە و خەرجدەکرا یان کۆدەکرایەوە و هەڵدەگیرا. بەڵام عوسمان دەیەویست بارودۆخێکی هەڵکەوتوو بۆ ئازادکردنی پرۆسە بازرگانییەکان و بەکاربردن و دەوڵەمەندبوون فەراهەم بکات. عوسمان خاوەنی ئایدۆلۆژیایەك بوو کە دەڵێت: «لێگەڕێ با بیکات، لێگەڕێ با قازانج بکات»، کە نزیکە لە ئایدۆلۆژیای چێژ وەرگرتن و سودوەرگرتن. دەسەڵاتی لە رێگەی خۆشگوزەرانیەوە وێنا دەکرد و وایکرد کەسە نزیکەکانی لێی سودمەند بن، وەکو زەیدی کوڕی سابت و خزمەکانی تری بە شێوەیەکی تایبەتی. لێرەوە ئەو تۆمەتە مەترسیدارە درووستبوو کە دواتر ئاراستەی کرا، واتە کارکردنی لەسەر خۆشویستن و خزمخزمێنە و دابەشکردنی سامانی موسڵمانان بەسەر خزم و کەسوکارەکەیدا بە شێوەیەکی ناشەرعی. عوسمان بەوپەڕی دڵنیایی و متمانە بەخۆبوونەوە رووبەڕووی ئەو تۆمەتە بۆوە و وتویەتی: «من دەسەڵاتەکانم بە ئاراستەی یارمەتیدانی خانەوادە گەورە و موحتاجەکەم بەکارهێناوە». بۆ نموونە پێنجیەکی غەنیمەتەکانی ئەفەریقیا کە دەکاتە (100 تا 200) هەزار دینار، بە مەروانی ئامۆزای بەخشیوە[13]. مەروان کە هەژارێکی قوڕەیشی بوو، بەو پارەیە خانوویەکی لە مەدینە بۆ خۆی درووستکردووە و کتوپڕ دەوڵەمەند بوو. بە هەمان شێوەش، عوسمان سەدەقاتی (قضاعة) کە (300) هەزار درهەم بوو بە شێوەیەکی بەخشندانە داویەتی بە ئەلحەکەمی مامی. هەروەها بڕی (300) هەزار درهەم و (100) هەزار دیناری بەخشیوە بە ئەلحارس کوڕی ئەلحەکەم و زەیدی کوڕی سابت. عوسمان سامانی زۆری دەبەخشیە بنەماڵە گەورە و نزیکەکانی، تەنانەت خۆیشی جارێکیان بڕی (500) هەزار درهەمی لە (بيت المال) قەرز کردووە، پاشان لە دانەوەی دواکەوتووە یاخود نەیویستووە بیگەڕێنێتەوە بۆ (بيت المال). ئەو بڕە پارانە زۆر

13- بەڵام بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان باس لەوە دەکەن، کە عوسمان ئەو پێنجیەکەی بە عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح بەخشیوە. الطبري، أنساب الاشراف، لاپەڕە 25 و 28 و 52

و بێشومار بوون، به بەراورد لەگەڵ بەخشینی جێگیری ویلایەتەکان کە ئاستێکی زۆر کەمبووە و ساڵانە (200) درهەم بوو، ئەگەر بڕی بەخشینە دراوەکان زیاتریش بووبێت لە (3) هەزار درهەم تێپەڕی نەدەکرد. ئەوەی کە لە مەدینە دەگوزەرا ئەو بەخشینە بوو کە بە بەدرییەکان دەدرا و بە (5) هەزار درهەم دیاریکرابوو.
گومانی تیا نییە کە راکێشانی سامان و پارە لە (بيت المال) زۆر یارمەتیدەر بووە بۆ پێکەوەنانی سەرمایە و کڕینی زەوی و زارو ئەنجامدانی سەودا بازرگانییەکان. بیستمان کە هەندێك لە هاوەڵان رۆڵی بانکی سامانی دانراوییان بینیوە، ئەوانە قورەیشییەکان بوون، ئەوانەی کە بە پێچەوانەی کۆچەریە دەشتەکیەکانەوە پێشینەیان هەبوو لەگەڵ هەموو شتێکدا کە پەیوەندی بە بازرگانی یان سەروەت و سامانەوە هەبووە، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ئەوەندە زۆر دەوڵەمەند بووبن. لەوانەیە بۆ لێکدانەوەی دەوڵەمەندبوونێکی ئاوەها، پرۆسەی گۆڕینەوەی زەوی و زار بە بەربڵاوی هەبووە کە عوسمان فەرمانی لەسەری داوە و هانی پەیڕەوکردنی داوە. زەوی و زارەکانی عێراق، کە بە بەپیتی و بەها کشتوکاڵیە باڵاکەی ناسراوە، بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە: زەوی خەراج کە بەشی هەرە گەورەی دەگرتەوە و بۆ پاڵشتی دارایـی بەخشینەکانی عێراق و پێدەچێت بەخشینی مەدینە بەکاردەهێنرا، هەروەها زەوییەکانی (الصوافي) و (الفيء) کە هەردووکیان بۆ شەڕکەرانی لەشکری قادسیە و جەلەولا دەگەڕێتەوە و لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە لە (اهل الايام) بەڕێوە دەبران و لە دەستکەوت و زێدە قازانجەکانیان بەشیان دەدان. عوسمان پێیوابوو خەڵکی مەدینە ئەوانەی کە بەشدارییان لە شەڕە گەورەکانی وەك قادسیەدا کردبوو بۆ فەتحکردنی عێراق، هەرچەندە لە حیجاز و مەدینە نیشتەجێبوون، بەڵام بەشی خۆیان لەو زەوییانەدا هەیە، ئەوەبوو بیری کردەوە ئەوانەی کە لە دورگەی عەرەبی، واتا لە حیجاز و یەمەن و حەزرەمەوت زەوی و زارییان هەیە، دەتوانن بەشەکانیان بە بەشی خەڵکی مەدینە بگۆڕنەوە، واتا بە زەوی و زاری خەراج (الفيء) لە عێراق. بەمشێوەیە ئەوانە لە بەرامبەر

بەشداریکردنیان لە شەڕەکانی فەتحدا لە دورگەی عەرەبی بوونە خاوەنی زەوی و زار، لە خەیبەر، تائیف، یەمەن و حەزرەمەوت. لە بەرامبەریشدا، ئەوانەی تر زەوی و زاری عێراق بەدەست دەهێنن، لە جیاتی موڵکەکانیان لە دورگەی عەرەبی کە دەیانەویست گۆڕینەوەیان پێبکەن.
لە راستیدا ئەم بابەتە بووە هۆی پێکەوەنانی موڵك و سامانێکی زۆر لە عێراقدا بۆ ئەوانەی کە خاوەنی شتێکی ئەوتۆ بوون لە دورگەی عەرەبی یان تەنانەت لە بەرژەوەندی ئەوانەشدا بوو کە تەنیا خاوەنی دارایی بوون. بەو شێوەیە تەڵحە موڵك و سامانەکەی لە ناوچەی(النشاشتج)ی سەر خاکی فورات لە بەرامبەر زەوی و زارەکانی خەیبەر دەستکەوت. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت کە تەڵحە داهاتێکی رۆژانەی هەزار درهەمی لەو موڵکە چنگ دەکەوت. هەروەها مەروانی کوڕی ئەلحەکەم موڵکی دارستانەکانی رووباری نەهرەوانی بەدەستهێناوە، دوای ئەوەی نرخەکەی بە پارەی کاش لەو پارەیە داوە کە عوسمان پێی بەخشیوە. تەڵحە سەحابیەکی گەورە و دیار بوو بەهۆی ئەو موڵکانەیەوە زۆر دەوڵەمەند ببوو. هەروەها مەروان کە ئامۆزای خەلیفە بوو هەموو شتێکی لە شێوەی بەخشیندا پێدراوە. جیاوازیەکە لەوەدا بەدیدەکرێت کە هەردووکیان لە مەدینە دەژییان، بەڵام ئەوە رێگر نەبوو لەبەردەمیان کە لە عێراق ببنە خاوەنی موڵك و سامان، خەڵکانی تریش هەبوون سودییان لەوە وەرگرتووە، وەك سەرۆك هۆزەکان کە نیشتەجێی کوفە بوون و موڵك و سامانیان لە دورگەی عەرەبی هەبوو. ئەو پرۆسەیە شێوەیەکی وردتری بە بابەتەکان دەبەخشی، بۆ نموونە لە رووی جیاکردنەوەی نێوان بارودۆخی زەوی و زارەکانی خەراج و (الصوافي)، بۆیە روونکردنەوەی ئەو بابەتە بۆ ئەوانە قورس بوو کە سودییان لێ وەرگرتووە، چونکە بابەتەکانی لە ناڕوونیەك دەرهێنا کە توانرا کەڵکی لێوەربگیرێت. چەند سەرگوزشتەیەکی تر ئەوە نیشاندەدەن کە (اهل الایام) بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەرامبەر قوڕەیشییەکاندا رق و کینەیان دەردەبڕی، چونکە بەوە تۆمەتبار دەکران

کە دەیانەوێت دەست بەسەر زەوی و زارەکانیاندا بگرن. تەقینەوەی ئەو جۆرە ڕق و کینەیە لە ئەنجامدا دەبوو دۆخەکە بگاتە ئاستی ئەو کێشەو ئاڵۆزییانەی کە لە ساڵی(33ی کۆچی/654ی زایینی)دا لە کوفە لە دژی سەعیدی کوڕی ئەلعاس ڕوویاندا.

# گوژمی هێزی هەستەوەری ئیسلامی

پرسەکان زۆر سانا دەبنەوە کاتێك دەوترێت خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان بۆ شەش ساڵی خۆش و ئارام و شەش ساڵی ناخۆش و ئاڵۆز دابەشبووە. لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەی کە تانەلێدان و دژایەتیکردن تەنیا لە نیوەی دووەمی خەلافەتی عوسمان سەریانهەڵدا و گەورەتر بوون تاکو بوونە هەرایەکی گـەورە، ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت عوسمان لە سونەتی پێشخۆی دابڕابوو پێچەوانەی ڕوحی ئیسلام دەجوڵایەوە، لە سەردەمێکی زۆر زووتر چەکەرەی کردبوو. نموونەش ئەوەیە کە تەنیا لە دوای ساڵێك بەسەر بەیعەتپێدانی وەکو خەلیفە، (الولید بن عقبة) کە لە دایکیەوە برای بوو، وەکو سەرپەرشتیاری کوفە لەجێی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دایمەزراند. وەلحاڵ دەوترێت (الولید) درەنگ باوەڕی بە ئیسلام هێناوە و یەکێکیشە لەوانەی کە پێغەمبەر بە (الطلقاء) ناوی بردوون، ئەوانەی کە لە دوای دەستگرتن بەسەر مەککەدا لێیان بوردراوە و ئازادکراون. قورئان بە شەخسی وەکو فاسق وەسفیکردووە، واتا لە دەقی قورئاندا بەو پیاوە ناسراوە کە متمانە بە قسەکانی ناکرێت، بەڵام لە کوفە شوێنی سەعدی گرتەوە کە یەکێك بوو لە هاوەڵە گەورە و دیارەکان و پاڵەوانی شەڕی قادسیە بوو. (البلاذري) دەڵێت: بە ڕاشکاوی ئەو دامەزراندنەی (الولید) کە لە ساڵی (24ی کۆچی)دا بوو، کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو. لە دوای تێپەڕبوونی ساڵێك، واتا لە ساڵی (25ی کۆچی/646ی زایینی)دا عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح

که ئومەوییەکی ترو ئامۆزا و برای شیری عوسمان بوو، لەجێی عەمرو کوڕی ئەلعاص بە والی میسر دایمەزراند. هەرچەندە عەمرو هاوەڵێکی پێشینە نەبوو، بەڵام دوو ساڵ لەپێش فەتحی مەککەدا بۆ مەدینە کۆچی کرد و بە شێوەیەکی باش پەسەندکراو بوو، سەرکردایەتی چەند هێزێکی کرد کە پێغەمبەر ئاراستەی دەکردن و بە تەواوەتی لەگەڵ ڕێبازی ئیسلامیدا ئاوێتە ببوو. عەمرو یەکێك بوو لە سەرکردە متمانەپێکراوەکانی سوپای ئیسلامی لە سوریا و فەلەستین، لە فەتحکردنی فەلەستین و میسر ڕۆڵی سەرکردایەتی بینی. بەهۆی کارەکانیەوە یەکێك بوو لە کەسایەتیە گەورەکانی ئیسلام، هەروەکو خالیدی کوڕی وەلید. لە بەرامبەریشدا باسی ئەوە دەکرێت کە پێغەمبەر بڕیاری خوێنڕشتنی عەبدوڵلای کوڕی سەعدی راگەیاندووە، چونکە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە دەتوانێت ئایەتی مەحکەم وەکو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بڵێت.

لە ساڵی (27ی کۆچی/648ی زایینی)دا غەزای ئەفەریقیا روویدا، بە دیاریکراویش لەو ساڵەدا بوو کە عوسمان پێنجیەکی غەنیمەکانی بەخشیوەتە مەروانی کوڕی ئەلحەکەمی ئامۆزای، یان عەبدوڵلای کوڕی سەعد، ئەو پێنجیەکانەی کە دەبوو بەپێی شەرع بۆ خەزێنەی (بیت المال) بڕوات. وا پێدەچێت عوسمان لە دوای بوونی بە خەلیفە چەند بڕیارێکی داوە، بڕیاریداوە دوورخستنەوەی ئەلحەکەمی مامی عوسمان و منداڵەکانی بۆ تائیف کە پێغەمبەر بۆی دەرکردبوو، هەڵبوەشێنێتەوە. ئەلحەکەم کوڕی ئەبی ئەلعاص یەکێك بوو لەو قوڕەیشییانەی دژایەتی پێغەمبەری کردووە، تەنانەت لە دوای کۆچکردنیشی بۆ مەدینە، لەسەر گاڵتەکردن بە پێغەمبەر بەردەوام بووە، ئیتر لێرەوە بابەتی دوورخستنەوەی بۆ تائیف دەستپێکردووە، کە دواتر نە ئەبوبەکر و نە عومەر زاتی ئەوەیان نەکردووە ئەو بڕیارە بشکێنن. بەڵام عوسمان هێنای دایمەزراند و کردی بە سەرپەرشتیاری کۆکردنەوەی سەدەقات و باجەکانی (قضاعة) و بڕی پارەی زۆری پێبەخشی و کاتێکیش مرد بە ئاشکرا لەسەر گۆڕەکەی نوێژی دەکرد. هەروەها عوسمان لە

ساڵی (29ی کۆچی/649ی زایینی)دا عەبدوڵڵای کوڕی عامری بە سەرپەرشتیاری بەسرە دامەزراند، لە جیاتی هاوەڵی بەناوبانگی پێغەمبەر ئەبو موسای ئەشعەری. عەبدوڵڵای کوڕی عامر کەسێکی ئومەوی بوو تەنیا کەموکورتی ئەوە بوو کە تەمەنی بچوکبوو. بەپێی سەرچاوەکان ئاشکرایە عوسمان لە زووەوە دەستیکردووە بە بردنی پارەی (بیت المال) بۆ دابینکردنی پێویستی و بەخشینەکانی، بەڵام پێدەچێت لە ڕێگەی قەرزکردن لە (بیت المال) ئەو کارەی کردبێت.

کەواتە بەشێکی زۆری تانەلێدان و ڕەخنە ڕووبەڕووی کرایەوە بۆ بیرهێنانەوە و ئاراستەکردنی رای گشتی، کە رەگ و ریشەکانی بۆ شەش ساڵی یەکەم، یان سەرەتای خەلافەتەکەی دەگەڕێتەوە. بەو شێوەیە و بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکە پێکهێنراوەی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، هەڵسوکەوتەکانی عوسمان لە کاتێکی دیاریکراودا گۆڕانێکی کتوپڕی بە خۆیەوە نەبینی بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرەو بیدەعە کە پێویست بەوە بکات لەسەری لۆمە و مەڵامی ئاراستە بکرێت، بەڵام رای گشتی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە سەرەتای ساڵی (29 یان 30) کۆچی بێزاری و ناڕەزایی لە بەرامبەری خۆی نیشاندا، هەروەها ڕووداوە بچوکەکانیش ئاراستە و ڕێڕەوەی خۆیان وەرگرت و جێگەی لێبوردن نەبوون. کەواتە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان کردەوەکانی عوسمان بە درێژایی ماوەی خەلافەتەکەی، کە هەر لە سەرەتایەوە تاکو کۆتاییەکەی لەژێر کاریگەری هەمان سیاسەتدا بوو، هەروەها لە نێوان ئەو توڕەیی و ناڕەزایەتیەی کە لێی کەوتەوە، کە لە سەرەتاوە شەرمنانە بوون، بەڵام لە شەش ساڵی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا بە زەقی دەرکەوت، بە تایبەتی لە دوایین دوو ساڵی خەلافەتەکەیدا، واتا لە ساڵەکانی (34 35-ی کۆچی/654-655ی زایینی)دا گەیشتە لوتکە. لەو کاتەدا رای گشتی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ هەموو خەلافەتەکەی عوسمان کرد و یەك بە یەك هەڵەکانی بیرهێنایەوە تا گەیشتە ئەوەی کرایە کۆمەڵێك تانە و تۆمەت کە ڕووبەڕووی کرایەوە، بەڵام بێئەوەی هەرگیز بگاتە پێدانی یەك دەستەواژەی

کورت و پوخت بۆ تۆمەتبارکردنی. ئەوەبوو دواتر چەند تانەیەکی ئاراستە دەکرا وەك: فەرمانیداوە بە سوتاندنی بەرگەکانی قورئان جگە لەو بەرگەی خۆی کە سەپاندبووی، ئەلحەکەمی گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا دووری خستەوە، کەسانی نەوجەوانی لە پۆستی والیەکان و سەرپەرشتیاران دادەمەزراند، بە تایبەتی ئەوانەی لە بنەماڵەی خۆی بوون، دیاری و بەخشی بە خانەوادەکەی داوە، سامانی لە خەزێنەی موسڵمانان بردووە تاوەکو دەوڵەمەند ببێت، زەوییەکانی عێراقی بەسەر هەندێك کەسدا دابەشکردووە. هەروەها تۆمەتبار کراوە بە دابڕانی لە سەردەمی پێغەمبەر و هەردوو خەلیفەی پێشینخۆی و لادانی لە شەریعەتی ئیسلام و حوکمەکانی.

رێکخستنی ئەو تانە و تۆمەتانە لە شێوەی پڕوپاگەندەی ژیرانە بۆی هۆنرایەوە، تا ئەو ئاستەی دەنگۆکان بە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاوبۆوە، بە تایبەتیش لە کوفە و میسر زۆر دەنگیاندایەوە، تاوەکو لە ساڵی (35ی کۆچی/655-656ی زایینی) کار گەیشتە ئەوەی هێرشبکرێتە سەر مەدینە و کوشتنی خەلیفە عوسمانی لێبکەوێتەوە، کە بۆ خۆی بریتیبوو لە لەسێدارەدانێکی راستەقینە.

لە راستیدا بونیادێکی دووفاق و ناچونیەك لەناو دڵی ئیسلامدا شوێنی خۆی کردەوە، هەڵاوێردکردنی بنەماڵەکەی لەلایەن خەلیفەوە، زیادەڕۆییکردنی لەڕووی کارئاسانیکردن و رێگەخۆشکردنی بۆ ئومەوییەکان، بە کورتی سیاسەتێکی شاهانە و بنەماڵەویستی پەیڕەو کرد، کە زۆرجار پێچەوانەی ئەو سوننەتە نوێیە بەهێزە بوو، کە پێغەمبەر و هەردوو خەلیفەی پێشوو دایانمەزراند. لە لایەکی ترەوە، هەڵکشانێکی بەهێزو قوڵبۆوەی هەستی ئیسلامی سەریهەڵدا کە هەندێك لایەنی کۆمەڵایەتی بانگەشەیان بۆ بەرجەستەکردنی دەکرد. بە شێوەیەکی گشتی لە لایەك دەکرێت بابەتەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ ململانێیەك لە نێوان نوێکردنەوەی پەیوەندی و وابەستەییەکانی خوێن و گەڕانەوە بۆ داب و نەریتەکانی سەردەمی جاهیلی، هەروەها هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی شەخسی و پاوانخواز،

له لایەکی تریشەوە بۆ لەدایکبوونی هۆشیاریەکی ئیسلامی کە لە ڕێگەی سێ سەرچاوەوە خۆی بەهێز دەکرد: قورئان و مێژووی سەرکێشی ئیسلامی و پێوەرەکانی سەردەمی حوکمی ئەبوبەکر و عومەر. خودی ئیسلام لە دژی عوسمان بووە، هەر ئیسلامیش بوو کوشتی.

کوشتنی خەلیفە عوسمان سەرکەوتنێك بوو بۆ ئیسلامی ناواخن لەناو ویژدانی عەرەبیدا، سەرکەوتن بوو بەسەر پاشماوەکانی جاهیلیەتدا کە لە لقێکی قورەیشدا بەرجەستە ببوو، واتا ئومەوییەکان و پیاوەکەیان (عوسمان). پێدەچێت لێکدانەوەی قەیرانە گەورەکە وەك ململانێ لە نێوان بنەمایەکی کۆچەری دەشتەکی کە مردنی عوسمانی لێکەوتەوە و پێشبینی دەکرێت کە بکوژانی عوسمان نوێنەرایەتیان کردووە و لە نێوان بنەمایەکی بەرجەستە بوو لە کەسێتی عوسماندا، هەڵەیەکی باو بێت. هەروەك عەبدولعەزیز ئەلدوری لە دوای ئەوانی تر لە کتێبی (مقدمە فی تاریخ صدر الاسـلام) - چاپی 1960 باسیکردووە. لە راستیدا پێویستبوو پێچەوانەکەی راست بێت، کە سیاسەتی عوسمان وێناکردنێکی پێشوەخت بوو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەگەڵ ئومەوییەکاندا دەگوزەرێت، واتا ئەو کاتەی دەگەنە سەر کورسی دەسەڵات: دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەیەك کە بە باشی ئیسلامەتیەکەی پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو ئاسەوارەکانی دژەیەتیکردنی ئیسلامی پێوە دیار بوو، لەگەڵ بناغەیەکی پادشایانە لەگەڵ دابەشکردنی سامان و دەستکەوتەکان و هاندانی هێزە عەرەبیە کلاسیکییەکان لە توێژی خانەدانانی هۆزەکان و نسکۆی بژاردەی ئیسلامی، ئەگەر لە هاوەڵان بن یان لە قورئانخوێنان بن. بە واتایەکی تر، ئەوەی وایکرد لە دواییدا نوێنەرانی ڕەوتی ئیسلامی لە دژی یەزیدی کوڕی موعاویە ڕاپەڕن، هەمان ئەو هۆکارو ئامانجانە بوون کە لەپشت ڕاپەڕینی هەڵگەڕاوەکانی میسر و کوفە و بەسرەوە بوون کاتێك لە دژی عوسمان ڕاپەڕین: «هەڕەشەکانی سەر میراتی ئیسلامی». ئەوەی روویدا ئەوەبوو کە عوسمان سەرنەکەوت و کوژرا، بەڵام بە

پێچەوانەی ئەوەوە ئومەوییەکان بەسەر نەیارەکانیاندا سەرکەوتن.
لێرەوە جیاوازیە گەورەکە دەردەکەوێت، کە دەکرێت بە گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان لێکبدرێتەوە، بەو پێیەی کە ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی لەو سەردەمە داهـاتـووەدا زیاتر پێویستی هەبووە بە پەیڕەوکردنی بنەمای پادشایەتی. جیاوازیەکی گـەورەی تریش هەیە: عوسمان بۆ خۆی پیاوێکی ئیسلامی و سەحابیەکی لەپێشینە بوو، بەو پێیەش خاوەنی شەرعیەت بوو کە نەدەکرا تانەی لێبدرێت، بەڵام دەکرێت پێشبینی بکرێت ئەوەی عوسمان هەوڵیدا بیکات یان کردوویەتی بابەتییانە بوو، پاشان موعاویە کە سیستمی قورەیشی/ پادشایەتی بە بنەمای پشتاوپشت سەپاندووە، توانی درێژەی پێبدات و بەدیبێنێت. بەڵام ئەو هەنگاوە (5) ساڵ شەڕێکی ناوخۆیی ترسناکی لێکەوتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئۆپۆزسیۆنی بەردەوام لە سەردەمی ئومەوییەکان، توانایی و بەردەوامێتی بنەمای ئیسلامیی نیشانداوە، ئەو بنەمایەی کە تەنیا لە کۆتاییدا نەبێت هەرگیز سەرکەوتوو نەبوو، هەرچەندە بە شێوەیەکی بەردەوام ئامادەگی هەبوو. لەبەر ئەوەی لە سایەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و لەژێر گوشاری هەندێك هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بیرۆکەی ئیسلامی نەیارو دژ بە پادشایەتی و خزمخزمێنە و توندوتیژی لە کوفە، الفسطاط، میسر، بەسرە و مەدینە سەریهەڵدا، ئایا مانای وایە کە کێشەکە پەیوەندی بە قەیرانێکی بونیادی حەتمیەوە هەبووە، یان لە هەموو بارێکدا بە جۆرێك لە جۆرەکان هەر سەریهەڵدەدا؟
ئاشکرایە کە ئەوان گلەییان لە عوسمان لەوەدا نەبووە کە وازی لە ئەسحابەکان هێنا راپەڕن، هاواری (أبي ذر) هاوارێك بوو لە بیابان، بەڵام دەلالەتەکەی لە تانە و تەشەرەکانی تردا بەرجەستە بوو، هەروەها گلەییان لەوەدا نەبوو کە عوسمان خانەدانەکانی دەستواڵا کرد تاوەکو موڵك و سامانی تایبەتییان پێکەوە بنێن، یان لانیکەم ئەوانە لە تانە و تەشەرە یەکلاکەرەوەکان نەبوون. راستیەکەی لەناو ئەو ئیمپراتۆریەتەدا کە لە درووستبووندا بوو، چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی لە

هەڵچووندا بوون و هەندێك هێزی ناكۆك و ناحەزیش هەبوون، ئەمە راستە ، بەڵام نەك بەو مانایەی كە بۆ یەكەمینجار پێشبینی بكرێت. بەبێ گومان هێزە هاندەر و كاریگەرە هێزی هۆزایەتی و عروبی نەبوو، بەڵكو هێزی ئیسلام بوو لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە دەكرا كە هەڵوێست و شەرعیەتی خۆیان بە هەرەمی ئیسلامەتیەوە گرێدابوو. شۆڕش لە دژی عوسمان شۆڕشێك بوو لەپێناو پاراستنی ئەو سیستمە ئیسلامیەی كە عومەر دایمەزراند، شۆڕشێك لە دژی گۆڕانكاری بوو، بە تایبەتی كاتێك بیروباوەڕ و بەهاكان لای سیستمەكە بێت و گۆڕانكاری بە پێچەوانەوە لە بەهاكان بەدەر بێت.

لێرەوە هێزی بیری سوننەی ئیسلامی بەپێی واتای سەرەتایی دەركـەوت، لە بەرامبەریشدا ئەو رقلێبوونەوەیە درووستبوو كە بە بیرۆكەی بیدعەوە نوسێنرا، كە بە دیاریكراوی لە سەردەمی عوسماندا دەركەوت. راپەڕیوەكان بە عوسمانیان دەگوت: «تۆ گۆڕاوی». سیستمی ئیسلامی سیستمێكی تەواو دیاربوو، شەرعیەتی لە گۆڕانێكی شۆڕشگێڕانەی زەبەلاحەوە وەرگرت كە هەموو سیستمی جاهیلیەت و سەرجەم گوتارەكانی سەر بەو قۆناغەی ژێـــرەوژوور كرد كە لایەنگری بیروباوەڕەكانی ئەو سەردەمەیان دەكرد. ئەوان دەیانگوت: «كاتێك دوژمنی یەكتری بووین، ئیسلام هات و ئێمەی كردە برای یەكتری، نیعمەتی ئیسلام گەورەیە لەسەرمان، بەڵام جاهیلیەت پڕی بوو لە ستەم و شەڕەنگێزی». هەموو خەڵكی لەسەر ئەوە كۆكبوون، یان دەیانگوت: «خوا رێزی لێناوین و پەیامی محەمەدی بۆ ناردین». ئەم گوتارە لایەنی سیاسی/ئەخلاقی نیشاندەدات، زیاتر لە نیشاندانی لایەنی غەیبی (یەكتاپەرستی): گەلێكی یەكگرتوو كە فەرمان بە چاكە دەكات، گەلێك خودا لە سایەی ئیسلامدا كردیە میراتگری نەتەوەكان، گەلێك كە لە رابردوودا بێزراو بوو، بەڵام ئیمرۆ گەلێكی خۆشەویستە، هەر گەلی خودایە.

ئیسلام بە راستی بەسەر هەموو پەیوەستبوونێك بۆ سەردەمی جاهیلیەت سەركەوت، بەڵام كاتی پێویست بوو تاكو سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانەكە،

به دیاریکراویش لەسەر دەستی ئومەوییەکان لە قۆناغی داهاتوودا راستە کە پێغەمبەر بۆ ئەوەی دەوڵەت بونیات بنێت و سەرەتا لە حیجاز پاشان لە هەموو دورگـەی عەرەبی ویستی هەموو ئومەت یەکبخات، بۆ ئـەوەش لە پلانەکەیدا هەندێك گەڕانەوەی بۆ رابردوو تیادا بوو، بۆ نموونە هەندێك خەڵات و دەستکەوتی دەبەخشیە ئەو قورەیشییانەی کە تازە دەبوون بە ئیسلام، هەروەها لە رێگەی دانانیان لە هەندێك پۆست و پلەدا بەسەری دەکردنەوە، چونکە بەڵێنی بە خانەدانەکانی هۆزەکان دابوو بۆ هێنانی کۆچەریە دەشتەکییەکان بۆ ژێر سایەی ئایینی ئیسلام. هەروەها ئەبوبەکریش سەرکردایەتیکردنی سەربازی گرنگی بە قورەیشییەکان سپارد، بە تایبەتیش بە ئومەوییەکان.

بەڵام ئومەوییەکان لە کۆتایی سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا بەرەنگاربوونەوەی توندییان لە بەرامبەر ئیسلامدا نیشان نەدەدا، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەرك و بەرپرسیارێتی گرنگیان وەکو موسڵمانانی باش و دڵسۆز و ورەبەرز وەرگرتووە، بۆ نموونە وەك یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و موعاویەی برای. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە سەرۆك هۆزەکانەوە، ئەوەیە کە بزاڤی هەڵگەڕانەوە بەوێدا گوزەری کردووە، لانیکەم ئەوانەی کە بەشدارییان تیادا کرد هەموو هیواکانیان بۆ وەرگرتنی پلەو پۆستی باڵا لەدەستداوە. عومەر زیاتر لە ئەبوبەکر وەکو بەرگریکارێکی توندو سەرسەخت لە ئیسلام دەرکەوت، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراحی لە شوێنی خالیدی کوڕی وەلید دانا و لە هەموو شوێنێکدا پێگەی ئەسحابەکان و ئەهلی ئیسلام سەپاند، هاوکات وەکو سەرکردەیەکی راستەقینەی هەموو گەلی عەرەب دەرکەوت. عومەر بوو کە سیستمی ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی هەڵکەوتوو لە ئەنجامی فەتح دامەزراند، ئەو سیستمەی لە ریزبەندی پلەی جیهادی و پلەو پۆستی سەرپەرشتیاران و والیەکاندا زۆر ورد بوو. بۆ ئەو کارانە موسڵمانە دیارو گەورە غەیرە قورەیشییەکانی بەلاوە باشبوو، کە هەروەك لە سەرەتاوە وتمان هیچ پێگەیەکی خێڵەکی گرنگیان نەبوو، لە بنەچەیەکی

کۆمەڵایەتی بچوك بوون وەك: عەماری کوڕی یاسر، ئەبو موسای ئەشعەری، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود. هەروەها سەرکردە سەربازییەکانی بریتیبوون لە: ئەبو عوبەیدە کوڕی جەڕاح، سەعد کوڕی ئەبی وەقاس، حوزەیفە کوڕی یەمان، نوعمانی کوڕی موقرین، عوتبەی کوڕی غەزوان. ئەمانە هەموویان جگە لە یەکەم و دووەمیان لە هاوەڵانی پلە دوو بوون و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بچوك و ئاساییان هەبوو.

لە سایەی سیستمی خەلافەتی عومەردا شوێنێك بۆ خانەدانەکانی خێڵ و هۆزەکان نەبوو، بەڵکو تەنیا خانەدان، خانەدانە موجاهیدەکانی ئیسلام بوون. لە نێوان ئەو ئەرستۆکراتە قورەیشییانەش کە لە دوای فەتح بە زۆر ببوون بە ئیسلام، عومەر تەنیا یەزید و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی بەکارهێنا و ئەرکی پێسپاردن. کەواتا سەردەمی خەلافەتی عومەر، سەردەمی ئاڵتونی ئیسلام بووە. لەو سەردەمەدا ئیسلام وەك بیروباوەڕ، وەك سیستمی کۆمەڵایەتی، وەك ئومەت و سیستمی بەهاکان بەرجەستە و دامەزراو بوو. بەڵام فراوانبوونی فتوحاتی ئیسلامی کە تاکو خوراسان سەرکردایەتی سوپاکانی ئیسلامی کرد، سەرکەوتنی بەردەوامی بەدیهێنا، غەنیمە بە شێوەیەکی بێشومار کۆکرایەوە. هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ قووڵکردنەوەی هەستی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: سەرکەوتن بەشێکە لە پشتیوانی خودا. هەمووان لەژێر چەتری سیستمی عومەری کوڕی خەتابدا کۆبوونەوە، لەپێشیانەوە لەشکر (المقاتلة). لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو سیستمە زۆر پێداگری دەکرد لەسەر بەها باڵاکانی ئەو سەحابانەی کە ئیسلامیان پێگەیاند. خودی عومەر لەلای ئەسحابەکان پێداگریدەکرد لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە ئێستا بەدواوە وەکو سەرکردە و پێشەوا تەماشایان دەکرێت، بۆیە دەبێت رەفتار و هەڵسوکەوتیان لەسەر ئەو بناغەیە رێکبخەن. ئەسحابەکان بەناو ویلایەتەکاندا بڵاوبوونەوە، جگە لە ژمارەیەك لە ئەسحابە پێشینەکان کە ئەوانیش لە دوای مردنی زیاتر بڵاوبوونەوە. خەڵکی لە دەوریان کۆدەبوونەوە

و وایان لێدەکردن هەستبکەن کە ئەوان سەرکردەی ئاسایی ئوممەتی ئیسلامن. ئەوسا هەموو جوامێرییەکانی ئیسلامی موجاهید لە بەدرەوە دەستیپێکرد، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی غەزای بەدر درووستبوو، لەبەر ئەوەی کە ئەو سیستمە تۆکمەیە لەو مێژووە ئیسلامیەوە سەرچاوەی گرت.

ئەسحابە و هاوەڵان لە سەرووی ئەشراف و خانەدانەکانەوە بوون، بەڵام ئیتر ئەوان بە پێوەری خانەدانەکانی هۆز هەڵنەدەسەنگێنران کە پێویستی بە سێ نەوەی سەرگەورەکان بوو تا نازناوی خانەدان (شەریف)ی بەدەستدەهێنا، بەڵکو بەگوێرەی ئەو ریزبەندیە هەرەمیە بوو کە عومەر وێنای دەکرد بۆ خوار سەحابەکان و هەموو ئەوانەی تریش، لەبەر ئەوەی کە لە جیهاد و فەتحدا بەشداری بەرچاوییان هەبوو. لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی عومەر، نازناوی (شەریف) ئاماژە بوو بۆ ئەو کەسانەی کە شەرەفی وەرگرتنی بەخشینیان پێ رەوا دەبینرا، واتا بەشدارانی شەڕەکانی قادسیە و یەرموك، بە دڵنیاییشەوە ئەوانەی بە (اهل الایام) یان (اهل البلاء) دەناسران و لەپێش ئەوانەوە بوون پلەی خانەدانە پایەبەرزەکانیان هەبوو، کە لە بەخشیندا لەگەڵ ئەسحابەکانی پێش فەتحکردنی مەککە یەکسان بوون. لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا کە (11)ساڵی خایاند، سیستمی ئیسلامی و هۆشیاری مێژوویی کاتی تەواوییان لەبەردەمدا بوو بۆ ئەوەی لەناو واقیعی کۆمەڵایەتیدا رەگیان دابکوتن. هیچ جێگەیەك نەمایەوە بۆ گومانکردن لە ئەولەوییەت و پێشینەیی ئەسحابەکان، ئەوانەی کە درووستکارانی سەرەکی ئەو مێژووە بوون. لەناو کۆمەڵی ئەسحابەکاندا، کۆچبەرانی بە رەچەڵەك قورەیشی دیارترینیان بوون، بەڵام ئەسحابەکانی تر لە پشتیوانەکان، یان تەنانەت ئەوانەش کە بە رەچەڵەك لە کۆچەرییەکان (غەفار، خوزاعە، جوهەینە) بوون و بە هیچ شێوەیەك نەدەچوونەوە سەر هۆزی پێغەمبەر (قورەیش)، بۆیە لەبەر ئەوەی کۆچەری بوون، بابەتێك نەبوون بۆ هیچ رێزلێنان و خەڵاتکردنێکی تایبەتی، چونکە کۆچبەرانی پێشینە لە قورەیش بوون، هەروەك کۆنترین و سەرسەختترین

دوژمنەکانی پێغەمبەریش لە قوڕەیشییەکان بوون.
ئەگەرچی عومەر سوور بوو لەسەر تۆمارکردنی ناوی موستەحەقەکان لە تۆماری دیوانی بەخشین بەپێی پلەبەندی نزیکیان لە پێغەمبەر محەمەد، بەڵام بە گیانی وەفا و ڕێزگرتن لە پێغەمبەری دامەزرێنەر و وەك ڕێزلێنان کردوویەتی، هەرچەندە جەوهەری کارەکە بەپێی سیستمی ڕیزبەندی دابەشکردن و بەرکەوتن و پێشبڕکێ بوو. ڕاستە کە کەسایەتی پێغەمبەر بەندە بە عەقیدە و نوێژ پێکەوە، هەروەك ئاوێتەی نەریتە ئاینییەکان و شەهادەتیش بوو، بەڵام هێشتا لەو کاتەدا لە ئاستیدا هەستکردن بە ترس و خوداپەرستی و سۆز نەبوو، تەنیا لەناو ڕیزی ئەسحابەکاندا نەبێت، بەڵکو بە زۆری ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەری دامەزرێنەر هەبوو، لەگەڵ ئامادەگیەکی بەردەوام لە ئاسۆی مێژوودا. پێش هەر شتێك ئیسلام و پێغەمبەرەکەی واتای جوامێری و کاری جیهادی و قارەمانێتی لە پێناوی خودا و قوربانیدان لە ڕێگەی قەزیەی ئیسلام دەگەیەنن. ئەو جوامێری و قوربانیدانە بە پشتبەستن بە قۆناغی مەدینە و دوای دامەزراندنی ئومەتی ئیسلامی، سەرەتا لە بەدر و دوای بەدریش درووستبوو، نەك بە گەڕانەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی پڕ چەوساندنەوە و تاریکی مەککە، قۆناغی بانگەواز بۆ خواپەرستی بەبێ بوونی مەدینەی ئیسلام. عومەر یەکەم کەس بوو لە سایەی سیستمی خۆیدا پشتی بە قۆناغی مەدینە بەست، بەو پێیەش ئەوەندەی گرنگی دەدرا بە قۆناغی پێغەمبەرایەتی کارا و سەرکەوتوو مێژوویی و دامەزراندنی مەدینە و بونیاتنانی ئیسلامی جەنگاوەر و موجاهید، بەو ئاستە گرنگی بە قۆناغی پێغەمبەرایەتی شەکەت و ئازارچەشتوو نەدەدرا. هاوەڵان بە پیرۆزییان سەرسام نەبوون، نەك لەبەر ئەوەی لە مامۆستاکەیانەوە (پێغەمبەر) نزیکبوون، بەڵکو بەوە سەرسام بوون کە لەگەڵ ئەودا جیهادیان کرد و هەموو ڕووداوەکانیان پێکەوە بینی بۆ پێکەوەنانی ئەو دەسەڵات و کارە مێژووییەی ئیسلام، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی پێغەمبەر و ئەوانیش ڕێژەیی بوو، مافیان تێیدا هەبوو، هەروەها مافی پێش

خۆشیان لەسەر بوو. بۆیە لەسەر هاوەڵان فەرز نەبوو تا بکرێنە پێشەنگ و نموونە و لەخواترسێکی زۆر بەرز، بەڵکو دەبوو زیاتر لە خەڵکی خاوەنی ماڵ و سامان بوونایە. بۆ نموونە وەکو لۆمەکردن بە (أبي ذر)یان وتووە: «هاوەڵەکانت لەپێش ئێمەوەن سامانیان لە هەموو خەڵکی زۆرترە»، ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت: «ئایا ئەوانیش لە ماڵ و سامانی خودا مافیان نییە، منیش وەك ئەوانم هەیە».

زاهیدیی لە ئیسلامدا بەهایەکی زۆر باو نەبوو، بۆیە لەو سەردەمەدا تەنیا چەند کەسێك کەم بەرجەستەیان دەکرد، وەك ئویس ئەلقەرەنی و کەعبی کوڕی عەبدە، بەڵام زاهیدی بە تەواوەتی ئامادەگی هەبوو بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی ئەبی زەر کە لەلایەکی ترەوە بەقەدەر ئەوەی پێداگری دەکرد لەسەر دابەشکردنی دادوەرانەی سەروەت و سامان، ئەوەندە داوای بێزراندنی سامان نەدەکرد. چونکە لە ئیسلامی پێشینەدا، کە دەکرێت بە ئیسلامی رەسەن ناوببرێت بە شێوەیەکی تایبەتی هەستکردنێکی زۆر بۆ پەیڕەوکردنی دادپـەروەری هەبوو، کە بەپێی فۆرمە عەقڵییەکانی ئەو سەردەمە گرنگی پێدراوە. ئەبوبەکر و عومەر وەك دوو سەرگەورە و سەرپەرشتیاری راست و دادپەروەری خەڵك تەماشا دەکران، چونکە جگە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی رەعیەت سەرقاڵیەکی تریيان نەبوو. عومەر لە هیچ شتێکدا خێزانەکەی و خزم و کەسوکارەکەی و هاوڕێکانی لە خەڵکی جیانەدەکردەوە. عومەر بۆ خۆیشی بە تەواوەتی خۆی بێبەری کردبوو، داوای هیچ سامان و پارەیەکی بۆ خۆی نەدەکرد، بە شێوەیەکی نەگۆڕیش خۆی خستبووە ژێر فەرمانی باوەڕدارانەوە بۆ ئەوەی پابەندی هەر سکاڵایەکیان بێت و خۆی راست بکاتەوە، هەروەها داوای لە هاوکارەکانی دەکرد لە بەرامبەر هەموو دزیکردن و لادانێکدا بەئاگا بن. وێنا سیمای کارەکانی عومەر بە شکۆمەندییەوە باسدەکرا، تەنانەت لە بارەی ژیانیەوە وێنەیەکی زۆر سەرسوڕهێنی دەربارەی سادەیی و گرنگیدان و پەرۆشی بۆ سەروەت و سامانی ئومەت و پاکێتی دادپەروەری تەواو پیشاندا، بەوەش توانی خۆی بەسەر هەمواندا بسەپێنێت.

گومانی تیادا نییە عومەر هـەوڵ و تەقەللای زۆریـــداوە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی نموونە زۆر جوان و باڵاکانی ئیسلام، وایکرد ئیسلام خواستراو و سەرنجراکێش بێت، هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیەش درێژەی بە ڕێبازی شایستەی پێغەمبەر داوە. بەڵام عوسمان کە خۆی تەسلیمی حەزو پێویستییەکانی ژیان کرد، لۆمەی خەلیفە عومەری دەکرد لە بارەی لێگرتنەوە و سکهەڵگوشین، کە ئەرکی خەلیفەکانی دوای خۆی قورستر کرد. ئەو سیستمەی عومەر پەیڕەوی کرد سیستمێکی چاکەخوازانەی بوو، لە دیدی ئەودا پەیوەندیدار بوو بە بیرۆکەی پاداشتی دادوەرانە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەبوبەکر هەموو جۆرێکی پلەبەندی رەتکردوەتەوە، کە دیوی یەکسانیخوازانەی ئیسلام نیشاندەدات. ئەوەی لەلای جەنگاوەرانی عەرەب هەبوو، بە زەبری هێز یەکسان بوون، پلەو پایەش بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێزلێنان و مافێکی بەدەستهاتووی پەیوەستبوو بە ئیسلامەوە. لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان لە کوفە، لە سەروبەندی سەرهەڵدانی توندی هەڵچوونی عەقڵ و دەروونەکاندا، هەندێك رەخنەیان ئاراستەی پلەبەندی دەکرد و بە عەیبەیان دادەنا، بەڵام زاتی ئەوەیان نەدەکرد باسی کەسوکارییان بکەن، چونکە زۆرینە لە دژییان بوون. هەروەها جەنگاوەران وەها بیریان دەکردەوە کە زەوی بۆ خۆیان دەبێت، چونکە بە هێزی شمشێرەکانیان فەتحیان کردووە. هەموو ئەمانە دەبێت باسبکرێت تاوەکو تێبگەین کە هەموو ئەوانەی پەیوەستبوون بە «ماڵی خودا»وە، لە دەستکەوت و غەنیمە و خەراج کە لە پێناویدا ئەرکیان کێشابوو، بەلای ئەوانەوە بابەتێك بوو وەك پرسێکی بێزراو سازشییان لەسەر نەدەکرا.

هەموو ستەمێك ئەو کەسانەی تا ئەوپەڕی تورە دەکرد، سەرەڕای ئەوەش خەلیفە عومەر کە بە مەچەکێکی ئاسنین دەسەڵاتەکەی بەڕێوە دەبرد و دەوڵەتی وەکو خزمەتکاری ئومەت وێنا کردبوو، نەك بە پێچەوانەوە. راستە کە خەلیفە ئامانجی لەشکرو جەنگاوەرانی دیاریدەکرد، فەرمانیدەدا بە ڕێکخستنی کاروباری

سوپاکان، بەڵام ئەوەی بۆ خزمەتی سوپا و سەربازەکان دەکرد و خۆیشی کردبووە ناوبژیوانێك لەنێوان ئەوان و جیهاندا. خودی پرۆسەی فەتح بەناوی دەوڵەتەوە نەبوو، بەڵکو لە پێناوی ئیسلام و موسڵماناندا بوو. گەورەیی و باڵایی تەنیا بۆ خودا بوو نەك بۆ دەوڵەت، واتە خودا موسڵمانەکانی بەرەو فتوحاتەکان و زەوییەکانیان ئاراستە دەکرد، سروشتی ئەم کارانە وا پێویستی دەکرد زەوییەکان لەلایەن جەنگاوەرەکانەوە بەڕێوە ببرێت و دەبوو بەپێی یاساکانی جەنگ دابەشیان بکردایە، بەو پێیەش دەوڵەت دەستبەرداری دەبوو وەك ڕێگەپێدانێك بۆ موسڵمانان، بەڵام شتێکی ئاسایی بوو کە زەوی تەنیا بۆ ئەوان بێت. عومەر نەیدەتوانی زیاتر لەوەی کە کردی ڕۆڵی دەوڵەت لە جیهانی رابردوودا بەرجەستە بکات، جیهانێك کە بەردەوامبوونی بنەمای دەوڵەتداری فەرامۆش کردبوو، بەڵام ئێستا لە ژێر باری کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفتی زۆردا ناچارە گوێڕایەڵی بێت. خەڵك، والییەکان و سەرپەرشتیارەکان و سەرکردەی سەربازەکان گوێڕایەڵی خەلیفە بوون، واتا گەلی گوێڕایەڵ و ئومەتێکی یەکگرتوو بوون، بۆیە لە ماوەی (13) ساڵ لە خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەردا، هیچ کێشەو گرفت و سکاڵایەك نەبوو، بەڵکو یەکڕیزیەکی بێ درزو کەلێن و دەسەڵاتێکی بێ ستەمکاری بوونی هەبوو. لە ماوەیەکی کەمدا داوا لە خەڵکێکی زۆر کرا لە دژی بتەکان و خواوەندەکانیان ڕاپەڕن، کۆچبکەن و ژیانێکی نوێ درووستبکەن، لە نەریت و پابەندییە خێڵەکیەکان دوور بکەونەوە. راستە کە ئاسۆی ژیانێکی نوێ لەبەردەمیاندا کرایەوە، بەڵام دەرگای خۆسازدانی هەمیشەیی و بزوتنەوەی سەربازی و قوربانیدانی بێ پسانەوەشیان لەبەردەمدا کرایەوە. سەرتاپای ژیانیان لە ژێر رکێفی ئیسلامدا بوو. فەزای نوێژکردن بە شێوەیەکی زۆر باش لەگەڵ ژیانی جیهادی و بەکۆمەڵدا دەگونجێت، چونکە گەلێکی تەواو چەکدار بەرجەستە دەکات و عەشیرەتەکان و هۆزە دەربەدەر و زێدەڕۆکانی دوێنێی هەموو پێکەوە وا لێکرد بچنە ژێر باڵی سیستمی چەمانەوە و سوجدە بردنەوە، کە تیایدا نەفەسی بەهێزی قورئان دانراوە. لە سەروبەندی شەڕە

گەورەکانی وەك (ذات الصواري)دا لە دژی بێزەنتییەکان، تەواوی شەوەکان بۆ نوێژکردن و قورئانخوێندن تەرخانکرابوو، لە کەشێکی بێدەنگیدا قورئانخوێنەکان لەپێش دەستپێکردنی هێرشەکاندا سورەتی (الجهاد)یان دەخوێند. ماوەی (13) ساڵ لە شەڕکردنی پێکەوەیی لە ژێر بەیداخی ئیسلامدا، لە کەشێکی گەرموگوڕ و پڕ لە ورەدا، ئوممەتێك دروستبوو. هیچ بوارێك بۆ گەڕانەوە بۆ رابردوو نەبوو، هیچ هەوڵدانێکیش بەو ئاراستەیەدا نەدرا تا ئەو رادەیەی کاتێك عوسمان دەسەڵاتی گرتە دەست، هەموو ئوممەتی گەورەی عەرەبی موسڵمان لەسەر پێی خۆی وەستابوو. ئەو بەرفراوانبوونە گەورەیەی مەدینە کە بە هەموو سیما سەرەکییەکانیەوە پێکهێنرا، بووە هۆی لەدایکبونی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ئیسلامی نوێ.

پێویستە هەموو ئەمانە لە بیرو هۆشماندا بێت بۆ تێگەیشتن لەو رووداوانەی لە سەردەمی عوسماندا روویاندا، بە تایبەتیش ئەو شۆڕشەی بەرپا بوو، چونکە لە دیدی هەندێك لە موسڵمانەکاندا ئەوەی عوسمان دەیکرد سازش و لێبوردنی بۆ نەبوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا زۆرینە بێدەنگ بوون، تەنانەت ئەگەر گلەییشیان بکردایە پێیان وابوو نابێت هیچ شتێك بۆ دابڕینی یەکێتی ئوممەتی ئیسلام دابڕێژرێت. لەبەر ئەوەی ئیمام/ خەلیفە/ ئەمیری ئیمانداران هەرگیز جێگەی دەستبردن و تانەلێدان نەبوون. ئەگەرچی ئیسلام بە قووڵی وێنای پێشەوا (ئیمام) ی کردووە وەك رابەرێك بۆ بەرجەستەکردنی ئوممەت، بەو پێیەی کەسێکی پیرۆزە. هەمان ئەم ئارەزووە بوو  کە بەرەو عوسمان کشاو دواجار بە ناوی ئەو بیرۆکە پێکهاتووە لەناو ئیسلامدا، رەتکرایەوە و کوژرا. ئەمە وای لە زۆرینە کردبوو خۆیان لەو مەسەلەیە دوور بگرن، بەڵام لە داهاتودا بە ئاراستەیەکی پێچەوانە بۆ بەرگریکردن لە یادەوەرییەکانی و تۆڵە سەندنەوەی، بزوتنەوەیەکی لێ دروستبوو. ماوەی (13) ساڵ لە خەلافەتی باش و شکۆداری هەردوو خەلیفە ئەبوبەکر و عومەر، پێش ئەوانیش (10)ساڵ لە سەردەمی پێغەمبەر، سەردەمی زێڕینی

ئایینی، سیاسی، مرۆیی و جەنگاوەریی ئیسلام، لەگەڵ هەموو ئەو روداوانەدا کە ئوممەتی ئیسلامیان درووستکرد، لە هەمانکاتدا ئەم بنەمایانە پێشەوایەتیان کردە کلیلی ژیانی هەموو ئوممەت، بە تایبەتی لەگەڵ هەموو وابەستە ئاینی و سیاسییەکاندا بوونە دڵی بونیاتنانی ئیسلام. چونکە سەردەمی پێغەمبەرایەتی، لە دوای ئەویش رابەرایەتی ئوممەتیان کرد. رابەرایەتیکردن و سەرکردایەتیکردن ئەرکێکی بارگاوی بوو بە هەموو توندوتیژی و هەموو پیرۆزییەك، بەڵکو بووە ناسنامەیەکی حەماسی و ورەبەرزی بۆ گەلی ئیسلام.

# قەیران

## مەدینە: سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لە دژی عوسمان

لە بنەڕەتدا یەکەم رەخنە و گلەیی لە دژی عوسمان لەناو هاوەڵەکانەوە سەریهەڵدا. لەڕووی مەبدەئیەوە، ناوەندی هاوەڵان بوو وا هەستیدەکرد کە لەڕووی سیاسی و ئاینییەوە زیاتر لە هەر کەس و لایەنێکی تر بەرپرسیارە لە

چارەنوسی ئوممەتی ئیسلام، چونکە پێیوابوو تەنیا خۆی پەیوەندیدار و بەرپرسە لە میراتی پێغەمبەرایەتی و لە رووی مێژووییەوە بەشداریکردووە و بۆ بونیاتنانی ئیسلام هەوڵیداوە. بەڵام گەورە هاوەڵانی قورەیش لەناو ریزی کۆچبەراندا، جگە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر زێدەڕۆییەکانی عوسمان بێدەنگیان لێکرد، تەنانەت بۆ نموونە کەسێکی وەکو عەلی نیشاندانی پشتیوانی بۆ رەخنە و گازەندەییەکان ناشارێتەوە. هەروەها پشتیوانان لە بەدرییەکان یان ئەوانیتر، تێبینی و رەخنەکانی خۆیان بە روونی و دیاریکراوی نیشان نەدەدا. بەڵام ئەوانەی سنوری ئەو هێڵەیان بەزاند بە شێوەیەکی گشتی ئەو هاوەڵانە بوون کە لە خەڵکی پێشینە و رەسەنایەتیان دەگەڕایەوە سەر کۆچەری دەشتەکی و هەندێکجاریش لایەنگری قورەیشییەکان بوون، ئەوانەی بە تەواوەتی لەگەڵ ئیسلامدا ئاوێتە ببوون، ئەو ئیسلامەی کە بواری بۆ رەخساندن بۆ بەرجەستەکردنی دۆخ و رەوشی کۆمەڵایەتییان کە ئاستی خوارەوەی هەبوو، ئەوەش بۆ گەیشتنیان بە پلەو پایە لە سەردەمی عومەر، یان لە پێناو بەدەستهێنانی پلەیەکی مەعنەوی شایستە لە ریزی یەکەمدا.

ئەو هاوەڵانە لە نێوان مەدینە و ویلایەتە ئیسلامییەکاندا ژیانیان دەگوزەراند، لێرەو لەوێ رەخنە و گلەییەکانیان بڵاو دەبوونەوە تاکو بە شێوەیەکی تایبەتی لەناو مەدینەدا گەیشتە ئەوپەڕی توندی و بەهێزی. سێکوچکەیەکی ناڕەزایەتی هەبوو پێویستە بە تایبەتی سەرنجی لێبدرێت: ئەبو زەری غەفاری، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، عەمماری کوڕی یاسر. ئەبو زەری غەفاری لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەیەکەوە کە تیایدا هەژارەکان هەژارتر و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبوون، لەناو کۆمەڵگەی دوای فەتح کە بەهۆی دروستبوونی خەمی کۆکردنەوە و پێکەوەنانی ئاڵتون و زیو دەکولا و جۆشیدەدا، لە ساڵی (30ی کۆچی)دا هەستا بە وتنی چەند وشەیەکی سانا و بەهێزو موژدەی دادپەروەری و پێکەوەژیانی هێنایەوە و رەخنەی لە عەمبارکردن و کۆکردنەوەی سامان گرت.

ئەبو زەر لە بنەچەدا كۆچەرییەكی كینانە بوو، لە یەكەم ساتەكانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە، ئیسلام بـووە. یەكێك بوو لە هاوەڵە دیارەكانی پێغەمبەر(د.خ)، بۆیە بووە هاوەڵێكی مەدینەیی. بەڵام مەدینەی جێهێشت بەهۆی فراوانبوونی زۆربوونی بیناو خانوو، چونكە نەیدەیویست حەدیسێكی ئاگادارکەرەوەی پێغەمبەر ببینێت بەدرۆ بكەوێتەوە كە دەفەرموێت: «اذا بلغ البناء سلعا فالهرب»، واتا هەر كاتێك دروستكردنی كۆشك و تەلار زۆر تەشەنەیكرد لێی رابكەن. راكردن بۆ پاراستنی ئایین و بەهاكانی. پێشتریش ئەبو زەر لە مەدینە لە دژی ئەو بەخشین و دیارییانە وەستایەوە كە بڕەكەی سەدان هەزار دینارو درهەم بوو عوسمان بەسەر خزمەكانی و دۆست و هاوڕێكانیدا دەیبەخشیەوە. ئەبو زەر پاڵپشت بە فەرمودەكانی خودا كە هەڕەشە لە تاقەتكارانی خشڵ و ئاڵتون و زیو دەكات، دەیگوت: «مژدە بدەرە ئەو كەسانەی ئاڵتون و زیو كۆدەكەنەوە كە جێگەیان ناو دۆزەخ دەبێت». ئەبو زەر بەهۆی جیهادەوە مەدینەی جێهێشت و روویكردە سوریا، لەوێ ئامۆژگاری دەوڵەمەندەكانی دەكرد و هانیدەدان تا واز لە خۆپەرستی بێنن و دەستی كۆمەك و هاوكاری بۆ هەژاران درێژ بكەن. دەیگوت: «ئەی كۆمەڵی دەوڵەمەندەكان، لایەك لە هەژارەكان بكەنەوە». هەمیشە دووبارەی دەكردەوە و دەیگوت: «ئەوانەی خاوەنی ماڵ و سامانن كاتێك زەكاتەكانیان دەدەن تەواو لەبەردەم خودا پاك نابنەوە، بەڵكو لەسەرییان پێویستە لەوەش زیاتر ببەخشن. ئەبو زەر گلەیی لە موعاویەش دەكرد كە والی سوریا بوو، لەبەر ئەوەبوو كە ماڵ و سامانی غەنیمە و باجەكانی بە موڵك و سامانی خودا دەزانی، بەڵام موعاویە دەیویست لە موسڵمانانی بستێنێت. ئەو لە وەڵامدا پێی راگەیاند: «ئەم سامانە هی موسڵمانانە و ناكرێت بڵێیت بە ماڵی خودا ناوی ببەیت»[14]. ئەبی زەر، موعاویەی بە زیادەمەسرەفی و بەفیڕۆدانی پارە تۆمەتبار

---

14- ئەو گێڕانەوەیە كە عەبدوڵلا كوڕی سبأ دەخاتە سەر شانۆی رووداوەكان، جێگەی قبوڵكردن نییە. گێڕانەوەكە كە (الطبري) لە سەیف وەریگرتووە بەمشێوەیە: «كاتێك ئیبن ئەلسەواد چوو بۆ شام ئەبی زەڕی غەفاری بینی پێیوت: ئەی ئەبی زەڕ ئایا بە موعاویە سەرسام نیت، ئەویش دەڵێت: سامان سامانی

کرد سەبارەت بە دروووستکردنی کۆشکی (الخضراء) لە دیمەشق، بۆیە رازینەبوو بە وەرگرتنی بەخشین و دیاری لە موعاویە و حەبیبی کوڕی موسەلەمەی یاریدەدەری. ئامۆژگارییەکانی ئەبی زەر لە سوریا هەمووی دەربارەی خراپییەکانی دەوڵەمەندبوون و پێویستی بوو بۆ پێکەوە هاوکاریکردنێکی فراوانتر لە نێوان موسڵمانان و چاکییەکانی دەستلێگرتنەوە و سکهەڵگوشین بوو، ئەوەش هەژارانی پێ دڵخۆش و دەوڵەمەندەکانی پێ بێزار دەبوو.

دواجار موعاویە لەلای خەلیفە سکاڵای لە ئەبی زەر کرد، چونکە لەوە دەترسا وتارەکانی ئەبی زەر لە سوریا (ویلایەتە ئارامەکە)دا کێشەو گرفتی بۆ دروووستبکات. ئەوەبوو خەلیفە عوسمان داوایکرد بینێرن بۆ لای لە شاری مەدینە، لەوێش خەلیفەی بەوە تۆمەتبار کرد کە خەڵکی بە گشتی پێیان تۆمەتبار دەکرد، بە تایبەتیش دامەزراندنی گەنجان لە کارو پۆستە فەرمییەکان و تایبەتکردنی نەوەکانی دوژمنە کۆنەکانی پێغەمبەر. بەڵام ئەو زیادەییەکی بۆ سەر ئەمە هەبوو کە وتی: «نابێت دەوڵەمەندەکان سەروەت و سامان کۆبکەنەوە». ئەوە داواکارییەکی قورس بوو، عوسمان نەیدەتوانی جێبەجێی بکات، بۆیە تەنیا وتی: «ناتوانم رەعیەت بۆ دەستگرتنەوە ناچار بکەم». بەپێی هەندێك سەرگوزشتە دەوترێت کاتێك درێژەی پێدا عوسمان بۆ (الربذة) دووری خستەوە. هەندێك سەرچاوەی دیکەش دەڵێن: ئەبی زەر کە لە زۆربوونی بەفیڕۆدان و زێدەڕۆیی دەترسا، خۆی بۆ بیابان نەفی کردو لە گۆشەگیریدا دەژیا، بەڵام جارجارێك سەردانی شاری مەدینەی دەکرد بۆ ئەوەی بە تەواوەتی نەگەڕێتەوە سەر ژیانی کۆچەری. ئەبی زەر دەنگێکی سانا و توند بوو، هەرگیز گرنگی بە تێڕوانین نەدەدا،

---

خودایە، بەڵکو هەموو شتێك هی خودایە. وەکئەوەیە ویستبێتی بەبێ موسڵمانان بیخوات و ناوی موسڵمانان بسڕێتەوە. پاشان ئەبا زەڕ پێیوت: چی وایلێکردیت بە سامانی موسڵمانان بڵێیت سامانی خودا؟ وتی: خودا لێت ببورێت ئەی ئەبی زەڕ، ئەی هەمووومان بەندەی خودا نین، کەواتا سامان سامانی خۆیەتی و ئەفرین ئەفرینی خۆیەتی و فەرمانیش هەر فەرمانی خۆیەتی. ئینجا پێیوت: هیچ مەڵێ، ئەویش وتی: باشە هیچ ناڵێم». الطبري، بەشی 4، لاپەڕە 283.

بەڵام دەیویست وەك بانگهێشتکارێکی راستگۆ و توند و بە وەڵامهاتوو لەسەر رێگەی کۆنی مەدینە دەربکەوێت. ویستیان ئەبی زەری غەفاری وەکو باوکی سۆسیالیستی ئیسلامی بناسێنن، بەڵام لە راستیدا لە سەردەمی خۆیدا، جگە لە پێداگریکردن لەسەر بنەماکان و ئەخلاقیاتی قورئان کە هەمیشە بە روویەکی ترەوە دژایەتیکراوە، کارێکی دیکەی ئەنجامنەدا. ئەبی زەر پیاوێکی توند و بەرگریکاری راستی بوو، حەزی بە دابڕان و گۆشەگیری هەبوو، هەروەك ئیسلام ژمارەیەك لە تایپی ئەو کەسانەی بەرهەم هێناوە. لە ساڵی 32ی کۆچیدا بە بێکەسی و هەژاری لە ناوچەی ربزە کۆچی دواییکرد، بەڵام یادەوەرییەکانی بە زیندوویی و پارێزراوی مایەوە. دەوترێت ئەبی زەر لە دوای مردنی لەلایەن ژمارەیەك خەڵکی کوفەوە کە بەرەو حەجکردنی ماڵی خودا بە رێگەوە بوون، بە رێزەوە بە خاك سپێردراوە. یەکێك لەوانە (الاشتر) بوو، کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی شۆڕش و راپەڕین لە دژی عوسمان، هەروەها جورەیری کوڕی عەبدوڵڵا ئەلبجلی، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی فەتحی عێراق.

ئەبی زەر تەنیا ئەسحابە نەبوو کە لە دژی عوسمان وەستایەوە، بەڵکو یەکێك بوو لە هاوەڵە پێشینەکان. بەڵام ئەبی زەر هەستا بە ئەنجامدانی کارێکی پڕوپاگەندەیی، نەك بە تایبەتی لە دژی عوسمان، بەڵکو لە دژی دەوڵەمەندەکان بوو بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەماری کوڕی یاسر سزا دران، چونکە بە روون و ئاشکرایی تۆمەتیان لە دژی عوسمان بڵاوکردەوە و دژایەتیان کرد. هەروەها ئەوانیش لە پۆلی یەکەمی ئەسحابەکان بوو، بەڵام لە ئاستی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمدا بوون. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود سەر بە (هوزەیل) بوو کە هاوپەیمانی عەشیرەتی بەنی زەهرەی قورەیشی بوو. عەماریش کوڕی تۆبەکارێکی بەنی مەخزوم و کوڕی دایکی خۆی بوو، بەو پێیەش سەرپەرشتیکراو بوو، کە بەشێك بوون لەو کۆیلانەی زوو بوونە ئیسلام، چونکە ئیسلامیان بە فریادەڕەس و ئازادی هێنەرییان دەبینی، بۆیە باجی ئیسلامبوونیان

قورس بوو.
عەممار یەکێك بوو لەو هەژارانەی کە قوڕەیش بە لانەواز و کەمدەست دەیدانە قەڵەم، چونکە سەر بە هیچ هۆزو عەشیرەتێك نەبوو، بۆیە قوڕەیشییەکان ئازار و ئەشکەنجەی دەدان تاوەکو لە باوەڕهێنانیان پەشیمانیان بکەنەوە. عەمماری کوڕی یاسر بە هەموو ژیانی قەرزداری ئیسلامە، عومەر لە سەردەمی خۆیدا بە شێوەیەکی تایبەتی و بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو والی کوفە دایمەزراند. بۆیە پێکەوە لەگەڵ ئیبن مەسعود نوێنەرایەتی پاکترین دەستە و تاقمی ئیسلامیان دەکرد، واتا بەبێ پشتبەستن بە لەدایکبوون، کە عومەر دەیویست پێی بگەن و بەرزییان بکاتەوە. ئەوان هەروەك ئەسحابەکانی تر، بگرە لەوانیش زیاتر وایان هەستدەکرد پارێزگاری لە میراتی پێغەمبەرایەتی و میراتی ئەبوبەکر و عوسمان دەکەن. بە شێوەیەکی پراکتیکی، ئەوان هاوەڵانی راستەقینەی پێغەمبەر بوون بەو هۆیەشەوە زۆر رێزییان لێدەگیرا، بەڵام لەبەر ئەوەی راستەوخۆ لە خوێنی قوڕەیشی نەبوون، بەڵکو لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی لاواز و خـوارەوەدا بوون، بۆیە پزیشکەکانی توڕەیی دەسەڵات زۆر بە ئاسانی رووی تێکردن. عوسمان لە بابەتی ناڕەزایەتی و دژایەتیکردنیان بۆ دەسەڵاتەکەی سازشی نەکرد، بۆیە سزایدان و نابووتی کردن. بەڵام ئەو سزادانە بووە یەکێك لە خاڵە دیارەکانی تۆمەتبارکردن و دژایەتیکردنی عوسمان. هەروەها دەشکرێت بڵێین کە ئەو ململانێیە دەربڕینێکی ئەو ناکۆکیە بووە کە دەستیکردبوو بە دانانی ئەسحابەکان لە بەرەوڕووی خەلیفەدا.
لە ساڵی (29ی کۆچی/649-650ی زایینی)دا، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو بە خەزنەداری (بیت المال)ی کوفە، سەرپەرشتیارەکەی بڕێك پارەی لێ قەرز کرد، بەڵام لە دانەوەیدا دواکەوت. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود داوای گەڕاندنەوەی پارەکەی لێکرد، بەڵام سەرپەرشتیارەکە سەبارەت بەو مەسەلەیە چووە لای خەلیفە عوسمان، ئەویش نامەی بۆ عەبدوڵڵا نوسی و پێیوت: «تۆ تەنیا خەزنەدارێکی ئێمەیت». عەبدوڵڵا بەوە نیگەران و بێتاقەت بوو، لە وەڵامدا وتویەتی: ئەو

پێیوایە خەزنەداری موسڵمانانە، نەوەك خەزنەداری عوسمان و خانەوادەکەی، بۆیە کلیلەکانی بۆ فڕێدا و دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت، بەڵام دواجار هەر لە کوفە مایەوە و دەستیکرد بە ئاشناکردنی خەڵك بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام، بەو شێوەیەش ئەستێرەی عەبدوڵڵا لە بواری ئاینیدا گەشایەوە و توانی چەندین لایەنگرو مورید لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە کوفە بووە دامەزرێنەر و رابەری رەمزیی ئایندەی قوتابخانەی (فیقە و حەدیس). لە بواری فێرکردندا جۆرێك لە رەخنەی شاراوە و ناواخن پەیڕەو دەکرا، کە ئاماژەی دەکرد بۆ کارو رەفتارەکانی خەلیفە عوسمان، کە بە رای ئەو بیدعە یان داهێنانێك بوو شایەنی سەرکۆنەکردن بوو بە بەراورد لەگەڵ بنەماکانی سوننەت و ئایینی پتەودا. عوسمان بانگهێشتی عەبدوڵڵای کرد بۆ مەدینە و بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ئەشکەنجەیدا. دوایی ناڕەزایەتییەکان لە هەموو لایەکەوە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە پەرەیان ستاند، بە تایبەتی لەلایەن عائیشە دایکی ئیمانداران و هاوسەری پێغەمبەر و عەلی کوڕی ئەبو تالیب. رێگە بە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود نەدرا مەدینە جێبهێڵێت، بۆیە زۆر رقی لە عوسمان هەڵسا، بەڵام دواجار ئیهانەکردن دادی نەدا. عوسمان لایخۆیەوە رایگەیاند کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود خوێنی حەڵاڵکردووە بۆیە سزایداوە، بەڵام دواجار کوڕی مەسعود لە ساڵی (32ی کۆچی/652ی زایینی)دا کۆچی دواییکرد و وەسیەتی کرد کە رێگە نەدرێت عوسمان نوێژی مردوو لەسەر تەرمەکەی بکات.

چیرۆکی (عەمماری کوڕی یاسر)یش زۆر لە چیرۆکی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەچێت. عوسمان رێگەی بە خۆیدا خشڵ و زێڕ لە (بيت المال) بۆ خێزان و خانەوادەکەی ببات، هەر بۆیە ئەم بابەتە ئەسحابەکانی زۆر توڕە کرد و بووە باس و خواسی سەر زمانی خەڵکی. بەڵام دواتر عوسمان بە دەنگێکی بەرز و بە توندی هاواری کردو رایگەیاند کە ئەوە مافی خۆیەتی و بەکاری دەهێنێت، لە بەرامبەریشدا گلەیی و ناڕەزاییی زۆر بەرپا بوو. یەکێك لەوانەی ناڕەزایی

دەردەبڕی عەماری کوڕی یاسر بوو، دەستگیریان کرد و بە شێوەیەکی توندو نەشیاو سوکایەتی پێکرا، بەڵام هەر لەوێدا ئەسحابەکان و هاوسەرەکانی پێغەمبەر «دایکانی باوەڕداران» ئەو کارەیان پێ قبوڵنەکرا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە عائیشە قژی پێغەمبەر و پێڵاوەکانی نیشانی خەڵکیدا و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و وتی: «مەخابن سوننەتی پێغەمبەر لە دوای خۆی پشتگوێ خراوە». بارودۆخی ناڕەزایی و بێزاری لە لوتکەدا بوو. ناڕەزاییەکانی بەنی مەخزوم  کە عەممار لەپشتیان بوو، گەیشتە ئەو رادەیەی کە هەڕەشەیان لە عوسمان کرد بەوەی کە ئەگەر براکەیان بمرێت لەجیاتی کەسێکی گرنگی ئومەوی دەکوژن. ئەوەبوو کێشەی عەممار چارەسەرکرا و ئازاد کرا، بەڵام بوو بە یەکێك لە سەرسەختترین دوژمنەکانی عوسمان. لە دواییشدا خەلیفە بۆ ئەوەی نێوانیان ئاسایی و هێور بکاتەوە ناردی بۆ میسر، چونکە عەممار یەکێکبوو لەو کەسانەی کە زۆرترین قین و هەستی ناڕەزایی لە دژی عوسمان دەوروژاند.

بە راستی عوسمان لە دوای رووداوی دوورخستنەوەی ئەبی زەڕی غەفاری، جامی تورەیی خۆی بە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەممارى کوڕی یاسر هەڵڕشت، بەوەش رایەڵەکانی برایەتی هەڵوەشاند کە لە نێوان ئەسحابەکاندا هەبوو، جگە لەوەش بە شێوەیەکی مەترسیدار دەستدرێژی کردە سەر رابردو و پارێزبەندی و پێگەیان وەکو سەرکردە و پێشەوای ئاسایی باوەڕداران. بەمشێوەیەش بە تایبەتی کارەکانی بوونە هۆکاری لەناوبردنی بناغەکانی شەرعیەتی دەسەڵاتەکەی. ئەوە راستە کە عوسمان نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەو هاوەڵانە ببێتەو کە پێگە و پێشینەیان زیاتر و بەهێز بوو، وەك عەلی و تەڵحە و زوبێر، بۆیە روویکردە دەستنیشانکردنی هەندێکی لاواز لە نێوانیاندا، بەڵام دەرئەنجامی ئەوە زۆر بە قورسی لەسەر کەوت و بێزاری و تورەییەکی زۆری لەناو کۆمەڵی هاوەڵان و جەماوەری موسڵماناندا بەدوای خۆیدا هێنا. سەرەڕای ئەوەش، ئەو کارو کردەوانەی بە لادان، توندوتیژی و داپڵۆسین، ستەمکاری و دەرچوون لە داب و نەریت و ئادابی سیاسی ئیسلام

دەدرانە قەڵەم. عەقڵیەتی پادشایەتی، گرنگیدان بە خزمخزمێنە، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، چەوساندنەوە و ستەمکاری، کۆمەڵێك بوون لەو تانە و تۆمەتە سەرەکییانەی کە رئاراستەی عوسمانی کوڕی عەفان دەکران و لەو رووداوەدا کورتبوونەوە کە تێیدا نارەزایی دەربڕین پێویستی بە توندوتیژی نواندن هەبوو، بەکارهێنانی توندوتیژیش پێویستی بە پانتاییەکی زیاتری نارەزایی هەبوو.

# کوفە: هەڵچوونی سامناکی جەنگاوەران

چۆنچۆنی هەستی رق و کینە لە ویلایەتەکان، لە کوفە و بەسرە و (الفسطاط) لە دژی عوسمان دەرکەوت و تەشەنەیکرد؟ چۆن ئەو رق و کینەیە لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لۆکاڵیدا رێگەی خۆی دۆزییەوە؟.

جەنگاوەرە عەرەبە موسڵمانەکان کە لەو سەردەمەدا جگە لەوان موسڵمانی تر نەبوو، لە روانگەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا وەك دورگەیەك وابوون کە دەوری بە عەجەم و بێباوەڕەکان تەنرابوو. بە تەنیا ئەوان بوون کە ئوممەتیان پێکدەهێنا. وڵاتەکانی خۆیان جێهێشت بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەی گەورەی نوێدا بژین کە لە کوفە و بەسرە و ئەلفستات بۆیان درووستکرا، یان بۆ ئەوەی کە بەشێك لە شارە دێرینەکان لە سوریا، وەك دیمەشق و حومس و شارەکانی تریش ئاوەدان بکەنەوە. لە دورگەی عەرەبیش شاری مەدینە پڕ ببوو لەو قورەیشیانەی کە هاتبوون و تیایدا نیشتەجێبوون، هەروەکو چۆن پڕ بوو لە کۆچکەرە دەشتەکییەکانی حیجاز. بەوەش ببووە شارە هەرە گەورەکەی دورگەی عەرەبی و ناوەندی سەروەت و سامان و دەسەڵات. لەپاڵ ئەوەشدا مەککە و تائیف و شارەکانی یەمەن و هەموو روانگەکانی تری عەرەب، وەك ئەوە وابوو خەوییان لێکەوتبێت، لەبەر ئەوەی کە هەموو وزەی عەرەبایەتی رویکردە دەرەوە، بە تایبەتی شاری مەدینە. لەوێدا مێژوویەك دروستدەبوو، ئیسلام گەشەیدەکرد. بەڵام لە کاتێکدا کە هێزی سەربازی

– جەنگیی لە کوفە و بەسرە و ئەلفستات و شام کۆببۆوە، لە شاری مەدینە ئەرەستۆکراتی هاوەڵانی ئیسلام درووست ببوو، قورەیشیش لەناویدا دەژیا، خەلیفەش هەر لەوێ بوو، لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەری خوا. ماڵی کۆچ (دار الهجرە) بە کەشێکی روحانی دەورەی درابوو، دەسەڵات تیایدا کۆکرابۆوە، چونکە ئەو دڵی ئیسلام بوو کە بەردەوام لێی دەدا.
کوفە تایبەتمەندی لە ئامێزگرتنی جەنگاوەرانی فەتحی عێراق و تێکشکێنەرانی دەوڵەتی ساسانی پێدرابوو، بۆیە جەنگاوەرانی (اهل الایام) لەوێ گیرسانەوە، ئەوانەی کە یەکەمین کەس بوون بەسەر ئەسپەکانیانەوە پێیان لەسەر خاکی عێراق دانا و لە ساڵی (12ی کۆچی)دا لە فەتحکارە پێشینەکان بوون. هەروەها جەنگاوەرانی شەڕی قادسیە کە رووبەڕووی سوپای فارسی بوونەوە و تێکیانشکاند و سەربەرزانە پەلاماری (مەدائن)یان دا، هەر لە کوفە نیشتەجێبوون. خەڵکی کوفە بە هاوکاری لەگەڵ کۆچبەرە تازەکان و هەندێك پاڵپشتی و هاوکاری لە بەسرەوە توانیان لە شەڕی نەهاوەند لەناو جەرگەی خاکی ئێراندا تەخت و تاراجی دەوڵەتی فارسی بە تەواوەتی بڕوخێنن. لە کاتێکدا کە میسر و بەسرە، تەنیا کۆچبەرانی خۆرهەڵاتی دورگەی عەرەبیان لێبوو کە خاوەنی هیچ نەبەردیەکی جەنگیی نەبوون. بەسرە لەو سەردەمەدا لە قۆناغی دامەزراندندا بوو، میسریش وڵاتێکی هەژار و کەمدەرامەت بوو، خاوەنی بنەمایەکی بیناسازی گەورەش نەبوو، بەڵام کوفە هەموو نەبەری سەربازی و سامانی زەوی تێدا کۆببۆوە، واتا سامانی عێراق. لە وڵاتی شام جەنگاوەرانی یەمەنی و حیجازی و توهامییەکان نیشتەجێبوون، ئەوانەی کە لە کاتی هەڵگەڕانەوە و یاخیبونیشدا دڵسۆزانە لەگەڵ ئیسلامدا مانەوە، بەڵام زۆرینەیان سەر بە هۆزو خێڵە دەشتەکیە جەنگاوەر و شەرەفمەندەکان نەبوون. بەڵام لە کوفەدا بە شێوەیەکی جیاواز، جەنگاوەرە عەرەبە پێشینەکان، ئەوانەی کە لە سەرکەوتنەکانی فەتح پێش هەموو خەڵك کەوتن و بە (اهل الایام) ناسراون، لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەڵگەڕاوەکانی پێشوو کە

تۆبەیان کردو بەشدارییان لە شەڕی قادسیەدا کرد، پێکەوە دەژییان. بە تایبەتیش لەبەر ئەم هۆکارە بوو، کە نوێنەرایەتی گەورە هۆزە شەرەفمەندەکانی یەمەن و مەزەریان دەکرد، وەك هۆزەکانی (مزحەج، کندە، تەمیم، ئەسەد). هەر لەبەر ئەوەش بوو کە عومەر جار لەدوای جار شاری کوفەی بە (سەری ئیسلام) یان (کەللەسەری عەرەب) ناوزەد دەکرد، چونکە پێکەوە ئەرەستۆکراتی عەرەبی کۆچەری و جەنگاوەرانی پێشینەی ئیسلام و سەردەستەکانی بزووتنەوەی مەزنی فەتحی لە ئامێز گرتبوو. واتا ئیسلام و عروبە بە توندی لە کوفە ئاوێتەی یەکتری ببوون.

لە سەردەمی عومەردا، بە راستی کوفە لەناو جیهانی پێشووی ساسانیدا ببووە سەنتەرێکی گەورەی هێزی سەربازی عەرەبی و بارەگای هێزی عەرەبی بوو. ئەرکی کوفە تەنیا بریتی نەبوو لە پاراستن و شەونخونیکردن لەسەر دیجلە و فورات، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش ببووە بنکەی هەموو تەدەخول و دەستێوەردانە عەرەبییەکان لەناو خاکی ئێران. ئەو سوپایانەی لە شەڕی یەکلاکەرەوەی نەهاوەند بەرەنگاری فارسەکان دەبوونەوە، لە کوفەوە دەرچوون، بەڵکو لە بنەڕەتدا خەڵکی کوفە بوو و دەستیان بەسەر ناوەڕاست و باکوری ئێراندا گرت، هەر لە میدیا تاکو قوم، لە جرجان تا تەبەرستان و ئازەربایجان. بەو پێیەش کوفە هەموو ئەو ناوچەیەی گسك لێدا کە ئەرکی چاودێریکردنی لە ئەستۆدا بوو. لە سەردەمی عوسماندا، کوفە تەنیا پێگەی خۆی قایمتر دەکرد، بەردەوامبوو لەسەر فەتحکردنی ئەو ناوچانەی هاوسنوری دەریای قەزوین بوون. بۆیە نەیتوانی رووبەرێکی زۆری زەوی بخاتە ژێر رکێفیەوە، بە تایبەتی خوراسان کە لە ساڵی (31ی کۆچی) دا لە ژێر رکێفی دەرچوو خرایە ژێر دەستی بەسرە. بەسرە تا ئەو سەردەمەش تەنیا ناوەندێکی سەربازی لاوەکی بوو، تەنیا هاوکاری و یارمەتی کوفەی دەدا بۆ فەتحکردنی ناو دڵی ئێران و تێکشکاندنی دوایین هێزی ساسانییەکان، بەڵام

بەسرە لە سەردەمی عوسماندا ناخی هێزی خۆی تەقاندەوە[15]. لە سایەی والی ئیبن عامر، کوفە بە باڵە تایبەتیەکانی خۆی فڕی و لە ساڵی (31ی کۆچی/651 652-ی زایینی)دا توانی پێشکەوتنێکی شایستە لە وڵاتی فارس، لە کرمان و سەجستان و خوراسان بەدەستبێنێت. بەو شێوەیە توانی دەستبگرێت بەسەر بواری تایبەت بە خۆی و چەندین ناوچە و شوێنی گەورە کەوتنە ژێر دەستی و دەستکەوت و غەنیمەی زۆری چنگ کەوت، ئیتر لەو کاتەوە بەسرە بووە رکابەری کوفە. دەکرێت بڵێین سەردەمی خەلافەتی عوسمان بۆ بەسرە کاتێکی خۆش بوو، بەڵام کوفە نەیدەتوانی دەستکەوتی زۆری چنگ بکەوێت و سنوری پێگەی فراوانتر بکات، بەڵام دەستکەوتی پێشووی و رابردووی شکۆداری سەربازی، هێشتا لە سەردەمی عوسماندا کوفەیان وەکو ناوەندێکی گرنگ و سەرەکی لە عێراق بە هێزو بەهاکەیەوە هێشتبۆوە.

لە ساڵی 24ی کۆچی عوسمان ئامۆزا ئومەوییەکەی (وەلیدی کوڕی عوقبە)ی کردە والی کوفە، کە بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی دێماگۆجییانەوە خەڵك بە درێژایی (5) ساڵ خۆشیان دەویست، چونکە بەشێك لە بەخشین و بەروبومی بەسەر هەژاراندا دەبەخشیەوە، بە تایبەتیش بەسەر کۆیلەکاندا. هەروەها دەوترێت هەڵساوە بە دابەشکردنی سامان بەسەر کۆچبەرانی تازە و رەوادفەکاندا کە لەو سەردەمەدا روویاندەکردە کوفە. سەرگوزشتەیەك هەیە دەڵێت: «وەلید لە هەموو کەسێك خۆشەویستتر و بۆ خەڵك بە بەزەییتر بووە». هەروەها سەرگوزشتەیەکی تر دەڵێت: «بە گشتی خەڵك لەگەڵ ئەلوەلید بوون، بەڵام خەڵکی تایبەت لە دژی بوون». ئەلوەلید خێرو خۆشی بۆ خەڵك هێنا، تەنانەت چاکە و خێراتەکانی ئەو بەسەر کەسانی بندەست و کۆیلەکاندا دابەشدەکرا». بە شێوەیەکی خێڵەکی بەو پیاهەڵدانانەی ئەلوەلید سەرسام نین، چونکە سەرجەم والییەکانی عوسمان وا خۆیان نیشاندەدا کە کەسانی ئیداری و باشن، لەوانەش وەك موعاویە و ئیبن

15- ئەبو موسا هەر لە سەردەمی خەلیفە عومەرەوە بەشداری فتوحاتەکانی وڵاتی فارسی کردووە.

عامر، یان سەعیدی کوڕی ئەلعاص و ئیبن ئەبی سەرح. ئەوانە کارەکانیان بە چاکی بەڕێوە برد. بەڵام تایبەت دەربارەی ئەلوەلیدی کوڕی عەقبە لە کوفە، ڕووداوێکی بچوك هەیە، کە تاوانە لە مافی گشتیدا، هەر ئەوەش بوو هۆکاری ڕووداوەکانیساڵی (30ی کۆچی/650ی زایینی). کارێکی دزیکردن ڕوویدا پاشان کوشتنی لێکەوتەوە و بکوژەکان دەستگیرکران، کە بریتیبوون لە چەند گەنجێك کە والی دادگاییکردن و لەسێدارەیدان، بەڵام خانەوادە و کەسوکارەکەیان ئەوەیان قبوڵ نەکرد.

لێکدانەوەی ئەو بابەتە بەلامانەوە ئەوەیە کە ئەو عەرەبە شارستانیانەی بە ڕەچەڵەك کۆچەری و دەشتەکی بوون بە ئاسانی پەرچەکرداری ئاوەهایان پێ هەرس نەکراوە، واتا لە ڕێگەی دەستوەردانی دەسەڵاتی گشتی و ڕۆڵی دەوڵەت لە دادوەریکردن لە مەسەلەی خوێندا. دواجار باوکانی گەنجە لەسێدارە دراوەکان بە شێوەی شەخسی بوونە دوژمنی ئەلوەلید ئیبن عامر و چاودێرییان دەکرد و هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێیان هەڵدەگرت بۆ ئەوەی بتوانن تۆڵەی لێبکەنەوە و ئازاری بدەن. ئەوانە کەسانی نەناسراو نەبوو، بەڵکو چەند پیاوێکی ناسراو بوون، لەوانەشە لە دەستەی (اهل الایام) بووبن. لە هەموو حاڵەێکدا ئەوانە بە توندی ئەهلی ئیسلام و خوداپەرستی بوون، پێداگرییان دەکرد لەسەر دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی ئەلوەلید، بە دیاریکراویش نەرمی لە بەرامبەر ئایین. ئەلوەلید کەسێك بوو دەیخواردەوە و سەرخۆش دەبوو، تا درەنگانی شەو لەگەڵ شاعیرێکی مەسیحی، کە موسڵمان ببوو دەمایەوە و گفتوگۆی دەکرد، هەروەها حەزی بە کاری سیحرو جادو دەکرد، بۆیە هەرزوو توانیان داوێکی بۆ بنێنەوە و شوێنی هەنگاوە هەڵەکانی بکەون. ڕۆژێکیان والی زیاتری خواردبۆوە و بە سەرخۆشی ڕێگەی بەخۆیدا بە شێوەیەکی کاڵ و کرچ نوێژ بکات، ئەوانەش کە لە دژی بوون توانیان ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەربێنن. بە کورتی بەوە ئابڕووی چوو. زۆربەی سەرچاوەکان دەڵێن ئەلوەلید بە سەرخۆشی و بێئاگایی چەند ڕەفتارێکی

بەرامبەر کرا کە جێگەی قبوڵکردن نییە. بەڵام لەولاوە شمشێرێك هەبوو کە هەوڵیدەدا لاپەڕەکەی سپی بکاتەوە وەها لێکیبداتەوە کە ئەو بابەتە تەنها داوێکی بێبەها بووە لە دژی ئەلوەلید. دوای رووداوەکە شاندێك لە کوفەوە رۆیشت بۆلای خەلیفە بۆ ئەوەی رووداوەکەی پێ رابگەیەنن، شاندەکە بە تۆمەتی خواردنەوە و سەرخۆشبوون لە دژی ئەلوەلید شاهیدییان دا.
عوسمان لە بەرامبەردا جۆرێك لە بەرەنگاری پیشاندا، دوودڵ بوو لە رادەستکردنی براکەی لە دایکیەوە بۆ جەڵدکردن و لێدانی حەد، کە سزایەکی جەستەییە بەپێی قورئان سەپێنراوە بەسەر هەر کەسێکدا کە بخواتەوە، هەروەها لە قەدەغەکراوەکان و سنوری خودا کە سازشی لەسەر ناکرێت، بەڵام لەژێر فشاری عەلی و ترسان لە دەرچوونی خەڵکانی تریش دواجار ملیدا بۆ سزادانی، عەلی بە دەستی خۆی سزایدا، ئەوەش زۆر جێگەی سوکایەتی بوو. ئەوە وێنایەکی دراماتیکی بوو کە عوسمانی بە خەمباری و ئازارچەشتوو لە بەرامبەر عەلیدا نیشاندا کە داکۆکیکار بوو لە سنورەکانی خودا و لەو بابەتانەدا گرنگی بە پەیوەندی و وابەستەیی خوێن و خزمایەتی و هاوڕێیەتی نەدەدا. ئەلوەلید لە پۆستەکەی دورخرایەوە و سەعیدی کوڕی ئەلعاص، کە ئومەوییەکی تر بوو لە شوێنی دانرا. سەعید لەلایەن خەلیفە عومەر لایەنگری و پشتیوانی دەکرا و لە بارەی ئایینەوە کەسێکی بەتوانا بوو. چیرۆکی بەسەرهاتی ئەلوەلید یەکەمین سوکایەتی بوو کە بەرەوڕووی عوسمان کرایەوە، چونکە بە ئاشکرا بەسەریاندا سەپاند و بەبێ چاوپۆشی لێکردن سوکایەتی بە والی و براکەی بکرێت و سزا بدرێت بە جەڵدکردن، کە یەکێکە لە سنورەکانی خودا و قەدەغەیە دەستی بۆ ببرێت. هەروەها ئەو رووداوە یەکەمین سیمای ناڕەزایەتی دەربڕین بوو، کە بەپێی شەرع و یاسا چەسپێنرا. راستە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ خەلیفەی نەکردە ئامانج لەبەر ئەوەی کە تەسلیمی حوکمەکەی بوو، بەڵام کەسێکی زۆر نزیکی خەلیفەی کردە ئامانج. عوسمان بە ناچاری گوێڕایەڵی حوکمەکە بوو، چونکە ئەو سکاڵایەی لە بەرامبەریدا بەرزکرایەوە تەنیا هی رای

گشتی نەبوو، بەڵکو شەرعی خودا بوو کە لە سەرووی هەموانەوەیە و بوارێك نییە بۆ خۆدزینەوە لێی.

راستە کە ئەلوەلید ئەرەستۆکراتێکی لیبراڵی و سەخی تەبیعەت و والیەکی باش و دادپەروەر بوو، بەڵام کێشەی لەگەڵ ئیسلامدا هەبوو، تەنانەت هەندێك لە بەسەرهاتە گێڕدراوەکان راستەوخۆ بە دەقی قورئان تۆمەتباری دەکەن. با بڵێین کە ئەخلاقیاتی ئیسلامیانە نەبوو، لەگەڵ نەریتە توندەکانی ئەو سەردەمەدا کە ئیسلام بە قووڵی وێنایکردبوون، وێکنەدەهاتەوە. لانیکەم دانانی کەسێکی بەو شێوەیە بە سەرۆك و والی کوفە ژێری سیاسی تیادا نەبوو، لەوەش زیاتر چاودێری نەکردنی کارو کردەوەکانی حیکمەت نەبوو. ئەوانەی کە دوایەتی (ئەلوەلید)یان دەکرد سەر بەو بژاردە تایبەتە ئیسلامیە ناخێڵەکیە بوون کە خۆشیان نەدەویست. جوندەب کە یەکێك لەوان بوو، بۆ ماوەیەکی کورت هاوەڵێتی پێغەمبەری کردبوو، بە (جندب الخیر) ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو گلەیی و ناڕەزایەتیەی لەسەر ئەلوەلید هەبوو، ئایینی و کۆمەڵایەتی بوو. ئایینی بوو بەهۆی ئەخلاقی و رابردوویەوە، کۆمەڵایەتیش بوو بەهۆی ئەو سیاسەتە دێماگۆجییەوە کە پەیڕەویدەکرد بۆ نزیکبوونەوەی لە کۆچبەرانی تازە و هەژاران و کۆیلەکان. ئەو گروپە بچوکەی کە دژایەتیان دەکرد، بێگومان سەر بە دەستەیەکی بژاردەی کۆمەڵایەتی بوون، کە هەستیان کردبوو لەڕووی مەعنەوەیەوە لەو سیاسەتەی والی زیانیان بەردەکەوت. هەرچەندە وەك سەرچاوەکان پێمان دەڵێن کە ئەلوەلید ناوی کۆیلەکانی لەسەر لیستی توێژە موستەحەقەکان زیاد کردووە، بەڵام ئەوە هیچ شتێکی لە بەرژەوەندییەکانی سەییدەکان کەم نەکردەوە، بەڵام ئەو دەستەیە وا هەستیان دەکرد کە لەلای والی و دامەزراوەی دەوڵەت پێگەیان لاوازە و بەهۆی گرنگیدان کۆچبەرە تازەکانەوە ژێرپێ کەوتوون.

سەعیدی کوڕی ئەلعاص لە ساڵی (30ی کۆچی/650ی زایینی) وەك جێگرەوەی ئەلوەلید دەستبەکار بوو، بە شێوەیەکی رەمزی دەستیپێکرد و بڵنگۆی مزگەوتی

شوشت تاوەکو ژەنگی ئەلوەلیدی لەسەر لابەرێت. پاشان راپۆرتێکی دەربارەی رەوشی شاری کوفە لە سایەی ویلایەتکردنی ئەلوەلید بۆ خەلیفە نارد، بەڵام ئەوە چ سودێکی هەبوو؟

سەعید لە راپۆرتەکەیدا نوسیویەتی:»رەوشی ژیانی خەڵکی کوفە تێکچووە، خەڵکی شەرەفمەند و بنەماڵەکان و خاوەن رابردوو پەراوێز خراون، ئەوەی لەو وڵاتەدا باڵادەستە رەوادف و کۆیلەی و ئەو کۆچەرییانەن کە هاتوون». عوسمان لە وەڵامدا بۆ نوسی: «رێز لەوانە بگرە کە خاوەنی پێشینەن و خودا ئەو وڵاتەی پێ بەخشیون، با ئەوانەش کە بەهۆی ئەوانەوە بۆی هاتوون ببنە وابەستە و تابعیان، تەنیا بۆ ئەوانە نا کە لە ئاست حەق لادەدەن، شەونوێژیان واز لێهێناوە و ئەوانی تر  ئەنجامی دەدەن. پێگەو پایەی هەموان بپارێزە و مافی هەمووان بدە، چونکە ناسینی خەڵك دادوەری دەردەخات». سەعید ناردی بەدوای کەسایەتی و پیاوماقوڵانی ناو خەڵك لە تاقمی (اهل الایام) و جەنگاوەرانی قادسیە و پێیوتن: «ئێوە پێشەنگی ئەوانەن کە لە دواتانەوەن، پێشەنگیش دەربڕی جەستەیە، ئەوەی پێویستە بیڵێن».

لەم دەقەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە کوفە لە قۆناغی دوای رۆیشتنی ئەلوەلید لە بارێکی نیمچە پاشاگەردانیدا دەژیا، چونکە زۆر بەهێز کەوتبووە ژێر کاریگەری چەند شەپۆلێکی نوێی کۆچبەران، لەو عەرەبە دەشتەکییانەی لە چوارچێوەی سیستمی بەخشیندا رێکنەخرابوون. ئەوانە لە رووی زۆری ژمارەیانەوە دەستییان بەسەر کاروبارەکاندا گرتبوو، پێدەچێت سیاسەتە دێماگۆجییەکانی ئەلوەلید ئیبن عوقبە تا رادەیەك لەپشت ئەوە دەرئەنجامەوە بێت. بونیادی کوفە هەڵوەشابۆوە، بۆیە نە خانەدانەکانی سەر بە تایپی خێڵەکی و نە کۆمەڵی خاوەن پێشینەی جەنگیی، هیچیان نەیانتوانی ئەو کۆمەڵگەیە لە قاڵببدەن کە لە دەسەڵاتیان دەرچوبوو. ئەو کۆمەڵە لەڕووی ژمارەیانەوە لەلایەن زۆرینەوە ژێرپێ خرابوون و لەبیر کرابوون، ئەو زۆرینەیەی کە پشتی بە بنەمای خێڵەکی نەدەبەست تاوەکو

گوێڕایەڵی خانەدانەکان بن نەوەك بنەمای ئیسلامی کە لەسەر جیهاد بونیاتنراوە. لەو سەردەمەدا کوفە بەدەست زۆری کۆچکردنی ناڕێکخراوو لەڕادە بەدەرەوە دەیناڵاند. سیاسەتی عوسمان و سەعید لەسەر بونیاتنانەوەی هەرەمیەت و درووستکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی بەهای بنەمای تایبەتمەندی ئیسلامی پێداگری دەکرد، لەجیاتی پێداگری کردن لەسەر بنەمای شەرەفمەندی خێڵەکی، ئەوەش گەڕانەوەیەك بوو بۆ سیاسەتی عومەر.

ئەو هەنگاوە کاردانەوەیەکی ئیسلامخوازی بوو لەسەر فۆرمی بژاردەیی: پشتبەستن بە کۆمەڵی (اهل الایام) و قادسیە، لەگەڵ کۆکردنەوەی قورئانخوێنان لە دەوری والی. ئەمە بۆچی؟ چونکە ئەوە تاکە ڕێگە بوو بۆ جڵەوگیرکردنی ئەو پاشاگەردانیەی تێکشکێنەرە، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵەیە لە هەموان توندترو چالاکتر و خاوەن پێگەو پایە بوون. ئەو پیاوانەی کە (ئەلوەلید)یان تۆمەتبار کردو گەیشتنە ئاکامی دورخستنەوەی لە پۆستەکەی، سەر بەو کۆمەڵەیە بوون. لە بەرامبەر سیاسەتی دێماگۆجیەت و گەوجاندنی ئەلوەلید، وا بە چاك زانرا کە بژاردەی ئیسلامی بانگهێشت بکرێت و هانایان بۆ ببرێت و ڕێزو پێگەیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. ئەوەبوو لەپێناو هێورکردنەوەی گلەیی و ناڕەزاییەکان، ژمارەیەکی دیاریکراو لە کۆچبەرانی نوێ خرانە ریزی ئەو بژاردەیەوەی کە ئەهلی بەخشین بوون، بەڵام ئەوانی تر پشتگوێخران، ئەوەش لە بەرامبەردا ناڕەزایەتی و قسەو قسەڵۆکی لێکەوتەوە. قسەو قسەلۆك نەك بە ئاراستەی دژایەتیکردنی عوسمان، بەڵکو بە بۆچوونی من بە ئاراستەی رەخنەگرتن بوو لە دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی. دواتر ئەو توێژە ناڕازییەی دانیشتوان کە لە کەمینەی رەوادف و کۆیلەکان پێکهاتبوو، دەیانتوانی ببنە دەستەیەکی پیلانگێڕی کاریگەر و باش کە زۆر بە ئاسانی دەکرا بەکاربهێنرێت، بەڵام لەو کاتەدا بێ سەرکردە بوون و ئایدۆلۆژیا یەکسانیخوازیەکەیان کەمێك دەنگی دایەوە. هەروەها ئەو ژاوەژاوە هیچ ئایندەیەکی نەبوو، چونکە سیاسەتی ئیسلامخوازی - بژاردەیی کە بە درێژایی سێ ساڵ، واتا تا ساڵی (33ی کۆچی) لە

پارێزگاریکردن لە دۆخی ئاشتی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بوو. ئەو ژاوەژاوەی هەبوو، تەنیا هۆشداریەکی ساختە بوو، ئاشکراشە کە شۆڕش لە دژی عوسمان لەلایەن جەماوەری کۆچبەرە تازە بێبەشەکانەوە بەرپا نەکرا. بێگومان شۆڕش لەلایەن کۆچەری عەرەبی، ئەو کۆمەڵگە کۆچەریە پەراوێزخراو و ژێر پێ خراوەوە نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی جەماوەری و عەرەبیش نەبوو لە دژی ئیسلام، چونکە ئەو ژاوەژاوەی راگەیەنرا، هەمووی روانگەیەکی هەڵە و تێکدانێکی ساختە و تێپەڕیوو بێ سبەی بوو. مەترسیەکە لە شوێنی تر سەریهەڵدا، لەوانەوە بوو کە لەلایەن خاوەن پێشینەکانەوە دەویسترا موجامەلەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوانەی کە زۆر لە والیەوە نزیکبوون: واتا قورئانخوێنەکان.

تاقمێکی تر هەبوو کە دەسـەڵات دەیویست لێیان نزیك بێتەوە، ئەوانیش سەرۆك خێڵە کلاسیکییەکان بوون، یان بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسایەتیە خێڵەکیانەی بەهۆی پێگەیانەوە لە دورگەی عەرەبی خاوەنی زەوی و زار بوون. بینیمان کە عوسمان گۆڕینەوەی زەوی و زاری لەگەڵ خەڵکی مەدینە داهێنا کە بەشدارییان لە شەڕی فەتحکردنی عێراقدا کرد، بەڵام کۆچیان نەکرد. هەروەها بەوە ئاشنا بووین کە ئەو پرۆسەیە بە راستی خزمەتی ئەو جەنگاوەرانەی دەکرد و رێگەی پێدەدان مافەکانیان وەربگرنەوە. ئەو پرۆسەیە بە تایبەتی بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی بەدەستهێنەرانی زەوی لە یەمەن و حیجاز، چونکە بەو پێیە زەوی پڕ دەستکەوت و بەپیتیان لە وڵاتی رافیدەین (عێراق) دەستکەوت. تەڵحە کە لەسەر کۆی بواری ئیسلامی دەژیا، لەم بابەتەدا باشترین نموونەیە. هەروەها سەبارەت بە (مەروان)یش هەمان شێوە دەگوزەرا. هەردووکیان لە قورەیشییەکان بوون، یەکێکیان سەحابیەکی گەورە و لە رابردووشدا خاوەن سامان بوو. بەڵام سەرچاوەکان باسدەکەن کە (پیاوانی خێڵەکان)یش سودییان لەو ئاڵوێرە بینیوە و لە ریزی ئەوانەدا بوون کە شتێکیان هەبوو تا ئاڵوێری پێوە بکەن، کەواتا لە ریزی ئەو خەڵکانەدا بوو کە پێشتر دەوڵەمەند بوون، بە دیاریکراویش لە ریزی

ئەرەستۆکراتی خێڵەکی بوو لە پێش دەرکەوتنی ئیسلام. ئەو دەستەواژەیەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە، بە دەگمەن بەکارهێنراوە، کە بە تەواوەتی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسانە لە روانگەی پێگەی خێڵەکیانەوە سامانەکانیان بەدەستهێناوە، ئەوەش جیهانی خێڵەکی خستە پێشی پێشەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە توندی بزر کراوە لە واقیعێکی ئاوێتە بوو بە ئیسلام، کە لەسەر بنەمای پێوەری نوێ بونیاتنراوە. لێرە تێبینی ئەوەش دەکرێت کە زاراوەی خانەدانەکان بەکارنەهێنراوە یان لەو قۆناغەدا بە کەمی بەکارهێنراوە.

ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا خێڵ و هۆزەکانیان لە کاری سەربازیدا لەقاڵب دەدا، چونکە پێگە و دەسەڵاتیان هەبوو، بێگومان عەقڵەکانیش لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕانیان بەسەردا نایات، بەو پێیەش وا پێویست بوو لە دوای ئەو ماوەیە لە متبوون و پووکانەوەی دژوار، دووبارە هەستنەوە و لەناو هەمان دەوڵەتی ئیسلامیدا رۆڵی خۆیان وەربگرنەوە. وەرچەرخانەکە بە دیاریکراوی لە سەردەمی عوسمان دەورەبەری ساڵی (30ی کۆچی)دا بوو، هاوکات لەگەڵ گۆڕینەوەی زەوی و زارەکان، دانانی سەرکردە سەربازییەکان بۆ فەتحکردنی خوراسان و ئازەربایجان و وەرگرتنی پۆستی والی و سەرپەرشتیار لە ناوچە پاشکۆکانی سەر بە کوفە. لەو کاتەدا کە عوسمان بە شێوەیەکی باڵا سەرقاڵ بوو بە نوێکردنەوەی پێگەی ئەهلی ئیسلام و خاوەن پێشینە، والی کوفە بە بەخشین و رێزلێنان بەسەری دەکردنەوە و دەیکردنە دارو دەستە و راوێژکاری خۆی، هەروەها سەرۆکەکان واتا سەرۆك خێڵەکان دەبوونە خاوەنی موڵك و سامان و پۆستی سەرکردە و دەستکەوتە گرنگەکانیان لە رێگەی رۆڵی خانەدانیی بەخشراو بە ئەهلی پێشینە چنگدەکەوت. لێرەدا نوێگەرەکانی وەك (هایندز) و (شەعبان)، لە دوای ئەوانیش (لیشفلدت)، بەوپەڕی ئاسانی هێمایان بۆ کردووە لە رووی بەستنەوەی نێوان ئەو بابەتە و لێکدانەوەی هەموو ئەو دینامیکیا کۆمەڵایەتیە هەڵتۆقیوە لە شاری کوفە، کە لە هەڵچوون و نائارامییەکانی ساڵی (33 و 34ی کۆچی)دا سەریهەڵدا، دواتر

پەرەیسەند تا ئاستی بەشداریکردنی کوفە لە کوشتنی عوسمان لە ساڵی (35ی کۆچی)دا، یان لەژێر کاریگەری دژایەتیکردن یان بەهۆی کێبڕکێی توندی نێوان سەرۆك خێڵەکان و بژاردەی ئیسلامی و خانەدانەکان/قورئانخوێنەکان.
ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە لەپشت ئەمجۆرە لێکدانەوەیە، درووست هەمان ئەو ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە مێژووییە، ئابوری و کۆمەڵایەتیەیە کە هەبوو. ئەو ئایدۆلۆژیایە بە شێوەیەکی لاوەکی دروستە، بەڵام بە سانایيەکی توندئامێز چڕی و پڕی هەمان گەمەی کۆمەڵایەتی شاردۆتەوە، هەروەها بە جوزئیەتی لەڕادە بەدەری و لە هەموو قوڵاییەکەیدا مشتومڕی هەڵکەوتوو لە نێوان ئایین و سیاسەت ناگرێتەخۆ.
هایندز پێیوایە هاندەرانی چالاك کە لە ساڵی (33ی کۆچی)دا قەیرانەکەیان گەیاندە لوتکە، لەو جەنگاوەرانە کە لە کۆنەوە لە کوفەدا نیشتەجێبوون، پابەند و وابەستەی ئەو سیستمە ئیسلامیە بوون کە عومەر درووستیکرد، جگە لەوەش خاوەنی پێگەیەکی خێڵەکی مامناوەندی بوون، بەڵام سەرۆك خێڵی راستەقینە نەبوون، بەڵکو بە گشتی سەرۆکی عەشیرەتی بچوك و بەشەکانی عەشیرەت بوون، بۆیە پێگە و کاریگەرییان لەسەر کۆی جەماوەر نەبوو. تا ئەو سەردەمە، ئەوان بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆك خێڵە گەورەکاندا کە ئەوانیش لە کۆنەوە لە کوفە نیشتەجێبوون، هەستێکیان هەبوو کە دژایەتی شەپۆلەکانی کۆچکەرە تازەکان بکەن، بەڵام ئاستی چڕی کۆچکردنی درەنگوەخت هاوسەنگی هێزەکانی لە بەرژەوەندی سەرۆك خێڵەکاندا گۆڕی، چونکە بە لێشاو خەڵکی تازەی بۆ دەهێنان، ئەوانەی تەنیا بەپێی ویست و خواستی خێڵەکی دەجووڵانەوە. لێرەوە دوبەرەکی کەوتە نێوان بژاردە (النخبە)وە و پەتای خواست و داواکارییەکی زۆری ئەوانە سەریهەڵدا کە جگە لە ئیدیعاکردنیان بۆ وابەستەبوون بە دۆخێکی ئیسلامیانە، درووست دۆخی پێشینەییان لە جیهاد، هیچی تر لە توانایاندا نەبوو بیکەن، بەڵام هەستی لەدەستدانی پێگە و رێزو تایبەتمەندییان لەلا درووست بوو.
ئەو دەستکەوت و تایبەتمەندییانە بە شێوەیەکی جەوهەری پەیوەندار بوون بە

وەبەرهێنان و بەڕێوەبردنی زەوییەکانی (الصوافي) لە عێراق کە پشك و مافیان تیایدا هەبوو. پرۆسەی گۆڕینەوەی زەوی و زار زیانی پێگەیاندن، چونکە سنوری زەوییەکانی (الصوافي) روونکردەوە و دیاریکرد، کە زەوی و زاری کۆنی تەختی ساسانی بوو. تا ئەو سەردەمەش گومانبردنەکە بەلایانەوە ئاسایی بوو، بەڵام بە راستی ئەوانە تاقمێکی کۆنەپەرست و موحافیزکار بوون، لە پێناو بەدەستهێنانەوەی ئەو دەستکەوتانەیاندا تێدەکۆشان کە پێشکەوتنی بارودۆخەکان دایخوراندبوون. ئەوانە نوێنەرایەتی کەمینەیەکی ئەکتیڤیان دەکرد، بەڵام جگە لە کەمینەیەك هیچیتر نەبوون. بەڵام بیرۆکەی لەسەرکار لادانی عوسمان بەلای زۆرینەوە کە لەلایەن سەرۆك خێڵە میانڕەوەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، هەرگیز بیرۆکەیەکی خواستراو نەبوو.

لێرەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ تۆڕی رووداوەکـان. سەرگوزشتەکان، هەردوو سەرگوزشتەی سەیف و ئەلواقیدی لەلای تەبەری و سەرگوزشتەی رەچەڵەکی خانەدانەکان، کە زیاتر پێکهاتوو رستراوە، چونکە پشت بە بەڵگەی تاك نابەستێت، بەڵکو بە راستی بەرگێکی چیرۆکئامێزانەی بەبەردا کراوە. بەڵام لەو چوارچێوەیەدا و لە رێگەی چەند ئاماژەیەکی پەرشوبڵاوەوە، هەروەها لە رێگەی هەڵقۆستنەوەی زاراوەی بەکارهاتوو یان لە رێگەی هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ناسنامەی کێبڕکێکارەکان، شیکردنەوەکە دەتوانێت بگاتە واتایەك. لە ماوەی سێ ساڵدا، واتا لە ساڵی 30 تا 33ی کۆچی و لە دوای قەیرانی ئەلوەلید، کوفە لە سایەی ئارامی و سەقامگیریدا بوو، بە جۆرێك دەکرێت بگوترێت کە هاوسەنگیەکی جەوهەری بوونی هەبوو بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە والی هەوێنی شاری کوفە کردە نیشتەجێبووە پێشینەکان، لە کەسایەتیە دیارەکانی (اهل الایام) و جەنگاوەرانی قادسیە و قورئانخوێنانی کوفە و ئەهلی زیکر. لێرەدا ئێمە دورین لە سیاسەتە شەعبەوییەکانی ئەلوەلید و لە ترسە گەورەکەی سەر تاقمی تایبەت نەبادا لەلایەن کۆمەڵەوە پەلاماربیان بدرێت. سەرلەنوێ تەوژمەکە لە نێوان دەسەڵات و ئەو بژاردانەدا بەرپا بوو. لیستی ساڵی

33ی کۆچی لەبەردەستماندایە دەربارەی ئەو کەسانەی کە دارودەستەی ئەمیریان پێکدەهێنا، هەروەها ناوی ئەوانەی کە ئەمیر پلەو پێگە و دەستکەوتی زۆری بەسەردا دەبەخشینەوە و دەوڵەت گفتوگۆی بەردەوامی لەگەڵیاندا پێکدەهێنا.
بە شێوەیەکی ورد دەگەڕێینەوە بۆ ئەو لیستانە، لە هەوڵێکدا بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیە سیاسیە (قورئانخوێنان)، کە لە مەودای راستەوخۆدا رۆڵێکی سیاسی گەورەیان گێڕاوە، لە ئایندەشدا بوونە کرۆکی شیعەکان کە لە دەوری عەلی کۆبوونەوە و بزووتنەوەی (الخوارج)یان بەرجەستە کرد. بە دیاریکراوی لە ساڵی 33ی کۆچی، ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵە گرنگ و دیارەکان لە پلەو پۆستی سەرپەرشتیارانی کاروبارەکانی کوفەدا دامەزرێنران. هەرچەندە لە سەرچاوەکانماندا هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆ نییە، لەسەر بۆ هەوڵدان یان ناڕەزایی دەربڕین لە دژی پرۆسەی گواستنەوەی زەوی و زار، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو بارەیەوە وتراوە کە بە رەزامەندی لە نێوانیاندا ئەنجامدراوە، نەك وەکو دژایەتیەك لە بەرامبەر ئەو دامەزراندنانەدا، ئەوەش بوو کە تیۆرەکانی لە بارەی بوونی ململانێ لەنێوان خانەدانەکان و قورئانخوێنان هەڵوەشاندەوە. پێدەچێت ئەوەی کە سەرچاوەکان شاردویانەتەوە لێرەوە بەرجەستە ببێت، لەوانەیە هەستی رق و کینە لە کاتێکدا بوونی هەبوو، شاراوە و ناهۆشیارییانە بووبێت، بۆیە دەربڕینی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە.
گونجاوترین سەرگوزشتە، ئەوەی (سەیف)ە کە پێمان دەڵێت: «ئەوێ رۆژێ، ئەمیر دانیشتنێکی گشتی رێکخست و دارودەستە و دەوروبەرەکەی ئامادەیبوون، قسەو گفتوگۆیان دەکرد، یەکێك لە دارودەستەی سەعید هات کە بە تەواوەتی لە بارەی سەخاوەتی تەڵحە قسەی کرد، کە یەکێکە لە گەورە هاوەڵەکانی پێغەمبەر، کەسێکی دەوڵەمەند بوو لە رێگەی پرۆسەی گواستنەوەی زەوی و زارەوە موڵکی زۆری لە عێراق چنگ کەوت». ئەمیر تێبینی کرد کە ئاساییە کەسێك ئەوەندە موڵك و سامانی هەبێت و خاوەنی سەخاوەت بێت، خۆ ئەگەر ئەویش موڵك و

سامانێکی هاوشێوەی هەبێت وادەکات خەڵك ژیانێکی خۆشگوزەرانیان هەبێت. لەو کاتەدا ئەو گەنجە بە هەڵچوونێکەوە هاواری کردو وتی: «وەڵڵاهی حەزم دەکرد ئەم مەزرایە هی تۆ بێت، واتە ئەوەی موڵکی بنەماڵەی کیسرایە لەوبەری فورات و پشتی کوفەوە».
لەو ساتەدا روداوێکی مەترسیدار بەرپا بوو. کۆمەڵی قورئانخوێنانی چالاك لە دژی ئەو کوڕە گەنجە هەڵچوون و هەڕەشەیان لێکرد، کاری توندوتیژییان لەگەڵدا کرد تا ئەو رادەیەی کە خۆی و باوکیشی کە لەگەڵی بوو بورانەوە. ئەمیر هەوڵیدەدا هێورییان بکاتەوە، سەرلەنوێ بۆی روونکردنەوە کە بابەتەکە پەیوەستە بە گەنجێك کە تەنیا ئاواتێکی خۆی دەربڕیوە. بەڵام لە بەرامبەردا قورئانخوێنان بە قسە بەرپەرچی ئەمیریان دایەوە و بەوە تۆمەتبارییان کرد کە خۆی ئەو کۆمەڵە قسەیەی بە گوێی گەنجەکەدا چرپاندووە. دواتر هۆزی ئەسەد چواردەوری کۆشکیان گرت، دەیانەویست تۆڵەی دوو قوربانیەکە بکەنەوە کە وایاندەزانی مردوون. بەڵام سەعید بە قورسی توانی توڕەییەکان هێور بکاتەوە و ناچار کرا کە فیتنەگێڕان بپارێزێت و لە گێژاوی تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکی دەربازییان بکات. لە راستیدا روداوێکی لەوجۆرە ئەگەر دوو کەسەکە تیایدا بمردنایا بۆی هەبوو زۆر ئاڵۆزتر بێت، بەڵام روداوە مەترسیدارەکە لەو ئاستەدا نەوەستایەوە. ئیتر لێرە بەدواوە سەعید رازینەبوو پێشوازی لە دارودەستە کۆنەکەی بکات، ئەوانەی کە سەرگوزشتەیەکی تر پێماندەڵێت گوایا سەعید بۆ خزمەتی ئیسلام هەڵیبژاردبوون. گروپی هاندەران لە ویلایەت و شوێنەکان پڕوپاگەندەیان لە دژی دەسەڵات بڵاوکردەوە، لە کاتێکدا کە خانەدانەکانی کوفە و پیاوماقوڵانیان دەستپێشخەرییان کرد بە نوسینی نامە بۆ عوسمان تاوەکو لە کوفە دورییان بخاتەوە، ئەوەبوو عوسمان دەریکردن و رەوانەی سوریای کردن و لەوێ موعاویە پێشوازی لێکردن. ئەوانە ژمارەیان (10) کەس بوو، بەڵام هەندێك سەرچاوە و سەرگوزشتەی تر دەربارەی جۆرو وردەکاری بەسەهاتەکان جیاوازن. لەلای ئەلواقدی دیمەنەکە

بریتیە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کە تیایدا خودی والی گڕی ئاگرەکەی هەڵگیرساندووە کاتێك وتویەتی: «ئەم خاکی عێراقە مەزرای قورەیشە»، واتا باخ و موڵکی قورەیشیەکانە، لە بەرامبەریشدا بە شێوەیەکی زبر لەلایەن (الاشتر) پێشەوای گروپەکەوە وەڵامدراوەتەوە: «ئایا پێتوایە زەوییەکانی عێراق کە خودا بەهۆی شمشێرەکانمانەوە پێی بەخشیوین باخ و مەزرای تۆ و قەومەکەتە؟». لێرەوە درامای توندوتیژی تازە بۆوە، قوربانیەکەی فەرماندەی پۆلیسی ئەمیر بوو کە هەوڵیدا لە بارەی ئەو زێدەڕۆییەیان ئاگادارییان بکاتەوە. چیرۆکی وەچەی خانەدانان، هەردوو سەرگوزشتەی پێشوو پێکەوە دەبەستێتەوە، کە باسی عێراق دەکات، واتە کۆی ئەو زەوی و زارە چێنراوانەی عێراق، نەك وەزی (الصوافي) بە تایبەت، کە وایکرد سەعید ئەو قسە ناڕێك و هاندەر و خۆبەلزانانە بکات دەربارەی ئەژمارکردنی عێراق بە مەزرای قورەیش.
کاردانەوەکان بە خێرایی لە دژی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیگوت «ئەمە موڵك و سامانی ئێمەیە کە بە نوکی شمشێرەکانمان فەتحمان کردووە» سەرییان هەڵدەدا و ئەوەش درامایەکی دیکەی توندوتیژی بوو. بەڵام والی خۆی داوای لە عوسمان دەکرد دورییان بخاتەوە و دەیگوت: «من لە کوفە هیچ شتێکم لەگەڵ ئەشتەر و هاوڕێکانیدا نییە کە ناوی خۆیان ناوە قورئانخوێنان، ئەوانە نابووت و نەزانن»، دواتر بەرەو سوریا دوورخرانەوە.
تا ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم دەقە هەڵوەستەم کرد و پێموابوو ئەرکی منە گرنگی بە هەمەجۆری و وردەکارییەکان بدەم، چونکە ئەوە تەنیا دۆکیۆمێنتە لەبەردەستماندا دەربارەی سەرهەڵدانی قەیرانەکە و گرنگە بۆ کێشانی باکگراوندە کۆمەڵایەتی/ ئابورییەکەی کە مێژوونوسانی مۆدێرن لەپاڵ هەموو گۆڕانکارییەکانی دۆخەکەدا پشتیان پێبەستووە. ئەگەر هەیە کە سەرگوزشتەی سەیف رونتر و راستتر بێت، هەروەها ئەگەریش هەیە ناوەرۆك و ترۆپکی ناکۆکیەکە لەسەر زەوی (الصوافي) بووبێت نەك لەسەر زەوییەکانی عێراق بە گشتی. تەنانەت ئەگەر قسەیش

لەسەر عێراق بێت، بەڵام لە فیکری جەنگاوەرە ناڕازییەکاندا چەمکی (الصوافي) بە شێوەیەکی گشتی گرنگ و بابەتێکی هەستیار بووە. بەڵام ئایا بابەتەکە لە مەودایەکی دووردا پەیوەندی هەبووە بە توڕەییەکی خەفەکراو و لە ڕێگەی چەند قسەیەکی بێبەهاوە کە لە دانیشتنێکی شەودا کراوە تەقیبێتەوە، دواییش بواری خۆی بۆ هەڵایسانی فیتنە دۆزیوەتەوە؟ ئەوەی لەو کاتەدا بە هەند وەرگیراوە ئەوەیە کە قورئانخوێنەکان (جەنگاوەران)، بە شێوەیەکی تایبەتی پێیانوابوو کە (الصوافي) وەك موڵکی خۆیان وایە، کە فەتحیان کردووە و غەزایان تیادا کردووە و ویستویانە لە ئایندەدا دەستی بۆ ببەن، هەروەك لە رابردوودا دەستی بۆ براوە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بمانەوێت میسداقیەتێکی دیاریکراو بدەینە ناوەرۆکی ئەو قسانەی لە بەرامبەر یەکدیدا کراون، واتا ئەم قسەیەی دووبارە کراوەتەوە و زۆر پێداگری لەسەر کراوە و بووەتە کلیلی سەرهەڵدانی کێشەکە، ئەویش وشەی قوڕەیش بووە.
رق و کینەکان بەرەو قوڕەیش ئاراستە کرابوون، نەك بەرامبەر خانەدانەکان و سەرۆکانی خێڵەکی شارەکەیان. رووداوی هەرە دیارو پڕشنگدار، کە هیچ گومانی لەسەر نییە، ئەوەیە کە ناکۆکیەکە لەسەر زەوی و زارە کراوەکانی عێراق بووە، واتا لەسەر زەوییەکانی (الصوافي) نەك زەوییەکانی عێراق بە گشتی. لێرە پێویستە ئەوە بێنینەوە بیری خۆمان سەرگوزشتەکەی سەیف کە پەیوەندی بە ساڵی 15ی کۆچیەوە هەیە، وامانلێدەکات پێشبینی بکەین کە ئەو زەوییانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن جەنگاوەرانی (اهل الایام) و قادسیەوە بەڕێوە دەبران، نەك بە تەنیا لەلایەن (اهل الایام)ەوە و لە ڕێگەی کەسانێکی دەستپاك و باوەڕپێکراو داهاتەکانیان لەگەڵ خەڵکی موستەحەقدا دابەشکردووە، جگە لە دابەشکردنی بەخشینەکان.
ئەو موڵك و سامانە زۆر دوور بوو لە دەستی ئەو کۆچبەرانەی کە دواتر هاتوون بۆ کوفە. ئەگەر هەیە کە دەستێوەردانی دەوڵەت لە موڵکی (الصوافي) ئەوە بووبێت

که بۆ نموونە خەلیفە عومەر چەند پارچەیەکی بەسەر میراتگرانی ئەبو عوبێدی ئەلسەقەفی دابەشکردووە، بە تایبەتی لە پرۆسەی گواستنەوەی زەوی و زاردا. بە هەرحاڵ، دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە جەنگاوەرەکان کەسانێکی خاوەن روحیەتی حەقویستی بوون، بەو هۆیەشەوە نەیانتوانیوە مافی خەڵکی مەدینە رەتبکەنەوە کە بەشدارییان لە شەڕەکانی فەتح کردووە. لە لایەکی تریشەوە، ئەوان بە تایبەتی لە دژی باشیەکانی هەبوونی سامان نەبوون، کە پەیوەندار بووە بە لەدایکبوون، کە لە نێوان عێراقییەکاندا بە تەنیا وای لە سەرۆک خێڵ و هۆزەکان کرد لە رێگەی پرۆسەی گۆڕینەوەوە ببنە خاوەنی موڵك و سامان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو سەرۆك خێڵانە بۆ نموونە وەك (الاشعث) مافیان لەو زەوییانەدا هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە لە نێوان خەڵکی خاوەن پێشینە (قورئانخوێنان) و خانەدانانی خێڵەکاندا هەبوو، هیچ جۆرە دوژمنایەتیکی روون و ئاشکرا لە نێوانیان ئەو دوو تاقمەدا بەرچاو نەبوو. لە سەرووی ئەوەوە، جێی سەرنجە کە هەندێك لە قورئانخوێنان بۆ خۆشیان لە خانەدانەکان بوون « خەڵکی گوێرایەڵیان دەکردن» و بە گشتی هەندێك لە سەرچاوەکان بە خانەدانەکان باسیان لێوە دەکەن. ئەگەر بە وردی دەقی سەرگوزشتەی سەیف بخوێنینەوە، تێبینی دەکەین کە باسکردنی حاڵەتی تەڵحە کە ئەسحابیەکی قورەیشیە، گڕی ئاگرەکەی هەڵگیرساندووە، نەك بە نموونە باسکردنی حاڵەتی (الاشعث)، کە پێشتر یەکێك بووە لە تاقمی هەڵگەڕاوەکان و لە پیاوانی کوفە بوو. هەروەها تێبینی دەکەین مەترسیەکە دەربارەی ئەو پڕوپاگەندەیە بەرجەستە بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ قورەیش، ئایا ئەگەر راستە یان ناڕاست، کە گوایا دەیەوێت ببێتە خاوەنی زەوییەکانی (الصوافي) و بیانکاتە مەزرا و باخی خۆی. با بیری خۆمان بێنینەوە کە تەڵحە مەزرایەکی گەورەی بەدەستهێناوە، بەڵام لە خەیبەر بە رێگەی گۆڕینەوە زەوی بەدەستهێناوە، هەروەها مەروان ئەو کەسە ئومەوییەی کە لە عوسمان نزیك بوو، کە جگە لە نزیکی لە خەلیفەوە ئەوەندەی نەبوو تا ببێتە خاوەنی

باخ و دارستان لە زەوییەکانی (الصوافي)، بەڵکو تاکە تایبەتمەندی ئەوە بوو کە قورەیشی بوو. سەرەڕای سیاسەتی عوسمان کە لەسەر بنەمای مەحسوبیەت و خزمخزمێنە درووست ببوو، ترسیان لێی هەبوو کە بە فۆرمێکی دیاریکراو وەکو دەستکەوت و بەخشین هەڵسێت بە دابەشکردنی زەوییەکانی (الصوافي) بەسەر خزمەکانی و کەسە نزیکەکانیدا.

بە دیدی قورئانخوێنان، سەرەتا قورەیش دەوڵەتی عوسمان بوو کە دەستی بۆ مافی ئەوان برد و تایبەتمەندی دایە مەدینەییەکان لە ڕێگەی تەرخانکردنی مافەکانیان، هەروەها تایبەتمەندیشی دایە هەندێك لە قورەیشییەکانی وەك تەڵحە و مەروان. بەڵام تەڵحە، ئەو هاوەڵە دێرینەی پێغەمبەر هێشتا لەبەر دیدی ئەواندا خاوەنی پلەو پایەیەکی تایبەتی بوو. بەڵام قورەیش ئەو بنەماڵە ئومەوییە بوو کە دەیتوانی دەست بەسەر زەوی و زارەکانیاندا بگرێت. ئاشکرایە کە قسەکانی ئەمیر بۆ دڵنیاکردنەوەیان نەبوو کە دەیگوت: «مەزرای عێراق باخی قورەیشە». ئەم قسەیە بە دیاریکراوی ڕەتکردنەوەی بنەمای ڕێکخستنی فەتح بوو، چونکە نکۆڵی دەکات لە هەبوونی مافی شەڕکردن، لە بەرامبەریشدا مافێکی موڵکایەتی رادەگەیەنێت کە سازشی لەسەر ناکرێت. پێشدەچێت قورئانخوێنەکان هەستیان کردبێت کە ئەوە داوێکە ئامانجی دابەشکردنی زەوی و زاری زیاترە بەسەر خەڵکی قورەیشی، سەرەتاش بەسەر والی و ئومەوییەکاندا. قورئانخوێنان لەو بڕوایەدا بوون کە پیلانی نوێ لە دژییان داڕێژراوە لە قۆناغی جێبەجێکردندان. ئەوەشبوو واتای نارەزایی و هەڵگەڕانەوەیان. هەرگیز مەبەستەکە بوونی ناکۆکیەکی نێوخۆیی نەبوو لە کوفە، بەڵکو بوونی ناکۆکی بوو لە نێوان کوفە و دەرەوەیدا، ئەو دەرەوەیەی جارێك خۆی لە مەدینە و جارێکیش لە دەوڵەتی عوسماندا بەرجەستە دەبوو کە لە چەمکی قورەیشدا خۆی نمایش دەکرد. بەردەوام ئەو قسەیان بۆ ئەمیر دووبارە دەکردەوە: «تۆ و قەومەکەت»، بەڵام ئەوە زیاتر بوو لە ترسیان بەرامبەر تەخشان و پەخشان کردنی زەوی و زارەکانیان بۆ بەرژەوەندی قورەیش، بۆیە

مەسەلەکە ڕەهەندێکی سیاسی قوڵی بەبەردا کرابوو: ململانێ و تەقینەوە لە دژی هەژمونگەری قوڕەیش.

ئەم بابەتە لە دووتوێی ئەو مشتومڕەدا کە لە نێوان قورئانخوێنەکان و والی شام (موعاویە)دا ڕویدا، موعاویەی ئومەوی و پیاوی بەهێزی دەوڵەت، زۆر بەهێز خۆی بەرجەستە کرد. بە بۆچوونی من بە شێوەیەکی ئابڕوبەرانە دیالۆگەکە درووستکراو بوو، ئایدۆلۆژیای موعاویە و ئومەوییەکان دەردەبڕێت لە دوای دەستگرتنیان بەسەر دەسەڵاتدا، زیاتر لە دەربڕینی ئەو ئایدۆلۆژیایە کە لە قۆناغی ئێستاماندا باوە. موعاویە دەستیکرد بە قسە لەگەڵیاندا و وتی: «پێم ڕاگەیەنراوە کە ئێوە قسەتان بە قوڕەیش وتوە». دوای ئەوە دەستیکرد بە خوێندنەوەی مێژوو سیاسەتی قوڕەیش و عەرەب و ئیسلام. لە دیدی ئەودا، بناغەی ململانێکە لە بریندارکردنی قوڕەیش لەلایەن عەرەبەکانی ترەوە خۆی دەبینێتەوە، واتا لە میانی مشتومڕی نێوان عەرەب و قوڕەیش بەرجەستە بووە. وەلحاڵ، قوڕەیش بوو هۆکاری گەیشتنی عەرەبەکان بە ژیانێکی نوێ، هەر قوڕەیش بوو لە ڕێگەی ئیسلامەوە یەکیخستن و خاوەندارێتی و ئیمپراتۆریەتی پێبەخشین. هەموو سەرکەوتنەکانی ئیسلام لێرەوە دەخوێندرێتەوە بەو پێیەی گەشەکردنی قورەیشە، هۆزی خودا، هەڵبژاردنی قوڕەیش لەلایەن خوداوە، چونکە خودا لە سەردەمی جاهیلیەتدا لە توندوتیژی و دڕندایەتی دەوروبەر پاراستوویەتی. خودا ئەو ڕێزەی بە چاکترین دروستکراوەکانی بەخشی، پاشان بەخشیە ئەو هاوەڵانەی کە بژاردەی قورەیش بوون، ئینجا موڵك و خەلافەتیشی بەوان بەخشیوە». پاشان وتەبێژی تاقمەکە (صعصعة بن صوحان) سەر بە هۆزی عەبدولقەیس، ئەو هۆزەی لە کۆنەوە نزیکی ساسانییەکان بوو بە توندی ڕەخنەی لە موعاویە گرت و هۆشداری پێدا و سوکایەتی پێکرد. لە دیدی ئەودا، خودا و پێغەمبەر و ئیسلام و ئایین، مەرجەعە گەورەکانن و  بۆ هەموو جیهانن، تەنانەت موعاویەش ناتوانێت خۆی لێیان بدزێتەوە، بەڵام هەموویان لەگەڵ پەیامی مێژوویی قوڕەیش بوو کە خودا

ڕێزی لێناوە، بۆیە بەبێ ئەو پەیامە عەرەبەکانی تر شایەنی باسکردن نین، بەڵام کاتێك هاندەران هێرشدەکەنە سەر قوڕەیش، بە تەنیا پەلاماری ئەوانە نادەن کە کردیانن بە خاوەنی موڵك و تەختن، بەڵکو پەلاماری «دینی خودا»یان داوە.

موعاویە نامەی بۆ عوسمان نوسی و پێیوت: «خەڵکانێك هاتوون بۆ لام هیچ عەقڵ و ئاینێکیان نییە، بەڵکو هەموو خەمیان درووستکردنی فیتنە و بردنی سامانی ئەوانەیە کە لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامدان، ئەوانە لە مانای ئیسلام تێنەگەیشتون، ناشکور و چاوچنۆکن».

موعاویە بەوجۆرە جەوهەری ئیسلام وەکو هێزێکی سیاسی و مێژوویی وێنا دەکات، کە ئەفرێنەری ئوممەت و دەسەڵات و ئیمپراتۆریەتێکە. بەڵام رۆڵی ئیرادیی و جیهادیی و قارەمانانەی پێغەمبەر لە پشت پلانەکانی ویستی خوداییدا کەمێك لە بەرژەوەندی قوڕەیشدا خۆی بەرجەستە کردووە، چونکە رەچەڵەکی پێغەمبەر لە قوڕەیشە، هەر لەوێشەوە ناوەرۆکی ئەخلاقی و غەیبیی پەیامەکە وندەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەمکێکی لەمشێوەیە لە بەرامبەر هەموو دژەکانیدا هەمیشە بۆ ئیسلام دەگەڕێنرێتەوە، بە تایبەتیش ئاسەوارەکانی سەردەمی جاهیلییەت. پێدەچێت خوێندنەوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم دەقە پاڵی بە (عەبدولعەزیز ئەلدوری)یەوە ناوە بچێتە ئەو باوەڕەوە کە ململانێی سەرەکی لەو سەردەمەدا مانای بوونی ناکۆکیی بووە لە نێوان چەمکی خێڵەکی عەرەبی و ئیسلامدا. چونکە راستە موعاویە لەو بڕوایەدا بووە سیستمی هەڵکەوتوو ئیسلامە کە لەژێر هەڕەشەی چەند لایەن و هێزێکی هەڵوەشێنەر و پاشەکشەخوازدایە، ئەوانەی لە روانگەی دۆخی خراپی کەلتوری عەرەبی و لە هەمانکاتدا لە روانگەی کەموکورتی ئیسلامییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

لە راستیدا رەوا نییە کە لۆمەی موعاویە بکرێت، نە لەسەر ئاراستە مێژوویەکەی و نە لەسەر روانینە ئیمپراتۆریەکەی بۆ ئیسلام، بەڵام دەکرێت بە هەستە خێڵەکیە قورەیشیە هەڵگەڕاوەکەی و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ ئیسلام ناوزەد بکرێت،

چونکە پیادەکردنی خێڵەکایەتی نە لەلایەن هاندەران (قورئانخوێنان) و نە لەلایەن ویلایەتەکانەوە بوو، بەڵکو لەلایەن دەوڵەت و سیستمی دەسەڵات و نوێنەرەکانیەوە بوو. ئەو گوتارەی کە خرایە پاڵ موعاویە، ئایا بابەتیانە بووبێت یان نا، گوتاری سەردەمێکی ترە یان گوتاری سەردەمەکەی خۆیەتی، بەڵام چەند پرسێکی سەرەکی دەخاتە روو کە پێویستە کەم تا زۆر لەلایەن پێشەنگەکانی قورئانخوێنانی کوفەوە گفتوگۆی لە بارەوە بکرایا، ئەگەر بە شێوازێکی ناهۆشیار و ناعەقڵانیش بوایا پێویست بوو. لەم چەکەرەیەوە، ئیتر رەگوڕیشەی ئایدۆلۆژیای داهاتووی خەواریجەکان دەستپێکرد، کاتێك بۆمان و روونە و دەزانین کە بانگەشەکانی قوڕەیشی بۆ قەتیسکردنی خەلافەت لە دەستی خۆیدا رەتکردۆتەوە. ئایا لەلای کوفەییەکان بابەتەکە تەنیا پەیوەندی هەیە بە بەکارهێنانی مەحسوبیەت لەلایەن عوسمانەوە کە لەو سەردەمەدا هەموو خەڵك بە ئەسحابەکان و نەوەی ئەسحابە قوڕەیشییەکانیشەوە رەخنەیان لێگرتووە؟ یان پەیوەندیدارە بە شتێکی لەوەش قووڵتر، یان پەیوەندیدارە بە دیدگایی سەرکردایەتیکردنی ئوممەتی ئیسلام وەکئەوەی هەر لە خەلافەتی ئەبو بەکرەوە لەلایەن قوڕەیشییەکانەوە پاوان کرابێت؟ بەو پێیەش بابەتەکە پەیوەندیدارە بە گەڕانێکی هەستەوەرانە بە دوای سەرکردایەتیەکی تازە و دادوەرانەتردا، کە لەسەر چەند پێوەرێکی تر بونیات بنرێت؟ لە رووی مەبدەئی و لە بنەڕەتدا، خەڵکی کوفە هەروەکو خەڵکی بەسرە، هەستیاندەکرد کە زۆر بە پرسی دانانی کەسانی سەر بە بنەماڵەکەی لە پۆست و پایەکاندا لەلایەن عوسمانەوە پەیوەندیدار نین، چونکە دەیانزانی کە قوڕەیشییەکان مافی خۆیانە راسپێردراو بن لەسەر چارەنوسی ئیسلام، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەر و ئەسحابە و هاوەڵە سەرەکییەکانی لە قوڕەیش بوون، بەڵام ئەوانەی لە ناوییاندا زیاتر هۆشیار بوون و دەیانزانی هاوەڵێتی کردنی پێغەمبەر لەبەر ئەوەی کە شەرعی و مێژوویی بوو، بەو هۆیەوە بەسەر سیفەتی خێڵەکی قوڕەیشدا زاڵکرابوو. ئەو هاوسەنگبوونە بۆ هەمووان گونجاو بوو،

چونکە بیروباوەڕێکی عەرەبی و ئیسلامی پێکدەهێنا. هەردوو هاوەڵی قوڕەیشی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کە هاوەڵێکی بەڕێز بوو، لەگەڵ نەوەکەیدا واتا هاشمی کوڕی عوتبە، ئەو دوو کەسە بوون کە سەرکردایەتی کوفەییەکانیان کرد بەرەو سەرکەوتنەکانیان. سەعد بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتی کوفەییەکانی گرتەدەست. هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەمماری کوڕی یاسر لەناو قوڕەیشییەکاندا بە وابەستەیی دڵسۆزی ئاوێتەیان ببوون، چونکە ئەوان بە تایبەتی دوو هاوەڵی بەڕێز و دوو موسڵمانی پاك و بێگەرد بوون.

سەرگوزشتەیەکی گۆشەگیربوو هەیە کە (البلاذري) ریوایەتی کردووە، پێداگری دەکات کە دانانی ئەلوەلید کوڕی عوقبە لە شوێنی هاوەڵی بەڕێز (سەعد کوڕی ئەبی وەقاس) لە ساڵی 24ی کۆچی، کوفەییەکانی توشی شۆککرد، بەڵام دواتر پێی رازیبوون. کاتێکیش ئەلوەلید لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، ئەوە بە هۆی هەڵسوکەوتی شەخسییەوە بوو. لە ساڵی 29-30ی کۆچیدا هیچ سەرکۆنەیەکی ئومەوییەکەی تر (سەعیدی کوڕی ئەلعاص) نەکرا، کە ئەویش خاوەنی هیچ رابردوویەك نەبوو. تێبینی هیچ سکاڵا و گلەییەك لەسەر سەعید و عوسمان ناکرێت، نە بەهۆی دانانی لەو پۆستە و نە بەهۆی نزیکی و خزمایەتییانەوە. لە راستیدا رەخنەگرتن لە مەحسوبیەت و خزمخزمێنە لە مەدینەدا بە قەتیسکراوی مابۆوە لەناو کۆمەڵی ئەسحابەکانی وەك عەلی کوڕی ئەبو تالیب، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، عەمماری کوڕی یاسر و کوڕان و نەوەکانی ئەسحابەکانی وەك محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە. مەسەلەکە وەك ئەوە وابوو پەیوەندیدار بێت بە هەبوونی ناکۆکی لە نێوان قورەیشییەکان، یان لەلایەکی ترەوە پێدەچێت پەیوەندار بووبێت بە بوونی ناکۆکی لەناو روانگەی ناوەندی مێژوویی کۆنی ئەسحابەکان، کە سەرچاوەی بەخشینی دەسەڵات و شەرعیەت بوو. عەرەبەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هەستیان بەوە نەدەکرد کە لەم پرسەدا دەنگیان هەبێت، بەڵکو ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بوو

بریتی بوو لە چارەنوسی تایبەت بە خۆیان: کاروانی جیهادی چاك، دابەشکردنی بەخشین و دەستکەوتەکان و پارێزگاریکردن لەو زەوییانەیان کە بە هێزی شمشێر چنگیان کەوتووە.
ئەوان سنوردارکراو و پابەندبوون بە ئاستی ناوخۆیی (لۆکاڵی)، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە تەقینەوەکەی ساڵی 33ی کۆچی لە کوفە، پەیوەندیدار بگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی ناوخۆیی (لۆکاڵی)، یاخود پەیوەست بووە بەو پاساوە. کەواتا پێش هەر شتێك و بە پلەی یەکەم رق و کینە بەرامبەر قوڕەیش، ترسان بووە لەوەی کە خۆشەویستی عوسمان بۆ ئومەوییەکان بەرەو زەوییەکانی (الصوافي) لە عێراق تەشەنە بکات. بەڵام لەلایەکی ترەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کوفەییەکان هەستیاندەکرد دەسەڵاتەکەی عوسمان، کە لەسەر بنەمای هاوکاریکردنی ئومەوی دامـەزراوە، جگە لە دەوڵەتی خێڵ و دەوڵەتی قورەیش هەرچەندە خێڵی پێغەمبەریشە، شتێکی دیکە نییە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە لێکیان جیا نەدەکردەوە، بەڵکو هەموو مەسەلەکانیان تەنیا لە گۆشەی خێڵەوە دەبینی. چەرچەندە دەسەڵات لە دەستی ئومەوییەکاندا بوو، تەنیا بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە نەك بە حوکمی شەرعیەتی میتامێژوویی و شەرعیەتی هاوەڵێتی، بۆیە لەوەدا پرسەکە پەیوەندیدار بوو بە هەژموونی خێڵێك بەسەر خێڵەکانی تردا، یان تەنانەت هەژمونگەری خێڵ بوو بەسەر موسڵماناندا. لەبەر ئەوەی کە پرس و بابەتەکان لە دوورەوە دەبینران، ئەوە بوو خوێندنەوەی تایبەتیان بۆ مەسەلەی مەحسوبیەت و خۆشویستن کە زۆر بە دیاری لە مەدینە بەرجەستە دەکرا.
لە ئاستێکی تردا، ئایا بابەت و پرسەکان لەوەش دوورتر تەماشایان دەکرا؟ ئایان گومانیان لە شەرعیەتی مێژوویی یان میتامێژوویی هاوەڵە کۆچبەرەکان و شەرعیەتی عوسمان و تەڵحە و عەلی و زوبێر پێکەوە هەبوو؟ بۆ نموونە بە ناوی قورئانەوە، لانیکەم لەو قۆناغەی گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی و ئایدۆلۆژی لە

کوفە؟. لێرەدا لەگەڵ شاراوەیی سەرچاوەکاندا بەریەك دەکەوین، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەش بەریەك دەکەوین کە دەزانرێت لێمان شاراوەتەوە، هەروەك (الطبري) زۆر راشکاوانە ئەوەی راگەیاندووە. باسێکی دوورەپەرێزخراو هەیە ئاگادارمان دەکات کە ئەوانەی لە داهاتوودا عوسمانیان کوشت رایاندەگەیاند کە خەڵکی مەدینە هیچ مافێکیان لە بردنی دەستکەوت و بەخشینەکان نییە، جگە لەو شێخانە نەبێت کە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا بوون. بەو پێیەش پێیانوابوو کە سەروەت و سامانی زۆر لەناو مەدینە دابەش دەکرا، کە بە سامانی خۆیانیان دەزانی، بەڵکو پێشیانوابوو کە تاقمێکی هەوێنی بچوك ئەوانەی کە ئیسلامیان پێکهێنا، مافی خۆیان لەو سەروەت و سامانەدا هەبوو. لەمەدا رێزلێگرتن و پایەبەرزی هاوەڵان دەردەکەوت، بەڵام تەشریفاتی و لەسەر لێوانەوە بوو. لە دواییدا، ئەو کەسانەی کە بۆ گەمارۆدانی عوسمان رۆیشتن جگە لە عەلی، هیچ رێزێکی تایبەتییان لە ئەسحابەکان نەگرت. هەروەکو دەوترێت دواجار لە (صفین) هەڕەشەی کوشتن لە عوسمان کرا ئەگەر پابەند و گوێڕایەڵی قورئان نەبێت.

دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی دوو مەرجەعەکە، مەرجەعیەتی مێژوویی هاوەڵانی محەمەد و مەرجەعیەتی جیاواز لە دەقی دابەزیوی قورئان: ئەمە بابەتێکی سەرەکییە. بەڵام لە ئێستادا تەنیا دەکرێت مەسەلەی بنەماڵەیی عوسمان، دابەشبوونی نێوان ئەسحابەکان و دەرکەوتنی دەروونی چاوچنۆکانە پشتڕاست بکرێتەوە، کە لەناو دەوڵەت و لە ریزی ئەسحابەکاندا بەرپابوو، دواجاریش شەرعیەتی مێژوویی ئەسحابەکانی لەرزاند، بەڵام بێئەوەی بیشکێنێت، پاشان عەلی بە شێوەیەکی ناتەواو و لە ناوەندی خراپترین گرفتەکان و کۆسپەکاندا بونیادی نایەوە. بەمشێوەیە لەناو کوفە و لە هەموو شوێنێکی تر زیاتر، ترس و تۆقین لە بەرامبەر سەرکردایەتی مەدینەیی – قوڕەیشی هەڵکەوتوو لەسەر بنەمای هاوەڵێتی پەیدا بوو، لە جیهانی عەرەبی - ئیسلامیدا، کە بە شێوەیەکی کتوپڕ هەستیکرد کە پەیوەندیدارە بە چارەنوسی ئیسلامەوە، بۆیە قسەی خۆی

بردە سەرو مەرجەعێکی تری بۆ خۆی دۆزییەوە: «قورئان».
ئاشکرایە کە هەموو ئەو هەنگاوانە لە سەرەتاوە شەرمنانە بوون. ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە شەڕی (صفین). لە قۆناغی یەکەمدا ئەوانەی کە لە کوفەوە بۆ شام دوورخرانەوە، لە دوای مانەوەیەکی کورت لەلای موعاویە، نێردران بۆ پارێزگاریکردن لە قورەیشیەکی پایەبەرزی دیکە، ئەویش عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید بوو کە والی حومس بوو نەك جەزیرە. هەرچەندە زۆرزانی موعاویە نەیتوانی رازییان بکات، بەڵام توندی عەبدولڕەحمان لە رووی مەعنەویەوە تێکیشکاندن. بەڵام لە راستیدا ئەو توندی نواندنە تەواو رێژەیی بوو، چونکە عەبدولڕەحمان لەو قۆناغەی مێژووی عەرەب و ئیسلامدا پیرۆزی هەبوو، بۆیە نەکوژران و لێشیان نەدرا، بەڵام عەبدولڕەحمان رۆژانە هۆشداری دەدانێ و ئاگاداری دەکردنەوە، وایلێکردن لە کاتێکدا کە بە سواری ئەسپەکەیەوەیە لە تەنیشتیەوە بڕۆن، بەوەش کەمێك زەلیلیکردن و زۆریش تاوانباری دەکردن. لەو کاتەدا جگە لە پەیڕەوکردنی گوشارێکی دیاریکراو دەسەڵات نەیدەتوانی کارێکی تر بکات، بە واتایەکی تر پێشبینی نیشاندانی لاوازی لێدەکرا، لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەری هەموو ئەو هۆکارانەدا زۆرێك شەڕی ناوخۆی ترسناك سەریهەڵدەدا، نەك بە تەنیا لەلایەن تاقمی کوفەوە.
لە دوای کەمتر لە (20) ساڵ، موعاویە کە لەو رێگەیەوە بووە خەلیفە، کۆمەڵێك لە هاندەرە لایەنگرەکانی شیعەی لەسێدارە دا کە خەڵکی کوفە بوون. بارودۆخەکان دەگۆڕان، بەڵام لەو کاتەدا تاقمی قورئانخوێنەکانی بێزارکرد و دواجار لەبەردەمی عەبدولڕەحمان تۆبەیان کرد ئەویش ئازادی کردن. قورئانخوێنەکان بۆ ئەوەی بەرەنگارییان نەبنەوە پێیان باشبوو لەپاڵ عەبدولڕەحماندا بمێننەوە، بەڵام لەبەرچاوی هاوڵاتیانی کوفەدا سەرییان شۆڕ بوو، هەستیاندەکرد ژێردەستە و تێکشکاون و سوکایەتییان پێدەکرێت. هەندێك لە سەرچاوەکان باسیدەکەن رابەری کۆمەڵەکە کە ناوی (الاشتر) بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا چاوپێکەوتنی

لەگەڵ عوسمان کردووە. دیدارەکەیان بە ئەندازەیەك باشبوو، تەنانەت عوسمان ڕێگەپێیدان بۆ هەر شوێنێك بڕۆن کە خۆیان حەز بکەن. دەگێڕنەوە کە گروپێك لە قورئانخوێنەکان، لە دوای ناردنی دوورخراوەکانیان بۆ شام نامەیەکی بەکۆمەڵی واژۆ نەکراوییان بۆ عوسمان ناردووە بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەسەر بڕیاری دورخستنەوەی (ئەهلی خوداپەرستی و چاکەخوازی) بۆ شام. ئەوان لە نامەکەیاندا بەرپرسیارێتی خەلیفەیان لە بەرامبەر ئوممەتی محەمەد و پلانەکەیان بۆ سەپاندنی خزم و نزیکەکانی بیر هێنایەوە.

لەناو لیستی ئەوانەدا کە نامەکەیان نوسی، بەڵام زاتی ئەوەیان نەکرد واژۆی بکەن، ناوی دوان لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر(د.خ) هەبوو، یەکێکیان عەمروی کوڕی ئەلحمقی خوزاعی کە ناحەزێکی سەرسەختی عوسمان بوو، ئەویتریش سلێمانی کوڕی صرد بوو، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرە پێشەنگەکانی شیعەگەرایی روحی و بە (شەهیدی تۆبەکاران) ناسراوە. لە پاڵ ئەوانەشدا چەند ئەسحابە و سەرکردەیەك هەبوون کە عەلی و شیعەی ناڕازییان بەلاوە پەسەند بوو. هاوکات لەگەڵئەمەشدا، کەعبی کوڕی عەبدە، کە بە کەسێکی خۆبەکەمزان و سادە و دەستگرەوە ناسراوە بە هەمان ئاراستەی بۆچوونی ئەوانەیتر نامەیەکی بۆ عوسمان نووسی و واژۆی کرد. با بڵێین کە تاقمی دورخراوەکان لە کوفە دانەبڕان، لەلایەن چەندین کەسی گرنگ و خاوەن رۆڵ و پێگەوە پشتیوانیان لێدەکرا. لەو سەردەمەدا کۆمەڵێکی بەرفراوان لە ئەهلی خوداپەرستی و باوەڕقایمان هەبوون، کە لە نێوان خۆیاندا تەبا و هاوکار بوون، هەروەها بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو بە تایبەتی لەناو ژیانی کوفەدا دەستیکردبوو بە دەرکەوتن، کە بزوتنەوەیەك بوو لە مەدینەوە هاوردە نەکرابوو. لەناو ئەو بزوتنەوە کوفەییەدا ڕەهەندێکی سیاسی و ئایینی قووڵ هەبوو، ئامادە نەبوو لە دوای کوشتنی عوسمان دابمرکێتەوە، هێزێکی دامەزراوەیی بوو چونکە بە بیروباوەڕەوە پەیوەستبوو. لەبەر ئەوە پێویستە سەرگوزشتەکەی (سەیف) بە گوماناوی بدەینە قەڵەم، چونکە ئامانجی ئەوەیە بە تاقمێکی لادەر و دابڕاوی

هاندەرانی فیتنە ئاشنامان بکات، کە خانەدانان و پیاوچاکان ڕێزیان نەدەگرتن، بە هۆشدارییەکانی موعاویە و عەبدولڕەحمان هەڵدەچوون، تۆبەکاری شەرمن و نابەرپرس بوون. بەڵام ئەگەر ئەوانە کەسانی خواپەرست بوون یان نا، قورئانخوێنی ڕاستەقینە بوون یان ساختە، ئێمە لە بەرامبەر کەسانێکی سیاسی و هاندەرداین، کە لە داهاتوودا دەبنە سەرکردە و دەیانەوێت ناخی خۆیان ئاشکرا بکەن، دواجاریش ڕوداوەکان بە دەرخستنیان و قەبەکردنیان کۆتاییان پێدێت.

ئەوەی لە ساڵی 34ی کۆچی ڕویدا گرنگیەکی سەرەکی هەبوو، چونکە بابەتەکە پەیوەندارە بە یەکەمین شۆڕشی ڕاستەقینە لە دژی عوسمان، کە بە کرداریی و بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرکەوتوو بوو. سەرچاوەکان کۆمەڵێك هەواڵ و سەرگوزشتەی شپرزە و ناتەواویان پێشکەش کردووین. ژمارەیەك لەو سەرگوزشتە و بەسەرهاتانەی کە تەبەری بۆی گواستوینەتەوە سەرچاوەکانیان نادیارە، جگە لە سەرگوزشتەی سەیف و سەرگوزشتەی (الواقدي) کە لاوازە و ناکرێت پەسەند بکرێت. سەرگوزشتەی (الانساب)ی ئیبن ئەلئەعسەم گونجاوە و باسی وردەکاری ناوی ناحەزان و کێبڕکێکارەکان دەکات، زۆر بە روونیش کارەکانی (الاشتر) نیشاندەدات، کە هاوتەرییە بە خواستی پاوانخوازی و دەستبەسەرداگرتنی هەموو کاروبارەکانی کوفە. بونیاتی ئەو بەسەرهات و ڕوداوانەی کە کۆدەنگیان لەسەر هەیە بەمشێوەیەیە: لە بەرامبەر هەڵکشانی ئاستی سکاڵاکان و مەترسییەکاندا، عوسمان کۆبوونەوەیەك بە والیەکانی دەکات، والی کوفە (سەعیدی کوڕی ئەلعاص) و والی شام موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان هیچیان لە شارەکانی خۆیان نەبوون، بۆیە هاندەرە/قورئانخوێنە ئامادەبووەکانی کوفە، کە یەزیدی کوڕی قەیسی ئەرحەبی دیارترین کەسایەتییان بوو، بڕیاریاندا لە دوای گەڕانەوەیان بۆ کوفە والیەکەیان لەسەرکار دەربکەن. بەڵام بە تەنیا خۆیان نەیانتوانی تا کۆتایی لەسەر ئەو کارە بەردەوام بن، بۆیە پەنایان بۆ هاوڕێ دورخراوەکانیان لە شام برد. (الاشتر) گەڕایەوە و دەستیکرد بە هاندانی خەڵك و سەرپەرشتی بزوتنەوەکەی کرد

و تاقمێکی بۆ سەر ڕێگەی نێوان مەدینە و کوفە نارد تاوەکو ڕێگە لە گەڕانەوەی والی بۆ کوفە بگرن. بەو شێوەیە سەعید دەرکرا و گەڕایەوە بۆ مەدینە، پاشان ئەبو موسای ئەشعەری، کە ئەسحابەیەکی بەڕێز بوو لە سەردەمی عومەردا والی پێشووی بەسرە بوو بۆ شوێنگرتنەوەی دەستنیشان کرا و حوزەیفە کوڕی ئەلیەمان بووە یاریدەدەری.

عوسمان ئەو کودەتایەی قبوڵکرد و ئەبو موسا بە خواستی کوفەییەکان بەبێ هیچ بەرەنگارییەك بە والی کوفە دامەزرێنرا، بەڵام لانیکەم بەناو مەرجەعیەتی خەلیفەیی و دەسەڵاتی تایبەتی خەلیفەی پاراست. بە دیاریکراوی کێشەی کوفە چارەسەر کرا: تەقینەوەی بارودۆخەکە لە ساڵی 33ی کۆچی لە دژی سەعید، کە توندوتیژی و دەرکردنی خودی سەعیدی لەسەر دەستی ئەو تاقمە کارایە بەدوای خۆیدا هێنا و بەگوێرەی خواستی ئەوانیش کاربەدەستێکی تر لە شوێنی دانرا، بەڵام ئەوە یەکەم کاری ڕاستەقینە بوو لە دژی عوسمان کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە هەموو ویلایەتەکاندا کار لەکار ترازا و پاشان دۆخەکە دەگوازرێتەوە بۆ میسر، کە سەنتەری هاندان و هەڵچوونی توند بوو. لە ڕاستیدا، ئەوەی لە کوفە ڕویدا جۆرێکبوو لە پێکهاتن لە نێوان خواستی توندڕەوەکان بۆ لەسەرکار لابردنی خودی عوسمان و ویستی زۆرینە بۆ مانەوەیان لە بازنەی گوێڕایەڵی و نێوان کاریگەری ئەبو موسای ئەشعەری و کارکردنی بە ئاراستەی ئارامی و پاراستنی یەکڕیزی. لە دووتوێی وردەکارییەکاندا، دەتوانین چەند تێبینیەك سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆیی کوفە لەو قۆناغە هەستیارە و ڕەوشی هێزە هاوشێوەکانی تر تۆمار بکەین. والی لەوێ نەبوو، واتا بۆشایی لە دەسەڵاتدا هەبوو. والی خاوەنی هیچ هێزێکی پۆلیسی تایبەتی و هیچ دەزگا و بونیاتێکی بیرۆکراتی/ سەربازی نەبوو، کە بتوانێت جێگەی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا پێگە و سامانەکەی لە دەسەڵاتە سنوردارەکەی زیاتر بوو، بەو پێیەی کە نوێنەرایەتی خەلیفەی دەکرد. ئەو بە گوتارو وشە و ئامادەیی جەستەیی حوکمی دەکرد. لە کاتێکی زۆر درەنگوەخت

لە سەردەمی ئومەویدا، کاتێك دەسەڵات بەهێزو پتەو بوو، ئامادەگی راستەقینەی کاربەدەست بۆی هەبوو شۆڕشەکان دامرکێنێتەوە لە رێگەی گرتنەبەری کۆمەڵێك دەستپێشخەری پێویستەوە. بۆ نموونە (هاتنی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بۆ کوفە، کە رەوشەکەی لە دژی ئیمام حسێن ئاوەژوو کردەوە و لە کەربەلا پرۆسەی بەرپەرچدانەوەی ئەنجامدا). کەواتا غیابی کاربەدەست بۆشاییەکی گەورە لە دەسەڵاتدا درووست دەکات و دەرگاکان لەبەردەم هەموو ئەگەرێکدا ئاوەڵا دەکات. ئەگەر کاربەدەست لە کوفە بوایا، ئەستەم بوو گروپێکی بچوك بتوانن لە پۆستەکەی لایبدەن، چونکە ئەوە مانای دەرچوونە لە تاعەت و فەرمانی خەلیفە و نکۆڵیکردنە لە بەیعەتپێدانی، لە کۆتاییشدا کارێکە بۆ دووبەرەکایەتی لەناو ئوممەت، ئەو ئوممەتەی کە لە یەك کەسدا بەرجەستە بووە، ئەویش پێشەوا (امام)ە.

لەو سەردەمەدا مانای تاعەت و گوێڕایەڵیکردنی خەلیفە/پێشەوا، زۆر قووڵ بوو، چونکە رەگ و ریشەی لە نیشاندانی دڵسۆزی و کۆدەنگی وەردەگرت کە بەیعەتپێدان بەوپەڕی ئازادیەوە بەرجەستەیدەکردن، هەروەها رەگ و ریشەی لە ئەزمونی میتامێژووی پێغەمبەرایەتی وەرگرتبوو کە بەوپەڕی بەهێزی و گرنگیدانەوە چەمکی دەسەڵاتی وابەستەبووی بە یەك کەسەوە دامەزراندو بەهێزی کردبوو، لە روانگەی بڕوای ناهۆشیارانە لەلای هەمووان، ئوممەت نەیدەتوانی بە تەنیا خودی خۆی درووستبێت و بچێتە رێوە. لەبەر ئەوە لە حاڵەتی کوفە و سەعید، سود لە دەرچوونی لە بازنەی دەسەڵاتەکەی وەرگیرا تاوەکو رێگەی لە گەڕانەوەی وەربگیرێت و لە پۆستەکەی دەربکرێت. ئەوان بەربەستێکی جەستەییان لە نێوان کاربەدەست و بازنەی ئەفسوناوی دەسەڵاتە پەیوەستەکەی بە شوێن، واتا کۆشك و مزگەوتەکەی لە (کوفە) درووستکرد و لە شوێنی کاربەدەستێکیان بە خواستی خۆیان هەڵبژارد. بەڵام دەبوو بە شێوەیەکی رەها ئەو هەڵبژاردەیە رەزامەندی خەلیفەی لەسەر بوایا، خودی هەڵگەڕاوە و

یاخیبوەکانیش یەکەم کەس بوو دەیانزانی ئەوە پێویستە. بەڵام عوسمان ناچار کرابوو لە گرنگی ئەو دۆخە کەمبکاتەوە و پێشی رازی ببێت. بە تایبەتی ئەم بابەتە بوو کە زیانی زۆر گەورەی بە دامەزراوەی خەلیفایەتی گەیاند و بووە هەڵگری تۆوی راپەرینە گشتیەکەی ساڵی 35ی کۆچی کە کوشتنی لێکەوتەوە، هەرچەندە فەرماندەی جەنگ (القعقاع) کە لە کوفە خاوەنی پێگە و هێز بوو، هۆشداری دابوو لە بەرامبەر روودانی هەر هەوڵدانێکی لەو جۆرە[16].

بە گشتی بەهۆی بوونی بۆشاییەکی گشتی لە دەسەڵاتی کوفە و وەکو سوپرایز کودەتایەکی سەرکەوتوو رویدا، کودەتایەك کە هەرگیز ئامانجی نەبوو زۆر دوور بڕوانێت بەرەو دابڕانێکی گشتگیر، هەروەك نەشیدەتوانی ئەو کارە بکات. لەبەر ئەوە ئەستەمە بڕوا بە سەرگوزشتەکە بلازەری بکەین کە (الاشتر) وەکو گەورەی رەها و بیرکابەری شارەکە نیشانداوە، کە لە هەموو شوێنێك کاربەدەستەکان دادەنێت، بە تایبەتی لەلای شام و بەسرەوە وەکئەوەی لە پەلاماردان بترسێت. هەروەها ئەو دەرئەنجامە مانای خواستی قورئانخوێنەکان ناگەیەنێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاکی عێراق، بە مانای بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان لە زەوی و زار. لە راستیدا (الاشتر) توانی ئەمیر دەربکات و دەستبگرێت بەسەر کۆشك و مزگەوتدا، بە تایبەتیش توانی چەند سەد کەسێك رەوانە بکات (الجرعة) بۆ ئەوەی رێگەی کوفە لەبەردەم سەعیدی کوڕی ئەلعاص بگرێت. ئەو کارە بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتنێکی پاوانخوازانەی سنوردار و کاتی بەسەر دەسەڵاتدا تاکو ئەبی موسا و تاقمێکی کەم گرتیانەدەست کە ژمارەیان لە چەند سەد کەسێك تێپەڕی نەدەکرد، کە بە گشتی دەگەیشتنە هەزار کەس. بەو پێیەش ئەو گروپە هەمیشە کەمینە بوون، بەڵام زۆر بوێر و ئازا و چالاك و کارامە بوون، خۆیان لە پەیوەندیە خێڵەکیەکان داماڵاند و خاوەنی ئامانجی سیاسی بوون، بە ئایدۆلۆژیایەکی لێڵ و

---

16- نازناوی (امیر الحرب) لەو سەردەمەدا نازناوێکی ناباو بوو، چونکە والی یان جێگرەکەی بڕیاریان لەدەستدا بوو، لە شەڕدا فەرمانیان دەدا و پێشنوێژییان بۆ خەڵکی دەکرد: الطبري، بەشی 4، لاپەڕە 331

ناڕوون خۆیان چەكدار كردبوو، سودییان لە خاڵە نێگەتیڤەكانی زۆرینە وەردەگرت. بە وشەیەك دەكرێت بڵێین كە (الاشتر) و هاوڕێكانی دەرفەتی شۆڕشگێڕییان لە كوفە قۆستەوە، كە تایبەت بوو بە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و شۆڕشكردن لە دژی دەسەڵات بە درێژایی یەك سەدە.

# قورئانخوێنان و دیاردەی قورئانیی

كێ بوون ئەو قورئانخوێنانەی لەناو كوفەدا ڕۆڵییان دەگێڕا؟، ئەوانە بوون كە لە شەڕی (صفین) و دوای ئەو شەڕەش هەر ڕۆڵیان گێڕاوە، بە تایبەتی لە دەركەوتنی حزبە سیاسیە/وئاینییەكان، شیعە و خەواریجەكان لە ساڵی (33ی كۆچی/653ی زایینی) بە دواوە، كە پەیوەندی بە ڕوداوەكانی ساڵی 33-34ی كۆچیەوە هەیە؟
لانیكەم سەرچاوەكان (10) جار دەستەواژەی (قورئانخوێنان)یان بەكارهێناوە. وەلحاڵ مانای قورئانخوێنان بەبێ هیچ دوودڵیەك مەبەستە ڕاستەقینەكەی بە جۆرێكی وردتر واتای خوێنەرانی قورئانی پیرۆز دەگەیەنێت، چونكە زۆرجار قورئان بە دەنگێكی بەرز و بە كۆمەڵی دەخوێنرێت، زۆرجاریش بەدڵ دەخوێنرێت. ئەوانیش سەرەتا وەكو خەڵكەكەی تر لە لەشكرو جەنگاوەرانن و بەشیان لە بەخشیندا هەبوو، بەڵام لە بواری قورئان خوێندندا دەستەیەكی پیشەگەر و تایبەتمەند نەبوون. بە تەواوەتی پێماندەوترێت كە سەعد لە سەردەمی عومەر، یان ئەبو موسا، هەوڵیانداوە بڕێك بەخشینی تایبەت بە بەهای (2) هەزار درهەم بدەنە قورئانخوێنان، وەكئەوەی بابەتەكە پەیوەندی بە توێژێكی تایبەتیەوە هەبووبێت، بەڵام عومەر بە تەواوەتی ئەوەی ڕەتكردەوە. ئەم سەرگوزشتانە جگە هەوڵدانێك بۆ تێچەنین لە سەردەمی كۆن و تایبەتمەندێتی لە پرسی بوونی ئەو گروپە زیاتر شتێكی تر نییە.
كەواتا كۆمەڵەی قورئانخوێنان لە جەنگاوەران بوو، سەركردەكانیشیان چالاك

و کارامە، واتا سیاسی و پێشەوا بوون. بەڵام پابەندێتی ئایینی و بە تایبەتی قورئانی لەلای ئەوان زۆر بەهێز ئامادەیی هەبوو. لەلای هەندێکیان، بۆ نموونە سەرکردەکانی وەك (الاشتر، صعصعة بن صوحان، یزید بن قیس) کە چووە پاڵ بزوتنەوەکە، لایەنی حەرەکی تیایاندا زاڵبوو. بەڵام لەلای ئەوانەی تر، وەك دووان یان سیان لە هاوەڵانی ئیبن مەسعود کە ناوییان لەناو لیستەکانماندا هەیە، ئەوانیش (الاسود بن یزید، علقمة بن القیس)، یان گەنجێکی خوداپەرستی وەك (کعب بن عبدة)، کە سەرکێشی کرد کاتێك نامەیەکی بۆ عوسمان نوسی. بەڵام گرنگیپێدانی ئایینی بە قورئان وەك لایەنی بنەڕەتی دەمێنێتەوە، بۆیە لە دواییدا لە کاری سیاسی دادەماڵێن و سەرکردایەتیی راستەقینە ناگرنە دەست [17]. بێگومان هەموویان بە پلەی جیاواز لە کۆمەڵی قورئانخوێنان بوون. ئەوان قورئانیان فێری خەڵکی دەکرد، دەقی پیرۆزیان لێکدەدایەوە و شیاندەکردەوە، کردبوویانە کرۆکی سەرقاڵبوون و گرنگیپێدانیان. هەموویان دەیانتوانی بە ئەمانەت و بە دەنگی بەرز دەقەکانی قورئان بە هەموو وردەکارییەکانی بڵێنەوە، کە بەدڵ لەبەرییان کردبوو، بەڵام زۆربەیان دەیانتوانی قورئان لە رێگەی ئەو مەسحەفانەوە بخوێننەوە کە لەو سەردەمەدا بەرە بەرە ژمارەیان زۆر دەبوو. سەیف پێماندەڵێت: «قورئانخوێنان، خوێندنی قورئانیان لە مەسحەفەکاندا بە خوداپەرستی و جۆرێك لە نوێژکردن دەدایە قەڵەم، ئەوەش لەلایان لە تاعەت و خواپەرستی زیاتر بوو». سەرەڕای ئەوەش هەموو ئاماژەکان لەسەر شۆڕشی کوفە، ئەوانەیان وەکو ئەهلی خوداپەرستی و پیاوچاکی نیشانداوە. دواتریش هاشمی کوڕی عوتبە لە شەڕی (صفین)دا ئەوانی لە پلەی هاوەڵانی پێغەمبەر محەمەد(د.خ) ئەژمار کردووە، تاکو دەڵێت ئەوانیش سەرجەمیان هاوەڵانی ئاینن، واتا ئەوانەی کە بە راستی نوێنەرایەتی ئایین

17- مەسروق بەوپەڕی روونی و ئاشکراییەوە دژایەتی خۆی بەرامبەر کوشتنی عوسمان نیشاندا. (الاسود) هیچ رۆڵێکی سیاسی ناگێڕێت، بەڵام لانی زۆر پەیوەندی بە شورتەی مەسعەبی کوڕی زوبێر کردووە. بە تەنها علقمە ناوی لە لیستی ئەوانەدا هاتووە کە لە (صفین) شانبەشانی عەلی شەڕییان کردووە: ئیبن سەعد، (طبقات)، بەشی 6، لاپەڕە 74 و 87. الطبري، بەشی 4، لاپەڕە 482.

دەکەن[18]. بە هەرحاڵ، بە شێوەیەکی تێکڕایی ئاوەها وێنا دەکران و لێیان دەڕوانرا. قورئانخوێنەکان بژاردەیەکی ئیسلامی قورئانی و لەخۆدرووستکردندا بوون، کە پاشان لەژێر باری روداوەکاندا، هەموو پێودانگ و مەودای خۆیان بەرجەستە کرد. ئەو ناوانەی کە لە چەند لیستێکی هاوکۆکدا بەردەستمان کەوتووە، لە (20) ناو تێناپەڕێت: ئەوانەش لە سەرکردەکانن. بەڵام ئاشکرایە کە چەند سەد کەسێك لە قورئانخوێنان لە دەوریان بوون، ئەوانەی کە ناوەندێکی بەرفراوانی رێژەیی و بەتوندی پێکەوە بەستراوییان پێکهێنا. لەبەر ئەوەی (الاشتر) لە ساڵی 34ی کۆچیدا لانیکەم توانی (500) پیاو کۆبکاتەوە و ئامادەیان بکات، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو دانیشتوانەی کوفە کە چوون بۆ مەدینە بۆ دەستکردن بە جموجوڵ لە دژی دەسەڵاتی عوسمان لە ساڵی 35ی کۆچی، ژمارەیان (500 تا 600) کەس بوو، لە لایەکی تریشەوە سەرچاوەکان پێماندەڵێن کە قورئانخوێنانی بەسرە لە رۆژانی فەرمانڕەوایەتی ئەبی موسای ئەشعەری (واتا لەپێش ساڵی 29ی کۆچی) دا ژمارەیان (300) کەس بوو.

ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ ئەوەی رێژەی دەرکەوتنی دیاردەی دەرکەوتنی قورئانخوێنان تەنیا لە کوفە قەتیس نەبوو. بە کردەوە لە کاتێکی داهاتوودا و لە رێگەی شەڕی (صفین)وە، ژمارەیەکی دیکەمان پێدەدات کە (4000) قورئانخوێنە لەناو سوپای شامدا، کە لەناو چەند یەکەیەکی جەنگیی سەربەخۆدا، بە تەواوەتی هەروەك قورئانخوێنانی کوفە رێکخرابوون. لەو بارودۆخەدا پێدەچێت ژمارەکە زیادەڕۆیی تێدا کرابێت، تەنانەت ئەگەریش باوەڕ بکرێت بە زۆربوونی ژمارەیان لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆدا، بەڵام ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت، لەبەر ئەوەی کە لە هەموو شارو شوێنەکان هەبوون، لە کوفە، لە بەسرە، لە شام. دەربارەی ئەو کۆمەڵە و ناوەندە بەرفراوان و سنوردارەدا کە بە چەند سەد کەسێك مەزەندە

18- الطبري، بەشی 5، لاپەڕە 43 (صفین)، لاپەڕە 354: دەڵێت «بکوژانی عوسمان لە هاوەڵانی محەمەد و قورئانخوێنان بوون بۆ خەڵك...هاوەڵانی محەمەدیش هاوەڵانی ئاینن».

کراون و لە جەنگاوەران و قورئانخوێنان پێکهاتبوون، هەموو ڕەوشەکان بە وردی نەزانراوە، نە دەربارەی ناوەندێتی خێڵەکیان و نە دەربارەی ناوەندێتی جەنگیان لەڕووی ریزبەندیی جیهادەوە. لەڕووی پراکتیکەوە ئەگەری ئەوە هەیە ئەوانە لە جەنگاوەرانی (اهل الایام) و قادسیە بووبن و لە ئیسلامبوونیاندا پێشینە بن، لەوانەشە بەشداری هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونیان نەکردبێت، بۆیە سەرکردەکیان لەبەردەمی ئەمیردا بە ناوییانەوە داکۆکیان لە مافەکانیان کردووە لە زەوی و زارەکانی (الصوافي).

لەبەر ئەوەی کە پێگەی خێڵەکییان لەلامان شاراوەیە، بۆیە مومکین نییە ئەوانە لە سەرۆك خێڵ یان سەرۆك عەشیرەتەکان بووبن، بە تایبەتی ئەگەر سەر بە نەوەی یەکەمی (اهل الایام) بن، کە زۆربەیان خالیدی کوڕی وەلید لەناو خێڵە سنوریە بچوکەکان هەڵیبژاردبوون، لە سەرووی ئەوەشەوە بە شێوەیەکی کەسی خۆبەخش و پابەند بوون، بەهۆی ئیسلامەوە بە دوای شەرەفمەندیدا دەگەڕان. بەڵام لێرەدا بابەتەکە پەیوەندی بە کۆمەڵی قورئانخوێنانەوە هەیە. دەمێنێتەوە ئەو سەرۆك و رابەرانە، کە زۆر بە چاکی نایانناسین وەکئەوەی کە سەرچاوەکان پێیان ئاشنامان دەکەن گوایا لە «پیاوماقوڵانی ناو خەڵك و اهل الایام و قادسیە» بوون، واتا لە کەسە دیارو کاریگەر و خاوەن پێگەکان بوون، هەرچەندە ناوی هیچ کەسێکیان لە داستانی فەتحکردنی عێراقدا درەوشاوە نییە. تەنانەت ناوی (الاشتر) کە لە باسی فەتحکردنی ناوچەکانی شام بەرگوێمان دەکەوێت، سەرەتا ناچار بوو لەگەڵ سوپای عێراقدا کۆچبکات بۆ شام و لەوێ نیشتەجێ ببێت، بەڵام بەو پێیەی کە کاریگەری خالیدی کوڕی وەلیدی لەسەر بووە، وا مەزەندە دەکرێت لانیکەم لە شام یەکێك بووە لە هاوەڵەکانی، بۆیە پێویستە لە ریزی (اهل الایام)دا دابنرێت. ئاشکرایە کە (الاشتر) تا سەرئێسقان دۆخێکی خێڵەکی پایەبەرزی هەبوو.

لەناو کۆمەڵی قورئانخوێناندا کەسێك هەبوو ناوی (کومەیل کوڕی زیاد) بوو، لەناو قەومەکەیدا بە کەسێکی شەرەفمەند و کاریگەرو بەرێز دەناسرا. لە دەرەوەی

کرۆکی یەکەمی قورئانخوێنانیشدا ناوی (حوجر کوڕی عەدی ئەلکندی) بەرچاو دەکەوێت، کە سەر بە بنەماڵەیەکی شەرەفمەندی کندەیە، لە ساڵی 34ی کۆچی لە ناڕەزاییەکانی دژی عوسمان بەشداریکردووە و دەبێتە شەهیدی داهاتووی شیعە، بەڵام نەگەیشتوەتە پلەو پێگەی کەسێکی وەکو (الاشعث). هەروەها ئەلحارسی کوڕی عەبدوڵڵای هەمەدانی، کە یەکێك بوو لە قورئانخوێنە دوورخراوەکان بۆ شام، سەر بە عەشیرەتێکی دۆستی بنەماڵەی (السبیع بن السبع)ە، واتا بنەماڵەی شەرەفمەندی هەمەدان، کە (الواقدي) بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی گروپی قورئانخوێنان بە زاراوەی خانەدانانی کوفە، بەڵام (الواقدی) بە شێوەیەکی تایبەتی لە بابەتی رەچەڵەکە عەرەبیی و کوفییەکاندا شارەزا نییە.

لە راستیدا دەستەواژەیەکی ورد بۆ ناولێنانی سەرکردەی خێڵەکان یان عەشیرەتەکان، بریتیە لە دەستەواژەی (سەرۆکەکان) کە بۆ واقیعی سەردەمی جاهیلیەت دەگەڕێتەوە، بۆیە لەڕووی پراکتیکیەوە پێشەوای قورئانخوێنان سەرۆك خێڵەکان نەبوون، لەسەر شێوازی (الاشعث) لە کندە و سەعیدی کوڕی قەیس لە (هەمەدان) و جورەیر کوڕی عەبدوڵلا لە (بجیلة)، کە دواتر لە پۆستی کاربەدەستاندا دانران. ئەمانە لە هەموو بارێکدا بێگومان بەهۆی کاریگەرێتی کەسێتیان و هەبوونی پێگەیەکی دیاریکراوی سەرچاوەگرتوو لە عەشیرەتەکانیانەوە بە کەسایەتی و پیاوماقوڵ دادەنران. ئەوانە خاوەنی پێگەو کاریگەری کۆمەڵایەتی بوون، هەمیشە ئامادەییان لەناو کۆمەڵدا هەبوو، بەڵگەی وەهاش نییە کە بیسەلمێنێت زۆرێکیان سەر بە خێڵ و هۆزەکانی یەمەن بن، وەك هۆزەکانی: (النخع، مذحج، همدان، الازد، کندە، ربیعە، مضر). ئەوەی ئاشکرایە لە رێگەی شڵەژان و ناسەقامگیرییەوە، سەرکردایەتیەکی ئیسلامی حەرەکی کارا لە مەدینە سەریهەڵدا، سەرکردایەتی کەسانێکی تازە کە توانیان گوفتار و کارو کردار بۆ خۆیان بەدەست بێنن. رۆڵیان سنوری بنەچەی کۆمەڵایەتیان و پاڵنەرە ئابوری و بەرژەوەندیخوازییەکانیانی بەزاندبوو، تاوەکو لەسەر هەردوو روانگەی سیاسی و ئایینی خۆی بەرجەستە

بکات، سەرەتا لە چوارچێوەی کوفە و بە شێوەیەکی خێراش لەسەر ئاستی خودی مەدینە. دەرکەوتنی ئەو رۆڵە پەیوەستە بە دەرکەوتنی دیاریدەی قورئانیی وەکو مەرجەعێکی سەرەکی و بنەڕەتی.

لە راستیدا، داننان بە قورئان وەکو پەیام و کتێبی دابەزیوی خودا، هەر لە سەرەتاوە ناوەرۆکی بانگەوازی پێغەمبەرایەتی بوو. راستە کە ئیسلام، باوەڕبوون بە ئیسلام، پێش هەموو شتێك بریتیە لە داننان بە تاکی و تەنیایی خودا و ناسینی محەمەد وەك پێغەمبەری خودا، بەڵام لە هەمانکاتدا داننانە بە راستی دابەزینی قورئان لەلایەن خوداوە، لە پێناو راکێشانی دڵ و دەروونی باوەڕداران و لایەنگران. پێغەمبەر(د.خ) چەند بەشێکی قورئانی بۆ باوەڕداران دەخوێند، لە هەمانکاتیشدا بنەماکان و کۆڵەکەکانی عەقیدەی بۆ شیدەکردنەوە. بە پلەی یەکەم، پێغەمبەر ئامێزی فەرمودە دابەزیوەکانی خودا بوو. وەحی قورئانی وەردەگـرت و بە شێوەیەکی جەوهەری پەیامەکەی بەرجەستە دەکرد. لەو روانگەیەوە دەستیکرد بە بانگەواز و گەڕانەوە بۆ لای خودا. لە دوای ماوەیەکی کورت، بانگەوازەکەیی و کارە سیاسی/ جەنگیەکەی، سیمایەکی دیکەی تەواوکاری پەیامەکەی بوون، کە بەشی سەرەکی وزەی خۆی بۆ تەرخانکرد، بەردەوامیش بوو لەسەر وەرگرتنی پەیامەکانی وەحی قورئانیی و بڵاوکردنەوەیان. لە کارەکانیدا وەحی قورئانیی ئاراستەی دەکـرد و سەرپەرشتی ئوممەتی تازە هەڵکەوتوی پێدەکرد. ئەو هاوەڵانەی کە لە دەوری پێغەمبەر کۆبوونەوە، فێری خوێندنەوەی ئایەتەکان دەبوون و کاتێك لەلایەن خوداوە دادەبەزین بە دڵیان لەبەرییان دەکردن، چونکە وەحی پیرۆز بوو، ناوەرۆکی باوەڕو ئایینەکەیان بوو، لەبەر ئەوەش بوو کە فێرکردنی خوایی بوو ئاراستەیان دەکرا.

وەحی قورئانیی ئیلهامبەخشی سەرەکی زانستە مێژووییەکەیان بوو، چونکە لە هەموو هەنگاوێکیاندا رێگەیانی روناك دەکردەوە و رێنیشاندەرییان بوو، پێویستیش بوو لەسەر پێغەمبەر تا فێری وەحیان بکات. پێویست ناکات تا بڵێین

هاوەڵانی پێغەمبەر وا هەستیان دەکرد کە لەناو ئەزمونێکی دەگمەن و بێوێنەدا دەژین، ئەزمونی هەبوونی پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ خودی (خودا)دا، ئەو خودایەی کە لە رێگەی ئەوانەوە لەگەڵ جیهان و مرۆڤایەتیدا ئاخاوتن دەکات. بەڵام بە بۆچوونی من وابەستەییان بە قورئانەوە لە سەرووی ئامادەگی جەستەیی پێغەمبەر بوو، کە پەیوەندی خودای بە جیهانەوە بەرجەستە دەکرد و هەمیشە ئامادە بوو بۆ وەرگرتنی فەرمودە دابەزیوەکانی خودا و فەراهەمکردنی پرۆسەی پەیوەندی بـەردەوام لەگەڵی. بەڵام پێغەمبەر لە ژیانیدا گرنگیپێدانی زۆری نیشاندەدا بۆ پارێزگاریکردن لە فەرمودە دابەزیوەکان: وایکرد شوێنکەوتوان و هاوەڵانی بەبێ ماندوبوون فێری قورئان بن، لە کۆتاییشدا کاتێك بۆی دەخوێندنەوە وایلێکردن بینوسنەوە. قورئانخوێنی گەورە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود وتویەتی: بە دڵ (70) سورەتی قورئانی لە خودی پێغەمبەر وەرگرتووە و لەبەری کردوون، بەڵام زەیدی کوڕی سابیت وەحی بە ئیملایی وەرگرتووە و نوسیویەتیەوە، لەوانەشە بە تەواوی نەبووبێت. نوسینی وەحی قورئانی و دەرکەوتنی نوسەرانی وەحی دیاردەیەکی درەنگوەخت و پەیوەندیدار بووە بە سەقامگیری دامـەزراوەی دەوڵەتەوە، لە کاتێکدا کە گواستنەوەی سەرزارەکی بەردەوامی قورئان، بەشێکی دانەبڕاو بوو لە جەوهەری فێرکردنی خودی پێغەمبەر، بۆیە بەهۆی چڕی کارەکان و فۆرمە سیاسی/ ئایینیە سەرسوڕهێنەرەکەیەوە، جۆرە ئاراستەیەك بۆ لەبیرچوونەوەش هەبوو.

بە نزیکی زۆربەی هاوەڵە پێشینەکان بە دڵیان قورئانیان زانیوە و لەبەرییان کردووە، بەڵام جگە لە هەندێکیان نەبێت بەدەر نەبوون لە کەموکورتییەکانی توانای لەبەرکردن، وەك ئەبی موسای ئەشعەری و ئیبن مەسعود و سالم مەولا ئەبی حوزەیفە. لە نێوان هاوەڵانیدا، هەندێکیان لە هەندێکیان باشتر قورئانیان دەزانی. لە بارەی سالم دەگێڕنەوە کە لە هەموو کۆچبەران باشتر قورئانی دەخوێند، واتا لە یەککاتدا لەوانیتر باشتر بە کتابی خودا ئاشنا ببوو، بە باشترین شێوەش

دەیخوێندەوە. چەمکی خوێندنەوەی قورئان لە یەککاتدا بریتی بوو لە وردیی لە زانین و تێکەڵبوونێکی بەردەوام لەگەڵ دەق و بەهرەمەندی لە خوێندنیدا. بۆمان دەگێڕنەوە کە ئەبو موسای ئەشعەری بە شێوەیەکی جوان و شایستە و بە دەنگێکی خۆش قورئانی دەخوێند، تەنانەت خودی پێغەمبەر دانی بە بەهرەمەندی ئەودا ناوە. بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود شاهیدی بۆ خۆی داوە کە لە نێوان هاوەڵانی پێغەمبەردا لە هەموویان چاکتر بە کتێبی خودا (قورئان) ئاشنا بووە. مردنی پێغەمبەر وای لە هاوەڵانی کرد هەتیو بکەون. بێدەنگی باڵی بەسەر وشەدا کێشا، ئێستاش وەحی پێگەیشت و تەواو بوو، وەکو راسپاردەی خودا هەموو تایبەتمەندییە باڵاکانی خۆی بەدەستهێنا. بەڵام بەڕای من، هاوەڵان زیاتر لە پەیوەستبوونیان بە وەحی، بە پێغەمبەری خودا پەیوەست ببوون.

وایان هەستدەکرد ئەوان زیاتر پەیوەست و وابەستەن بە مامۆستا پێشەنگ و میسالیەتەکەیانەوە، بۆیە پێویستە کارەکەیان تەواو بکەن و لەسەر رێبازەکەی بەردەوام بن، بیریش بکرێتەوە لەو بارودۆخە نوێیەی کە بەدیهێناوە و ئەنجامیداوە، بەڵام بەو ئاستەی کە بیرەوەرییەکانی کاڵدەبۆوە، لە بەرامبەردا فەرمودەکانی خودا زیاتر دەدرەوشانەوە. لەگەڵ تێپەڕینی کات و دوورکەوتنەوەی پێغەمبەر لێیان بە جەستە، زیاتر فەرمودەکانی خودا لەناو دڵی ئەوانەدا کە پێغەمبەرییان نەناسیبوو دەچەسپی، بە بەراورد لەگەل کەسایەتیەکەیدا، ئەوان زیاترو زیاتر رۆدەچوون و کاریگەرییان درووستدەکرد.

خەمی گرنگیدان بە کۆکردنەوەی فەرمودەکانی خودا لە چوارچێوەی کتێبێکدا و پارێزگاریکردن لە دەقەکان و پاراستنیان لە دەستکاریکردن و پلار و هەڕەشەکانی سەردەم و لە کەموکوڕییەکانی زاکیرەی مرۆیی پێکەوە، هەر زوو لەلای ئەبوبەکری سدیق سەریهەڵدا. هەرگیز مەبەستەکە ئەنجامدانی کارێکی حکومی نەبوو بۆ ئەوەی یاسایەکی یەکگرتوو یان مەرجەعیەتێکی نوسراو پێشکەشی ئوممەتێك بکات کە لە قۆناغی بەرفراوانبووندا بوو، بەڵکو تەنیا مەبەست هەروەك بۆمان

دەگێڕنەوە، بریتیبوو لە درووستکردنی زۆرێك لە قورئانخوێنان، کە بەشێکیان لە شەڕی گەورەی (عقرباء)دا لە دژی هەڵگەڕاوەکان کـوژران. مەبەست لە قورئانخوێنان ئەو ئەسحابانە بوون کە بە شێوەیەکی باش قورئانیان لەبەر دەکرد، نەك بوونییان وەك دەزگایەکی تایبەتمەند.
ئەبوبەکر بەشە پەرشوبڵاوەکانی قورئانی کۆکردەوە و لە تۆمارێکدا پاراستی، بەڵام گرنگی بە بڵاوکردنەوە و گەشتاندنی نەدا. پاشان عومەر لە (ئەبوبەکر)ەوە وەریگرت و لە کاتی مردنیشیدا رادەستی (حفصة)ی کچی، هاوسەری پێغەمبەری کرد. ئەوان بە درێژایی ئەو ماوەیە، پێیانوابوو هێشتا قورئان بە تەواوەتی لە بیرەوەری خەڵکیدا زیندوو ئامادەیە و هەر خۆی بە شێوەیەکی باش خۆی بەرجەستە و بڵاودەکاتەوە، یان بەپێی بڕیارێکی تایبەت کە لە سەرەوە دەرکرابوو، بە پێویست نەدەبینرا بڵاوبکرێتەوە و بیزانن. تاکە بڕیارێك کە لەو بارەیەوە درا، بڕیاری عومەر بوو بە دانانی قورئانخوێنێك لەناو ئەسحابەکاندا بۆ ئەوەی لەپێش دەستپێکردنی هەموو شەڕێك سورەتی (الانفال) بخوێنێت کە بە سورەتی (الجهاد)یش ناونراوە. ئەو شێوازە لە خوێندنی قورئان رێگەیەك بوو بۆ جۆشدانی جەنگاوەران لەڕووی دەرونی و بەرزکردنەوەی وەرەبەرزی و ملکەچیان بۆ خودا، هەروەها بۆ دانانی جیهاد لە ژێر پەیامی قورئان. لەو کاتەدا کە سورەتی (الانفال) یاساکانی دابەشکردنی دەستکەوت (الغنیمة)ی دیاریکردووە، بە تایبەتی ئەوەی کە بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی دەگەڕێتەوە، قۆناغە دامەزرێن و تراژیدییەکانی بەدر و ئوحود بیر دەهێنێتەوە و فەرمان بە باوەڕداران دەکات کە لەبەردەم دوژمناندا پاشەکشە نەکەن، هەروەها بەڵێنەکانی خودا پەخشدەکات و کۆمەکی ئەوانە شدەکات کە لە پێناوی خودا جیهاد دەکەن، زۆر بەهێزیش بانگەشەیان دەکات بۆ شەڕکردن و جیهاد، بە تایبەتی لە پێناوی خودا، ئەو ئایدۆلۆژیا سەرەکیەی کە ببووە پرسە گەورەکەی سەردەم. هەموو ئەمانەش لەپێناو هاوپەیوەندییەکی توندی نێوان جیهادی پێغەمبەرایەتی و جیهادی فەتحکردنی جیهان بوو، سەرەڕای

ئەو میتۆدە زۆر گشتیەی کە بەهۆیەوە دەقی قورئانی گەشەی کرد، ئەو دەقەی کە هەمیشە ئاخاوتنی لەگەڵ باوەڕداراندا پێدەکرێت، ئەو باوەڕدارانەی کە دوێنێ ژمارەیان کەم و ئەمڕۆ زۆرن و لەناو بۆتەی ئوممەتێکی گەورەدا کۆبوونەتەوە، کە لە دژی تەواوی جیهان خەبات دەکات.

خوێندنی سورەتی (الانفال) مانای ئەفراندنی لێکچواندن لە نێوان هەردوو جیهادەکە دەگەیەنێت. بە دووبارە خوێندنەوەی سورەتێکی ئاوەها، لەو کاتە قەتیس و هەستیارانەدا، هێزێك بوو بۆ ئامادەگی خـودا!، واتا ئاوێتەبوونی هەمیشەیی لەگەڵ دەقی قورئان بە هەستی بیستن، لە ڕێگەی ئەنجامدانی نوێژی ڕۆژانە، یان (نوێژی ترس) لەبەردەم دوژمندا، هەروەها گەیاندنی سەرسوڕهێنی پەیامی قورئانیی لە دڵ و دەروونەکاندا بۆ خۆی پەلکێشدەکات، بە دڵنیاییەوە هەموو ئەمانە، ئاستی باوەڕداریی لەلای گەلێکی بێباوەڕ پتەو کرد، سنوری ناهۆشیاری کۆمەڵی جەنگاوەرانی بەزاند و ئیحساسێکی قورئانی بەهێزی لەلای هەندێکیان درووستکرد. بەڵام کارێکی سنوردار بە ئەنجامگەیشت، بە تایبەتی بە دەستپێشخەری لەلایەن هەندێك لە ئەسحابەکان، بێگومان لەگەڵ نیشاندانی هەڵوێستی باش لەلایەن عومەری کوڕی خەتاب. ئەوە کارێك بوو لە قوڵاییدا ئەنجامدرا بۆ درووستکردنی هەستێکی قورئانی لە شوێنەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە کوفە، ئەبو موسای ئەشعەری لە بەسرە، هەردووکیان سەری ڕمەکەیان پێکدەهێنا. یەکەمیان لە سەردەمی خەلافەتی عومەر و عوسمان تا ساڵی 29ی کۆچی خەزنەداری (بیت المال)، دووەمیش لە ساڵی 17 تا 29ی کۆچی کاربەدەستی بەسرە بوو. ئەوان لە ماوەی (10) ساڵدا وەکئەوەی لە پەیامی موژدەهێنی ئیسلامدا هاتووە، فێری قورئانخوێندن بوون، چونکە هەردووکیان لە گەورەی قورئانخوێنەکان بوون. ئەبو موسای ئەشعەری خەڵکی یەمەن بوو، سەر بە هۆزی (اشعر) بوو، زۆر زوو کە لە قۆناغی بانگەوازی مەککەییدا باوەڕی بە ئیسلام هێنا، هەرچەندە لە مەککە

نەدەژیا. پێدەچێت کۆچی کردبێت بۆ حەبەشە، یان بەگوێرەی چەند ریوایەتێکی تر لەوانەیە گەڕابێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە شەڕی بەدری نەبینی، بەڵکو لە ماوەی داهاتوودا پەیوەندی بە پێغەمبەرەوە کرد لە رێگەی مانەوەی لە شاری مەدینە لە کاتی غەزای خەیبەردا. کەواتە هاوبەشی کاری مێژوویی ئیسلامی و رووداوەکان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك هاوەڵێکی پلە یەك تەماشای دەکرا.

ئایا بەشدارینەکردنی لە گۆڕەپانی شەڕەکانی سەرەتادا پاڵی پێوەنا گرنگیپێدانی لە بواری فێربوونی قورئان چڕ بکاتەوە، یان بە تەنیا ئەو بەهرە و خولیایەی هەیبوو، کە پێغەمبەر و عومەریش شاهیدییان بۆ داوە؟ ئەبو موسا لەو ماوە کورت و ساڵە کەمانەدا نەبێت کە کەوتونەتە نێوان غەزای خەیبەر و مردنی پێغەمبەر، نەیتوانی فێری تەواوی دەقە قورئانییەکان ببێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبو موسا رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە موسڵمانبوونی خەڵکی یەمەن و بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕانەوە و یاخیبووندا. ئەبو موسا موسڵمانە شایستە و بەڕێزەکەی یەمەن بوو، یەکێکیش بوو لەوانەی کە تا رادەیەك وەك سوهەیب و سەلمانی فارسی و ئەبی زەڕ، کە هەر لە سەرەتاوە شاهیدییان داوە لەسەر گشتگیریی و جیهانیبوونی پەیامی ئیسلامی، چونکە نە سەر بە قورەیش و نە سەر بە پشتیوانان بوو، بە تەنیا خۆی وەك تاکێکی یەمەنی ئیسلامبوونی خۆی راگەیاند، بەڵام رەچەڵەکی لە یەمەن بوو بێئەوەی خانەدان یان سەرۆك هۆز بێت، رێچکەی کاروانەکەشی لە دەرەوەی گروپەکانی فشار داینابوو.

بە هەمانشێوە، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود، پیاوێك خاوەنی هیچ شەرەفمەندیەکی خێڵەکی نەبوو، لە ئاستی خوارەوەدا بوو، بەڵام لە کۆتی خێڵ رزگاری ببوو، لە رەچەڵەکێکی نیمچە ژێردەستە بوو، چونکە هاوپەیمانی قورەیش بوو. پێگە کۆمەڵایەتیەکەی زۆر لە خوار پێگەو پلەی ئەبی موساوە بوو، مافی ئەوەی نەبوو بگاتە ئاستی بەدەستهێنانی پۆست یان پلەی فەرماندەی سەربازەکان،

بەڵام هاوەڵێکی تەواو بوو، بۆ ئەو مەبەستەش بەشداری پێویستی لە هەموو کاروانی پڕشنگداری ئیسلامدا کرد. بەهۆی نزیکی زۆری لە پێغەمبەرەوە، لە کاتێکدا کە خزمەتکاری پێغەمبەر و لە خوڵگەی تایبەتی ئەودا بوو، توانی فێری قورئانخوێندن بێت. ئەوە جۆرێك بوو لە سەرکەوتن و بەدەستهێنانی رێز کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گرنگی خۆی پەیدا کرد. لێرەوە ئیبن مەسعود لەلایەن نوێگەرە درەنگوەختەکانەوە بە یەکێك لە سیمبوڵە گەورەکانی گواستنەوەی حەدیس دراوەتە قەڵەم. لە بەرامبەریشدا هیچ گومانێك نییە لەسەر رۆڵی گەورە و راستەقینەی لە بواری شیکردنەوە، بڵاوکردنەوە، کۆکردنەوە و دەرهێنانی قورئاندا. ئیبن مەسعود بە پێچەوانەی ئەبی موساوە وەکیەك پیاوی دەوڵەت و قورئانخوێن و چاکترین مامۆستای قورئانخوێنانیش بوو، بە شێوەیەکی تایبەتی لە کوفە. عەبدولڕەحمان کوڕی ئەبی لەیلا دەگێڕێتەوە کە ئیبن مەسعود کاتێك کۆبوونەوەی بە براکانی دەکرد، قورئانی پێ دەخوێندن و بۆی تەفسیر دەکردن.
هەروەها مەسروق دەربارەی ئیبن مەسعود دەڵێت: «عەبدوڵلا لەناو مزگەوت قورئانی پێدەخوێندین، پاشان ئێمەش لە دوایەوە دادەنیشتین و بۆ خەڵکمان شیدەکردەوە». دەربـارەی مـەسروق دەگێڕنەوە کە بە شێوەی سەرزارەکی قورئانخوێندن لە ئیبن مەسعود فێر بووە، کاتێك کۆمەڵێك لە هاوەڵان کە هەموویان لە خوێنەران و شیکەرەوانی قورئان بوون، بە باوکانی زانستی ئیسلامی لە کوفە ناسرابوون، پێشیان دەوترا (هاوەڵانی ئیبن مەسعود)، ئەمانە بریتیبوون لە: علقمە، الاسود، مەسروق، عوبەیدە، ئەلحارس، عەمرو کوڕی شەرحەبیل ئەلشەعبی. ناوی دوان یان سیان لەوانە تێکەڵاوی هەڵچوونەکەی قورئانخوێنانی کوفە بووە، بەسەرهاتیان لە کتێبی (الطبقات)دا هەیە. ئەوانە کەسانێکی گەنج بوون، بۆیە ماوەیەکی زۆر لە دوای ئیبن مەسعود ژیاون و لە هاوەڵانی قورئانخوێنان بوون، ئەوانیش خوداپەرست بوون. بۆ نموونە (الاسود) رۆژوگرێکی گەورە بوو، بەهۆی رۆژو گرتنەوە چاوێکی لەدەستدا، (70) جار حەجی کردووە، لە مانگی رەمەزاندا

به دوو شەو جارێك وەك خۆڕاهێنان لەسەر خوداپەرستی و تەقوا، قورئانی بە تەواوەتی خوێندووە.
ڕاستە کە بابەتەکە پەیوەندیدار بووە بە بازنەیەکی سنوردار، بازنەی قوتابیە دڵسۆزەکان، بەڵام بە رووکەش فێرکردنێکی گشتیتر هەبوو، کە ئیبن مەسعود و قوتابیەکانی بەرەو جەماوەرێکی فراوانتر ئاراستە کرد. بۆمانی دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی وەلیدی کوڕی عوتبە، بانگخوازێك لە مزگەوت هەڵدەستا و داوای خوێندنی قورئانی دەکرد، پێویست بوو لەسەر ئەوانەی کە شێوازی ئەبی موسا قورئانیان دەخوێند کە لە گۆشەیەکی دیاریکراوی مزگەوت دابنیشن، ئەوانەشی کە لەسەر شێوازی ئیبن مەسعود دەیانخوێند، دەبوو لە گۆشەیەکی تری مزگەوتا دابنیشن. خوێندنەوە و شیکردنەوە (تفسیر)ی قورئان و روبەڕوبوونەوەی فرەجۆرییەکانی قورئان لەو سەردەمەدا، ببووە سەرقاڵی و کاری هەرە گەورەی بەشێکی زۆر لە توێژی جەنگاوەران، لە ویلایەتەکان و شەڕەکانیشدا نەك بە تەنیا لەناو مزگەوتەکاندا. قورئان شوێنی شیعر و کەلتوری ئەنترۆپۆلۆژی عەرەبی گرتەوە، کە لە جاهیلیەتەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەروەها مەودا و پانتایی هۆشیاری داگیر کرد، لانیکەم لەلای چەند سەد کەسێك لێرەو لەوێ. سەرەڕای ئەوەش حوزەیفەی کوڕی الیمان، لە کاتی هێرشکردنە سەر گرجان و تەبەرستان لە ساڵی 30ی کۆچیدا، پێدەچێت تووشی سەرسوڕمان بووبێت کە بینی موسڵمانان بە ورەیەکی بەرزەوە سەبارەت بە شێوازە جیاوازەکانی قورئانخوێندن مشتومڕییانە و گفتوگۆ دەکەن. کار دەگەیشتە ئەو رادەیەی کە نەفرەتیان لە یەکتری دەکرد و هەندێکیان ئەوانی تریان بە بێباوەڕی تۆمەتبار دەکرد. پێدەچێت حوزەیفە ئاماژەی بە عوسمان دابێت کە یەك وێنەی قورئان دابنێت، لە ترسی چەکەرەکردنی تۆوی فیتنەیەکی لەوجۆرە و قوڵکردنەوەی هەستی موسڵمانێتی و خۆبەدوورگرتن لە گەڕانەوە بۆ سەردەمی شیعر.
بەڵام ئەمە ئاماژەیە لەسەر جدیەتبوونی گرنگیپێدانی گشتی بە فەرمودەی پیرۆز

و ئەو حەماسەی کە عەرەب لە بەرامبەری نیشانیانداوە. یەك قورئان، یەك قیبلە، یەك ئوممەت، ئیتر هەمووی بەو شێوەیە دەوترا. هەریەکە لە قورئان و نوێژ پێکهێنەری ئوممەت و کەفیلی یەکبوونی بوون. دانانی نوسخەکەی عوسمان وەك دەقێکی قورئانی تاك و تەنیا لە سەرەتای سییەکانی کۆچیدا، واتا ساڵی (650ی زایینی)، بووە دیاردەیەکی گەورە لە مێژووی ئایینی، کەلتوری و تەنانەت سیاسی ئیسلامدا، هەروەك هەستی پێدەکەین زۆر بەتوندیش بەندە بە دەرکەوتنی دیاردەی قورئانیەوە. لەپاڵ مەسحەفی قورئانی ئەبوبەکر، کە پاشان لەلایەن (حفصة)ی کچیەوە پارێزگاری لێکرا، سەرەڕای ئەوەی کە مەعریفە و گواستنەوەی سەرزارەکی دەقەکانی قورئان بناغە بوون، لەو کاتەدا چەند مەسحەفێکی تریش هەبوون. ئاشکرایە کە ئەبو موسا و ئیبن مەسعود هەریەکەیان مەسحەفێکی خۆیان هەبوو، بەڵام هەریەکەش لە ئەبی بن کەعب و عەلی کوڕی ئەبو تالیب مەسحەفی خۆیان هەبوو. زەیدی کوڕی سابیت بۆ ئەرکی دانانی وێنەیەکی نوسراوی قورئان راسپێردرا، چونکە زەید نوسەرێکی کۆنی نزیکی پێغەمبەر بوو، کە قورئانی بۆ دەنوسیەوە. وا دەردەکەوێت زەید لە رووی جەوهەرەوە مەسحەفەکەی ئەبوبەکری دەرهێنابێت، بەڵام بەپێی دەقی تایبەتی خۆی ئەو شاهیدی و دەقە سەرزارەکییانەی کە بە ئەمانەتەوە کۆی دەکردنەوە نوسینەوەشی تەواو کرد. پاشان بە دوای یەکتریدا شەش وێنەی لێنێردرا بۆ مەککە و شام و یەمەن و بەحرەین و بەسرە و کوفە، وێنەیەکیش لە مەدینە هێڵرایەوە. مەبەستکە بریتیبوو لە یەکخستنی دەقە قورئانییەکان و پارێزگاری لێکردنیان و پێشکەشکردنی یەك وێنەی کۆتایی و فەرمی، فەرمانیش کرا بە لابردنی ئەو وێنانەی تر کە هەبوون، بەڵام ئەو بابەتە دووچـاری بەرەنگاربوونەوە بوو، بە تایبەتی لەلایەن ئیبن مەسعودەوە. یەکێك لە مەترسیدارترین ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی عوسمان کران، تۆمەتبارکردنی بوو بەوەی کە ویستویەتی قورئان نەهێڵێت (اراد محو الکتاب). کۆمەڵی قورئانخوێنان درکییان نەکردووە یان نەیانویستووە مەبەست و ئامانجی

عوسمان بزانن، بۆیە ناشرین کرا و پێشدەچێت وەکیەك فەرمانەکانی لە کوفە و بەسرە جێبەجێ نەکرابێت.
بەو هۆیەشەوە وێنەکانی تری قورئان مانەوە، بەڵام رووە راستەکەی ئەوەیە دەقی قورئان کە لێرەو لەوێ هەبوو، بە شێوەیەکی تەواوەتی خرایە ناو چوارچێوەی سەرەکی خۆیەوە: (رێکخستن و پێکهێنانی سورەتەکان)، ئەوەش وایکرد قەبارەی ئەو جیاوازییانەی لە هەندێك سەرچاوەدا باسیان لێوەکراوە، جیاوازی زۆر کەم و بچووك بوون، یان باشترە بڵێین مەسحەفی عوسمان سەرکەوتنی تەواوی بەدەستهێنا. بەڵام ئەو حەوت خوێندنەوەیەی قورئان کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا دانراون و دانیان پێدا نراوە، لە نێوانیشیاندا سیانیان هی کوفە بوون (عاصم، حمزة، الكسائي)، کە ئیدیعای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ ئیبن مەسعود، جگە لە نیشاندانی چەند هەمەچەشنیەکی کەم شتێکی دیکە نییە، بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە پێکهێنان و رێکخستنەوە هەیە. لە قۆناغی یەکەمدا دەقی نوسرا رێگەی بە خوێندنەوەی قورئان نەدەدا تەنیا بەو کەسانە نەبێت کە پێشتر بە دڵ لەبەرییان کردبوو. بەڵام پارێزگاری دەکرد لە ریزبەندی گوتار کە بەهایەکی رەمزی باڵای هەبوو، هەروەها دەکرا وەك بەڵگەیەك بۆ زاکیرەی لاواز سودی لێوەربگیرێت، کە مەرجەعێکی نەگۆڕ بوو. لە راستیدا نوسخەی عوسمان تەنیا لە سەردەمی ئومەوییەکاندا نەبێت خۆی نەسەپاند، بە تایبەتی لەگەڵ چاکسازییەکانی حەجاج و عەبدوملەلیك. بەڵام ئەگەر هەیە لەو قۆناغە بەدواوە کە موعاویە بە زەبری هێز بەڕێوەی دەبرد، بە شێوەیەکی باش لە شام پێشوازی لێ کرابێت و چەند وێنەیەکیشی لەبەر گیرابێتەوە. ئەگینا چۆن لێکدانەوەیەك بۆ ئەوە دەکرێت کە لە شەڕی (صفین)دا رویدا کاتێك سەدان مەسحەفی قورئان بەسەر نوکی تیرەکانەوە بەرزکرانەوە، کە بەپێی هەندێك سەرچاوە (500) مەسحەف بووە، سەرەڕای مەسحەفی گەورەی مزگەوتی دیمەشق کە ئەگەر هەیە ئەو مەسحەفەی قورئان بێت کە عوسمان ناردویەتی. هەروەها شام قورئانخوێنانی

خۆی هەبوو، ئەوانەی کە لەلایەن ئەسحابە نیشتەجێبووەکان لە شام فێر کرابوون، کە بەگوێرەی ئیبن سەعد (700) کەس بوون، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر دیاربوون بە بەراورد لەگەڵ کوفە یان بەسرە. پێدەچێت ئەو قورئانخوێنانە بەهۆی زۆری ژمارەی مەسحەفە عوسمانییەکانەوە پشتیوانیان لێکرابێت. جەنگاوەرانی عەرەب لە شام، لە قورئانخوێنەکان و ئەوانی تریش بە گوێڕایەڵی و خۆڕاگری مانەوە، بەهۆی زۆر سەرقاڵبوونیان بە بەرەی کراوەی جیهاد بە شێوەیەکی بەردەوام. بەم پێیە لەوێوە باشتر درك دەکرێت بە کاریگەری قورئان وەکو مەرجەع و بەڵگەنامە و شۆڕبوونەوەی بۆ ناو نەوەی فکری ئایینی و بزوتنەوەی سیاسی پێکەوە. قورئانخوێنان پەیوەندیەکی پتەوییان لەگەڵ دەقی قورئاندا هەبوو، واتا پەیوەندی بەستن لەگەڵ خودا، بەوەش سنورەکانی خێڵ و دەوڵەتییان پێکەوە تێپەڕاند. نامەیان بۆ عوسمان نوسی و پێیان ڕاگەیاند: «بەشدارمان کردیت لە خوێندنەوەی»، واتا ئەرکت ئەوەیە گوێڕایەڵ بیت بۆ حوکمی قورئان.

ئیتر زانستی ئایینی/ سیاسی تابۆ نەبوو لەسەر کەسێك یان چەند کەسێك، بەڵکو هەموویان لەسەریانە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مامۆستا و ڕێنیشاندەرێك بن ئەویش (قورئان)ە، کە ئامادەگی خودا بەرجەستە دەکات و شاهیدی بۆ سەروەربوونی دەدات کە ناکرێت لێی لابدرێت. کاتێکیش کە قورئان بە گشتی بڵاوبۆوە، بووە موڵکی گشتی، بەو پێیەش مافی قسەکردنی بە هەمووان بەخشی. ئەو پیاوانە بەهۆی قورئانەوە هەستیاندەکرد کە عاقڵمەند بوون و پێگەیشتوون، بەڵام تا هەڵاتنی ئیسلام مێگەلێکی نەزان بوون لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبران کە ڕاستییان دەزانی لەبەر ئەوەی لەپێش ئەوانەوە لێی نزیکبوونەوە. قورئان ڕێگەی پێدان لە ڕێگەی پشتبەستنیان بە تاکە دەسەڵاتی باڵای ڕاستەقینەوە، دەسەڵاتی خودا، سنوری دەوڵەت ببەزێنن. هەروەها ڕێگەی بۆ خۆشکردن کەمێك لە بارگرانی شەرعیەتی مێژوویی (هاوەڵانی محەمەد) ڕزگارییان بێت کە سەروەرێتی و پێشەنگی و سەرکردایەتیان بەدەستەوە بوو. کەمێك ئازاد بوون،

بەڵام ئازادبوونی تەواو نەبوو، چونکە هەمان ئەو قورئانەیان لەوانەوە وەرگرت کە ستایشی چاکەی کۆچبەران و پشتیوانان بەسەرییانەوە دەکرێت. بەڵام قسەکردن بە ناوی قورئان، لە فۆرمێکدا رۆڵی پێشەنگی و سەرکردایەتی پێدەبەخشین، بەوەش بوونە ئەسحابی خودا و ئایین.

قورئانخوێنان بە ناوی قورئانەوە قسەیان دەکرد، کە خۆراکی ئەخلاقی و کەلتوری سیاسییانی پێکدەهێنا. ئاسۆی مێژوویی یان زۆربوونی وەچەییان دەستیپێکرد بۆ ئەوەی ئوممەت لە دەستیان دەربچێت، لە ئەنجامی ئامادەگی دەقی پیرۆزی کە خاوەنی هەموو تواناکانە. هەروەها ئەرکی گوێڕایەڵیکردن لە دەستیان دەردەچـوو، کە بریتی بوو لە رایەڵەی نەمری و سەروەری هەمان ئوممەت، کە لەگەڵ ئەوەشدا وەك بژاردەی زۆرینە و ئایدۆلۆژیاکەیان مایەوە. ئەوەی پێویستە لە ئاستیدا بوەستین لە دیدگای ژیان و سیاسەتەوە، ئەو پشتبەستنەیە قورئان لەلایەن کەمینەیەکی کاریگەر و کاراوە. ئەمە بریتی بوو لە بەشدارییەکی چڕی قورئان لەو مێژووەدا کە دەستیکرد بە خۆدرووستکردن و پێکهاتن. بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە کە ئەگەر قورئان لە دەوری رێڕەوی وردی حوکمکردنی خەڵك بێدەنگ بمێنێتەوە، ناتوانێت کەلتورێکی سیاسی و تەنانەت رەخنەگرتن لە دەسەڵات بەرجەستە بکات. دوایی لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، لەلای خەواریجەکان دەگۆڕێت بۆ دروشم. لە راستیدا بابەتەکە بە هەموو جیاوازییەکانەوە تەنیا پشت دەبەستێت بە ئەزمونی پێغەمبەر و سەردەمی مێژوویی هەردوو خەلیفەکەی، واتا سوننەتی زیندوو. لە کۆتاییدا، قورئانخوێنان رەخنەیەك دەخەنە سەر ئەستۆیان، کە لە مەدینە و دەرەوەی مەدینەدا لەناو کۆمەڵی هاوەڵەکاندا بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتەکەی عوسمان سەریهەڵدا. هەرچەندە قورئان تەنیا رێگەیپێدان بوونی خۆیان بەرجەستە بکەن و لە کۆتاییشدا نکۆڵی لە چەمکی خودی دەوڵەت بکەن.

# کوشتن

## سەرەتاکانی دراماکە

لە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك بەسەر روداوەکانی کوفەدا، عوسمان کوژرا. تەنیا ئەو روداوە بوو دەلاقەکەی کردەوە، کوفە زۆر لەوە دوورتر بوو کە ببێتە تاکە هەڵسوڕێنەر و بزوێنەری ئەو قەیرانە گەورەیەی کە بەرپا دەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە، کوفە بە شێوەیەکی رێژەیی پاشەکشە دەکات و لاوەکیانە بەشداری لە کوشتنی عوسماندا دەکات، بەو پێیەی کە ئەو روداوە بووە ترۆپکی قەیرانەکە لە

مانگی (ذوالحجة 35ی کۆچی/656ی زایینی). کاراکتەرانی تر بە توندی بەشداری لەو گەمەیەدا دەکەن: واتە میسرییەکان.
مەدینە، بارەگای خەلافەت و جێنشینگەی زۆرینەی ئەسحابەکان دەبێتە گۆڕەپانی رووداوەکان. کێشەکە لەلایەك پەیوەندی بە قەڵەمڕەوە گەورەکانەوە هەیە، واتا ویلایەتە سەربازییەکان جگە لە سوریا کە لە دەرەوەی کودەتاکە مایەوە. ئەوانیش بریتین لە: میسر، کوفە، بەسرە. لە لایەکی تریشەوە مەدینە و مەدینەییەکانیش دەگرێتەوە کە هەندێکیان بەشدارییان لە کوشتنەکەدا کرد، هەندێکی تریشیان رۆڵێکی ناوەندیکاری یان بەرگرییان بینی و دەستبەرداری عوسمان بوو تاوەکو رووبەڕووی چارەنوسی خۆی ببێتەوە.
کەواتا مەسەلەکە بریتیبوو لە جووڵانی ناوەندە هەستیارەکانی ئیسلام و بە نزیکی هەموو ئوممەت بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشداری تێدا کرد، بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی دوژمنکارانە، یان ناڕەزایی دەربڕین و بینینی رووداوەکان وەك تەماشاکەر. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ولایەتەکان بوونە سەری رمەکە، ئەوانەی کە پەلاماری مەدینە دەدەن و بەزۆر داگیری دەکەن و خەڵك دەکوژن، بە تایبەتیش میسرییەکان، واتا عەرەبی (الفسطاط) و عەرەبەکانی دەوروبەر بە بەراورد لەگەڵ عەرەبەکانی کوفە و شام، کە پۆستە ناوەندییەکانی ئیسلام لەدەستیاندا بوو. ئەمە کەمی زانیارییەکانی تایبەت بە مشتومڕو پشێوی و ناسەقامگیری ناوخۆییان دەردەخـات، بەڵام ئەوانەی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ دەکەن لەو بڕوایەدا بوون کە هەمان نموونەی کوفەی تێدا بەدیدەکەن، واتا ململانێیەکی شاراوەی نێوان خاوەن پێگە و کاریگەری بەرجەستە لەناو ئیسلام و دەستەی هەڵکەوتووی سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکان. ئەوەی جێی سەرنجە، هەر لە یەکەم هەنگاوی رێڕەوی دراماکەدا بیر کرایەوە لە هێرشی بەپلان بۆ سەر مەدینە کە لە سێ دەستە پێکهێنرابوو: میسرو کوفە و بەسرە. تێکڕای ژمارەی هەر دەستەیەك (600) کەس یان کەمتر بوون. ئەو هێزە لە یەککاتدا بەس بوو بۆ ئەوەی قەڵەمڕەوو

دەسەڵاتی بەسەر خەلیفە و خەڵکی مەدینەدا بسەپێنێت کە دابەشبوون یان دەستیان تێکەڵکردبوو، بەڵکو بە بەراورد لەگەڵ کۆی هێزی ئوممەت کە بە ئاسانی دەگەیشتنە (200) هەزار پیاوی چەکدار، هێزێکی لاواز و کەمتوانا بوو. هێزە هێرشبەرەکان لە هەرچوار ویلایەتە گەورەکەی ئیمپراتۆریەت کۆببوونەوە، بەوەش کەمینەیەکی کارا و پێداگر لەسەر ئامانجەکانی، توانی دەسەڵات و هەژمونی خۆی بەسەر دەسەڵاتی کەسە دابڕێنراوەکانی ناوەند بسەپێنێت. ئەمەش پرسی بونیادی هەمان ئەو دەسەڵاتە و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵی جەنگاوەران/ باوەڕداران و پەیوەندی هەمووان لەگەڵ ئەو تێڕوانینە گەورەیەی کە حوکمیان دەکات دەورووژێنێت، کە پشت بە ئیسلام و پەیڕەوەکانی و بەهاکانی دەبەستێت. ئەمانە چەند پرسێکی جەوهەرین و دراماکە ئاشکرایان دەکات، دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا زیاتریش ئاشکرا دەبن و پێویستدەکات زیاتر ڕوون بکرێنەوە.

بەڵام ئایا سەرەتا چی ڕویدا؟ دوو سەرچاوەی سەرەکی ئەو بەسەرهاتە بریتین لە (الطبري و البلاذري) لە کتێبی (انساب الاشراف)دا، کە هەردووکیان لە یەککاتدا کۆك و ناکۆکیشن. ئەوان لە هەندێك قۆناغ و ماوەی جیادا، سەرگوزشتەیەکی بەردەوام و وردمان پێشکەش دەکەن، بەڵام وامان لێدەکەن لە زۆربەی خاڵ و وردەکارییەکاندا بکەوینە ژێر کاریگەری زۆری و بۆری هەواڵ و سەرگوزشتە جۆراوجۆرەکانەوە، بەڵام لە بابەت و پرسە جەوهەرییەکان، دەربارەی پەیکەری دروستبوون و پێکەوەبەستنی بونیادی دراماکە و سەبارەت بە ناوی کەسە ئەکتیڤ و دیارەکان و مێژووی ڕوداوەکان. لە ڕێگەی گێڕەرەوە سەرەکی و بنەڕەتییەکان: (سیف، الواقدي، ابي مخنف)وە، دەتوانین سەرلەنوێ باکگراوندی ڕوداوەکان درووست بکەینەوە. گێڕانەوەی سەیف متمانەی کەمترە، بەڵام گێڕانەوەی (الواقدي) زیاتر دەوڵەمەند و جێگەی متمانەپێکردنە، بۆیە ناکرێت لەڕووی دووبارەکردنەوە و ڕۆچوونی لە وردەکارییەکاندا زۆر تیایدا قوڵبینەوە. هەروەها

گێڕانەوەی (ابي مخنف) لەوانی تر زیاتر پێکەوەبەستراوە، بەڵام بەسەر چەندین وردەکاری و روونکردنەوەی سەرەکیدا بـازدەدات، بۆیە لە نێوان ئەو هەموو گێڕانەوە و سەرچاوانەدا پێویستە لەبێژنگدان و هەڵبژاردن بکرێت و بەدوای لێکچواندنەکاندا بگەڕێین.
لە قۆناغی یەکەمدا، ساڵی 34ی کۆچی، جۆرێك لە هەڵچوونی گەرمهاتوو، پڕوپاگەندەیەکی گەورە بۆ ئەو سکاڵایانە دەکرا کە وڵاتانی ئیسلامیان پڕ کردبوو. پێدەچێت مەسەلەی کوفە، بەهۆی کاریگەری و دەنگۆکەیەوە رۆڵی لەوەدا گێڕابێت. بەڵام لە میسریش لە رێگەی پەلاماردانی بێزەنتییەکان لە دەریاوە لە شەڕی (ذات الصواري)دا، بە رۆژی روناك کاری تێکدەرانە لەلایەن دووان لە نەوەی هاوەڵان بەرپا بوو، ئەوانیش محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە بوون. هەمووا ئەوانە لەناو مەدینە و گەورە هاوەڵاندا دەنگیاندایەوە، بۆیە بە رابەرایەتی عەلی هەوڵێکیاندا بۆ ئەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان بەبیر عوسمان بێننەوە. عوسمان بەو کارە هەڵچوو، لە ساڵی (35ی کۆچی)دا داوای لە والی و کاربەدەستەکانی کرد بێن بۆ راوێژکردن، ئەوانیش دڵنیایان کردەوە کە ئارامی و ئاسایش لە ویلایەتەکانیان بەرقەرارە. کەواتا کەشێکی قەیراناوی و پشێوی توند و هەڵچوونی رای گشتی بوونی هەبوو، دەسەڵاتیش لە بەرامبەریدا بەئاگا بوو. هاوتەریب لەگەڵ ئەو دۆخەدا لە ویلایەتەکان پیلانێکی راستەقینە لەنێوان سەرکردەی هێزە نەیار و ئۆپۆزسیۆنەکاندا رێکخرا، یان لە رێگەی گۆڕینەوەی نامەوە بووە، یان لە کاتی کۆبوونەوەیەکدا بووە کە لە کۆتایی ساڵی (34ی کۆچی) لە کاتی حەجدا ئەنجامدراوە. لێرەدا گێڕانەوەکان لە یەکدی جیاوازن و هەنێکجار رێگەیان ونکردووە و توشی هەڵە بوون. سەیف باسی پیلانگێڕییەك لە دژی ئوممەت دەکات کە کەسێکی جولەکەی یەمەنی ناو ئیسلام ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی سبأ)ە، کە جڵەوی سەرداوەکانی پیلانەکەی بەدەستەوە بووە. بە رای سەیف پێشئەوەی لە میسر نیشتەجێ ببێت بۆ رێکخستنی بزووتنەوەیەك و کاراکردنی،

خاكی وڵاتانی ئیسلامی تەی كردووە. ئەم عەبدوڵڵایە ژێراوژێر كاری كردووە، كەسێكی فێڵباز و ناخپیس بووە، دەشوترێت چەند بیرێكی تازە و بۆ سەرلێشێواندن دەربارەی گەڕانەوەی پێغەمبەر و وەسیەت بڵاوكردۆتەوە، واتا ئەو بیرۆكەیەی كە دەڵێت گوایا عەلی میراتگری شەرعی پێغەمبەرە كە دەبوو هەر لە سەرەتاوە خەلافەت لەدەستی ئەودا بوایا. ئەمە چەند بابەتێكن بۆ شیعەگەرایی عەقائیدی ئایندە و دواهاتوو، كە پێشبینیكردنی لەو قۆناغەدا ئەستەم بوو. سەرباری ئەوەش رەخنە و گازەندەیی ناوخۆیی و دەرەكی لە بەرامبەر گێڕانەوەكانی سەیف بە تەنیا سەبارەت بە (ابن سبأ)، ئاماژەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم كەسە هەرگیز نەبووە، بەڵكو داهێنراوێكە لە وەهم و خەیاڵ.
بە بۆچوونی ئیبن ئیسحاق و ئەلواقیدی، بابەتەكە پێچەوانەیە، چونكە ئەو هاوەڵانەی كە بەسەر هەموو شوێنەكاندا دابەشبوون، هەر ئەوان نامەیان بۆ یەكتری نوسی و وتیان: لە ئێستا بەدواوە جیهاد لە مەدینەیە، بەو شێوەیەش هەر ئەوان بوون فەرمانیاندا بە رووكردنە كاركردن بەو ئاراستەیە، چونكە ئەوانە تۆڕێكی چڕی پەیوەندی و هاوڕێیەتیان پێكەوە هەبوو. ئەمەشیان گێڕانەوەیەكە لە رووی كردارییەوە قبوڵ ناكرێت، چونكە بە تەنیا پیلانێك هەبوو بە مانای رێكخستن و پێكەوەبەستنەوەی كارەكان و دیاریكردنی ئامانجەكان لە ناوەندە چالاك و كاراكانی قورئانخوێنانی كوفە و هاوتاكانیان لە بەسرە و (الفسطاط). لەوەش زیاتر سەرچاوە میسرییەكان دەربارەی (الفسطاط) باسی كودەتا و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات دەكەن لەلایەن (ئیبن ئەبو حوزەیفە)وە، ئەو كەسەی كە دەستپێشخەری كرد بۆ ناردانی هێزی فیرقەی میسر لە دژی عوسمان. بەڵام ئەمە گێڕانەوەیەكە پێویستە بە تەواوی رەتبكرێتەوە. لە مانگی شەوالی ساڵی 35ی كۆچی، فیرقەكانی میسر و كوفە و بەسرە لە چواردەوری مەدینە گردبوونەوە و لە سێ شوێنی جیاواز بارگەیان هەڵدا، بەڵام ناوەندی گردبوونەوەی سەرەكیان ناوچەی (ذو خشب) بوو، شوێنی مانەوەی فیرقەی میسری كە بەسرییەكان دوای كەمێك چوونە پاڵی. هەموو فیرقە

سەربازییەکان لە شێوەی چەند گروپێکی رێکخراو لەگەڵ سەردەستەی گروپەکان و فەرماندەی هەموو فیرقەیەك بە تەواوەتی، هەروەك چۆن لە وەرزی حەجدا هەبوو هاوڕێیەتی یەکترییان دەکرد.

ئەو فەرماندە و سەردەستانەش بوون کە حسابیان بۆ دەکرا، چونکە دەبوونە کاراکتەری سەرەکی بەرەنگاربوونەوەکە، لەبەر ئەوەش بوو کە مێژوو تەنیا ناوییانی پاراستووە، بۆیە لە باسەکانی دواییدا پێیان ئاشنا دەبین. بەڵام هەرچی ئەوانەی ترە هەموویان لە تاریکیدا ونبووە و هەستدەکەین کە ئەوانە تەنیا لە ریزی دواوە وەکو ئامادەبوونی زۆرێکی نەناسراو دەجوڵێن. تەنانەت کوشتنی عوسمان کە ترۆپکی مەسەلەکە پێکدەهێنێت، وەك ئەنجامدانی کارێك لەلایەن چەند سەد کەسێکەوە نیشاندەدرێت، سێ تا چوار کەسی نەیارو ناحەز کە ریزبەندکراون و ناسراون. سەرەڕای ئەوەش لە کۆی هەموو دراماکەدا نزیکەی (50) ناو، یان لەوانەیە (100) ناو بەکارهێنراوە، کە لە هەموو ئاراستەکانەوە تەنیا تاقمێکن مێژوو باسیان دەکات. لە ریزی دواوەش تەنیا تێبینی هات و هاواری جەماوەرێکی هێنراوی بێ تایبەتمەندی دەکرێت.

لە بەرەی میسرییەکانەوە، سەرکردەکان سەرنجمان رادەکێشن چونکە ژمارەیان زۆرە، نـاوی (9) کەسیان هاتووە. هەروەها لەبەر ئـەوەی کە وابەستەیی خێڵەکیان دەکرێت ببێتە ئاماژەیەك لەسەر پێگەو رەچەڵەکی کۆمەڵایەتیان، لەبەر ئەوەش بووە کە بە درێژایی رووداوەکان رۆڵێکی کارا دەگێڕن. کەسی هەرە گرنگ لە ناوییاندا (عەبدولڕەحمانی کوڕی عودیس البلوي) سەر بە خێڵی بەلیە، کە یەکێکە لەو خێڵانەی لە سەرەتاوە نیشتەجێی میسر بووە و لە ساڵی 15ی کۆچیدا لەگەڵ عەمرو هاتووە، لە سەرووی ئەوەشەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر بوو. (عەبدولڕەحمانی کوڕی عودیس البلوي) تەنیا کەسە هەڵگری ئەو خەسڵەتە بێت، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەکرێت لە لیستەکانمان دەربارەی فەرماندەی فیرقەکان ریزبەند بکرێت.

ئەو هاوەڵێکی سادە و خۆبەکەمزان بوو، پێش دوو ساڵ لە گرتنەوەی مەککە لەژێر دارەکەدا بەیعەتی داوە و ئامادە بووە[19]، بۆیە سەر بەو کۆمەڵە گرنگەی هاوەڵانی پێغەمبەرە کە بە رەچەڵەك کۆچەری دەشتەکی بوو، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا رۆڵ و پابەندێتیان گەورەتر بووە، بەڵام تەنیا هەندێکیان وەکو ئەبی زەڕ بوونە کەسایەتی ناودار. شانبەشانی ئیبن عودەیس، بە تایبەتی ناوی کینانەی کوڕی بیشر ئەلتوجەیبی (خەڵکی کندە)، عەمرو کوڕی بودیل کوڕی وەرقا ئەلخوزاعی، سەواد کوڕی حومران ئەلسکونی (خەڵکی کندە) و عروەی کوڕی شویەیم ئەللەیسی بەرچاو دەکەون. پێدەچێت کینانە لەو سەردەمەدا زۆر چالاك بووبێت، چونکە کاراکتەری سەرەکی کوشتنی عوسمان بوو. (الاشتر) پیاوی گرنگ لەلای کوفییەکان بوو، ئەگەرچی بەناویش فەرماندەی باڵایان نەبوو. لە کۆی رووداوەکاندا سێ یان چوار جار ناوی (الاشتر) هێنراوە. ئەو لەسەر شانۆی رووداوەکان لە پاڵ عوسمان دانراوە و ئامۆژگاری دەکات کە وازبێنێت ئەگینا هەوڵی کوشتنی دەدات، بەڵام بێئەوەی بتوانێت کێشەکە یەکلایی بکاتەوە. (الاشتر) بە شێوەیەکی تایبەتی بە بەراورد لەگەڵ ئیبن عودەیس یان محەمەدی کوڕی ئەبی بەکر، کەسێکی ئەوەندە دیار نەبوو، بەڵام تاکە کوفیە کە هەست بە ئامادەگی و کاریگەرێتی دەکرێت. بەڵام ئەوانی تر وەك زەیدی کوڕی صوحان، عەبدوڵڵای کوڕی الاصم، عەمرو کوڕی الاصم و زیادی کوڕی نەزەر، کە ناوییان وەکو سەرۆك گروپ، یان تەنانەت کەسێکی وەك عەمرو کە لە سەرەتادا ناوی وەك سەردەستەی فیرقە هاتووە، بەڵام هەر لەسەر رێگەدا ناوی لەبیرکراوە و ناگەڕێتەوە سەر شانۆی دەرکەوتن. لە بەرامبەردا، عەمرو کوڕی ئەلحیمقی ئەلخوزاعی بە رەچەڵەك کوفی، کە پێگەیەکی ئەسحابەیی هەیە، چەندین جار ناوی لە کۆی رووداوەکاندا هاتووە،

19- الکندی، کتێبی (ولاة الامصار)، لاپەڕە 43. ئیبن سەعد، طقات، بەشی 7، لاپەڕە 59. ئیبن ئیسحاق، بەشی 4، لاپەڕە 369: سیفەتی سەحابی دەدەنە عەمرو کوڕی بودیل کوڕی وەرقا ئەلخوزاعی و دەیکەنە فەرماندەی یەکە سەربازیەکە.

هەندێك سەرچاوە و گێڕانەوەی بچوکیش دەیبەنەوە سەر میسرییەکان[20].
ئەو یەکێکە لەو بەشداربووە کەمانەی کە بە کرداری بەشداری لە کوشتندا کردووە و ئەنجامدانی چەند کارێکی ترسناك لە کاتی بەخاکسپاردنی تراژیدی و نهێنی عوسمان دەخرێتە پاڵی. دواتریش تێبینی دەکرێت سەبارەت بە بەسرە، لە نێوان ئەو پێنج ناوەدا کە هاتووە، دوان یان سیانیان سەر بە هۆزی (عبدالقیس)ن. لەوانە دوو کەسیان جێگەی سەرنجن: حوکەیم کوڕی جەبلە ئەلعەبدی، کە فەرماندەی راستەقینەی گروپە هێرشبەرەکە و توندترین هێرشبەرانی بەسرە بووە، لەگەڵ حەرقوس کوڕی زوهێر ئەلسەعدی کە لەو کاتەدا لە پرۆسەکە دوورخرابۆوە، بەڵام ناوبانگی دەرکردووە و دواتر بەناوبانگی زیاتریش دەردەکات. کەواتا ئەو فیرقانە خاوەنی بونیات و لەژێر فەرمانی سەرکردەکاندا بوون. بابەتەکە تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەگەری تەقینەوەی پشێوییەکی هەڕەمەکی جەماوەری بارودۆخەکە، یان کشانی هێزی ویلایەتەکان بەسەر پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا. بە نزیکی ئاشکرایە کە ئامانجیان کوشتنی عوسمان و تەنانەت لەسەرکار لادانیشی نەبوو، بەڵکو ئامانجیان ئەوەبوو بە بوێری داواکانیان پێشکەش بکەن و گلەیی و سکاڵاکانیان بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی دانیان پێدا بنێت و ڕەزامەندییان لەسەر دەرببڕێت، لەو روانگەیەشەوە سیاسەتی بگۆڕێت. بە کورتی ئەوان دەیانەویست جۆرێك لە دانپێدانان و تۆبەکردنی بەسەردا بسەپێنن بۆ ئەوەی پاشگەز بێتەوە یان بەڵێن بدات لە لادان و هەڵەکانی پاشگەز بێتەوە. راستە ئەوە شاندێکی ئاشتیخواز نەبوو، چونکە مەسەلەکە بە ڕوونی بریتی بوو لە نمایشکردنی هێز، بەڵام لە سەرەتاوە هیچ نیازێك بۆ بەکارهێنانی هێز لە ئارادا نەبوو. هێزەکان بە رێژنە تۆمەتیان ئاراستە دەکراو ئومێدەوار بوون بگەنە رەزامەندی جێبەجێکردنی

20- الطبري، بەشی 4، لاپەڕە 393، بەسەرهاتەکەی لە بەشی تەرخانکراوی کوفە لە (الطبقات)ی ئیبن سەعد باسکراوە، بەشی 6، لاپەڕە 25. عەمرو کوڕی ئەلحمقی ئەلخوزاعی بە سەحابی ئەژمار کراوە و ئیبن سەعد باسیدەکات کە بەشداری لە هەڵمەتی دژی عوسماندا کردووە. (البلاذري)یش لە دوای کوشتنی خەلیفە عوسمان رەفتارێکی گڵاوو ناشیرین دەخاتە پاڵی: الانساب، بەشی 5، لاپەڕە 83.

خواست و داواکارییەکانیان، بەڵام ئەگەر بێتو عوسمان رازی نەبێت ئەو کات رای خۆیان لەو بارەیەوە دەڵێن.
ئایا ئەو تۆمەت و داواکارییانە چی بوون؟ پێشتر باسی تۆمەت و گلەییەکانی دژ بە عوسمانمان کرد کە لە ساڵی 30ی کۆچیەوە دەستیان بە سەرهەڵدان کرد، بە تایبەتی لەلای هەندێك لە گەورە هاوەڵانی وەك: ئەبی زەر، عەماری کوڕی یاسر، ئیبن مەسعود. بەڵام سەبارەت بە خەڵکی ویلایەتەکان کە لە ساڵی 35ی کۆچیدا هاتن بۆ مەدینە، سەرەتا کۆمەڵێك گلەیی و گازەندەیی لەلایان درووست ببوو دەربارەی سیاسەتی دەوڵەت لە ویلایەتەکان، کە لەلایەن والی و کاربەدەستانەوە جۆرێك لە توندوتیژی و داپڵۆسینی راستەقینە یان بێئەنداز پەیڕەو دەکرا: ستەمکاری ئەو والییانەی کە سوکایەتییان بە خەڵك دەکرد و جەڵدییان دەکردن، گرتنەبەری رێکاری دورخستنەوە و دەرکردنی چاکترین کەسەکان، لەپێش هەمووشیانەوە پەیڕەوکردنی چەمکەکانی ستەم و زۆرداری دێت. ئەمانە هەمووی دەربڕی هەبوونی سیاسەتێکی توندو داپڵۆسێنەرانە لەلایەن دەوڵەت و نوێنەرە کاربەدەستەکانیەوە نیشاندەدات. پەرەسەندنی روداوەکـان دەریدەخات کە نەیاران داوای لەکارخستنی والیەکانیان کردووە، بە تایبەتی والی میسر (عەبدوڵڵای کوڕی سەعد) و گۆڕینیان بەو کەسانەی کە لێیان رازین، بەو شێوەیەی لە کوفە رویدا. ئەمە بوو ئاستی تێڕوانینی بەرچاوی، لۆکاڵی، ناوخۆیی میسری. لە ئاستێکی گشتی تردا، واتا هەموو ئوممەت و بنەماکان و ئیسلام پێکەوە، ئەوان رەخنەو گلەییە زانراوەکانی ئەسحابەکانیان خستە سەر ئەستۆیان و بە دەنگیانەوە چوون: بەهەدەردانی (بيت المال)، دامەزراندنی ئەندامانی بنەماڵە لە پۆست و کاروبارەکان لەلایەن عوسمانەوە، سوتاندنی مەسحەفەکانی قورئان جگە لە وێنەی مەسحەفە عوسمانییەکان. ئەوان سەرجەمی ئەو گلەییانەیان لە دەستەواژەیەکدا کۆکردەوە و وتیان «گۆڕاویت»، ئەوەش بابەتێکە لادان، یان بە واتایەکی دیکە پابەندنەبوون بەو بەڵێنانەی کە لە کاتی هەڵبژاردنی بە خەلیفە داویەتی بۆ

بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی سوننەتی پێغەمبەر و خەلیفەکانی پێشخۆی، ئەبوبەکر و عومەر. بەو هۆیەشەوە بە شێوەیەکی گشتی هەموو سیاسەتەکەی بە ناوی ئیسلامەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەلێگرتن بۆوە، واتا لە یەککاتدا بە ناوی قورئان و ئەو پەیڕەوە دروستەی کە پێغەمبەر و هەردوو خەلیفەی یەکەم و دووەم لە دوای خۆی دایانمەزراند، خرایە بەر تانە و ڕەخنەی زۆرەوە.

پەرەسەندنی ڕوداوەکـان بە دوو قۆناغ بوو: قۆناغێکی ئاشتیانە، داواکـاری و یەکلاییکردنەوەی حسابات، وتوێژکردن، دانوستان و نێوەندکاری، لە کۆتاییدا عوسمان گەیشتە دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر خواست و داواکارییەکانی نەیارەکان، ئیدی لەو کاتەدا کێشەکە بەرەو کۆتایی و چارەسەر دەچوو، میسرییەکان ڕێگەی گەڕانەوەیان گرتەبەر، بەڵام یەکسەر جۆرێك لە شکانەوە سەریهەڵدا، چونکە هەڵگەڕاوەکان هەستیاندەکرد کە عوسمان داواکانیان فەرامۆش و پشتگوێ دەخات و لەوانەیە لە بەڵێنەکانی پاشگەزبێتەوە، بەو هۆیەشەوە پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی هێز. ماڵ و کۆشکی خەلیفەیان گەمارۆدا، ئینجا ڕێی ئاوو خواردنیان لێگرت و کار گەیشتە ئەوەی بیکوژن. پێدەچێت قۆناغی یەکەم (30) ڕۆژ و قۆناغی دووەم (40) ڕۆژی خایاندبێت، واتە کۆی پرۆسەکە زیاتر لە دوو مانگی خایاندووە. قۆناغی یەکەم بریتیە لە سەرەتاکانی دراماکە کە لێرە بۆمان گرنگە، بەڵام قۆناغی دووەم بە مانا ڕاستەقینەکەی بریتیە لە کردنەوەی گرێکوێرەکە.

لەپێش تێکشکان و گەمارۆدان، پێدەچێت ئەسحابەکان لە کۆچبەران و پشتیوانان و تەنانەت ئەوانەش کە لە بنەڕەتدا کۆچەری بوون و لە شاری مەدینە بوون، جگە لە هەندێکیان نەبێت، هاوکاری هەڵگەڕاوە و نەیارەکانیان نەکرد و دەستیان لەگەڵ تێکەڵاو نەکردن، واتا دژایەتیان لە بەرامبەر عوسمان نیشان نەدا. کەسە دیارەکانیان ڕۆڵی ناوبژیوانیان دەگێڕا بۆ بەستنی ڕێکەوتن لە نێوان خەلیفە و خەڵکی ویلایەتەکان. عەلی بە تایبەتی ڕۆڵێکی دیارو چالاکانەی گێڕا، هەروەها محەمەدی کوڕی موسەلەمە هەمان کاریکرد.

لە دەوری ئەوانیشدا هەریەکە لە زوبێر، سەعد، موغیرەی کوڕی شوعبە، زەیدی کوڕی سابیت و ئەبو ئەیوبی ئەنصاری هەبوون. تەنانەت کرۆکی ئەو قۆناغە ئاشتیانەیەی گرژیەکە سەبارەت بەو ناوبژیوانی و ڕێکەوتنە گوزەرا. عوسمان بە قسەی کردن و ڕەزامەندی لەسەر داواکاریە تایبەتی و گشتییەکانی نەیارەکان نیشاندا. گێڕانەوەی روداوەکـان زۆر و جۆراوجۆرن، ئەوەی دەکرێت لێیان وەربگیرێت واقیع و راستی ئەو ڕێکەوتنە نوسراوەیە کە تێیدا خەلیفە بەڵێندەدات کار بە قورئانی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بکات و مافی بێبەش بدات و ئاسایشی ترساوەکان دابین بکات و دورخراوەکان بگەڕێنێتەوە و لە دەستکەوت و غەنیمە بەشیان بدات. ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە راستە، لە هەمانکاتدا خواست و داواکارییەکانی سکاڵاکاران نیشاندەدات، ئەوەش دەردەخات کە لە ساڵی 34ی کۆچیدا چەند ڕێکارێك بە ئاراستەی پێچەوانە گیراونەتە بەر و بوونەتە هۆی تەقینەوەی بارودۆخەکە، بە تایبەتی کەمکردنەوە یان نەهێشتنی بەخشین و درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی نێردەکان لە ویلایەتەکان. سەبارەت بەم بابەتە چەند ئاماژەیەکی شاراوە لە سەرچاوەکاندا هەیە[21]. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە کۆی سیاسەتەکانی عوسمان، هەمووی لەو دەستەواژە جەوهەریەدا کورت دەکرێتەوە کە دەڵێت: «کارکردن بە کتابی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی». لە شوێنێکی تر، بە شێوەی حەرفی ئەمە هاتووە: «ئێوە کتابی خوداتان پێدراوە»، ئەمەش مانای هەمان شت دەگرێتەوە. کەواتا، قورئان لەلای خەلیفە ئامادەگی هەبوو. ئەو سەرتاپا هەڵسوکەوت و سیاسەتێکی ئاراستە دەکرد، بەڵام مەسەلەکان بە شاراوەیی دەمێننەو. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدرا، راگۆڕینەوەی

---

21- الطبري، بەشی 4، لاپەڕە 331 و 335 کە دەڵێت: «عوسمان لە پای کارەکانیاندا وەڵامی کاربەدەستەکانی دایەوە و فەرمانی پێکردن بۆ تەنگەتاوکردن و کۆکردنەوەی خەڵك لە (البعوث)، هەروەها پێداگریکرد لەسەر بێبەریکردنیان لە خەڵات و بەخشینەکانیان بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بکەن تاکو پێویستیان بەو بێت». وا پێدەچێت الاشتر نارەزایی دەربڕیوە لەسەر کەمکردنەوەی بەخشین یان هەڕەشەکردن بە کەمکردنەوەی بڕەکەی.

سەرزارەکی هەبوو، لەژێر سەرپەرشتی عەلیدا وتوێژ و گفتوگۆ لە نێوان عوسمان و نایارەکانیدا ئەنجامدرا. ئەوەی جێی گومان نییە ئەو کۆمەڵە نەیار و نارازییانە هەموو ئەو رەخنە و گلەییانەی کە دەیانزانین بەجارێك هەڵیانڕشت. مشتومڕێك دەربارەی کارەکان و جموجووڵەکانی رابردوو بەرپا بوو، دواجار بە بەڵێندانێکی ئاشکرا تەواو بوو کە عوسمان بەڵێنیدا دەستی لێهەڵگرێت، واتا «دەستەبەردار دەبێت، دایدەماڵێت»، ئەمانە ئەو دەستەواژانەن کە بەکارهێنراون.

چاوپێکەوتن، گفتوگۆکردن، ناوبژیوانی کـردن، بەڵێنی نەگۆڕ، دانپێدانان بە هەڵەکانی پێشوو، بەڵگەنامەی واژۆکـرا لەلایەن هــەردوولاوە کە جێی دڵنیاکردنەوەی ئەسحابە سەرەکییەکان بووە: هەموو ئەمانە بۆ پارێزگاریکردنە لە یەکێتی ئوممەت، پاراستنی پەیوەندییەکان لە نێوان پێشەوا و باوەڕداران، دیالۆگێك درووستدەکات کە هەرگیز لەناو ناچێت بەڵام لێرەدا فۆرمێکی درامی بەبەردا کراوە لەسەر ئاستی داواکاری بۆ روونکردنەوە و تەنانەت پابەندبوون پێوەیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ئەرێنی مایەوە. تەنانەت لە ناوەرۆکیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بەرەو چارەسەرکردنی قەیرانێکی زۆر مەترسیدار وەك قەیرانی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە. ئەرکی دەسەڵاتە کە وەڵامی خواست و داواکارییەکانی خەڵك بداتەوە، چونکە بەرامبەری بەرپرسیارە، هەروەك ئەرکی هەموانیشە گوێڕایەڵی بەهاکانی ئیسلام و دادپەروەری مەرجەعیەتە سەرەکییەکانی بن: «قورئان و سوننەت».

زۆرینەی نەیاران و نارەزاکان هەوڵیان بۆ بەدیهێنانی دادپـەروەری دەدا، بەو ئاستەش کە داوا لە خەلیفە کرا هەڵەکانی راست بکاتەوە، دان بە دەسەڵاتەکەیدا دەنرا وەکئەوەی کلیلی هەموو شتێك لەدەستی خۆیدا بێت. بەڵام ئەوەی لەو روداوەدا نوێیە، ئەگەرچی فۆرمێکی شۆڕشگێڕانەی وەرگـرت، بریتیە لەوەی کە ئوممەت مافی گەڕاندنەوەی بۆ راستی خستە سەرئەستۆی خۆی، بە ناوی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی هەمووان و سەلماندنی مافی سەپاندنی راسپاردەیی

و ئیرادەی خۆی بەسەر ناوەندی دەسەڵاتدا. وێنایەکی زۆر جیاواز بۆ کردنەوەی گرێکوێرەیەکی بەوجۆرە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان سنوری سیاسەت و هاوسەنگی هێزەکانی تێپەڕاند، بریتی بوو لە رازیبوونی نەیارو هەڵگەڕاوەکان بە بەڵێندان لەسەر گۆڕانکاری و دانپێدانانی دەسەڵات بە هەڵەکانی و نیشاندانی خواستی چاکسازیکردن، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی تۆبەکردنی ئاشکرایی عوسمان گەیشتە ترۆپکی ویژدانیی. بە هاندانی لەلایەن عەلی و چەند هاوەڵێکی ترەوە، عوسمان لەسەر بڵنگۆی مزگەوت دانیشت و دەستیکرد بە قسەکردن و دۆخەکەی قبوڵکرد. عوسمان بە وتەکانی هاوەڵانی پێغەمبەری خودای خستە گریان، چونکە هەمووی تۆبە و گوێڕایەڵی و چۆکدادان بوو بۆ فەرمانی خودا، نەبرەی ئایینی تیایدا زۆر درامی بوو. ئەوە بۆ خۆی کارێکی سیاسی و ئایینی و جوڵەیەکی قارەمانانەی کەسی بوو کە مرۆڤ بەهۆیەوە خۆی دەخاتە بەردەم چارەنوس و ئاشکرای دەکات، هەروەها فاکتەرێك بوو بۆ دووبارە درووستکردنەوەی ویژدانیانەی جەستەی ئوممەتی ئیسلام. میسرییەکان گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، قەیرانەکە لە سەروبەندی کۆتاییهاتندا بوو، بەڵام لە شێوازێکی سایکۆدرامیدا تەواو بوو.

# کرانەوەی گرێکوێرەکە

هەرزوو کاری سیاسی دەستیکرد بە بەدەستهێنانەوەی مافەکانی خۆی: هاوسەنگی هێزەکان، توندی و دڕندەیی رق و کینە کەڵەکەبووەکان، پیلان و داونانەوە، گۆڕین لە هەڵوێستەکاندا، ناپاکییەکان لەپاڵ تێکدانی دۆخەکە و هاندانی دوژمنکارانە، یەکتری رەتکردنەوە و خواستی هێز. تۆبەکردنی عوسمان و هەڵوەشاندنەوەی هێزو گروپە شەڕکەرەکان، جگە لە ساتێکی خاوکردنەوە یان سەرکەوتنی لۆژیکی عەقڵ بە شێوەیەکی زۆر کاتی، هیچیتر نەبوو. واقیعی بارودۆخەکان بەرەو ئاراستەی مشتومڕی نێوان سەرکەوتوو/ژێرکەوتوو هەنگاوی دەنا، سەرلەنوێ

کاردانەوەی سیاسی پەتی سەریهەڵدا و بە ئاراستەی زێدەڕۆیی شۆڕشگێڕی هەنگاوی نا. زبریەکی نوێ لەلایەن عوسمانەوە دەرکەوت، بۆیە پێشدەچێت بەو هۆیەوە نێوانی خەلیفە و دەوروبەرەکەی تێکچوبێت، کە کەسێتی مەروانی کوڕی ئەلحەکەم تیایدا زاڵبووە. بەڵام لەلایەن هەڵگەڕاوەکانەوە، ئەگەر هەیە بە تایبەتی ناوەندە دڵ بە قینەکان، بە تایبەتی سەرۆکەکانی میسر، ویستوویانە گەلەکۆمەکێ لە عوسمان بکەن و بۆ ئەو بابەتەش پاساوێکیان دۆزییەوە[22].

ئابڵۆقەدانی خەلیفە، کە بە دوایدا کوژرا، بووە خاڵی یەکگرتنەوەی ئەو دوو تەوژمە. نەریتی مێژوویی رۆڵی ئەو دوو هێڵە سەرەکیە چڕ دەکاتەوە و لە رێگەی چیرۆکی نامەکەی عوسمانەوە ئاماژەیان بۆ دەکات: راستەوخۆ لە دوای رێککەوتن، دەوترێت خەلیفە عوسمان فەرمانێکی دەستنوسی ناردووە بۆ والی میسر، بە مەبەستی سزادانی سەرۆك و سەرکردەکان یان بە جەڵدکردن و ئەشکەنجەدان، یان بە هەڵواسین و لەسێدارەدانیان. هەرچەندە هیچ شتێك لەو روداوەدا زیاتر جێگەی گومان نییە، بەڵام لەو شوێنەدا کە پەیوەستە بە چەند ئاماژەیەکی ترەوە، چونکە هێما دەکات بۆ گۆڕانی هەڵوێستی عوسمان، یان گۆڕانی هەڵوێستی دارودەستە ئومەوییە زۆر بەهێزەکەی. هەروەها بەپێی ئەو سەرگوزشتەیە، دەگێڕنەوە کە عوسمان سوێندی خواردووە کە هیچ شتێکی دەربارەی ئەوەوە نەزانیوە کە رویـداوە، بەڵام چەند سەرگوزشتەیەکی تر دوودڵی عوسمان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی نیشاندەدەن، ئاشکراشی دەکەن کە وابەستە بووە بە دەوڵەتی سەربەخۆ لە بڕیارەکانی و پێداگریکردنی لەسەر بەتاڵنەکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەرۆك و کرۆکی. تەشەنەکردنی بارودۆخی ئاڵۆزی تا کوشتنی قوربانیەکە و بێگومان کوشتنی هەموو رێڕەوی خەلافەتەکەی، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو پیاوە (عوسمان) لە ناخی خۆیدا پابەند بوو بە بیرۆکەی پایەبڵندی دەوڵەت،

---

22- کینانەی کوڕی بیشر و عروە کوڕی شویەیم دەنگیان بەسەریدا بەرزکردەوە: أنساب، بەشی 5، لاپەڕە 63.

که وابەستەیە بە بیرۆکەی پایەبڵندی خوداوە، جگە لەوەش عوسمان بوکەڵەیەك نەبوو لە دەستی مەروان کوڕی ئەلحەکەم. بابەتە جەوهەرییەکە ئەمەیە، ئەگەر نامەکەی هەبێت یان نا، هەروەها خاڵێکی تری جەوهەریە ئەگەر تێبینیبکەین، کە سەرجەم هێزو لایەنەکان لە دژی عوسمان یەکیانگرتبوو، سەرەڕای نکۆڵیلێکردن و نیشاندانی خواستی بۆ هێورکردنەوە و ئارامی لە دوای بەرپابوونی ئەو روداوە بەناوبانگەدا.

هەروەها لەلایەن میسرییەکان و کۆمەڵی ئەسحابەکانیشەوە، درك بە بوونی رق و کینەیەکی کەڵەکەبووی بێشومار دەکرێت، واتا پشتیوانان، کۆچەرییەکان، تەنانەت لەلایەن قورەیشیەکانیشەوە رق و کینە لە دژی هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن. ناکرێت جۆش و خرۆشی میسرییەکان تەنیا بەهۆی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان لێکدبدرێتەوە، هەروەك ناشکرێت بەهۆی بوونی ئەو پاڵنەرە ئاینییانەوەی لێکبدرێتەوە کە بنەمای قورئانییان هەیە، بۆیە ئەمەیان و ئەوەشیان بۆیان هەیە سەبارەت بە رەوشی کوفە زیاتر بگونجێن. بەڵام میسر بۆ خۆی فۆرمێکی روانگەیی و جگە لەوەش نابەرپرسانەی هەبوو، چونکە جەنگاوەرەکانی خاوەنی هۆشیاریەکی سیاسی و ئایینی کەمتر بوون، زیاتر زبر بوون و خواستیان بەلای لادان و زێدەڕۆییدا هەبوو، چونکە کەوتبوونە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەیەکی زۆرەوە کە دوان لە نەوەکانی هاوەڵان بەرپایان کرد، ئەوانیش محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە بوو، یەکەمیان چوو بۆ مەدینە، بەڵام دووەمیان لە شوێنی خۆی مایەوە. پێدەچێت عەماریش لە درووستکردنی پڕوپاگەندەکان بەشدار بووبێت. پڕوپاگەندەکان خۆیی و گشتگیر و پیس و ناپاکانە بوون.

میسرییەکان خاوەنی سەرکردەی راستەقینە نەبوون کە لە ناو ریزەکانی خۆیاندا هەڵکەوتبێت، بۆ نموونە وەك (الاشـتر) لە کوفە، بـەڵام سەرکردەکانیان بە

هەموو ناچونیەکیانەوە، سەر بە عوسمان بوون[23]. لە ماوەی داهاتوودا، کاتێك کوشتنی عوسمان بە پیلانی ئەوان و لەسەر دەستیان ئەنجامدرا، ئیتر چوونە خانەی لەبیرچوونەوە یان دەرکران و کوژران، پێشدەچێت هەندێکیان بووبن بە خەواریجە کەللەڕەقەکان[24]. بە تایبەتی محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە لە کاتی گەمارۆداندا دەستی بەسەر دەسەڵاتی (الفسطاط)دا گرت. گومانی تیادا نییە کە ئەو شۆڕشە راستەقینەیەی لە ویلایەتەکەیاندا روویدا، بە توندی بۆ ئەو کارە هانیداوە[25]. پێدەچێت ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندییان بە جیهانی عێراقەوە هەیە، بە ئەنقەست لە بارەی پرۆژەی خەڵکی کوفە و خەڵکی بەسرە بێدەنگ بوون، بۆیە لە تاریکیدا هێشتویانەتەوە، یاخود وازهێنانی خۆیان راگەیاندووە.

لە دوای پاشگەزبوونەوەی عوسمان، کۆمەڵی هاوەڵان بە تەواوەتی هەڵوێستیان گۆڕی. ئەگەر راست بێت کە رەخنەکە لە بنەڕەتدا لەناو ئەو کۆمەڵەوە، واتا کۆمەڵی هاوەڵاندا سەریهەڵدابێت، ئەوەش راستە کە ئەوانە لەدوای شەڕ کەمێك لە دەوری خەلیفە کۆبوونەوە و نێوەندکاری و ئامۆژگارییانکرد. هەرچەندێك

23- راستەوخۆ لـەدوای کوشتنی عوسمان و تەنانەت هەر لە کاتی گەمارۆدانیەوە ئەو بابەتە دەستپێکردووە، بۆ نموونە سەبارەت بە موعاویە کوڕی حودەیج و مەسلەمە کوڕی موخەللەد: ولاة مصر، لاپەڕە39.

24- بۆ نموونە وەك خالیدی کوڕی مولجەم، الطبري، بەشی4، لاپەڕە493. لە کاتێکی زۆر درەنگوەختدا دەبینین کە خەواریجە میسرییەکان شانبەشانی ئیبن زوبێر بۆ بەرگریکردن لە حەرەمی کەعبە دەجەنگن.

25- کتێبی (ولاة مصر)، لاپەڕە 38 باسی پڕوپاگەندەیەکی چڕوپڕ دەکات کە لەلایەن محەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە دەکرێت لەپاش وەرگرتنی دەسەڵات. لە لاپەڕەی40 و لە باسێکی تردا دەڵێت: «محەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە بڕیاریدا سوپایەك لە دژی عوسمان رەوانە بکات». بەڵام ئەم ئاماژەپێکردنە بەنرخەی دوایی پێدەچێت لەبەر چەند هۆیەك ناشیاو بێت. بەڵام چۆنچۆنی لە لایەکی ترەوە و بە جۆرێکی باوەڕپێهێنەرانە رۆڵی میسرییەکان لە کوشتنی عوسمان لێکبدەینەوە، لە کاتێکدا کە کتوپڕ لەبەر رۆشنایی روداوەکە دەرکەوتن بەبێ بوونی هیچ ئاژاوەیەکی پێشوەخت هەروەکچۆن لە کوفە هەبوو. بە بۆچوونی (الطبري) یەکە سەربازیە میسرییەکە لەپێش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن محەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە بەڕێکەوتن. الطبري، بەشی4، لاپەڕە378.

جیاواز بوونایە و تا چ ئاستێك لە سیاسەتەکانی بێزار بوون، بەڵام عوسمانیان بە یەکێك لە خۆیان دەزانی و دەسەڵاتەکەشی دەسەڵاتی ئەوان بوو. ئەمە بە تایبەتی بە نیسبەت کۆچبەرە قورەیشیەکانی وەکو عەلی و تەڵحە و زوبێر راستە، کە خودی خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵێوراو بوون. لەناو کۆمەڵی پشتیوانەکانیشدا کە ژمارەیان زیاتر بوو، جۆرێك لە جموجووڵ هەبوو.
بەگوێرەی چەندین گێڕانەوە، پێدەچێت محەمەدی کوڕی موسەلەمە بە ئەرکی ناوبژیوانیکردنەکە هەستابێت. ئێستاش ئەوانە پێکەوە و بە کۆدەنگی لە دژی عوسمان وەستانەوە و لێی گەڕان بە تەنیا رووبەڕووی چارەنوسی ببێتەوە، چونکە پێیانوایە عوسمان لەو بەڵێنەی پاشگەز بۆوە کە پێی دابوون بۆ خۆچاککردنی. هەموویان چوونەوەوە ماڵەکانیان، لە دوورەوە بوونە تەماشاکاری ئەو تراژیدیایەی کە بە بەرچاوییانەوە دەگوزەرا. عەلی کوڕی ئەبو تالیب کوڕە گەورەکەی نارد بۆ بەرگریکردن لە ماڵەکەی عوسمان و پاراستنی لە هێرشبەران، جگە لەوەش شەربەی ئاوی نارد بۆ خەلیفەی تینوکراو، زوبێریش کوڕەکەی خۆی نارد. کەواتا دەربڕینی هەڵوێستێك بوو بۆ سنگ دەرپەڕاندن، کە لە دواییدا وەك کۆمەککردنێکی ناڕاستەوخۆی گەمارۆدراوەکان دەرکەوت، بەڵام ئەو هەڵوێستە نەرێنیەکی راستەقینەی بەرامبەر بنەماکانی دەسەڵات و شکۆی خۆیان هەبوو. شایەنی سەرنجلێدانە کە ببینین یەکێك لە کۆچبەرە زۆر دیارو ناودارەکان راستەوخۆ هەستاوە بە یارمەتیدانی یاخیبوان و بەشداری لە گەمارۆدانەکە کردووە یان ئەندامانی عەشیرەتەکەی پشتیوانی لێدەکەن. لێرەدا کەسی مەبەست تەڵحەیە، کە بە ئاشکرا چاوی لەسەر خەلافەت و لایەنگیری کردنی هەڵگەڕاوە و یاخیبوەکان بوو. ئەگەر بێتو زۆرینەی گەورە هاوەڵانی دیارو ناودار، لە کۆچبەران و پشتیوانەکان جگە لە تەڵحە، بێلایەن و دوورەپەرێز بووبن، بەڵام بەلای کۆمەڵی هاوەڵە بچوکەکانەوە بەو شێوەیە نەبووە، بە تایبەتی لە ریزی پشتیوانەکان و دەشتەکیەکان و هۆزی خوزاعە لە ئەسلەم و غەفار، کە دژایەتیەکی زۆر توندییان

لە بەرامبەر عوسمان هەبوو، بۆیە چوونە پاڵ گەمارۆدەرەکان و هانیان دەدان، تەنانەت بەشداریشیان لە کوشتنەکەدا کرد. ئەوەش بێگومان لەژێر کاریگەری رق و کینەی چینایەتیدا بووە، چونکە لە دەسەڵات دورخرابوونەوە، ئەوانیش لە بەرامبەردا بە تەواوەتی خۆیان بۆ پەیامی دادپەروەری لە ئیسلامدا تەرخانکرد.

گەمارۆدانی ماڵەکەی عوسمان چل رۆژی خایاند، ئەوەش گەمارۆدانێکی درێژ بوو. لە راستیدا گەمارۆدەران نەیاندەویست بە دەستی ئەنقەست عوسمان بکوژن، بەڵکو لە سەرەتای گەمارۆدانەکەدا تەنیا دەیانخواست گوشار بخەنە سەری تاکو پاشگەزبێتەوە و (مەروان)یان رادەست بکات. رێگەیان نەدا عوسمان دەسەڵاتەکانی جێبەجێ بکات، بە تایبەتیش رێگەی پێنەدرا پێشنوێژی بکات و بە بەرد لە مزگەوت دەرکرا. بەو شێوەیە ئەو وەکو سیمبولێك لە ئوممەت دابڕا و لێی دوورخرایەوە، بە تەنیا مایەوە. ئەگەرچی نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست بیکوژن، لەبەر ئەوە بوو کە خوێنی بۆیان حەڵاڵ نەبوو، چونکە ئەوان خەڵکانێك بوون شەریعەتی خودایان دەزانی. لە ئیسلامی پێشینەدا، لە سەرووی باکگراوندی وەلا بۆ بەهای خێڵەکی زۆر توندڕەو لە مەسەلەی خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە، کەسی ئادەمیزادی پیرۆز و لەلایەن خوداوە پارێزراوە. دەوترا تەنیا لە سێ حاڵەتدا نەبێ ناکرێت بکوژرێت: کوشتن و بێباوەڕبوون و زیناکردن. بەو پێیەی کە ئیسلامی سەرەتا بەهۆی جەنگ و کاری جەنگی بەکۆمەڵ خوێنی زۆری تێدا رژاوە، بەڵام لە پاراستنی تاکدا هەڵوێستێکی توند نیشاندەدات، ئەگەر ئەو تاکە موسڵمانێکی باوەڕدار بێت یان بێباوەڕێك بێت لە سایەی ئیسلامدا بژی، بە تایبەتیش لە پاراستنی گیانی موسڵماناندا توند بوو. هەریەکە لە ئەبوبەکر و عومەر و تەنانەت عوسمانیش هیچ موسڵمانێکی باوەڕدارییان بە هۆکارێکی شەخسی یان سیاسی نەکوشت، چونکە ئەمانە لەو بابەتانەن کە نابێت بیریشیان لێبکرێتەوە. بەو پێیەش بۆ ئەو ماوە زۆرە پارێزگاری لە ژیانی عوسمان کرا، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤێکی موسڵمان بوو. لەبەر ئەوە سەرچاوەکان بۆمانی باسدەکەن کە لە دوایین

قۆناغەکانی گەمارۆداندا، مشتومڕ و گفتوگۆ لە نێوان عوسمان و گەمارۆدەراندا رویداوە، سەبارەت بە مەسەلەی حەڵاڵکردنی خوێنی خۆی بە تایبەتی، هەروەها دەربارەی گەڕانی گەمارۆدەرەکان بەدوای ئەو دەقانەی قورئان، کە رێگە بە کوشتنی کەسێك دەدات کە ببێتە هۆکاری بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و وێرانکاری و شەڕەنگێزی لەسەر زەویدا. لەبەر ئەوە ئەو سەرچاوە و گێڕانەوانەی باسی ئەو نامەیە دەکەن کە تێیدا عوسمان فەرمانی کردووە بە هەڵواسینی سەرکردەکان و دەوترێت ناردویەتی بۆ والی میسر، بەم پێیە دەبێت هەموویان رەتبکرێنەوە و کارییان پێنەکرێت.

کوشتنی عوسمان روینەدا ئەو کاتە نەبێت کە گەمارۆدەرەکان خۆیان لە بابەتەکەیان بێزار بوون، لە لایەکی تریشەوە عوسمان بەوپەڕی عینادی خۆدوورخستنەوەی لە دەسەڵات رەتکردەوە. لێرەوە ئەو چاوەڕوانیە دوورو درێژە کە چل رۆژی خایاند، کە دواجار بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناردنی کۆمەك و هاوکارییەکان لە شام و بەسرەوە بۆ عوسمان کۆتاییهێنانی نزیککردەوە، ئەو کۆمەك و هاوکارییانەی کە بەهۆی چەند حساباتێکی سیاسی موعاویەوە دواکەوتن، هەرچەندە بە شێوەیەکی بەردەوام داوایدەکرد. هەڵوێستی روون ئەوەیە کە جەنگاوەرەکان خۆیان بە سوپای خەلیفە نەدەزانی، بەڵکو خۆیان بە سوپای جیهاد دەدایە قەڵەم، لەبەر ئەوەی کە سوپایەك وەکئەوەی دەزگایەکی سەر بە دەوڵەت بێت یان دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، بوونی نەبوو، بەڵکو سوپایەك هەبوو بۆ هەموو موسڵمانان و باوەڕداران لە سەنگەری هێرشبردندا بۆسەر وڵاتی بێباوەڕان پێیدەوترا سوپای ئوممەت. هەڵگەڕاوە/ شۆڕشگێڕەکان دەیانەویست خەلیفە دەستلەکار بکێشێتەوە «بۆ ئەوەی خەلافەتەکەمان بۆمان بگەڕێتەوە». لە کوێوە بیرۆکەیەکی ئاوەهایان بۆ هاتووە، کە لە ئەزمونی ئیسلامی نوێی دەسەڵات و دەسەڵاتداردا نەبووە؟ لەم کام کەلتوری سیاسیەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ ئایا ئەوە بیرۆکەیەکی تازەی داهێنراو بوو، کە دینامیکیای مێژوویی تایبەت بە خۆیان

بەرجەستەی کردووە؟ نازانین، بەڵام دەبێت کاریگەری مەعریفەیەکی دیاریکراوی تایبەت بە ئەزمونی سیاسی گەلانی ژێردەستە لەسەرییان هەبێت، هەروەکو چۆن لە دورگەی عەرەبیدا ئەزمونی موڵکدارێتی هەبووە، هەرچەندە پەراوێز و تێپەڕیویش بووە.

بەو شێوەیە عوسمان بە رەقی مامەڵەی کردو لەو بابەتەدا سازشی نەکردو نەرم نەدەبوو. ئەو دەیوت: «من بەرگێك داناکەنم کە خودا پارێزگاریەتی». ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر خەلافەت بەخشینی خودا نەبووە، بەڵکو بەرپرسیارێتیەکە لە خوداوە دابەزیوە و مرۆڤ مافی ئەوەی نییە خۆی لەو بەرپرسیارێتیە بدزێتەوە، بۆیە ناتوانێت دەستلەکار بکێشێتەوە و ناشکرێت لابرێت. هێشتا نەیگوتبوو کە ئەو نوێنەری خودایە لەسەر زەوی، چونکە یادەوەری پێغەمبەر (د.خ) ئەوەندە نزیکبوو، کە جگە هەستکردنی بەوەی کە تەنیا جێنشینیەتی، هەستی بە هیچ شتێکی تر نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی (المستودع الالهي) بەکارهێنرا کە ئومەوییەکان لە دواییدا کارییان پێکرد و گەورەیان کرد، بۆ ئەوەی واینیشانبدەن کە خەلیفە بە تەنیا جێنشینی پێغەمبەر نییە، بەڵکو سێبەری خودایە لەسەر زەوی. بۆچی هەڵگەڕاوە و یاخیبووەکان هەرچەندە هێزییان هەبوو، خۆیان لەسەرکار لایان نەدا؟ چونکە بڕوایان وابوو کە خەلافەت لە خوداوەیە، تەنیا بەو ئاستەی کە هەموو شتێکی لێوە دەردەچێت: فتوحات، دەستکەوت (غەنیمەت)، دارایی، پلەو پایەی تایبەتی. ئەوان بە شێوەیەکی تایبەتی لە رێگەی بەیعەتەوە بەند بوون بە خەلیفە عوسمانەوە، واتا بەڵێنی دانپێدانانی سەرەتا کە هەموو ئوممەت بە خەلیفەوە دەبەستێتەوە، کە بەبێ دەرچوون لە سایەی ئوممەت و بەبێ شکانی دەرعەسای گوێڕایەڵی کە خودا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردووە، ناکرێت لێی دەرباز بن، واتا: «أولی الامر منکم». ئەو چاوەڕوانیە دوورو درێژە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی خەلیفە کە لە کۆتاییدا نەکرا، رێزلێنانێکی شایستە بوو لە پلەو پایەی خەلیفە/ پێشەوا. تەنیا لە کۆتاییشدا، وایان بە باش زانی کە بیرۆکەی

کوشتنی تاوتوێ بکەن، بە تایبەتیش بە دەستپێشخەری هەندێك لە کەسە رقئەستورە مەترسیدارەکانیان ئەنجامدرا، نەك لە رێگەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری. بەڵکو روداوەکە بە شێوەیەکی کتوپڕ بوو وەکئەوەی روداوێکە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامدراوە کە سنوری حەماس و هێزی کەسێتیان تێپەڕاندووە. ئەو روداوە لە رۆژی (یوم الدار)دا بوو، ماڵی خەلیفە عوسمان، کاتێك کتوپڕ هێرشبەرەکان بڕیاریاندا دەست بە کارەکەیان بکەن. سەرەتا دەرگایەکی تەختەیان سوتاند کە لێوەی چوونە ژورەوە، بەوەش هەموو شوێنی چوونەژورەوەی ماڵەکەیان سوتاند، بەڵام هەڵکوتانێکی زۆر چڕ روویندا و هەموویان بە جارێك هەڵمەتییان بۆ سەر عوسمان نەبرد تاوەکو پارچە پارچەی بکەن. کارەکان بە هێواشی و هەنگاو بە هەنگاو بەڕێوە دەچوون.

عوسمان بەرگری لە خۆی نەکرد، رێگەی بە خزمەکانی و لایەنگرە زۆرەکانی نەدا بەرگری لێبکەن، بەڵکو خۆی وەکو قوربانیەکی ئامادە بۆ مردن نیشاندا، بە تەنیا قورئانی دەخوێند دوایئەوەی لە خەویدا پێغەمبەری بینی و داوایلێکرد بچێت بۆلای تاوەکو پێکەوە رۆژو بشکێنن. ئەوە وێنەیەکی جوانە، بە شێوەیەکی کتوپڕ بەرگریکاران لە ماڵەکەی لەوێ نەمان، بەڵام لەگەڵئەوەشدا بکوژەکانی لە دەرگاوە نەچوونە ژورەوە، بەڵکو وەکو دز لە رێگەی ماڵێکی دراوسێوە هەڵیانکوتایە سەری. چوونە ناو ژورەکەی عوسمان و چەند رمێکیان لێدا و بە شێوەیەکی دڕندانە خۆیاندا بەسەریدا. ژمارەیان (3) یان (4) کەس زیاتر نەبوو، سەردەستە میسرییەکان و کوفیەك بوون ئەویش (عەمروی کوڕی ئەلحمق) بوو، کە هەندێك لە سەرچاوەکان ئەویش بە میسری دەدەنە قەڵەم. ئەو کارە تیرۆرکردنێکی تاکەکەسی بوو، کوشتن بوو نەك کارێکی بەکۆمەڵ. بەڵام لە دوای کوشتنی، جەماوەرەکە دەرچوون بۆ ئەوەی ماڵەکەشی تاڵانبکەن. تەرمی عوسمان بە نهێنی لە شەودا و لە خراپترین و ناخۆشترین بارودۆخدا بەخاکسپێردرا، دۆخێك کە پڕی بوو لە رق و کینە. بەو شێوەیە روداوێکی گەورە و مەترسیدار لە مێژووی سەرەتایی ئیسلامدا بەرپا بوو،

که دەرئەنجامەکانی دوایی لە ژماردن نایەن، روداوی سەرەکی بوو بۆ دابەشبوون و لێکجیابوونەوەی کۆتایی ئوممەتی ئیسلام.
تەنیا بە رواڵەت نەبێت، عوسمان قوربانیەکی بارگاوی ببوو بە هەموو توندوتیژی مرۆڤەکان، چونکە ئارامی و سەقامگیری لە دوای ئەو تەنیا کەمێك درێژەی کێشا. بابەتەکە تەواو پێچەوانە بۆوە، چونکە لە دوای کوشتنی شەپۆلێکی توندوتیژی بەربڵاو بەرپا بوو گەیشتە ئاستی هەرەسهێنان و لەناوبردنی خۆیی. ئەوە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی بوو، لە سەرووی ئەوەشەوە ئوممەت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەسەر چەند حزبێکی سیاسیدا دابەشبوو، پاشان زۆر درەنگوەخت بۆ چەندین تاقم و گروپ تەشەنەی کرد کە بەگوێرەی مێژووی پێشینەی ئیسلام و قەناعەتی ئاینی پێکهێنران. بەڵام گرەوی راستەقینە و مێژوویی لە کوشتنی عوسمان چی بوو؟، ئایا تەنیا یەك گرەو و پاساو لەپشت کوشتنیەوە هەبوو؟
دەکرێت لەمبارەیەوە هەندێك ئاماژەی قووڵ لە دەرەوەی فاکتەری کۆمەڵایەتی و خواستی سیاسی رووت لەلای هەندێك ئاشکرا بکەین. بۆ نموونە، ململانێی نێوان ئایین و دەوڵەت، ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەت و دیموکراسی، نێوان پێکهاتەی سەرەتای موڵکدارێتی و چەمکی ناڕوونی سەروەری ئوممەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێیەکی راستەقینە و بەهێزە. پەلاماردەران بە ناوی ئیسلام و قورئانەوە، واتا بە ناوی ئایینەوە لە دژی زێدەڕۆییەکانی عوسمان راپەڕین. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەت و پارێزگاریکردن لێی، بە پێچەوانەی هەموو شێوازێکی دیموکراسیەوە بوو، بۆیە عوسمان کەسوکار و خزمە نزیکەکانی کردووە بە والی و بەرپرسی ویلایەتەکان، ئەوانیش نایاران و ناڕازییەکانیان داپڵۆسیوە، بە شێوەیەکی شەخسی دڵسۆزی و پشتیوانی بۆ خۆی درووستکردووە، هەروەها لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەسەڵات لادان و زێدەڕۆییە تایبەتییەکانی بەرجەستە کرد، بۆیە عوسمان بە تەنگەتاوی خۆی لەبەردەمیدا بینییەوە. گەشەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ دەسەڵاتێکی راستەقینە

لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان بەرەو پارێزگاریکردن لە خودی ئەو دەسەڵاتە ئاراستەی وەرگرت، لەگەڵ هەموو ئەو ئاماژانەی دەیگرتەوە لەڕووی مەحسوبیەت و توندوتیژی و دەوڵەمەندکردن، وەکو قەڵغانێك بۆ خۆی بەکاری هێنا، جگە لە داواکردنی جۆرێك لە سەروەری میللی بۆ چاودێری ئیسلامی راست، کە لە دوو بنەمادا چڕبۆوە: پیرۆزی دەق و میسالیەتی پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ هەردوو خەلیفە ئەبوبەکر و عومەر. بەڵام گومانی تیادا نییە کە گوێڕایەڵی ئوممەت بە درێژایی (15) ساڵ زیاتر لە پێداویستییەکانی حوکمی ئیمپراتۆریەت، دەسەڵاتی خەلیفەی بەرەو دەسەڵاتێکی پاشایەتی و بنەماڵەیی ئاراستە کرد، بەڵام بەبێ گوێزانەوەی بۆ پشتاوپشت (وراثي).

ئوممەتێکی لەسەرخۆ و گوێڕایەڵ، رێکخراو و دامـەزراو لە چوارچێوەی سیستمێکی راوەستاو و سەقامگیردا، ئەوە میراتی عومەر بوو، کە دواجار بەبێ پێویستی دەرکەوتن و قەبەکردنی دەسەڵات و فراوانبوون و زۆرجار لادانی لێدەرکەوتووە. بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی کە ئەزمونی ئیسلامی سەرەتا نەیتوانی جۆرێك لە چاودێریکردن دابنێت، بۆیە عوسمان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا کردووە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بنەماڵەکەی، بەڵام بەو ئاستەی کە چاودێریکردنێکی زمنی لەلایەن هاوەڵان و کەلتورێکی دیاریکراوو سوننەتێکی قورس و پڕ لە ماناو ئاماژە بوو بە پشتبەستن بە کتابی خودا (قورئان) ، بۆیە خەلیفە نەیدەتوانی لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا زۆر دوور بڕوات. لەبەر ئەوە بۆ ئێمە روونە کە ئەو زێدەڕۆییانە، بە بەراورد لەگەڵ ستەمکاریی داهاتوودا هیچ نییە. راستە کە ناڕەزایەتی قورئانخوێنان لەلای خۆیەوە بەرەو جۆرێك لە پاشاگەردانی تەشەنەیکرد، چونکە ئەوانە دەیانویست بۆ خۆیان فەرمانڕەوا و والیەکانیان هەڵبژێرن، خەلیفەش لەبەر دیدی ئەوان تەنیا دەبێت پەسەندییان بکات، چونکە لە مێشکی ئەواندا رۆڵی خەلیفە لە بازنەیەکی رەمزیدا وەك بەرجەستەکردنی ئوممەت قەتیسکرابوو. بەڵام قورئانخوێنەکان ئەوسا و

له ئاینده‌شدا هیچ تێگه‌یشتنێکیان بۆ دامه‌زراوه‌ی چاودێریکردن نه‌بوو، جگه له یاخیبوون و شۆڕش و هه‌ڕه‌شه‌کردن و کوشتن و جیابوونه‌وه و لێکترازان، سه‌لیقه‌یه‌کی تریان نه‌بوو. رۆشنبیری سیاسییان له ئاستی باکگراوندی ئه‌خلاقی قورئان و سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ر و هه‌ردوو خه‌لیفه‌که‌دا چه‌قی به‌ستبوو. له‌به‌ر ئه‌وه له کاتی گه‌مارۆدانی عوسمان و له دوای مردنیشی، له چوارچێوه‌ی خه‌لافه‌ت ده‌رنه‌چوون، هه‌روه‌ها هیچ پرسیارێکیان له باره‌ی شه‌رعیه‌تی سه‌رکردایه‌تیکردنی مێژوویی نه‌کرد. دواجار عه‌لی ده‌بێت به خه‌لیفه، قورئانخوێنان چاودێرییه‌کی فیعلی نه‌ك چاودێری یاساییان به‌سه‌ریدا سه‌پاند، له‌گه‌ڵئه‌وه‌شدا کاره‌کانی له‌گه‌ڵ موعاویه په‌کیان ده‌که‌وت.

له دیدگا و تێڕوانینی قورئانخوێنانی سه‌ره‌تا و میراتگرانی دواترییان(الفقهاء) بۆ ده‌وڵه‌ت، ناچاربوون له پێشبینیکردنی چه‌مکی ده‌سه‌ڵاتدا په‌نا ببه‌ن بۆ جۆرێکی دیاریکراو له قاره‌مانێتی: ئه‌و ره‌وشتبه‌رزیه‌ی له پێغه‌مبه‌ر و هه‌ردوو خه‌لیفه‌که‌یدا به‌رجه‌سته بوو، ده‌وڵه‌تی شایسته و راوه‌ستاو له‌سه‌ر ئیلهامی خودایی یان ئه‌رکی ئه‌خلاقی، واتا وێنای ره‌وشتبه‌رزی ئه‌بوبه‌کر و عومه‌ر که له هه‌ژاریدا مردن، وێنای عومه‌ر که خه‌ڵکی له ئامێزییان گرت، به ته‌واوی وێنای ده‌ره‌وه‌ی ده‌وڵه‌ت و سیاسه‌ت. له‌گه‌ڵ رۆژگاردا تێڕوانینه‌که زۆر قه‌به و گه‌وره بوو، به‌رگی میسالیه‌تی به‌به‌ردا کرا، به‌ڵام هه‌ر له سه‌رده‌می عوسمانه‌وه بوونی هه‌بوو، به هه‌موو قورسایی خۆی فشاری درووستده‌کرد. به‌هۆی نه‌توانین له‌سه‌ر به‌رجه‌سته‌کردنی ده‌زگایه‌کی دیموکراتی ئاڵۆز که به‌هۆیه‌وه ئوممه‌ت خۆی حوکمی خۆی بکات، به‌ڵام خه‌لیفه له‌و کاره‌دا ته‌نیا یارمه‌تیده‌ر ده‌بێت، یان بتوانێت فه‌رمانڕه‌وا و کاربه‌ده‌سته‌کانی دابمه‌زرێنێت و له نزیکه‌وه چاودێرییان بکات. له‌سه‌ر شێوه‌ی سه‌رده‌می ئه‌بوبه‌کر و عومه‌ر له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌وه به‌پێی خه‌سڵه‌تێکی تایبه‌ت داوای فه‌زیله‌تێکی بێهاوتا کرا، به‌و هۆیه‌شه‌وه پێداگری کرا له‌سه‌ر پێوه‌ری شایسته‌یی که‌سی (ره‌وشتبه‌رزی). ئیسلام بۆ ماوه‌یه‌کی دورو درێژ له‌ناو چه‌ندین له‌رزین و ناسه‌قامگیریدا ژیاوه،

چونکە بە بەردەوامی ویستویەتی چەمکی دەسەڵات بە چەمکی رەوشتبەرزیەوە گرێبدات. هەروەها لەسەر ئاستی بیرۆکەکە، ئیسلام بۆ نزیکەی (1500) ساڵە سەرسامە بە میسالیەتی ئەفسوناوی دەسەڵاتی تەواو کە زانایانی درەنگوەختی شەریعەت دەستنیشانیانکردووە بەو پێیەی کە خەلافەتی راست بەرامبەرە بە پاشایەتی یان فەرمانڕەوایەتی داهاتوو.

هەرچەندە چوار خەلیفە پێشینەکانی ئیسلام لەلایەن زۆرینەوە بە کەسانی دانا و عاقڵمەند دانراون، لە نێوانیشیاندا عوسمان و عەلی، بەڵام خەواریجەکان تەنیا دانیان بە خەلیفەی یەکەم و دووەمدا ناوە، هەندێك لە زاناکانیش سەدەمی هەردوو خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەر و شەش ساڵی یەکەمی خەلافەتی عوسمان بە هەند وەردەگرن، چونکە ئوممەتی ئیسلامی لە سایەی ئەواندا پابەند بوو بە چاکەخوازی و رەوشتبەرزی (فەزیلەت)، چونکە لەو سەردەمەدا یەکڕیز و یەکگرتوو بوو: ئەزمونێکی میسالی کۆن بۆی هەبوو تەنیا خۆی بە شەرعی و راست بداتە قەڵەم. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ئوممەت لەلایەن کەسێکەوە رابەرایەتی دەکرا، تەنیا خەمی بریتیبوو لە رەوشتبەری و دادپەروەری، بۆیە شەرەفی خەلافەتی پێرەوا دەبینرا و بەدەستیهێنا. ئەوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە، کە لە نەوەی داهاتووی بنەماڵەی ئومەوییە، کە بە لێهاتوویی خۆی و بە شێوەیەکی شەرعی پلەی خەلافەت بەدەستدەهێنێت.

ئەو پرسیارەی کە دەکرێت سەبارەت بەوەی ئایا ئیسلام دەرفەتی خۆی لەگەڵ عوسمان بۆ بەرجەستەکردنی روحی دادپـەروەری و فۆرمێکی دیموکراتی تەمەندرێژ لەدەستدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە، یان ئایا پێویستیە سیاسییەکان و رەوشی ئیمپراتۆرییەت بوو کە بە دڵنیاییەوە بووە هۆی درووستبوونی دەسەڵاتێکی پاشایەتی پاوانحواز و ستەمکارانە؟

# –3–

# فیتنەی ژانگرتوو:
# سەردەمی شەڕ

# گرفتە مێژوویەکانی مێژوو

## لەپێشینەیی مەرجەعییەتی ئایینی

مردنی عوسمان بەو شێوازە دڕندانەیە روداوێکی تراژیدی و مێژوویی بوو. هەر لەو ساتەوە تراژیدیاکە ئامادە بوو، کە شێخە بەڕێزەکەی قورەیش و پێشەوای موسڵمانان، سیمبوڵی زیندووی یەکبوونی ئوممەت، ئەو هاوەڵە بەڕێزەی پێشوو، کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدرا، ئەو هاوەڵە ترسێنراوە هەڕەشەلێکراوە، کە لەلایەن هەمووانەوە جێهێڵرا، بە تەنیایی لەبەردەمی رق و کینە و مردندا خۆی بینییەوە، بەڵکو تراژیدیاکە ئەو کاتە ئامادەبوو کە رێگەیان نەدا تەرمەکەی بەخاك

بسپێردرێت، تا ئەو کاتەی کە (ئوم حەبیبە)، یەکێك لە کچە مامەکانی عوسمان و هاوسەری پێغەمبەر و دایکی موسڵمانان هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنی پێغەمبەری خودای بۆ هەمووان راگەیاند، ئەوەبوو بە نهێنی و لە شەودا لەسەر پارچەی شکاوی دەرگایەك کە قاچەکانی بەسەریدا شۆڕ ببوونەوە، گواستیانەوە و بەخاکیان سپارد. هەموو ئەوانە دیمەنێکی تراژیدی بوون، چونکە هێشتا والی و کاربەدەستانی لە بەسرە، کوفە و شام گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون، وە لەبەر ئەوەی کۆمەڵی موسڵمانان هێشتا بە بەیعەتپێدانیەوە پابەندبوون. بەڵام لە خزمەتیدا نەبوون و لەبەر خاتری ئەو جیهادییان نەدەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوە دەیانکرد چونکە خودا فەرمانی پێکردووە. هەندێك لە هێزەکان بە پەلە چوون بۆ فریاکەوتنی، بەڵام زۆر بە خاوی و لە کاتێکی درەنگوەخت گەیشتن. سەرەڕای ئەوەی ئیمپراتۆریەت بەرفراوان بوو، عوسمان کاتێك کوژرا نە پادشا بوو نە ئیمپراتۆر، بەڵکو پێشەوا و گەورەی ئوممەتی ئیسلامی بوو. ئەو روداوە لە یەککاتدا بابەتێکی بچوك و گەورەش بوو. بابەتێکی بچووکە کاتێك کە سەیری دیمەنی دژواری مردنی دەکرێت، بابەتێکی گەورە و مەترسیداریشە کاتێك تەماشای ئەو دەرئەنجامە مەترسیدارانە دەکرێت کە لە ئەنجامی مردنیەوە سەریانهەڵدا، واتا ئەو برینەی لەسەر دڵی ئیسلامی پێشینە و تەنانەت لە ناوەرۆکی ئیسلامدا درووستبوو، بەهۆی ئەو گێژاوە سەرسوڕهێنەرەوە کە مردنی عوسمان بەرپایکرد. کوشتنی پادشایەك بە بەردەوامی روداوێکی تراژیدی و مێژووییە، چونکە سامناکە و هەڵگری چەندین ئاماژەی باڵایە، لەبەر ئەوەی هۆکارێك بوو بۆ بەرپاکردنی چەند دووبەرەکی و دابەشبوونێکی قووڵ. بەڵام عوسمان لە پادشا کەمترو زۆریش لە پادشا زیاتر بوو. ئەو هەڵوەشان و لێکترازانەی لە ئەنجامی کوشتنیدا رویدا، رانەوەستا، چونکە قۆناغەکە، کۆمەڵگە، بەهاکان و خودی دەسەڵات هەمووی بارگاویبوون بە ئایین، لەبەر ئەوەش کە ئایین یەکێکە لە هێزە باڵادەستەکانی مێژوو هەوڵ بۆ خودی پارامێژوویی دەدات، بۆیە هەزاران ساڵ رۆڵی کاریگەری

لەسەر نەوەکان گێڕاوە. لەو کاتەشدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەسەر هەستکردنی زۆر راستی و دادپەروەری. مردنی عوسمان لە سەرووی تراژیدیاکەی و کاریگەریە مێژووییەکەی، تەنیا مانایەکی سەرپێیی نییە، هەروەك تیرۆرکردنی یۆلیۆس قەیسەر کارێکی موکمین بوو، واتا کوشتنی عوسمان مەترسیدارترین ناکۆکییەکانی وروژاند، لە بارێکدا بووە هۆی دەرکەوتنی ئیمپراتۆرییەت و لە بارێکی تریشدا بووە هۆی سەرهەڵدانی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی ئومەوی. بە واتایەکی تر، کوشتنی عوسمان بە درێژایی دوو سەدە یان سێ سەدە کاریگەری و گوشاری لەسەر مێژووی سیاسی هەبوو. هەروەها ئەو روداوە کاریگەری ئاینیشی هەبوو کە زۆر بەهێز رۆڵی خۆی گێڕا، لانیکەم بۆ ماوەی چوار تا پێنج سەدە و تاکو ئیمڕۆش بەردەوامە لە رێگەی دابەشبوونی ئیسلام بەسەر سوننە و شیعەدا. لەبەر ئەوە نا کە کەسایەتی عوسمان بە پێچەوانەی کەسایەتی عەلی، کاریگەرییەکی دیار و ئامادەگیان لەسەر ویژدانی خەڵك جێهێشت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە دیدو بیرەوەری کۆمەڵدا سڕایەوە. ئیمڕۆ هەروەك سەردەمی گەشاوەی رابردووی ئیسلام، ئیسلامی چوار سەدە پێشینەکەی ئیسلام، سـەرەڕای بوونی چەمکی عوسمانی، یەکەم وەك حزب و دووەمیش وەکو بیروباوەڕ، بەڵام لە نێوان هەر چوار خەلیفەکانی راشیدی دەردەکەوێت، کە وێنەی عوسمان لە هەموویان زیاتر سڕاوەتەوە، ئەوەش چەمکێکی درەنگوەختە. بەڵام کوژرانی عوسمان، بۆ خۆی روداوێکی بنەڕەتی بوو، چونکە بووە هۆکاری بەرپابوونی زنجیرەیەك کاری زۆر تراژیدی بوو لە سەردەمی تایبەتی خۆیاندا: فیتنە، دووبەرەکی و جیابوونەوە، شەڕی ئەهلی و توندوتیژی فەوتێنەر و ماڵوێرانکەر لەناو ئوممەتدا. لە سەرووی ئەوەشەوە بە شێوەی کاردانەوەی یەك لەدوای یەك، دابەشبوونی سیاسی و مەزهەبی گەورە کە لەو ململانێیانەی سەرەتاوە درووستبوون، سەرهەڵدانی دووبەرەکی و دابەشبوونی سەردەمانی دواتر لە ماوەی دوو یان سێ سەدەدا. هاوکات لەگەڵ کوشتنیدا تەواوی زنجیرەی مێژوو، کتومت ناوخۆ و ناوەخنی

لەرزاند و هەژاندی. بەڵام با بڵێین ئەوەی ڕاستەوخۆ لەو قۆناغەدا و لە پێنج ساڵی یەك لەدوای یەكی هەڵگیرسانی فیتنەدا بە كوشتنیەوە بەند بوو، كە هاوكات بوو لەگەڵ خەلافەتی عەلی (كۆتایی 35ی كۆچی تا كۆتایی 40ی كۆچی)، چونكە كاری مێژوو خۆی نمایشكرد و ئیتر بە ئاشكرا دەبینرا، زۆر بە ڕوونیش پشتی بەو ڕوداوە بەستووە. لە دوای ئەوە، گەشەكردنی بارودۆخەكە بە پشتی عەلی نەك عوسمان، بە شێوەیەكی ناواخنی و لەقاڵبدراو زۆر بە خاوی جموجووڵی دەكرد، واتا دەگەڕێتەوە بۆ كاراكتەرانی تازە و مێژوویەكی بارگاوی بە قورسایی خۆیی، بە جۆرێك كە كوشتنی عوسمان، تەنیا بە لێكدانەوەی نەبێت وەك پاساوێك، مێژوویەكی بەرجەستە نەكرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەوی زۆر قەرزاری ئەو ڕوداوەیە، كە بە شێوەیەكی ئەرێنی لە گرتنەبەری سیاسەتێكی پادشایانە سودی لێوەرگرت و كەڵكی لێ بینی. قۆناغی سەرهەڵدانی فیتنە گەورەكە، تەنانەت بەلای مێژوونوسێكی خاوەن ڕەهەندی زیاترو بێموبالاتیی كەمتریشەوە، وەك ساتی شڵەژانێكی مێژوویی توندوتیژ لێی دەڕوانرێت. لەو ساتەدا ڕوداوەكان زۆر بە خێرایی و بە قەبارەیەكی نائاسایی بەرپا بوون. ئەگەر بمانەوێت بە تەنیا گرنگی بە شەڕەكان بدەین، دەبینین زۆر گەورە و داستان ئامێزن، دەچنە خانەی گەورەترین شەڕەكانی سەردەمانی كۆن. ئەگەر گرنگیش بدەین بە جۆرو فۆرمی نەیاران و بەشەڕهاتووەكان، لەناوییاندا (عەلی) ئامۆزا و هاوەڵی گەورە و زاوای پێغەمبەر و لانیكەم هاوتای عوسمان بەرچاومان دەكەوێت، تەڵحە و زوبێر دەبینین، كە ئەوانیش لە هاوەڵە پایەبەرزەكانن و لەو كاتەدا هەموویان كەسە باڵاكانی ئیسلام و بە مانای وشە لە پێشەواكان بوون. هەروەها عائیشە، هاوسەری چاك و شایستەی پێغەمبەر، كچی ئەبوبەكر، كە لە نێوان سەرجەم دایكانی باوەڕداراندا پلەو پایەی تایبەت و هەرە باڵای هەبوو. هەروەها موعاویە، نوسەرەوەی پێشووی وەحی، والی وڵاتی شام و دەوروبەری بۆ ماوەی (20) ساڵ، كوڕی ئەبو سوفیان و لە ڕەچەڵەكی باڵای ئومەوی. لە

سەرووی ئەوەشەوە، هەموو ئوممەتی ئیسلامی هەستی دەکرد پەیوەندیدارە بە ململانێکان و تێیانەوەگلاون، سەرەتا لە ئەسحابەکانەوە، پشتیوانان و کۆچبەران تا دەگاتە جەنگاوەرێکی نەناسراو، ئوممەت لە کوێدا کۆببوونەوە، لە مەدینە، مەککە، بەسرە، کوفە، شام و میسر، لە پانتاییەکی زۆر بەرفراوان، هەموو پانتایی دورگەی عەرەبی.

گرەوەکە لەسەر چی بوو؟ بێگومان لەسەر دەسەڵات بوو، بەڵام چەند بەها و نمونەیەکی باڵاشی گرتبووەخۆ، کە لە جەوهەردا زۆربەی دەربارەی ئیسلام بوو. با بڵێین چاوتێبڕین و بەرژەوەندیخوازییەکان و خواستی تۆڵەسەندنەوە رۆڵی خۆیان گێڕاوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە یان بە میتۆدێکی هەمیشە بێدەنگ یان نزیك لە بێدەنگی بووە، لە کاتێکدا بەها باڵاکانی ئیسلام بزوێنەری هۆشیار و کاراکتەری رەسەن و راستەقینە و زۆر بەهێزی کارەکە بوون.

ئەمە لە دیدگایەکی بچوکترەوە تێڕامانە لە مێژوو، کاتێك وەك گەمەیەکی پڕوپووچ بیر لە سیما هەڵوشێنەرەکانی فیتنە دەکرێتەوە، کە کەسانێکی بەرژەوەندیخواز و ئامانجدار لە ژێر پەردەی ئایین پێی هەستاون. موعاویە و عەمروی کوڕی ئەلعاص، کە مێژووی عەرەبی زۆر تانە و تەشەری ئاراستە کردوون، دوو کەس کە لە چاوچنۆك و بەرژەوەندیخواز زیاتر بوون، بەڵام رۆژهەڵاتناسیی دژ بە ئیسلام بە بێتاوان ئەژماری کردوون. لانیکەم توشی سۆزێکی سیاسی داسەپاو ببوون. لە راستیدا هەموو خەڵك بەو شێوەیە بوون، بەڵام زۆربەیان بە شێوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی سۆزی ئاینییان بۆ سەر سۆزی سیاسی زیاد کرد. چاکترین و وردترین مێژوونوسەکان ناتوانن خۆیان بپارێزن لە راستی کارتێکردنی هەستی ئایینی لەسەر دەسەڵاتی ئەفسوناوی ئەو سەردەمە. ئەوەتا تەنیا چارەکە سەدەیەك لە کۆچی پێغەمبەر دوورین، ئەوەش ماوەیەکی زۆر نزیکە بۆ ئەوەی ژمارەیەك لەوانەی لە نزیکەوە هاوەڵێتیان کردووە و لە ژیاندا مابوون، واتا ئەسحابەکان کە ژمارەیەکیان لە گەورە هەڵگیرسێنەرانی فیتنەکە بوون، بایی ئەوەندەش ماوەکە دوورە کە

نەوەیەکی تەواو لەسەر بنەمای ڕێزو ڕەوشتبەرزییان گەورە ببێت و بیرەوەریی بە گەورەیی بمێنێت. لێرەوە نزیکی و دوورایی زیاتر قەتیس دەبێت.
بە هەمانشێوەش سەبارەت بە کتێبی خودا (قورئان)، کە هەروەك بینیمان لەلایەن قورئانخوێنانەوە وەکو تاکە مەرجەع و زۆر باڵاتر لە مێژووی پیرۆزی هاوەڵان تەماشا کراوە. شتێکی ئاشکرایە، کە موسڵمانان بە درێژایی تەمەنی نەوەکان پێشبینی ئەو قۆناغەیان کردووە و باسیان کردووە و وەك قۆناغێکی دینی پوخت تەماشایان کردووە، کە ناکرێت بە هیچ مێژوویەکی ئاسایی تر بەراورد بکرێت. ئەوان لە بیریان بووە و ئێستاش لە مەودای سنوری زاراوەی ئاینیدا هەر لە بیریانە. گرنگە ئەوە دووبارە بکەینەوە کە تەوژمە ئەرتۆدەکسی و هێرتەقیە گەورەکان یان لە ڕێگەی فیتنەوە یان لە ئەنجامی خوێندنەوەی فیتنەوە سەریانهەڵداوە، ئەوە بەهۆی بەستنەوەی بە مێژووی داهاتوو، مێژووی سێ خەلیفەکەی تر، هەروەها لە ڕێگەی بەستنەوەی بە میتامێژووی پێغەمبەرایەتی، بەڵام هەندێك لە نوێگەرە ئەوروپییەکان یان نوێگەرە ئیسلامیە هاوچەرخەکان توشی جۆرێك لە سەرسوڕمان بوون بەهۆی ئەوەی کە مێژوو لە ڕواڵەتدا وەك پوختەیەکی سیاسی، توانیویەتی بونیادی ئایینی و مەزهەبەکان و تەنانەت نیمچە ئایینی سەربەخۆی وەکو شیعەش بەرهەمبێنێت. ڕاستی ئەوەیە کە شیعەگەرایی ئایینی بە درێژایی سەردەمانێکی دوورو درێژ لە ڕوانگەی دەستپێکی چەندین ڕوداوو یەکانگیربوونی چەندین ڕیتم و هۆکار بونیاتنرا. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بنچینە مێژووییەکەی هەر خەلافەتی (عەلی) و ئەو ناکۆکی و ململانێیانەیە کە لەو قۆناغەدا ڕوویاندا.
بە پێچەوانەی گەشەکردنی خاوو لەسەرخۆی شیعەگەرایی، مەزهەبی خەواریج بە خێرایی، لەڕووی جەوهەریەوە چەکدار بە تایبەتمەندێتی و سیما دیارەکانی لەو قۆناغەدا پەیدا بوو. بەڵام تەنانەت لە دەرەوەی ئەو ڕاستیە جێگیرە، ڕاستیەك هەیە کە ئیسلامی داهاتوو ئەو مێژووەی بە مێژوویەکی ئایینی داوەتە قەڵەم، بە ڕاستیش بە تەواوەتی و بە شێوازێکی سەرەکی هەروا بووە، چونکە بواری سیاسی

پابەند بوو بە بواری ئایینی. ئەم بابەتە تەنیا تایبەت نییە بە ئیسلام، چونکە جەنگە ئاینییەکانی ئەورووپاش لەسەر دڵسۆزی و نادڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی پاپا، یان لەسەر بڕوابوون و بڕوانەبوون بە مەسیحیەتی خۆرئاوایی رویانداوە. ئایا کامەیان دەبێتە ئایینی کاتێك لە میحرابی خۆدێتی تاکەوە دەربچێت؟ ئەوە بە تەنیا بیروباوەڕ نییە، هــەروەك خوداپەرستی بەرجەستەبووش نییە، بەڵکو بۆ خۆی مێژوو، روداو، تاکەکان، ئوممەتێك پابەندێتی بۆ خودایە، بۆ میسالیەت و فەرمودەکانی دامەرێنەر و پێشەنگیەکەی. لەوەش زیاتر ئەو لە هەموو ئاستەکانەوە، تەنانەت لەسەر ئاستی بیروباوەڕ و خوداپەرستی ئامادەگی هەیە، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە بچینە ئەو باوەڕەوە کە ئاینێك لەگەڵ مردنی دامەزرێنەرەکەیدا تەواو دەبێت، لەگەڵ پچڕانی ئەو پەیوەندیەی کە راستەوخۆ بە خوداوە بەستویەتیەوە. ئەو بەرئەنجامە سەبارەت بە ئایینەکانی تری جگە لە ئیسلام روونە. سەبارەت بە ئیسلامیش، هەرچەندە کە دامەزرێنەر بونیادێکی نیمچە تەواوکراوی جێهێشت و لەبەر ئەوەی کە لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) ئیتر وەحی پچڕا، بۆیە رێگە بۆ بیرکردنەوە کرایەوە لەوەی کە لایەنی ئایینی پوخت وەستا، ئەوەی مایەوە تەنیا لایەنی سیاسی بوو، هاوکات لەگەڵ بڕوا هێنان بە شێوەیەکی ناچونیەك بەوەی کە ئیسلام دەسەڵاتێکی خودایی/تیۆکراتی بونیاتنا. لە راستیدا، ململانێکانی سەردەمی فیتنە ململانێی ئایینی رووت بوون، لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەر لە روانگەی بانگەواز و پەیامێکی وەرگیراو لە خوداوە ئوممەتێکی دامەزراند، بە هەمان چۆنێتیش فەرمانڕەوایەتیەکی دامەزراند کە خەلیفەکان بوونە پارێزەر و میراتگری رێبازەکەی. هەموو ئەوەی کە پەیوەندییان بە ئوممەتی ئیسلام، یەکێتی و چارەنوسی ئوممەتەوە هەبوو، بوونە شێوازێکی ئایینی باڵاو شایستە. هەروەها سەبارەت بە دامەزراوەی خەلافەت، واتا جێنشینی پێغەمبەری خودا بە هەمانشێوە بوو. سیمای قورئانیی سەردەمی خەلافەتی عوسمان و دوای سەردەمی ئەویش، واتا ئەو خواستەی کە بۆ بەرزکردنەوەی کتێبی خودا (قورئان) هەبوو، تا ئاستی

کردنەوەی نهێنییەکانی، تا سەپاندنی وەکو دەسەڵاتێکی باڵا، تا ئاستی وەرگرتنی بنەماکاکانی و تەنانەت ئەو فەرمودانەی خودا کە تیایدا هاتوون، هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ناوەندی پەیوەستە بە بواری ئایینی.
دواجار هاوەڵێتی دەچێتە خانەی هەمان ئاسۆی عەقڵی و هەستەوەرییەوە، ئەوەش بە رەگداکوتانی بەپێی بەشداریکردن لە مێژووی دامەزراندنی ئیسلام. بەڵام ئەوەش راستە کە پیرۆزییەتی پوخت، مەرجەعیەتی سەرەتا و هاوبەش لەنێوان هەمووان کە رەتدانەوە و گومان لەسەرکردنی ئەستەمە، بە تەنیا لە فەرمودەکانی خودا و لە کەسێتی پێغەمبەردا بەرجەستە بووە. بەم مانایەش، نە خولیفەکان و نە هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران هیچیان پیرۆز نەبوون، ئەوان لەو سەردەمەدا خاوەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی زۆر گەورە نەبوون. بەڵام ئەگەر خەلیفە/پێشەوا خاوەنی دەسەڵاتێکی دینی تایبەت بە خۆی نەبووبێت، خاوەنی شەرعیەتێکی دینی بووە: رابردوو هاوەڵێتی (الصحبة)، بەڵێندان لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودا، فەزڵی خۆیی بۆ هەمیشە گەڕانەوەی بۆ دەستکەوت و بەرکەوتەی ئایینی.
ئەو شەڕانەی کە لە دواییدا رودەدەن، بە راستی گرنگی باڵای ئەو پۆستەیان نیشانداوە، کە هەرگیز بەو وەسفەی بۆی دانراوە لە دیدی هیچ هێزو لایەنێکی هەبوو جێگەی گومان نەبوو. بەڵام لە ناوجەرگەی فیتنەکەدا، شەڕ لەپێناو جێگیرکردن و پشتیوانیکردنی شەرعیەتدان بە عەلی بەڕێوە دەچوو، کەمتر لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری بۆ عوسمان یان لە دژی، وەکو مرۆڤێك و پێشەوایەکی کوژراو. ئایا کوشتنی عوسمان ستەم بوو یان ستەم نەبوو؟ ئایا کوشتنی حەق بوو یان ناحەق؟ ئەمانە ئەو پرسیارە سەرەتاییانە بوون کە، پاڵپشت بە فەرمودەکانی خودا لە مێشکی هەموو جەنگاوەراندا بوو. بە شێوەیەکی لاوەکی مەسەلەی شەرعیەتبوونی خەلافەتی عەلی باسدەکرا، ئەوەش بەو ئاستەی کە خەلافەتی عەلی لە دیدی نەیارانیدا بە شێوەیەکی ناڕێکخراو بەڕێوەچووە، سەرەڕای

ئەو بارودۆخەی کە کوشتنی عوسمان هێنایە گۆڕێ. بەمجۆرە دەبینین کە لەو سەردەمەی ترۆپکی ململانێکاندا، بە چ ئاست و سنورێك پێداگری لەسەر مەسەلەی پێشەوایەتیکردن کراوە.

بەمشێوەیە، ئەو هاوکێشەیەی کە بەسەر گفتوگۆکاندا زاڵە، تەنانەت ئەگەر دەربارەی پرسی پێشەوایەتیکردن بووە، لە بۆتەی دادوەرێتی یان نادادوەرێتی کوشتنەکە، بەڵام بەپێی بیرۆکەی یەکێتی ئوممەت جوڵاوەتەوە. لەو سەردەمەدا قورئانی خودا و تارمایی پێغەمبەر وەکو بناغەی سەرجەم کاروبارەکان، لە ئاسۆدا پڕشنگیان داوەتەوە، لەپشتی ئەوەوە هیچ شتێکی دونیایی نییە، ئەگەر بێگومان لە ناڕوونیەکانی بازنەی ناهۆشیاری یان تەنانەت لە روونی هۆشیاری پۆلێك لە سەرکردەکانەوە بووبێت لە هەموو ئاستەکاندا: مەبەست لایەنە دونیەوەیەکە، واتا ئارەزوی دەسەڵاتخوازی و حەزکردن بە ململانێ. هەر لێرەوە و لە بوارێکی ئاوەهادا، هەمیشە پشکێکی گەورە لە تاریکی و ناڕوونی هەیە. بەڵام کۆمەڵی موسڵمانان کە بەوپەڕی ورە و توندییەوە لە (الجمل) و (صفین)دا شەڕییانکرد، لە پێناو ئەو راستیەدا شەڕییانکرد کە باوەڕییان پێهێنان، یان بۆ خۆیان باوەڕییان پێکرد. لەلای خەواریجەکان، واتا دەرچووان لە ریزی (صفین)، «خۆشەویستی سامناك بۆ راستی» گەیشتبووە لوتکە: ئەوە بە مانا کتومت و پوختەکەی بریتیبوو لە دەمارگیری.

# کێشەی سەرچاوەکان

بۆچی بە تایبەتی لە ئێستادا مەسەلەی سەرچاوەکان دەخرێتە بەرباس؟ لەبەر ئـەوەی کە روداوی زۆر و گـەورە بەرپابوون، مێژوو بە شێوەیەکی سامناك کرایە مێژوویەکی نێوخۆیی، کە لە سەردەمدا شوێنی خۆی هەیە، سەبارەت بە دوارۆژیش دیاریکراوە: شەڕی (الجمل)، لە نێوان عەلی لەلایەك، و نێوان عائیشە

و تەڵحە و زوبێر لەلاکەی ترەوە رویدا. شەڕی (صفین)، لە نێوان عەلی و موعاویە، یان ئەگەر پێمان باشبێت بڵێین لە نێوان خەڵکی و عێراق و خەڵکی شامدا رویدا، دواتریش بە ماوەیەکی کەم داوەریکردن و جیابوونەوەی خەواریجەکان، پاشان لە دوای (5) ساڵ (35 - 40ی کۆچی) خەلیفە عەلی دەکوژرێت و جڵەوی دەسەڵات بۆ ماوەی (90) ساڵ دەگوازرێتەوە بۆ موعاویە و بنەماڵەی ئومەوی. بە تایبەتی ئەو ململانێ و ناکۆکیە زۆرو زەوەندانە، بە درێژایی زیاتر لە سەردەیەکی مێژووی ئیسلام، چەندین شۆڕشی قەیراناوی و پشێوییان لە سەردەمی ئومەوییەکاندا بەدوای خۆیاندا هێنا، پشتیوانی حزبی خەواریجەکان کرا، درووستبوونی حزبی شیعە لەگەڵ ئەو تراژیدیایەی تێیدا ژیا. پێشتریش گوتمان کە لە بەرامبەر هەموو ئەم رووداوانەدا کێرڤی پێداگریکردن لەسەر پرسی شەرعیەتی خەلافەت/ پێشەوایەتیکردن بە شێوەیەکی کەللەڕەقانە بەرزدەبۆوە، کە دواجار بە شێوەیەکی جوزئی بە سەرکەوتنی عەباسییەکان لە ساڵی (132ی کۆچی/749ی زایینی)دا چارەسەر بوو. بەو جۆرەش مێژووی شەڕی گەورە ناوخۆ مێژوویەکی بەزەییانەیە، چونکە بووە رووداوە شایستە و جیاوازەکە، کە لەڕووی سیاسیەوە جۆرێك بوو لە فۆرمی ناوخۆیی، چونکە چەمکەکانی ململانێ و هەڵوەشانی لەخۆیدا هەڵگرتووە. لێرەوە جۆری مێژوویی لەدایك بوو، هەواڵەکان، ئەو هەواڵانەی کە هەموو راستاندنی زانستی ئێمە لەسەری بەندە.

ئەو سەرچاوانەی کە راستەوخۆ پشتیان پێدەبەستین، دوو جۆرن: دوو کتێبی سەرەکی سەدەی سێی کۆچی/نۆی زایینی، ئەوانیش (الطبری و البلاذري)ن، یەکێکیان دانەری کارێکی گەورەیە دەربارەی مێژووی پێغەمبەران و پادشاکان، دووەمیشیان دانەری کارێکە کە گرنگی لە کاری ئەوەی یەکەم کەمتر نییە، ئەویش کتێبی (أنساب الاشراف)ە، لە لایەکی تریشەوە دەتوانین بگەینە بەدەستهێنانی کارەکانی هەمان سەردەم یان سەردەمی کەمێك دواتر، وەکو (الدینوري، الیعقوبي، خلیفة بن خیاط، ابن الاعثم الکوفي، المسعودي)، کە من ئەمانە بە سەرچاوە

لاوەکییەکان یان تەواوکار ناودەنێم، چونکە جەوهەرو ناوەرۆکی زانیارییەکانمان پێکناهێنن. پێویستە کتێبەکەی (نصر بن مزاحم) بەجیا پۆلێن بکرێت، چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکیە دەربارەی شەڕی (صفين) و ئەویش سەرچاوەیەکی کۆنە، بەڵام وەك مۆنۆگرافیا تەنیا پەیوەندیدارە بەو شەڕە. بەڵام (الطبري و البلاذري) دوو مێژوونوسی کۆکن لە زانیارییەکانیاندا و بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە، بەڵام مێژوونوسە لاوەکییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەرێتی ویستی لێکدان و خۆلێدەربازکردنەوە و کۆمەڵێك گێڕانەوەی یەك لەدویەکی بەسەرهاتەکانمان پێدەدەن، بەڵام گێڕانەوەیەکی کورت و پڕ کەموکورتیە.

ئایا هەریەکە لە (الطبري و البلاذري) و تاکو بەو شێوە چڕو وردەکاریەوە بەسەرهاتەکانمان بۆ بگێڕنەوە پشتیان بە چی بەستووە، ئەو روداوو بەسەرهاتانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ دوو سەدەی رابـردووی پێشخۆیان؟. (البلاذري) لە ساڵی 279ی کۆچی و (الطبري) لە ساڵی 309ی کۆچیدا مردوون، بەڵام هەردوو شەڕی (الجمل) و (صفين) لە ساڵانی 36 و 37ی کۆچیدا رویانداوە. ئەوان پشتیان بەو نوسینانە بەستووە کە لەپێش خۆیانەوە نوسراون، بەڵام بە دەگمەن لە تۆمارکردنی بەسەرهاتەکاندا پشتیان بە کلتوری سەرزارەکی بەستووە. ئەو نوسینانە یان ئەو نامە نوسراوانە ئێستا دیارنین، بۆیە تەنیا لە رێگەی (الطبري و البلاذري)وە نەبێت ناتوانین بگەڕێینەوە سەرییان، بەم پێیەش دەتوانین بە پارێزەرانی شایستەی ماددەی مێژوویی ناوزەدییان بکەین. (الطبري) بە شێوەیەکی جەوهەری پشتی بە نامەیەك بەستووە کە سەیف بن عومەر (کۆچکردوو لە ساڵی 173ی کۆچی) دایناوە بە ناوی (كتاب الجمل ومسير عائشة و علي)یە و پەیوەندیدارە بە هەموو ئامادەکارییەکان بۆ شەڕی (الجمل) و باسیدەکات و تایبەتە بەو شەڕەوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی لاوەکیش بێت کەڵکی لە کتێبەکانی تری پێشخۆی وەرگرتووە، وەکو کتێبی (كتاب الجمل)ی ئەلمەدائنی کە لە ساڵی 215ی کۆچیدا مردووە. ئەویش لەو چوارچێوەیەدا بەهۆی زنجیرەیەك گێڕانەوەی سەرزارەکیەوە،

کەڵکی لە (الزهري) وەرگرتووە. بەڵام بە رای من ئەوە زیاتر لە راستیەوە نزیکە کە گێڕانەوەکانی (الزهري) پەیوەندیدار بە شەڕی (صفین) و دوای ئەو شەڕەش، واتا: داوەریکردن، کێشەی خەواریج، هەڵمەتە چەکدارییەکانی موعاویە و کوشتنی عەلی، هەمووی لە ماوەیەکی دیاریکراودا نوسراوەتەوە. لێرەدا (الطبري)ش کەڵکی لە چەند سەرچاوەیەکی نوسراو وەرگرتووە کە یەکێکیانی تایبەت کردووە (ئەبی مەخنەف و مۆنۆگرافیاکەی) تا ئەو ئاستەی کە بە نزیکی لەناویدا تواوەتەوە. ، بەڵام چەند سەرچاوەیەکی نوسراوی کۆنیشی چنگ کەوتووە، وەك (كتاب صفین) و کتێبی (التأريخ الكبير)ی ئەلواقیدی، هەروەها نوسینەکانی (الزهري).

ژمارەیەکی گێڕانەوەی زۆر دەگمەنی تریش هەن کە دەگەڕێنەوە سەر حەدیس، بەڵام بەهایەکی مێژوویی کەمیان هەیە، پەیدا بوون بۆ ئەوەی گێڕانەوەکان بپچڕێنن. بەمشێوەیە جەوهەری بەڵگاندنی (الطبري) کە لە کۆتایی سەدەی سێی کۆچیدا نوسیویەتی، لەو سەرچاوانەوە دەرچووە کە لە نێوان (120 بۆ 200ی کۆچی) نوسراون، بۆیە بە دیدی ئێمە سودێکی مێژوویی باڵای هەیە، چونکە کاتێك نوسینەکانی(الطبري) دەخوێنینەوە، لە راستیدا وەکئەوە وایە نوسینی سەیف و ئەبی مەخنەف بخوێنینەوە کە لە نێوان ساڵانی (140 بۆ 170ی کۆچی) و (120 بۆ 150ی کۆچی) نوسراون، بێئەوەی هیچ گۆڕانێك و هیچ دەستوەردانێکی خودی (الطبري) بەدی بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا نازانین تا چ ئاستێك هەڵساوە بە لابردنی سەرگوزشتە و گێڕانەوە دووبارەکان و نوسینە ناڕوونەکانی مێژوونوسانی پێشخۆی. حاڵی دڵنیایی ئەوەیە کە وامان لێدەکات هەڵبستین بە شوێنکەوتنی واقیعەکە و زۆر لەگەڵی رۆنەچین. ئەمەش دەکرێت بگەڕێنرێتەوە یان بۆ توانا کەسییەکانی (الطبري) لەڕووی کۆکردنەوەی دەقە هەڵبژاردەکانی، یان بۆ ئەو جۆرایەتیە تایبەتیەی ئەبی مەخنەف و سەیف بن عومەر لە هونەری گێڕانەوەی رواداوەکاندا، ئەمانەش چەند تایبەتمەندیەکن کە لەلای مێژوونوسێکی وەك (نصر بن مزاحم) هەستی پێناکەین، کە کتێبە داستانیەکەی بە ناونیشانی (وقعە صفین)

که تایبەتمەندی وێژەیی باڵای هەیە و ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام بەزۆری وامان لێدەکات لەناو رایەڵی گێڕانەوەکاندا ون ببین، لە رێگەی ئاوڕدانەوەمان بۆ دواوە و بەهۆی بوونی لایەنە لاوازەکان و دووبارەکردنەوەکانی کە لە ژمارە نایەن. کتێبە گەورەکەی (الطبري) لە مێژووی گشتیەوە هەڵێنجراوە، چونکە بەشە نائیسلامیەکەی تەنیا وەکو پێشەکی سودی لێوەردەگیرێت، بەڵام راستی بەشە عەرەبیەکەی، بە تایبەتی ئەوەی باسی سەدەی یەکەمی کۆچی دەکات، پلەیەکی باڵای داگیر کردووە.

تا چەندێك لە قۆناغی سەرهەڵدانی ئیسلام و سەدەمی دەسەڵاتی ئومەوی دوور بکەوینەوە، چێژو گەشەی زانیارییەکان کەمترە. بەو پێیەی کە نوسەر شایەتحاڵی سەردەمەکەی بووە، واتا لە نیوەی دووەمـی سەدەی سێیەمی کۆچی، بۆیە گێڕانەوەکان وشك و کورتمانان، بەڵام بە پێچەوانەوە رەنگ و وردی و روونی هەموو شتێك زیاترە، کاتێك نوسینەکان رۆدەچنە قووڵایی رووداوەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە سەدەی یەکەمی کۆچی زیاتر لەگەڵ هۆشیاری مێژوویی ئیسلامیدا کۆك و وەڵامدەرەوەی بووە و ئاماژە گەورەکانی بۆ بەرجەستە کـردووە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی بەهۆی کاری گەڕان و توێژینەوەی باشەوە کە مێژوونوسە کۆنە گەورەکانی وەك ئەبی مەخنەف پێی هەڵساون، لە تاریکی دەرچووە. لە کاتێکدا کە کتێبی (الطبري) بەپێی شێوازی هەواڵیی/ دەربارەیی نوسراوە، دەبینین کتێبی (البلاذري) بەپێی شێواز و فۆرمی قۆناغی بنەماڵەیی نوسراوە. بەگوێرەی ناونیشانەکەی بێت کتێبەکە تایبەتە بە بنەماڵە و خزمایەتی (انساب)، نەوەك کتێبی مێژوو. لەگەڵ ئەمەشدا لە دوایین شیکردنەوەدا، وەکو کتێبی مێژوویی ئەژمار کراوە، بە تایبەتی لەو رووەوە کە پەیوەندیدارە بە رووداوەکانی سەدەی گەورەی یەکەم، بۆیە تەنیا لێرەدا لەگەڵ (الطبري)دا جیاوازە لە رووی رێکخستنی بابەتە مێژووییەکان.

رووداوە گەورەکانی وەك: شەڕی (الجمل)، شەڕی (صفین)، شەڕی نەهرەوان، ساڵ

به ساڵ گێڕانەوەیان بۆ نەکراوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو بەشەی بۆ بەسەرهاتی عەلی دانراوە باسکراوە، کە بە هەمانشێوە لە ڕەچەڵەکی بەنی هاشم پۆلێن کراوە. وەلحاڵ هەر سەبارەت بەو ڕوداوە گەورانەی کە لە سەردەمی ئومەوی ڕویانداوە، ئەوانەی پەیوەندیدارن بە بەسەرهات و ڕەچەڵەکی موعاویە، یەزید، عەبدولمەلیك. لێرەشدا کتێبی (انساب) لەگەڵ کتێبی (التأریخ)دا لەڕووی جۆری مێژوویی جیاواز و ناکۆك نییە، بەڵکو لەڕووی چۆنێتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سەرەتا و چۆنێتی گواستنەوە و ڕێکخستنی لەگەڵیدا جیاوازە. بینیمان کە (الطبري) لە ماوەیەك یان لە قۆناغێکی دیاریکراودا، کتێبێکی لەوانەی تر جیاکردۆتەوە. بۆ نموونە: لە شەڕی (الجمل)دا کتێبی سەیفی بە باشتر داناوە، بەڵام سەبارەت بە شەڕی (صفین) کتێبی ئەبا مەخنەفی بە باشتر داناوە، هەروەها سەبارەت بە فتوحاتە عەرەبیە گەورەکان سەیف لە ئیبن ئیسحاق بە باشتر داناوە. سەبارەت بە شۆڕشەکانی شیعە و هێزە دەرەکییەکان کە مێژووی ئومەوییەکانی لەرزاند، (الطبري) کتێبەکەی ئەبا مەخنەفی بە باشترین داناوە، بێئەوەی بە تەواوەتی ئەوانەی تر پشتگوێ بخات، بەڵکو لە ڕێگەی کەمکردنەوە لە پێگەو کاریگەری ئەو سەرچاوانە و وەرگرتنیان وەك سەرچاوەی بە کەڵك و پشتیوان بۆی. لە بەرامبەردا، پێدەچێت (البلاذري) نوسەرێکی ئینتیقایی بووە. ئەو پشتی بە ئەبی مەخنەف بەستووە هەروەك چۆن پشتی بە ئەلمەدائنی بەستووە، هەروەها پشتی بە (عوانە) و ساڵحی کوڕی کیسان بەستووە. لەپشت دەستەواژەی (وتیان) بە ئامادەگی ڕای هەموو گێڕەرەوە کۆنەکان هەست بەمە دەکەین.

بە ڕواڵـەت، سەدەمی تۆمارکردن و هۆنینەوەی نوسینەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان لە نێوان ساڵانی (130 و 140ی کۆچی)، واتا سەدەیەکی تەواو لە ڕوداوە گێڕدراوەکان دامان دەبڕێت. ئەمە مانای وا نییە کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا هیچ هەوڵدانێك بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکان و تۆمارکردنیان نەبووە، بەڵکو مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هەوڵدانانە کەم و سەرەتایی

بوون و ئەنجامەکانیان سودی زۆر کەمیان گەیاندووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەوڵانەی لە دواییدا دراون، ئەو هەوڵانەی کە لەسەر ئاستی توێژینەوەی کۆنتر لە بارەی رابردووەوە، راستاندن و بەڵگاندیان زیاتر رەسەنایەتی تیادا بووە، چونکە دەگەڕێنەوە سەر (5) جۆر سەرچاوەی جیاواز: کتێبەکانی (الانساب)، کتێبەکانی (الاخبار)، کتێبەکانی (المغازي والسيرة)، بەشی (الفتوح) و بەشی (تاريخ الخلفاء). لە بنەڕەتدا و لەسەر ئاستی کۆکردنەوەی سەرزارەکی یان لە رێگەی سەرەتای نوسینەکانی سەردەمی ئومەوی یەکەم بە تەواوەتی، ئەگەری ئەوە هەیە یەکەمجار کتێبەکانی (الانساب) و (المغازي) دەرکەوتبن، هەروەها بە تایبەتی کتێبەکانی (الاخبار) کە رێگەی (الانساب)وە گەشەیانکردووە. ئەگەری زۆر هەیە لە دوای فیتنەی دووەم لە نێوان (63 73-ی کۆچی)دا هۆشیاری مێژوویی پەیدا بووە و دەستکراوە بە پیاچوونەوە و توێژینەوە لەسەر رووداوەکانی رابردوویەك کە تەمەنی (30) ساڵ بووە. پۆلێنی جۆری (الاخبار)، بە شێوەیەکی تایبەتی دەربڕی هۆشیاری مێژوویی سیاسیە، چونکە لە ماوەی کەمی نێوان 70 و 80ی کۆچیدا، ئەوانە دەرکەوتن کە ئەرکیان کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکان بوو بە شێوەیەکی سەرزارەکی رووت، هەندێکیان تایبەتمەندێتیان تێدا وەرگرت و بوونە پیشەگەر. (الشعبي)، ئەو ریشسپیە بەڕێزە بوو کە لە ساڵی (105ی کۆچی)دا مردووە، لە هەموویان زیاتر دیاترو پڕ زانیاری بوو. ژمارەیەك لە گێڕانەوەکانی ئەبی مەخنەف و و سەیف و ئەلمەدائنی سەرچاوەکەیان بۆ (الشعبي) دەگەڕێتەوە نەك بۆ هەر کەسێکی لەو دوورتر، چونکە سەرچاوەیەکی مێژوویی بەبەهایە. هەروەها دەکرێت باسی (السائب الكلبي) بکەین، کە لە تەمەنێکی زوو لە ساڵی 144ی کۆچی مردووە، جگە لە باسکردنی (ابی الجناب الكلبي) کە بە نزیکی لە هەمان ساڵدا مردووە، بەڵام ماوەی تەمەنی یەك نەوە لە نێوان (الشعبي) و ئەو دوانەی دواییدا هەیە.

ئایا مێژووی گەشاوەی رابردوو لە کام قۆناغدا نوسراوە؟ ئایا لە کام قۆناغێکی تردا

داڕێژراوە و بونیاتنراوە؟ کاتێك کە لێکۆڵینەوە کە کۆنترین هەواڵنوسەکان دەکەین، واتا خودی ئەبی مەخنەف، توشی سەرسوڕمان دەبین دەربارەی زۆری پایەکانی: (الشعبي، مجالد بن سعيد، عبدالرحمن بن ابي الكنود، فضيل بن خديج، ابو الجناب الكلبي). ڕاستەوخۆ لە دوای ئەمانەشەوە لە کاتی باسکرنیدا شایەتحاڵێك دێت، کەوا پێویستە ببێتە زنجیرەی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لە زنجیرەی بەسەرهاتەکەدا، کە بەلای منەوە کاراکتەرێکی لاوەکیە، بەڵکو دەکرێت لە کاتی پێویست بەکاربهێنرێت. سەرەڕای ئەوەش کاتێك ئەبی مەخنەف دەگەڕێتەوە سەر (الشعبي) بە تەنیا لە ئاستیدا هەڵوەستە دەکات و ئەوە ئاشکرا ناکات کە لە پشتی ئاسۆیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە (الشعبي) بەشداری لە شەپۆلە لەرزێنەرە گەورەکانی شەڕی ئەهلی نەکردووە. (الشعبي) بە پلەیەکی باڵا سەر بە زانست دۆستان بوو، ئەوانەی کە شەپۆلی پڕوپاگەندەی بەکۆمەڵ لەلایەن مرد، ئەوانیش لە چەند سەرچاوەیەکی پەرشوبڵاوەوە کۆیانکردنەوە و ڕێکیانخستن و بۆیان گواستینەوە. ئەوانە خەڵکانێکن گریمانە دەکرێت کە لە نێوان ساڵانی 80 و 120ی کۆچیدا چالاکبوون. بەڵام سەرچاوە ڕەسەنەکانی مێژووی رابردوو، توانراوە لەناو کۆمەڵی خێڵەکی و بنەماڵەییدا پارێزگاری لێبکرێت، بەڵام کەلتوری خێڵەکی تەنیا پارێزگاری لە ناوی قارەمانەکان و داستانەکان کردووە. تێڕوانینی گشتی بۆ کاروانی ڕوداوە گەورەکان پێدەچێت لە کوفە لەلایەن باڵادەستانی زۆر کۆنتری پاراستنی بیرەوەری بەکۆمەڵ کۆکراوەتەوە و داڕێـژراوە، ئەوانەی کە تەنیا یەك پشت (نەوە) لە شەڕی ئەهلی دابڕیون. لەبەر ئەوە ئێمە ئەو سەرنجەمان دەپارێزین کە هەیە لەپشت ئەو هەموو جیاوازییانەوە کە بەهۆی زۆری گێڕانەوە زۆرو جۆراوجۆرەکانەوە هیلاکمان دەکەن، واتا بوونی یەك فۆرمی ستراکچەری سەرەکی ڕوداوو بەسەرهاتەکان. ئەوەشی کە دەمێنێتەوە تەنیا وردەکاری و ڕۆچوونی زۆرە. لەبەر ئەوە دەکرێت قسە بکرێت لەسەر عەبەسیەتێکی دیاریکراو بۆ ڕەخنەگرتنی دەرەکی گێڕانەوەکان، واتا فۆرمە جیاوازەکان.

کەواتا لە بنەڕەتدا و لە ئاستی یەکەمدا رابردوویەکی هاوبەش، واتا مەعریفەیەك درووستبووە لە ئەنجامی کاری زانست دۆستە نەناسراو یان (نادیارەکان)، جگە لە (الشعبي) کە کەسێکی زۆر بەناوبانگە. لە کاتێکی تردا گێڕەرەوەی بەسەرهاتەکان، کە هەستاون بە ئەرکی داڕشتنەوەیان دەرکەوتوون، لەو کاتەشدا روپێویی تاکەکەسی سەریهەڵداوە، وەك: محەمەد کوڕی نوەیرە، تەڵحە کوڕی ئەعلەم ئەلحەنەفی، کە هەردوکیان سەرچاوەی بەرهەمی باوەڕپێکراوی (سیف بن عمر)ن. هەروەها سەبارەت بە کارەکانی (مجالد بن سعید، محمد بن السائب الکلبي، ابن الجناب الکلبي، صالح بن کیسان، عمر بن سعد، عمرو بن شمر)، کە نەسر بن مزاحم سەرتاپای کتێبەکەی بە پشتبەستن بە زانیارییەکانیان نوسیوە. ئەم نەوەی دووەمە، کە لە نێوان ساڵی (100-140ی کۆچی) چالاکبوون، درکیان بە قۆناغی داڕشتن و تۆمارکردن و گواستنەوەی گەنجینەی کارەکانیان بۆ نەوەی مێژوونوسان/نوسەران نەکردووە. ئەبی مەخنەف کە لە ساڵی (157ی کۆچی) یان پێشتر مردووە[26]، وەك نموونەیەکی کۆن خۆی لەناو ئەم نەوەیەدا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا کە مێژوونوسان، گێڕەرەوەکان و خاوەنی کتێبەکانی (المغازي) یان (الانساب)، جگە لە ئیبن ئیسحاق کە لە ساڵی (150ی کۆچی) مردووە، هەموویان سەر بە نەوەی داهاتوون لە دەروربەری سەدەی سێیەم. سەیف لە ساڵی 173ی کۆچی و (نصر بن مزاحم) لە ساڵی 212ی کۆچیدا مردوون. هەریەکە لە هیشام ئەلکەلبی و ئەلواقیدی و ئەلهەیسەم بن عەدی لە ساڵانی 204 و 207 و 206ی کۆچیدا مردوون. گرنگی ئەبی مەخنەف دووسەرەیە: بە پلەی یەکەم بووەتە خاڵی پەیوەندی نێوان گێڕەرەوە گەورەکان و گەورە مێژوونوسانی داهاتوو، لە سەردەمی ئومەویشدا کە لەناو روداوەکانیدا ژیاوە لە هەموو ئەوانەی تر زیاتر رۆچووە و قاڵبۆتەوە، دواجار ئەو ئەنجامدەری کارێکی هەواڵیی گەورەیە لە (24)

26- یاقوت، ارشاد الاریب، بەیروت: ب ت، بەشی6، لاپەڕە221، بەڵام ڤیلهاوزن تێبینی ئەوە دەکات دوایین روداو ئەیو مەخنەف دەیگێڕێتەوە لە ساڵی 132ی کۆچی/749ی زاینیدا وەستاوە. وەرگێڕانی عەرەبی، قاهیرە -1958 کتێبی das arabische reich und sein sturz

مۆنۆگرافیا پێکهاتووە و رومانی (130) ساڵی مێژووی کردووە، هەر لە فەتحکردنی عێراقەوە تا دوایین شۆڕشەکانی خەواریج لە سەردەمی ئومەوییەکان. رەچەڵەکی ئەبی مەخنەف دەچێتەوە سەر بنەماڵەی (الازد)ی پیرۆز، بنەماڵەی ئال مەخنەف. باپیری باوکی کە ناوی مەخنەف کوڕی سەلیم بووە، لەگەڵ یەکێك لە مامەکانی باوکی بەشدارییان لە شەڕی (صفین) کـردووە. بەڵام مامێکی تری باوکی بە ناوی عەبدولڕەحمانی کوڕی مەخنەف لە سەردەمی حەجاج لە کوفە (نزیکەی ساڵی 75ی کۆچی)، یەکێك بوو لە خانەدانەکان و فەرماندە سەربازییەکان و لە شەڕەکانی دژ بە خەواریجەکان کوژراوە.

ئاشکرایە کە جۆرێك پەیوەندی لە نێوان درێژی تەمەن و گواستنەوەی هەواڵی مێژوویدا هەبووە. بۆ نموونە (الشعبي) زۆر ژیاوە و تەمەنی درێژ بووە، هەروەها محەمەد کوڕی ئەلسائب ئەلکەلبی و هیشامی کوڕی تەمەنیان زۆر بوو. پێدەچێت (ئەبو مەخنەف) بواری هەبووە زۆر بژی، بێئەوەی بگاتە ئاستی داماوی. بەڵام ئایا ئەبی مەخنەف هەروەك (ڤیلهاوزن) باسیدەکات لە کاتی شۆڕشی (ابن الاشعث)دا لە نێوان ساڵی 82 83-ی کۆچی پیاوێکی پێگەیشتوو بووە؟ ئیبن مەخنەف هەرگیز بابەتی ئەو روداوانەی نەگێڕاوەتەوە کە راستەوخۆی بینیوەتی، بەڵکو لەوەدا پشتی بە ئیبن ئەلسائب و ئەوانیتر بەستوە. هەروەها ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە دەربارەی (الشعبي) گێڕاویەتیەوە راستەوخۆ نین، بەڵکو لە رێگەی (مجالد بن سعید)وە وەریگرتووە. کاتێك منداڵ بوو کەوتۆتە ژێر کاریگەری و فۆرمی بارودۆخی سەردەمی رابردوو، بەڵام بە گشتی تا دوای ساڵی (100ی کۆچی) دەستینەکردووە بە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، پێشدەچێت لەوە دواوەتر دەستی پێکردبێت. ئاشکرایە کە ئەبی مەخنەف ژیاوە تاکو شۆڕشی زەیدی کوڕی عەلی لە کوفە لە ساڵی (122ی کۆچی) بە چاوی خۆی بینیوە، چونکە بەبێ هیچ نێوەندێك بەسەرهاتەکانی گێڕاوەتەوە. کاتێك دەستیکردووە بە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی دەربارەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە ساڵی (35-40ی

کۆچی)، نێوانی ئەوو روداوەکان (70) ساڵ بووە، ئەوەش ماوەیەکی هێندە زۆر نییە، لەبەر ئەوەی کە پێشینە زانیاری دەربارەی هەبووە.
هێندەی بابەتەکە پەیوەندی بە ماوەی زەمەنیەوە هەیە، هێندە پەیوەندی بەو چاودێریکردنەوە نییە کە پێدەچێت دەوڵەتی ئومەوی بەسەر ئەوجۆرە گەڕان بەدوای راستیانەیدا سەپاندبێتی، چونکە پەیوەندیەکی پتەوی بە سیاسەتەوە هەیە. بەو پێیەش گریمانە دەکرێت کە زمان و پێنوسەکان دەستیان بە وتن و نوسین نەکردووە تا کاتی وەرگرتنی کاروبارەکانی خەلافەت لەلایەن رەچەڵەکی بنەماڵەی نوێوە. گومان لەوەدا نییە کە عەباسییەکان هەستیان بە پێویستیەکی زۆر کردووە بۆ راستکردنەوەی ئەو دیدگا مێژووییەی رابردوو کە ئومەوییەکان بە توندی لەدەستیانداوە[27]. ئەبی مەخنەف دەیتوانی دەربارەی مێژووی پێش ساڵی 132ی کۆچی کاغەزی زۆر رەشبکاتەوە و هەواڵ و زانیارییەکانی تێدا کەڵەکە بکات، بەڵام من پێموانییە کتێبەکانی لەپێش سەردەمی عەباسیدا نوسیبێت.
هەرچەندە منیش وەکو ڤیلهاوزن زۆر پێداگریم لەسەر کەسایەتی ئەبی مەخنەف کردووە، لەبەر ئەوە نییە کە لە رێگەی (الطبري)وە کاری گشتگیرتر و تەواوکراوی دەربارەی ئەو ململانێ سیاسی- دینییانە جێهێشتووە کە سەدەی یەکەمی کۆچیان هەژاند، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو کارە کۆنترە. مێژوونوسە گەورەکانی ئیسلام، سێ دامەزرێنەرەکە کە بریتین لە ئەبی مەخنەف و ئەلمەدائنی و ئەلواقیدی، بەڵام ئەم دوانەی دوایی کە (50) ساڵ لەدوای ئەبی مەخنەف مردوون، نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو لە سەردەمی زۆر کۆنتردا رۆبچن. ئەلواقیدی لە بارەی مێژووی روداوەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو وردترە، بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە غەزاکانی سەردەمی پێغەمبەر داوە. زانیاری سەرەکی هەیە، وەکو هەواڵەکان دەربارەی داوەریکردن، تەنیا لە رێگەی کەناڵی ئەبی مەخنەف نەبێت

27- هەروەك ئەبو جەعفەر ئەلئیسکافی لە کتێبەکەیدا (المناقضات) و الجاحظ لە کتێبی (العثمانیة)دا بە باشی تێبینی ئەوەیان کردووە. قاهیرە، 1955، لاپەڕە280 و دواتر. مێژووی عەرەب لەپێش (الزهري) دا مێژووی کۆنی یەمەن و (الانساب) بەسەریدا زاڵبوە.

بۆمان نەگوازراوەتەوە. هەرچەندە راستە کە گێڕانەوەی ئەبی مەخنەف دەربارەی شەڕی قارەمانانەی (صفین) لە مانا ئیغریقیەکەیدا، بە بەراورد لەگەڵ گێڕانەوەی (نصر بن مزاحم) کەمتر چڕوپڕی دەربارەی روداوەکان و کەسەکان تێدایە، بەڵام راستگۆیی و متمانەی زیاتری تیادا بەدیدەکرێت، هەرچەندە ئەو قسەیەش راستە کە چەندێك مێژوونوس لە روداوەکانەوە دوور بێت، ئەوەندەش تیری زیادە پێوەنان زەقترە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەك دەبینرێت، ئەوەیە کە مێژوونوسە زۆر کۆنەکان، ئەوانەی کە کەلتور رابردویەکی پەرشوبڵاوی لێ وەرگرتوون، کەمتر متمانەیان پێدەکرێت، چونکە هیچ گرنگیپێدانێکی رەخنەیی و روحیەتی توێژینەوەیان دەربارەی سەردەمەکە تێدا بەدی ناکرێت.

راستە کە ئەبی مەخنەف و سەیف و ئیبن ئیسحاق و ئەلواقدی و ئەلمەدائنی، هەموویان گوێزەرەوەی زانستی پێشوون، کە لەلایەن چەندین پیشەگەری نەناسراو لە نێوان سالانی 70 بۆ 100ی کۆچی دانراوە، بەڵام رۆڵییان سنوری نهێنی و نەرێنی زۆر تێپەڕاندووە، چونکە ئەوەی دەستیانکەوتووە کەرەستەیەکی خاوی، سەرزارەکی، ناچونیەك بووە، بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵێك هەواڵ و زانیاری لێکهەڵوەشاوە. ئەوان هاتوون لەڕووی هەڵبژاردن، پاڵاوتن، رێکخستن، پۆلێنکردن و دەرهێنانەوە کارێکی تەواوییان ئەنجامداوە. لە سەرەتاوە وەك هەواڵساز کارییان کردووە، بەڵام کاتێك قسەکانی ئەو کەسە یان ئەوەیترمان بۆ دەگێڕنەوە، پێنوسەکەیان دێتەگۆ و قسە دەکات. تاکێتی شێوازی ئەبی مەخنەف لە هەموو ئەو بابەتانەدا کە گواستویەتیەوە دیارو پڕشنگدارە، لەو هەواڵەدا کە هاوپێچی روداوەکەیە، لە گفتوگۆکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و ئەو گوتارانەی کە بە گشتی بۆ عەلی و موعاویە یان کەسانی تر دەگەڕێتەوە. بە هەمانشێوە لەلای سەیف کوڕی عومەر هەروایە. لەبەر ئەوە شتێکی باو نییە کە گوتار و گفتوگۆ و دیالۆگەکان بە شێوەیەکی حەرفی وەربگێرێن، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە و جگە لە ستراکچەری روداوەکان شیاوی وەرگرتنە، بریتیە لە فەزایەکی فکری و

عەقڵمەندانەی دیاریکراو. کاتێك هۆمیرۆس لە سەدەی هەشتەمی پێش زاین نوسرا، بۆ خۆی بونیادێکی مێژووییە بۆ هەردوو سەدەی نۆیەم و دەیەم دەگەڕێتەوە. هەریەکە لە ئەبی مەخنەف و سەیف و عومەری کوڕی سەعد کاتێك نوسینەکانیان لە نێوان (-120 150ی کۆچی)دا نوسی، کە بوونەتە پشتیوانی متمانەپێکراوی (نصر بن مزاحم)، بەڵکو ئەوانیش پشتیان بە جیهانی سەدەی یەکەمی مێژووی ئیسلام بەستووە، بۆیە نوسینەکانیان دەربڕینی واقیعی عەقڵی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوری سەردەمەکەی خۆیان نییە، بەڵکو بەسەرهاتەکانی جیهانی سەردەیەکی پێشخۆیان بەرهەمهێناوە، ئەوەش مانای دانپێدانانە بە ئەندێشەیەکی مێژوویی راستەقینەی تەواو بە فۆرمی لێهاتوویی لە گێڕانەوەی مێژوو، بە تایبەتی لەلای ئەبی مەخنەف لەڕووی توخنکەوتنی جیاوازیە مێژووییەکان.

لە باسکردنی شەڕی (صفین)دا، ئەبی مەخنەف خۆی لە قسەکردن لەسەر خانەدانەکانی عەرەب دەپارێزێت، بەڵام کاتێك دێتە سەرباسی شۆڕشەکانی سەردەمی ئومەوی، بە شێوازێکی بەرچاو لەسەر شانۆی رووداوەکاندا دیارییان دەکات. هەموو شتێك پێویستی بە بیرکردنەوەیە، بەڵام خانەدانەکان بە کردەوە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا بە ویستی سیاسی خۆیان وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی رێکخراو دەرنەکەوتوون. لە لایەکی تـرەوە بۆ ئـەوەی (الطبري) حەدیسە هۆشدارییەکانی پێغەمبەر کە پەیوەندیدارە بە عەماری کوڕی یاسر باسبکات، وا پێویستی کردووە گێڕانەوەی ئەبی مەخنەف ببڕێت، بەوەش بواری لەبەردەم ئەو نوێگەرانەدا کردۆتەوە کە لە زنجیرەی سەرچاوە پشتپێبەستراوەکاندا دەگەڕێنەوە سەر خودی پێغەمبەر.

لێرەدا کارێکی گونجاوە کە رایەکی باوی جێگیر بەدرۆ بخەینەوە کە بە درێژایی کەلتوری ئیسلامی بۆ ماوەی نزیکەی (1500) ساڵە هەیە. ئەو نوێگەرانەی کە لەناو ئەو کەلتورەدا پێگەو پلەیەکی گەورەیان داگیر کردووە، بە بەردەوامی ویستویانە لە بەهای ئەو مێژوونوسە ئەتنۆگرافییانە کەمبکەنەوە، کە زانستی رابردوویان

دامـەزرانـدووە و گێڕاویانەتەوە و ڕێکیانخستووە، ئەوانەی کە بەبێ ئەوان نەماندەتوانی هیچ شتێك دەربارەی رابردوو بزانین، هەروەك بواریش نەدەبوو بۆ هەر پەیوەندی بەستنێك لەگەڵ مێژوو، بەڵکو بوار نەدەبوو بەئایدۆلۆجیا ئاینییەکانی داهاتوو ئەنجام بدرێت. ئایا پێویستە ئەو دژایەتی و کەمبینیە لەلایەن نوێکەرەوەکانەوە بخرێتە پاڵ ئەو پێگە زۆر لاوەکیەی کە هەواڵسازە پێشینەکان لە ئاسۆی کەلتوری عەرەبیدا داگیرییان کردووە؟ سەبارەت بە ئەلواقیدی کە ناوبانگی دەرکردووە، ئایا چەند کەس لە لەبیرکراوان و ئەوانەش هەن کە بە ستەم ناوییان لەبیر کراوە: ئەبی مەخنەف، سەیف کوڕی عومەر[28]، عوانە، ئیبن ئیسحاق، نصر بن مزاحم و تەنانەت هیشام کوڕی ئەلکەلبی، ئەو ئەنترۆپۆلۆژیا ئاستبەرزە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پیاوانە بوون کۆکەرەوە ورەبەرزەکانی کەلتوری مێژوویی عەرەبی و پارێزگاران لە بیرەوەرییە بەکۆمەڵەکان و چوارچێوەیان بۆ داڕشت. بۆیە بەبێ ئەوان، هەرگیز نە مێژووی ئیسلامی و نە پرۆسەی بە ئایدۆلۆژیکردنی حزبەکان و هێزو مەزهەبەکان، بوونیان نەدەبوو. بەرلەوەش، بەبێ ئەو کۆمەڵە بچوك و نەناسراوە لە گێڕەرەوە پێشینەکانی ئەو بەسەرهاتانەی کە هێشتا سەرزارەکین، بێگومان دابڕان لەگەڵ رابردوودا بە تەواوەتی دەبوو. وەلحاڵ ئەوەی کە ئەو پیاوانە بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە و لەناو کتێبەکانی گەورە کۆکەرەوەکان (الطبري والبلاذري)دا پارێزراوە، زۆر گرنگ و بێهاوتایە.بە تەنیا (الطبري) کەڵکی لە نەمری مێژوونوس وەرگرتووە، چاکی لەوەدایە کە سەرچاوەکانی بە باشی هەڵبژاردووە و لەناو کارەکەیدا ئاوێتەی کردوون هەروەها باشی لەوەشدایە کە ڕێزی لێگرتووە و لەگەڵ یەکدا بەراوردی کردوون. لێرەدا کارێکی جیاواز و لێکۆڵینەوەیەك هەیە کە ناکرێت پشتگوێبخرێت، پلانێکی زانستی کە ئامانجی دووبارە کۆکردنەوەی

28- ئیبن خەلدون، سەیف کوڕی عومەر لە ریزی (مێژونووسە گەورەکان) ئەژمار دەکات، بەڵام سیزگین باش تێبینی کردووە کە فەرمودە گێڕەوەکان بە کەسێکی بێبەها دەیدەنە قەڵەم. هەروەك هەریەکە لە (الواقدي) و هیشام کوڕی ئەلکەلبی لەو بێبەهاکردنە رزگارییان نەبووە. بە تەنها (الزهري) لەو بە کەمزانینەیان دەربازی بووە، چونکە خۆی یەکێکە لە گێڕەرەوەی فەرمودە.

تێکڕای مێژووی ئیسلامیە بە شێوەیەکی تۆکمە و یەکپارچە، بەوەش سنوری فۆرمی بەشبەشی مۆنۆگرافیایی ئەوانەی پێشخۆی تێپەڕاندووە. بەڵام کاری توێژینەوەی راستەقینە و بەدەستهێنانی کەرەستەی مێژوویی و گەڕان و پشکنینی رەسەن بەدوای رابردوو کە لە دەست شلوشاوی فۆرمی سەرزارەکی دەربهێنرێت، کە بە راستی بەرەو بوونگەرایی پەلکێش بووە، ئەو کارە ئەو مێژوونوس و گێڕەرەوە گەورانە لە سەدەی دووەمی کۆچی پێی هەستاون بێئەوەی بە زانستی نەوەکانی داهاتوو رابگەن.

ئەوان بە شیعەگەرایی راشکاوانە تۆمەتبار کراون، بەو هۆیەشەوە گومان لە بابەتیبوونیان کراوە. لەلای سەیف کوڕی عومەر هیچ کاریگەریەکی شیعی بەدی ناکرێت، بەڵام ئەبی مەخنەف لایەنگری کێشەی عەلی و خەڵکی عێراق بووە، پێشدەچێت دژی خەڵکی شام و خەواریجەکان بووبێت، بەڵام بەبێ توندی و دەمارگیری. ئەو مەیلی بەلای عەلیدا هەبووە، بەڵام دوورە لە هەموو ئایدۆلۆژیایەکی شیعیەوە. (نصر بن مزاحم) بوونی هەستێکی شیعەگەرایی زۆر دیارتر ئاشکرا کردووە، بەڵام ئەمیش بە ئاراستەی پیاهەڵدانی عەقائیدی نییە، بەڵکو لە رێگەی پێداگریکردنە لەسەر هاوسۆزی بۆ عەلی و جەماعەتەکەی. لێرە و لەوێ، ئێمە دوورین لەو شیعەگەراییە دامەزرێنەی کە لە دواییدا دەیەوێت پاساو و بەڵگە بۆ خۆی بێنێتەوە، هەروەك لە یەکەمین هەنگاوی (ابن الاعثم الكوفي)دا بەدی دەکەین و لە دواییدا لە کتێبەکانی نارەزایەتی شیعەکان بە تۆپزی رەنگیداوەتەوە. مێژوونوسەکانمان لە قوڵاییدا ماونەتەوە و گرنگیانداوە بە راستی مێژوویی، بەئاگا بوون بەرامبەر زۆری روداوەکان و پاڵەوانەکانیان. ئەوان ویستویانە باسیان بکەن نەوەك بیسەلمێنن، بە کورتی لەگەڵ ئەبی مەخنەف وایە، لە رێگەی کۆکردنەوەی کەرەستەیەکی مێژوویی/شیعری زۆر و چڕ لەگەڵ (نصر بن مزاحم). سەدەی یەکەم بەوپەڕی باڵاییەوە مێژوو بوو، پێکەوە نزیك و دووریشە، چونکە هەرچەندە دوورە بەڵام هێشتا بوونی هەیە، پڕیەتی لە واتا چونکە دامەزرێنەری

هەمووە، هێشتا زیندویێتی ماوە، بەڵام کەمێك مردووە. بەو پێیە شتێك هەیە بۆ هەمووی دەگەڕێتەوە کە ژیری و لێوەشاوەیی و گشتگیریی (الطبري و البلاذري) لە یەکتر دابڕیوە. ئەوان نوسینەکانی پێشوویان پوچەڵ کردۆتەوە کە نوسین و کتێبەکانیان دەوڵەمەند کردووە، لەوانەشە لەبەر ئەم هۆیە بێت ئەو نوسینانە لەناوچوون و نوسینە مێژووییە هاوچەرخەکان یان ئەوانەی کەمێك درەنگوەخت نوسراون، بەشێکی زۆرییان لە سود و گرنگیان لەدەستداوە.
سەبارەت بە هەموو ئەوانەی کە زۆر و فرە دەوڵەمەندن و پەیوەندییان بە سەدەی یەکەمەوە هەیە، بە زۆرێك وردەکارییەوە لە کتێبی (تأريخ) و (أنساب) دا قورس و بارگرانکراون ، دەبینین کە بەرواره مێژووییەکانی (اليعقوبي، خليفه بن خياط، ابن الاعثم الكوفي، الدينوري المسعودي)، وەکو سەرچاوەی کەمبەها و لاوەکی و یارمەتیدەر دەردەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆکمەتر و پتەوتر و باشتر رێکخراون. بەرهەمەکانیان هەوڵدانێکی راستەقینەن بۆ نوسینەوەی مێژوو، لانیکەم (اليعقوبي، الدينوري، المسعودي)، بەو ئاستەی کە تێیاندا گومار بەسەر کەرەستە پەرشوبڵاوەکانی هەواڵسازان زاڵبووە، هەر بەو ئاستەش جەوهەری خۆی روونده‌کاتەوە. لێرەدا مێژوونوس هەڵدەداتێ بۆ ئەوەی روداوی مێژوویی بینا بکات و یەك لەدوای یەك بیانگێڕێتەوە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە ملکەچی ستراکچەری پلانی ئەوانەی پێشخۆیەتی. بەڵام دوور نییە ئەو نوسەرانە نوسینەکانی (الطبري و البلاذري)یان کۆپی کردبێت، بەڵکو بێگومان دووریش نییە پشتیان بە سەرچاوە سەرەتاییەکان و سەرچاوەکانی سەدەی دووی کۆچی بەستبێ، کەواتا ئەوانە کارێکی داڕشتن و هۆنینەوەی جوانیان ئەنجامداوە. بەو پێیەی نوسینەکانیان دەقی وێژەیی مێژووی عەرەبیە، بۆیە بە زۆری روونی واتا تایبەتمەندە، چونکە بریتیە لە هەوڵ و تەقەللایەکی راستەقینە بۆ نوسینەوەی مێژوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو سەرچاوە جگە لە سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر و هەمیشە پڕ لە کەموکورتی و گومان ناتوانێت شتێکی تر بێت، کەواتا چی وایلێدەکات ببێتە دەقێکی بەسود

و بەهاو پێگەی پێدەبەخشێت، ئەمەش بە تۆپزی تەواو پێچەوانەی (الطبري) یان (نصر بن مزاحم)ە.

دوای ئەم پشکنینە، ئایا دەکرێت بوترێت مێژووی سەدەی یەکەم، بە تایبەتی مێژووی فیتنە بە شێوازێکی شیاوو جێگەی باوەڕپێکردن دەنوسرێتەوە؟ ئەم پرسیارە پاڵمان دەنێت بۆ ئەوەی لە دوای چەندینجار دووبارەکردنەوەی خوێندنەوەی سەرچاوەکان، هەڵوەستە بکەین، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕەپانە بپشکنین کە پێمانی لەسەر دادەنێین، جیاوازیەکە ئەوەیە کە هەرچەندێك دایبڕێژین و مومارەسەی بکەین، ئەوەندەش ئاستی زاڵبوونمان بەسەر ئەو بەناویەکداچوونە سەیرەی زیاتر دەبێت، هەرچەندە لە سەرەتادا تاقەتپڕوکێنە و هەست بە دابڕان دەکەین. گەلێك شتی زۆر هەن هەڵدەوەشێن یان وا دێنە پێشچاومان کە هەڵبوەشێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێکەوەهەڵکردنە لەلای مێژوونوسی هاوچەرخ دەبێتە هەستێکی ورد، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پاڵی پێوە دەنێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو هەواڵە و درووستبوونی گومان لەسەری و رازیبوونی بە هەواڵی سێیەم. ئێمە روداوەکان و بەسەرهاتی پیاوەکانیان دەهۆنینەوە، هەستدەکەین بە گەیشتنمان بە وەرگرتنی فەزای عەقڵیی سەردەمەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ببێتە هۆی رێگەگرتن لە بەگەڕخستنی ئامرازەکانی رەخنەگرتنی کلاسیکی، بەو شێوەیەش خوێندنەوەیەکی ساویلکانە شتێکی شیاو نابێت، بۆیە پێویستە بـەردەوام بە چەکی بەئاگایی رەخنەیی لە بەرامبەر دەرهاویشتەکانی دەقەکاندا خۆمان پڕچەك بکەین، بەڵام نەك بە شێوەی جێبەجێکردنی توندی پەیڕەوی رەخنەیی، هەرچەندە دەکرێت بەو کارە هەستین، چونکە یارمەتیدەرمانە لە گەیشتن بە تێڕوانینی روون، بەو ئاستەی کە دەکرێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ بەدەستهێنانی چەند بڕوایەکی هەستەوەریی لە رێگەی تێربوونێکی هێواش و لەسەرخۆ و وەڵامدانەوەیەکی بەردەوام بە درێژایی خوێندنەوە وەکیەك.

شێوازی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان و ناوەرۆکی خودی ئەو پرسیارانەی کە لە

بارەی ئەو سەرچاوانەوە دەکرێت، دوو بنەمای سەرەکین. دەمانەوێت بگەینە کوێ؟ ئایا دەبێت واز لە خۆمان بێنین بەرەو ئەو ڕێڕەوەی هەیە ئاراستە بکرێین یان پێویستە لێی دابڕێین؟ ئێمە بــەراوردی یەکەممان هەڵبژارد، لە پلەی دووەمیشدا تایبەتمەندی بیرکردنەوەی وردمان هەڵبژاردووە، کە پەیوەندی نەگۆڕ و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەقەکاندا هەیە، بە جۆرێك کە پرسیاری تازە دەوروژێنێت لەگەڵ پارێزگاریکردن لە نەرمی تێڕوانین لە هەمانکاتدا، بەو شێوەیەش لە فیتنەی هەڵکەوتوو دوردەکەوینەوە لەو کاتەدا کە خۆمان لێدەگەڕێین بەرەو رووی ببڕێین.

# عەلی و سێکوچکەی (الجمل)

ئێمە خۆشبەختین بەوەی کە خاوەنی کەرەستەیەکی مێژووی زۆر نزیکین لە رووداوە گرنگەکانەوە، لە کۆتاییشدا لەبەر ئەوەی لەبەردەم مێژوویەکی عەرەبی زۆر واقیعی، عەقڵانی و پڕو دەوڵەمەند قوڵ بە مانایەکی بەرجەستە و هەروەك وتمان قاڵبۆوە بە بابەتیبوون لە ئاستێکی باڵادا. بۆیە پێمانوایە لە روانگەی ئەوەوە دەکرێت مێژووی سەدەی یەکەمی کۆچی و بە تایبەتی بەشە هەرە دیارەکەی، واتا (فیتنە) بنوسینەوە.

# هەبوونی نیگەرانی لە هۆشیاری ئیسلامیدا

راستەوخۆ لە دوای کوشتنی عوسمان، خەڵکی مەدینە بە کۆچبەران و پشتیوانانەوە روویانکردە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بۆ ئـەوەی بەیعەتی بدەنێ و بیکەنە خەلیفە. ئەوە بۆ خۆی لە واتا راستەقینەکەیدا ترسێك بوو، چونکە لە سایەی ئەو بارودۆخە مەترسیدارو تێکچووەی کە ئوممەتی ئیسلام تیایدا دەژیا نەیدەتوانی بەبێ پێشەوایەك هەڵبکات و بمێنێتەوە. بۆیە دانانی پێشەوایەك زۆر پێویستبوو، لەو کاتەدا ناوی عەلی خۆی دەسەپاند. هاتن و چوونەکان هەڕەمەکییانە بوو، ئاماژەیەکیش بوو بۆ ترسناکی و هەستیاری بارودۆخەکە. جگە لەوەش هەردەم ئاماژە بوو بۆ نیگەرانی لە ئەنجامی بینینی هەموو شتێك کە لێکهەڵدەوەشا و هەرەسی دەهێنا. خەڵکی شاری مەدینە بە شێوەیەکی تەقلیدی راهاتبوون لەسەر دیاریکردنی خەلیفەیەکی نوێ، بەڵام لێرەدا کاروبارەکان بە جۆرێکی دامەزراوەیی و بە رەزامەندی گەورە هاوەڵەکان و بەگوێرەی میکانیزمەکانی شورا بەڕێوە نەدەچوو، کە خەلیفە عومەر دایڕشتبوو. ئەو رووتێکردنەی خەڵك بۆ خۆی جوڵەیەکی جەماوەری، نیمچە راپرسی بوو بەبێ بوونی هیچ راوێژکارییەکی پێشوەخت. لە لایەکی تریشەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو خەڵکە هەڵچووەی کە هێزێکی فشاری گەورەیان درووستکرد، سەرەتا بەبێ دەستێوەردان رێگەیاندا ئەو پرۆسەیە ئەنجامبدرێت، بەوەش رایانگەیاند کە بەردەوامبوونی خەلافەت بە شێوازێکی دامەزراوەیی بەلایانەوە گرنگە.

ئەوان کارێکی نەرێنیان کرد، بەڵام خاوەنی پرۆژەیەکی دابڕانی شۆڕشگێڕانە نەبوون کە بۆ خودی خەلافەت خراپ بێت. گومان لەوەدا نییە کەسێتی عەلی بەلایانەوە پەسەند و گونجاو بوو، بەڵام لەسەر ئەوە کۆکبوون کە تەنیا خەڵکی مەدین دەتوانن شەرعیەتی پێبدەن: تەنیا تەدەخولیان کرد بۆ ئەوەی بە توندی راوەستانیان لە دژی نەیارەکانی وەك تەڵحە و زوبێر رابگەیەنن. لەم گۆشەیەوە،

ناتوانین ئەوە بڵێین کە عەلی هەڵبژاردەی هەڵچووە/بکوژەکان بوو هەروەکو ناحەزو نەیارەکانی دەڵێن، چونکە بوونی کێشەو گرفتەکان لە ئاستی خوارەوەش ڕێزی لێگیراوە[29]. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئایا قبوڵکردنی گرتنەدەستی دەسەڵات لە بارودۆخێکی ئاوەهادا، مانای خۆڕادەستکردن بۆ ئەمری واقیع و گۆڕینی ڕێژەیی بۆ گرەوی شۆڕش ناگەیەنێت؟ ئەوەی عەلی دەیەویست بریتی بوو لە نۆژەنکردنەوەیەکی ئاسایی ئەو سیستمەی دەسەڵاتی خەلافەت کە هەبوو. واتا وا لە خەڵك بکرێت کە تارمایی مەینەتی و تراژیدیایان بیر بچێتەوە، لەگەڵ دووبارە پێکەوەنانەوەی جەستەی پارچە پارچە بووی ئوممەت و بەهێزکردنی پەیوەندی و بەردەوامی لەگەڵ کرانەوە بەسەر هێزە کۆمەڵایەتیە تازەکاندا، ئەوانەی کە زیاتر میانڕەو و هاوسەنگن و کەمتر لە کوشتن تێوەگلاون، کە (الاشتر) و هاوڕێکانی نوێنەرایەتیان دەکرد. خەڵکی مەدینە هەروەکو ئەوانەی نوێنەرایەتی ڕەوتی سیاسی و بونیاتنانی شۆڕشیان دەکرد، خواستێکی گشتی هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ سیستم لەپێشدا، لە رووی پراکتیکیشەوە ئیتر لە ئێستا بەدواوە، هەموو ئەو شتانەی کە ناچوونیەك بوون، هەموو تۆوەکانی ڕەتکردنەوە و دووبەرەکی و دابەشبوون لە بازنەی عەلیەوە دەرناچێت، بەڵکو لە بازنەی ئەو کەسانەوە دەردەچێت کە دەیانەوێت لەسەر کوشتنی عوسمان بێنە وەڵام. خاڵی یەکتربڕی بزوتنەوەکانی ناڕەزایەتی و ئۆپۆزسیۆن کە شەڕی ناوخۆیان بەرپا کرد، بریتی بوو لە ئەستەمی لەبیرکردنی رووداوەکە، ڕەفتارکردن وەکئەوەی هیچ روینەداوە، گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی کاروبارەکان و سیستمەکەی. خودی عەلی و تەنانەت نانیزامی هەڵبژاردنی کە دوایی بووە جەوهەری ڕەتکردنەوە و ناڕەزایەتی جێگەی تۆمەتبارکردن نەبوون، بەڵام بە بێگومان بووە هۆکاری تووڕەبوونێکی بەهێز کە ڕەتکردنەوەی بەیعەتی لەلایەن زۆرینەی گەورە هاوەڵان (ئەسحابەکان)ی لێکەوتەوە، پاشان

29- لەگەڵئەوەشدا، دەکرێت پرسیار بکرێت دەربارەی ئەو بابەتە کە ئایا عەلی لە سەرەتاوە پشتیوانی و لایەنگری ئەو توێژە بەسیاسەتکراوەی نەیارانی بەدەستهێناوە یان نا، لە سەرووی هەمووشیانەوە (الأشتر).

بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. هەستکردنێك هەبوو بۆ روودانی شەڕێکی گەورە کە دەبێت لە ئاستیدا هەڵوەستە بکرێت، هەرچەندە لە تواناشدا نەبوو بەو شێوە ئاسانیە بە هەڵبژاردنێکی نوێ لەسەر جەستەی هێشتا ساردنەبۆوەی عەسمان، رێگە لە روودانی بگیرێت.

تەنانەت ئەگەرچی عەلی هەڵەی راوێژنەکردنی بە گەورە هاوەڵە کۆچبەران و پشتیوانان و بەدەنگەوەهاتنی جەماوەری ترساو و زاڵکردنی بەسەر کۆدەنگی توێژێکی تایبەتدا ئەنجام نەدا، هەرچەندە بە هیچ جۆرێك دەستی لەگەڵ بکوژەکاندا تێکەڵ نەکرد، بەڵام هەستکردن بە لێڵی و ناڕوونی نەدەکرا داماڵرێت و بڕەوێنرێتەوە. ئەوەی لەپشت توڕەیی و هەڵچوونەوە بوو کە لە بەرامبەر هەڵسوکەوتە شەخسیەکانی عەلی بەدیدەکرا، بریتیبوو لە ویستی زۆر ئاشکرای عەلی بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، جگە لە گرنگینەدانی بە گەورە هاوەڵانی خاوەن رێزی زۆر، بۆیە قەیرانێکی ئەخلاقی و مۆراڵی مەترسیدار لە ناخی چاکترینیاندا چەکەرەی دەکرد. هێشتا قەیران لەسەر بیرۆکەی چاکسازی و تۆڵەسەندنەوە چڕ نەبووبۆوە، بەڵام بەوپەڕی دڵنیاییەوە وابەستە بوو بەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: «کوشتنی عوسمان ئابڕوچوون بوو، توندوتیژیەکی بێئەنداز بوو کە لە ناخەوە ئوممەتی هەژاند». لە سەرەتادا ئەو لێکهەڵوەشانەی هۆشیاری لەو سەردەمەدا نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ئەرێنی خۆی نمایش بکات، نەشیدەتوانی کارو ئامانجەکانی خۆی دیاری بکات. پاشان عەلی رێگەی بۆ خۆشدەکات کە لە رێگەی رەتکردنەوەی بەیعەتپێدانەوە بە شێوەیەکی نەرێنی (سلبي) خۆی بەرجەستە بکات. ئەوە بوو هەڵوێستی تەڵحە و زوبێر و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و ئوسامەی کوڕی زەید و محەمەدی کوڕی موسەلەمە و زەیدی کوڕی سابیت و چەندانی تر لە گەورە هاوەڵەکان. ئەوەی جێگەی ئاماژەی خۆیەتی تەڵحە و زوبێر بە زەبری هێز ناچارکران بەیعەت بە عەلی بدەن، ئەوانەی تریش لە شەڕی ناوخۆییدا هەڵوێستی بێلایەنییان

هەڵبژارد و رەوتی (الاعتزال)یان دامەزراند، ئاراستە وەرگرتنیان بەو شێوەیە دەریدەخات کە ئەوەی دەیجوڵاندن نە ئامانجی شەخسی بوو نە دوژمنایەتی عەلی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قەیرانی هۆشیاریە گشتیە لەناو هاوەڵاندا، جگە لە حاڵەتی عەممار، بووە هۆی ئەوەی هەندێك لەوانەی خواست و ویستی هێز دەیجوڵاندن، بیقۆزنەوە بۆ ئەوەی لە دەوری داواکاری و دروشمی: «داوای خوێنی عوسمان دەکەین» گرد ببنەوە و ئوممەتی ئیسلامیان بۆ ناو گێژاوی خراپترین جۆرەکانی توندوتیژی پەلکێش کرد.

ئەوەی دەکرا لە مەدینە ببینرێت، بریتی بوو لە دەرکەوتنی شەرعیەتێکی نوێ، شەرعیەتی عەلی، بەڵام ئەوە شەرعیەتێکی کرچوکاڵ بوو بەهۆی رەتکردنەوەی لەلایەن زۆرینەی گەورە هاوەڵانەوە. بە گشتی ئەو شەرعیەتە لەسەر بنەمای کۆدەنگی مەدەنییەکان، واتا لە رووی کردەییەوە کۆدەنگی کۆمەڵی پشتیوانانی لەسەر بوو. هەروەها لەسەر تایبەتمەندیە کەسییەکانی خەلیفەی نوێ بونیاتنرابوو: عەلی هاوەڵێکی گەورە بوو، یەکێکبوو لە کۆچبەرەکان ساتی یەکەمی سەرهەڵدانی ئیسلام و کوڕە مامی پێغەمبەر(د.خ) بوو. جیاوازی و تراژیدیا لە ژیانی گشتی عەلی ئەوە بوو کە دیارترین و بەرچاوترین پاڵێوراو بوو بۆ پۆستی خەلیفە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا لە هەموو خەلیفەکان توندتر و رەقتر بوو. راستە تەڵحە و زوبێر دەیانتوانی لە رووی شایستەیی خەلافەتەوە کێبڕکێی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەو بە پلەیەك لە پێشیانەوە بوو. ئەوەشمان بیر نەچێت کە عەلی لە کاتی شورا بە تەنیا خۆی مایەوە بۆ کێبڕکێکردن لەگەڵ عوسمان، بەڵام ئەمجارەیان هەموو خەڵکی مەدینە روویان تێکرد لە پێناو گەڕانیان بەدوای پێشەوایەکدا. سیماکانی کەسێتی و ژیانی گشتی لەو سەردەمەدا وایانکرد عەلی ببێتە پیاوی هەرە گرنگی ئیسلام و هاوسۆزییان بۆ نیشاندا. لە ماوەی داهاتوودا، کاتێك کە وێنایەکی سەپێنراوی عەلی (لەلای شیعەکان)، یان وێنایەکی شەکڵی (لەلای لایەنگرانی عوسمان) درووستدەبێت، کاتێك لە گۆشەی مافی بنەڕەتی عەلی لە خەلافەت

یان مافنەبوونی بە وەرگرتنی خەلافەت لە هەموو مێژووی خەلافەتی ئیسلامی دەڕوانرێت، یان لە گۆشەی پێشخۆی یان پێشخستنی بەسەر خەلیفەکانی تردا لێی دەڕوانرێت، بەڵام دووبارە خوێندنەوەی ژیانی لە ڕێگەی تێڕوانینی میتامێژوویی پێغەمبەرایەتیەوە دەکرێت. کەواتا ئایا دەبێت لە مێژووی بەسەرهاتی پێغەمبەردا پلەی یەکەمی پێ بدرێت یان نا؟

ئایا عەلی یەکەمین کەسایەتی موسڵمان بوو یان نا؟ ئایا لە رووی چاکەی بەسەر ئیسلام و خەسڵەتەکاندا لەپێش (ئەبو بەکر)وەیە یان نا؟ هەموو ئەو مشتومڕانە کە لە باسی خوێندنەوەی مێژوودا هەیە، مشتومڕی قۆناغی داهاتووە. بەڵام لەو مێژووەدا کە لە سەردەمی عەلی گوزەری کردووە، بە پێچەوانەوە هیچ بوارێك بۆ توێژینەوەیەکی تیۆری ئاوەها دەربـارەی فەزیلەتەکان نەبووە. هەمووان دەیانزانی کە عەلی سەحابەیەکی گەورەیە، لانیکەم رکابەرێکی هاوبەرامبەری ئەو سیانەی تر بووە کە لە شورادا مانەوە، بە ئازایەتی و بەجەرگی لە شەڕە گەورەکانی سەردەمی پێغەمبەرایەتی رابردوو ناسراوە، هەروەها بە رەوشتبەرزی و دادپەروەری و ورەبەرزی ئیسلامی و زانینی شەرعی خوا ناوبانگی دەرکردووە. بەڵام سیفەتی عەلی وەکو کوڕی مامی پێغەمبەر، لە سیفەتی وەکو زاوای پێغەمبەر زیاترە، چونکە قورسایی زیاتری هەبووە و دەخرێتە سەر سیفەتە ناسراوەکانی تری کە هیچ قسەو مشتومڕییان لە بارەوە نییە، بەڵام بێئەوەی سیفەتێکی یەکلاکەرەوە بێت. «ئەوەی زانیتان دەربارەی رابردووی و کۆچکردنی و خزمایەتی عەلی»وە، ئەو وێنا کورتکراوەیە کە خرایە ڕوو بۆ دڵنیاکردنەوەی دڵسۆزییەکان. ئەو وێنا زۆر ئەرێنیە، بێگومان یەکەمینە لە ئیسلامی سەردەم، کە لانیکەم لە یەککاتدا ببووە بنەما بۆ شەرعیەتپێدان و ئەو واقیعەی کە هاتە ئاراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی خەلافەت لە مەدینە بە پشتیوانی مەدینەییەکان. بەڵام نە بەهای ئەو پیاوە و نە پیرۆزی ئەو شوێنەی کە تێیدا بە خەلیفە دانرا بەسبوون بۆ ئەوەی لەو رۆژەدا ریزی ناحەز و نەیارانی ئەوەندە گەورە نەبێت تا ئاستی پێکهێنانی نیوەی

ئوممەت. لەگەڵ ئەوەشدا درووستبوونی ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە تێپەڕینی کات بوو، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە لە دژی عەلی ئاراستە نەکرا بەو بڕەی کە بوونی هەبوو لەپێناو زیندوو راگرتنی یادەوەری عوسمان.
لە ماوەی ئەو چەند مانگە کەمەی دوای بەیعەتپێدانی، عەلی دوژمنی دیاریکراوی نەبوو، بەڵکو نیگەرانی و بێزاری لە ژێر خۆڵەمێشدا خۆی حەشار دابوو، بەڵام بە ئاشکرا هیچ بزوتنەوەیەکی نارەزایی بوونی نەبوو. عەلی بە تایبەتی لە ویلایەتەکاندا، کە ناوەند و چەقی هێزو پیاوەکان و سامان بوون سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینە. بەسرە دابەشببوو لە بارەی ئەو هەڵوێستەی کە پێویست بوو لە بەرامبەر کوشتنی عوسمان بگیرێتە بەر، بەڵام بەو والیە تازەیەی کە عەلی بۆی ناردن رازی بوون ئەویش عوسمانی کوڕی حونەیف بوو، بەڵام لە بەرامبەردا کوفە هەرچەندە بەیعەتی بە عەلی بەخشی، والیە تازەکەی رەتکردەوە و پەسەندی نەکرد، بەڵکو وابەستە بوو بە هێشتنەوەی والی تایبەتی خۆی (ئەبی موسای ئەشعەری) کە لە کاتی یاخیبوونی کوفە لەساڵی 34ی کۆچیدا هەڵیانبژارد. هەروەها میسریش دابەش ببوو، زۆرینەی میسرییەکان بە والی تازە رازی بوون، بەڵام کۆمەڵێك لە نەیارە هەلپەرستەکان لە لایەنگرانی عوسمان کە داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانیان دەکرد نارازیبوون، بەڵام نەجوڵان و هەڵوێستی وازهێنان (اعتزال)یان هەڵبژارد. هیچکام لە ویلایەتە ئیسلامییەکان لە نیگەرانی و بێزاری بەدەر نەبوون، نە لە قەیرانی ویژدان و نە لە شۆکی کوشتنی عوسمان. هیچکام لە ویلایەتەکان بە گڕوتینەوە بەیعەتیان نەدا، ئەوەش مانای وایە کە زۆرینەی ئوممەت روداوی کوشتنی خەلیفەیان سەرکۆنە کردووە، بەڵام هەوڵدەدەن پارێزگاری لە یەکێتی نێوانیان بکەن، لە رێگەی یەکڕیزی بەئاگایی لەپشت خەلیفەی نوێوە. هەڵوێستی زۆرینە دووسەرە بوو، لەلایەك ئامادە بوون بۆ رێکردن لەسەر رێگەی گوێڕایەڵی و تاعەت، بەو ئاستەش لەلاکەی ترەوە ئامادە بوون بۆ رێکردن بەرەو دابەشبوون و تەقینەوەی دۆخەکە، بەو پێیەی

که سەرۆکەکانیان داوایان لێبکەن. بەڵام لە شام، زۆر بە روونی هەڵوێستەکە بریتی بوو لە رەتکردنەوەی بەیعەتپێدان بە عەلی. هەر لە سەردەمی خەلیفە عومەرەوە، موعاویە والی شام بوو کە سەر بە بنەماڵەی ئومەویە، بەو پێیەش لە رێگەی رەچەڵەکی باوکیەوە ئەو هێڵەی کە بە راستی بەهەند وەردەگیرا، چونکە خزمی نزیکی عوسمان بوو. موعاویە زۆر بە توندی دەسەڵاتی بەسەر ویلایەتێکی سەقامگیر و بەهێز بە ژمارەی جەنگاوەرەکانی سەپاندبوو، بە شێوەیەکی شەخسیش پێوەی وابەستە ببوو.

موعاویە گوێینەدا بەو فەرمانەی بۆی دەرچووە، بەڵکو دەستیکرد بە دەرکردنی ئەو والیە تازەیەی کە عەلی ناردی. پاشان عەلی نێردراوێکی نارد بۆلای و داوای لێکرد بەیعەتی پێبدات، بەڵام موعاویە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گرتی و دوایی بەبێ هیچ وەڵامێکی ئەرێنی یان نەرێنی ئازادی کرد. لەو هەواڵ و بەسەرهاتانەی لەو سەردەمەی مێژووی رابردوو کە بۆمان گێردراوەتەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە موعاویە بە تەنیا دانپێدانانی بە شەرعیەتی عەلی رەتنەکردۆتەوە، بەڵکو دەستیشی کردووە بە هاندانی خەڵك بۆ شەڕکردن لەگەڵی و بیرهێنانەوەی ستەمکاری لە کوشتنی عوسمان، بۆیە چەندین مانۆڕ و سەرکێشی و فێڵی دەخرێتە پاڵ، بە تایبەتی لە مەدینە کە دەوترێت گوایا نێردراوێکی بە نامەیەکی سپیەوە ناردووە[30]، یان لە دیمەشق کە دەوترێت کراسە خوێناوییەکەی عوسمانی لەسەر بڵندگۆی مزگەوت داناوە و «هەموو رۆژێك شەست پیاوی ریش سپی پێ گریاندووە.

لە راستیدا لەبەر ئەوەی کە موعاویە لەپێش کۆتاییهاتنی شەڕی (الجمل) داوای خوێنی عوسمانی نەکردووە، بۆیە ئاشکرایە کە دانی بە عەلیدا نەهێناوە و هەر لە سەرەتاوە کوشتنی خەلیفەی وەکو تاوانێکی گەورە داوەتە قەڵەم، کە جێی

30- الطبري، بەشی4، لاپەڕەکانی 443-444، البلاذري، بەشی1 و 2، لاپەڕە211: موعاویە نێردەیەکی بە نامەیەکی سپیەوە رەوانەکرد، بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە پڕی بوو لە مانا بۆ بێبەهاکردنی هەموو سیفەتێك لەو کەسەدا کە بۆی نێردرا. دوایئەوە خودی نێردراوەکە بەیانێکی سەرزارەکی هەڕەشەئامێزی راگەیاندووە.

قبوڵکردن نییە، (عەلی)ش بە شێوەیەك لە شێوەکان لەو کارەدا تێوەگلاوە. موعاویە بەوپەڕی لەسەرخۆییەوە خەلیفەی نوێی پشتگوێخست و چاوی لێ نوقاندبوو. بەڵام ئەو بابەتە بەرامبەر بوو بە کارێکی دووبەرەکایەتی روون و راشکاوانە، تەنانەت ئەگەر بەڕوونی راشنەگەیەنرا، بەڵام شتێکی لەو بابەتە بەدیدەکرا. (البلاذري) دەڵێت: «خەڵکی ویلایەت و ناوچەکان جگە موعاویە و خەڵکی شام و بەشێکی تایبەتی لە خەڵك نەبێت، بەیعەتیان دا بە عەلی». بەڵام (الطبري) باسی ئەوە دەکات کە بەیعەتپێدان بە عەلی بە تەواوەتی و رێکخراوی بەڕێوەچووە و پێیوایە کە زۆرینەی ئوممەت بەیعەتیان پێداوە، یان بە گشتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتدا سەپاندووە. پێموایە ئەمە وەهم یان هەڵەیەکی مێژوونوسە پێشینەکانە، چونکە سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکانی تردا، جگە لە شام لاواز و هەر بەناو بووە. هەموو خەڵکەکە لە نێوانیشیاندا عەلی، لە ماوەی (3) مانگی دوای کوشتنەکە، لە باری چاوەڕوانی و سەنگەر لێکترگرتنا بوون. ئێمە خەریکە باوەڕمان بەوە نییە کە سەیف دەیڵێت کە عەلی بڕیاریداوە یان بەنیاز بووە پەلاماری شام بدات و بۆ ئەو مەبەستەش خەڵکی مەدینەی ئامادە کردووە، واتا چەند سەد کەسێك لە خۆبەخشان، یان کە دەڵێت فەرمانی بە والییەکانی لە میسر و کوفە و بەسرە کردووە تاکو جەنگاوەرانی ژێر فەرمانداری خۆیان ئامادە بکەن. خودی سەیف لەوە ئاگادارمان دەکات کە خەڵکی مەدینە لەو بابەتەدا جۆرێك لە هەڵوەستەکردن و نائامادەییان نیشانداوە، چونکە مرۆڤ هەروا بە ئاسانی خۆبەخشانە بەشداری لە شەڕی ئەهلیدا ناکات. رووداوەکانی دوایی دەریدەخەن کە ئوممەتی ئیسلام بۆ بەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن زۆر بە جۆش و خرۆش نەبووە، بەڵکو ئەو بابەتە پێویستی بە وتوێژی پێشوەخت و پرۆسەی چالاککردن یان دینامیکیەتی ناوخۆیی هەبووە. بەمجۆرە دەکرێت بڵێین، لە دوای (3) مانگ لە کوشتنی عوسمان بارودۆخەکە تەنیا بریتی بووە لە هاوسەنگیەکی ناسەقامگیر و هەڵچوو، چونکە عوسمان سیستمێکی

نۆژەنکردەوە کە لە دەسەڵاتی خەلیفایەتی ناهاوسەنگ و شڵەژاو دەچوو. راستی زۆرینە لەگەڵی بوون، بەڵام بە جۆرێکی ناجێگیر و لەرزۆك.
ئەگەر لایەنگرانی عوسمان لە میسر هێشتا لە بارێکی کۆرپەلەییدا بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە لە شام بەوپەڕی مەترسیدارییەوە وێنای تارمایی (موعاویە)یان دەکێشا، پیاوە سارده خۆسەپێن و خاوەن هێزێکی بێئەندازی بەرپەرچدانەوە. هەرگیز کاری کردن نەبوو کە کاروبارەکان بەو شێوەیە بمێننەوە، چونکە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێویستبوو هەورەبروسکە لەو ئاسمانەدا بگرمێنێ کە سامالەکەی ساختە بوو. دۆخەکە پێویستی بە جووڵە یان لەرزینێکی دیاریکراو بوو. کار یان کاردانەوەی (عائیشە) هاوسەری پێغەمبەر کە لە مەککەوە سەرچاوەی گرت، داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمانی دەکرد، ئەوەش هەڵگیرسێنەری یەکەمین فیتنە بوو: شەڕی (الجمل).

# جموجووڵی عائیشە

موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، خاوەنی سیفەتێکی شەرعی نەبوو تاکو بتوانێت هەرجۆرە دەستپێشخەرییەك بکات، بەڵکو تەنیا والیەکی بێرابردووی ئیسلامی بوو، بەڵام تاکو ئاستێکی پێویست وتاربێژ و قسەزان و خاوەن سەلیقە بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت هەر لە سەرەتاوە خۆی بکاتە زمانحاڵی هەموو ئەو خەڵکەی کە لە ئاست کوشتنی عوسماندا توشی شۆك ببوون. چەند سەرکردەیەکی تریش لە گۆڕپانەکەدا هەبوون ئاستی نوێنەرایەتییان زۆر لە موعاویە زیاتر بوو ئەوانەش لە گەورە هاوەڵان بوون. لە رووی کردەییەوە دەستپێشخەری بۆ کاردانەوە لە لایەنێکی پێشبینی نەکراوەوە سەریهەڵدا، بەڵام شێوازێکی دەگمەن و تایبەتی هەبوو ئەویش لە عائیشەوە بوو، هاوسەری پێغەمبەر و «دایکی باوەڕداران»، بە گوێرەی هەمان فەرمودەی خودایی، لەوەشدا دوان لە دیارترین کۆچبەران

پشتیوانیانکرد، دوو هاوتا و نەیاری عەلی: تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵڵا و زوبێری کوڕی عەوام، کە پێکەوە لەگەڵ عائیشە سێکوچکەیەکی تەواوییان پێکهێنا قابیلی هەڵوەشان نەبوو. دەوترێت عائیشە دەستپێشخەری بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کردووە، بەڵام لەوانەیە لە توانایدا نەبووبێت هیچ کارێك بکات بەبێ چوونە پاڵ ئەو دوو هاوەڵە و بەشداریکردنی کارایان لە جووڵانەوەکەیدا.

عائیشە بە مەبەستی ئەنجامدانی حەج لە مەدینەوە بەرەو مەککە بەڕێکەوت، لە کاتێکدا کە دۆخەکە لە پایتەخت زیاتر بەرەو خراپی دەچوو، بۆیە لە دوای کوشتنی عوسمان و هەڵبژاردنی عەلی پێی باشتربوو لە مەککە بمێنێتەوە. هەر زوو دەستیکرد بە بانگەشەیەکی چالاکانە بۆ سەرکۆنەکردنی ستەمکاری کوشتنی عوسمان، لەوەشدا والی مەککە (عەبدوڵڵای کوڕی عامر ئەلحەزرەمی) یارمەتیدەدا و پشتیوانی لێدەکرد، کە خەلیفە عوسمان لەو پۆستەدا داینابوو، لەو کاتەشدا هێشتا لە پۆستەکەی بەردەوام بوو. شتێکی ئاشکرایە کە خەڵکی مەککە لەژێر کاریگەری پێگەی عائیشەدا بەیعەتیان بە عەلی نەدا، بەو هۆیەشەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکەیدا مایەوە. ئایا ئەو بابەتانە کامانەن کە عائیشە تەرحیکردن و پاشان گۆڕان بۆ بەرنامەیەکی راستەقینە و پاساوئامێز بۆ دابەشبوون و شەڕی ئەهلی؟ ئەو دەیوت مەدینە کەوتۆتە دەستی گێرەشێوێنەکانی ویلایەتەکان و تاڵانچیان و کۆیلە هەڵاتووەکان. سیستمی کۆمەڵایەتی گشتی لەژێر هەڕەشەدا بوو، ئەو خەڵکانەش کە لە بازنەی کۆمەڵگەی رێکخراو دەرچووبوون، ئەوانە بوون کە لە دوای بەدەستهێنانی بەڵێنی عوسمان بە پاشگەزبوونەوە و وازهێنان لە سیاسەتی پێشووی، تاوانی کوشتنەکەیان ئەنجامدا. بۆیە هیچ پاساوێکیان نییە، هیچ شتێك نابێتە پاساوی ئەو کردەوە دوژمنکارەیان: «خوێنی حەرامکراوییان رشت و وڵاتی حەرامکراوییان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردو سامانی حەرامییان بردو لە مانگی حەرامدا، واتا (مانگی حەج)دا خوێنڕشتنیان حەڵاڵکرد». کەواتا بیرۆکەی کوشتنی عوسمان بە ستەملێکراوی بەرجەستە دەبێت، ئەو بیرۆکەیەی کە دەبێتە بنەمای هەموو

داواکارییەکان بۆ بەرژەوەندی عوسمان، چ لەلایەن عائیشە یان لەلایەن موعاویە لە داهاتوودا، یان لەلایەن لایەنگرانی عوسمان لە میسر. ئەوە تەواو بنەمایەکی ئیسلامی و قورئانییە.

بـەو پێیەش عائیشە، وەك موسڵمانێك، بەگوێرەی شەرعی خـودا داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان دەکات. ئەو یەکەم کەس بوو کە پەردەکەی دڕاند و ئەو بانگەوازەی ئاراستەی ویژدانی ئیسلامی کرد. ئەوە بانگەوازێکی مەعنەوی/ ئەخلاقی بوو یان ئەو ویستی بەو شێوەیە بێت، بەڵکو بانگەوازێکی سیاسی نەبوو تەنیا لە پلەی دووەمدا نەبێت، چونکە نەمری ئیسلام لەو ڕێگەیەوە نەبێت راست و ڕێکنابێتەوە، بەڵکو سیاسی بوو چونکە نکۆڵی لە شەرعیەتبوونی عەلی دەکرد، بەڵام ئەو بابەتە بە ئاشکرا نەخرایە ڕوو، بۆیە کارەکەی عائیشە وەك پیلانگێڕی یان وەك شۆڕشکردن بەسەر عەلیدا دەرناکەوێت، بەڵکو وەك دەربڕین لە داواکردنی حەق و دادپەروەری دەرکەوت. ئەمکارە بەرامبەر بکوژانی عوسمان ئاراستە کرا بۆ داواکردن بە لێپێچینەوە و راوەدونان و سزادانیان. بە دڵنیاییەوە خەلیفە یەکەمین کەس و باشترینی خەڵك بوو بەو کارە هەستێت، بەڵام هەموو موسڵمانێك دەتوانێت داوای جێبەجێکردنی شەریعەتی خودا بکات و لە پێناویدا کار بکات.

لە راستیدا عائیشە (دایکی بــاوەڕداران)، لە ئەنجامی ئەو بەرپرسیارێتییەوە لە بەرامبەر رۆڵەکانیدا کە کۆمەڵی ئوممەتی ئیسلام پێکدەهێنن ڕێگەی بە خۆیدا. ئەو متمانەیان پێدەکات، ئاخاوتنییان لەگەڵ دەکات، بۆیە دەستیکرد بە جووڵاندنیان بۆ ئەوەی تاقمێکی کەم لە سەرلێشێواوە بکوژەکان لەناو ریزەکانیان وەدەرنێن. راستە پاڵنەرە کەسییەکان بە نهێنی ڕێگەیان بۆ خۆشکرد رۆڵی خۆی بگێرێت: خواستی هێز، ویستی پێشکەوتن بۆ ریزی یەکەم، رقلێبوونی لە عەلی بەهۆی رووداوێکی دراماتیکی کۆنی رابردوو، واتا کێشەی (الافك)، بەڵام لێکدانەوە و حساباتەکان، خواست و ئامانج، ئارەزووی سیاسی، بێگومان هەموو ئەمانە لە

ناخی سەرجەم ئەنجامدەران و نوێنەرانی فیتنە ئامادەگیان هەبوو، جگە لەوانەی کە دوورکەوتنەوە یان کشانەوە و وازهێنانیان هەڵبژارد، وەکو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس. بەڵام ئێمە ناتوانین بوونی راستگۆییەکی سەرەتایی لەلای عائیشە بۆ یاخیبوون لە دژی ئەوەی کە ناکرێت لێی ببورێت و قبوڵی بکات، بەدوور بزانین، هەروەها لە رووی سەرقاڵبوونی بە دووبارە پێکەوەنانەوەی جەستەی ئوممەتی هەڵوەشاوە و خواستی بۆ چاکسازیکردن و پێکهاتنەوە (ئەمەیە جەوهەری بابەتییانەی ئەو چاکسازییەی کە لە بەسرە پەرەی پێدا). بزوتنەوەیەکی کاردانەوەی لەمشێوەیە هەروەك بینیمان، پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراو بوو. کاردانەوەکە لە کەشێکی گوشارئامێزدا لە دوای کوشتنی عوسمان خۆی وێنا کرد.

کاری عائیشە لە سەرەتادا جگە لە بانگەشەیەکی نیوە نهێنی شتێکی دیکە نەبوو، بەڵام هەرزوو بووە جەمسەرێك بۆ کێشکردنی هەموو ئەوانەی کە لە دژی رووداوی کوشتنی عوسمان بوون، بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەندامانی بنەماڵەی ئومەوی، وەك عەبدوڵڵای کوڕی عامر، والی پێشووی بەسرە، هەروەها هەموو ئەوانەی کە بۆ یادەوەری خەلیفە عوسمان بەوەفا بوون، وەك عەبدوڵڵای کوڕی عامری حەزرەمی والی مەککە و والی پێشووی یەمەن (یەعلا کوڕی مونیە). ئەم سێ کەسە رۆڵێکی گرنگییان گێڕاوە لە پشتیوانیکردنی دارایی کارەکانی عائیشە. بەڵام تاکو تەڵحە و زوبێر لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی 36ی کۆچی نەهاتن، واتا سێ یان چوار مانگ لە دوای کوشتنی عوسمان، بزووتنەوەکە شێوازی پرۆژەی وەرنەگرت. سەرەڕای ئەوەی کە عائیشە پێشەنگ و روحی مەسەلەکە بوو، بەڵام بە تەنیا خۆی نەیدەتوانی بە کارێکی ئاوەها فراوان و پڕ پێویستی و داواکاری هەڵسێت، بەڵکو پێویستی بە پشتیوانی گەورەی هاوەڵەکان و بەشداریکردنیان لە پرۆژەکەیدا هەبوو. تەڵحە و زوبێر کە لەو کاتەدا هەردووکیان لە مەدینە بوون، هیچی تریان نەکرد جگە لە چوونە پاڵ بزووتنەوەیەك کە دەستیپێکردبوو، بەشداریکردنیشیان قورسایی خۆی هەبوو، چونکە دوو هاوەڵی دیارو کاریگەر و رکابەری عەلی بوون.

ئیتر لێرە بەدواوە، ڕەوتی داواکارییەکان لەلایەن سێکوچکەیەکەوە سەرکردایەتی دەکرا کە بە باشترین شێوە خۆی سازو تەواو کردبوو، لە تواناشیدا بوو لەگەڵ هەیبەت و پێگەی عەلی خۆی هاوسەنگ بکات، بەڵام عائیشە بە بەردەوامی بە ناوی ڕوحی داواکارییەوە قسەی دەکرد، جگە لەوەش خاوەنی دەسەڵاتێکی داوەریکردن و قورساییەکی مەعنەوی بێهاوتا بوو. بەڵام دوو هاوەڵەکە (تەڵحە و زوبێر) دەیانتوانی ڕابەرایەتی جەنگاوەرەکان و ڕێکخستنی کاروباری شەڕ بکەن، خۆشیان بۆ خەلافەت بپاڵێون. ئەوەندە بۆ ئەو سێ کەسە بەسبوو لە هەر شوێنێك بێنە بەرچاوی باوەڕداران دەیانتوانی بیانخرۆشێنن، وەك موگناتیس بەلای خۆیاندا پەلکێشییان بکەن و لە ناخەوە بیانبزوێنن و بە شێوەیەکی خێرا ببنە هێزێکی گورزوەشێن.

ئەوە چۆن ڕویدا کە عەلی ڕێگەی بە تەڵحە و زوبێر داوە تاکو مەدینە بەرەو مەککە جێبهێڵن، هەرچەندە ئاستی ئەو مەترسییەی دەزانی کە لە بەرامبەر شەرعیەتە تازەهەڵکەوتوەکەی لێیان چاوەڕواندەکرا، تا ئاستێك کە هەردووکیان لە هەموو خەڵك زیاتر لە دژی بەیعەتپێدانی بوون؟ پێدەچێت داوایان لە عەلی کردبێت مۆڵەتیان بدات بۆ ئەنجامدانی عەمرە، ئەویش باوەڕی پێکردوون. ئایا دەکرێت باوەڕ بەوە بکەین کە عەلی ئاگای لە هیچ شتێك نەبووە سەبارەت بەو هەڵمەتەی کە عائیشە ئامادەی کرد، چونکە بە نهێنی چالاکییەکانی ئەنجامدەدا؟ ئایا خەلیفە بە باشی ئاگای لە کاروبارەکان نەبووە یاخود هیچ گرنگی نەداوە بەوەی کە لە مەککە دەگوزەرا، لەبەر ئەوەی کە چاوی لەسەر ویلایەتەکان دەرەوەی دورگەی عەرەبی بوو، کە ناوەندی هێزو دارایی بوون؟

ئەوەی پێویستە لەبیرمان نەچێت، ئەوەیە کە تەڵحە و زوبێر بەیعەتییان بە عەلی دابوو، خودی بەیعەتیش لە لۆژیکی سیستمی عەرەبی/ئیسلامیدا و ڕوحی سەردەمەکەدا، ئەوەیە کە بە جۆرێکی زۆر پتەو خەلیفەی بە موسڵمانانەوە دەبەستەوە. خودی عەلی لەپێش بەیعەتپێدانی بە خەلیفە ئەبوبەکر زۆر

هەڵوەستەی کرد و پەلەی نەکرد. لە نەریتی شیعەکانی داهاتوودا هاتووە کە عەلی ناچارکراوە بەیعەتی پێبدات، بەڵام دوایئەوەی بەیعەتی داوەتێ ئیتر پابەند بووە بە بەڵێن، گوتارو کردەوەکانی. بە تێڕوانینی عەلی شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو کە هاوەڵان بەیعەتپێدانیان پێشێلبکەن و لێیپاشگەز ببنەوە و هەڵبگەڕێنەوە. عەلی ناوی (بەڵێنشکێنان)ی بەسەردا دان، واتا ئەوانەی بەڵێنەکەیان شکاند و پابەندییان دەکات، کە لێرەدا مانای بەیعەت دەبەخشێت. ئەمە بە تەواوەتی نیشانی دەدات کە عەلی لەو بڕوایەدا نەبووە ئەو کارە بکەن، بۆیە پێویستە لەو بارەیەوە بۆ لێکدانەوەی کاری عەلی بگەڕێین، ئەگینا بە کارێکی سیاسی، کارێکی وێڵ و لادەرانە دەدرێتە قەڵەم، کە هیچ لێکدانەوەیەکی نییە.

بە گەیشتنی تەڵحە و زوبێر هەرزوو کێرڤی رووداوەکانی خێراتر کرد و سەرەداوەکانی کارەکەی پێکەوە گرێدا. یەکسەر سێکوچکەکە و ئەوانەی لایەنگرییان دەکردن بڕیارییاندا بگوازنەوە بۆ بەسرە، کە یەکێك بوو لە ویلایەتە گەورەکان، سەرەڕای بەیعەتپێدانی خەڵکەکەی بە عەلی هاوسۆزیەکی دیاریکراوی بەرامبەر عوسمان هەبوو، هۆکارێکی تریش ئەوەبوو کە والیە ئومەویەکەی پێشووی بەسرە (عەبدوڵلای کوڕی عامر)، کە لەو شارەدا پارێزگاری لە دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی کردبوو[31]. ئەوان بۆیان ئاشکرا بوو کە خەڵکی بەسرە دەربارەی پرسی کوشتنی عوسمان دابەشببوون و پێیانوابوو ئەو والیە تازەیەی کە عەلی بۆ بەسرە دایناوە، ناتوانێت پێگەیەکی یەکسان لەگەڵ پێگەی ئەبی موسا لە کوفە بەدەستبێنێت، کە لەسەرووی ئەوەشەوە لەژێر هەژمونی قورئانخوێنەکاندا بوو. بڕیارەکەی عائیشە و تەڵحە و زوبێر بەرپرسیار بوو لە گواستنەوەی خودی خەلافەت بۆ دەرەوەی بازنەی دورگەی عەرەب. بە شێوەیەکی گشتی کاری سیاسی لە ویلایەتەکاندا چڕببۆوە کە لە ئەنجامی ئەوەشدا ببوونە خاوەنی ناوەندێتی شایستە و قورسایی

31- بەسرە لە سەردەمی خەلافەتی عوسماندا فراوانبوونی گەورەی بەرەو خوراسان بەخۆوە بینی. سەبارەت بە رۆڵی ئیبن عامر لە هەڵبژاردنی پێگەی بەسرەدا، بڕوانە: الطبری، بەشی4، لاپەڕە450. أنساب، بەشی2، لاپەڕە 222.

سەربازی و مرۆیی خۆیان. ئەوە پێشکەوتنێکی سروشتی بوو، بەڵام ئەوەی پەلەی تێدا کردو چالاکی کرد لۆژیکی فیتنە نەفرەتیەکە بوو.

ئـەوەی وەکو ئاماژەیەکی گـەورە و مانایەکی قوڵ دەمێنێتەوە لە کاتێکدا سەرکردایەتیەکە ئیسلامی بوو، بۆیە تەنیا لە بنەڕەتدا دەستیکرد بە پشتبەستن بە هێزی چەك  تا ئەو ئاستەی چارەنوسی خۆی بە یەکێك لە مۆڵگە جەنگییە گەورەکانەوە دەبەستەوە کە ببووە جومگەگەلی جەستەی ئیسلامی: بەسرە، کوفە، شام. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە بیهێنینەوە بیری خۆمان کە ئەو قورئانخوێنانەی ئەو دەرفەتەیان بۆ بەکارهێنانی هێز قۆستەوە، بەو پێیەش دەبوو لە خانەی کاردانەوەدا پێشبینیبکرایا، کە خەڵکانی تریش لە ویلایەتەکان دەچنە پاڵ ئامادەسازی جەنگیی، تەنانەت خودی خەلیفەش پەنای بۆ دەبات تاوەکو لەگەڵ نەیارەکانیدا بجەنگێت و بەربەرەکانێیان لەگەڵدا بکات.

# دەستبەسەرداگرتنی بەسرە

گروپەکەی عائیشە و دووو هاوکارەکەی لە شێوەی یەکەیەکی سەربازی بچوکدا گردبوونەوە کە ژمارەیان دەگەیشتە تەنها هــەزار کـەس، ئـەوان زۆر پێش هۆشداریەکەی عەلی کەوتن، هەرچەندە عەلی لە هەموو بارودۆخەکاندا دەیتوانی تەنیا (700) سەرباز بۆ جەنگان لە دژییان ئامادە بکات، ئەوانە بە تایبەتی لە پشتیوانەکان و قورئانخوێنانی کوفە پێکهاتبوون. سوپای هەردوولایان رەمزی بوو، بەو ئاستەش روون بوو کە شەڕەکە لەسەر خاکی عێراق دەکرێت، کە خودی عائیشە هەڵیبژارد. عائیشە و دوو هاوکارەکەی گەیشتنە دەروازەکانی بەسرە، لەوێ دەستیکرد بە پەیوەندیکردن و دانوستانی نهێنی لەگەڵ سەرۆك خێڵەکاندا، نێردراوەکانی نارد، هەوڵیدەدا پیاوەکان بۆلای قەزییەکەی خۆیدا رابکێشێت و لە ناوخۆوە سیستمی دەسەڵات تێکبدات و ویژدانەکان جۆشبدات.

حەزرەتی عائیشە وەکو تەڵحە و زوبێر خاوەنی دوو خەسڵەتی گەورە بوو: بڵندی

ئەو پرسەی بەرگرییان لێدەکرد، ئەو پێگە و دەسەڵاتە بێئەندازەی هەرسێکیان لەسەر دەروونی خەڵك هەیانبوو. ئەوان نوێنەرایەتی شەرعیەتێکی دانەمەزراوییان دەکرد، بەڵام شەرعیەتێکی مەعنەوی بوو، چونکە شیاوو رێگەپێدراو بوون بۆ قسەکردن بە ناوی ئیسلامەوە، ئەرکی موسڵمانانیش گوێڕایەڵی کردنیان بوو. تەنیا بە هەزار کەسەوە هاتبوون لەوێ چیبکەن، لە ویلایەتێکی پاڵپشتکراو بە (60) هەزار شمشێر، کە بە شێوەیەکی شەرعی بەیعەتییان بە ئەمیری باوەڕداران دابوو؟ هاتبوون سەرنجی ویلایەتەکان رابکێشن و داوای یارمەتی لەو بەشەی ئوممەتی ئیسلامی بکەن بۆ پاڵپشتیکردنی دادپەروەری و سزادانی بکوژانی عوسمان بەپێی شەرع. لەو وتارەدا کە بە تایبەتی لە بەسرە بڵاوکرایەوە، لە هیچ ساتێکدا باسی بیرۆکەی شەڕکردن لەگەڵ عەلی نەکراوە، داوای پۆستی خەلافەت بۆ تەڵحە یان زوبێر نەکراوە[32]. مەسەلەکە پەیوەندی هەبوو بە پرۆژەی لادانی و گۆڕینی هاوسۆزی شارێك لە پێناو ئارەزوو یان ناحەزییەکاندا. با گوێ لە عائیشە بگرین کاتێك قسە لەگەڵ ئەو نێردراوانەدا دەکات کە والی بەسرە عوسمانی کوڕی حونەیف ناردبوونی، کە عەلی داینابوو. ئەو باسی بابەتەکانی موژدەپێدان و بانگەوازی لە مەککە دەکات، بۆی روونکردنەوە، ستایشی کردن، تا ئاستێکی باڵا پێگەکەی بەرز دەکردەوە و دەیگوت: «فیتنەچییەکان لە خەڵکی ویلایەتەکان و ناکۆکی لە نێوان خێڵەکان شەڕییان لە دژی حەرەمی پێغەمبەری خودا (د.خ) هەڵگیرساندووە و روداوی زۆرییان تێدا بەرپا کردووە، بۆیە نەفرەتی خودا و پێغەمبەرەکەیان بۆ خۆیان شایستە کردووە، لەگەڵئەوەی کە پێشەوای موسڵمانانیان بە ناحەق و بێ عوزر کوشتوە، خوێنی حەرامییان بۆ خۆیان حەڵاڵکردووە و رشتویانە، ماڵ و سامانی حەرامییان بەتاڵان بردووە، وڵاتی پیرۆز و مانگی حەرامیان بۆ خۆیان حەڵاڵکردووە».

---

32- البلاذري، أنساب، بەشی 1و2، لاپەڕەکانی 224-225: چەمکی شورا دەخرێتە ناو بەرنامەی عائیشە و هەردوو هاوپشتیوانەکەی تەڵحە و زوبێر.

بۆ ئەوەی لایەنگیری بیروڕاکانی بکرێت و پشت بە فەرمودەی خودا ببەستێت، دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئان کە داوا لە باوەڕداران دەکات کار لەسەر چاکە و راستگۆیی بکەن و چاکسازی لەنێوان خەڵکدا بکەن. پاشان کۆتایی بە قسەکانی هێنا و وتی: «وەکئەوەی خودای گەورە و پێغەمبەر (د.خ) فەرمانیان پێکردووە بە گەورە و بچوك و نێرو مێ هەڵدەستین بە چاکسازیکردن، ئەمەیە کاری ئێمە بۆ هەر چاکەیەك کە فەرمانتان پێدەکەین، هەروەها بۆ هەر خراپەیەك کە پێتان دەڵێین خۆتانی لێ بەدوور بگرن و هانتان دەدەین بۆ گۆڕینی». لێرەدا رووبەری سەرکۆنەکردنەکە زۆر فراوانە، مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە کوشتنی خەلیفەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە کۆی دۆخی پاشاگەردانی و ئەو تاوانەی کە دەورەی داوە: پێشێلکردنی هەموو ئەو شتانەی کە لە ئیسلامدا حەرامکراو و پیرۆزن، لەگەڵ توندوتیژی نواندن و زیانگەیاندن بە خەڵکی مەدینە. دەبێت ئەو هەموو چەوتی و لادانە گەورە و فرەچەشنە چاکسازی تیا بکرێت. چەمکی چاکسازی قورئانی هەموو ئەمانە و زۆرێك بوار و بابەتی تریش دەگرێتەخۆ: کاری چاکەکردن، ناوبژیوانی لە نێوان دوو تائیفە، دووبارە بونیاتنانەوە. عائیشە خواستەکانی لە داوایەکی زۆر سادەدا قەتیس نەکرد (تۆڵەسەندنەوەی عوسمان)، بەڵکو لەوە باڵاتری دەڕوانی: پێکهاتنەوەی ئوممەت لەگەڵ خۆی و فەرمانەکانی خودای گەورە، لە رێگەی لەناوبردنی ئەو شەڕەی کە دزەی کردووە بۆ ناوی، هەروەها لە رێگەی پڕکردنەوەی درز و کەلێنەکان لە ناوخۆی ئوممەتدا. چۆن؟ «بە داواکردنی خوێنی عوسمان».

لە روانگەی پێشووی ئیسلامیدا باسی وشەی (تۆڵەسەندنەوە) نەکراوە. ئەوەی لێرەدا داواکراوە ئەنجامبدرێت کارێکی دادوەرانەیە کە خودا دەیخوازێت. قورئان دەفەرموێت «النفس بالنفس» واتە لە شەریعەتی ئیسلامدا بە بەدیهێنانی حوکمی دادپەروەری و جێبەجێکردنی شەرعی خودا هاتووە. تەڵحە و زوبێر بەڵێنیاندا بە دەرخستنی بابەتەکە و تایبەتکردنی، بۆیە سەبارەت بە خوێنی عوسمان داوای

چاکسازییان کرد، سەرەڕای ئەوەی بەیعەتپێدانی ئەوان بە عەلی بەزۆر بوو، بەڵام نکۆڵیان لە کاری عەلی نەدەکرد ئەگەر بێتو چارەسەری کێشەی نێوان ئەوان و بکوژەکان بکات، بەو پێیەش ئامانجی بەرچاو بریتی بوو لە لێپێچینەوە لە بکوژانی عوسمان و کوشتنیان لە هەر شوێنێك بن، سەرەتاش لە بەسرەوە.

والی بەسرە (عوسمانی کوڕی حونەیف) بڕیاریدا پابەندی دڵسۆزی بێت بۆ عەلی، بۆ ئەو مەبەستەش خەڵکی تا ئەوپەڕی ئامادەباشی کرانە سەرباز و لە دەوری کۆبوونەوە و ڕێگەی نەدا جەماعەتی عائیشە بە هێزی چەك بچنە ناو شارەکەوە. عوسمان لەگەڵ پیاوەکانی لە ناوچەی (المربد) وەستا، جەماعەتی عائیشە لە بەرامبەرییان بوون بۆ ڕوبەڕوبوونەوە. هەندێك لە خەڵکی بەسرە چوونە پاڵ عائیشە، چونکە والی زۆر دوور بوو لەوەی کە بتوانێت هەموو خەڵك لە ریزی سوپاکەی خۆیدا ئامادە بکات، هەروەها سەرۆك خێڵە گەورەکانی وەك: بەکر، تەمیم، عبدالقیس دوورکەوتنەوە و وازییانهێنا. بەو شێوەیەش ڕوبەڕوبوونەوەیەکی ئاسایی لە نێوان چەند هەزار پیاوێك لە هەردوولا ڕویدا، هەرچەندە هێشتا ڕوبەڕوبوونەوەکەیان ئاشتیانە و وتارئامێز بوو، بەڵام لە ڕێگەی شڵەژان و تێکچوون و جموجووڵی جەماوەرییەوە زیاتر تەشەنەی دەکرد. خەڵك گوێڕایەڵی بەڵگەو پاساوەکان بوون، سەرەتاش تەڵحە دەستیکرد بە قسەکردن، باسی بابەتی دەستدرێژیکردن بۆ سەر عوسمانی کوڕی عەفان و خاکی پیرۆز کرد، بەو شێوەیە ئابڕوچوونی تاوانکاری و گوناه گەورە بوو، «داوای خوێنی عوسمان»ی دەکرد، بۆیانی ڕوونکردەوە کە ئەوە شانازییە بۆ دینی خودا و دەسەڵاتەکەی. بەڵام سەبارەت بە خوێنی خەلیفەی بەناهەق کوژراو، چاکسازیکردن تەنیا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی شەرعی خوداوە نەبێت بەدینایەت.

بەپێی مەرجەعی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی خودا فەرمانی بە کوشتنەوەی هەموو بکوژێك کردووە، ئەوەش بۆ خۆی ئەرکێکە بەپێی قورئان لەسەر هەموو موسڵمانێك واجبە و ئەرکێکی سیاسیشە، کەواتا ئوممەت لە ڕێگەی حوکمی دادپەروەری

(القصاص)ەوە هێزو پتەوی و دەسەڵاتی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە، هەر ئیسلامیش دیسپلین و سیستم و موڵکی جیهانی پێبەخشیوە. بەڵام ئەگەر خەڵك زاتی ئەوە بکەن هەر کاتێك تۆمەتێکی ئاراستە بکەن پێشەواکەیان بکوژن، بەو شێوەیە سیستمی ئیسلامی هەڵدەوەشێت. عائیشە لەو کۆبوونەوەیەی (المربد) دا قسەیکرد و دەنگی بەسەر غەڵبەغەڵبی ئامادەبواندا زاڵکرد و بابەتەکانی پێشووی باسکردەوە و رایگەیاند: «بکوژان مافی تۆبەشیان لە عوسمان زەوتکرد، پاشان دەستدرێژییان کردە سەری وەك سەرەتایەك بۆ گەیشتن بە کوشتنی». ئەو چەند قسەیە یەکسەر کاری خۆیان کرد. بەشێك لەو سەربازانەی لەگەڵ والی بوون پاشەکشەیان کرد، چوونە پاڵ هێزەکانی عائیشە، روبەڕوبوونەوەکە رویدا و لە بەرژەوەندی والیدا نەبوو. لە رۆژی دواییشدا گۆڕا بۆ روبەڕوبوونەوەیەکی چەکداری، نەك لە (المربد)، بەڵکو لە یەکێك لە گۆڕەپانە گەورەکانی دەوروبەری بەسرە رویدا، ئەو شوێنەی کە (دار الرزق)ی تیا درووست دەکرا. شەڕێکی راستەقینەی بە دیسپلین بەرپا بوو، کوژراو و برینداری لێکەوەتەوە، بە تایبەتی لەناو هێزەکانی والی. پاشان ئاگربەستێك راگەیەنرا و فۆرمێك بۆ رێکەوتن دۆزرایەوە، کە پەیوەندیدار بوو بە رەوانەکردنی نێردراوێك بۆ مەدینە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئایا بە راستی تەڵحە و زوبێر هەروەکو خۆیان دەڵێن بەزۆر و ناچارکردن بەیعەتیان بە عەلی داوە. ئەگەر بێتو ئەو بابەتە راست بێت، والی تەنیا ئەوەندەی لەسەرە گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵبکات، بەڵام ئەگەر راست نەبێت پێویستە لەسەرییان بڕۆن و دووربکەونەوە.

بەمجۆرە کێشەکە لە شوێنی خۆیدا گوێزرایەوە و برا بۆ سەر زەمینەیەکی تر لە بواری دەسەڵاتی شەرعی و واجبی گوێڕایەڵیکردنی. دروستی یان نادروستی پڕوپاگەندەکانی سێکوچکە: عائیشە، تەڵحە و زوبێر گرنگ نییە، چونکە هاوکێشەیەکی تر لە مەسەلەکەدا هەیە کە ئەولەویەتی گەورەی هەیە: بەیعەتدان بە ئەمبری باوەڕداران وەك بناغەی یەکێتی و سیستمی ئوممەتی ئیسلامی. ئەگەر

بێتو تەڵحە و زوبێر بە خواستی خۆیان بەیعەتییان دابێت، ئەوا لەو کارەیاندا بۆ جیابوونەوە کەس دوایان نەدەکەوت. بە شێوەیەکی گشتی، عەلی بە بەردەوامی هەڵوێستی خۆی تایبەت لەسەر زەمینی شەرعیەتی خۆی دیاریکردووە، بۆیە لەسەر ئەوانەی کە بەیعەتییان پێدابوو پێویستە رێز لەو متمانەیان بگرن، لەسەر ئەوانەش کە هێشتا بەیعەتییان پێنەدابوو پێویستبوو بەیعەتی پێبدەن، ئەگینا بە شەڕ وەڵام دەدرێنەوە. تەڵحە و زوبێر خرانە ئەو لۆژیکەوە: نابێت هیچ شتێك زەفەر بە دەسەڵاتی خەلیفە بێنێت، سازش لەگەڵ هیچ دووبەرەکی و دابەشبوونێك ناکرێت، بۆیە ئەوانە قابیلی ئەوەن چونکە داوای خوێنی عوسمان دەکەن. دان بە شەرعیەتی عەلیدا نانێن، کە بە زەبری هێزی شمشێر بەیعەتی پێدان، بۆیە بەیعەتێکی نادرووست و هەڵوەشاوەیە. لە داهاتوودا، لە کاتی نوسینەوەی بەڵێننامەی داوەریکردن لە شەڕی (صفین)، خودی عەلی ناچارکرا دەستبەرداری سیفەتی ئەمیری باوەڕداران بێت، نەیارەکانی پێیانگوت: «ئەگەر بەم کارەتمان بزانیبایا شەڕمان لەگەڵ نەدەکردی».

نێردراوەکە لە مەدینە گەڕایەوە قسەی سەحابییەکان (تەڵحە و زوبێر)ی پشتڕاست کردەوە، بەو شێوەیەش مافی ئەوەیان هەبوو کاربکەن لە پێناو بەرزکردنەوە و هەستانەوەی ئوممەت. پێدەچێت ئەم گێڕانەوەیە بە تەواوەتی داڕێژرابێت[33]، بەڵام بە شێوەیەکی رەمزی نیشانیدەدات، کە مشتومڕێك لە بوارێکی سنورداری هۆشیاری ئیسلامیدا رویداوە، لەلایەك لە نێوان شەرعیەت و رەوایەتی داواکردن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە لایەکی ترەوە. بەڵام والی لە بەڵێنەکانی پاشگەزبۆوە، چونکە پێش ئەوەی نێردراوە لێکۆڵەرەوەکان بگەنە مەدینە، عەلی شاری جێهێشت. عەلی لە زیقار بوو کە دەکەوێتە نێوان کوفە و بـەسرە، لەوێ هەوڵیدەدا بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی سەربازانی کوفە، لەپێناو پێکهێنانی سوپایەکی

33- سەیف لە (الطبری) وەریگرتووە، بەشی4، لاپەڕە 467. ئەوە تاکە سەرچاوەیە کە بەوجۆرە باسی ئەو پرۆسەیەمان بۆ دەکات. البلاذري، بەشی 1 و2، لاپەڕە227 تەنها باسی رێککەوتنێك دەکات تا گەیشتنی عەلی بۆ شاری بەسرە.

تایبەت بە خۆی. لە نامەیەکدا کە بۆی نارد بە شێوەیەکی راشکاوانە ئاگاداری کاربەدەستەکەی کردەوە، لەبەر ئەوەی کە لەو داوەدا تێوەگلاوە، بەڵام بەبیریدا نەدەهات کە کاربەدەستەکە قبووڵی نەکرد، چونکە عەلی بە شەخسی درەنگ هات بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکەی و لە یەکێتی ریزی موسڵمانان.

والی دەیویست کات بەدەست بێنێت، بێهیوا چاوەڕوانی دەرکەوتنی عەلی دەکرد، کە دەیتوانی فریای دۆخەکە بکەوێت و رزگاری بکات. هێزی پێویست لەژێر فەرمانی والیدا نەبوو بۆ دوورخستنەوە و دەرکردنی سوپای عائیشە بۆ دەرەوەی بەسرە، هەروەك نەشیدەتوانی زۆرینەی ئەو سەربازانە بنێرێت کە بە فەرمانی سەرکردەوە و سەرۆکە تەقلیدەیەکانیان دەجووڵانەوە، ئەوانەی تریش لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا بوون. عەلی لە نامەیەکدا بۆ والی بەسرە ئەمەی نوسیوە: «وەڵڵاهی ناچارنەکراون بۆ جیابوونەوە، بەڵکو ناچارکراون بۆ چاکە و کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەماعەت، ئەگەر لابردنیان دەوێت هیچ پاساوێکیان نییە، ئەگەریش غەیری ئەمەیان دەوێت تەماشا دەکەین با ئەوانیش تەماشا بکەن». ئەو بە تێڕوانینی خۆی لەسەر حەقبوو، چونکە ئەوە تێڕوانینی شەرعیەتی دەسەڵاتەکەیەتی. تەڵحە و زوبێر بۆ بەیعەتپێدانی عەلی بەزۆر ناچارکران، لە کاتێکدا دوو ئەسحابە بوون زۆر هەوڵیاندا خۆیان لە دووبەرەکی فیتنە بپارێزن. ئایا عەلی بۆ خۆیشی لە سەردەمی ئەبوبەکر و لە دوای هەڵبژاردنی عوسمان ناچار نەکرا بەیعەتیان پێبدات؟ ئایا خۆی لەبەردەم هەڕەشەی کوشتن نەبینیەوە ئەگەر هەرجۆرە بەرگرییەك بکات؟ لە گەمەی خەلافەتی سەرەتادا بنەمایەکی دیاریکراو هەیە، ئەوەیە کە دەبوو بەیعەت بە کۆدەنگی بێت و نەیارەکان بۆی ناچار بکرێن، چونکە واتا سەرەکیەکە ئەوەبو کە بەیعەتپێدان بە شکڵیش بێت بکرێت، لەو کاتەشدا پاشگەزبوونەوە لێی مومکین نەبوو. بەمشێوەیە دەستپێشخەری تەڵحە و زوبێر (لێکۆڵینەوە.. هتد..) بەرگی بیدعەی بەبەردا کرا.

ئەوەی جێی ئاماژەیە عەلی سەرقاڵبوو بە ترسی لەسەرکار لابردنی، ئەوەشی

که له دوای لێکۆڵینەوە جێگەی ئاماژەپێکردنی زیاترە بریتیە لەوەی تەڵحە و زوبێر دەستپێشخەری لادانیان لە پۆستی خەلافەت جێبەجێ نەکرد، بەڵکو تەنیا پێداگرییان لەسەر داواکردنی خوێنی عوسمان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رێگەی کودەتایەکەوە والیان لە کۆشکەکەی وەدەرنا و دەستیان بەسەر دەسەڵاتی بەسرەدا گرت. لە ئێستا بەدواوە، بوونە گەورەی بەسرە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەیان: راوەدونانی بکوژانی عوسمان، سزادانیان بەگوێرەی سنوری شەرعی خودا. ئەم خواستە بۆ تۆڵەسەندنەوە بە هەموو جێگەیەکدا بڵاوکرادەوە. مەسەلەی دەسەڵاتی باڵا ئامادەگی نەبوو، چونکە لەسەرکار لابردنی (عەلی)یان رانەگەیاند و خۆشیان وەکو دوو خەلیفە نەناساند، بەڵکو بە رۆڵی دوو کەسی راست هەڵدەستان و ئامانجیان چاککردنی ئوممەت بوو. دەکرێت پێشبینی بکرێت کە تەڵحە و زوبێر بە کردەوە خواستی چاکسازییان تێدا بوو، هەرچەندە ئەوان لەپشت شێتیەکی شێلگیرانە و بێئاگایی رشتنی خوێن ئاراستەکرابوون بێئەوەی هیچ ئیعتیبارێك بۆ توورەیی خێڵەکان دابنێن. دەبێت باوەڕ بەوەش بکرێت کە ئەوان بەدوای گەمەی دیپلۆماسیەتدا نەدەگەڕان و هەوڵیان بۆ هاوپەیمانێتی نەدەدا، بۆ نموونە لەگەڵ موعاویە لە دژی عەلی. ئەوان بۆ خۆیان لەگەڵ عائیشەدا وا هەستیان دەکرد ئامێزن بۆ تۆڵەی خودایی. دوای ئەوەی لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا پەلامارییان دان، سوپایەکی بچوکیان سەربڕی کە لە (70) بکوژ پێکهاتبوو، ئینجا داوایان لە خێڵەکان کرد بکوژەکانی عوسمانیان رادەستبکەن، واتە هەموو ئەو کەسانەی لەپێش کوشتنی عوسمان چوبوونە ناو شاری مەدینەوە، خێڵەکانیش وەڵامی داواکەیانیان دایەوە. ئەوەبوو لە کۆمەڵکوژییەکدا (600) کەس کوژران، بە تەنیا یەك کەس لە کوشتن دەربازی بوو.

لێرە بەرفراوانبوونێکی مەترسیدار لە چەمکی (بکوژان)دا بەدیدەکەین بە جۆرێك هەموو ئەو کەسانەی گرتەوە کە بەشدارییان لە پەلاماردانەکەدا کرد، با بڵێین ژمارەیان (1800) کەس بوو. بەڵام ئەمە هەوڵێکی کوێرانەیە، چونکە هیچ

جیاوازیەکی لە پلەکانی بەرپرسیارێتیدا تێدا نەکراوە، بەڵکو ئەوە توندوتیژیەکە قورئان سەرکۆنەی دەکات، چونکە فەرمانی کردووە لە سزای تۆڵەکردنەوەشدا دادپەروەری هەبێت، بەڵکو ئەو لافاوی خوێنە راستەوخۆ بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئەهلی و گرژبوونی بارودۆخ و هەڵوێستەکان. تەنانەت لە بەسرە، ئەو کارە پاڵی بە سەرجەم خێڵەکانەوە ناوە لە قەزیەیەك تووڕە بن، کە لە سەرەتاوە پاساوی خۆی هەبوو. خێڵی بەنی سەعد سەر بە تەمیم، کە لە بنەڕەتدا لایەنگری عوسمانیەت بوو، رادەستکردنی یەکێك لە ئەندامەکانی رەتکردەوە و بڕیاریدا لەو ناکۆکیەدا بێلایەن بێت، کە سەرەتاکانی لە ئاسۆ دەرکەوتن، هەروەها خێڵی (عبد القیس) کە هەرگیز بەیعەتپێدانی بە عەلی نەشکاند، دوائەوەی زۆرێك لە رۆڵەکانی لەدەستدا، زۆر تووڕە بوون، لەبەر ئەوەی (عبد القیس) لە بەخشین و کۆمەکی خۆی بێبەشکرا، هەستا بە تاڵانکردنی (بیت المال) و لەگەڵ زۆرێك لە بەکرییەکان لە بەسرە دەرچوو بۆ ئەوەی بچێتە ژێر فەرمانی عەلی. وەلحاڵ عائیشە، تەڵحە و زوبێر، سێکوچکەی تورەبوونی ئیسلامی، پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەرکەکەیان لە بەسرە کۆتایی پێدێت، ئامانجیان دەستبەسەرداگرتنی ویلایەتێك نەبوو، بەڵکو ئامانجییان جێبەجێکردنی فەرموودەکانی کتابی خودا بوو لە رێگەی پەیڕەوکردنی فەرمان و حوکمەکانی قورئان لە بەرامبەر چاك و خراپدا، بەرامبەر ژمارەی زۆر و ژمارەی کەم. ئەوان نێردراوەکانیان رەوانەی هەموو شوێنێك کرد، بۆلای خەڵکی شام و کوفە، بۆلای خەڵکی یەمامە و مەدینە، هانیاندەدان تاکو پەلە بکرێت لە جێبەجێکردنی شەرعی خودا بەسەر پیاوکوژاندا و یارمەتی ئەوانەش نەدرێت کە داڵدەیان دەدەن و بەرگرییان لێدەکەن، واتا یارمەتی نەدانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب. ئەوان خۆیان بە سەردەستەی توندی لە پاراستنی بابەتی ئایینی و جێبەجێکاری شەریعەتی خودا دەناساند، بەو پێیەش هەڵگری ئایدۆلۆژیا و خاوەنی ستراتیژیایەك بوون کە هەموو ئوممەتی کردبووە ئامانجی خۆی، ئەگەر سەربکەوێت دەگاتە دەسەڵاتی باڵا.

بەڵام ئەوان تەنیا لە ئاسۆی بەسرە قەتیس بوون، هەرچەندە هەموو خەڵکەکەی شوێنیان نەکەوتن، تەنانەت ئەگەرچی زۆرینەیان بەیعەتیان پێدان، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دیاریکراوە بوو کە خستبویانە سەر ئەستۆیان. گوێچکەکانی موعاویە نەیانبیست و لەسەر دەسەڵاتەکەی مایەوە، مەدینە لەسەر گوێڕایەڵی بۆ خەلیفە بەردەوام بوو، بەڵام دەبوو عەلی پشتیوانی خەڵکی کوفە بەدەست بێنێت.

## وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە، کوفە پشتیوانی عەلی دەکات

دەکرێت بە چەند وشەیەك خوێندنەوەی یەکەمی رووداوی تاکڕەوی عەلی بە پشتیوانی کوفییەکان کورت بکەینەوە: جگە لە رێگەی بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوسۆزی کوفە، عەلی هیچ رێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو، لەبەر ئەوەی کە نەیارو رکابەرەکانی توانیان دەست بەسەر بەسرەدا بگرن. ئەو رێگە بژاردەیە باری قورسکرا بە چەندین دەرئەنجام و کۆسپ سەبارەت بە ئاییندە، چونکە کوفە دەبێتە منداڵدانی شیعەگەرایی و قەڵا قایمەکەی، دواجار لەبەر ئەوەی کە دەرچوونی عەلی لە مەدینە بریتی بوو لە دەرچوونی کۆتایی دامەزراوەی خەلافەت لە دورگەی عەرەب.

کەواتا بابەتەکە پەیوەندی بە ساتێکی یەکلاکەرەوە هەیە، بەڵام دیدێکی لەمشێوەیە کە گشتگیرە و لە سەرەوە دەڕوانێت، لەسەر ئاییندەی دوور خۆی نمایش دەکات، کە بۆی هەیە وامان لێبکات کلیلەکانی لێکدانەوەی جەوهەری سەبارەت بە ئاییندەی نزیك، واتا ماجەرای خودی فیتنەکە بزر بکەین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەشیعە بوونی کوفە، بە جۆرێکی لەسەرخۆ گەشەی دەکرد

و تەنیا بە شێوازێکی دیالیکتیکی نەبێت لێکدانەوەی بۆ ناکرێت. نابێت هیچکام لە ریتمەکانی پێکهاتەکەمان لەبیر بچێت، هەروەها ناشکرێت هیچ قۆناغێك بزر ببێت، بێئەوەی هیچ سەرەداوێکی مێژوویی لەدەستبدەین، بە تایبەتی کە ئەو بارودۆخەی هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی راکێشان و بەدەستهێنانی پاڵپشتی کوفە، بارودۆخێکی سەرەکی بوو، چونکە بەربەرەکانێ و بەرەنگاربوونەوەی بنەڕەتی لەناو کوفە ئاشکرا دەکات، کە هەرگیز عەلی لێیان دەربازی نەبو، شکستی خۆی و نەوەکانیشی نیشاندەدات، ئەو شکستەی کە کاریکردە سەر بونیادی خودی شیعەگەرایی لە دوارِۆژدا، چونکە شیعەگەرایی گورزی شکستهێنانی خوارد. بە واتایەکی تر، کوفەی سەرلێشێواو کە لە هەمانکاتدا بەرەنگاری سەرلێشێوان ببۆوە، زۆرێك بابەت و مەسەلەمان بۆ روونەکاتەوە و لێرەوە هەموو روداوێك گرنگی و قەبارەی خۆی دەبێت. کاتێك عەلی زانی کە سێکوچکەی جیابۆوە: عائیشە، تەڵحە و زوبێر ئاراستەیان بەرەو عێراقە، هەروەکو سەسف بۆمانی دەگێڕێتەوە، بە (700) پیاوی چەکدارەوە بەپەلە مەدینەی جێهێشت بۆ ئەوەی رێگەیان لێبگرێت. ئەو پیاوانە کێ بوون؟ گرنگە ئەو راستیە بزانین، چونکە کرۆکی یەکەمی لایەنگران و پشتیوانانی عەلیان پێکدەهێنا. بەپێی زانیارییەکانی سەیف، ئەو پیاوانەی لایەنگری عەلیان دەکرد بەسرییەکان و کوفییەکان بوون، واتا بکوژەکانی عوسمان، بەڵام ئەبی مەخنەف دەڵێت ئەوانە لە پشتیوانەکان بوون. تاکو زیاتر لە مێژوو رۆبچین و تەماشای سەرچاوە لاوەکییەکان بکەین، تێبینی پێداگرییەکی زۆر دەکەین لەسەر ئەو ژمارە زۆرەی هاوەڵان (ئەسحابەکان) کە چوونە پاڵ عەلی، یاخود دواتر پەیوەندییان پێوە کرد بۆ بەشداریکردن لە شەڕی (الجمل). بەپێی گێڕانەوەکانی (خەلیفەی کوڕی خەیات)، ژمارەی ئاشکراکراوی تایبەت جەماعەتەکەی عەلی بریتین لە: (800) کەس لە پشتیوانان و (400) کەس لەوانەی بەشدارییان لە بەیعەتی (رەزوان)دا کرد.

بەپێی (المسعودي) بێت، ئەوانە ژمارەیەکی زۆر بوون لە هاوەڵان لە نێوانیشیاندا

عەمماری کوڕی یاسر هەبوو، بەڵام (اليعقوبي) پێیوایە تەنیا (400) لە هاوەڵانیان لەگەڵدا بوو. رایەك هەیە پێیوایە ئەو ئامادەییە زۆرەی هاوەڵان هۆکارێك بوو بۆ پێدانی سیفەتی شەرعیبوون و زامنێتی میتامێژوویی پێغەمبەرایەتی بە عەلی و کارەکانی. لە دواییشدا ئەم ئامادەگیە راستەقینە یان ساختەکە، کێشەیەکی بۆ هۆشیاری ئیسلامی درووستکرد، چونکە جۆرێك لە مشتومڕی بەرجەستە کرد، بەو هۆیەشەوە (الشعبي) لە گێڕانەوەکەیدل سوێند دەخوات و دەڵێت: لە شەڕی (الجمل)دا تەنیا چوار کەس لە هاوەڵان لە هێزی هەردوولادا هەبوون: خودی عەلی و تەڵحە و زوبێر و عەممار. لە راستیدا عەلی لەلایەن پشتیوانەکانەوە هاوکاری کرا کە هەندێکیانی لە پلەو پایە سەرەکییەکانی ویلایەتەکان دامەزراند، لە بەسرە و مەدینە و میسر، بەڵام ئەوە بە بەراورد لەگەڵ سیاسەتی خەلیفەکانی پێشخۆی بە بیدعە دەدرایە قەڵەم، هەرچەندە خودی عوسمانیش بەشێك لە پشتیوانانی تایبەت کرد، بێئەوەی لە پلەو پۆستی رەسمیدا دایانبنێت. پێویستە سەرنجی ئەوەش بدەین کە عەلی لە سەرەتاوە، هیچکام لەو پۆستانەی بە یاخیبوان نەدا، ئەوەش بۆ خۆی مانای زۆر هەڵدەگرێت. عەلی دەیویست پێگەی راستەقینەیان هاوسەنگ بکات و خۆی وا نیشانبدات زۆر چاوبەرەو ژێرییان نییە، هەروەها دەیویست لە بازنەی تەقلیدی هاوەڵاندا بمێنێتەوە، هەرچەندە نەیتوانی جگە لە یەك ئاراستە بەلای خۆیدا پەلکێشبکات، واتا ئاراستەوەرگرتنی پشتیوانەکان نەوەك کۆچبەران. پشتیوانەکان بۆ خۆیان کۆمەڵەیەك بوون، بەڵام ژمارەی ئەوانەی تر کەم بوو. لەو کۆمەڵەیە تەنیا ژمارەیەکی بچوك لە دەموچاوەکان دەرکەوتن، واتا ئەو هاوەڵانەی کە لە ئیسلامەتیدا کۆن بوون، ئەوانەی لەبیر نەچوبوون یان نەمردبوون. چارەکە سەدەیەك لە حوکمی قوڕەیشییەکان، چارەکە سەدەیەکیش لە جیهاد، پشتیوانەکانی لە بیرەوەری و ژیاندا سڕییەوە ئەگەرچی بەشدارییان لە بەدر و ئوحود و کارە گەورەکانی تری سەردەمی زێڕینی پێغەمبەرایەتی کردووە. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کەسایەتیە دیارەکانیان مابوونەوە، لە نێوانیاندا ژمارەیەکیان

لە پشتیوانی عوسمان بوون، گروپێك كە لایەنی مێژوویی و ئیتنیك دیاریكردبوون. پشتیوانان دەستەواژەیەكە وەك پێویست مانای هاوەڵێتی ناگەیەنێت، سەرجەم هاوەڵانیش وەكیەك یەكسان نەبوون. زۆرێك لە هاوەڵەكان لەگەڵ كۆچكردنی پێغەمبەردا لە گۆڕەپانەكە كشانەوە، بەڵام ئەو تێبینیە سەبارەت بە كۆچبەرەكان كەمتر راستە. ئەمە بەوپەڕی دڵنیاییەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت كە سەرەتا لە شاری مەدینە زۆرینەیەكی رەها لە پشتیوانانی نەناسراو (هاوەڵانی لەبیركراو) لایەنگیری عەلیان دەكرد، هەندێكی تریش لە هاوەڵان و كوڕەكانیان هەبوو لەبیركراو نەبوو و لایەنگیرییان دەكرد، پێشدەچێت نوێنەرانی جەماعەتی كۆچبەرانی دەشتەكی كە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە لەناو مەدینە نیشتەجێبوون تێكەڵاوییان بووبن. لانیكەم ژمارەیان سەدان كەس یان زیاتریش بووە. لەناو ئەم كرۆكەدا تەنیا ئەو كەسانە پەیدا بوون كە بوونە فەرماندە و سەركردە، بۆیە لە رێگەی لەقاڵبدانەوە توانیان سودێكی دیاریكراوی پێبگەیەنن، بەڵام لە دواییدا زۆربەیان لە پۆستەكانیان دوورخرانەوە. كۆمەڵی پشتیوانەكان بە شێوەیەكی تایبەتی بوونە پشتیوانێكی مەعنەوی بۆ عەلی كوڕی ئەبی تالیب لە روبەڕوبوونەوەی ناحەزی یان دووركەوتنەوەی زۆرینەی كۆچبەران و قورئانخوێنان، بەرەنگاربوونەوەی رق و كینەی قوڕەیشیە هاوپەیمانەكان لەگەڵ ئومەوییەكان و پاڵپشتیكردنی پێگەی گەورەی «دایكی باوەڕداران». لە رووی سەربازییەوە نەیاندەتوانی ببنە پشتیوانێكی بەهێز، جگە لە سەعدی كوڕی قەیس، لە رووی سیاسیشەوە بابەتەكە پەیوەندیدارە بە ناوەندی لەدەستدانی دەستپێشخەری مێژوویی و هەموو بەشداریكردنێكی راستەقینە لە سەركردایەتیكردن.

سەرچاوەكان تەنانەت ئەوانەش كە زیاتر بەلای عەلیدا دایدەشكێنن و پێداگری لەسەر قەبەكردنی ژمارەیان دەكەن، لە میانی قسەكردنیان لەسەر پشتیوانان وامان لێدەكەن هەستبكەین كە پشتیوانان بریتین لە كۆمەڵێكی نێگەتیڤ و خۆئاراستەكردوو لە پشت عەلی و جگە لە شایەتیدان لەسەر بوونی پەیوەندیەكی

زیندوو لەگەڵ میراتی پێغەمبەری خودا و سونەتەکەی، سودێکی تریيان نەبوو. بەو پێیە ئامادەگی ئەو گروپە سەرەتاییە ئامادەگیەکی رەمزیە بوو زیاتر لەوەی ئامادەگیەکی راستەقینە بێت، بۆیە هەرچەندێك عەلی لە کاروانەکەی عێراقدا بێ گەڕانەوە زیاتر هەنگاوی ناوە، ژمارەی پشتیوانان لەسەر زەمینی واقیع کەمیکردووە. لە بەرامبەریشدا، خەڵکی ویلایەتەکان، کوفییەکان و بەسرییەکان، لە کاتی دەرچوونی عەلی لە مەدینە ژمارەیان سنوردار بوو، تەنها چەند سەد کەسێك بوون، دووسەد یان سێسەد کەس، بەڵام دوایی ژمارەیان زۆر زیاد دەبێت و گرنگی راستەقینە پەیدا دەکەن تا ئەو ئاستەی، کە هەموو سوپاکەی عەلی بە نزیکی لەوان پێکهێنرا. زۆربەی هێزەکان بۆ ویلایەتەکانی خۆیان گەڕانەوە، بەو شێوەیەش هیچ باسێکی میسرییەکان، واتە (ئەنجامدەرانی کوشتنی عوسمان) نەما. پێویستە پێشبینی ئەوە بکەین کە بەسرییەکان گەڕانەوە سەر خواستەکانیان کاتێك کە سێکوچکەی تۆڵەسێنەر لەناوی بردن، تەنیا یەك کەس لە سەرکردەکانیان نەبێت، ئەویش (الحكيم بن جبلة)یە، کە لە مەدینە زوبێری رادەکێشا بۆ بەیعەتدان بە عەلی، بەڵام دوایی لە بەسرە لەگەڵ گروپێکدا زۆر بە توندی و دڕندانە لە دژی عائیشە تا مردن شەڕی کرد، بێئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە والیەوە. لەڕووی مەنتیقیەوە، لەو بارودۆخەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت تەنیا خەڵکی کوفە لەگەڵ عەلی بوون، واتە پاشماوەکانی ئەو هێزەی پەلاماری مەدینەیان دا ژمارەیەکی کەم بوون، (الاشتر) ئەو کەسایەتیە دیارو هاندەرە بوو کە بەبێ هیچ گومانێك وەك سیاسی و رێکخەرێك سەرکردایەتی دەکردن. (الاشتر) دوایئەوەی رۆڵی بینی لە سەپاندنی وەکو خەلیفە و پشتیوانی دەسەڵاتەکەی کرد، بووە کەسێکی لایەنگر و پشتیوانی دیاری عەلی. ئیتر لێرەوە رۆڵی زۆر گەورە بوو، چونکە کوفە بەوپەڕی هێزییەوە چووە ناو گەمەی عەلیەوە.

زۆرێك بابەتی ناڕوون لە مەسەلەی رۆیشتنی عەلی لە مەدینەوە بۆ بەسرە هەیە، کە بە کاروانی هەڵخلیسکانی کوفەش دادەنرێت. لەڕووی مادیەوە، خەلیفە بە

کردەوە بەرەو بەسرە بەرێکەوت، بەڵام چاوەکانی هەر لەسەر کوفە بوو. لێرەوە ئەو کاروانە دووسەرە، نارێکە مەبەستدارە کە وایلێکرد قۆناغ بە قۆناغ رێگەی کوفە ببڕێت، پاشان روویکردە شوێنێك لە نێوان هەردوو ناوچەکەدا: لە (الربژە)وە بۆ فید، لە فیدەوە بۆ (الثعلبیة)، پاشان لەوێشەوە بۆ زیقار رۆیشت. لە راستیدا ئەو کاروانە و چاوەڕوانکردن بۆ ماوەی (26) رۆژ لە بەسرە، جگە لە چاوەڕوانکردنی ئەو نێردراوەی کە رەوانەی مەدینە کرا، لەگەڵ چاوەڕوانکردنی هاتنی عەلی، هەموو ئەمانە وایان لە رۆژهەڵاتناسێك کردووە بڵێت: «لەو کاتەدا عەلی لە زیقار وای بەلاوە باشتر بووە کوفە بخاتە ناو کێشەکەوە». بەو شێوەیە راستیەکە ئەوەیە کە عەلی بڕیاریداوە بەرلەوەی لایەنگیری کوفە بەدەست بهێنێت و نەبێتە ئامرازێك بۆ شەڕو بەرەنگاربوونەوە، دەستێوەردان لە بەسرە نەکات. یان با بڵێین ویستی خودا وابووە کە لەو کاتەدا دۆستایەتی لەگەڵ کوفەدا ببەستێت و کاروانەکەی بەرەو بەسرە رابگرێت، پێشدەچێت دەرکەوتنی بە تەنیا بەسبووە بۆ گۆڕینی ئاراستەی مەسەلەکان و داماڵینی ناحەزو نەیارەکانی لە چەکەکانیان.

عەلی وەك شوێنکەوتوویەك بە خێرایی مەدینەی جێهێشت، هەموو ئەو زانیارییانەی دەیزانی ئەوەبوو کە ئەوانەی تر بەرەو عێراق رۆیشتوون. سەربازگەی لە دەوروبەری مەککە هەڵدا و پیاوەکانی لە (الربذة) جێگیر کرد، کە (400) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوور بوو. لەوێ بیستی کە نەیارەکانی پێشڕەوییان کردووە و بەسرەیان کردووەتە مەبەست.

عەلی بەوە دڵخۆش بوو وتی: «خەڵکی کوفە لەلام زۆر خۆشەویستن، سەرکردە و پێشەنگەکانی عەرەب لەوانن». نامەیەکی بۆ نوسین و پێیوتن: «من لە نێوان ویلایەتەکاندا ئێوەم هەڵبژاردووە و پێگەتان لەلام بەرزە». بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە (الربذة) مایەوە. سەیف بۆمان دەگێڕێتەوە: عەلی لە (الربذة)وە دوو نێردراوی رەوانەی کوفە کرد بریتیبوون لە محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و محەمەدی کوڕی جەعفەر، لە نامەکەیدا داوای لە کوفەییەکان کرد بێنە پاڵی: «ببنە پشت و پەنای

دینی خودا و لایەنگیریمان بکەن و بەرەوپیرمان وەرن، دەمانەوێت چاکسازی بگەڕێتەوە بۆ ئوممەت و ببینە برا». عەلی لە ناوچەی (الربذة)ش خۆی ئامادەکرد و کۆمەك و یارمەتی لە مەدینەوە پێگەیشت، دوایئەوە عەلی وتارێکی بەهێزی پڕ لە باوەڕداری و ئەخلاقی پێشکەشکرد، بەڵام ئاماژەیەك بوو بۆ دابەشبوونی ئوممەتی ئیسلام بەسەر چەند گروپ و تاقمێك و دابەشبوونی خودی لایەنگرانیشی لە داهاتوودا. لەو وتارەدا وشەکانی (ئوممەت) و (چاکسازی) چەندجارێك لەلایەن ئەمیری باوەڕدارانەوە دووبارە دەکرێتەوە، هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو دەستەواژانە بە شێوەیەکی کەم و دەگمەن بەکاردەهێنران.

بەپێی گێڕانەوەی سەیف، عەلی لەگەڵ هێزێکی بچوك کە لە شێوەی سوپایەکدا رێکخرابوون و لە (760) کەس پێکهاتبوون (الربذة)یان جێدەهێڵێت. ئەو هێزە پێشەنگ و لای راست و لای چەپی هەبوو، بەیداخەکەشی بە دەستی کوڕەکەی (محمد بن الحنفية) بەرزکرابۆوە، کە لە شەڕی (الجمل)یشدا بەرزی کردەوە. وێنەی ئەو رۆیشتنە دیمەنێکی جوان بوو. سرودبێژێك لەپێش عەلیەوە دەڕۆیشت و سرودی دەخوێند: «ئەمیری بـــاوەڕداران (عەلی) بەسەر پشتی حوشترە سورەکەیەوە پێشەوایەتی ئەسپە رەنگئاڵەکانی دەکرد و بەرەو بەسرە بەرێکەوت»، بەڵام ئەو قۆناغانەی کە ناچارییان کرد بیبڕێت، بریتیبوون لە قۆناغەکانی رۆیشتن لە مەککەوە بەرەو کوفە نەك بەسرە. هەموو ئەمانە دەمانخاتە بەردەم بابەتێك، بەڵام پێویستە کار بە لۆژیکی سەیف بکرێت.

بە راستی عەلی بەرەو بەسرە دەڕۆیشت، واتە بەرەو نەیارو رکابەرەکانی، بەڵام لەسەر رێگەی کوفەوە ڕۆیشت بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی لێیان نزیکبێتەوە و پشتیوانی بەدەستبێنێت. هێزەکەی عەلی گەیشتە فید (خاکی بەنی ئەسەد)، وەکچۆن سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لە کاتی هاتنی لە مەدینەوە گەیشتە قادسیە. لەوێ جارێکی تریش پابەندبوونی خۆی بە چاکسازیکردن دووپات کردەوە، پاشان دوایئەوەی دوو لەسەر سێی رێگەی نێوان مەککە و کوفەی بڕی لەسەر رۆیشتن

بەردەوام بوو تاکو لە ناوچەی (الثعلبیة) بارەگایان لێخست. زانیاریەك هەبوو دەربارەی ئەوەی لە بەسرە دەگوزەرا، واتا دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن تەڵحە و زوبێر و ملکەچپێکردنی والی و دەرکرنی و کوشتنی پاسەوانەکانی[34]. دواجار عەلی گەیشتە زیقار کە شوێنێکە لە نێوان کوفە و بەسرە دەکەوێتە پشت روباری فورات و نزیکە لە زۆنگاوە گەورەکانی (البطیحة) لە ناوەڕاستی عێراق، بەپێی جوگرافیناس (یاقوت) کە تاکە کەسە باسی ئەو بابەتەی بۆ کردووین. لەپێش هاتنی ئیسلام، زیقار گۆڕەپانی شەڕێکی بەناوبانگی نێوان عەرەب و فارسەکان بوو. عەلی لە ناوچەی زیقار هێشتا هیچ هەواڵێکی دەربارەی کوفە لە نێردراوەکانیەوە پێنەگەیشتبوو، لە بەرامبەردا پێشوازیکرد لە کاربەدەستەکەی عوسمانی کوڕی حونەیف کە هەواڵی سەربڕینی بکوژەکانی و توڕەبوونی خێڵی (عبدالقیس) و دەرچوونی لە بەسرە و چاوەڕوانکردنی عەلی لەسەر رێگەدا پێڕاگەیاند. لێرەوە سەیف دەچێتە پاڵ ئەو هەواڵدەر و گێڕەرەوانەی تر، چونکە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە عەلی بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیقار ماوەتەوە بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ روبەڕوبوونەوەی عائیشە و تەڵحە و زوبێر بە شێوەیەك لە شێوەکان.

سەبارەت بە سەرچاوەیەکی وەك (البلاذري) کە بە کورتی باسی ئەو روداوانە دەکات دەڵێت: بە راستی ململانێ و پێکهاتن (هودنە) لە بەسرە رویدا، بەڵام کاتێك تەڵحە و زوبێر بە هاتنی عەلی ترسیان لێنیشت، بەپەلە لە بەسرە دەستیان بە کودەتاکەیان کرد و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، بەو پێیەش کارەکەیان خێرا بوو. لەو کاتەدا کێشەکان بە خێرایی بەرجەستە و رونبوونەوە، نەك لە دوای (26) رۆژ لە چاوەڕوانکردن و هەڵوەستە کردن. هەمیشە لەلای (البلاذري) و (ئەبی مەخنەف)، عەلی لە (الربذة) وێستگەی یەکەمی دوای مەدینە بە

34-الطبري، بەشی4، لاپەڕە 481: سوکایەتی بە والی کرا بەهۆی هەڵکەندنی هەموو مووەکانی دەموچاوی، بەڵکو خەریکبوو بشکوژرێت.

کوشتارگەلی (عبدالقیس) و ئەوانی تری سەر بە رەبیعەی زانیوە، بەوەش لە دوای دەستگرتنی تەڵحە و زوبێر بەسەر دەسەڵاتدا زانیویەتی کە بارودۆخەکە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. دواتر عومەری کوڕی شبە لە سەرچاوەی (الطبری) دا دەیگێڕێتەوە کە عەلی لە ناوچەی (الربذة) والیەکەی بە دەرکراوی و دۆڕاوی بینیوە. ئەگەر روداوو گۆڕانکارییەکان بەو خێراییە زۆرە رویانداوە، ئەگەر عەلی لە کاتێکی زۆر زوو هەواڵی لەدەستدانی بەسرەی زانیوە، لەو کاتەدا لەوە تێدەگەین کە هەر لە گەیشتنی بۆ (الربذة) خۆی بۆ شەڕ ئامادە کردووە، گرەوی لەسەر کوفە کردووە و نێردراویشی بۆ رەوانە کردووە. لە راستیدا سەیف روداوەکان بە جۆرێکی ناڕاست دەگێڕێتەوە، ئەو روداوانەی کە لە سەرچاوەکانی (البلاذري)دا زیاتر بە دیاریکراوی راستر دەرکەوتوون. بەڵام لە گێڕانەوەکانیدا چەند راستیەکی قوڵ و شاراوە بوونیان هەیە، بە تایبەتی سیمای ئەو پەیوەندییە دژوارەی عەلی لەگەڵ کوفەدا درووستیکردبوو کاتێك بۆ ئەو مەبەستە هەڵیبژارد. لێرەدا چەندین مشتومڕو کێبرکێ بوونیان هەیە، کە دەبێت بە هەند وەربگیرێت، چونکە ناکرێت تەنیا لە رێگەی هێمای ئەندێشەی مێژوویی لەلای سەیف نەبێت، ناتوانین ئایندە و ئەو گۆڕانکارییانەش بخوێنینەوە کە لە شەڕی (صفین)دا روویانداوە. دوودڵی راستەقینەی کوفە کە ئەو مێژوونوسە بۆمانی دەخاتە سەر بەڕە، سەرنجمان ڕادەکێشێت و بە تەواوەتیش راستە، لە بەرامبەریشدا گێڕانەوەکانی (البلاذري) هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە بێدەنگی لە مشتومڕو کێبڕکێ سەرەکییەکان کردووە.

ئایا عەلی بە رێکەوت یان بەپێی حەتمیەتی مێژوویی چارەنوسی خۆی بە کوفەوە بەستەوە؟ تائێستا و لە سەرەتاشەوە سەرچاوەکان لەپێش هەموشیانەوە خودی (سەیف)، دەربارەی پەیوەندی عەلی بە کوفەوە جۆرێك لە بێموبالاتییان نیشانداوە. لە ئەنجامی گەمارۆدانی عوسمان لە مەدینە، سەرچاوەکان وا باسی میسرییەکان دەکەن کە لایەنگری عەلی بوون، دەشڵێن کوفە لە زوبێر و بەسرە لە تەڵحەوە نزیکبوون.

لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان سێگۆشەی جیابۆوە لە مەککە، جارێکی تر باسی پەیوەندییەکانی زوبێر لەگەڵ کوفە و پەیوەندییەکانی تەڵحە لەگەڵ بەسرەدا دەکەن، هەندێك جاریش ئاڵوگۆڕییان بە ناوەکان کردووە لەگەڵ نیشاندانی دوودڵیەکی دیاریکراو (کوفە یان بەسرە؟)، وەکئەوەی جیاوازی نەبووبێت لە نێوان رۆیشتن بۆ ئەو لایە یان ئەو لایەی تر. بەڵام سەرچاوەکان لە هیچ ساتێکدا وازمان لێناهێنن گومان بکەین نە بە بوونی هیچ پەیوەندییەکی توندو بەهێز لە نێوان عەلی و کوفە، نە بە بوونی هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی ئاراستەکردنی پێشوەخت. بەڵام کاتێك عەلی بە رۆیشتنی نەیارەکانی بەرەو بەسرە زانی، بۆمانی دەگێڕنەوە کە بەو هەواڵە شاگەشکە بووە و رایگەیاندووە کە کوفەی بەلاوە باشترە. ئەوەی هەڵوەستە لە ئاستیدا دەکەین، ئەوەیە کە ویلایەتەکان پێشتر پاڵێوراوییان نەبوو، هەروەها رایەکی روون و یەکگرتووشیان نەبوو. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەسرە بەبێ کێشەو مشتومڕ بەیعەتی دایە عەلی و هەر لە سەرەتاشەوە والی بە تەواوەتی بەسەریدا زاڵبوو، بەڵام کوفە ئەو والیەی رەتکردەوە کە عەلی بۆ نارد و ئەبو موسای ئەشعەری وەکو والی هێشتەوە، سەرەڕای ناچارکردنی بە بەیعەتپێدان. لە سەرووی چەند سەد کەسێك لەو قورئانخوێنانەی بەسرە کە بەشدارییان لە کوشتنی عوسماندا کرد، ئەوانەی کە پێدەچێت خاوەنی پشتیوانی و هیچ رۆڵێکی پێشەنگ نەبوون، بەسرە شارێکی ئارام بوو، چونکە دانیشتوانەکەی لەو کۆچبەرانە پێکهاتبوو کە درەنگوەخت هاتبوون و تەواو لەژێر فەرمانی سەرۆك خێڵەکاندا بوون. بەسرە ئامادە بوو بۆ هەموو بانگەواز و هاوارەکان، ئامادەش بوو خۆی رادەستی هەموو دەسەڵاتدارێك بکات کە دێت و خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، لە دواییدا دەسەڵاتی والیەکەی عەلی وەك دەسەڵاتی عائیشە، لەبەر ئەوەی خاوەنی پێگەو پایەیەکی بەرز و لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەیی هەبوو.

بەڵام هەروەك بینیمان کوفە زیاتر بە ئایدۆلۆژی کرابوو چەندین رەوتی بەلای خۆیدا پەلکێشکردبوو. کوفە دڵی بەگژداچوونەوە و شۆڕشکردن بوو لە دژی

عوسمان، گومان لەوەدا نییە قورئانخوێنەکانی کە لە مەدینە بوون، پێکهاتە بە سیاسەتکراو و بیرمەندەکە بوون کە (عەلی)یان سەپاند و گەردەلولی شۆڕشییان وەستاند. قورئانخوێنان چارەنوسی خۆیان بە عەلیەوە گرێدا و لەناو کوفەدا خاوەنی چاوساغ و لایەنگر و پشتیوانی خۆیان بوون. راستە کە ئەوان کەمینە بوون، بەڵام باشتر لە هاوتاکانیان لە بەسرە پێداگرییان لەسەر شارەکەیان دەکرد. قەدەری بارودۆخ وابوو کە قورئانخوێنان گوشارییان کرد بۆ راکێشانی عەلی (خاوەنی خەلافەت) بەرەو شارەکەیان. ئەوان گرەوییان لەسەر شەرعیەتی نوێ دەکرد بۆ پاراستنی خۆیان و بونیاتنانی سیستمێکی سیاسی کە رێگەیان پێدەدات تیایدا پلەو پێگەی خۆیان هەبێت. بەڵام جووڵە و چالاکییان هەرچەندێك بووە، بە تەنیا خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا نەبوون. بەڵام عەلی نەیدەویست بە تەنیا لەگەڵیاندا دابخرێت، بەڵکو پشتیوانانیشی لەگەڵدا بوو، لەناو خودی کوفەش ئەو قورئانخوێنانە پشتیوانی بوون کە لە کوشتنی عوسمان تێوە نەگلابوون، واتا سەرکردە قارەمانەکانی فەتح کە لە سەرووی ئەو ململانێیەوە بوون کە بەسەر ئەبو موسا سەپاندبوویان، بۆ نموونە وەك هاشم کوڕی عوتبە.

سەنگی مەحەکی پاوانخوازی بە پشتیوانی کوفە ئەو هێزانە دەردەخات کە بونیاد و ناکۆکی سەرەکی مەدینە و دەنگدانەوە بەهێزەکەیان بەزاند. پیاوی هەرەگرنگی ئەو کاتەی کوفە والی ئەبو موسای ئەشعەری بوو، کە پێگەو دەسەڵاتی لەو شارەدا زۆر گەورە بوو، چونکە کوفییەکان هەڵیانبژارد بۆ شوێنگرتنەوەی والیە ئومەویەکەی کوفە، بەو جۆرەش بەسەر عوسماندا سەپاندییان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبو موسا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو خەلیفەیە نەپچڕاند، بەڵکو لەپێناو هێورکردنەوەی شڵەژان و هەڵچوونی کوفە کاری زۆری کرد. بەو شێوەیەش ئەبو موسا خۆی وەکو ناوبژیکار و پیاوی کۆدەنگی ناساند، بۆیە کوفە رێزی لێگرت و کردی بە میری خۆی. لە راستیدا روانگەی پلەو پێگەی جەماوەری ئەبو موسا زۆر لەوەش زیاتر بوو، چونکە لەگەڵ رێنیشاندەری گەورە و هیدایەتدراو بۆ رێگەی

قورئان (ئیبن مەسعود)، کە یەکێك بوو لە هاوەڵانی سەرەتا و ریزی یەکەم، لەناو کەسێتیاندا کۆکەرەوەی کارو کردەوە چاکەکان و خەسڵەتە ئیسلامییەکان بوون.
کاتێك عەلی بوو بە خەلیفە ویستی لە پۆستەکەی دووری بخاتەوە، بەڵام نەیتوانی، هەرچەندە ئەبو موسا لەژێر گوشاری توندی چەند هێزێکدا ناچارکرا بەیعەت بە عەلی بدات، لە کاتێکدا هەموو شار لەپشتی بوو. ئەوەیە ناچونیەکی و جیاوازی کوفە، کە لە یەککاتدا وابەستەی والیەکەی و ئامێزی چەند هێزێکی لایەنگری عەلی بوو، ئەوە ناچونیەکی و جیاوازییەکە لە سەروبەندی تەقینەوەدا بوو، لەو کاتەدا کە عەلی دەیویست هەموو خەڵکی کوفە بۆلای خۆی پەلکێشبکات. خۆ کەنارگرتنی کوفە لە بەرامبەر عەلی بە پلەی یەکەم بریتیبوو لە خۆکەنارکردنی خودی ئەبو موسا. هەر لە وێستگەی (الربذة)وە کە لە مەککەوە دوور نییە، تا دەگاتە زیقار، لە نێوان کوفە و بەسرەوە وەستا لە ناردنی نێردراو لە دوای نێردراو بۆ شاری کوفە، بە پلەی یەکەمیش ناردنیانی بۆ لای خودی ئەبو موسا وەستاند، داوای لێدەکرد پیاوەکان ئامادە بکات. بەڵام ئەبو موسا ناڕەزاتی تەواوی لەو بارەیەوە نیشاندا و بە شێوەیەکی کاراو کۆتایی بەرەنگاری داواکەی دەبۆوە، بە هەموو هێزو قورسایی خۆی فشاری درووست دەکرد بۆ ئەوەی کوفییەکان رازی بکات تاکو لەو فیتنەیە خۆیان بپارێزن کە بە فیتنەیەکی(کوێرو لاڵ)ی دەدایە قەڵەم.
سەرچاوەکان دەربـارەی ناوی نێردراوەکان جیاوازن: باسی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر، محەمەد کوڕی عۆن، ئیبن عەباس، (الأشـتر)، عەماری کوڕی یاسر، حەسەنی کوڕی عەلی و هاشمی کوڕی عوتبە دەکەن. هەروەها بۆمانی باسدەکەن کە عەلی لە کاتی ناردنی دووەمین نێردەدا ئەبو موسای لەسەر کار لابردووە. بەڵام چەند سەرچاوەیەکی تر باسی ئەوە دەکەن کە ئەبو موسا تاکو کۆتایی لەسەر پێی خۆی وەستاوە و لەناو مزگەوتی گەورەی کوفە بانگەوازی بۆ ئاشتی راگەیاندووە و ئامۆژگاری خەڵکی کوفەی کردووە، تا لە کۆتاییدا بەزۆر لە کۆشك دەریانپەڕاندووە.

ئەم وردەکارییانە گرنگ نین، چونکە ئەوەی بەلای عەلیەوە قورسایی هەبوو وەك کێشەیەکی راستەقینە و لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی و لە جەستەی رەوتی بێلایەنی وازهێنان (اعتزال)، ببووە کۆسپ. نەك وازهێنانێکی نەرێنییانەی پێشبینیکراو و پەنابردن بۆ بیابان، نەك وازهێنانێکی بێدەنگانە وەك ئەوەی سەعد کردی، بەڵکو وازهێنانێکی ئەرێنییانە تا ئەوپەڕی خۆڕاگری تێکۆشان.

ئەبو موسای ئەشعەری چی بە خەڵکی کوفە دەوت؟ دەیوت «فیتنەیەکی ترسناك و کوێر و لاڵ بەڕێوەیە، ئەوەی لەو فیتنەیەدا دانیشتووە لەوە چاکترە کە هەستاوەتە سەرپێ، ئەوەی لەسەر پێیە لەوە چاکترە کە دەڕوات، ئەوەی دەڕوات لەو چاکترە کە سوار بووە». هەروەها دەیوت: «خودای باڵادەست ئێمەی کردۆتە برای یەکتری و ماڵ و خوێنمانی لە یەکتر حەرامکردووە». داوای لێدەکردن شمشێرەکانیان بخەنە کێلانەکانیان تاوەکو یەکبوون نوێ ببێتەوە و فیتنە نەمێنێت. ئایا ئەو دەنگە لە چ قووڵاییەکەوە دەهات؟ لە هەستکردنێکی بەهێز بە بەرپرسیارێتی هاوەڵانی محەمەدەوە دەهات بۆ جیاکردنەوەی حەق و دەربڕینی حەق، چونکە ئەوان «خودا و پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی تر باشتر دەناسن». لە روانگەیەکی تایبەتترەوە ئەو دەنگە لە هەستکردنی ئەبو موسا بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر خەڵکی کوفەدا بەرجەستە ببوو، کاتێك متمانەی خۆیانیان پێبەخشی. دەیویست ئەو شەڕەیان لێ دووربخاتەوە کە بووە شەڕێکی ئەهلی لە نێوان موسڵمانانندا، شەڕێك کە پێشبینیکردنی ئەستەم بوو، واتە شەڕێکی رەها. ئەگەر کوفییەکان وازییان بهێنایا، لەوانەبوو بتوانرێت خۆیان لەو شەڕە بپارێزن. بە هەرحاڵ، پێویست بوو لەسەر کوفە وەك پێگەیەکی ئیسلامی و پەناگەیەك بۆ چەوساوە و بێدەسەڵاتەکان، خۆی لەو فیتنەیە بپارێزێت. لەو دۆخە شڵەژاو و شێواوەدا، لە کاتێکدا کە هەڵوێستەکان گرژ دەبوون و جۆرە هەستێك زاڵبوو بەوەی کە هێزی بێشوماری عەرەبەکان لە رێگەی گەمەیەکی بەرژەوەندیخوازی لەژێر چەند دروشمێکی جیاوازدا لە دژیبان هەڵدەگەڕێنەوە، دەنگێك بەرز بۆوە سەرکۆنەی

فیتنەی کرد و تۆوی ئاشتی دەچاند.
راستە کە ئەبو موسا بەهۆی پێگەو پایە کاریگەرەکەیەوە لە کوفە دوورکەوتنەوەیەکی چالاکانەی بەرجەستە کردبوو، چونکە دەیتوانی لە کوفەدا پەیامەکەی رابگەیەنێت، بەڵام وازهێنان و دوورکەوتنەوە بە تەنیا خۆی کارێکی ئەرێنی و ئاشتیانە نەبوو: ئەو وازهێنانە بریتیبوو لە رازینەبوون بە بەشداریکردن لە شەڕو فیتنەدا، یان مانەوە بوو لە درەوەی بازنەی فیتنە. بریتیبوو لە رزگاربوونێکی تەواو لە هەموو پابەندبوونێك بە ناوی بیروباوەڕی باڵاوە، کە هەموو گەڕانێك بە دوای راستی داواکارییەکان لە دەرەوەی راستی مێژوویی، راستی ئەو ساتەوەختە بەدوو دەگرێت. ئەبو موسا لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە بیری ئاشتیانە بخاتەوە ناو ویژدانەکان، چونکە لەو ساتەوەختەدا بوونی نەبوو، بەڵام لە دواییدا دەرکەوتەوە. ئەمە ئاراستەوەرگرتنێکی سەرەکیە کە بەردەوام دەبێ و بۆ ماوەی چەندین ساڵ رێسی ناچونیەکی و خاڵە جیاوازەکانی عەلی لەناو خودی کوفەدا دەچنێت. ئەمە مانای وایە کە ئەبو موسا لەو کاتە هەستیارەی هەڵگیرسانی فیتنەکەدا کەسی سەرەکی بووە لە کوفە و تەنانەت لە دوای شکستهێنانیشی لە درووستکردنی سێبەری قسە کاریگەرەکانی لەناو ویژدانەکاندا، هەر ناوەستێت.
زۆرینەی بێدەنگ کە کارییان بە ئامۆژکاری و رێنماییەکانی ئەبو موسا کرد، بەو پێیەش بەشدارییان لە شەڕی (الجمل)دا نەکرد، هەر ئەوانە بوون خۆیان وەك نەیاری رەفتارەکانی قورئانخوێنان نیشاندا و دەیانخواست هەڵوێستیان لەگەڵ هەڵوێستی سەرۆك خێڵە بە دەسەڵاتەکان هاوتا بکەن. وەلحاڵ هەندێك لەو سەرۆك خێڵانە کە عوسمان لە پۆستی کاربەدەستیدا دەیمەزراندبوون، وەك (الاشعث بن قیس) و (جریر بن عبدالله البجلي) کە لە دوای کوشتنی عوسمان دەرنەکەوتنەوە و پەلەیان نەکرد لە بەیعەتپێدانیان بە عەلی، بەشداریشیان لە شەڕی (الجمل) دا نەکرد. هەروەها ئەوانەش کە لە کوفە بوون، بەشدارییان لەو شەڕەدا نەکرد، وەك سەرۆکی هەمەدان (سعید بن قیس) و (شبث بن ربعي)، کە یەکێك لە

سەرۆکەکانی هۆزی تەمیم و لایەنگرێکی سەرسەختی بیرۆکەکانی ئەبو موسا بوو. سەرجەم خانەدانەکان و سەرۆك خێڵە ئامادە و نائامادەکان، دژایەتیکردنی خۆیان بەرامبەر هەموو جۆرە بەشداریکردنێك لە شەڕی ئەهلی نیشاندا کە لەو کاتەدا ئامادەکاری بۆ دەکرا، بەوەش زۆرینەیان بەلای خۆیاندا راکێشا، نەك تەنیا بەهۆی پاڵنەرییەکانی ئەبو موسا، بەڵکو لەڕووی بابەتییەوە هەڵوێستەکان پێکەوە چونیەك و کۆکبوون. لەلایەن سەرۆکی خێڵەکانەوە، هەڵوێستی خۆسازدان و چاوەڕوانی دۆخە و ململانێیەکی توند بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەکە و نیگەرانی و خەمێکی سیاسی نەك ئایینی باڵی بەسەریاندا کێشا. بەڵام ئەمە هەڵوێستی هەموویان نەبوو، چونکە هەندێکیان بەبێ پێچ و پەنا چوونە پاڵ عەلی، وەك عەدی کوڕی حاتەم و مەخنەفی کوڕی سولەیم. لە بەرامبەریشدا پیاوانی خوداپەرست و چاکەخواز لە هاوەڵان و تابعین نەچوونە پاڵ عەلی، چونکە بەگومان بوون کە چەمکی سەرەکی راستی و دروستی ئەو پرسەی کە پێویستە بەرگری لێبکرێت. لێرەدا بە پێچەوانەی بەسرە، گونجاو نەبوو بۆ پێگەی خانەدانەکان (الأشراف) کە لە دوورەوە رۆڵێکی نێگەتیفانە بگێڕن. لەسەر تەختی شانۆکە، ئەبو موسا ئەو کەسە بوو کە هەموو گۆڕەپانەکەی داگیرکردبوو.

خاڵێکی جێگیر ئەوەیە کە زۆرینەی جەنگاوەرانی کوفە وەڵامی بانگەوازەکەی عەلیان نەدایەوە، لانیکەم لە کۆی (40) هەزار کەس تەنیا (9) هەزار کەس ئارەزومەندانە خۆیان بەخشی[35]. هیچ جۆرە بەراوردێکیش نییە لە نێوان ژمارەی کوفییەکان لە شەڕی (الجمل) و هەمان ژمارەیان لە شەڕی (صفین)دا. سەرەڕای ئەوەش ئاشکرایە کە دۆخێکی ئاوها ناتوانێت ببێتە پێشینەی جیهاد، چونکە ئازادی بیرکردنەوە و بژاردەی خۆویستی تاك هەبوو. تەنانەت هەرچەندە ئەبو موسا و خانەدانە دەسەڵاتدارەکان لە دوایەوە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان بینی

35-ئەبو مەخنەف باسی ژمارە (40000)ی کردووە، کە لە دوای شەڕی صفین سەبارەت بە کوفە راستە: الطبری، بەشی5، لاپەڕە 79. بەڵام ژمارە (9000) لەلایەن سەیف باسکراوە، بەشی4، لاپەڕە 485 – 488. عومەر کوڕی شەببە باسی (12000) سەرباز دەکات

لەڕووی ڕێگریکردن لە زۆرینەی کوفییەکان بۆ دەرچـوون و بەشداریکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەلی توانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات. ئەبو موسای لە پۆستەکەی دوورخستەوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان توانی لە شاری کوفە دەری بکات. عەلی سوپایەکی لە کەسە جەربەزەکان و نوێنەرانی زۆرینەی خێڵەکان درووستکرد و بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە کوفییەکان بەست، پێدەچێت لەوانە بوون کە نیشتەجێبوونیان لە کوفەدا لەوانی تر کۆنترە. پێگەی شەرعی عەلی وەکو خەلیفە و پێشەوا، کە لێرە بەجدی هاوبەرامبەری نەبوو، بۆیە لە تەرازودا قورساییەکی گەورەی خۆی هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەش کە لە کوفە لایەنگرو شوێنکەوتووی کارا و چالاکی زۆری هەبوو کە بە (النفار) ناودەبرێن، هەروەها پشتیوان و لایەنگری خۆڕاگرتری هەبوو کە بەگوێرەی عەقڵمەندی چوونە پاڵی بەو پێیەی کەمترین زیانی هەیە، ئەمانەش پێیان دەوترێت (اهل الجماعة).

سەیف بن عومەر ئەم دوو گروپە دەهێنێتە سەر شانۆی رووداوەکـان کە لە میانی دانیشتنێکی مشتومڕاویدا لەناو مزگەوتی گەورەی کوفەدا بە ئامادەبوونی حەسەنی کوڕی عەلی و عەممار رووبەڕووی ئەبو موسا بوونەوە. گروپی یەکەم لەو قورئانخوێنانەی پێشوو پێکهات کە ژمارەیان زۆر زیاد ببوو، دەوترێت (5) هەزار بوون و سەرۆکەکانیشیان نەگۆڕا کە ئەمانە بوون: (الأشتر)، زەید کوڕی صوحان، عەدی کوڕی حاتەم، یەزیدی کوڕی قەیس، ئەلموسەیەب کوڕی نجبة. لانیکەم (600) کەس لەوان بەشدارییان لە پەلاماردانی مەدینەدا کرد و لەنێو بکوژانی عوسمان ئەژمار دەکران، بەو هۆیەشەوە لەلای ئەوانەوە کە داوای دادپەروەری و خوێنی عوسمانیان دەکرد سزای تۆڵەسەندنەوەی بەکۆمەڵیان بۆ دانرابوو، لەپێش هەمووشیانەوە سێکوچکەکە: عائیشە- تەڵحە- زوبێر، کە رۆڵ و چالاکییەکانیان و توانای ڕێکخستنیان لە کوفە ئاشکرایە. ئەوانە سیاسی راستەقینە بوو، زانیویانە چۆن لە دەوری عەلی کۆدەبنەوە.

ئاشکرایە ئەوان لەو کاتەدا هەستیان کردووە کە چارەنوسیان بە چارەنوسی ئەوەوە بەستراوەتەوە و هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی تۆڵەسەندنەوە دەستوپەنجایان لەگەڵی نەرم کردووە و بووەتە هەڕەشە لەسەرییان. بەڵام مەبەست لە (اهل الجماعة) تاقمێکی سیاسی تەواو جیاوازترە، ئەمانە نە چالاك و نە هاندەر بوون، هیچ رۆڵێکیشیان لە کوشتنی عوسماندا نەبوو، ئەوان ئەهلی خوداپەرستی و یەکبوون بوون، دژی خودی کوشتن و بڕین بوون، سەرکۆنەی ئەوانەشیان دەکرد کە بارودۆخەکەیان گەیاندە ئاستی فیتنە، بەڵام بانگەوازییان دەکرد بۆ گوێڕایەڵی کردنی پێشەوا و پێویستی هەبوونی پێشەوا (خەلیفە)یەك کە لە ئێستادا عەلیە. ئەمانە دوێنێ بوو لەگەڵ عوسمان بوون، ئەمڕۆش لەگەڵ عەلی-ن، چونکە یەك لەدوای یەکیان هۆکارن بۆ بەرجەستەکردنی یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی و بەیعەتیان بە هەردوکیاندا. بەم پێیەش ئەرکیان ئەوەیە گوێڕایەڵ بن بۆ بانگەوازی خەلیفە لەپێناو پارێزگاریکردن لە جەماعەت تاوەکو لەناونەچێت. سەرۆکی ئەم تاقمە قەعقاعی کوڕی عەمرو بوو، هاوەڵێکی کۆن و قارەمانی فەتحکردنی عێراق بوو، پیاوێکی ئیسلامی بوو لە سەرووی هەموو دوژمنایەتی و ناکۆکیە خێڵەکییەکانەوە، نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی کرد و وەکئەوەی سەرۆکی فیعلی بێت بەناوی هەموو ویلایەتەوە قسەی دەکرد. ئەو خەڵکەی لە دەوری کۆبوونەوە رۆڵی ژیرو عاقڵمەندانی شارییان دەگێڕا، چونکە خەڵکانێکی میانڕەو و دادوەر بوون، لە سەرووی بەشبەشوون و دووبەرەکیەوە بوون، توانیان زیاتر لە (4) هەزار کەس لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ئەمانیش هاتن بۆلای عەلی لە زیقار تاوەکو بچنە پاڵی. ئەمە بۆ عەلی پاڵپشتیەکی جۆریی بەنرخ بوو، چونکە بەبێ ئەم هەنگاوە ئەو دەبووە پێشەوای بکوژان و هەڵچوانی کوفە، دەبووە سەرۆکی گێرەشێوێنەکان، هەروەك نەیارو دژەکانی بەو شێوەیە وەسفیان دەکرد. بە راستی لەنێو تاقمی (النفار)دا جگە لە عەدی کوڕی حاتەم (سەرۆکی هۆزی تەی)، پیاوێکی تر نەبوو خاوەنی رابردوویەکی ئیسلامی و شەرەفمەندیەکی

عەرەبی بێت. ئەمە زۆر بە روونی فشەڵی و پێگەی عەلی لەناو خودی کوفەدا دەردەخات، ئەو فشەڵیەی کە بنەڕەتی و سەرەکی بوو لە کۆتاییشدا نەتوانرا لێی دەربچێت.

# بەسرە هەڵدەوەشێت

لە راستیدا، کاتێك عەلی یەك لەدوای یەك نێردراوەکانی رەوانەی کوفە کرد، تەنانەت ئەویش باسی شەڕی نەدەکرد، بەڵکو باسی چاکسازی دەکرد، واتا هەروەك دەوترێت دەیویست بارودۆخەکان بگەڕێنەوە بۆ باری ئاساییان و یەکێتی ئوممەتی ئیسلام بونیات بنرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە بیری چاکسازی لە مێشکی عائیشە و هاوەڵەکانیدا لە رێگەی ئاودانی تینوێتی بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان گوزەری دەکرد، بۆ زیندووکردنەوەی شەرعی قورئان، بەڵام لەدیدگایعەلی ماناکەی پێچەوانە بوو، واتا وازهێنان لەو راوەدوونان و دژایەتیکردنە هەڵوەشێنە و دانپێدانان بە شەرعییەتی خەلافەتەکەی. هیچ کەسێك قسەی نەدەکرد یان زاتی ئەوەی نەدەکرد باسی شەڕ بکات، لەبەر گەورەیی و مەزنی ئەو وشەیە لە سیاقی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا. تەنانەت ئەبو موساش تەنیا باسی فیتنە و ئەو دووبەرەکیەی دەکرد، کە لەناو دڵاندا هێلانەی کردبوو، کە بۆی هەبوو ببێتە هۆی یان نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ.

یەکێك لەو پاساوانەی بۆ بێدەنگکردنی خراوەتە بەردەمی ئەوەیە کە عەلی جگە لە چاکسازی داوای هیچ شتێکی تری نەکردووە. ئەمە شتێکە نابێت لەبیر بکرێت، چەمکی چاکسازی واتا ئاشتی یان پێکهاتن. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرا بوو کە عەلی لە ئامادەسازیدا بوو بۆ روبەڕوبوونەوەیەکی جەنگیی چاوەڕوانکراو. هەربۆیە عەلی ئەو پیاوە بوو کە لە پشتەوەی رەتکەرەوان و شکێنەرانی بەڵێنی بەیعەتپێدانیدا داوایکرد و دەستی بە جموجووڵ کردو شەڕی دەستپێکرد.

دەکرێت بڵێین، نیازی ئاشتیخوازانەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب تەنیا لەو ئاستەدا بوو کە ئەوانیتر گوێڕایەڵی بۆچوونەکانی دەبوون. ئەو کەسێکی جەنگاوەر بوو، جەنگاوەری شایستەی ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەرایەتی بوو، کە لە رابردوودا هەرگیز لە شەڕکردن لە دژی بێباوەڕان نەوەستاوە، بەم پێیەش لە کاتی پێویستدا دوودڵ نەبووە لە لێدانی نەیاران و دژەکانی ئەگەر پێیوابێت لەسەر رێگەی ناهەقن. لە دواییدا لە شەڕی (الجمل) و (صفین)دا بە شێوەیەکی بەردەوام بەوجۆرە رەفتار دەکات، لە کاتی پێویستدا بەوپەڕی خۆڕاگری شەڕ بەڕێوە دەبات. کاردانەوەی عەلی لە بەرامبەر دابەشبوونی ئوممەت و دانپێدانەنان بە شەرعیەتی دەسەڵاتەکەیدا، بووە و دەبێت بە شەڕێکی هاوشێوەی جیهاد لەسەر شێوەی جیهادی سەردەمی پێغەمبەر (د.ح). بەڵام بە راستی پێویستە بگوترێت کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیداوە بۆ خۆپاراستن لێی و هەمیشە لەپێش شەڕەکاندا دانوستان دەکات، بەردەوامیش دژایەتی کراوە چونکە رقی لێبووە. بەڵام دانوستان هەروەکو تێیگەیشتوە، جگە لە هەوڵدانێك بۆ رازیکردنی بەرامبەر شتێکی تر نییە، بەڵکو تەنازولکردنیش نەبوو لە شتێك.

ئایا لە سایەی بارودۆخێکی ئاوهادا لەلایەن نەیارەکانیەوە هاندراوە؟ ئایا ئەوانی تر، عائیشە و دواتریش موعاویە جگە لە پەنابردن بۆ چەك شتێکی دیکەیان ویستووە؟ ئەو شێوازی عائیشە بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی عوسمان بەکاری هێنا مانای ئەنجامدانی قەسابخانەیەکی گەورەی لەناو ریزی باوەڕداران دەگەیاند. گومانبردن بە هەڵبژاردنی لە پێناوی گەڕانەوە بۆ شورا لەلایەن کەسانێکەوە کە بەیعەتیان پێ دابوو، وەك تەڵحە و زوبێر و بەسرییەکان، لە دیدی عەلیدا هاوتا بوو لەگەڵ شکاندنی بەڵێنی بەیعەتپێدان، واتا پابەندنەبوون بە سوێند و هەڵگەڕانەوەیەك کە سازشی لەسەر ناکرێت. لەڕووی کردەییەوە، لەو گەمە مەترسیدارەدا کە لە ئەنجامی کوشتنی عوسمانەوە سەریهەڵدا، هەموو یەکێك لە روانگەکەی خۆیدا داخرا و نەیتوانی لێی دەربچێت: لە داهاتوودا سەبارەت بە

عەلی و عائیشە و موعاویە بەوجۆرە کەوتەوە. هەموو فیتنەکە لەسەر شێوەی ریزبەندییەکی جەدەلی رویداوە کە قابیلی رەتدانەوە نییە. ئەوەی سەیف بۆمانی دەگێڕێتەوە دەربارەی دانوستانی نێوان عەلی و سێکوچکەی بەسرە لە رێگەی قەعقاعەوە، ئەوەندە لەبەردەم دۆخەکەدا خۆی نەگرت، نەك لەبەر ئەوەی دانوستان نەکراوە، نەك لەبەر ئەوەی کە بەڵگەکانی هەردولا بۆ حەزنەکردنیان بە خوێنڕشتن بەبێ بێگومان راستگۆیانە نەبوون، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە عائیشە رەزامەندی لەسەر بەیعەتپێدانی عەلی نەدەدا، عەلیش بەوە رازی نەدەبوو ئەو بکوژانە رادەست بکات کە لەناو یەك لەشکردا بوون. بەجۆرێك ئەوەی بۆمان باسدەکرێت سەبارەت بە بوونی رێکەوتنێکی ئامادە کە لەسەر حسابی بکوژەکان ببەسترێت، بەڵام ئەو بکوژانە لە رێگەی پیلانێکەوە کە (ابن سبأ) دایڕشت و رێکیخست رێکەوتنەکەیان هەڵوەشاندەوە، کەسێکی وەك (ابن سبأ) هەمیشە لە پیلانگێڕییەکاندا ناوی دەبرێت، بەڵکو ئەو بوو کە ئەندێشەی درروستکرد. ئەوەی لەم باسەدا دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت ئەوەیە کە دۆخێك لە نیگەرانی و چاوەڕوانیکردن لە ترسی رودانی یەکەمین روبەڕوبوونەوەی جەنگیی لە نێوان براکاندا لە مێژووی ئیسلامیدا بوونی هەبوو، لە سەرووی ئەوەشەوە ترسێك هەبوو کە لەنێوان زۆرێکیان دابەش ببوو. دەکرێت ناوی قەیرانی ویژدان و هۆشیاری بەسەر ئەو ترسە داببڕین. عەلی دڵخۆش نەبوو لە کاتێکدا خۆی ئامادە دەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ هاوڕێکانی لە ئیسلامدا (تەڵحە و زوبێر). سەرچاوەکان داهێنانی هونەرییان کردووە لەڕووی باسکردنی ئەو دوانەدا، بە تایبەتیش زوبێر، گوایا لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەدا پاشەکشەیان کردووە بە ئومێدی دۆزینەوەی چارەسەرێك تاکو هەموو شتێك رزگار بکات. تەنانەت ئەگەرچی باوەڕپێکردنی ئەوە ئاسان نییە، کە دەوترێت گوایا بەهۆی ئەوەی کە ویژدانیان ئازاریداون گۆڕەپانی شەڕەکەیان جێهێشتووە. خەڵکی لە هەموو لایەکەوە هانیاندەدان بۆ دەستپێکردنی شەڕەکە، بەڵام ئایا چاوەڕوانی چیان دەکرد؟ ئەوان لە وەڵامدا

دەیانوت: «ئەمە کێشەیەکە لە نێوان ئێمە و براکانماندا، ئەمە مەسەلەیەکە لە پێش ئەمڕۆدا نەبووە تاکو قورئانی بۆ دابەزێت یان سوننەتی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لێبێت) تیادا بێت، بەڵکو تەنیا روداوێکە». روون و ئاشکرایە کە لەپشت هەموو ئەمانەوە ویستی خوداپەرستی و چاکەخوازی هەیە، ئەویش بریتیە لە پێشکەشکردنی چاکترین وێنای گونجاو دەربارەی هاوەڵان. بەڵام ئەمەش بەشێك لە راستی دەگرێتەوە و لەگەڵ دۆخی عەقڵانی سەردەمەکە وێکدێتەوە. دەبینین (عەلی)ش لەگەڵ لایەنگران و شوێنکەوتوانیدا گفتوگۆ دەکات، لەسەر گیانی ئارامی رایاندەسپێرێت و فەرمانیان پێدەکات کە لە کاتی شەڕکردندا شوێن دوژمنێکی هەڵاتوو نەکەون و بریندارێك نەکوژن، هەروەها پێی دەوتن دیلی پیاوو ژن نییە و تاڵانکردن بە هەر شێوازێك نابێت روبدات. گفتوگۆ لە هەموو جێگەیەك هەبوو، قسەکردن و لێکۆڵینەوە دەکرا لەسەر رەواندنەوەی ئەو گومانانەی کە ویژدانی هەموو تاکێکی سەرقاڵکردبوو. هەڵوەشان و تێکچوونی بەسرەش لەوەی کوفە کەمتر نەبوو.

هۆزی (عبدالقیس) تورەبوونی خۆی لە بەرامبەر بە کۆمەڵکوشتنی رۆڵەکانی راگەیاندبوو، بەو هۆیەشەوە لە بەسرە دەرچوو تاوەکو بچێتە پاڵ سوپاکەی عەلی، کە ژمارەیان لانیکەم (6000) کەسی ئامادەکراو بۆ شەڕ دەبوو. لە دواتریش زیاتر لە نیوەی هۆزی (بەکر)ی نزیك لە رەبیعە چاوییان لە (عبدالقیس) کرد. تورەیی و بەرگریکردن لە پاڵ خواستەکانی عائیشە بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەشێك لە هۆزی (تەمیم)ی بەهێزو گەورەشی گرتەوە، بە تایبەتی هەڵچوونی تیرەی سەعد کە زۆر چالاکانە یەکێك لە رۆڵەکانی لە مردن پاراست، ئەویش (حرقوص بن زهیر) بوو کە تەنیا کەس بوو لەو کوشتارگەلە دەربازی بوو. هۆزی تەمیم لەژێر کاریگەری سەرۆکەکەیان (الأحنف بن قیس) بڕیارییاندا لە شەڕەکە بکشێنەوە و بەشداری تێدا نەکەن، بەوەش هێزی (4) هەزار شمشێر لەسەر عەلی کەمبۆوە کە دەکرا لە دژی ئاراستە بکرێت. لەو بارودۆخە و بارودۆخەکەی تریشدا، هەڵچوونی

جاهیلیەت بە ئاگا هاتبوو، واتا یەکگرتوویی خێڵەکی وروژاو و هەڵچوو، دڵی شەرەفمەندی خێڵەکی راست ببۆوە، کە لە رابردوودا بەهایەکی باڵای هەبوو. نیشاندانی ئازایەتی جۆرێك بوو لە هەڵچونی خوێن تا ئاستی شێتی، قورئان پێداگری لەسەری کردووە چونکە بە هەڵچوونێك رازی نییە ئەگەر بۆ غەیری خودا بێت، بەڵام لێرەدا سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە و بە دیاریکراوی یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی فیتنە بریتیە لە دووبارە زیندووکردنەوەی هەڵچوون و ئازایەتی نواندن شانبەشانی هەستی ئیسلامی، بەڵام بە ئاستێکی کەمتر. لەبەر ئەوەی کە ئەو هەستە هەژموندارانە مایەوە، هەرچەندە زۆر نوێ بوو، بەڵام بارگاوی بوو بە پەلکێشکردنێکی بێهاوتا.

خودی (الأحنف بن قیس) توانی تیرەی سەعد لە ململانێکەدا بێلایەن بکات، بەڵام لە بێلایەنکردنی تەمیمییەکانی تردا سەرکەوتوو نەبوو کە رایانوابوو بەشداری شەڕ بکەن بۆ داواکردنی خوێنی عوسمان، تەنانەت خۆیشی بەهۆی باوەڕێکی ناوخۆیی بڕوای بەوە نەبوو کە شانبەشانی عەلی بوەستێت. ئایا مرۆڤ «ببینێت» یان «نەبینێت»، «گومان بکات» یان «گومان نەکات»، ئەمە بوو زۆر بەهێز جیهانی خێڵەکی بە موسڵمانبووی لە بەسرە سەرقاڵ کردبوو. لە راستیدا ئەو دەستەواژەیەی لەگەڵ هەموو سیماکانی فیتنەدا هاوتەرا بوو، لەدایکبوونی رای سیاسی – ئایینی بوو بەهۆی دابەشبوون لەناو ئیسلامدا، لەو سەردەمەدا شەڕییان نەدەکرد ئەگەر بەگومان بوونایە لە راستی و دروستی قەزیەکەیان. ئەمە بوو ئەو بارەی هەموو پیاوەکان و زۆرینەی سەرۆکەکانی داگرتبوو.

تاك کەوتبووە ناو کایەی تۆڕەکانی بونیاتی بەکۆمەڵ و پشتیوانیە جۆراوجۆرەکانەوە و سەرۆك خۆی وەکو ویژدانی بەکۆمەڵ (جماعي) دادەسەپاند، بەڵام بەگوێرەی باوەڕبوونی ناوخۆیی هەڵسوکەوتی دەکرد. تەنانەت لەلای ئەوانەش کە لە بەسرە لەپشت عائیشەوە بوون، هەست بە بوونی مشتومڕێکی راستەقینە و بوونی رەوتێکی بێلایەن دەکەین، تەنانەت لە دەرەوەی هەڵوێستەکەی (الأحنف بن قیس)

یش، کە بە توندی لەپێناو پشتیوانیکردنی (دایکی باوەڕداران) قەرەبوو کرایەوە. بفەرمون لەگەڵ چەند دیمەنێك لەسەر ئەوە: عومران کوڕی حەصین کە هاوەڵێکی زۆر بەناوبانگ نییە، لەناو بەسرە نوێنەرایەتی رەوتی ئاشتیخواز و بێلایەنی دەکرد، هەروەها هەڵوێستی جوامێرانەی ئەبو موسا لە کوفە، بەڵام بە ئاستێکی کەمترا بوو، نێردرا بۆلای بەنی عەدی تا لەسەر لوتکەی چیا ببێتە شوانێکی بەندەی حەبەشی و تامردن لەوێ بمێنێتەوە، چونکە بەلایەوە ئەوە باشترە لە هاویشتنی یەك تیر لە نێوان هەردوو سوپاکەدا. بەنی عەدی بە دەنگێکی بەرز وەڵامیان دایەوە: «ئێمە لە بەرامبەر هیچ شتێکدا هەرگیز دەستبەرداری قورسی و پیرۆزی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لێبێت) نابین». بفەرمون لەگەڵ دیمەنێکی تر: دادوەری بەسرە (کعب ابن ثور)، بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری شەڕ هەوڵیدا صبرەی کوڕی شیمان رازیبکات وازبێنێت و لەگەڵ پیاوەکانیدا بەشداری شەڕەکە نەکەن، بەڵام صبرە لە وەڵامدا پێیوت: «لەوە دەترسم کەمێکت لە نەسرانیەت تێدا بێت، ئایا فەرمانم پێدەکەیت دایکی موسڵمانان و تەڵحە و زوبێر سەرشۆڕ بکەن و واز لە خوێنی عوسمان بهێنم؟ نەخێر سوێند بە خودا هەرگیز ئەوە ناکەم». جارێکی تریش دەڵێم ئەمە قسەیەکی رێکخراوە، دەرهێنانێکی مێژووییە، بەڵام مەترسی گرەوکردن و هێزی سیمبوڵی لەپشتەوەیە. کەواتا دەبێت هەست بەو دەقانە بکرێت، هەستکردن بە گێڕانەوەی خەیاڵی و جوانی کاردانەوەکانی (الأحنف بن قیس) و تێربوون بە زاراوەکان و گەورەیی رێزدانان بۆ هەر شتێکی پیرۆز، هەروەها بەستنەوەی ئەم چوارچێوەیە بە چەند چوارچێوەیەکی ترەوە بۆ درککردن بەو هەڵوەشانە، لەگەڵ درککردن بەو بڕوابوونەی لەلای هەردوو بەرەکە درووست ببوو.

لە بەسرە، ئەوانەی کە لەبەر خاتری خاتران سوربوون لەسەر شەڕکردن، لە پێناوی بەرگریکردن لە قورسی پێغەمبەری خودا شەڕییان کرد، چونکە هات و داوای پشتیوانی و چاکسازی لێکردن. لە کوفەش، شانبەشانی (کوڕە مامی پێغەمبەری

خودا) وەستاون. لە کۆتاییدا، هاوکێشەکە لەسەر ئەم دوو کەسایەتیە رەمزییە قەتیسبوو: (هاوسەر) یان (کوڕی مام – برا)[36]. ئەمانە دوو دەموچاوی نزیك و خزمن دەگەڕێنەوە سەر وێنەی رەمزیی زۆر بەهێزی پێغەمبەر. دوو کۆڵەکە شەرعیەکەی کە هەردوکیان بۆ دامەزراوەی خەلافەت دەگەڕێنەوە، لەناوچوون: عەلی خەلیفەی زیندوو، عوسمان خەلیفەی مردوو، واتا دەسەڵات لە بارێك و خوێنی شەهیدیش لە بارێکی تردا. لەبەردەم روبەڕوبوونەوەی مردندا، لەبەردەم ئەو کارە جەنگییەی کە ئوممەت توشی هەڵوەشان و مەینەتی دەکات، لە دوای چەندین مشتومڕ و گومان، تەنیا وێنای گەورەی پێغەمبەر (د.ح)بەرزکرایەوە. ئەو دوو شارە دەستەخوشکە، بەتوندی لە پێناو پێغەمبەر، لە پێناو هاوسەری و کوڕی مامی، واتە تایبەت لە پێناو ئیسلامدا لەگەڵ یەکتریدا بە شەڕ دێن.

# شەڕی (الجمل)

**(10ی جەمادی دووەمی 36ی کۆچی/ 4ی کانونی یەکەمی 656ی زایینی)**

شەڕی (الجمل) لە ناوچەی (الخريبة) لە دەوروبـەری شاری بەسرە رویدا. لە راستیدا هەر زوو خودی عائیشە بووە گرەوی شەڕەکە. لەو کاتەدا کە عەلی خەلیفە – ئەو فەرماندەیەی کە فەرمانیدەدا، بڕیاری دەردەکرد و گرەوی لەسەر بەهێزیی شەخسی خۆی دەکرد و بە پیاوەکانی دەورەی درابوو، کە ژمارەیان دەگەیشتە (20) هەزار کەس، لەو بەریشەوە لە دوای شەڕێکی سەرەتایی کە تەڵحە و زوبێر تیایدا سەرنەکەوتن، سەرلەنوێ هەموو هێزەکان، ئەگەر گوتنی شیاو بێت لە دەوری حوشترەکەی عائیشەدا گردبوونەوە، کە لەناو کەژاوەیەکی زرێپۆشی ئاسنین دانیشتبوو. لێرەدا سیمبوڵ زیاتر وروژێنەر دەرکەوت: سیمبوڵی

---

36- پێغەمبەر (د.خ) لە کاتی کۆچکردنی بۆ مەدینە و بڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی لە نێوان هاوەڵانیدا بە شێوەیەکی گشتی، خۆیشی کردە برای عەلی کوڕی ئەبو تالیب (کوڕی مامی).

ژنێکی دوور لە چاوی خەڵك، ئەو ژنەی خۆی بەشداری شەڕ ناکات، بەڵکو شەڕو مردن لە پێناوی ئەودا بەڕێوە دەچێت. ئەو هاوسەری پێغەمبەری خودایە (د.خ)، کە لە راستییدا لە رووی رەمزییەوە پێویستبوو پارێزگاری و بەرگری لێبکرێت، چونکە کارێکی شیاوو گونجاو نەبوو چۆکی پێدابدرێت و شەرەفی پیس و لەکەدار بکرێت، بەڵکو کوشتنیشی کارێکی ئەستەم بوو، چونکە کەژاوە ئاسنینەکەی کە بە زرێ و ئاسن داپۆشرابوو، وەك پەرژینێکی پتەو وابوو نەدەکرا دەستی بەسەردا بگیرێت، هەروەها وەك بۆمان دەگێڕنەوە حوشترەکەی ژێریشی پارێزراو بوو، بە پێستی مانگا و قەڵغانی قایم داپۆشرابوو. حوشترەکەی عائیشە ببووە خاڵی بنەڕەتی شەڕەکە، چونکە بێهودە هەوڵیاندەدا بیگەنێ، بەڵام ئەوانەی تر بەوپەڕی هێزییانەوە بەرگرییان لێدەکرد. حوشترەکەی ئەو سەنتراڵێکی جێگیر و راستەقینەیی بوو، کە توندترین و بەهێزترین ساتەوەختی شەڕەکە لێیەوە بەردەوامی هەبوو.
لە سەرەتاوە هەردوو سوپاکە بەرامبەری یەکتر وەستان و ریزییان بەست بۆ شەرکردن. لەناو یەکێك لە سوپاکانەوە پیاوێك هاتە دەرەوە قورئانی بەرزکردەوە، ئەوەش دوایین بیرهێنانەوەی رەمزی بوو لەسەر یەکبوون (سەرچاوە و گێڕانەوەکان دەربارەی ئەم بابەتە رای جیاوازییان هەیە)، دواتر ئەو کەسە کوژرا و شەڕەکە دەستپێکرد.
بەسرییەکان بەرگەی ئەو شۆکەیان نەگرت، بۆیە لێکتر جیابوونەوە و پەرشوبڵاو بوون. رانی تەڵحە پێکرا و لە گۆڕەپانی شەڕەکە کشایەوە و دوایی لە شوێنێکی دەوروبەری بەسرە مرد، بەڵام زوبێر هەستی بە لاوازی کرد و ئەویش لە شەڕەکە کشایەوە و ویستی هەڵبێت، بەڵام شوێنی کەوتن و بە شێوەیەکی تەمومژاوی کوژرا. دەوترێت زوبێر لەسەردەستی پیاوێك لە هۆزی تەمیم کوژراوە، کە بەشداری لەو شەڕەدا نەکردووە. بەو شێوەیە شەڕەکە لە نزیکی نیوەڕۆدا کۆتایی پێهات، لەو ساتەوەختەدا ئەمجارەیان شەڕی دووەم لە دەوری عائیشە بە شێوەیەکی توندوتیژتر دەستپێکردەوە، لەبەر ئەوەی بەسرییەکان کشانەوە

و دووبـاره هێرشیان کـردەوە، چونکە بینیان کە حوشترەکەی عائیشە کرایە ئامانجی کوفییەکان کاتێك هەوڵیاندەدا دەستیان پێی بگات. سوپاکەی بەسرە دووباره لە شێوەی دڵ و دوو باڵدا رێکخرایەوە و هێرشیکردە سەر سوپاکەی عەلی و ژمارەیەك لە لایەنگرانی کوژران، وەك براکانی صوحان. هەردوولا ورەبەرزییەکی بێهاوتایان نیشاندا بە جۆرێك شەڕەکە بەرگێکی زۆر توندوتیژی بەبەردا کرا، تا ئەو ئاستەی کە سوپای کوفە بووە یەك دڵ و هەردوو باڵەکەی لەناو دڵی سوپاکەدا توانەوە. سوپاکەی بەسرەش هەمان کاری ئەنجامدا، واتە ببوونە دوو هێزی قەبە و ئاڵۆز و پێکهاتوو لە پیاوەکان و رمەکانیان، کە لە دەوری حوشترەکە بەرەنگاری یەکتر بوونەوە. بە بەردەوامی پیاوانی ئەم خێڵ یان ئەو خێڵەی تر لە دەوری گردببوونەوە و رووبەڕووی مردن دەبوونەوە: ئەوانە لە بەنی عەدی بوون، بە تایبەتیش (ضبة) و (الازد)[37]، کە سەدان کەسیان لێ کوژرا ئەگەر نەڵێین هەزارانیش. دەستگرتن بە جڵەوی حوشترەکە بەرامبەر بوو بە خۆبەختکردن، بەو شێوەیە ژمارەی قوربانییەکان زۆر بوو.

سەرەتا عائیشە لە ناوەوە ئامادەبوونێکی زۆری هەبوو، خەڵکی کوفەی هاندەدا شەڕەکە رابگرن، هاواری دەکرد: «ئەوانەی تر، ئەوانەی تر»، ئەوە بانگەوازێك بوو لە دژی لەناوبردنی هاوبەرامبەران، بۆیە بە وشەی «رۆڵەکانم» بانگی لێکردن و بەبیری دەهێنانەوە کە ئەو دایکیانە. کاتێك عائیشە بینی دوژمن و نەیارەکانی سورن لەسەر لێدانی، داوای لە خەڵکی بەسرە کرد تاکو نەفرەت لە بکوژانی عوسمان بکەن، لە ناوجەرگەی شەڕەوە زۆر بەهێز نەفرەتلێکردن دەنگیدایەوە. پاشان بە دەنگە بەهێزەکەی دەستیکرد بە هاندانی شەپۆلە یەك لەدوای یەکەکان کە بەرگرییان لێدەکرد (لە حوشترەکەی). پرسیاری لێدەکردن دەربارەی شوناسی خێڵەکیان یان کەسییان و بە شێوەیەکی بەهێزو جێگیر

37- الطبری، بەشی4، لاپەڕە 516-518. لێرە (الأنساب) بە شێوەیەکی زیاتر تۆکمە و بەپێزتر لە ریوایەتی سەیف دەردەکەوێت، کە تەنها ئاماژە بۆ تێکشکانی گەورەی بەسرییەکان دەکات و هەندێك قارەمانێتی شەخسی بۆ زیاد کردووە، لاپەڕە 241 و لاپەڕەکانی دواتر، المسعودي، بەشی3، لاپەڕە 111.

ئامادەگی خۆی نیشاندەدا. لە گێڕانەوە داستانیەکەی (سەیف)دا هاتووە: هەوڵە تاکەکەسیەکان هەمیشە پێگەیەکی فراوانیان لە دەوری حوشترەکە (ناوەندی شەڕەکە) بەرجەستە کردبوو، چونکە عائیشە دوور لە چاوەکان لەوێ بوو، بەڵام دەنگی، ئامۆژکارییەکانی و لێپرسینەوەکانی دەیانخستە دەرەوەی رۆڵی نەرێنی کەسی پیرۆز. بە شێوەیەکی چالاکانە بێئەوەی رۆڵی فەرماندەی سەربازی بۆ خۆی رەوا ببینێ رۆڵی دەگێڕا. لەگەڵ قەڵغانە ئاسنینەکە و حوشترەکەیدا پێکەوە وێنایەکی بەرجەستەیی و داهێنراوی نائاساییان درووستکرد تا ئەو ئاستەی کە شەڕەکە ناوی (الجمل)ی هەڵگرت، ئەو تاقمەش کە لایەنگیرییان کرد، تەڵحە و زوبێر و ئەوانیتر، لە مێژوودا بە (أصحاب الجمل) ناسراون. کاتێك شەڕەکە بۆ کوشتارگەیەك گۆڕا، هەردوولا پێکهاتن لەسەر بڕینی ئەژنۆی حوشترەکە بەو شێوەیەش کەوت، بە جۆرێکی رانەگەیەنراو رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بەسرییەکان پارێزراو بن.

هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە: ئەوەی جێی سەرسوڕمانە یەکسەر لەگەڵ کەوتنی حوشترەکە لەسەر زەوی کە جەستەی وەکو ژیشك بە سەدان تیر داپۆشرابوو، شەڕەکە وەستا. لێرەدا وەستاندنی شەڕەکە لەبەر لەدەستدانی ویستی شەڕکردن نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە رەمزە پیرۆزەکە کەوت، وەکئەوەی پیرۆزی لە عائیشەوە گوازرابێتەوە و لە خودی حوشترەکەدا گیرسابێتەوە، هەر ئەویش بوو وەك ئاژەڵێکی قوربانی شایستە هەموو توندوتیژی پیاوەکانی راگیر کرد. وەکئەوەی شەڕەکە بۆ کوشتنی خودی عائیشە یان بەرگریکردن لێی بەرپا نەبووبێت، بەڵکو وادێتە پێشچاو لەبەر ئەو حوشترە بووە کە لەسەر پشتی عائیشە و پیرۆزیەکەی و قەزیەکەی هەڵگرتبوو. کاتێك حوشترەکە پێکرا، هەموو شتێك وەستا، کەژاوەکە کەوتە لایەك، بەڵکو لە ناوەڕاستی ژمارەیەك کوژراوی زۆردا کەوتە سەر زەوی، ئەوەبوو لە دوای روودانـی قەسابخانەیەك لەناو ریزەکانی هۆزی (ضبة) و (الأزد)، کە سەرسەختترین بەرگریکارانی حوشترەکەی

عائیشە بوون ژمارەیەك لە كەسە بەناوبانگەكانی كوفە و بەسرە، خانەدانەكانی قورەیش، خانەدانی ناو بنەماڵەكان و سەرۆك خێڵەكان كوژران.

# چڕی دراماتیكی لە دوای شەڕ

لە كاتێكدا كە باسكردنی روداوەكانی شەڕەكە بەپێی فۆرمێكی داستانی و قارەمانانە بۆمان دەگێڕدرێتەوە، لە بەرامبەردا كتوپڕ چڕی دراماتیكی ئاشكرا دەبێت دوایئەوەی كە قەبارەی كوشتارگەلەكە پێوانە دەكرێت و خەڵك لەسەر مردووەكان دەگریان، هەروەها كاتێك هۆشیاری لەسەر ئەو روداوە پڕ نەهامەتیە پەیدا دەبێت. جیاواز لەگەڵ شەڕی (صفین) كە دواتر رودەدات، لێرە ژمارەی كوژراوە ژمێردراوەكان كەڵەكە بووە و پێدەچێت بیرەوەریی پارێزگاری لە زیندوێتی خۆی كردووە، بە تایبەتی سەبارەت بە كوژراوانی بەسرە، ئەمە لە كاتێكدایە كە ئەو بیرەوەرییە لە ئاست كوژراوانی كوفەدا دەسڕێتەوە و نامێنێت. سەیف بە تێكڕایی باسی كوژرانی (10) هەزار كەس دەكات، كە بە یەكسانی لە نێوان هەردوو بەرەی شەڕی دابەش دەبێت كە پێكەوە لە (50) هەزار جەنگاوەر پێكهاتبوون. بەڵام كاتێك بە تایبەتی باسی ژمارەی كوژراوانی گروپ و تاقمی خێڵە گەورەكان دەكات، رایدەگەیەنێت كە بە تێكڕایی ژمارەیان گەیشتۆتە (6500) كوژراو، ئەوەش هەمان ئەو ژمارەیەیە كە (عمر بن شبة) باسی كردووە.

هەروەها تێبینیشی كـردووە، ئەزدییەكان كە لە سەربازگەی بەسرە تووشی نەهامەتیەكی رەش بوون، (2000) كەسیان لێكوژرا، كە پێدەچێت زۆربەیان لە بەسرییەكان بوون، هەروەها خێڵی (ضبة) لەو شەڕەدا (1000)كەس و مەزەرییەكان (2000) كەس و بەنی تەمیم (500) كەس و هەریەكە لە قەیس و یەمەن و بەكرییەكان وەك تەمیم (500) كەسیان لێ كوژراوە. كەمترین ئاماژەی بەردەست دەربارەی ژمارەی كوژراوانی بەسرە بریتیە لە (2500) كەس، كە (1350) كەسیان

له یەزدییەکانن، ئەوەش بە ژمارەی تێکڕایی دەگاتە نێوان (355) تا (4000) کوژراو، کەواتا سوپاکەی عەلی زیانی کەمتری بەرکەوتووە. دەکرێت ئەو ژمارەیە بە هەند وەربگیرێت، هەروەك دەشکرێت ژمارە (6000) یان (6500) کوژراو بە هەند وەربگیرێت، بەڵام پێویستە بە تەواوەتی ژمارەی قەبە و نامەعقول بخەینەلاوە کە باسی کوژرانی (15000) یان (20000) کەس دەکرێت.

(خلیفە بن خیاط) لیستێکی وردترمان پێشکەش دەکات دەربارەی کوژراوانی قورەیشی و خانەدانەکانی سەر بە هەندێك لە عەشائیرەکانی بەسرە، بەڵام پێویستە لە رێگەی خوێندنەوەیەکی وردی زانیارییەکانی سەیف تەواو بکرێت: (30) کوژراوی قورەیشییەکان کە زۆربەیان کەسانی بەناوبانگ بوون، (76) کوژراو لە هۆزەکانی تر کە تەنیا هەندێکیان ناسراون. بەڵام سەیف لەناو لاپەڕەکانی گێڕانەوەکانیدا باسی ناوی ئەو خانەدانە عەرەبانە دەکات کە لە شەڕەکەدا وەك زۆربەیان وەك گروپی بنەماڵەیی تەواو کوژراون، لە پێناو بەرگریکردن لە پەیامەکەیان کە هەمیشە ببووە ئامانجی هێرش و پەلامارەکان[38]: بە نزیکی ژمارەی ئەمانە گەیشتۆتە (30) کەس. بەڵام لە بەرەی سوپاکەی عەلی لەناو ژمارەی کوژراوەکاندا تەنیا ناوی (6) کەسی بەناوبانگ بەدیدەکرێت، لەوانە براکانی صوحان. ئەوە ئاماژەیەکە بۆ بوونی خواستێکی بەهێز لە پێناو کەمکردنەوەی زیانەکان و تەنانەت سڕینەوەشی.

مێژوونوسی هاوچەرخیش دەتوانێت هەوڵبدات کە ژمارەی تێکڕایی هەردوو بەرەکە کەمبکاتەوە، چونکە بابەتەکە پەیوەندارە بە شەڕی نێوان عەرەبە موسڵمانەکان کە تێیدا ژمارەی بریندار بەسەر کوشتندا زاڵ دەکرێت، چونکە بەگوێرەی فەرمان و راسپاردەی عەلی لە دوای هەڵاتن و کەوتنی بەسرییەکان هیچ کۆمەڵکوشتن و راوەدونانێك لە بەرامبەر بریندارەکاندا نەکراوە، خودی سەرچاوەکان خۆیان ئەم

38- بۆ نموونە (الطبری)، بەشی 4، لاپەڕە 522 دەربارەی ئەزدییەکان باسدەکات کە ژمارەیەکی زۆرییان لێکوژراوە، پێشدەچێت لەو شەڕەدا تەنها (70) کەس لە قورەیشییەکان کوژرابن. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 530

ڕاستیەمان پێدەڵێن. بەڵام قورسە باسی کوژرانی ژمارەیەك لە خوار چەند هەزار کەسێك بکرێت، لە کاتێکدا ژمارەی کوژراوە ناسراو و بەناوبانگەکان لە دەورەبەری (100) کەسدایە، یان کاتێك هەندێك لە عەشیرەتە بچوکەکانی سەر بە ئەزدی، وەك تاحیە و جهازم (30) کەسیان لەناو گۆڕەپانی شەڕدا لێ کوژراوە و زۆر بە وردی ژمارەیان دیاریکراوە.

کەواتا (الجمل) شەڕێکی خوێناوی بوو، بە یەك ڕۆژ و لە کاتی دوانیوەڕۆ لە کاتێکی پڕ توندوتیژی ڕویـدا، بە هـەزاران پیاو کـوژران و بریندار بوون و شێوێنران، بەڵام ڕادەی خوێناوی شەڕەکە لەو دۆخە ترسناکە کەمترە کە لە گێڕانەوە تۆقێنەرەکەی سەیف باسیکراوە و دەڵێت: دارستانێك لە ڕمی چەقیو، قەرەباڵغیەکی توندوتیژ و نادیار، قەسابخانە و کوشتارگەلێك بە دەوری حوشتردا و بەیداخەکان بەرزکرابوونەوە. بە دڵنیاییەوە ئەوە شەڕێکی دراماتیکی چڕو پڕە، چونکە هەموو خێڵێك دەستەخوشکەکەی هەڵدەدڕی، ئەوەی تریش بەرەنگاری دەوەستا و لێیدەدا: (مضر) لە بەرامبەر (مضر)، (ربیعة) لە بەرامبەر (ربیعة)، یەمەن لە بەرامبەر یەمەن. ئەوان لە دین و ئیتنیکدا برای یەکتری بوون. شەڕێك بوو لە پێناو دین، واتا لە پێناو دین و پەیڕەوی ڕێگەی ڕاست، واتە لە پێناو عەلی یان عائیشە، کاتێك کە حەماسەتی ئیسلام و هەڵچوونی عەرەب ئاوێتە و هۆگری یەکتری بوون، ئەوانەش لە ئەفرێنەرانی یەکەمین بوون، ئەفرێنەری ئایین و خوێن پێکەوە، بەڵام ئەوەی دواییان لە دژی خۆی وەستایەوە.

دوو هێزی شەڕکەر و بە ئەزمون و قاڵبۆوە لە شەڕدا، شارەزا لە شەڕی جەماوەری گـەورەدا، سەرکەوتوو لە لەناوبردنی هێزە ساسانیە زۆرو زەوەنـدەکـان و فەتحکردنی هەموو وڵاتی فارس، دوو هێزی گەورە بوو کە ئیسلام پێکیهێنابوون. ئەمە یەکەمینجارە عەرەب لەو ئاستەدا بەرەنگاری یەکتری ببنەوە، بە جیاواز لەگەڵ ئەو شەڕانەی لە سەردەمی جاهیلییەت یان تەنانەت شەڕەکانی سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا کە لە نێوان خێڵ و هۆزەکاندا ڕویانداوە. دواجار ئەم شەڕە،

شەڕی نێوان سوپای ئیمپراتۆریەتێکە، سوپایەکی دامەزرێنەری دەوڵەتێك و وێرانکاری دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتیەك. پاشان لە شەڕی (صفین)دا هەمان سیماو تایبەتمەندییەکانی شەڕی (الجمل) بە ئاستێکی فراوانترو مەترسیدارتر بەدی دەکەین. مەترسیداری ئەو درامایەی کە لە سایەی چڕییەکی ویژدانی و پڕ هەڵچوون و لەو کاتە دژوارەدا رویدا، لە رێگەی چەند دیمەنێکەوە دەتوانین بەرجەستەی بکەین و بیهێنینە پێشچاومان. عائیشە لەلایەن براکەی (محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر)ەوە رەوانەی ناوەڕاستی بەسرە کرا، بۆ ماڵە گەورەکەی عەبدوڵڵای کوڕی خەڵەفی خوزاعی کە لەناو ریزەکانی هێزی عائیشەدا کوژرا، ئەمە لە کاتێکدایە کە عوسمانی برای لەناو ریزەکانی سوپاکەی عەلی کوژرا. هاوسەرە قورەیشیە خەمبارەکەشی بە نەفرەتلێکردن دادەباریە سەر عەلی، هەرچەندە لە قۆناغی منداڵیەوە عەلی دەناسی و بە «بکوژی خۆشەویستان» ناوزەدی کردبوو. ئەو ماڵەی عەبدوڵڵا پڕبوو لەو قورەیشیە بریندارانەی کە لە ژوورەکانی ناوەوەدا خۆیان شاردبۆوە. بە کورتی دۆخەکە بریتیبوو لە تابلۆیەکی تەواو لە فرمێسك و خەم و ئازار، کە لە یادەوەری ئیسلامی پێغەمبەردا پاشهاتێکی دیار بوو بۆ هەڵوەشانی جەستەی (قورەیش)، واتە خێڵی تایبەتی پێغەمبەر.

لەناو ئیسلامدا عەلی بە شێوەیەکی زۆر رەق و توند دەرکەوت، گومانیش لەوەدا نییە کە پاشماوە کاریگەرەکانی ئەو رابردووە وایکردووە لەلایەن قورەیشەوە بێزراو بێت. ئەمڕۆش ئەو رقلێبوونەوە و بێزراویە گەیشتە بینەقاقا، واتە جارێکی تریش عەلی خۆی لە شوێنی تاوانباردا بینیەوە (بکوژی خێڵەکەی). ئەوە لە ئەنجامی نەفرەتەکانی ئەو ژنەوە تەقیەوە لە رێگەی دوو دێڕ شیعرەوە، کە لە ئەنجامی نیمچە کۆدەنگیەکی قورەیش بۆ وەستانەوە لە دژی عەلی، ئەمڕۆ لە (الجمل) و سبەینێ لە (صفین)دا ئاراستەی عەلی کران. لەو ساتەوەختە دورو درێژە لە سایەی تێکشکانی دەروونی بەهۆی شەڕەوە، عەلی ئارامی و پشودرێژییەکی باڵاو پەسەندی نیشاندا. بێدەنگیەکی ئارامگرتووانە لەبەردەم خەم و پەژارەی قورەیش،

لەگەڵ ئاراستەکردنی لۆمەیەکی سوك بۆ عائیشە کە وایکرد موسڵمانەکان شەڕ بکەن و یەکتری بکوژن، لە کاتێکدا خودا فەرمانی پێکرد، بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی لە مەدینە و «لە ماڵەکەیدا ئارام بگرێت».

دەوترێت، عەلی بە بیانووی ئەوەی نەیزانیوە هیچ گرنگیەکی بە قورەیشیە بریندارەکان نـەداوە، بەڵکو لە دواییدا رێگەی پێداون لە پاڵ هەندێك لە سەرۆکەکانی بەسرە رزگارییان بێت و رابکەن بۆلای دوژمنەکەی لە داهاتودا (موعاویە). ئەم رەسەنایەتی و ویستە قوڵە بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان، بۆ دووبارە پێکەوەگرێدانەوەی گیانی بریندارى ئوممەت، لە رەفتاری عەلی بەرامبەر بەسرییەکان و هەموو کوژراوانی شەڕەکەدا بۆمان روندەبێتەوە. جۆرێك لە وەسواسیی مردن، جۆرێك ترسی قوڵ پەیوەست بە مردن لە ناخی عەلیدا هەبوو. سەبارەت بەم بابەتە گوتار و دوو هەڵوێستی نوێ لە کەلتوری ئەنترۆپۆلۆژیای عەرەبیدا بوونی هەیە، هەروەك مێژووی عەرەبی بۆی جێهێشتوین. کتێبی (نهج البلاغة) کە کۆی گوتارەکانی و وتەکانی تێدایە، بەمجۆرە گوتارانە دەوڵەمەندە کە تێیدا نیگەرانی ناوخۆیی و لەخودا ترسان تێکەڵاو بووە.

لە شەڕی (الجمل)وە بۆ نەهرەوان عەلی درێغی ناکات لە داواکردنی داباریـنی رەحمەتی خودا بۆ سەر گیانی هەموو کوژراوەکان، ئەوانەی دۆستن و ئەوانەشی کە دوژمنی بوون. خەواریجەکان لۆمەیانکرد لەبارەی گریانی عەلی لەسەر تەرمی کوژراوەکان، چونکە ئەو بووە هۆکاری کوشتنیان، لۆمەیاندەکرد بەهۆی پێداگریکردنی لەسەر بەخاکسپاردنیان بە شێوەیەکی رێکوپێك دوایئەوەی سەریانی بڕی. هەر لێرە باسی ئەوەمان بۆ دەکرێت کە عەلی دڵگران و خەمبار بوو لە بەرامبەر کوژراوانی شەڕی (الجمل)، لەگەڵ باسی ئەو نوێژە دووسەرەیەی کە لەسەر تەرمی مردووەکان ئەنجامیداوە، ئەوانەی خەڵکی بەسرە و ئەوانەش کە خەڵکی کوفە بوون، لەناو گۆڕستانێکی هاوبەشی گەورەدا نێژرابوون.

پێموایە پێویستە لەمەدا زیاتر لە کاریگەرییەکی پیرۆزی، یان تەنانەت زیاتر

له سیاسەتێك بەدی بکەین، ئەوەش بریتیە لە هەستپێکردنی قوڵی ئەو مرۆڤە موسڵمانە بە راستی کە خۆی لەبەردەم حەتمییەتی چارەنوسێکی شومدا بینیەوە بـەرەو هێنانی مەرگ لەناو ریزی موسڵماناندا. ئەو هەرگیز ناگاتە ئاستی تۆمەتبارکردنی دوژمنەکانی بە بێباوەڕی، هەمیشە دەیوت: ئەوان موسڵمانن و هێشتا بە موسڵمانی ماونەتەوە، خودا بە کۆیلەکردن و چەوساندنەوەیان و لەناوبردنی شەرەفیانی حەرامکردووە. نموونەش ئەوەیە کە لە بەسرە چەکەکانی بۆ نەیار و دوژمنەکانی گەڕاندەوە، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بەماڵی خوداوە هەیە، واتا بەرهەمی فەتح، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەیتوانی خۆی مامەڵەی تێدا بکات بەو پێیەی کە پێشەوای موسڵمانانە. عەلی دەستی بەسەر چەکەکاندا نەگرت و بە شەخسی مامەڵەشی پێوە نەکرد وەك چۆن عوسمان کردی، بەڵکو بە روحیەتێکی یەکسانی کە بواری مشتومڕی تیادا نییە بەخشی بە جەنگاوەران، چونکە مەبەست لە دیدی ئەودا مەرجێکی هەمیشەیی بوو، کە بە بەردەوامی بەرگری لێدەکرد. دواجار دەگەینە جەوهەری بابەتەکە: خەڵکی بەسرە بە ئاشکرایی بەیعەتیان تازە کردەوە، هەموو خێڵەکان بەیعەتیان پێدا و بەیداخەکانیان بەرزکردەوە. پێویست بوو بەڵێن شکاندن نەهێڵرێت و خواستی دابەشبوون لە جەستەی ئوممەتی ئیسلامدا بسڕدرێتەوە، بەو پێیەش سڕینەوەی شەڕەنگێزی کارێکی پێویستبوو، کە لە شەڕو تێکشکاندا دەرکەوت.

لە راستیدا بەسرییەکان بـەوپـەڕی رێکخراوەیی و بەبێ بەرگریکردن و خۆئەزێتدانێك ئەوەیانکرد، ئەو کارەیانکرد کە لەسەرییان پێویست بوو بیکەن لە پێناو مەسەلەی خوێنی عوسمان و بەرگریکردن لە عائیشە «دایکی باوەڕداران»، بەڵکو ئیتر لەسەرییان پێویست بوو بۆ سیستەمی ئیسلامی بگەڕێنەوە. بە رادەیەك بەسرییەکان لە پێناو شەرەف و ئابڕو شەڕییان کرد، بەڵام پەتی ورەیان کورت بوو شەڕەکەش بە رێکەوتنێکی هاوبەش کۆتاییپێهات، بە راستی بە دۆڕان کۆتاییهات، بەڵام دۆڕانێکی هێندە قورس نەبوو کە قەرەبوو نەکرێتەوە. رێژەی پابەندبوونیان

له بەرامبەر سەندنی خوێنی عوسمان زۆر باڵا نەبوو، بەڵكو ئەوە كەمێك بێزراو بوون، بەڵام تا رادەیەك ناچاركران. بەسرییەكان بە راستی بەیعەتیان بە عەلی دا، دوایی لێی پاشگەزبوونەوە و پەیمانەكەیان شكاند، بەڵام قابیلی ئەوە بوون بەبێ بوونی هیچ كێشەیەكی ویژدانی بگەڕێنەوە بۆ باری پێشوو.

لەمەدا هەڵسوكەوتی عەلی لە بەرامبەرییان یارمەتیدەر بوو. لە راستیدا ئەو هەڵسوكەوتە تەنیا لە بۆتەی پێكهاتەیەكی سایكۆلۆژی ئاڵۆز لێكنادرێتەوە، كە لە توندێتی و خوداپەرستی، رەقی و نەرمی پێكدێت. لەپشت هەموو ئەمانەوە نموونەی ئەزمونی پێغەمبەرایەتی، واتا شێوازی هەڵسوكەوت و مامەڵەكردنی پێغەمبەری خودا لە بەرامبەر مەككەی شكستخواردو رۆڵی خۆی دەگێڕا: لێبوردن لە بەرامبەر ئیهانەكردن، كردنەوەی دەرگاكانی مەدینەی ئیسلامی لەبەردەم دوژمنەكانی دوێنێ، بوونی هەستێكی سیاسی راستەقینە. عەلی زۆر پێویستی بەوەبوو جەنگاوەرانی بەسرە بخاتە ناو ریزی هێزەكانی بە مەبەستی خۆئامادەكردن بۆ ئەو رۆژە نزیكەی كە تێیدا ناكۆكی و شەڕ لەگەڵ موعاویە هەڵدەگیرسێت. ئەمە لە ئەنجامی بەیعەتی نوێكراوەدا بەرجەستە بوو، دەربڕینی راشكاوانەی بەڵێندان بە وەستان لە هاوشانی عەلی لە شەڕ و ئاشتیدا.

لەو كاتەدا تێپەڕاندنی دابەشبوون و بوغزاندن هەنگاوێكی پێویست بوو، نەك تەنیا لەبەر مەبەستە گشتیەكەی بۆ دووبارە تواندنەوەی ئوممەت لەو بۆتەیەدا، بەڵكو لەبەر چەند پێویستیەكی گرنگ و خێرا بە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی هاوبەش لە دژی موعاویە. عەلی بە شێوەیەكی نایاب لەو پێكهاتنەوە و هاوپەیمانێتیەدا سەركەوتنی بەدەستهێنا، لانیكەم بۆ ماوەیەك. هەروەها لە رێگەی بەدەستهێنانی سەركەوتن لە شەڕی (الجمل)دا توانی شەرعیەتی خۆی بەرجەستە بكات و بە شێوەیەكی واقیعی سەبارەت بە بەشێكی گەورەی ئوممەتی ئیسلام دایبمەزرێنێت.

# داستانی (صفین)

## سەرهەڵدانی ململانێ لە نێوان عەلی و موعاویەدا

بینیمان کە یەکەمین دەنگی دووبەرەکیی لە دوای بەیعەتپێدانی عەلی لەلایەن موعاویەوە سەریهەڵدا، چونکە ئەو تەنیا کەسێك بوو خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز بوو بۆ رەتکردنەوەی بەیعەت. هەریەکە لە مەدینە، کوفە، بەسرە، میسر، یەمەن

و شوێنەکانی تری دورگەی عەرەب لە ناوەندی جۆرێك لە دوودڵی و نیگەرانیدا دانیان بە خەلافەتی عەلیدا نا، بەڵام بەیعەتیان پێدا و دانیان بە دەسەڵاتەکەیدا نا. لە سەرەتاوە موعاویە کە شام لەپشتی بوو، ویلایەتێکی ناوەندی گەورەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بوو لە رووی فتوحاتەوە، پێشەنگ و پڕی بوو لە جەنگاوەرانی ئیسلام کە ژمارەیان پێکەوە بەقەدەر ژمـارەی جەنگاوەرانی لەشکری کوفە و بەسرە دەبوو[39]. لێرەوە یەکەم کێشەی گەورە سەریهەڵدا کە لە بەرامبەر عەلی وروژێنرا، ئەو کێشەیەی بەبێ پسانەوە بووە مایەی سەرقاڵی و خەمی یەکەمی. کێشەی شەڕی (الجمل) ئاڵۆزییەکی چاوەڕواننەکراو بوو کە بە خێرایی تێپەڕێنرا، چونکە تەواو کارێکی ناوخۆیی بوو کە لە یەك ناوەندا بەرپا بوو، ناوەندی گەورە هاوەڵان و کەسوکاری پێغەمبەر. بەڵام کێشەکە لە نێوان عێراقییەکان (بەسرییەکان لە دژی کوفەییەکان) بەردەوام بوو، واتا لە نێوان جەنگاوەرانی یەك شوێندا، کە پێکەوە لە نەهاوەند لە دژی فارسەکان جەنگان و لە یەك وڵاتدا هاوبەش بوون، عێراق و لە پشتیەوە جیهانی ئێرانی. مومکین نەبوو دابەشبوون و دووبەرەکی نێوانیان زۆر دوور بڕوات، بۆیە هەموو کوفییەکان لەگەڵ عەلی نەبوون، بەڵکو لەوەوە دوور بوون، چونکە بە دیاریکراوی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو شەڕ لەگەڵ برا بەسرییەکانیاندا بکەن. لەناو خودی بەسرەش دووبەرەکی و جیابوونەوە رویدا، نارەزایەتی و رەوتێکی بێلایەن دەرکەوت. هیچ ناحەزی و دوژمنایەتیەك لە نێوان ئەو دوو شارە برایەدا نەبوو کە لە شێوەی نەیارییەکی فەوتێنەردا ببێتە هۆکاری وەستانی یەکێکیان لە دژی ئەویتر. بەڵکو ململانێیەکی سیاسی - دینی بوو لە سەروی پێکەوەهەڵکردنی مرۆیی ئاساییەوە

39- ئەو ژمارانەی راستەوخۆ لە دوای شەڕی صفین پێمانگەیشتووە، سەبارەت بە لەشکری کوفە (40000) شەڕکەری پێگەیشتووە، ژمارەی لەشکری بەسرە (60000) شەڕکەرە. الطبری، بەشی5، لاپەڕە 79. لەساڵی 55ی کۆچیدا بەسرە (70000) شەڕکەری ئامادەی هەبوو، لە ساڵی 64ی کۆچیدا (80000) ی ئامادەی هەبووە. بەڵام سەبارەت بە لەشکری شام تەنها قەیسییەکان لە ساڵی 64ی کۆچیدا (60000) شەڕکەری ئامادەیان هەبووە، ئەوەش مانای وایە کە لەشکری شام نزیکەی (100000) کەس بووە. الطبری، بەشی5، لاپەڕە 504. البلاذري، أنساب، بەشی5، لاپەڕە 136

بەڕێوە دەچوو، ئەو ململانێیە وەك ناكۆكیەكی ڕەمزی لە پێناو شەرەفمەندێتی كۆتاییپێهات.

كوفە نەبوو كە لە دژی بەسرە شەڕی كرد، بەڵكو بەشێك لە خەڵكی كوفە و لەگەڵیشیاندا هەندێك لە بەسرییەكان، هۆزەكانی (عبدالقیس و بكر) لە دژی بەشێكی تر لە بەسرییەكان شەڕییان دەكرد. ئەو شەڕە لە پێناو بیروباوەڕ و بەرزڕاگرتنی ناوەكاندا بوو: لەگەڵ عەلی لە دژی عائیشە – تەڵحە – زوبێر، لە پێناو بیرۆكەیەكی دیاریكراو بوو سەبارەت بە مردنی عوسمان یان شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی خەلیفە. دایكی موسڵمانان و هـەردوو هاوەڵە هاوكارەكەی دوژمنایەتیەكی تەواو مەدەنییان گواستەوە بۆ سەر خاكی عێراق، بەوەش ململانێیەكی سیاسی – ئایدۆلۆژی – دینییان گۆڕی بۆ ململانێیەكی چەكداری، بەڵام سنوردار.

ئــەوە پێویستیەكی لەپێشدا نەخشە بۆكێشراو نـەبـوو لـە چوارچێوەی دەرهاویشتەكانی فیتنە ڕاستەقینەكە، هەروەها لەسەر ئاستی پێداگری لە خودی داواكاریەكە پێویست نەبوو ببێت، چونكە بەگوێرەی بڕواهێنان بە هەندێك سەرچاوەكان، تەڵحە و زوبێر و عائیشە بۆ ماوەیەكی دوور و درێژو تا كۆتایی، بە تایبەتیش تەڵحە نەیاری سیاسەتی عوسمان بوون. لە سەرووی ئەوەشەوە بە ئاشكرا لە بەسرە دانیان بەو بابەتەدا ناوە و باسیانكردووە، ئەو پاڵنەرەش كە ئەوانی جوڵاندووە ئەوەیە كە داوا لە خەلیفە كراوە تۆبە بكات و دەستبەرداری سیاسەتە كۆنەكەی بێت، ئەویش بەدەنگ داواكەوە چووە و ڕەزامەندی نیشانداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەكی نامرۆڤانە كوژراوە. كەواتا ئەوان عوسمانی نەبوون و بەو ناوەوە خۆیان دەرنەخستووە، بەڵام دەربڕی نیگەرانی و بێزاری كۆمەڵگەی ئیسلامی بوون لە ئاست ئەو ستەمەی لە دوایین سات، ساتی دوای تۆبەكردن و كوشتن كە لە عوسمان كرا.

گومانی تیادا نییە كە بابەتەكە ڕەوا بوو، بۆیە هەروەكو بینیمان دەبوو لە ناواخنی

ئیسلامدا تەقینەوەیەك لە پێناو بیرەوەری خەلیفەی کوژراودا رویبدایا و شۆڕشێکی ویژدانی چەکەرە بکات. ئاسان نەبوو عائیشە و هەردوو هاوکارەکەی بەو کارە هەڵبستن، چونکە هەمیشە دەکرا بەرەنگارییان ببنەوە بەهۆی رۆڵی پێشوویان وەك هەندەر لە بەرامبەر عوسمان. بەڵام کێشەی عوسمان بە چەند رێگەیەکی خراپ بەرگری لێکرا: قەسابخانەیەك لە بەرامبەر شەڕی ئەهلی. لە شەڕی (الجمل) دا ماوەی ناوبڕی «شۆڕشی ویژدان» کۆتاییپێهات، لە کاتێکدا هەموو نزیکیەك لەگەڵ قوربانیەکە و لە سەرووی ناکۆکیە سیاسییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان سنوری بارە ئاساییەکەی تێپەڕاند، لە نێوان چەند بە یەکتر ناحەزێکی کۆندا کە بە ناوی خوداوە بوونە کەسانی هەڵچو و تۆڵەستێن. هێشتا بابەتە سەرەکیەکە لەلایەن لایەنگرانی راستەقینەی عوسمانەوە چاوەڕوانی تەواوکردنی بوو. ئایا دەکرێت موعاویە لە ریزی ئەوان ئەژمار بکرێت؟ موعاویە والیەکی ئومەوی بوو بە شێوەیەکی ئاسایی بەهۆی وابەستەیی خوێنەوە کەسێکی عوسمانی بوو، لەبەر ئەوەی کە بە درێژایی خەلافەتی عوسمان والی هەموو وڵاتی شام بوو، لە کاتێکدا کە تۆمەتی سەرەکی ئاراستەکراو بۆ خەلیفەی پێشوو بریتی بوو لە دامەزراندنی خزم و نزیکەکانی لە پلەو پۆستەکاندا. بەڵام موعاویە لەوە هەڵاوێرد کرا، چونکە لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا کرابوو بە والی، لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی بە ئەزمون و تەنانەت پیاوێکی ئیسلامی بوو، بەڵام ناکرێت لە ریزی عوسمانییەکاندا پۆلێن بکرێت، هەروەك چۆن مەروانی کوڕی ئەلحەکەم و وەلیدی کوڕی عوقبە و عەبدوڵڵای کوڕی سەعد بن ئەبی سەرح لەسەر ئەو جەماعەتە پۆلێن ناکرێن. چەمکی عوسمانیەت کە لە دوای مردنی عوسمان سەریهەڵدا، ئاماژەیە بۆ ئەو دۆست و هاوڕێیانەی لەناو کۆمەڵی هاوەڵاندا لە ژیانیدا هاوکاری و پشتیوانیان کرد، وەك محەمەدی کوڕی سەلەمە و زەیدی کوڕی سابیت، پاشان لە ویلایەت و شوێنەکان بە شێوەیەکی فراوانتر خەڵکێك هەبوون بەرگرییان لێدەکرد و دژایەتی نەیارەکانیان دەکرد و کوشتنەکەیان سەرکۆنە کرد. بەڵام هاوەڵەکان، ئەوانەی لە

دڵەوە پشتیوانی عوسمانیزم بوون مەیلییان بۆ وازهێنان و دورکەوتنەوە هەبوو. لەناو عوسمانیە سیاسییەکانیش لە ویلایەتەکان: کوفە، بەسرە، رەققە، خەرەبتا لە میسر هەندێك دەبینین زیاتر لە خەڵکی شام پێویستە لەلایەکەوە دابنرێن. ئەگەر کەسێك عوسمانی بوایا هەرگیز مانای هاوسۆزی بۆ بنەماڵەی ئومەوی و نیازپاکی بۆ گەیاندنی بە دەسەڵات ناگەیەنێت، هەروەك مانای جیابوونەوەش نییە لە دژی عەلی.

ئەحنەفی کوڕی قەیس و هۆزەکەی لە پشتیوانانی عوسمانیزم بوون، بەڵام چەکیان لە دژی عەلی هەڵنەگرت، لە کاتێکدا هۆزی (ازد)ی بەسرە بە تایبەتی لەپێناو بەرگریکردن لە دایکی باوەڕداران (عائیشە)دا شەڕییان کرد، دوایئەوەی بە شێوەیەکی کاتی باوەڕییان بە رەوایەتی قەزییەکەی هێنا. لە میسریش دەوترێت (10) هەزار کەس هەڵوێستێکی ئیعتیزالی و وریاییان لە بەرامبەر والیەکەی عەلی وەرگرت، قەیس کوڕی سەعدی کوڕی عەبادەش بە شێوەیەکی تەواو لە هەڵوێست و سیاسەتی موعاویە سەربەخۆ بوو. راستە کە موعاویە لە دیدی ئەواندا دۆست و پەیوەندی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام خۆیان بە شوێنکەوتەی ئەو نەدەزانی. لێرەو لەوێ، لە دەرەوەی هەموو وابەستەیی و هاوپەیوەندییەکی بنەماڵەیی و خێڵەکی، خۆیان وەکو لایەنگرو پشتیوانی عوسمان پیشاندا، چونکە بە شێوەیەکی ویژدانی لایەنگری سیاسەتی پێشوویانکرد و ئیدانەی کوشتنیانکرد و یادەوەرییان بەرز راگرت، خۆیان وا پیشاندەدا ئامادەن لەو پێناوەدا کاربکەن. لە دوای حزبی قورئانخوێنان، عوسمانیزم دووەم حزب بوو لەناو ئیسلام لەدایکبوو، بەڵام یەکەمین حزب بوو بە ناوی مرۆڤێکەوە ناونرا.

لە کۆتاییدا، عوسمانیزمە راستەقینەکان سەرکردەی شەڕی (الجمل) نەبوون، نەشبوونە سەرکردەکانی شەڕی (صفین). لە شەڕی (الجمل)دا بانگەوازێك لەلایەن گەورە پیاوانی ئیسلامەوە بڵاو کرایەوە و خێڵەکان و عەشیرەتەکان و پیاوانی بەسرە بە دەنگیەوە چوون. شەڕی (صفین)یش لەلایەن سەرکردەیەکی ئومەوی

نزیك لە عوسمان فەرماندەیی کرا، کە کەوتبووە پێش شوێنکەوتوەکانی شام، تەنیا چەند گروپێکی بچوك لە لایەنگرانی عوسمانیزم لە میسرو عێراق پەیوەندییان پێوە کرد[40]. لە کۆتاییدا عەلی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەرەنگارییان نەبۆوە، مەبەستم ئەوەیە کە بەرەنگاری حزبی عوسمانیزم نەبۆوە. دەکرێت بە مانایەکی زۆر فراوانتر بوترێت کە بەشدارانی شەڕی (الجمل) سەر بە عوسمانیزم بوون، یان بە پێچەوانەوە بە مانایەکی زۆر قەتیس بڵێین ئەوان داوای تۆڵەسەندنی کوشتنی عوسمانیان دەکرد. هەروەها موعاویە بە حەق عوسمانی نەبوو، بەڵام بە تایبەتی ئەو ترۆپکی داواکردنی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان بوو، چونکە خزم و نزیکی بوو، بۆیە بەپێی حوکمە روونەکانی قورئان سەندنی مافەکانی خەلیفەی کوژراوی خستە سەرئەستۆی خۆی. موعاویە لە هەموو بارێکدا بەو سیفەتە خۆی نیشاندا و لە چوارچێوەی بنەماو حوکمە ئیسلامییەکاندا هەمیشە دادپەروەری تۆڵەسەندنەوەی کردە کێشەی خوێن و بنەماڵە. بەڵام شتێکی ئاساییە کە هەموو ئەمانە گرنگیان نەبێت تەنیا لەبەر ئەوە نەبێت کە موعاویە خاوەنی هێزێکی گەورە بوو، هەروەها لەبەر ئەوەش کە بابەتەکە پەیوەندارە بە کێشەیەکی تایبەتیەوە، چونکە عوسمان خەلیفەی هەموو موسڵمانان بوو نەك بە تەنیا خزمێك یان نزیکێکی موعاویە.

لە راستیدا بۆ ئەوەی موعاویە بەو ئامانجەی بگات، بە شێوەیەکی وریایانە و بەپێی قۆناغ کاریکرد، چونکە ناچار بوو ئەو کارە بکات، بیریشمان نەچێت کە عەلی بە شێوەیەکی نیمچە نیزامی لەلایەن خەڵکی مەدینە هەڵبژێردرا و زۆرینەی هاوەڵان

---

40- بەلانی زۆرەوە چەند سەد کەسێك دەبوون، بە تایبەتی لەگەڵ سماك. بەراستی عەشیرەتی (قسر بن بجيلة) لەگەڵ جرير کۆچیانکرد و چوونە پاڵ موعاویە و لە ناوچەی قرقيسياء لە جەزیرە گیرسانەوە، بەڵام پێدەچێت تەنها (19) کەسیان لەناو لەشکری موعاویە بەشدارییان لە شەڕی (صفين) کردبێت. بەڵام هەندێك کەس لە تیرەی کندە/کوفە سەر بە عوسمانیزم بوون و بەرەو جەزیرە و (الرها) و (نصيبين) کۆچیانکردووە و لەپاڵ لەشکری موعاویەدا شەڕییان کردووە: شەڕی صفين، لاپەڕە 60. ابن الاكلبي، نسب، لاپەڕە 25. پێدەچێت لەو سەردەمەدا ئەوان چەند سەد کەسێکیان بۆ شەڕ ئامادەکردبێت. سەرنجەدرێت کە ئەم باسە پەیوەندی بە کاریگەری (الاشعث)وە نییە.

دانیان پێدانا و هەموو ویلایەتەکان هاتن بۆ بەیعەتپێدانی. عەلی کەسێکی باڵادەست بوو، واتا پیاوێکی پەیوەستبوو بە سەروەرییەکانی ئیسلام، نەیاری عوسمانیش بوو. لە توانای موعاویەدا نەبوو وەك کەسێکی زیادەڕۆ و ئەوەندە بوێرانە خۆی نیشانبدات بەسەر دامەزراوەی خەلافەت و ئەو پیاوەی لەو کاتەدا نوێنەرایەتی دەکرد، چونکە ئەو تەنیا والی ویلایەتێك بوو خەلیفە دەیتوانی لە کاری بخات، هەرچەندە لەڕووی پراکتیکیەوە پێدەچێت عەلی لەسەر کار لایبردبێت، چونکە لە موسڵمانەکانی ساتەکانی کۆتایی و کوڕی نەیار و دوژمنی پێغەمبەر بوو. موعاویە خاوەن قورسایی نەبوو، بەڵکو لە میتامێژووی دامەزراندنی ئیسلامدا کەسێکی نێگەتیڤ بوو. موعاویە، ئەو خانەدانە ئومەویەی لەناو دڵی قورەیش درووست بوو، نەیدەتوانی دەنگی بەسەر ئەبی موسای یەمەنی بەرزبکاتەوە. لە گێڕانەوەیەکی یەکلانەبۆوەدا، کە تەواو دەربڕی هۆشیاری سەردەمەکەیە دەڵێت: کاتێك موعاویە لەگەڵ قورئانخوێنە دوورخراوەکانی کوفەدا لە روبەڕوبوونەوەدا بوو، دەوترێت نەیارو بەرامبەرەکانی ئاماژەیان بە رابردووی خۆی و باوکی کردووە، ئەویش دەستیکردووە بە بەرگریکردن لە خۆی و وتویەتی: «کاتێك پێغەمبەر (د.خ) مەعسوم بوو، منی کردە والی، کاتێکیش ئەبوبەکر بوو بە خەلیفە منی کردە والی، کاتێکیش عومەر بوو بە خەلیفە هەر منی کردەوە والی، کاتێکیش عوسمان بوو بە خەلیفە منی کردەوە بە والی، کەواتا هیچ کەسێکیان منیان نەدەکردە والی ئەگەر لێم رازی نەبوونایا». هەردوو خەلیفە، بە تایبەتی عومەر دەیانەویست نەوەی نوێی ئومەوی لە تاریکی و خراپی بارودۆخیان دەربهێنن، لە رێگەی راسپاردنیان بە چەند ئەرکێکی سەرکردایەتی. بۆ نموونە برا گەورەی موعاویە (یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان)، کە بە شێوەیەکی کارا و بەرچاو بەشداریکرد لە فەتحکردنی شام و خەلیفە عومەر بە تایبەتی لە ساڵی 18ی کۆچیدا کردیە والی ئەو ویلایەتە.

یەزید، موعاویەی راسپارد بۆ لە ئەستۆگرتنی هەندێك بەرپرسیارێتی سەرکردایەتی، بە تایبەتی دەست بەسەرداگرتنی قیساریە، کە یەکێك بوو لەو شارە کەمانەی

بەزۆر سەندرا. لە دوای چەند مانگێکی کەم یەزید مرد و عومەر موعاویەی برای لە شوێنی دانا. ئەو هەنگاوە بەلای عومەر تەنیا گرنگیپێدان نەبوو بە بەستنەوەی ئەرەستۆکراتیەتی قورەیش بە شێوەیەکی باشتر بە ئیسلامەوە، بەڵکو جۆرێك بوو لە زیادکردنی ڕێزو پێگەکەی، چونکە بە راستی لە فەتحکردنی شام کاریگەری و جێدەستی قورەیش دیار بوو، لە بنەماڵەی ئومەییە بێت یان لە مەخزوم یان هەر پشتێکی دیکەوە بووبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی گەنجەکانی قورەیش لە شەڕی یەکلاکەرەوەی یەرموك لە ساڵی (15ی کۆچی/637ی زایینی) بە خوێنی خۆیان باجێکی گەورەیان بەخشی. ئەبو سوفیان وەکو جەنگاوەرێکی گەڕاوە بۆ هۆشی خۆی و گرنگی گرەوەکە، بە شێوەیەکی ورەبەرزانە وتاری بۆ جەنگاوەرەکان دەدا. ئایا بە خەیاڵی ئەو پیاوەدا هاتووە، کە تەنیا سەرکردەی کاروانە عەرەبییەکان بوو، بە وڵاتی شام و سەروەرییەکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ئاشنا بوو، کە رۆژێك دێت عەرەبەکان لەژێر سەرکردایەتی قورەیشدا بە دیاریکراوی ئەو ئیمپراتۆریەتە لە وڵاتی شام دەربکەن؟ یان بە خەیاڵیدا هاتووە کە رۆڵەکانی قورەیش یەك لەدوای یەك جڵەوی سەرکردایەتی دەگرنە دەست؟ ئەستەمە گومان لەوە بکرێت کە پارێزگاریکردنی ئەبو سوفیان لە پەیوەندیە باڵاکانی پێشووی وایکردووە عومەر بڕیاربدات یەزید و دوایئەویش موعاویە بە والی دابمەزرێنێت. عومەر وەکو سەرکردەی گەل و سەرکردەی راستەقینەی عەرەب ناسرا، هاوکات لەگەڵ هەبوونی هەستێکی نەتەوەیی تیایدا، بەڵام چۆن ستراتیژێکی عەرەبی کۆدەنگانەی جێبەجێکرد، چۆن بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە و ناکۆکی و ململانێ کۆنەکانی لە نێوان قورەیشییەکاندا سڕییەوە، بەڵام بە واتای ئیسلامی پێشینە ئەو خواستە عەرەبیەی بەهۆی ریزبەندێتی رێزدانان و بەخشینەوەکانەوە هاوسەنگ راگرت. عومەر لە کوفە و بەسرە، دوور لە هەموو ئیعتیبارێکی خێڵەکی یان کۆمەڵایەتی کەسانێکی لەسەر کار دامەزراند کە بە تەواوەتی لە ئەهلی ئیسلام بوون، لە شامیش عومەر دەیویست سەرەتا گەورە هاوەڵە قورەیشییەکان دابمەزرێنێت، بۆ

نموونە وەك ئەبو عوبەیدە، پاش ئەوانیش دەیویست پیاوانی خاوەن بەها دابنێت، بەڵام خاوەنی رابردوویەکی ئیسلامی شکۆدار نەبوون.
شام ئەو تاقیگەیە بوو کە راستگۆیی پابەندێتی قورەیش بۆ ئیسلام تێیدا تاقی کرایەوە، راستگۆیی ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو ببوونە ئیسلام، پێکەوە لەگەڵ ئەوانەشدا کە لە ساتەوەختی کۆتاییدا ئیسلامبوونیان هەڵبژارد: لە خالیدەی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاص تا خالیدی کوڕی وەلید و عەمروی کوڕی ئەلعاص، تا یەزید و موعاویە. لە کاتێکدا لە عێراق سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص تەنیا کەس بوو نوێنەرایەتی قورەیشی کرد، بەڵام بەو پێیەی سەحابیەکی گەورە بوو لە سەرووی هەموو ریزبەندییەکانەوە دەبینرا. لەو چوارچێوەیەدا، رەگوڕیشەکانی موعاویە بە تایبەتی لە بارودۆخی فەتحکردنی شام خۆی داکوتا بە قەدەر رەگداکوتانی لە سیاسەتە رێکخراوو پلان بۆدارێژراوەکانی عومەردا. ئەوەی دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی موعاویەی ئاسانتر کرد بریتیبوو لە مردن یان لەدەستدانی قورەیشیە موسڵمانەکان لە ئەهلی پێشینە بەهۆی شەڕەوە، هەروەها کرانەوەی خاکی ویلایەتی نوێ لە بەردەم پرۆسەی فەتح (میسر)، لەگەڵ کاریگەری ئەو گورزە کوشندەیەی کە بەهۆی تاعونی (عمواس) لە ساڵی 17–18ی کۆچیدا بەریبانکەوت. بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە هەریەك لە خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاص، خالیدی کوڕی وەلید، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح و یەزید و هەندێکی تریبان مردن، پاشان عەمروی کوڕی ئەلعاص لە فەلەستینەوە رۆیشت بۆ میسر، بەڵام موعاویە مایەوە و لە هەموو ئەو دۆخانەدا رزگاری بوو، تاوەکو لە پێگەیەکی قایم و شایستەدا ببێتە شوێنگرەوەی براکەی و بەهاو پێگەی خۆی جێگیر کرد.
با لێرەدا تێبینی بکەین کە بنەماڵەی ئومەوی هەموویان رازی نەبوون لەسەر دژایەتیکردنی پێغەمبەر. بە کردەوە کەسە کۆنەکانیان لە کوژراوانی بەدر، دوژمن و ناحەزانی پێغەمبەر بوون، بەڵام بە ئاستێکی کەمتر لە بەنی مەخزوم دوژمنی

بوون. بەڵام ژمارەیەك لە ئومەوییەکان لە قۆناغێکی زۆر زوودا هاتنە سەر ڕێبازی ئایینی نوێی ئیسلام و بەتوندی لە پێناویدا جیهادییان کرد بۆ نموونە کەسێکی وەك ئەبی حوزەیفە کە یەکێك بوو لە قارەمانان و موجاهیدانی ئیسلامی سەرەتا، لە شەڕەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕانەوەدا کوژرا، هەروەها هەمان شت سەبارەت بە عوسمان کە هەموو سامانەکەی بە ئیسلام بەخشی، هەروەها خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاص، کە هەرچەندە کەمێك درەنگ بوو بە ئیسلام، بەڵام کۆچبەر و سەحابیەکی بە ورە بوو بۆ ئیسلام. هەموو ئەمانە هەبوون بێئەوەی زۆرێك لە هاوپەیمانە ئومەوییەکان و لایەنگرانیانمان ئەژمار کردبێت ئەوانەی کە یارمەتی و پشتیوانی پێغەمبەرییان کرد و سەرجەمیان چوونە ناو ئیسلامەوە: دیارترین نموونەیان وەك سالم مەولا ئەبی حوزەیفە و بەنی غونەیم و عەبدوڵڵای کوڕی جەحش. ئەمە مانای وایە کە بنەماڵەی ئومەوی بەهێز و ژمارە زۆر، فرە لق و تیرە، سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر ئیسلام لەناویەکدا دابەشبوون. دەمێنێتەوە بڵێین کە ئەبو سوفیان لەدوای شەڕی بەدر خۆی وەك سەرۆکی قورەیش ناساند، بەو سیفەتەشی لە شەڕەی ئوحود و خەندەق لە دژی پێغەمبەر جەنگا و بەرەیەکی راستەقینەی بەناوی (الأحزاب) درووستکرد، بەڵام رۆڵی ناڕوون بوو، چونکە خۆی وەکو دوژمنێکی سەرسەخت نیشان نەدەدا. لە سایەی سەرکردایەتی ئەودا قورەیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە خۆی رادەست کردو ئیسلام بوو. گومان لەوەدا نییە کە هیچ بوارێکی تری بۆ دەربازبوون نەبوو، بەڵام ئاسۆیەکی هەڵکەوتووی نوێ لە ڕێگەی دەسەڵاتی نوێ و ئایینی نوێوە لەبەردەم قورەیش کرایەوە، ئەبو سوفیانیش لەوە تێگەیشت.

سیاسەتی ئاشتیخوازانەی پێغەمبەر لەوەدا یارمەتیدەر بوو: پێغەمبەر رایگەیاند موسڵمانانی تازە، کە هێشتا ئیسلامبوونیان باش دەرنەکەوتووە «ئازادن»، واتا بە ویستی خۆی ئازادیکردن، بەڵام وا پێویستبوو باوەڕی تەڕو پڕ دوودڵیان لە ڕێگەی بەخشین و پێدانی دیاری و دەستکەوتەوە پتەو بکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی

هانبدرێن بۆ بەشداریکردنیان لە شەڕەکان و دەستکەوتەکانیشدا. بە راستی قوڕەیشییەکان بە شێوەیەکی چڕ بەشدارییان لە شەڕی (تائیف)، شارە نەیارەکەدا کرد، هەروەها لەگەڵ موسڵمانە دێرینەکاندا لە شەڕی (حونەین) بەرەنگاری خێڵی بەهێزی هوازن بوونەوە، بەو پێیەش لە رێگەی باجی خوێنەوە ئاوێتەی دەسەڵاتی نوێ بوون، لە کاتی دابەشکردنی غەنیمەت و دەستکەوتەکانیشدا پێغەمبەر بە مەبەست پشکی شێری دایە (ئەبو سوفیان).

ئەمە بۆ ئەوانە وەك قەرەبووکردنەوەی داڕمانی هێڵەکانی بازرگانی و قازانجەکانی بازرگانی وابوو. لە کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر بۆ مەدینە موعاویەی کوڕی کردە نوسەری وەحی شانبەشانی نوسەرانی تری وەحی. رایسپارد بۆ نوسینەوەی فەرمودەکانی خودا، راستەوخۆ ئاوێتەی روانگەکەی خۆی کرد. ئەم گەنجە خاوەن زیرەکی و هەستیاریە ئاستبەرزە، نەیدەتوانی هەست بەو نزیکیەی لە پێغەمبەر نەکات، ئەو هێزی پەلکێشکردن و سورسوڕمانەی کە هەموو فکرێکی کراوە هەستی پێدەکات، کاتێك لە عەقڵێکی ئەوەندە باڵاوە نزیکە. بێگومان ئەم کەسە سیاسیە بەپێی ئاراستەکەی، بە شێوەیەکی مەیدانی لەو وزە و هەوڵدانە یەکتاپەرستی و بونیاتنەرانە ناوخۆییەی تۆڕەکانی دڵسۆزی و پێشینەییەی ناو ئیسلام و ئەو پڕشنگدارییە روحیەی کە لە کەسایەتی پێغەمبەرەوە بەرجەستە ببوو تێدەگەیشت، چونکە لەبەرچاوی بوو. دواتریش کاتێك ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بە بەرچاوییەوە لەدایکبوو، دەبێت بە جۆرێکی باشتر لە ناوەرۆکی ئەو هەموو سەرکەوتنە بەدەستهاتووە تێگەیشتبێت، بە دڵنیاییشەوە وێنای پێغەمبەر و ئەبوبەکر و عومەر لە دیدی ئەودا هەر لە گەورەبووندا بووە. چونکە میراتی پێغەمبەر (د.خ) هاوبەشە بۆ هەمووان، بۆیە هیچ کەسێك نەیتوانیوە بە ناوی پەیوەندی و نزیکیی وابەستەی بەرتەسکی خوێنەوە بە تەنیا خۆی خاوەندارێتی لێبکات. بەڵام قورەیش بە تێکڕایی بۆی هەیە زیاتر لەوانی تر ئیدیعای ئەوە بکات، چونکە قورەیش خێڵی هەڵبژێردراوی خودایە و چاکترین هاوەڵانی پێغەمبەرەکەی

له قوڕەیشن، ئەوانەی کە لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا یارمەتیاندا و پشتیوانیان لێکرد.

لە دوای مردنی خەلیفە عوسمان، هەندێك لەو هاوەڵانە مابوونەوە: تەڵحە، زوبێر، عەلی، سەعد، بێئەوەی غەیری قوڕەیشییەکان ئەژمار بکەین. موعاویە چاکترینی موسڵمانەکانی ترو لە هەمووشیان زیاتر هۆشیار بوو بەرامبەر سیستمی ئیسلامی، پێشوەخت نەیدەتوانی خۆی بە نەیارو ناحەزییان و داواکاری خەلافەت وەکو ئەوان وێنا بکات[41]. ئەو دەیزانی چۆن لە شوێن و پێگەی راستەقینەی خۆیدا دەوەستێت: هەمیشە لە بەرامبەر پێشوەختی عەلی لە ئیسلامدا دەیوت «نایەوێت ببێتە خاوەنی فەزڵ و پێشینەی عەلی». شام خاوەنی هاوەڵانی زاهیدانی کۆچبەر و پیاوانی ئیسلام بوو، پارێزگارانی کەلتور، ئەوانەی کە شایستە و ئامادە بوون بۆ بیرهێنانەوەی ئەو شکۆمەندییەی ئەگەر هاتە سەر لەبیرکردنی. ئەگەر رووداوەکان بە رێڕەوی ئاسایی خۆیاندا بڕۆیشتبایا، موعاویە نەیدەتوانی جیابێتەوە و رۆژێك لە رۆژان خەونی گەیشتن بە دەسەڵاتی باڵا ختوکەی بدات. لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەردا، عەشیرەتی ئومەوی هێشتا بەپێی لۆژیکی خوێن بیری دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە لۆژیکی سیاسی – ئایینی ئیسلام تێدەگەیشت و عەلی پاڵێوراوی بوو. لەگەڵ گەیشتنی ئەبوبەکر و پاشان عومەر بۆ پایەی خەلافەت – پێشەوایەتی، مافەکانی وابەستەی خوێن و رەهەندەکانی سەبارەت بە سیستمی پشتاوپشت ژێرپێ خرا و گەردەلولی فەتحیش مێژوویەکی نوێ و مەزنی درووستکرد، گەنجانی ئومەویش توانیان پێگەیەکی موتەوازع و گرنگ بۆ خۆیان پێکبهێنن، بۆیە بەو پێیە رۆژێك هات بچنە ناو ویلایەتە ئیسلامییەکانەوە کە تا ئەو ساتەوەختە لەناو گەمە گەورەکەدا بە ئەرکی گوێڕایەڵی و پاڵنەری جیهادەوە وابەستە و کۆتکرابوون.

---

41- نصر، شەڕی صفین، لاپەڕە 85: لە پێشەنگی ئەو قورئانخوێنانەی شام (ئەبو موسلیم الخولانی) هەبوو، کە ئیبن سەعد لە بەشی 7، لاپەڕە 448دا لە تابعین ئەژماری کردووە. خودی ئیبن سەعد ناوی (107) لەو ئەسحابیانەی ژماردووە کە بەرەو شام کۆچیانکردووە: بەشی7، لاپەڕە 384-439.

موعاویە لەبەردەمی عومەری کوڕی خەتاب دەلـەرزی، جگە لەوەش ئەو لە کێبڕکێی بەتاوی فتوحاتی ئیسلامیدا بەشداری نەکردبوو، کە بەجارێك هەموو خێڵەکانی دورگەی عەرەبی هەژاند و مەملەکەت و ئیمپراتۆریەتەکانی لەرزاند و لە جێیاندا سیستمی نوێی ئیسلامی دامەزراند، واتا جێگەو پێگەی ئەرەستۆکراتیەتی قورەیشی ئومەوی داکوتا، تەنانەت ئەوەی کە عومەر بە فۆرمی باوکایەتی پێی دەبەخشی. کاتێك کە پیاوێکی مەزنی شەڕ و ئاشتی وەکو خالیدی کوڕی وەلید سەرسامی بە خۆی پەیدا کرد، لەپاڵ تایبەتمەندییە جەنگییەکانی، عومەر لە لێدانی ئەو ملهوڕیەی و لەسەرکار لابردنی دوودڵ نەبوو. لەبەر ئەوە کاتێك دەوترێت ئەرەستۆکراتی قورەیشی نزیك لە ئومەوییەکان لە دیدی عومەردا، دورخستنەوەی لە دەسەڵات کارێکی قورس بوو، بەڵکو مانای خراپی تێگەیشتن لە ئیسلامی سەرەتا دەگەیەنێت، بەڵام تەواو بەمە رازیبوو، قەبارەی خۆی بچوك کردەوە و لەبیرکرا.

کرۆکی دەسەڵاتی ئێستاو داهاتوو هەروەك کرۆکی هاوەڵە پێشینەکان و ئەهلی خاوەن رابردوو مایەوە، بەڵام موعاویە جیاواز بوو، چونکە هاوڕێکانی وەك عەمماری کوڕی یاسر (کوڕی ئوممەت) و ئەبو موسا کە یەمەنی بوو، لە عێراق بوون. لەبەر ئەوەی کە عەمرو کوڕی ئەلعاص کاربەدەستی میسر بوو، لە ئیسلامدا بە شێوەیەکی رێژەیی کۆن بوو، بەڵام لە ئاستی پێویستدا هێندە کۆن نەبوو کە رۆژێك لە رۆژان رێگەی بۆ خۆش بکات بۆ دەسەڵاتی باڵا بپاڵێورێت. لە راستیدا موعاویە بە شەخسی دژایەتی ئیسلامی نەکرد، بەڵام باوکی دژایەتی کرد، جگە لەوەش هیچ جۆرە کارو پۆستێکی وەرنەگرت.

دەمێنێتەوە بڵێین، عومەر شورای لە چوارچێوەی ئەو هاوەڵانەدا قەتیس کرد کە بە ئەسڵ قورەیشی بوون، بۆیە پشتیوانان و لایەنەکانی تری لە ئەهلی پێشینە لێ دوورخستەوە. مەسەلەی  شورای لە دەستی ئەرەستۆکراتیەت قەتیس نەکرد، بەڵکو دایە دەستی قوڕەیش، بە دیاریکراویش کەوتە دەستی کۆچبەران، بەگوێرەی چۆنێتی رەچەڵەکی عەشائیرییان، واتا لە دەستی گروپێکی بچوکی شەش کەسیدا

قەتیسی کرد، کە لە مردن رزگارییان ببوو. هەڵبژاردنی عوسمان بە خەلیفە و پەیڕەوکردنی سیاسەتە بنەماڵەییەکەی، هیوای ئەرەستۆکراتیەتی ئومەوی ئاوێتەی لەگەڵ نەریتی کۆنی قورەیش بوژاندەوە، هەرچەندە ئیسلام نەیهێشت، چونکە سیاسەتێکی گەمژانە بوو، هات سیستمی ئیسلامی لەناوبەرێت، بۆیە هەروەك بینیمان بەگژیدا چوونەوە، بەڵام وەك خەونێکی شێتانە لەناو قوڵایی دڵەکاندا مایەوە.

پێشتر بیرکردنەوە لەو خەونەی کە ئومەوییەکان لە تواناییاندا دەبێت بگەنە دەسەڵات، شتێکی مومکین نەبوو، بەڵکو لە خولگەی بیرکرنەوەشدا نەبوو. دواجار ئەو دەرگایەیان بۆ کرایەوە کە دوێنێ ئەستەم بوو بکرێتەوە. لەو پێڕاگەیشتنەدا وێنای دابەشبوونی چینی کۆچبەرە یەکەمینەکان مایەوە، سەرەتا لە دژی عوسمان، لە هەنگاوی دووەمیشدا لە نێوان خریاندا. بڵێی موعاویە پیاوەکەی تری قورەیش لە بەرامبەر ئەو دیمەنە بەئێشەی کە هاوەڵە قورەیشییەکان لە بەشی کۆتایی تراژیدیای مەدینەدا پێشکەشیان کرد، بیری لە چی دەکردەوە؟ رای سەبارەت بە تەڵحە چۆن بووە کە خراپترین خەڵکی خێڵەکانی لە دژی عوسمان هاندا، ئەی رای لەبارەی عەلی چیبووە کە ماڵەکەی کردە ئامانج و ویستی واز لە هاوڕێی خەبات و ئامۆزاکەی و پێشەواکەی بهێنێت؟ موعاویە وەك پێشەوای کۆمەڵگەیەکی کۆتایی پێهاتوو دەیبینی کە گیرۆدەی کێشەو هەڵوەشانەوە بووە و تینوێتی بۆ دەسەڵات دایوەشاندووە: ناوەندێك کە بەهاو پیرۆزیەکەی لەدەستداوە.

ئایا دەکرێت هەستی شۆڕشکردن بەسەر بارودۆخی کوشتنی خەلیفەکەی و ئامۆزاکەی ببەسترێتەوە بە موعاویەوە؟ بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەگەر وایە، بۆچی هەروەك نەیارەکانی دەڵێن لە ناردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ عوسمان دواکەوت؟ راستە کە موعاویە کەسێکی سیاسی و خاوەن لێکدانەوەی خۆی بوو، بەڵام ناکرێت لە دەرهاویشتەیەکی عاتیفی سروشتی ئەو کاتە دابماڵرێت، کە بریتیە لە بوونی هۆشیاریەکی بەهێزی پاڵپشتی دەمارگیری، وابەستە بە چەندین پەیوەستی و

پەیوەندی و هەستەوەری پاڵپشتی دیکە. ئەستەمە چەند لێکدانەوە و بۆچوونێك بخرێتە پاڵ موعاویە تا ئاستی خۆزگە خواستن بە مردنی ئامۆزاکەی، سەرەڕای ئەوەش ئەو مردنە لە بەرنامەی هێزە گەمارۆدەرەکاندا شتێکی پێشبینیکراو نەبوو، بەڵکو پێدەچێت ئەو دەرئەنجامەی کە بەلای موعاویەوە زیاتر ئەگەری روودانی هەبوو لەدەستدانی پۆستەکەی بووە. بەڵام دواکەوتن لە ناردنی یەکەیەکی فریاکەوتن پێویستە لە بنەڕەتدا بگەڕێنرێتەوە بۆ دواکەوتن لە داواکردنی هێزی فریاکەوتن لەلایەن عوسمانەوە، یان هۆکارەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ سروشتی ئەو رووداوە کە پێشبینیکراو نەبوو. سەبارەت بە والی میسر کە بۆ خۆی ئەمیری موسڵمانان بوو وەك گەلێکی بە سوپاکراو، هێرشکردنە سەر شاری مەدینە بەرامبەر بوو بە لەتکردنی کۆڵەکەی واجبی تاعەت و گوێڕایەڵی و دەرچوون لە سیستمی ئیسلام، کە لەو سەردەمەدا بیرکرنەوە لێی باو نەبوو. کارکردن لە بناغەکانی کاروبارە گشتییەکاندا، ئەرکی هاوەڵان و خەڵکی مەدینە بوو، سوپای شام تەنیا وەك فەرماندەیەکی جیهاد نەبێت لەژێر فەرمانی موعاویەدا نەبوو، بەڵام موعاویە کاریگەری لەسەری هەبوو بە تایبەتیش گوێ لە قسەکانی دەگیرا، بەهۆی بەشداریکردنی لە سەرکەوتنەکانی قۆناغی یەکەمی فەتحدا، هەروەها لەبەر ئەوەش کە بۆ ماوەیەکی زۆر (17) وەك والی شام مایەوە و چەندین هاوپەیمانێتی بەست و دۆستایەتی و هاوسۆزی بۆ خۆی درووستکرد، جگە لەوەش لە بەڕێوەبردندا کەسێکی سەرکەوتوو بوو.

بەم پێیە بوونی هەستکردن بە هەڵگیرسانی شۆڕشێکی ناوخۆیی خرایە پاڵ موعاویە کاتێك هەواڵی مردنی عوسمانی بیست. بەڵام عەلی لە مەدینە بە خەلیفە هەڵبژێردرا، هەڵبژاردنیشی لە چوارچێوەی لۆژیکی ئیسلامدا بوو، چونکە بە روونی پاڵێوراوێکی ئاشکرا بوو. راستە کە عەلی بەلای ئومەوییەکانەوە کەسێکی خۆشەویست نەبوو، چونکە لە شەڕی بەدر ژمارەیەك لە ریشسپیانی قورەیش بەدەستی ئەو کوژران، لەوانیش براکەی موعاویە و باپیری. بەو هۆیەوە هەموو

رق و کینەیەکیان لە عەلی بوو، ئەو رقەی کە توندوتیژی شەڕەکانی پێغەمبەر دروووستی کرد، چونکە عەلی خۆی کردە ئامرازێك بۆ ئەوە و زیادەڕۆییشی لەو بابەتەدا کرد. پێغەمبەر (د.خ) لە سەرووی هەمووان و هەموو شتێکەوە بوو، بەو پێیەش عەلی کە بە شێوەیەکی تایبەتی رقی لە قوڕەیش هەڵگرت، بووە نوێنەری بنەماڵەی مامی لە رەچەڵەکی بەنی عەبدولموتەلیب کە بە هەڵوەشێنەری وابەستەییەکانی خوێن و خزمایەتی تەماشایان دەکرا. بەڵام هەموو ئەمانە بە شاراوەیی لەناو هەناوی ویژدانەکاندا مانەوە و بزوتنەوەی مێژوو کەمێك تێیپەڕاندووە. لە بەرامبەریشدا، ئەوەی کە ئومەوییەکانی زیاتر نیگەران کرد بریتیبوو لە پەیوەندی زۆر نزیکی خوێن و خزمایەتی لە نێوان پێغەمبەر و عەلی، سەرەڕای ئەوەی کە چەمکی وابەستەیی و نزیکی لە ئالوبەیت چارەکە سەدەیەك لە پەیڕەوی سیاسیدا دوور بوو. بەڵام لەو کاتەوەی کە عوسمان پەیوەندییەکانی خوێنی چالاك کردەوە، لە یەککاتدا ئامانجی ئومەوییەکانی زیندوو کردەوە، بە هەمان جوڵەی پێچەوانەش لە ئەنجامی شکستپێهێنانی بە هەوڵ و ئامانجەکانی بەنی عەبدولموتەلیب لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتدا، لەو پرسانە بوو کە بۆی ئاسان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامانج و خواستانە لەو سەردەمەدا ناڕوون و رانەگەیەنراو بوون، چونکە بنەمای هەڵبژاردن بەگوێرەی پێشینە و فەزلی ئیسلامی بوو. عەلی لەبەر ئەوەی «عەلی» بوو، پیاوی دێرین و باڵای ئیسلام بوو گەیشتە کورسی خەلافەت. ئەگەر سەرجەم کۆچبەران و پشتیوانان بە کۆی دەنگ بەیعەتیان پێبدایا، ئەوا نیشاندانی خواستی جیابوونەوە بۆ موعاویە زۆر قورس دەبوو، یان لە توانایدا نەبوو ئەو کارە بکات.

ئەگەر بێتو تەڵحە و زوبێر بە سنگ فراوانییەوە بەیعەتیان بە عەلی بدایا، ئەگەر سەعد و ئیبن عومەر و عەمروی کوڕی ئەلعاص و محەمەدی کوڕی موسەلەمە و ئوسامەی کوڕی زەید، یان بە کورتی کۆی هەموو ئەسحابەکان لەسەر خەلافەتی عەلی کۆدەنگ بوونایا، موعاویە هەرگیز نەیدەتوانی کەلێنێك بۆ لێدان لە

شەرعیەتی عەلی بدۆزێتەوە. بەڵام لەناو ئەو کۆمەڵەدا کە دەسەڵاتی بە شێوەیەکی عورفی بەخشی، ئەو کۆدەنگیە درووست نەبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شکۆی عەلی لە ئەنجامی پەلاماردانی مەدینە لەکەدار بوو، بە تایبەتی لە دیدی موعاویە، چونکە دەستبەرداری یەکێك لە خۆیان بوون، ئەویش خەلیفەی بە زوڵم کوژراوە بەبەر چاوییانەوە. بەبێ پێکەوە گرێدانی ئەو روداوانە، پێدەچێت موعاویە ناچار بووبێت بۆ قوتدانەوەی رق و کینەکان و خواست و ئامانجەکانی و چۆکدادانی بۆ عەلی، لە دورترین مەوداشدا داوای دەرکرد سزای بکوژەکان بدرێت. بەڵام لە سایەی سیناریۆیەکی لەمجۆرەدا، لەوانەیە عەلی ناچار کرابێت سیاسەتەکەی ئاوەژوو بکاتەوە و بە شێوەیەکی دادوەرانە شوێن تاوانباران بکەوێت و دادگاییەك ساز بکات هەروەك دواتر ئەو پێشنیارە بۆ موعاویە دەکات. لەڕووی تیۆریەوە، پێدەچێت ئەوە کارێکی ئەستەم نەبووە، بەڵام لە راستیدا میکانیزمێك دەستپێکرد کە بەزەیی نەبوو لەبەردەم بەرزبوونەوەی ئاستی خواست و ئامانجەکان لە هەموو لایەکەوە، میکانیزمێك کە موعاویە بە قووڵی سودی لێوەرگرت و بەکاری هێنا و عەلی نەیتوانی بەری پێبگرێت.

لە راستیشدا ئەگەر دەسەڵاتێکی خەلافەت لە مەدینە درووست بووبێت، یەکێتی ئوممەت و پارێزگاریکردن لە کەلتورەکەی گرتبێتە ئەستۆی، بەڵام سەرەڕای بوونی چەند دەنگێکی نەیارو هەڵگەڕاوە، دەستی بە شەریعەتی ئیسلامیەوە گرتووە بەو ئاستەی کە تێکڕای ویلایەتەکان و ئوممەتیش دانیان پێدا ناوە. هەرچەندێك زەمینە بۆ موعاویە خۆش بووبێت کە لەناو خۆیدا ببێتە شۆڕشگێڕ و بەرەنگار و دژێك بۆ عەلی، بەڵام نەیتوانیوە بە خێرایی بەرەنگاری بوەستێت و رووبەڕووی بێتەوە. پێویست بوو لەسەر موعاویە چاوەڕوانی رەفتاری هاوشێوەی ویلایەتەکانی تریش بکات، بە تایبەتی بەسرە و کوفە، پاشان دەبوایا چاوەڕوانی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان بکات، واتا ئەگەرەکانی کاردانەوەی ئەوانەی کە لە ئەو زیاتر دەیانتوانی بەناوی ئیسلامەوە قسە بکەن: هاوەڵان (ئەسحابەکان)،

دایکی بـاوەڕداران. هەروەها لەسەری پێویست بوو چاوەڕێی بینینی چۆنێتی گەشەکردنی نیگەرانی هۆشیاری ئیسلامی و بارودۆخی فشەڵ و نائارامی عەلی بکات، کە ئەوە گرەوی یاخیبووەکان بوو.

ئەمە لێکدانەوەیەکە بۆ ئەو ماوە درێژەی کە رێگەی بەخۆیدا وەڵامی ئەو نامەیەی عەلی بداتەوە کە تێیدا داوای بەیعەتپێدانی لێکرد، هەروەها لێکدانەوەیە بۆ هەڵسوکەوتی کاردانەوەی نێگەتیڤانە: نەك رەتکردنەوەیەکی روون و یەکجارەکی، واتا جیابوونەوە و لێکترازانێکی راشکاوانەی بارگاوی بە تۆمەتەکان نا، بەڵکو نامەیەکی بەتاڵ، بەبێ وەڵام، ئەو کەسەی بۆی نێردرا ئەو عەلیە نەبوو کە دەبوو بە نازناوی خۆیەوە بۆی بنێردرایا. لەبەر ئەوەی ئەمە شتێکە داهێنراوی مێژوونوسە ئەخبارییەکانە، لەوانەیە لە توانایاندا نەبووبێت شتێکی لەوە باشتر دابێنن بۆ وێناکردنی دۆخی بابەتیانەی پەیوەندییەکانی نێوان عەلی – موعاویە لە سەرەتاکانیدا، هەروەها بۆ باسکردنی کەسێتی و سروشتی ئەو پیاوە هەروەك مێژوو باسی دەکات. هەروەك پێدەچێت تاکو رادەیەکی زۆر پشودرێژ، هەڵخەڵەتێنەر، سیاسیەکی لێهاتوو، پیاوی کاری هاوسەنگی و قۆناغ و پێچەوانەی کەسی توندڕەو بووە. من لەلای خۆمەوە پێم وانییە ئەو وەڵامدانەوەیە ساختە بووبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە بە کۆکبونم لەگەڵ (پدرسن)دا لەو  بڕوایەدام کە چیرۆکی ئەو نێردراوەی لەلایەن عەلیەوە دەرچوو بۆ ئەوەی لە شێوەی نامەیەکی سەرزارەکی کە لەلایەن موعاویەوە هەڕەشە لە خەڵکی مەدینە کرا، جگە لە پووچەڵکردنەوەی هەندێك رواوی درەنگوەختی پەیوەندار بە ناکۆکی نێوان ئومەوییەکان و خەڵکی مەدینە (ناکۆکی حرە لە ساڵی 63ی کۆچی/683ی زایینی)، شتێکی دیکە نییە. لە سەروو ئەوەشەوە باوەڕ بەوە ناکرێت کە موعاویە لە سەرەتاوە فەرمانیداوە بە دانانی کراسە خوێناوییەکەی عوسمان لەسەر بڵنگۆی مزگەوتی گەورەی دیمەشق. موعاویە لە داهاتوودا توانی ئەو کارە ئەنجامبدات، لە کاتێکدا بە قوڵی هەستا بە ئامادەکردنی سوپای خەڵکی شام و جۆشدان و سازدانیان

لەڕووی سەربازی و مۆراڵیەوە، نەك لەپێش ئەو هەنگاوە، چونکە کارێکی لەو شێوەیە هێزێکی سیمبوڵیی بێئەندازی هەبوو، بۆیە دەبوو لە ماوەیەکی کورتدا خۆسازدانی چڕوپڕی پێش دەستپێکردنی شەڕ خۆی بۆ سازو ئامادە بکات، هەرچەندە موعاویە لە دوایین ساتدا نەبێت بە نیازی شەڕکردن نەبوو، بەڵام ئەوە رێگر نەبوو لەبەردەم سوربوونی لەسەر دابڕانێکی لێڵ و ناڕوون پێشئەوەی لە مەککە جیابوونەوەی سێکوچکەی (الجمل) سەرهەڵبدات. ئەو قسەیە راست نییە کە دەڵێت موعاویە لە دوای شەڕی (الجمل) هەڵوێستی بۆ جیابوونەوە و دابڕان لە عەلی وەرگرتووە. ئەو پێشتر ئەو هەڵوێستەی وەرگرتبوو، یەکەمین کەسیش بوو بەو جۆرە هەڵوێست وەربگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی لەسەرخۆ هەڵوێستی وەرگرت و بواری پاشگەزبوونەوەی نەبوو. لەوانەیە موعاویە بەو رەفتارەی هانی هەڵگەڕانەوەی عائیشە و حەماس و هەڵچوونی توندی تەڵحە و زوبێری لە دژی عەلی دابێت و بووەتە هۆی یەکەمین دابڕانی گەورە لەناو ئیسلام، دابڕانێکی راگەیەنراو و روون و بەرجەستە بوو.

پاراستنی دایکی بـاوەڕداران بە شێوەیەکی توندو کارا لەلایەن ئومەوییەکان، هەروەها بڕوابوونی دایکی بــاوەڕداران بـەوەی کە نەچێت بۆ شام، بەڵکو بەسرەی هەڵبژارد، پێش هەر شتێك دوو ئاماژەن لەسەر سیاسەتی شەخسی شامیی موعاویە، ئەو سیاسەتەی کە لەسەرووی بەرژەوەندی بنەماڵەیی دانراوە، بەو هۆیەشەوە ئامانجی کۆمەڵگەلی ئیسلامی هەبوو. بەو ئاراستەیە شام وەك روانگەیەکی تایبەت بە موعاویە بەرجەستە دەکرا، ئەستەمە دەستی بۆ ببرێت، چونکە زۆر بە چاکی پارێزراوە و دەستی پێوە گیراوە و جیهانێکی تایبەت بە خۆی بوو. لە قۆناغی یەکەمدا، موعاویە پارێزگاری کرد تایبەت نەکردن و جیاکردنەوەی کێشەی هەر بنەماڵەیەك، ئەگەر بنەماڵەکەی خۆیشی بێت، هەروەها ویستی لە سێکوچکەی (الجمل) دوور بکەوێتەوە. لێرەوە دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەمکارەی بە شێوەیەکی مەترسیدار پلان بۆداڕێژراو بوو، وەکئەوەی تەنیا

یەك هەنگاو مابێت ئەنجام بدرێت، خودی سەرچاوەکانیش لە تێپەڕاندن و باسنەکردنی دوودڵ نەبوون. موعاویە پلانی بۆ خۆی و بۆ ویلایەتەکەی دادەڕێژا بێئەوەی بەڕوونی دڵنیا بین لە هەبوونی پلانێکی دانراوی پێشوەخت. لە لایەکی ترەوە، ئاشکرایە کە موعاویە لەگەڵ کەسانێکدا هاریکاری دەکرد کە تا دوێنێ لە دژی عوسمان هات و هاوارییان دەکرد، ئێستاش دەیانەوێت تۆڵەی بسێنن. بۆ ئەو هیچ شتێك لەوە گونجاوتر نەبوو کە هێزەکانی عێراق لەناو خۆیاندا بەشەڕ بێن و یەکتری بکوژن. بەمشێوەیە هێزی باوەڕهێنان و تموح و ئامانج و ستراتیژی باڵا لەناو گەمەکەیدا تێکەڵاو ببوون.

لە سەرەتاوە گرنگی بە میسر دەدا. میسر لە ساتەوەختی مردنی عوسماندا لەژێر فەرمانڕەوایەتی محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفەدا بوو، سەر بەو لقەی ئومەوییەکان بوو کە زۆر بەتوندی وابەستە بوو بە ئیسلامەوە لە رایەڵەی باوکی، بەڵام لە رایەڵەی باپیرییەوە سەر بەو لقە بوو کە زۆر دژی ئیسلام بوون. ئەبی حوزەیفە زۆر مەیلی بۆ ئیسلام هەبوو تا ئەو ئاستەی کە لە شەڕی (بەدر) دا بە شەخسی ئامادەیی دەربـڕی لەگەڵ باوکی عوتبەی کوڕە رەبیعە شەڕ شمشێر بکات. بەدر شەڕێك بوو کە نەوەی نوێی پابەند بە دینی ئیسلامەوە شانبەشانی مامۆستاکەیان کردییان، شەڕی کوژرانی باوکەکان و ریشسپییەکان بوو، قەسابخانەیەکی نەوەی کۆن بوو، ئەو نەوەیەی زۆر دوژمنی پێغەمبەری ئیسلام بوون، تا ئاستی لەناوبردنی باوکان رۆچوو. ئەبو حوزەیفە لە شەڕەکانی هەڵگەڕانەوە لە یەمامە شەهید کرا.

ئەو یەکێك بوو لە موسوڵمانە پێشینە و سەرەتاکان، لەگەڵ کۆچبەرە سەرەتاییەکاندا چوو بۆ حەبەشە، لە سەروەرییەکانی ئیسلامدا ئامادەیی هەبوو. سەیر لەوەدایە کە پێغەمبەر نەیکردە هاوەڵێکی نزیك و مێژوو لە ئاستی پێویستدا ناوی لە تۆماری قارەمانەکانی ئیسلامدا نەپاراستووە. هندی خوشکی ئالودەی دژایەتیکردنی ئیسلام بوو، بە گیانێکی پڕ لە رقی تۆڵەسەندنەوە جەرگی مامی پێغەمبەر (حەمزە)ی

دەرهێناو خواردی کە لە شەڕی ئوحود شەهید بوو، بەڵام لە دواییدا لە شەڕەکانی فەتحدا ئەستێرەی گەشایەوە، لە شەڕی یەرموك هانی پیاوانی دەدا و شەڕی لە دژی دوژمنی بێزەنتیدا کرد. هند هاوسەری ئەبو سوفیان و دایکی موعاویە بوو، بەڵام محەمەد کوڕی ئەبو حوزەیفە لەلایەن عوسمانەوە بەخێو کرا، بەڵام دوایی بووە دوژمنی سەرسەختی خەلیفە. سەرچاوەکان ئەو هەڵوێست گۆڕانە بۆ بێهیوایی و بەدینەهاتنی ئامانجی دەگێڕنەوە، ئەمە جگە لە بوونی دەمارگیریەکی بنەماڵەیی ئاراستەکراو بەرەو وروژان یان رقلێبوونەوە، واتا تێکەڵەیەك لە ئیسلام و بێبەشبوون. ئبن ئەبی حوزەیفە پێیوابوو کوڕە مامە ئومەوییەکانی کە وەك ئەو ئیسلامی باش نەبوون، رۆڵەی بێباوەڕەکان کە خۆشیان لەپێشدا بێباوەڕ بوون، لە پۆست و پلەکاندا پێشی خراون، بۆیە بەوپەڕی حەماسەتەوە لە دژی عوسمان رادەوەستێت، هەر ئەویش بووە هۆکاری کوشتنی یان لە رێگەی ناردنی میسرییە ئامادەکراوەکان لەلایەن خۆیەوە، یان لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە توندوتیژەکانی دژی عوسمان لە میسر، تا ئەو ئاستەی کە جگە لە کوشتن چاوەڕوانی شتێکی تری لێنەدەکرا. بە دیوێك لە دیوەکان کوشتنی عوسمان هۆکارەکەی رقێکی کوێر بوو کە لەناو دڵەکاندا چەسپ ببوو. پێشتریش وتمان: ئەو بارودۆخە سایکۆلۆژی – کۆمەڵایەتی – ئایدۆلۆژیەی کە توشی عەرەبەکانی میسر بوو لە هیچ شتێکدا قابیلی بەراوردکردن نەبوو بە بارودۆخی کوفییەکان، کە لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر هاوسەنگ خۆیان لە بەرامبەر عوسمان نیشاندەدا و تەقریبەن بەشدارییان لە کوشتنیدا نەکرد. هەروەها کوشتنی عوسمان بەرهەمی سۆزێکی شکێنەری توندو ئارەزووی پیاوێکی قورەیشی ئومەوی بوو کە سەر بە رەچەڵەکێکی زۆر تایبەت بوو، لەوەشدا قورەیشیەکی تر یارمەتی دا ئەویش (محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر)، برای رابەرێکی تری ئیسلام (عائیشە) بوو.

محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە لەپێش رووداوی کوشتنی عوسمان یان لە کاتی رووداوەکەدا، دەسەڵاتی میسری گرتە دەست، عەلیش لە پۆستەکەیدا جێگیری کرد.

بەڵام هەرزوو موعاویە هێرشێکی کردە سەر میسر و بە فێڵ توانی دەستگیری بکات و لە میسر زیندانیکرد، یان دواتر توانی بیکوژێت. گرنگ ئەوەیە کە محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دەرەوەی گەمەکەدا خۆی بینیەوە و کەسێکی پلەیەك کە هەڵبژاردەی عەلی بوو شوێنی گرتەوە، ئەویش قەیسی کوڕی سەعد کوڕی عوبادە بوو کە لە ئەنسارییەکان و کوڕی سەرۆکی ئەنسارییەکان بوو. سەعد کوڕی عوبادە کە لە ڕۆژی (سەقیفە)دا لەپێش ئەبوبەکر و عومەر خەریکبوو خۆی بکات بە خەلیفە، بەڵام پرۆژەکەی شکستیهێنا و هەرگیز بەیعەتی بە هەردوو خەلیفەی یەکەم و دووەم نەدا، لە بواری ڕەتکردنەوەیاندا ئەو بە تەنیا خۆی بوو، لە دوای دوو ساڵ لە خەلافەتی عومەر شاری مەدینەی جێهێشت و روویکردە (حۆران)ی سوریا، بەڵام لەوێ بە شێوەیەکی زۆر خێرا کوژرا، پێدەچێت لەسەر دەستی کەسێك کوژرابێت.

سەعد شەرەفمەندێکی عەرەبی تەواو بوو، یەکێك بوو لە ئەندامانی شاندی یەکەمی مەدینەییەکان (دوانــزە نەقیبەکە) کە هانی پێغەمبەرییان دا بۆ شارەکەیان کۆچ بکات. قەیس تایبەتمەندیە سیاسی و سەرکردەییەکانی لە باوکیەوە وەرگرتبوو. لەبەر ئەوەی کە سیاسەتی عەلی لەسەر بنەمای بەرزکردنەوەی پلەو پایەی پشتیوانان درووستببوو، بۆیە قەیس وەك والی میسر خۆی بینیەوە. میسر ویلایەتێکی دەوڵەمەند بوو، زۆر لە شام دەوڵەمەندتر بوو، بەو هۆیەشەوە لە بونیاتنانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، بەڵام ویلایەتێکی ئیسلامی ناوەندی نەبوو، وەکو عێراق و شام هێزێکی زۆری جەنگاوەری تێدا نیشتەجێ نەبوو کە (20) تا (30) حەنگاوەرییان تیادا نیشتەجێ بوو.

لە مانگی صفری ساڵ (36)ی کۆچیەوە قەیس بەیعەتی خەڵکی میسری بۆ خەلافەتی عەلی بەدەستهێنا و دەزگای کۆکردنەوەی باج و خەراجی خستەوە کارو بارودۆخەکەی کۆنترۆڵکرد. بەڵام کۆمەڵێکی بەهێزی لایەنگرانی عوسمانیزم، کە یەکەمین بزووتنەوەی ڕەسەنی لەوجۆرە بوون خۆیان ڕابگەیەنن، لە ناوچەی

(خربتا)ی خۆرئاوای میسر کۆبوونەوە و خۆیان جیاکردەوە و داوای سەندنی خوێنی عوسمانیان دەکرد و بەیعەتپێدانیان بە عەلی ڕەتکردەوە. لەپێش هەموویانەوە موسەلەمەی کوڕی موخەللەد کە کەسێکی ئەنساری و سەر بە هەمان هۆزی قەیس بوو، لە نێوان چەند کەسێکی تردا ڕۆڵی دەگێڕا. موسەلەمە پشتی بە پێکەوەژیانی خێڵەکی بەستبوو، قەیس ڕایگەیاندبوو کە شەڕی لەگەڵدا ناکات، لە بەرامبەریشدا موسەلەمە بە هەمانشێوە مامەڵەی کرد و ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا ئیمزا کرد بەوەی کە والی ناچاری ناکات بەیعەت بدات و شەڕیشی لەگەڵدا نەکات، هەروەها ئەوانەی تریش ڕێز لە ڕێککەوتنەکەیان بگرن و واز لە قەیس بێنن بۆ ئەوەی ویلایەتەکەی بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە ببات، واتا بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێگە بۆ کۆکردنەوەی باجەکان خۆشبکەن. دەکرێت بوترێت کە عەلی لە سایەی ئەو کارە دیپلۆماسیەی قەیس، توانی پارێزگاری لە گوێڕایەڵی میسر بکات لە کاتێکدا بە شێوەیەکی کاتی بەسرەی لەدەست دابوو، بە وریاییشەوە هەنگاوی بەرەو عێراق دەنا بۆ ئەوەی لەگەڵ جەماعەتی (الجمل) شەڕ بکات.

تا ئەو کاتە، موعاویە هیچ شتێکی نەکردبوو، جگە لە ڕەتکردنەوەی بەیعەت هیچ کارێکی ئەرێنی لە دژی عەلی و لەپێناو خوێنی عوسماندا نەکرد. پەلاماردانی میسر لەلایەن موعاویەوە بۆ بەدیلگرتنی محەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە زیاتر کارێکی گوماناوی بوو، چونکە ئەگەر دیل بکەوتایە پرۆسەکە مانای نەدەبوو، چونکە لەو کاتەدا وەك کێشەیەکی بنەماڵەیی دەکەوتەوە: ململانێی نێوان موعاویە و عەلی تا دوای سەرکەوتنی عەلی لە شەڕی (الجمل)دا بەڕوونی دەرنەکەوت و ڕانەگەیەنرا. پێشئەوە جگە لە جیابوونەوەیەکی شەرمنانە شتێکی دیکە بوونی نەبوو، واتا ڕازینەبوون بە بەیعەتپێدان و هیچی تر. لە دوای پاکتاوکردنی جەماعەتی (الجمل) و سنوردارکردنی لایەنگیری عوسمانیزم لە میسر، ئیتر لەسەر گۆڕەپانەکە جگە لە عەلی و موعاویە کەس نەمایەوە، موعاویەش ناچار بوو هەڵوێستێك وەربگرێت و بڕیار بدات. پێویستبوو لەسەری زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی عەلی ڕابگەیەنێت یان

بچێته پاڵی. موعاویه به شێوەیەکی پراکتیکی ململانێی لەگەڵ عەلی هەڵبژارد، بەڵام ئەوەی بە ئاشکرا نەکرد. سەرەتا مەرام و مەبەستەکانی موعاویه لەسەر گۆڕەپانی میسر دەرکەوتن.

## گەشەسەندنی ململانێ.. کرۆك و بونیادەکانی

سەرچاوەکان پێماندەڵێن کە موعاویە لە دوای شەڕی (الجمل) لە هیچ شتێك نەدەترسا، بەقەدەر ئەو ترسانەی لەو هێرشەی کە عەلی و عێراقییەکان لە باشورەوە و میسرییەکان و قەیس لە باشوری خۆرئاواوە دەستیان پێکردبوو. ئەگەر بڵێین لە نێوان دوو بەرداشدا دانرابێت، بێگومان لەڕووی سەربازییەوە هەرەسی هێناوە. بەم پێیە موعاویە پێداگری دەکرد لەسەر گرنگیدانی بە میسر بەبێ دواکەوتن، ئەوەش سوربوونی لەسەر چوونە ناو ململانێ دەردەخات. بەڵام ئایا هەروەك (الزهري) دەڵێت کاری چەکدارانەی لە دژی قەیس ئەنجامداوە و لە دواییدا بەهۆی بەهێزی توانا بەرگرییەکانی قەیس شکستیهێناوە؟ یان هەروەك ئەبو مەخنەف دەڵێت، تەنیا پرۆسەیەکی دیپلۆماسیانەی ئاستباڵای شێوە ماکیاڤیلیانەی ئەنجامداوە؟ لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەوەی موعاویە دەیخواست لەسەرکار لادانی قەیس بوو، بۆیە لە ماوەی ئەو چەند مانگە کەمەدا کە عەلی لە کوفە بوو بۆ رێکخستنەوەی بەڕێوەبردنی عێراق و کۆکردنەوەی دۆست و لایەنگرەکانی، موعاویە بەو ئامانجەی گەیشت.

موعاویە لەو بڕوایەدا بوو کە قۆناغی یەکەمی یەکلاکەرەوە لە میسر رودەدات، بۆیە جڵەوگیرکردن یان پەلاماردانی میسر بەلای ئـەوەوە مەسەلەیەکی زۆر سەرەکی بوو. بەڵام دۆخی عەلی بەوجۆرە نەبوو، سەرقاڵبوو بە کۆکردنەوەی

هەموو هێزەکانی عێراق لە دەوری خۆی، چونکە بە دیدی عەلی میسر زۆر لە بنکەکانیەوە دوور بوو. با بەوپەڕی راشکاوی بڵێین، کە لانیکەم لە کاتی خۆیدا درکی بە گرنگی گرەوکردن لەسەر میسر نەکردووە. لەناو کەلتوری مێژوویی عەرەبیدا مەیلێکی زۆر هەیە بۆ نیشاندانی عەلی وەکو سیاسیەکی خراپ، تەنانەت نیشاندانیشی وەکو پیاوێکی سنوردار[42]، لە بەرامبەریشدا مەیلێك هەیە بۆ نیشاندانی موعاویە وەك کەسێکی خاوەن هەستێکی سیاسی قوڵ. لەمەدا تەنیا پێچەوانەکردنەوەی واقیع یان بەرجەستەکردنی کۆمەڵێك گێڕانەوەی ناسکانەی دژ بە عەلی بەدیدەکرێت، بەڵکو خواستێکی زاڵ لەناو عەقڵی مرۆییدا بۆ رەتدانەوەی کامڵی و یەکسانکردنەوەی گەمەکە و جیاکردنەوەی بوارەکانی چالاکی بوونی هەیە. هەرچەندە خوداپەرستی پشکی عەلیە، لە هەمانکاتدا سیاسەتکردن دەبێتە پشکی موعاویە. تەنانەت لە میراتی مێژوویی لایەنگیری عەلی تا ئاستێکی زۆر خواستێکی ناڕوون بۆ توندوتیژی لەبارەی زیرەکی و فێڵزانی موعاویەوە تێبینی دەکەین، واتا وەك زیرەکی و ستراتیژو فێڵبازی کە شایەنی سەرسوڕمان و سەرکۆنەکردنە، تەماشا دەکرێت. لە راستیدا مەسەلەکان بەو ئاسانیە نین: عەلی زیاتر لەوەی پێشبینی کراوە سیاسی بووە، بەڵام موعاویە کەسێکی بە ستراتیژی کەمتر بە سەلیقە و زیرەکی بووە، بە شێوەیەکی تایبەتی فێڵزانی لەوە کەمتر بووە کە لەبارەیەوە باسدەکرێت.

ئەو راستیە دەمێنێتەوە کە عەلی بە شێوەیەکی تایبەتی بە ئەزمونی قۆناغی مێژوویی پێغەمبەرایەتی ئاشنا بوو، ئەو قۆناغەی کە لە روانگەی حیجازی و عەرەبیدا قەتیس ببوو، بۆیە خۆی نەیویستوە یان نەیخواستوە خۆی بخاتە ناو سەرکێشی فەتح و فراوانکردنی ئاسۆکانی، بەڵام موعاویە بە درێژایی (20)ساڵ

42- ئەمانە چەند سەرگوزشتەیەکن یان بنەڕەتیان ئومەوییە یان عەباسیە. بۆ نموونە بڕوانە (الطبری)، بەشی4، لاپەڕە 439. الواقدي عەلی و ئیبن عەباس یان عەلی و موغیرەی کوڕی شوعبە لەسەر گۆڕەپانەکە بە شێوەیەکی بەرچاو پیشاندەدات، بەڵام بەپێی (الواقدي) وا دەردەکەوێت عەلی بە بەراورد لەگەڵ ئەو دوو پیاوەدا خاوەنی هەستی سیاسی نییە.

خۆی لە بەشداریکردن لە ڕێکخستنی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنیدا بینیوەتەوە. عوسمان دەسەڵاتەکانی بۆ موعاویە زیادکرد: بەرەو روانگەی شام، بواری دورگەی خۆرئاوا بەشی هەرەگەورەی وڵاتی رافیدەینی بۆ سنوری دەسەڵاتەکانی زیادکرد، موعاویە بۆ خۆشی ئەرمینیای فەتحکرد، کە بە شێوەیەکی رێژەیی خرایە ژێر رکێفی ئیسلامەوە. هەروەها بوونی دوژمنی بێزەنتی لە تەنیشتیەوە هۆکارێك بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی لە شەڕ و دیپلۆماسیەتدا، بەڵکو ناچاری کردبوو کە هەمیشە بەئاگا و وریا بێت. بەو پێیە ئاساییە پیاوێکی وەك ئەو بیر لە چەندین ئاراستەی ستراتیژی دوور بکاتەوە و میسر بکاتە پرسی یەکەمی خۆی لە کاتێکدا رووبەڕووی شەڕی عێراق ببۆوە.

سەرچاوەکان لە چۆنێتی توانینی موعاویە بۆ دورخستنەوەی قەیسی کوڕی سەعد و وەدەرنانی لەلایەن عەلیەوە زۆرییان پێوە ناوە، هەرچەندە نەیتوانیوە راستەوخۆ لایەرێت. دەکرێت لە دیدگای ئەودا هەموو شتێکی وەك پیلان و درۆو دەلەسە و سیخوڕی کاری ساختەکرد چاك و باش بووبێت. بە دوو وشە دەڵێین، مەبەست چاندنی گومان بووە دەربارەی دڵسۆزی قەیس لەناو دەرونی عەلیدا، بۆیە دواجار پاڵینا بە ئاراستەی لەسەرکار لابردنی و گۆڕینی بە کەسێکی کەمتوانا، کەمتر ئامادە بۆ لەناوبردنی گەشەی عوسمانیزمەکانی خەرەبتا.

بێلایەنکردنی میسر، ئایا لە رێگەی بوونی کرۆکی عوسمانیزمی هەرەشەلێکراوەوەبووە، یان لە ئەنجامی داوو فێڵەکانی موعاویەوە یان لە ئەنجامی لاوازیەکی گریمانەیی عەلیەوە بووە، دواجار دەبێتە هۆی قەتیسکردنی ململانێی نێوان سورییەکان و عێراقییەکان، واتا لە نێوان بەشی سەرەکی هێزە جەنگیە عەرەبییەکان، نێوان دوو هێزی بێشومار. ترسەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات، هەر لە سەرەتاوە لە روبەڕوبوونەوەیەکی سەربازی کە هەست بە مەترسییەکانی دەکرا، لەگەڵ گەڕان بە دوای دانوستان و ئامادەکردنی پیاوەکان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، هەوڵدان بۆ ناوبژیکردن هەبوو. ئاشکرایە کە هەردوو پاڵەوانەکەی ململانێ

(عەلی و موعاویە) سوربوون لەسەر شەڕکردن، بەڵام نەك بەبێ ئازاردانی ویژدان و حەزکردن بە رازیکردنی خۆیان و لایەنگرەکانیشیان بەوەی کە ئەو قەزیەیەی شەڕی بۆ دەکەن راستە و هەموو هەوڵ و تەقەللایەکیان داوە بۆ خۆلادان و دورکەوتنەوە لە دەستبردن بۆ چەك. قسەو گفتوگۆ بەردەوام بوو، بە درێژایی (3) مانگ لە خۆئامادەکردن و خۆسازدان بۆ ململانێی چەکدارانە لە (رەجەب – شەوالی 36ی کۆچی)، هەر لایەنەو لە رێگەی نێردراوەکانیەوە پاساوەکانی خۆی پێشکەشدەکرد، تەنانەت لەو (3) مانگەشدا کە هەردوو سوپاکە پێکەوە رووبەڕوو بوونەوە و شەڕییان کرد پاساوهێنانەوە هەر درێژەی هەبوو.

هەر لە سەرەتاوە عەلی وەکو داواکارێکی حەق خۆی نیشاندەدا. لە کوفەوە نێردراوێکی تایبەتی بۆلای موعاویە نارد، ئەویش (جورەیر کوڕی عەبدوڵڵای بجلی) بوو، کە یەکێك لە فەتحکارە لەپێشینەکانی عێراق و سەرۆکی هۆزی (بجیلة) و یەکێك لەو خانەدانانە بوو کە عوسمان وەك کاربەدەست داینابوو. جورەیر بەشداری لە کوشتنی عوسمان و شەڕی (الجمل)دا نەکردبوو، بۆیە لێرەوە بوار بۆ وێنایەکی بێلایەنانە هەبوو. ئەرکی (جریر) بریتیبوو لە رازیکردنی موعاویە بۆ ئەوەی بەیعەت بدات بە عەلی و داوای گوێڕایەڵی و پابەندبوونی بە جەماعەت لێبکات. موعاویە خاوەخاوی لێکرد و لە وەڵامدانەوە دواکەوت و نێردراوەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر دەستبەسەر کرد. ئایا بەڕاست موعاویە دوودڵ بوو یاخود وا خۆی نیشاندەدا کە دوودڵە؟ لەو قۆناغە هەستیارەدا دۆخی موعاویە لەلای میسر و لەلای بێزەنتەوە جێگەی ئارامبەخشی نەبوو، بۆیە دەبوو ستراتیژێك هەبێت بۆ سازدان و راکێشانی هەموو خەڵکی شام بەلای خۆیدا و زاڵبوونی بەسەر هەندێك کۆسپ و رێگریدا.

موعاویە عەمرو کوڕی ئەلعاصی وەك پاڵپشت و راوێژکارێکی پلەیەکی دەبینی و لە نزیکەوە بەشداریپێکرد لە پڕۆژەکەیدا بەجۆرێك کە بە گەرمی باس لە دوانەیەکی راستەقینە بەناوی موعاویە – عەمرو دەکرا. عەمرو کە لە کێشەی

عوسمان بێلایەنی نیشاندا، هاوکاتیش مەیلی هەبوو بۆ پشتگیرکردنی عوسمانیزم، لە دوای شەڕی (الجمل) چووە پاڵ موعاویە کە لەگەڵ قوڕەیشیە دەربازبووەکانی ئەو شەڕە و ئەوانەش کە لە حیجازەوە دەهاتن بەرەو شەڕ ئاراستەی دەکردن، بۆیە عەمرو یارمەتیدەری بوو لە تێپەڕاندنی گیروگرفتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی. ئەوە هاوپەیمانێتی و پاڵپێوەدان بوو لە بەرامبەر بەڵێندانی موعاویە بە پێدانی ویلایەتی میسر بە عەمرو بۆ هەتاهەتایە ئەگەر لە شەڕەکە سەرکەوتوو بێت[43]. سەرچاوەکان وەك دوانەیەکی فێڵباز و مەکیاڤیلیلیانە باسی موعاویە و عەمرو دەکەن، کە بەرەیەکی شەیتانیان لە دژی عەلی درووستکردووە. دەست تێکەڵاوکردنی ئەو دوانە لە کێشەو ئاڵۆزی و سازشکردن بەدەر نەبوو. وێنەیەکە لە ناپاکی سیاسی لە دیارترین شێوازەکانیدا. لە کاتێکدا هێشتا جورەیر لە شام بوو، عەمرو ئامۆژگاری موعاویەی دەکرد کە پڕوپاگەندەیەك لەناو جەنگاوەرانی شام و فەلەستین بڵاوبکاتەوە بە ئامانجی سەرلێشێواندنیان بەوەی کە عەلی پیلانی کوشتنی عوسمانی داڕشتووە یان خۆی کوشتویەتی و بکوژەکان لەلای ئەو پارێزراون. بۆمان دەگێڕنەوە کە موعاویە بانگی پیاوی گرنگی شام (شەرحەبیل کوڕی سەمتی ئەلکەندی) کردووە و توانیویەتی سەبارەت بە تاوانی عەلی و لایەنگرەکانی قەناعەتی پێبکات. شەرحەبیل لە خانەدانەکانی کندە بوو، ئەو خێڵە یەمەنیەی کە لە شام ئامادەییی زۆر بەرچاوی هەبوو. لە سەرەتادا شەرحەبیل بە رابەرایەتی کندە کاتێك شوێنی (الاسعث بن قیس)ی گرتەوە شەڕی عێراقیکرد[44].

---

43- سەیف لە ڕێگەی (الطبری)، بەشی4، لاپەڕە 560 باسی ئەوە ناکات، بۆیە ئەو بابەتە گومانێکی نوێ هەڵدەگرێت. ئەو سەرگوزشتەو گێڕانەوانەی باسی ئەو سازشکردنە، یان ئەوەتا ناجێگیرن، یان ئەوەتا وەك شانۆگەرییەکی راستەقینە دەرهێنانیان بۆ کراوە: بۆ نموونە لە صفین، لاپەڕە 34-41دا هاتووە: مێژووی داهاتوو بە روونی بەلای عەمرو دایشکاندووە کە «دینەکەی فرۆشتووە» بە موعاویە.

44- الطبری، بەشی3، لاپەڕە488. ئەمە بە پێچەوانەی (الاشعث)وە بوو کە لە دژی هەڵگەڕاوەکان شەڕیکرد. سەبارەت بە رۆڵی شەرحەبیل لە جۆشدان و سازادانی خەڵکی شام، بڕوانە (صفین: فتوح)ی (ابن الاعثم)، بەشی2، لاپەڕە 397-404.

شەرحەبیل موسوڵمانی شەرەفمەند و پاك، کە بووە کەسێکی عابید و باوەڕدار، کاریگەرترین کەسی شام بوو، چونکە لە سـەرووی پێشەوایەتی خێڵەکیەوە نوێنەرایەتی هێزە ئیسلامییەکان دەکرد، بەو هۆیەشەوە دەیتوانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵی موسڵمانان (ئوممەت) بکات و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات لە ڕێگەی ئەنجامدانی گەشتێك بەناو شارەکانی شامدا و بانگەشەکردن بۆ بابەت و بیروڕاکانی موعاویە و بەبەرداکردنی ڕەنگێکی ئایینی لە وتارەکانیدا. جیاوازیەکە ئەوەیە کە خواپەرست (زهاد حمص) و هاوڕێکانی تەنیا کەسانێك بوون بانگەشەکەیان قبوڵنەکرد و ڕەتیانکردەوە[45]. بەڵام موعاویە دەیتوانی وایدابنێت کە پشتیوانیی گەرموگوڕی شەرحەبیل و گەشتە سەرکەوتوەکەی بەسبوو بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتیەکی میللی و ئیسلامی بەهێز بۆ خواست و داواکارییەکانی، ئەوەش ڕێگەی بۆ خۆشکرد کە نێردراوەکەی عەلی بە دوو مەرجەوە بنێرێتەوە: یەکەم تۆڵەسەندنەوە و سزادانی بکوژەکان، دووەمیش ئەنجامدانی شورا بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەی نوێ. لە ڕاستیدا ئەو وەڵامە بۆ خۆی ڕاگەیاندنی شەڕێکی پێگەیشتووی ڕەها بوو لە دوای ئاراستە وەرگرتنێکی تەواو لەڕووی ئامادەکردنی دینی – سایکۆلۆژی ناوخۆیی، کە لە ڕێگەیەوە توانرا بوونی نێردراوەکەی عەلی لە دژی بەکاربهێنرێت بێئەوەی ئاگادار بێت.

کەواتا دوو خاڵی سەرەکی لەلایەن موعاویەوە کرانە ناوەرۆکی فراوانکردنی ململانێکە: یەکەمیان پەیوەندی هەبوو بە کوشتنی عوسمان، دووەمیش پەیوەندیدار بوو بە مەسەلەی شەرعیەتی دەسەڵاتەوە. لەبەر پێویستییەکانی پڕوپاگەندەی ناوخۆیی پێداگری لەسەر خاڵی یەکەم کرا، بە تایبەتیش بەرامبەر قورئانخوێنان و عابیدەکان، تەنانەت لە بەرامبەر زۆرینەی جەنگاوەرانی شام،

45- صفین، لاپەڕەکانی 44،45: لێرەوە تۆمەتی ناپاکیکردن کە لە کوفەوە سەریهەڵدا لە دژی جریر بەهۆی ڕاکردنی بۆناو ریزەکانی موعاویە. پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین کە سەرکەوتنی شیمە ئەلدەینوری کە لە نزیکەوە چاودێریکردووە، شورحەبیل بۆمانی پیشاندەدات کە موعاویە هانیدەدات و بە تەواوەتی گەمەی پێدەکات. بەڵام لە (فتوح)ی (ابن الاعثم)، بەشی2، لاپەڕە397 شتێکی لەو بابەتە باسنەکراوە.

که زۆر بە هەستیاری کەوتبوونە ژێر کاریگەری داواکردنی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفەی «بە زوڵم کوژراو»، زیاتر لە پێداگریکردن لەسەر گومانکردن لە شەرعیەتی هەڵبژاردنی عەلی، کە بە رابردووی ناسراوە. شورا چەمکێکی شەرعی شەکڵیە تەنیا کاریگەری هەبوو بۆسەر ئاستی تایبەتی (بژاردەکان) کە بەلای قورئانخوێنەکان و سەرجەم هێزە ئیسلامییەکانی ترەوە لە چوارچێوەی بیرۆکەی دادوەریکردن لە داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان، کاریگەری و کاراییان کەمترە.

کاتێك ئەوانە داوایان لە موعاویە کرد پاساوەکانی بۆ رەتکردنەوەی بەیعەتپێدانی عەلی بهێنێتەوە، موعاویە بە تۆمەتبارکردنی وەڵامی دایەوە و وتی: «ئەگەر عەلی عوسمانی نەکوشتووە، دەستی بۆ کوشتنی تێکەڵاو کردووە و بکوژەکانی داڵدە داوە، کە تاقمی یەکەمی لایەنگرانیان پێکهێناوە». شەرعیەتی دەسەڵاتی عەلی دەکەوێت و دەسڕدرێتەوە لە رێگەی تۆمەتبارکردنی لەلایەن موعاویەوە بە کارکردنی بۆ کوشتنی عوسمان کە لێبوردنی نییە، ئەو کارە ستەمکارانەیە کە مایەی شەرمەزارییە. بەمشێوازە هەردوو جەمسەری ململانێکە پێکەوە گرێدەدات، بەڵام جەمسەری ناوەندی ئەوەیە کە بەسەر هەموو جەمسەرەکانی تردا زاڵە و پەیوەندی بە هەموو شتێکەوەیە، بە راستی ئەوە بریتیە لە جەمسەری داواکردنی خوێنی عوسمان، بەو پاساوەی کە موعاویە خزم و کەسی نزیکی بوو، ئێستاش رابەرایەتی ئەو سزادان و داوەریە دەکات کە کتابی خودا فەرمانی لەسەر داوە.

بەڵام سەبارەت بە عەلی، لە بەرامبەردا بابەتەکان پێچەوانەن. لە دیدی ئەودا بابەتی هەرە گرنگ ئەوەیە کە خۆی خاوەنی دەسەڵاتی شەرعیە کە کۆمەڵی کۆچبەران و پشتیوانان رەزامەندییان لەسەر داوە. بۆیە موعاویە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە، چونکە ئەو هەڵگەڕاوەیەکە لە بازنەی گوێڕایەڵی و جەماعەت دەرچووە.

راستە کە شورا نەبووە، بەڵام ئەسحابەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەیعەتیان بە

عەلی داو هانیاندا پێی رازی بێت ئەویش رەزامەندی نیشاندا لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئوممەت و دورخستنەوەی لە لەناوچوون. مەدینە، نەك ویلایەتەكان ناوەندی پێبەخشینی دەسەڵاتی خەلافەت بوو، (عەلی)یش بە فیعلی لە مەدینە وەك خەلیفە هەڵبژێردرا. بیری چوو بڵێت کە لەلایەن ئەسحابەکانەوە کۆدەنگی لەسەر بەیعەتپێدانی نەبوو، بە تایبەتی لەلایەن کۆچبەرانەوە، بەڵام پێدەچێت بە دیدگای ئەو پشتیوانان هاوتای ئەوان بوون، بەو پێیەش خاوەنی دەنگی زۆرینەی رەهایە. بەپێی لۆژیکی عەلی، مردنی عوسمان شتێکی لاوەکی، سوك و ئاسایی یان لەبیرکراوە. ئەو رێکارانەی کە عوسمان گرتنیەبەر بوونە هۆی ناڕازیبوونی هەندێك لە موسڵمانان، بۆیە هەستا بە کوشتنی. عەلی بە هیچ شێوەیەك خۆی بە تێوەگلاو لەو کوشتنەدا نەدەزانی. ئایا دەیویست هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ئەو کارەدا رونبکاتەوە، هەروەك هەندێك قورئانخوێنانی شام داوایان لێکرد؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: «من ناڵێم ئەو بە ستەملێکراوی کوژراوە، ناشڵێم ستەمکار بوو، بۆیە کوژرا». عەلی بە شێوەیەکی مەبدەئی رازینەبوو بکوژەکان رادەستی موعاویە بکات، لەبەر ئەوە زۆرێك لەو خەڵکەی لە دەوری بوون خۆیان وەك بکوژ دەناساند و پێوەشی پابەند بوون. ئەو نەیدەویست ئەو کارە بکات و نەیدەتوانی بیکات.

ئایا ئەم ناڕوونیە لە هەڵوێستی عەلی راستە یان داهێنان و دروستکراوی سەرچاوەکانە؟ ئایا عەلی بەڕاستی ئەوی دەوت کە ئەوانیتر دەیانوت؟ بە واتایەکی تر: بە دیدی عەلی ئایا عوسمان ستەملێکراوانە کوژرا یان نا؟ لەودیوی بەرگریکردنی لە دەسەڵاتەکەی کە بە شەرعی دەیدایە قەڵەم ئایا قەناعەتێکی ئایدۆلۆژیی هەبوو؟ رۆژهەڵاتناسەکان سەبارەت بەوە پرسیارییان کـردووە و (کایتانی) گەیشتوەتە ئەو باوەڕەی کە زانینی هەڵوێستی عەلی کارێکی ئەستەمە، بەڵام (ل. ڤاکیا فاگلێری) لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر سەرچاوە دەرەکییەکان گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە رای نزیك ئەوەیە عەلی لایەنگری بۆچوونی بکوژەکان و

قورئانخوێنانی کوفەی کردووە، بۆچوونەکە ئەوەیە کە هۆکاری کوشتنی عوسمان گەندەڵی دەسەڵاتەکەی بوو، واتا بە حەق و بەگوێرەی شەرع و دادپەروەری کوژراوە، بەو شێوەیەش دەکرێت بکوژانی ببنە داوەرانی و سزای بدەن. موعاویە سەرکەوتوو نەبوو لە تێوەگلاندنی راستەوخۆی عەلی لە کوشتنی عوسمان، ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ دابەزینی کێرڤی تۆمەتە ریزکراوەکانی تا ئاستی تەنیا داواکردنی بە رادەستکردنی بکوژەکان.

لە دیدگای ململانێیەکی جەنگیی گـەورەدا کاتێك ئوممەت لەسەر لێواری هەڵوەشانەوەی خۆیدا بوو، ئەستەمە پێشبینی ئەوە بکرێت کە هەردوو سەرکردەی باڵا (عەلی و موعاویە) هیچیان بە تەواوەتی باوەڕییان بەوە نەبووبێت کە لەسەر رێگەی راست شەڕ دەکەن. عەلی خاوەنی قەزیەیەکی گەورە بوو: دەسەڵاتی شەرعی خەلافەت، پێویستی یەکبوونی ئوممەت. بەو هۆیەشەوە پێویستی بەوە نەبوو بچێتە ناو گەمەی موعاویە و ململانێکردن لەسەر پرسی کوشتنی عوسمان، بە حەق یان بە ناحەق. هەموو ئەو پاساوانەی بەکاری هێناون بۆ نیشاندانی بەڵگەکانی بووە لەبەردەم خوا و خەڵکیدا، بەڵگەهێنانەوە سەبارەت بە گوێڕایەڵی، یەکبوون، شەرعیەتپێدان بە دەسەڵاتەکەی و فەزڵی شەخسی خۆی، واتا رابردووی لەناو ئیسلام بۆ بەرەنگاربوونەوەی موعاویە کە خاوەنی هیچ رابردوویەکی ئیسلامی نییە[46]. لێرەدا هیچ باسکردنێك لەسەر بابەتی کوشتن نییە تەنیا لەپێناو خۆپاککردنەوە نەبێت لە تۆمەتی تێوەگلان لەو تاوانە، بەڵام ئەمجۆرە فۆرمەی گوتار ئاراستەی دەرەوە کراوە بە ئامانجی دورخستنەوەی تارمایی شەڕ، بۆیە هێشتا ئومێدی پێکهاتن و چارەسەرکردنی دەکات، بەم پێیەش نەیدەتوانی

46- صفین، لاپەڕە 29: نامەکەی عەلی کە باسی لە لاپەڕەی 88-98دا هاتووە، رەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە هەڵبەستراوە، چونکە پشتیبەستووە بە رازاندنەوەیەك لەسەر فۆرمی شیعی داهاتوو. بە شێوەیەکی گشتی، نامەگۆڕینەوەی پێچراوە لە نێوان عەلی و موعاویە لە کتێبی (وقعە صفین) بەوپەڕی دڵنیاییەوە ساختەو بێبنەمایە، چونکە ئەبو مەخنەف باسی هیچ نامەگۆڕینەوەیەکی نەکردووە. لە بەرامبەریشدا (البلاذري) بە هەمانشێوازی دەربڕینی نصر کۆپی گرنگترین نامەکانی کردووە. بڕوانە: أنساب، بەشی1 و 3، لاپەڕەکانی 277-282.

بە ئاشکرا بڕوابوونێکی ئایۆدۆلۆژی دەرببڕێت بە ئاراستەی بەچاکدانانی کوشتن، بۆیە پێدەچێت ئەمە تەواو ناڕوونی و دوودڵی لە وتەکانی عەلی لێکبداتەوە لەبەردەم قورئانخوێنانی شام کە بۆلای هاتبوون داوایانلێکرد هەڵوێستی لە بەرامبەر عوسمان روونبکاتەوە.

بە تێڕوانینی عەلی ئەو مەسەلەیە گرەوە جەوهەریەکە نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی کە دوژمنەکەی بەو شێوەیە بەرجەستەی کرد و ئەو تاقمەی توندەی لایەنگرەکانی (قورئانخوێنان و لایەنگرانیان)، زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: کوشتنی عوسمان ڕەوا بوو، ئەگەری ئەوە هەیە عەلی گەیشتبێتە تەبەنیکردنی ئەو بیرۆکەیە و توندکردنی هەڵوێستی بەو ئاقارەدا. لە کوفە کە گۆڕەپانی کەلتوری ئایدۆلۆژی ئیسلام بوو، بکوژەکان و پشتیوانەکانیان کە ژمارەیان زۆر بوو کاروبارەکانیان گرتبووە دەست و گوشارو کاریگەری زۆرییان لەپێناوی هەڵگیرسانی شەڕدا درووستکردبوو. لە شەڕی (الجمل)دا ژمارەیان گەیشتە (50) هەزار کەس، بەڵام پێدەچێت ئەوسا لە سایەی ئەو دۆخە پڕ هەڵچوون و نائارامی و ئامادەسازیە سایکۆلۆژیەی کوفەدا ژمارەیان (12) هەزار تا (20) هەزار بووبێت. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە سەرکردەکانیان وەك: الاشتر، یەزیدی کوڕی قەیس، حەجەری کوڕی عەدی و عەدی کوڕی حاتەم دەستیان بەسەر هەموو ویلایەتەکەدا گرتبوو، بازنەی دابەشبوون و ناکۆکیە خێڵەکیەکانیان تێپەڕاندبوو لە هەمانکاتیشدا دەسەڵات و پێگەیان بۆ خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی خێڵ و هۆزەکانیان بەکاردەهێنا لەپێنا ڕاکێشانی دۆست و لایەنگرانیان، هەروەها لە ڕێگەی بوێری ئایدۆلۆژیانەوە وەك کۆمەڵەیەکی تواوەی قاڵبۆوە گەیشتبوونە ئاستی دەرچوون لە بازنەی سەرۆك خێڵە تەقلیدییەکان. ئەوان ترس و تۆقاندنێکی راستەقینەیان لە دژی خاوەن بیروڕا جیاوازەکان و کەسانی بێوەی و ئاشتیخواز پیادە دەکرد.

پێش هەموو شتێك ئەوەی پێکەوە کۆی کردبوونەوە، باوەڕبوونیان بوو بەوەی

که له کوشتنی عوسماندا لەسەر حەق بوون، هەروەها کاتێکیش شەڕییان لەگەڵ پەیمان شکێنەکانی (الجمل)دا کرد هەر لەسەر حەق بوون، ئێستاش لەسەر حەقن کاتێك خۆیان سازو ئامادە کردووە بۆ شەڕکردن لە بەرامبەر ستەمکارانی شام. بەڵام پێدەچێت لەو دۆخە گەرم و هەڵچووەدا بوارێك هەبووە بۆ دروستبوونی سەرەتای خەواریجەکان لە داهاتوودا. بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەو سەرکردە کەمە ناسراوانەی هەبوون و ئەو جەماوەرەی لە پشتیانەوە بوو، نێوان کرۆکی تاقمێکی ئایدۆلۆژی بە شێوەیەکی تایبەتی و تاقمێك کە متمانەی بە قەزییەکەی خۆی هەبوو. لە کاتێکدا کە سەرکردەکان لە دەوری عەلی کۆبوونەوە و پشتیوانی قەزییەکەیان کرد و خۆیان بەجۆرێك نیشاندا کە هەست بە رابردووی عەلی لەناو ئیسلامدا دەکەن، پێکهاتەی بەهێزی لایەنگرانی تەنیا پێداگرییان لەسەر باوەڕی تایبەتیان دەکرد: بەرزڕاگرتنی قورئان لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکی ئادەمیزاد، سەرکۆنەکردنی بیدعەکانی عوسمان و پێداگریکردن لەسەر کوشتنی بەو پێیەی کارێکی رەوایە، دژەیەتیکردنی خواستە قوڕەیشییەکان بۆ خۆبەخاوەنکردنی ئیسلام. ئەوان بە جۆرێك لە عەلیان دەڕوانی کە پێیانوابوو تەنیا پێشەوایەتیان دەکات بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنە یەك لەدوا یەکەکانیان کە دوژمنی عەلی بوون. هاوکاری و پشتیوانیکردنی ئەوان بۆ عەلی ستراتیژی بوو بەو ئاستەی کە عەلی لەگەڵیان کۆك و هاوڕا بوو. بە تەنیا مەیل و وابەستەیی ئایینی بوو راگیرو ئارامی کردبوونەوە، واتا تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ ئیسلام و دیدێکی ئاراستەکراو بۆ کارکردن. لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی مەترسیەکە و لەژێر کاریگەری ئامادەیی عەلی، جموجووڵی چالاکانەی سەرکردەکانیان، دەرکەوتنی ئاسۆی شەڕێکی هاوبەش و قورس ئیتر ئەو جیاوازی و دابەشبوونانەی نێوانیان بزر بوون، لەبەر ئەوەش بوو کە چەند هێزێکی تر لەناو کوفەدا کاریگەری خۆیان هەبوو.

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەنگاونانی عەلیە بە دامەزراندنی سەرکردە دیارەکانی کوفییەکان لە پۆستی کاربەدەستان وەك: دانانی (الأشتر) بە کاربەدەستی موسڵ و

نسێبین، یەزیدی کوڕی قەیس بە کاربەدەستی مەدائین و جوخی. عەلی ئەوانی بە دەسەڵاتەکەی، بە دامەزراوەی خەلافەتەوە بەستەوە. بە هەمان شێوازیش حوجری کوڕی عەدی وەك سەرۆکی خێڵی (کندە) و عەدی کوڕی حاتەمی وەك سەرۆکی خێڵی (الطائي) سەپاند[47]. بەوجۆرە ئەو سەرکردانەی قورئانخوێنان کە ئاگری شۆڕش و یاخیبوونیان لە دژی عوسمان هەڵگیرساند و لە دواییشدا لەو پەلامارە دوژمنکارانەی کرایە سەری، خۆیان وەك کەسانی میانڕەو نیشاندا، ئەوەتا ئێستا بەشداری لە گەمەیەکی سیاسی تازەدا دەکەن و بەوپەڕی هێزییانەوە پشتیوانی لێدەکەن و زیاترو زیاتر لە ناویدا توانەوە، بە جۆرێك کە لە شەڕی (صفین)دا بە شێوەیەکی لاوەکی لە پێناو بیرۆکەی ڕەوایەتی کوشتنی عوسمان شەڕییانکرد، بە شێوەیەکی بنەڕەتیش لەپێناو شەرعیەتی خەلافەتی عەلی شەڕییانکرد، بەڵام ئەوە پێچەوانەی خواستی کرۆکە توندەکەی قورئانخوێنانەوە بوو، ئیتر لێرەوە دووبەرەکی و جیابوونەوەیەکی بەهێز لە کاتی گونجاودا دەتەقێتەوە.

بەڵام قورئانخوێنەکان، لەبەر ئەوەی هێزێکی یەکگرتوو بوو، هەمیشە لە کوفەدا وەکو کەمینە مانەوە، بە شێوەیەکی گشتیش لە کۆمەڵگەی عێراقی (بەسری و کوفی)دا، ئەو کۆمەڵگەیەی کە عەلی دەیەویست لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا کۆیان بکاتەوە. سیستەمی سیاسی – سەربازی عەرەبی بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ خانەدانەکان – سەرۆك خێڵەکاندا کاریدەکرد. لە شەڕی (الجمل)دا، لەسەر ئاستی خێڵەکی کوفە یەك سەرۆك خێڵ بەشداریکرد، ئەویش مەخنەفی کوڕی سولەیم ئەلئەزدی بوو، چونکە عەدی کوڕی حاتەم پێگەیەکی رابەرایەتی نەبوو تەنیا لەسەر یەك باڵی لاوازی عەشیرەتی (الطائي)دا نەبێت.

ئەم بابەتە تەنانەت لە دەرەوەی پڕوپاگەندە دوژمنکارانەکەی ئەبی موسادا، بە لاوازی بەشداریکردنی کوفە شانبەشانی عەلی لێکدەدرێتەوە: واتا (10 تا 12) هەزار

---

47- الطبری، بەشی5، لاپەڕە 9. عەشیرەتی (حرمز) کە ژمارەیان زۆرتر بوو ململانێی لەگەڵ عەشیرەتی عەدی دەکرد. بەڵام پێدەچێت عەدی کوڕی حاتەم سەرۆکی هۆزی (الطائي) بووبێت. عەلی لە رووی بونیادی ناوخۆی خێڵەکانەوە دەسەڵاتێکی زۆر سنورداری هەبوو.

کەس لە کۆی هێزێکی جەنگاوەری گەورە کە ژمارەیان لە نێوان (40 تا 50) هەزار کەس دەبوو. کەواتا عەلی بەقەدەر پێویستی بە توانا و خۆسازدانیان، پێویستی بەو پێگەو دەسەڵاتە سیاسیە بوو کە خانەدانەکان هەیانبوو، ئەویش لەپێناو چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکەی لەسەر خودی کوفە بۆ ئەوەی ببێتە حاوەنی هێزێکی گورزوەشێن، چونکە خەڵکی عێراق لەو کاتەدا لەپشت خانەدانەکان بوون، یان لە رێگەی چوارچێوەی خێڵەکیەوە یان لە رێگەی ئەو فۆرمە سەربازییە خێڵەکییانەی کە بە (الأسباع) ناوزەد کرابوون و عەلی چەند گۆڕانکارییەکی ئاسایی تیادا ئەنجامدا[48]. زۆربەی خانەدانەکان زۆر بە خێرایی چوونە پاڵ بەرەی عەلی، چونکە جڵەوی شەرعیەتی خەلیفایەتی لەدەستدابوو، لەبەر ئەوەش کە سەرکەوتنی لە شەڕی (الجمل)دا شەرعیەتبوونی زیاتری سەلماند، لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوە بوو لە شاری کوفە جۆرێك گوشاری توند لە بەرژەوەندی عەلیدا هەبوو، بە شێوەیەکی فراوانیش هەستی کوفەیی و عێراقی و هەرێمیی زیاتر بڵاودەبۆوە و پەلیدەهاویشت بۆ بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازی هەرێمی شام. لە ئەنجامی بەرجەستەبوونی هەستێکی نیشتمانی راستەقینەی وابەستە بە پایتەختەکەیانەوە، هیچ خانەدانێك ئیتر هەستەکانی بەرامبەر کوشتنی عوسمان یان خودی عەلی هەرچۆنێك بووە، نەیدەتوانی رێگە بەخۆییدات لە بەرامبەر هێزی بێئەندازی شام پشت لە رۆڵەکانی نیشتمانەکەی بکات، ئەگینا وەك ناپاك تەماشا دەکرا. بوونی خەلیفە لە ناوییاندا ئەرکی بەرگری لێکردنی بەسەرییاندا سەپاندبوو، لەبەر ئەوەش کە خەلیفە لەپشتیان بوو ناوبانگێکی بێهاوتای بە شارەکەیان دەبەخشی، لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیارێتی و ئەرکی بەسەرییاندا سەپاندبوو. دواتر خودی

---

48- لە دوای خۆسازدان بۆ شەڕی (الجمل)، کە باسیان کە (الانساب)، بەشی1 و3، لاپەڕە 235-236. بە شێوەیەکی تایبەتیش (البلاذري) باسیدەکات کە (الاسباع) خوی ئەوەی (الجمل) بووە، لە صفین و نەهرەوانیش بە هەمانشێوە، بەڵام بونیادەکەی ئەگەر لەگەڵ ئەو بونیادەی کە عومەر بۆی داڕشتووە، هەموارکراوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە: بەراوردی بکە لەگەڵ (الطبری)، بەشی4، لاپەڕە 48.

کەسێتی عەلی شایەنی ڕێزلێگرتن و پەلکێشکردنی هاوسۆزی خەڵك بوو بەلای خۆیدا، ئەوەش بەهۆی ناوبانگە ئیسلامیەکەی و کامڵبوونیەوە بوو، لەبەر ئەوەش بوو کە عەلی نەبووە هۆکاری لەرزینی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی لە پێشدا دامەزرابوو، بەڵکو پارێزگاری لێکرد و هێشتیەوە.
عەلی نەیدەویست یان نەیدەتوانی سەرکردایەتیەکی شەخسی و ڕاستەوخۆ بەسەر کۆمەڵی کوفییەکاندا بسەپێنێت، بەو پێیەش خۆویستانە لە ڕێگەی کەناڵی خانەدانەکانەوە هەنگاوی دەنا. لە بەرامبەردا ئەو خەڵکە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە هاوکاری و پشتیوانیان دەکرد و خۆیان کردە خاوەنی قەزییەکەی. لە سەرەتاوە لە دوای گەڕانەوەی لە شەڕی (الجمل)، بەهۆی بەشداری نەکردنیان لە شەڕەکەدا داوای لێبوردنیان لێکرد، پاشان کاتێك دەهۆڵی شەڕ لێیدایەوە بەوپەڕی ئامادەباشیەوە پابەندییان کردو بە کۆدەنگی خێڵەکانیان خستە دوای خۆیان[49].
ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی سەعیدی کوڕی قەیس (خێڵی هەمەدان) و مەعقەلی کوڕی قەیس لە (خێڵی تەمیم) و زیادی کوڕی نەزەر لە (خێڵی مزحج) دەگرێتەوە. هەڵوێستی (الاشعث بن قیس)یش هەیە کە زۆر گرنگە بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە شەڕی (صفین) و دوای شەڕەکە گێڕای. ئەو پێشەنگی دیاری چینی خانەدانەکانە کە لە نێوانیاندا پێگەو دەسەڵاتەکەی بەکارهێناوە بەهۆی تەمەنی و ڕەچەڵەکە پادشاییەکەی. ئەگەری زۆر هەیە کە ڕابەرایەتی (الاشعث بن قیس) لە ئاستی هۆزی کندە نەوەستابێت، بەڵکو سەرجەم یەمەنییەکانی دەگرتەوە[50]، تەنانەت

49- صفین، لاپەڕەکانی 117،112،102،132،101،96. بەڵام لەگەڵئەوەشدا وەستانی خانەدانەکان شانبەشانی عەلی ڕوون نییە. بە ورەترین ئەو سەرکردانەی پشتیوانان و (أهل الاسلام) بە گشتی ئەمانە بوون: (ابن بدیل، هاشم بن عتبە)، بەڵام سەرۆکەکانی قورئانخوێنەکان بریتیبوون لە (الاشتر، یزید بن قیس). هەروەها (معقل بن قیس و سعید بن قیس) بە ئاستێکی کەمتر لەوان پابەند و خاوەن ورە بوون.

50-گەورەی خەڵکی یەمەن: ئەم دەستەواژەیە لە ژێر پێنوسی گێڕەرەوە و هەواڵدەرەکان دووبارە دەبێتەوە. ڕوداوی هەولی کوشتنی لە شەڕی (صفین) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەموو یەمەنییەکان بەو کارەوە پەیوەستبوون و پێی ئیهانە کراون.

دەکرێت بڵێین سەرۆکی هەموو خانەدانەکانی خێڵ و هۆزەکان بووە، نەك بەهۆی پێگەی، بەڵکو بەهۆی هێزو دەسەڵاتی شەخسیەوە بوو، چونکە لە دوای هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون کە ئەوکات تەواو لەبیرکرابوو، ئەو بەها زیندووەکانی پاشماوەی جاهیلیەتی بەرجەستە دەکرد، واتا ئەو شارستانیەتە عەرەبیەی کە هێشتا هەمووان لەژێر کاریگەریدا مابوون.

هەریەك لە ئەبوبەکر و عوسمان لە رێگەی ژنخوازییەوە خزمایەتیان لەگەڵیدا کرد، تەنانەت عوسمان بە والی ئازەربایجان دایمەزراند و رێگەی پێدا زۆر سودمەند بێت لە پرۆسەی دابەشکردنی زەوی وزار. بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی هەڵچوون و ناسەقامگیری لە کوفە لە نێوان ساڵانی 33 تا 35ی کۆچی، بەوپەڕی ژیرییەوە لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە وەستا، سەرقاڵی کارەکانی بوو وەکچۆن دەرەبەگێك وابەستەی موڵکەکانیەتی. بە دڵنیاییەوە (الاشعث) بەشداری شەڕی (الجمل)ی نەکرد و بەیعەتی بە عەلی نەدا. لەبەر ئەوەی لە سیاسەتی عوسمان زۆر سودمەند بوو کە پشتیوانی خانەدانەکانی دەکرد، دەبوو بەدڵ عوسمانی بوایە. تەنیا لە دوای گەڕانەوەی عەلی بۆ کوفە و پاشئەوەی بە تەواوەتی دەسەڵاتەکەی بەهێز کرد، (الاشعث) بەیعەتی پێدا، بەڵام عەلی لە خراپی مامەڵەکردنیدا هەڵەی کرد و داوای لێکرد حساباتی ویلایەتەکەی ئاشکرا بکات، پاشان حجری کوڕی عەدی وەك کاربەدەستی کندە لە شوێنی دانا. ئەگەری ئەوە هەیە عەلی بەو کارەی کردویەتی بە دوژمنی، بەڵام لەو سەردەمە هەستیارەدا جگە لە چۆکدادانی بۆ خواستەکانی عەلی هیچی دیکەی لە تواناڵدا نەبوو. ئەگەر (الاشعث) نەچووەتە پاڵ موعاویە، لەبەر ئەوە بووە کە لە خێڵەکەی و شارەکەی دانەبڕێت، کەواتا لەگەڵ رەوتی گشتیدا هەڵیکردووە، بەڵام روونە کە (الاشعث) توانیویەتی رۆژێك دەستپێشخەری بۆ خۆی بگێڕێتەوە، تەنانەت توانیویەتی کارێك بکات تا خانەدانەکانی ترو کۆمەڵگە خێڵەکییەکان گوێڕایەڵی بکەن، بەو هەنگاوەش وایکردووە ئەگەر بارودۆخەکە بۆی گونجاو بێت زۆرینەی خەڵك گوێڕایەڵی قسەکانی بن.

خێڵەکانی (عبدالقیس) و (بکر) شانبەشانی هێزی عەلی بەشدارییان لە شەڕی (الجمل)دا کرد[51]، بەو هۆیەشەوە پاڵپشتیکردن لە بەسرەوە بۆ شەڕی (صفین) گرنگبوو، بێئەوەی گرنگیەکەی ڕەها بێت، پێدەچێت (20 تا 30) هەزار کەسیان بەشدارییان کردبێت. بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە زۆربەی پێکهاتەی سوپاکەی عەلی، واتا بەشی هەرە گرنگی لەڕووی ژمارە و توندی و وەرەبەرزی و کاریگەری سایکۆلۆژییەوە، بە گشتی لە کوفییەکان پێکهاتبوو، ئەوانەی کە بە دڵ و بەگیان لەگەڵ عەلی دەرچوون[52]، جگە لە هەندێکیان کە دواکەوتن یان وازییان هێنا. پشتیوانەکان، ڕەسەنایەتی خوزاعییەکان، کە بە ڕەچەڵەك دەشتەکی بوون و نیشتەجێی مەدینە بوون سێیەم پێکهاتەی سوپاکەی عەلی بوون. ئەوان بە بەراورد لەگەڵ دوو تاقمە گەورەکەی تر (بەسرییەکان و کوفییەکان)، ژمارەیان کەم بوو، لە چەند هەزار کەسێك زیاتر نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی هێزێکی مۆراڵی گەورە بوون: ئەوان پێکهاتبوون لە پاشماوەی هاوەڵان و نەوەی هاوەڵان، پشتیوانانی پێغەمبەری خودا، ئەوانەی ناوییان لە قورئاندا هاتووە و بەشدارییان لە میتامێژووی پێغەمبەرایەتی دا کردووە. پشتیوانان وەك کۆمەڵێك لەسەر دەستی هەرسێ خەلیفە قوڕەیشییەکەی پێشووەوە پەراوێزخران، بەڵام عەلی کاریکرد بۆ بەشداری پێکردنەوەیان لەناو ترۆپکی مێژووی ئیسلامدا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە عەلی شەرعیەتی خەلافەتەکەی لەسەر کۆدەنگی ئەوان بونیاتنا

51- بەنو سەعد، بە سەرکردایەتی (الاحنف) چوونە پاڵ عەلی، بەڵام سەبارەت بە خێڵەکان و عەشیرەتەکانی تر کە لە (الجمل)دا شەڕییان لەگەڵکرد، ئەوە روون نییە: صفین، لاپەڕەکانی 24-26، انساب، بەشی1 و3، لاپـەڕە295: پێشبینیدەکرێت کە زۆرینەی هۆزی (تميم) لەلایەن (الاحنف)وە سەرکردایەتی کراوە.

52- نصر باسی سەرهەڵدانی دووبەرەکیەك دەکات لەناو بەسرە لە پێناو پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی کێشەی عەلی: صفین، لاپەڕە 105. انساب، بەشی1 و3، لاپەڕە 295، ئەو پشتڕاستکردنەوەیە بە روونی بەدیدەکەین کە ئەزدییەکان لە بەسرە لە شەڕی (صفین) بەشدارییان نەکردووە. پاشان لە لاپەڕی 117ی (صفین)دا باسکراوە کە پێنجیەکی خەڵکی بەسرە لەلایەن ئیبن عەباس ئامادەکراون و گەیەنراونەتە ناوچەی (النخیلة).

و ویستی سیاسەتێکی ئیسلامیانە پەیڕەو بکات و سنوری خێڵایەتی قوڕەیشی رووت تێبپەڕێنێت و دەستبکاتەوە بە پیادەکردنی کەلتوری پێغەمبەرایەتی دەستەجەمعی.

عەلی بەو ئاستەی کە لەلایەن قوڕەیشییەکانەوە رەتدەکرایەوە و بە ئاستی پێگەکەشی وەك نوێنەری (بیت)، کە لەبەر دیدی پشتیوانەکان لە سەروو خێڵەکانەوە پێگەیەکی باڵای پێبەخشیبوو، دەیتوانی بە ئاسانی ئەو کارە بکات. توانینی عەلی بە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێزێك بەو قەبارە زۆرە لە پیاوان بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا بۆ خۆی سەرکەوتنێك بوو: بە نزیکی هەموو کوفییەکان، لانیکەم نیوەی خەڵکی بەسرە و زۆرینەی پشتیوانان لەگەڵی بـوون. بەڵای مەترسیداری کوشتنی عوسمان، لەگەڵ هەموو ئەو گومانانەی لەسەر دەسەڵاتی دامــەزراوەی خەلافەت لەگەڵ خۆیدا هێنای، پاشان جیابوونەوەی تەڵحە و زوبێر و عائیشە، ئەو شەڕەی کە دووبەرەکی و جیابوونەوە بەدوای خۆیدا هێنا، جیابوونەوە و دابەشبوونە بەرجەستە و دیارەکان لەناو ویژدانی ئیسلامی، هەموو ئەمانە خەریکبوو ئوممەتی ئیسلام هەڵبوەشێنن و بیکەن بە هەزار پارچەوە. لە کۆتاییشدا سەرلەنوێ خۆمان لەبەردەم ئوممەتێکدا دەبینین، کە سەرەڕای ئەو کێشانە دووبارە یەکخرایەوە و خۆی لەبەردەم بەردەوامی بونیاتنانەوەی دەسەڵات و لەباوەشگرتنی ململانێکاندا بینیەوە، لەژێر گۆچانی عەلی بەردەوام بوو. شکۆی عەلی و کاریگەری کەسایەتیەکەی، سەرەڕای هەستکردنێکی زۆر باڵا بە دادپــەروەری و یەکسانی لە نێوان موسڵمانانندا، سەرەڕای دادوەری و پاکێتی و خۆنەویستی و خوداپەرستی قوڵ، هەموو ئەمانە عەلیان کردە یەکێك لە کۆڵەکە ویژدانیە گەورەکانی ئیسلام. هەموو ئەمانەش وەڵامی بوونی ئەو هێزە دەستەجەمعیە دەدەنــەوە، ئەو کۆدەنگیە پێکهاتووە لەسەر شەخسی عەلی، بە دڵنیاییەوە بەدەر لە جیاکردنەوەی موعاویەی مەترسیدار کە ناکرێت فەرامۆشبکرێت.

لە راستیدا، جیهانی وڵاتی شامی گۆشەگیر و داخراو ببوو بەسەر خۆیدا، بە فەرمانی موعاویە بە هەموو هێزییەوە وەستاوە بۆ تێکشکاندنی ئەو کۆدەنگیە. بەڵام پێویستە کەمێك لەبەردەم دادگای مێژوودا لێپێچینەوەی موعاویە بکرێت و تاوانبار بکرێت و بخرێتە بازنەی گومانەوە لە رووی ئەو هەستەوەرە سیاسیە قوڵەی، کە بـەردەوام پێیدراوە. چونکە لە کۆتاییدا ئەم پیاوە (موعاویە) بە کەللەڕەقی و سواربوونی ملی ئموحی خۆی، ئوممەتێکی تازەهەڵکەوتووی ناو مێژوو، ئیمپراتۆریەتێك کە بە شێوەیەکی سەیرو بە پشودرێژی لەدایکبوو، خستیە ناو گێژاوی هەلاکەت و لەناوچوونەوە. خۆبەزلزانین و رق و کینە و هەستی دەمارگیری خوێن، سەرەڕای ویستی پارێزگاریکردن لە پێگەکەی وەك سەرگەورەی شام لە ناخی موعاویەدا هەبوون. لێرەوە بەڕوونی هەست بە بوونی لاوازییەکی سەرەکی لە ئیسلامی پێشینەدا دەکەین ئەمەیە: ئەگەرچی لە دامەزراندنی ئوممەتێکی روحیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە دامەزراندنی فەزایەکی ئیمپراتۆری پێکەوە گرێدراوی رێکخراو شکستی هێنا.

هەر لە سەرەتاوە ئەو ئوممەتە کە وڵاتەکانی فەتح کرد، دەستیگرت بەسەر چەندین شوێن و ویلایەتی گەورەدا، کە بەپێی هەرێمەکان و زەوی و زارە فەتحکراوەکان دابەشکرا: شوێن و بواری گرنگ بۆ جەنگاوەرانی کوفە، بەسرە، شام و میسر. هەڵەیە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە لاوازی ئیسلام بەهۆی پارێزگاریکردن بووە لە بناغەی خێڵەکی، چونکە ئەو بناغەیە بە شێوازێکی زۆر شایستە لەگەڵ بناغەی دینی یەکتاپەرستی و بنەمای دەوڵەتدا ئاوێتە کراوە. بە پێچەوانەوە، ئەوەی بە شێوەیەکی مەترسیدار گوشاری درووستکردووە بناغەی هەرێمیە، کە جۆرێکە لە سەربەخۆیی خودی کە هەر لە سەرەتاوە بەرجەستە بووە. تەنانەت دەکرێت بڵێین کە بیرۆکەی ئیمپراتۆریەت وەك بونیادێکی یەکگرتووی رێکخراو ئامادەگی نەبووە، بەڵکو فتوحاتەکانی کوفە و بەسرە و شام هەبوون. شتێکی ئاشکرا و بەرجەستەیە هەروەك شاعیرێکی هاوچەرخی روداوەکان دەڵێت: خەڵکی شام

هەرگیز ناتوانن بە موڵکدارێتی خەڵکی عێراق رازی بن، بۆیە هەردوو موڵکداریەکە لە پێکداداان نزیکن.

ئاشکرایە کە عەلی هەر لە سەرەتاوە سوربوو لەسەر پەلاماردانی شام و شامییەکان لەناو ماڵی خۆیان. هەڵەیە گومان بکرێت کە عەلی لە پێناوی ئەنجامدانی دانوستان رویکردۆتە شام[53]. رێگەی شامی گرتەبەر بۆ ئەوەی شەڕییان لەگەڵدا بکات و گوێڕایەڵیان بەسەردا بسەپێنێت. راستە کە دانوستانی زۆریکرد، بەڵام بێئەوەی بە قەدەر باڵی مێرولەیەك دەستبەرداری داواکاریە سەرەکیەکەی بێت: «ئەرکی هەموو موسڵمانانە بەیعەت بدەن بە خەلیفەی شەرعی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن». کەواتا بۆچی گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری کرد؟ چونکە وەك زۆرێك خەڵکی تر هۆشیار بوو لە بەرامبەر خەسڵەتی موعاویە، بەرامبەر روبەڕوبوونەوەی نێوان دوو هێزی توندو هەڵچوو بۆ شەڕ، لەڕووی ژمارە و یەکگرتوویانەوە، تەنانەت مەترسیدار بوو لەسەر پرسی مانەوەی عەرەب وەکو گەلێك[54]. سەرەڕای ئەوەش، بەرگەی مەترسیەکەی گرت، خۆی کردە پەلاماردەری شام و وەك رزگارکەرێك بەرەو رووی رۆیشت.

لانیکەم موعاویەش هانی پیاوەکانی دەدا بۆ بەرگریکردن لە خاك و ژنەکانیان و ناموسیان، توانی کارییان تێبکات و لە رووی سایکۆلۆژییەوە بە شێوەیەکی چاك جۆشیانبدات. لە کاتێك روونە کە عەلی وەکو فەتحکار لە بەرامبەر هەندێك موسڵمانی سەرلێشێواوی تردا نەدەجولایەوە، هەروەك ئەو راستیە لە بەسرە

---

53- بۆ نموونە هەروەك (صالح احمد العلي) لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی نێوان من و ئەودا پێیوایە. العلي تا ئەندازەیەکی زۆر پێیوایە لە (صفین) هیچ شەڕێك روینەداوە، پەنابردنیش بۆ پرۆسەی داوەریکردن بۆ خۆی پەرەسەندنێکی ئاسایی بوو سەبارەت بە هەردوو جەماعەتەکە کە بەرەو رووی یەکتری دەچوون بە مەبەستی دۆزینەوەی بوارێك بۆ لێکتێگەیشتن.

54- ترسان هەردوولا لە روبەڕوبوونەوە و یەکتری قڕکردن و خواستی قوڵی جەنگاوەران بۆ ئاشتی و هەبوونی رۆڵێکی هاوسەنگ لەلای قورئانخوێنانی ناو هەردوو بەرەکە، هەموو ئەمانە زۆر بە روونتر راستیەکە دەردەخەن: (اخبار)ی الدینوري، لاپەڕە 169-170.

سەلمێنراوە. بەڵام عەلی هەمیشە دەستپێشخەری دەکرد بۆ هەنگاونانی لەپشت هەڵگەڕاوە و جیابۆوەکان، چونکە ئەو داوای دەکرد کار بە مەرجی تاعەت و گوێڕایەڵی بکەن. لە سایەی ئەو بارودۆخەدا یەکێك لە سەیرترین و بەهێزترین شەڕەکانی مێژوو روویـدا (شەڕی صفین)، ئەو شەڕە لە خانەی واجبەوە بۆ سەروەری دین و سەرکەوتنی رێگەی راست لەلایەن عەلیەوە بەرپا کرا.

# شەڕی (صفین)

لەبەر ئەوەی هەردوو سەرکردە (عەلی) و (موعاویە) و دەورووبەرەکەیان وەك عەماری کوڕی یاسر و (الأشتر) لەلایەك، عەمرو کوڕی ئەلعاص و عوبەیدوڵڵا کوڕی عومەر لە لایەکی ترەوە، سوربوون لەسەر پێداگریکردن لە هەڵوێستەکانیان، بەو جۆرەش سوربوون لەسەر شەڕکردن، بەڵام زۆرینەی جەنگاوەرەکانیان و سەرۆك خێڵە هاوپەیمانەکانیان، هێندە بەجۆش نەبوون بۆ روبەڕوبوونەوەیەکی بەرفراوان و گشتگیر لە نێوان موسڵماناندا. لێرەوە جیاوازی دەربارەی ئەو شەڕە دەرکەوتووە، چونکە تا دوای (3) مانگ لە روبەڕوبوونەوە پێداگری نەکرد لەسەر دەستپێکردنی شەڕێکی سەرتاسەری توندوتیژ، بەبێ سەرکەوتنی ئەملا یان ئەولا.
لە ماوەی ئەو چاوەڕوانیە دوورو درێژەدا، مشتومڕو گفتوگۆ لەسەر ئاستی لوتکە و بنکە وەکیەك درێژەی هەبوو، هەروەها پەیوەندی دۆستانە و برایانە و پەیوەندی مرۆیی بە شێوەیەکی جێگیر بەردەوامی هەبوو. بەڵام هەمیشە ئەنجامێکی بەرجەستەیان نەبوو. مانگی (ذی الحجة)ی ساڵی 36ی کۆچی/ هاوینی 657ی زایینی بە شێوەیەکی تایبەتی پێکدادانی زۆری بەخۆیەوە بینی، یان لە نێوان تاکەکاندا یان لە نێوان ئەو تاقم و گروپانەدا کە لەڕووی ژمارە و قورساییەوە یەکسان بوون. هەروەها لە مانگی موحەڕەمی ساڵی 37ی کۆچی، هەموو شەڕو کوشتارێك وەستا، پێدەچێت لەژێر گوشاری ئەو خەڵکەدا بووبێت کە دەیویست ئاشتی بەرقەرار بێت. مانگێکی تەواو لە گفتوگۆ و وتوێژکردن و شیعر چڕین رەوانەکردنی نێردراوەکان لە

هەردوولاوە، دەکرێت بڵێین مانگێکی تەواو لە ئاشکراکردنی ناخی عەرەبەکان بۆ یەکتری، لە ناوەندی دۆخێك لە یەکتری تەنگەتاوکردن و باش هاوسێیەتی. شەڕی (صفین) گەورەترین گردبوونەوەی عەرەبی بوو لە مێژوودا. کۆی (60) هەزار جەنگاوەر لە هەرلایەك،[55] کە لاوان ریشسپیان، ژنان و خزمەتگوزاران هاوڕێیەتیان دەکردن، واتا جەماوەرێك بوون ژمارەیان لە (200) هەزار کەس کەمتر نەبوو. بەڵام وەستانی ئەو شەڕە بووە تەنازولێکی هەردوو سەرکردەکە کە هەر لە سەرەتاوە بە هەستکردنی ئاشتیخوازانە پێشکەشی جەماوەرە سەرقاڵەکەیان کرد، چونکە دانوستان یەك هەنگاویش پێشنەکەوت، بەڵکو هەردوو سەرکردەکە لەسەر هەڵوێستی خۆیان مانەوە.

لە سەرەتای مانگی (صفر)ی ساڵی 37ی کۆچی شەڕێکی سەیر دەستیپێکرد، کە شەڕێکی گشتی نەبوو، بەڵکو پێکهەڵپژانی لاوەکی بوو بە بەکارهێنانی تاقم و گروپی گەورە. هەموو رۆژێك دوو ریز دەهاتنە ناو گۆڕەپانی شەڕەکە، یەکێکیان لە گەورە سەرکردەکانی عەلی پێکهاتبوو لەگەڵ یەکەیەکی سەربازی گرنگ. موعاویەش بە یەکەیەکی سەربازی هاوشێوە لەڕووی سەرکردە و ژمارەی یەکەکەوە وەڵامی دەدایەوە. بۆ نموونە (الأشتر) لە بەرامبەر حەبیبی کوڕی موسەلەمە، هاشم کوڕی عوتبە لە بەرامبەر ئەبی ئەلئەعوەر ئەلسەلەمی، عەممار کوڕی یاسر لە بەرامبەر عەمروی کوڕی ئەلعاص، محەمەد کوڕی حەنەفیە لە بەرامبەر عوبێدوڵڵای کوڕی عومەر. ئەوە پێکهەڵپژان و دیمەنێکی رۆژانە بوو، نەزمێکی رێکخراوی ئەسپ سواری عەرەبی،

55- کەمترین ژمارەی ئاشکرا سەبارەت بە سوپاکەی عەلی 50.000 کەس بوو، کتێبی (الانساب)، بەشی3، لاپەڕە 322 باسکراوە، بەڵام لە بەرەی موعاویە بە خێرایی بە 70.000 کەس بەرەنگاری بوونەتەوە. هەروەها باسی ژمارەیەکی تر دەربارەی عێراقییەکان کراوە کە 100.000 کەسە. نصر لە لاپەڕە 156ی (صفین)دا باسدەکات کە هەریەکە لە سوپاکان ژمارەیان 150.000 کەس بووە، ئەوەش ژمارەیەکی پەسەندکراو نییە. هەروەها لە لاپەڕی 157ی (صفین)دا هاتووە: سوپاکان خزمەتکارەکان و کۆیلەکانیشیان تێدا بووە. شەهادەیەکی شیعری شامی کۆن باسی 70.000 کەس دەکات. المسعودی لە بەشی3، لاپەڕی 120-121ی (مروج)دا سوپاکەی عەلی بە 90.000 و سوپاکەی موعاویەی بە 85.000 کەس مەزەندە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتگوزارانی چەك و تابیعەکانیش لەگەڵیاندا بوون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خوێناوی بوو. ئەو گەمەیە لە دوای (8) تا (10) ڕۆژ کۆتایی پێهێنرا، کاتێك عەلی فەرمانی خۆسازدانی گشتی دەرکرد، بەوەش ترسی و دڵەڕاوکێ هەردوولای شەڕەکەی داگرت. ئێمە بە تەواوەتی نەگەیشتوینەتە تێگەیشتنی بونیاتی هەردوو سوپاکە لە کاتێکدا سازو ئامادە بوون بۆ شەڕکردن، چونکە سەرچاوەکان ناچونیەك و پێچەوانەن، پێدەچێت لەبەر ئەوەش بێت کە سەرکردایەتییەکان لە چەند بۆنەیەکدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لەو (ئیلیادە) عەرەبیەدا واتا کتێبی شەڕی (صفین)، هەموو شتێك بە لێڵی و ناڕوونی ماوەتەوە، کە لە سەرەتایەوە تاکو کۆتاییەکەی نەفەسێکی داستانی ڕەسەن ئامادەگی هەیە کە شیعرو وتار و چیرۆکە بچوکە پڕ وردەکارییەکانی تایبەت بە ئەم کەس یان ئەو کەس، ئەم خێڵە یان ئەو خێڵەی تر درووستیکردووە. ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە سوپای عەلی، وەك سوپاکەی موعاویە، لە ناوەڕاست و دوو باڵی ڕاست و چەپ پێکهاتبوو. باڵی ڕاست (الميمنة) لە یەمەنییەکان پێکهاتبوو: خێڵی کندە، بە تایبەتیش مزحەج و هەمەدان. سەرەتا ئەم باڵە لەلایەن (الاشعث)ەوە سەرکردایەتی کرا، پاشان لە کاتی هەستیاردا سەرکردایەتی بە عەبدوڵڵای کوڕی بودەیل سپێردرا، کە کوڕی سەحابیەك بوو لە پیاوانی سەرەتایی ئیسلام. عەلی لەگەڵ خەڵکی مەدینە لە ناوەڕاست بوون، هەروەها باڵی چەپ (الميسرة) لەلایەن عەبدوڵڵای کوڕی عەباس سەرکردایەتی دەکرا، کە لە هۆزەکانی ڕەبیعەی شارەزا لە هونەری جەنگ پێکهاتبوو. سەرچاوەکامنان باسی یەکگرتوویی قورئانخوێنەکامنان بۆ دەکەن کە لەلایەن عەمماری کوڕی یاسر و هاشم کوڕی عوتبە ڕابەرایەتی دەکران، بەڵام تەواو نازانین چۆن خراونەتە ناو ئەو دابەشبوونە سێقۆڵیە (ناوەڕاست و دوو باڵەکە)وە. دواجار لەپشت ئەو بونیاتنانە ستراتیژیە بەرفراوانەوە، پێدەچێت خێڵ کرابێتە یەکەیەکی تاکتیکی لەو شەڕەدا: مزحەج بە سەرکردایەتی (الأشتر)، هەمەدان بە سەرکردایەتی سەعیدی کوڕی قەیس، کندە بە سەرکردایەتی (الأشعث) لە دوای ماوەیەك بەسەر سەرکردایەتیکردنی هۆزەکانی بەکر، عبدالقيس، تەمیم، تەی و ... هتد..لەلایەن حوجری کوڕی عەدی.

بەڵام لە بەرەی شامدا، زانیارییەکانمان زیاتر ناڕوون و لێڵە، چونکە بە تەواوەتی ڕۆڵی هۆزەکانی قەیسیان فەرامۆش کردووە، تەنانەت باسی ڕۆڵی هۆزی (کلب)یان نەکردووە، کە گەورەترین هۆزەکانی (قضاعة)یە. لە بەرامبەردا هەموو گرنگیدان و تیشکەکە خراوەتە سەر هێزو گروپە یەمەنییەکان، لەلای باڵی ڕاستەوە هۆزی (حمیر) بە سەرکردایەتی کەسێکی خاوەن نەسەب و یەمەنیەکی خاوەن شکۆی پاشایەتی و پێگەی شارستانی یەمەن. ئەگەری ئەوە هەیە هۆزی (حەمیر) ژمارەیان کەم بووبێت، بەڵام لە دەوری خۆیدا پۆلێك لە هۆزەکانی یەمەن و (قضاعة)ی کۆکردبۆوە. لەلای چەپی سوپای شام گروپێکی یەمەنی تر هەبوون کە بە تایبەتی لە شەڕدا خاوەن ئەزمون بوون، وەك (عەك) و (الأشعرون) بە سەرکردایەتی فەرماندەیەکی قورەیشی ئەویش حەبیبی کوڕی موسەلەمە بوو، لە ناوەڕاستیشەوە موعاویە بە سوپای دیمەشق دەورەی دابوون، پێدەچێت ئالێرەدا هۆزی (قیس) بدۆزینەوە.

ئەو شەڕەی کە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 7ی سەفەر هەڵگیرسا، ڕۆژێکی دوورو درێژ بوو لەگەڵ شەوی (الهریر). شەڕەکە بە تایبەتی لەڕێی باڵەکانەوە دەستپێکرد. شامییەکان بە هێرشی بەرەیی لەلای باڵی ڕاستەوە دەستیان پێکرد، دوایئەوەی کە هێرشێکی عێراقی سەرکێشانە لەلایەن (ئیبن بدیل)وە دەستی پێکرد شکستیهێنا. لای باڵی ڕاستی سوپاکەی عەلی بەزێنرا، بۆیە پاشەکشەی کرد و دەستبەرداری سەنگەرەکانی بوو، پاشان شکستەکە گەیشتە ناوەڕاست و عەلی ناچار کرا شوێنەکەی جێبهێڵێت و پەنا بۆ باڵی چەپ بەرێت لەلای هێزی ڕەبیعەی بەهێز، تا پارێزگاری لێبکات. (الأشـتر) توانی لەو بارودۆخەکە دەربازییان بکات لە ڕێگەی دووبارە کۆکردنەوەی ئەوانەی لە هێزی هەمەدان و مزحەج هەڵاتن، دووبارە باڵی ڕاستی درووستکردەوە و دژە هێرشێکی ئەنجامدا. لەو کاتەدا سەرکردەی یەمەنییەکان کە بە (ذي الکلاع) ناسرابوو، بە پشتیوانی یەکەیەکی پێکهاتوو لە (4) هەزار کەس لە قورئانخوێنانی شام بە سەرکردایەتی عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر هێرشێکی بەهێزو سامناکی دەستپێکرد بە جۆرێك کە ڕەبیعەی خستە دۆخێکی قورسەوە، بەڵام ڕەبیعە

زۆر بەهێز خۆی راگرت و بەرپەرچی هێرشەکەی دایــەوە، چونکە عەلی لەناو ریزەکانیدا بوو. ئەوە ساتێکی داستانئامێز بوو کە (ذي الكلاع) و کوڕێکی عومەری کوڕی خەتابی تیادا کوژران. پاشان شەڕەکە لە ناوەڕاستەوە بەردەوام بوو، لەوێدا گەورە هاوەڵی پێغەمبەر و نموونەی باڵای قورئانخوێنان (عەمماری کوڕی یاسر) لە داستانێکی قارەمانانەدا کوژرا، هەروەها (هاشمی کوڕی عوتبە) هەڵگری بەیداخی عەلی، لە هەوڵدانێکی بێهودەدا بۆ بەزاندنی ریزەکانی بەرامبەر کوژرا. جەنگاوەرە قارەمانەکان یەك لەدوای یەك کەوتنە سەر زەوی و شەڕی قورس بە شێوەیەکی تایبەتی لە دەوری ئاڵاکان بەردەوامی هەبوو. ئەو شەڕە هەڵچوونێکی عەرەبی رووت بوو، کە تیایدا هێزی جۆش و خرۆش بەسەر هەستکردن بە راستی زاڵبوو، بەجۆرێك کە پێشڕەوی کردنی وەکیەك لەم لایە یان لەولایەوە کارێکی ئەستەم بوو.

لێرەوە چیرۆکی نەسر وێنەیەکی داستانیی بەهێز دەبەزێنێت: (ذي الكلاع) دەکوژرێت و هاوسەرەکەی داوا لە هۆزەکەی دەکات تەرمەکەی بۆ بێننەوە، شمشێرەکان لە کالانەکانیان راکێشراون، کەمەی ئاسنینی کەوان و رمەکان شکاون، جەنگاوەرەکان شەڕ دەکەن و بە دەستی رووت بەردییان هەڵدەگرت و شەڕییانپێدەکرد، خۆر لە ئاوابووندا بوو[56]. بەشەڕهاتووەکان ئەو عەرەبانە بوون کە لە سەردەمی جاهیلیەت بە یەکتری ئاشنا بوون، لە ئیسلامدا یەکیانگرتەوە، بەڵام پاشماوەی هەڵچوون و کەللەگەرمی (تورەیی لە شەڕدا لەپێناو خوێن و ناموس) تێیاندا مابوو، لەلای هەندێکیشیان

56- شەڕی پێنجشەممەی گەورە بە درێژایی شەوی هەینی، واتە شەوی (الهرير) درێژەی کێشا. صفين، لاپەڕەکانی 475-479. الاخبار، لاپەڕە 188. دیمەنی روداوە باسکراوەکان باسی پزیسك و دەنگی بەریەککەوتنی ئاسن لەگەڵ ئاسن و شەپۆلی هێرشبەرەکان دەکەن کە وەك چیا وابوون. لێرەدا تێبینی دەکرێت کە سوارچاکی نموونەیی لە شێوەی کەسێکی داپۆشراو بە ئاسن لە تەپڵی سەرییەوە تاکو قولەپێی وێنا کراوە. خودەیەکی ئاسنینی لەسەر بووە و نەتوانراوە بناسرێتەوە، لە دەوری ملیشی زرێ بووە، هەموو جەستەشی بە زرێپۆش داپۆشراوە: صفين، لاپەڕەکانی 329-360. سوپای عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، سوپایەکی تەواو پڕچەك و چاك رێکخراو بووە، گومانیشی تێدا نییە کە بەهێزترین سوپای جیهان بووە لەو سەردەمەدا. رەنگی ئاڵاو بەیداخەکانیش بەگوێرەی خێڵەکان بوو، ئاڵایەکی گەورەش هەبوو لێی نوسرابوو (اللواء الاعظم) بۆ هەمووان بوو. هەریەکە لە سوپاکان نیشانەی تایبەتی خۆی و هێمای شەڕکردنی تایبەت بە خۆی هەبوو: صفين، لاپەڕە 332.

راستبینی دین و ئیسلام هەبوو، بۆیە پشوودرێژ بوون و شەرمییان دەکرد هەڵبێن، تەنانەت خەریکبوو شەڕەکە هەموویان لەناوبەرێت. چەمکەکانی کەللەگەرمی دین و وابەستەیی بنەماڵەیی بزوێنەرە بەگەڕخراوەکانی ناو ناخی هەر پیاوێك بوون لە شەڕێکی یەکسان لە رووی ژمارەوە، کە ناکرێت تێیدا سەرکەوتوو شکستخواردوو دەربکەوێت. ئەوە شەڕی قارەمانەکانە کە تێیدا هیچ کەسێك ئامادە نەبوو بە قەدەر باڵی مێرولەیەك بکشێتەوە، هەر یەکێك ژیانی خۆی لەناو تەرازوو دادەنا، لەو شەڕەدا خەسڵەتەکانی جەنگاوەرێتی باڵا، عروبە و ئیسلام ئاوێتەی یەکتری ببوون.

لەو کاتەدا بیری ئەوەی کە شەڕەکە کۆتایی بە عەرەب و ئیمپراتۆرییەت دێنێت لەبەردەم قەبەیی گەلەکوشتارەکەدا بووە باس و خواس، سەرەتاش لەناو سوپای شامدا بڵاوبۆوە. لە راستیدا ئوممەت بە گشتی لەوێ یەکتریان دەکوشت و جەستەی هەڵدەوەشێنرا بێئەوەی ئاسۆیەك هەبێت بۆ سەرکەوتنی بەرەیەك بەسەر ئەویتردا. دواجار بانگەوازی ئاشتی لە ناوجەرگەی ئاگری شەڕەکەوە هەستا. کەواتا لەناو جەنگاوەرانی شامدا خواستی گەڕانەوە بۆ ژیری، یەکبوون و ئاشتی بەدەرکەوت، هۆشیاری پەیدا بوو بەوەی کە هەنگاو بەرەو یەکتر لەناوبردن دەنرێت. لەناو دەقدا هاتووە: «بانگی ئەوانیتر بکەن»[57]، ئەوە شتێکە لە کەلتوری شەڕەکانی سەردەمی جاهیلیەت. کاتێك دوو خێڵ شەڕێکی خوێناوییان تا ئاستی یەکتری لەناوبردن

57- صفین، لاپەڕە 481: بە درێژایی شەوی (الهریر) هاوار لە دەوری ئاگری شەڕەکەدا بەرزدەبۆوە. بەڵام ئایا ئەو هاوارانە لەخۆوەهەڵچوانە بوون یان لە دەستکردی موعاویە بوو؟ چیرۆکێکی کۆنی (نصر) کە دەگەڕێتەوە بۆ (الشعبي)، صفین، لاپەڕە 480: دەڵێن هاواری ئاشتی لە رێگەی وتاری (الاشعث)وە دەنگی بڵاوبۆوە، ئەوەش لەبەر درککردن بە مەینەتییەکانی شەڕو ترس لە کۆتاییهاتنی عەرەب. موعاویە لەمەوە هۆشیار بوو لە هەموو عەقڵ و حیکمەتی (الاشعث) تێگەیشت و توانی دروشمەکە لە نێوان هێزەکانیدا بڵاوبکاتەوە و بڕیاریدا قورئانەکان ئاسایی. بەرزبکرێنەوە، ئەوەش داهێنانێکی گەورە بوو، نەك داوێکی. لەو دۆخەدا دەکرێت بڵێین بانگەشەی ئاشتی لەناو ریزەکانی سوپای عێراقەوە، لە ویژدانی ریشسپیە بەڕێزەکەیەوە سەریهەڵداوە، هەرچەندە چەند سەرگوزشتەیەکی تر باسی ئەوە دەکەن کە کرانەوەی ئاشتی لەپێشدا لەلایەن موعاویەوە دەستپێکردووە. پێدەچێت هەڵوێستێکی لەو شێوەیە، بۆ خۆی راپەڕینێکی ناوخۆیی بووە لە دژی شەڕ، ئەمەش وایکردووە (الاشعث) ببێتە سەرکردەی فیعلی سوپای عێراق.

پێکەوە دەکرد، هاوارییان دەکردو بانگی ئەوانی تریان دەکرد، واتا وەستانی شەڕ لە ترسی لەناوچوونی هەمووان لە شەڕەکەدا. لێرە دەرکەوتنەوەی ئەو نەریتە لەپاڵ هەستکردن بە یەکێتی ئیسلامی، بە تایبەتیش بە هۆشیاربوون بەرامبەر بەرپرسیارێتی ئیمپراتۆریەت خۆی نمایشکردەوە. ئەگەری ئەوە هەیە سوپای شامی هیلاك و شەکەت بووبێت، چونکە بانگەوازی ئاشتی لەناو ریزەکانیەوە دەرچوو. سەرکردە و فەرماندەکان بەدەنگ ئەو بانگەوازەوە چوون: موعاویە چەند نامەیەکی بۆ (الاشعث) و ئیبن عەباس نارد و وەڵامی خێرای وەرنەگرتەوە، بەڵام رێگەی بەرەو کاریگەری نواندن لەسەر ویژدانەکان گرت.

ئەو وتن و بۆچوونانە راست نین کە دەڵێن سوپای شام لە سەروبەندی تێکشکاندا بووە. یەك گێڕانەوە هەیە لە سەرچاوەیەکی بنەماڵەیی گوماناویەوە دەرکەوتووە و پێمان دەڵێت کە (الأشتر) لەو باڵە راستەوە کە سەرکردایەتی دەکرد هەستاوە بە پرۆسەی بەزاندنی ریزەکانی موعاویە و بەرەو بەدیهێنانی سەرکەوتن هەنگاوی ناوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە چەندین سەرچاوە و گێڕانەوە لەسەر زاری ئەو سەرکردە عێراقییانەی کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب راوێژی پێکردوون، بەمشێوەیە وەسفی بارودۆخەکە دەکەن: «هیچ دەمارێك لە ئێمە نەپێکراوە تا لەوانیش نەپێکرابێت، ئەگینا لەوان باشتر نەدەبووین».

لە کاتێکدا سەرکردە شامییەکان کە زیاتر دەستیان بە پیاوەکانیانەوە گرتبوو، بەمشێوەیە باسی بارودۆخەکەیان کردووە: «شەڕ ئێمەی خوارد، ناشزانین بەسەر خەڵکی عێراقدا زاڵ دەبین یان نا، یاخود ئەوە بە لەناوچوونی خەڵکی شام دەبێت». موعاویە پەیوەندی هاوسۆزی لەگەڵ پیاوەکانیدا هابوو، چونکە ماوەی (17) ساڵ بوو ئەمیریان بوو، هەرگیز بەو شێوەیەش هەستی نەدەکرد کە ئامادە بێت بیانکاتە قوربانی بۆ گەیشتنی بە هەر ئامانج و مەبەستێك. موعاویە گەیشتە مەبەستی خۆی و بەرەنگاری هێرشە عێراقیەکە بۆوە و بەرپەرچی گورزەکەیانی دایەوە، بۆیە چۆکی بۆ عەلی دانەدا و نەدۆڕا. تەنیا ئەوەندەی لەسەر بوو بە

سەری بەرزەوە بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و زۆرترین ژمارەی جەنگاوەرەکانی بە پارێزراوی لەگەڵدا مابۆوە. لێرەوە دەستیکرد بە بانگەشەکردن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و هەوڵدانەکانی بۆ رازیکردنی سەرکردە عێراقییەکان بۆ وەستاندنی شەڕ، چونکە بڕیاردان لە سەرکەوتوو دۆڕاو لەو شەڕەدا مومکین نەبوو. هەوڵەکانی موعاویە بە هاندان لەلایەن عەلیەوە رەتدەکرانەوە، چونکە عەلی ئامانجەکانی خۆی بەدی نەهێنابوو، بەو پێیەش لەسەر موعاویە پێویستبوو بانگی کۆمەڵی جەنگاوەرانی عێراقی بکات و قسەیان لەگەڵدا بکات، نەك بە زمانی سەردەمی جاهیلیەت و زمانی عەقڵی ئیمپراتۆریی، بەڵکو بە عەقڵی ئیسلام، نەك ئیسلامی میتامێژووی پێغەمبەرایەتی کە عەلی و هاوەڵانی و نەوەی هاوەڵان و لایەنگرانی کە سەرکردایەتی سوپاکەیان کرد، پێوەی وابەستەن وەك: عەممار، ئیبن بودەیل، هاشم کوڕی عوتبە، قەیس کوڕی سەعد، ئیبنو عەباس. بەڵکو بە زمانی ئیسلامی نازەمەنی گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، ئەو سیمبوڵەی یەکبوون، ئەو قسانەی کە لە سەرووی هەموو پێشینە و ریزبەندیەکەوە گفتوگۆ لەگەڵ مرۆڤی ئیسلامیدا دەکات.

لەبەر ئەوە موعاویە قورئانی خودای بەرزکردەوە، فەرمانی کرد بە بەرزکردنەوەی هەموو قورئانە لەبەردەستەکان بە نوکی رمەکانیان، بۆ ئەوەی بە کتێبی خودا بانگی عێراقییەکان بکەن تاوەکو «ببێتە دادوەر لەنێوان ئێوە و ئێمە»دا. دووبارە هەروەکو شەڕی (الجمل) گەڕانەوە بۆ رەمز: لەوبەرەوە ئەو ئاژەڵە هەبوو کە شەرەفی پێغەمبەری خودا (د.خ)، واتا عائیشەی هەڵگرتبوو، لێرەش قورئانەکان هەبوون کە فەرمودەکانی خودایان هەڵگرتووە، واتا راستییەکان و هەموو ئەوەی موسڵمانان پێکەوە کۆدەکاتەوە و یەکیاندەخات. ئەمە تابلۆیەکی جوانە کە هەواڵگێڕەوەکان رازاندویانەتەوە، تابلۆی وێناکراوی ئەو (500) قورئانە کە وەکو ئاڵا و بەیداخ بەرز کرانەوە. ئەوە هەستگەلێکە قابیلی درکپێکردن، دەکرێت دیدگا و تێڕوانین درکی پێبکات، ئەو پیرۆزیەیە کە دەخزێتە ناو گەمەکە، بەڵام بە

شێوازێکی بەرجەستە و مەلموس. تەواو هەڵەیە ئەگەر ئەوە بە فێڵێکی شەیتانانە بۆ خۆلادان لە شکست و دۆڕان بدەینە قەڵەم، لە ڕێگەی بەکارهێنانی قورئان بۆ خۆقوتارکردن و هەڵخەڵەتاندنی بەرامبەر. موعاویە نە لە شەڕدا دۆڕابوو، نە لەسەر ڕێگەی شکست و دۆڕانیش بوو، بەڵکو تەنیا یەك زمانی بەکارهێنا کە بتوانن لێیتێبگەن (زمانی ڕەمز)، هەروەك پەنای برد بۆ بەکارهێنانی تاکە مەرجەعی هاوبەش (مەرجەعی قورئان). بەو شێوەیە کاتێك عێراقییەکان بڕیارياندا بێنە وەڵامی بانگەوازی قورئان، ئیتر شەڕەکە وەستا.

# –4–

# هێڵی ئاشتەوایی..
# هێڵی دەمارگیریی

# پەنابردن بۆ پرۆسەی داوەریکردن و لەدایکبوونی بزووتنەوەی خەواریج

## وەستانی شەڕەکان:

بەرزکردنەوەی وێنەکانی قورئان، وەك دیاریدەیەکی بەرچاو، لاڵ یان قسەکەر، کە تەنیا روح و روانینی چاوەکانی دەدواند، تەنیا یەك مانای هەبوو: دەبا شەڕو

کوشتار بوەستێنین، چونکە ئێمە یەك ئوممەتین و هەموو باوەڕمان بە یەك کتێب هێناوە، بەڵام بەرزکردنەوەی قورئانەکان هاوکات بوو لەگەڵ بانگەوازی ئەو بانگدەرەی کە دەیوت: «کتێبی خودا لە نێوان ئێمە و ئێوەدا حوکم دەکات». بەوجۆرە وەك رەگەزی دووەم بەڵێنێك دەرکەوت بەوەی، کە قورئان دەتوانێت ببێتە دادوەر و قازی لە نێوانیاندا. لێرەدا دوو مەسەلە دەرکەوتن: یەکەم بریتیە لە وەستاندنی شەڕەکان، دووەمیش بریتییە لە پەنابردن بۆ حوکم و دادوەری قورئان. ئەمانە بە راستی دوو مەسەلەی پێکەوە گرێدراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رێڕەوی زەمەندا بەدوای یەکدا هاتن.

گێڕانەوە مێژووییە لەبەردەستەکان، سەبارەت بە مەسەلەی یەکەم باس لەوە دەکەن، کە بەهۆی هەڕەشە و فشار و کاریگەری و تەدەخولکردنی قورئانخوێنەکانەوە عەلی- یان ناچارکرد شەڕەکە رابگرێت، بەپێی سەرچاوەی ئەبی مەخنەف (کە بەرپرسە لەم گێڕانەوەیە)، لە دواییدا بوونە خەواریج. لێرەدا جیاوازیەکە ئەوەیە کە خەواریجەکان جیابوونەوەی داهاتوویان لەسەر بناغەی رەتکردنەوەی داوەریکردن (التحکیم) بونیاتناوە، بەڵام راستیەك پێویستە پێداگری لەسەر بکرێت ئەوەیە، کە داوەریکردن و وەستانی شەڕەکان، هەمان واتا ناگەیەنن، چونکە مێژونووسەکانی داهاتوو لە دوای ئەبی مەخنەف، ئەلدینوری، ئەلیەعقوبی [58] و

58- تأريخ، بەشی2، لاپەڕەکانی 188-189: ئەلیەعقوبی بە شێوەیەکی تایبەتی باسی گوشارەکانی قورئانخوێنان ناکات، بەڵکو تەنها گوشارەکانی (الاشعث)ی بە زەقی باسکردووە. عێراقییەکان دەیانەویست داوەرێکی راست و دادپەروەر دابنێن، کە لە نێوان ئەوان و موعاویەدا یەك شێواز پەیڕەو بکات. بەڵام لەو کاتەدا بەجۆرێك رەفتارییان دەکرد وەکئەوەی بە تەنها خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا بن یان وەکئەوەی یەك دادوەر هەبێت. ئەم هەڵوێستەی ئەلیەعقوبی ناگەڕێتەوە بۆ هەواڵێکی کۆن و تایبەتی کە پێویستبێت بە جددی وەربگیرێت. من دەیگێڕمەوە بۆ حەزکردنی بە رەشکردنی لاپەڕەی (الاشعث) کە خۆفرۆشێك بە موعاویە نیشاندراوە، زیاتر لەوەی بیگێڕمەوە بۆ خراپی بەرجەستەکردنی شەڕی (صفین) و دوای (صفین). سەبارەت بە مشتومڕەکانی نێوان عەلی و حرورییەکان، دیارە ئەوانە بە راستی پرۆسەی داوەریکردنیان بەسەریدا سەپاندووە، چونکە ناچاریکردن بڵێن «لە شەڕی صفین لێی پاشگەزبووینەوە، بەڵام بە شمشێرەکەی لێینەداین تاکو ئێمەش لای خودا نزا بکەین» (تأريخ)، بەشی2، لاپەڕە 192).

ئەلمەسعودی، بیرۆکەیەکی تریان بڵاوکردەوە، بێئەوەی لەگەڵ بیرۆکەی یەکەم داببڕێن، ئەویش بیرۆکەی بەرپرسیارێتی فەرماندەی مەعنەوی یەمەنییەکانی کوفە (الاشعث)ە، سەبارەت بە زۆر سەپاندنی داوای وەستاندنی شەڕ بەسەر عەلیدا. لە راستیدا بەشی هەرەزۆری سوپای شەکەت و ماندووی عێراق، پشتگیری داواکەی (الاشعث)یان کرد، هەروەها قورئانخوێنانیش بەشدارییان لە سەپاندنی هەمان چارەسەردا کرد، بە شێوەیەك کە هاوپەیمانێتیەکی بابەتیانە لە نێوان (الاشعث) و قورئانخوێناندا پێکهات بۆ ناچارکردنی عەلی تاکو بە داوەریکردن رازی بێت و شەڕەکە بوەستێت. بەو شێوەیە ئەبی مەخنەف بەرپرسیارێتی قورئانخوێنان بە گرنگییەوە باسدەکات، بەڵام مێژونووسانی تر لە یەککاتدا باس لە گرنگی بەرپرسیارێتی (الاشعث) و قورئانخوێنانیش دەکەن.
لە واقیعدا چی رویـداوە؟ مومکین نییە تەنیا بە گێڕانەوەی ئەبی مەخنەف رازی بین، کە نەسر و گێڕەرەوەکانی دوایی باسیان لێوە کردووە، کە دەڵێن قورئانخوێنەکان بوونە هەوێنی مەزهەبی داهاتوو، هەر ئەوانەش بوون عەلیان ناچارکرد شەڕ بوەستێنێت. هەروەك رەوا نییە باوەڕ بەو رۆڵەی زۆرەی (الاشعث) بکەین، کە بۆمان وێنا دەکەن، گوایا بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بووە و بڕیاری خۆی بەسەر عەلیدا سەپاندووە، هەروەك نابێت بڕوا بەو دیمەنە ئەندێشەییە بکەین، کە عەلی بە کەسێکی لاواز وێنا کردووە، کە ناچارە بە بیروڕای ئەم تاقم یان ئەو تاقمە رازی بێت، لە کاتێکدا خۆی هەموو دەستپێشخەریەکی لەدەستداوە. بەپێی کۆنترین گێڕانەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (الشعبي) دەڵێت (الاشعث) لەڕووی پراکتیکییەوە خۆی کردە زمانحاڵ و دەم سپی هەموو سوپای عێراقی، تەنانەت لەپێش بەرزکردنەوەی وێنەکانی قورئان لەلایەن موعاویەوە، هەستی ئاشتیخوازانەی گشتی دەربڕیوە، کە دەنگۆی لەناو هەموو سوپادا بڵاو ببۆوە. واتە (الاشعث) تەنیا وەك سەرکردەی کندە، یان یەمەنییەکان قسەی نەکردووە، بەڵکو بەهۆی هەڵوێستە ئاشتیخوازییەکەیەوە، توانیویەتی قسە بکات و پشتیوانی رای

گشتی بەدەست بێنێت.

عەلی راوێژی بە فەرماندەکانی تریش کرد، وا پێدەچێت هەندێکیان وەك (الأشتر) و عەدی کوڕی حاتم لە دژی وەستاندنی شەڕ بوون، بەڵام هەندێکی تریان لایەنگری بیرۆکەی وەستاندنی شەڕ بوون، وەك سەعیدی کوڕی قەیس، پێشەوای هەمەدانییەکان و زۆرینەی سەرۆك خێڵەکانی رەبیعە، کە زەبرو شۆکی هەرەزۆری شەڕەکە بەرییان کەوت. بەڵام روون و ئاشکرایە کە لەو راوێژکردنە سەرەتاییەی عەلی لەگەڵیاندا ئەنجامیداوە، توانرا چوارچێوەی خێڵەکی تێبپەڕێنرێت، بۆئەوەی بوارێك لەبەردەم هوشیاری گشتگیر، واتە هۆشیاری هەموو سوپادا بکرێتەوە. لەو کاتەدا (الاشعث) توانی گوشارێك درووست بکات، بەڵام گوشارێکی هێندە بەهێز وەك ئەوەی دەیویست نەبوو، بەڵکو لەو سنورەدا بوو کە هەموو شێوازە خێڵەکییەکانی بەزاند، کاتێك بە زمانێکی ئاشتیخوازانەی نزیك لە گوتاری ئەبی موسا قسەیکرد. دەکرێت بڵێین قورئانخوێنان، کە بە هەرحاڵ کۆمەڵێکی کەمینە بوون، کەوتنە ژێر کاریگەری بانگەوازی قورئانەوە، لەو حاڵەشدا دەنگییان چووە پاڵ دەنگی زۆرینەی لەشکرەوە. تەنیا یەك تاقمی بچوك لە ناوییاندا هەبوو، مەبەستمان کرۆکە زۆر توندڕەوەکەیانە، کە بە دیاریکراوی لە داهاتوودا بوونە کرۆکی خەواریجەکان، ئەمانە لە دژی خواستی شەپۆلی زۆرینەی رەها بوون[59]، بەڵام عەلی تەنیا ئەوەندەی لە تواناد بوو، کە لە پشت زۆرینەی سوپاوە هەنگاو بنێت. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە متمانەیان پێدەکرێت، بەو شێوەیە عەلی

59- لە لاپـەڕە 497ی (صفین)دا باسی تاقمێکی قورئانخوێنان دەکرێت کە چوون بۆلای عەلی داوای لێبکەن تاوەکو لە شەڕکردن بەردەوامبێت. کتێبی (الجواهر)ی بەرادی سەبارەت بە کەلتوری خەواریج، لاپەڕە 124، پێشبینی دەکات کە تەنها کرۆکێکی کەم لە دژی شەڕراگرتن بوون و زۆرینەی قورئانخوێنانیش بە هەڵە کەوتبوونە دوای ئەو هەڵوێستە باوەی کە هەبوو، پاشان لەلایەن کەمینەیەکی چالاکی قورئانخوێنانەوە پاشگەزکرانەوە. سەلیم ئەلنعێمی لە وتارێکیدا بە ناونیشانی»دەرکەوتنی خەواریج»، گۆڤاری کۆڕبەندی زانستی عێراقی، ژمارە (15)ی ساڵی 1967، لاپەڕە 10 و لاپەڕەکانی دواییدا بە شێوەیەکی موقنیع ئەو سەرگوزشتەیە پشتڕاستدەکاتەوە کە دەڵێت: خەواریجەکان لە دواییدا بڕیاری کۆتاییهێنانی شەڕەکەیان بەسەر عەلیدا سەپاند. بە دووریش نازانرێت کە هەموو قورئانخوێنان لە دژی خواستی وەستاندنی شەڕەکە بووبن: أنساب، بەشی 1 و 3، لاپەڕە 327.

نیشان نادەن، کە نارەزایی توندی بووبێت لە دژی بیرۆکەی راگرتنی شەڕەکان، بەڵکو لایەنگری خواستی ئاشتیانەی سوپای کردووە، کە (الاشعث) و زۆرینەی خانەدان و قورئانخوێنان نوێنەرایەتیان کردووە، بەڵام بەبێ هەموو ئەم کاریگەریە درامییانەی، کە سەرچاوەکان تەفەنونیان کردووە لە درووستکردنیدا هونەریان تێدا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەو روداوانە بێننەوە کە لە ئایندەدا روویانداوە. کەواتە دەربارەی وەستاندنی شەڕەکان دابەشبوون و ناکۆکی لەناو سوپای عەلی نەبووە، بەڵکو نیمچە کۆدەنگیەك لە نێوانیاندا هەبووە.

هەروەك هیچ گوشارێکی ئەوتۆش لەسەر عەلی نەبووە، بە تایبەتیش لەلایەن قورئانخوێنەکانەوە، بەڵکو شەپۆلێکی تووڕەیی و گوژمێکی گشتی بەهێزو هەستکردنێکی راستگۆیانە، لە بە ئاراستەی ئاشتی و گەڕانەوە بۆ قورئان ناخی عەلی بوونی هەبوو، بەم پێیەش تەواو هەڵەیە ئەگەر دیمەنی شەڕی (صفین) لە دوای بەرزکردنەوەی مسحەفەکانی قورئان وەك شوێنی ناکۆکی و ململانێی توند وێنا بکرێت، یان وەك ئەو شوێنەی کە دابەشبوون و ناکۆکیەکی قوڵ لەناو سوپای عێراق رویدا بێت، لانیکەم لە ساتی یەکەمی شەڕدا.

# دابەشبوون لەناو سوپای عێراقدا

ویستی بەرقەرارکردنی ئاشتی لەلای زۆرینە زۆر بەهێز بوو، تا ئەو ئاستەی کە ئامادەبوون رازیببن بە هەموو جۆرە لێکتێگەیشتنێك، کە لە داهاتوودا بکرێت، دواتریش رازیبونیان بە دانوستانی سەرەتایی لە نێوان (الاشعپ) و موعاویە، کە دەستنیشانکردنی دوو دادوەری لێکەوتەوە، بە مەبەستی کارکردن لەو ناکۆکییەدا بەپێی حوکمی قورئان. سوپای رەزامەندی و لایەنگیری خۆی لەسەر قۆناغی یەکەمی بۆ وەستاندنی شەڕ و قۆناغی دووەم بە دەستنیشانکردنی دوو دادوەر پێکەوە نیشاندا، بەڵام لەلای قورئانخوێنان، کاروبارەکان بەو ئاراستەیە بەڕێوە

نەدەچوون، کاتێك کە زۆرینەیان بە قۆناغی یەکەم رازیبوون، بەڵام دەستیانکرد بە ناڕەزایی دەربڕین لە بەرامبەر بنەمای دانانی دوو دادوەرەکە[60]، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە گروپە توندڕەوەکەیان رابەرایەتی دەکردن و لەوانە پێکهاتبوو، کە تەنانەت دژایەتی بنەمای وەستاندنی شەڕیشیان دەکرد. بیروڕایان وابوو کە کارییان بە «حوکمی قورئان» کردووە، بەڵام دەستێوەردانی مرۆڤیان لەو حوکمدانە رەتدەکردەوە. یان ئەوەتا لەو بڕوایەدا بوون، کە رۆڵێکیان پێ دەسپێردرێت، تاوەکو بە شێوەیەکی مەیدانی پشت بە قورئانی پیرۆز ببەستن و حوکمی خۆیان دەربکەن، یان پێشوەخت رایانگەیاندبوو، کە قورئان موعاویە بە کەسێکی هەڵە تۆمەتبار دەکات، هەروەها بەرزکردنەوەی قورئان لەلایەن بەرەی موعاویەوە، جۆرێك بووە لە تەسلیمبوونی خەڵکی شام. ئەوەی رویدا، گروپی توندڕەوی قورئانخوێنان بە توندی شێوازی دادوەریکردنیان رەتکردەوە، لەو ساتەوەختەشەوە دووبەرەکی و جیابوونەوە لەناو سوپای عەلیدا سەریهەڵدا، نەك لە پێش ئەو ساتەوەختە، بەڵام بێئەوەی داوەرە سەرەتاکان ئاشکرا بکرێن و دروشمەکەیان ئاشکرا بکەن، بەڵکو ئەو دەرئەنجامە دوای ئەوە رویدا، کە عەلی و موعاویە، عەمرو کوڕی عاس و (الاشعث) لە داڕشتنی بەڵگەنامەی دادوەریکردن، یان (بەڵێنی صفین) تەواو بوون. کاتێك (الاشعث) هەستا بە گەشتە روونکردنەوە ئامێزەکەی لەناو سوپای عێراق، نەك هەر رووبەڕووی هەوڵی تیرۆرکردن بۆوە، بەڵکو لە پێشیەوە هاوارێك بە تایبەتی ئاماژە بوو بۆ خەواریج و بەرنامەکەیان دەیوت: «جگە لە حوکمی

60- ناڕازیبوونی توندی قورئانخوێنان بەدەرنەکەوت تا ئەو کاتەی پرسەکە پەیوەستکرا بە دیاریکردن و چاودێریکردنی بنەمای وەستاندنی شەڕەکان لە رێگەی بیرۆکەی دانوستان و داوەریکردن. گێڕانەوەیەکی کۆن هەیە سەرچاوەکەی بۆ (الشعبی) دەگەڕێتەوە کە لە انساب، بەشی 1 و 3، لاپەڕە 338دا زۆر بەڕوونی باسی ئەوە دەکات. ئەو گێڕانەوە مێژووییە وەها باسیدەکات کە قورئانخوێنەکان ئەبو موسا- یان وەك دادوەر سەپاندووە، ئەوەش مانایوایە قورئانخوێنان لەو بارودۆخەدا لە دژی بنەمای داوەریکردن نەبوون، بەڵام قورسە گۆڕینی هەڵوێستیان بە ئاسانی لێکبدرێتەوە لە دوای خوێندنەوەی بەڵگەنامەکە. سەرەڕای ئەوەش شتێکی مەنتیقی نییە کە قورئانخوێنان دادوەرێکی بێلایەنیان سەپاندبێت، لە کاتێکدا ئەوان هەر لە سەرەتاوە لە ناوەرۆکی هەڵگیرسانی فیتنەدا بەشداربوون.

خودا، هیچ حوکمێکی تر نییه». ئەو هاوارکردنە هۆکارێك بوو پێکهاتنی (المحكمة) ی خەواریجەکان لە داهاتوودا، کە یەکێکە لە حزبە سیاسیە دینییەکانی سەرەتای ئیسلام، بەڵکو توندڕەوترین و توندوتیژترینی حزبەکان بووە.
ئایا بە درێژایی ئەو هەفتەیە چی رویدا؟ زۆرینەی قورئانخوێنەکان، کە سەرەتا بە ناوی قورئانەوە لایەنگری وەستاندنی شەڕ بوون، چوونە پاڵ هەڵوێست و سەنگەری ئەو گروپە توندڕەوەی، کە هەر لە سەرەتاوە لە دژی وەستانی شەڕ بوون. بەو شێوەیە دەستیانکرد بە دروستکردنی رەوتێکی ئایدۆلۆژی – دینی مەترسیدار بە پشتبەستنیان بەم لۆژیکە: بە تەنیا خودا لەو ململانێ خوێناوییانەدا حوکم دەکات، کە ئوممەتیان هەڵوەشاندووە، نەوەك ئادەمیزادەکان، ئەوەش بەپێی ئەم ئایەتەی قورئان کە دەفەرموێت: «وان طائفتان من المؤمنين اقتتلوا، فأصلحوا بينهما، فان بغت احداهما على الأخرى، فقاتلوا التي تبغي حتى تفيء الى أمر الله». لە دیدی ئەواندا، خودا قەزاوەتی لە مەسەلەی موعاویەدا کردووە، چونکە پێیانوایە موعاویە نوێنەرایەتی تاقمی ستەمکارو دەرچوو لە تاعەتی ئیمام دەکات، بۆیە پێویستە شەڕییان لەگەڵدا بکرێت و شەڕ نەوەستێت، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ گەڕانەوە بۆ بیروڕای تاقمە توندڕەوەکە.«لا حكم الا بالله»، ئەمە مانای ئەوەیە کە حوکم بە شمشێرە. زۆرینەی ئەو قورئانخوێنانەی لە سەرەتادا دوودڵ بوون، لەبارەی رازیبوونیان بە ئاشتی تۆبە دەکەن و داوایان لە عەلی و هەموو سوپاکەی کرد، وەك ئەوان بکەن، بەو هۆیەشەوە لە چەندین قۆناغی یەك، لەدوای یەك دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت، بۆ ئەوەی لۆژیك و بەڵگەکانی خۆیان بەهێز بکەن، بەڵام ئێستاو بە تایبەتی لە شەڕی (صفين)دا جیانەبوونەوە، بەڵام بە دەنگی بەرزییان بڕوابوونی خۆیان راگەیاند و هەوڵیاندا بۆ پەلکێشکردنی زۆرترین ژمارەی خەڵك بۆلای بیرو بۆچوونەکانیان.
لەلایەکی ترەوە ئایا دانوستانەکان سەبارەت بە فۆرمەکانی دادوەریکردن چۆن چۆنی بەڕێوەچوون؟ سەرەتا دوو دادوەر دەستنیشان کران: عەمرو کوڕی عاس بە

نوێنەرایەتی خەڵکی شام و ئەبی موسای ئەشعەری، بە نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق. لە راستیدا ئەوە دەستنیشانکردنێکی مەترسیدار بوو، چونکە عەمرو هاوپەیمانێکی دڵسۆزی موعاویە بوو، بەڵام ئەبی موسا پێش شەڕی (الجمل) لە کوفە نوێنەرایەتی رەوتی بێلایەنی دەکرد و داوای لە خەڵکی کوفە کردبوو، بەیعەت بە عەلی نەدەن، کە لەسەرکار لایبرد، هەروەها هۆشداری دابوو دەربارەی درووستبوونی فیتنە. لە راستیدا خواستی وەستاندنی شەڕ لەلایەن (الاشعث) و زۆرینەی سوپاوە بەسەر عەلیدا سەپێنرا، نەك لەلایەن قورئانخوێنانەوە، کە لە دژی دانانی دوو دادوەرەکە، تەنانەت دژی بنەمای خودی داوەریکردنیش بوون. (الاشعث) یەکەم کەس بوو داوای وەستانی شەڕەکانی کرد، دوای ئەوەش هەوڵی زۆریدا بۆ دانانی شێوازی داوەریکردن، بەوەش بووە زمانحاڵی پیاوی گەورەی ناو سوپا. دەستنیشانکردنی ئەبو موسای ئەشعەری، سەبارەت بە پەیوەستبوونی بە مەسەلەی عەلی، بۆ خۆی جێگەی مەترسی بوو، چونکە مانای ئەوە دەبەخشێت کە سوپای عێراق بە شێوازێك لە شێوازەکان هەڵدەگەڕێتەوە و لە ململانێی نێوان عەلی و موعاویەدا بێلایەنی هەڵدەبژێرێت، بەڵکو پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستەکانی پێشووی، هەرچەندە بەلای عەلیەوە سەربەخۆیی بەدەستهێنایەوە. دەیانوت: «نامانەوێت جگە لە پیاوێك کە بکەوێتە نێوان تۆو موعاویە»، بەمشێوەیە دووبارەیان دەکردەوە و دەیانوت: «ئەبی موسا ئاگاداری کردینەوە لە بارەی ئەوەی رودەدات «. کوفەی هەڵگەڕاوە لە دژی عەلی، ئەو کوفەیەی لە شەڕی (الجمل)دا پشتی تێکرد، چونکە ئەبی موسا و خانەدانەکان وایان لێکرد رێگەی بێلایەنی بگرێتەبەر، بەڵام سەرلەنوێ هاتەوە سەر گۆڕەپانەکە، لە ماوەیەکی کورتدا، بەو هیوایەی بەرەو سەرکەوتنی بەرێت، خۆی بە عەلی بەخشی، بەڵام لە کاتێکدا هیوا بەدینەهات، کوفە بەڕووی خۆیدا داخرا و هاوکاری و پشتیوانی دۆزی عەلی نەدەکرد. ئەوە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، هۆشداری بوو بۆ چەندین شکست و دۆڕاندن لە داهاتوودا.

عەلی ناچار بوو، یان شانبەشانی کەمینەی قورئانخوێنان بوەستێت، کە بەلای زۆرەوە ژمارەیان (4) هەزار کەس بوو، یان پابەندی ویستی زۆرینە بێت، کە (الاشعث) پێشەوایەتی دەکـردن، جگە لـەوەش بەرامبەر پاوانخوازییەکانی پشوودرێژ بێت. عەلی نەیدەتوانی کارێکی تر بکات، جگە لە پابەندبوون، بۆئەوەی بتوانێت پارێزگاری بکات لە دەسەڵاتێکی بە رواڵەت لە کوفە. لەڕووی پراکتیکیەوە، عەلی لەو هەفتە تراژیدیەی دوای وەستانی شەڕەکان، هەموو شتێکی لەدەستچوو. بەڵگەنامەی داوەریکردن دوو جۆر فۆرمی هەیە: یەکەمیان لەلایەن (نصر)وە باسکراوە، کە پێدەچێت هەڵوەشاوە بێت، بەڵام پێویستە باس بکرێت. فۆرمی دووەمیان سەرچاوەکەی (أبي مخنف)ە و خودی نصر بۆمانی باسدەکات. فۆرمی دووەم لەوەی یەکەم زیاتر جێگەی قبووڵکردن بووە، سەرەڕای ئەو پێکهاتە کۆنانەی کە لەخۆی گرتووە، نابێت فێڵمان لێبکات و تووشی وەهممان بکات، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە دەقێکەوە هەیە، کە دووبارە نوسراوەتەوە.

ئەو بیرۆکە سەرەکییەی لێوە هەڵدەهێنجرێت ئەوەیە، کە بەشەڕهاتووەکان خۆیان رادەستی حوکمی قورئان دەکەن و ئەو دوو دادوەرەی لە دەقدا ناوییان هاتووە، پابەندن بەوەی کە بە حوکمی قورئان کاربکەن. بەرواری دیاریکراو مانگی رەمەزانی ساڵی 37ی کۆچی بوو، واتا دوای (8) مانگ، بەڵام شوێنی کۆبوونەوەکە بە شاراوەیی مایەوە: «شوێنێکی مامناوەند لەنێوان خەڵکی کوفە و خەڵکی شام»دا.

لەو بەڵێننامەیەدا چەندین خاڵی جێی سەرنجدان و تێڕامان هەیە: خودی بابەتی داوەریکردنەکە رووننەکراوەتەوە، پاشان عەلی خۆی بە جۆرێك بینیەوە، کە ناچارە بۆ لابردنی نازناوی ئەمیری باوەڕداران، چونکە خەڵکی شام دانیان بەو نازناوەیدا نەنا، بەڵام ئەو بەوە خۆی لەگەڵ موعاویەدا یەکسان کردەوە، چونکە جگە لە سەرۆکی عێراقییەکان و شیعە شوێنکەوتوانی، هیچی تر نەمایەوە، هەروەك موعاویەش سەرۆکی شیعەکانی شام بوو. ئەم چەمکە کە بۆ یەکەمینجارە دەردەکەوێت،

ئاماژەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە بەرەی عەلی یان بەرەی موعاویە شەڕییانکرد و لەگەڵیان هاوبیرو هاوڕا بوون، واتە ئاماژەیە بۆ گردبوونەوەیەکی ئایدۆلۆژی و حزبی لەناو یەك ئوممەتی بەربڵاوو گەورەدا. کاتێك بەڵگەنامەیەکی لەمجۆرە بە شێوەیەکی ناڕوون پشت بە حوکمی قورئان دەبەستێت، دەبینی خزمەت بە موعاویە دەکات و زیان بە عەلی دەگەیەنێت، چونکە عەلی بۆ شەرعیەتپێدان بە خەلافەتەکەی دەچێتەوە سەر کەلتورێکی مێژوویی، نەك بگەڕێتەوە بۆ دەقی پیرۆزی بێدەنگ سەبارەت بەم بابەتە، بەڵام موعاویە لە کاتی پێویستدا توانیویەتی خاڵەکانی پشتیوانیکردنی هەردوو داواکارییەکەی تێدا بدۆزێتەوە: داواکاری پەیوەندیدار بە خوێنی عوسمان و داواکاری پەیوەست بە شورا. بەم شێوەیە داوەریکردن بە راستی گەشە دەکات، دەبێتە دادگایەك بۆ تێچاندن لەوەی کە ئایا عوسمان بە حەق کوژرا، یان بە ناحەق، دواتر دەگۆڕێت بۆ ئەنجومەنی شورا، واتە تەنیا تێچان لە دروستی داواکارییەکانی موعاویە دەکات.

بزوتنەوەی دەرەکی لە شێوازی کۆتاییدا، لە ئەنجامی بڕیاری دووەمی عەلیەوە لەدایکبوو، لە رێگەی دەستنیشانکردنی داوەریکردن و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی. لە قۆناغی شەڕی (صفين)دا کۆمەڵی (المحكمة) هەبوو، لە قۆناغی (حرورا)شدا بە تەنیا (الحرورية) بوونی هەبوو، کە لەڕووی ئاراستەی ئایدۆلۆژییەوە بزوتنەوەیەکی زۆر دیاریکراو بوو، بەڵام هێشتا بڕیاری لەسەر کارکردن، یان جیابوونەوەی کۆتایی نەدابوو. خەواریجەکان (دەرچووان لە رەگ) سەریهەڵدا، واتە ئەوانەی کە بە تەواوەتی لە عەلی و شوێنکەوتوانی دابڕان ، بریتی بوون لە دانیشتوانی کوفە و بەسرە بە تێکڕایی و هەموو پاشماوەی ئوممەت. کتومت وەك بڵێی «دەرچوون لە شاری بێباوەڕی»، وەکچۆن پێغەمبەر (د.خ) لە شاری مەککە دەرچوو.

ئەوانە بە تەنیا خۆیان بە دۆستی راستی دەزانی، خۆیان بە تەنیا موسڵمانانی راستەقینە دەدایە قەڵەم، تۆمەتی بێباوەڕییان ئاراستەی هەموو ئەوانەی تر کرد.

ئەم روداوە لەپێش و لە کاتی داوەریکردندا رویدا. داوەریکردن وەك پرۆسەی داوەریکردن، دەرئەنجام و کۆتاییەکەی هەرچۆنێك بێت، تەنیا شتێك نەبوو کە لەلایەن ئەوانەوە رەتدەکرایەوە، بەڵکو ببووە بناغەی خودی بزوتنەوەکەیان. ئەبو مەخنەف بەرواری دابڕانی دەرەکی(خەواریج)ی بە ساڵی 37ی کۆچی دیاریکردووە، بەڵام ڤلهاوزن و زۆرینەی رۆژهەڵاتنامەسەکان، بە سەرەتای ساڵی 38ی کۆچی دیارییان کردووە. هەردوو دیاریکردنە مێژووییەکە تەواون، لەبەرئەوەی کە ناوەڕۆك ئەوەیە کە پرۆسەکە راستەوخۆ دوای ئەوە بووە، کە عەلی بڕیاریداوە وەفدەکەی رەوانە بکات. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە نێوان شەوال و زیلحجەی ساڵی 37ی کۆچیدا بووە، چونکە پێویستە ئەو راستیە بزانین، کە داوەریکردن یان لە مانگی رەمەزانی ساڵی 37ی کۆچی، یان لە مانگی موحەڕەمی ساڵی(38ی کۆچی/ 658ی زایینی) بووە.

# کۆنگرەی داوەریکردن

لە راستیدا وەك دەوترێت دوو کۆبوونەوە نەکراوە، کە گوایە یەکێك لە دومەی ئەلجەندەل و ئەویتریان لە ئەزروح بووە، هەروەك (ڤاکیا ڤاگلیری) دەڵێت، بەڵکو یەك کۆبوونەوە بووە لە ئەزروج کراوە، بە دیاریکراوی لەدوای حەج لە مانگی موحەڕەمی ساڵی (38ی کۆچی/ 658ی زایینی). ئەوەی وایکردووە رۆژهەڵاتناسەکان لەم بابەتەدا هەڵە بکەن، ئەو بەڵگانەیە کە لەلای ئێمەن، بە تایبەتیش ئەو شیعرە ساختەیەی کە لە دەوری شوێنی کۆبوونەوەکە وتراوەتەوە و لە یەککاتدا ناوی دۆمە و ئەزروحی تێدا هاتووە.[61] ئەوەی لە واقیعدا رویدا

61- بۆ نموونە (صفین) لە لاپەڕەکانی 335،549 دا سەرگوزشتەیەك هەیە کە (البلاذري) لە انساب، بەشی1 و 3، لاپەڕە 341 باسیدەکات، ئەویش لە صالح بن کیسان وەریگرتووە، بە راستی باسی بوونی کۆبوونەوەیەك لە تەدمور و کۆبوونەوەی دووەم لە (دومة الجندل) و کۆبوونەوەی سێیەم لە ئەزروح دەکات. بەڵام ئەبو موسا لە کۆبوونەوەی یەکەم و دووەمدا ئامادە نەبووە، لەلایەن (عەلی)یشەوە جگە

ئەوەیە، بە تەنیا خەڵکی شام لە غیابی ئەبو موسادا، لە مانگی رەمەزانی ساڵی 37ی کۆچیدا، شاندێکیان رەوانـەی دومـەت ئەلحەندەل کرد، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی، کە لە بەڵگەنامە نوسراوەکەی شەڕی (صفين)دا هاتووە، بەڵام کەسیان لە عێراقییەکان لەو شوێنە نەبینی، بە هەرحاڵ دادوەر (ئەبو موسا)یان نەبینی. عەلی لەگەڵ (الحرورية)دا سەرقاڵبوو، چونکە هێشتا دوودڵ بوو لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، تەنانەت دەوترێت بۆ ماوەیەکی کورت، لێیان پەشیمانبۆتەوە. ئاشکرایە کە (الحرورية)کان رازی نەبوون بە گەڕانەوەیان بۆ کوفە، چونکە هیچ کەسێك بۆ دۆمە نەنێردرا، لەبەر ئەم هۆیەش بوو، موعاویە نێردەکانی بۆ رەوانە کرد، بۆ ئەوەی بەڵێنەکانیان بیربهێنێتەوە و هانیبدات بۆ چۆکدانەدان بۆ فشارەکانی کەمینەیەکی بچوك لە هۆزە دەشتەکییەکانی (بەکر و تەمیم).

هەر لەو کاتەدا، خانەدانەکان لە سـەرووی هەموشیانەوە (الاشعث) لەلای خۆیانەوە پەلەیان لە عەلی دەکرد بۆ دانانی داوەریکردن لە قۆناغی جێبەجێکردندا، ئەو داوەریکردنەی لە وادەی یەکەمیدا کە لەسەر پێکهاتبوون، رێزی لێنەگرت. لەو کاتەدا عەلی خۆی یەکلاییکردەوە و بە دابڕانی لەگەڵ تاقمی (الحرورية) سەرکێشیکرد. وەلحاڵ هەندێك فۆرمی بەڵگەنامەی (صفين) باس لەوە دەکەن کە لە کاتێکدا ئەگەر هەردوو دادوەر نەیانتوانی لە وادەی دیاریکراودا کۆببنەوە، ئەوا دەکرێت کۆبوونەوەکە بۆ دوای حەج دوابخرێت، واتە بۆ مانگی موحەرەمی ساڵی 38ی کۆچی، ئەم بابەتەش زۆر روونە، چونکە شەڕی نەهرەوان لە نێوان عەلی و خەواریجەکان لە 9ی مانگی سەفەری ساڵی 38ی کۆچی رویدا. دۆخەکە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، کە هەموو شتێك لەدوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەکە تەواو بووە. بڕیاربوو ماوەی ئەو کۆنگرەیە، لە سەرەتای مانگی موحەڕەمدا کورتبێت،

---

لە ئبين عەباس کە دادوەر نەبوو، کەسیتر ئامادە نەبوو. لە دیداری (دومة الجندل)یشدا موعاویە بە تەنها خۆی ئامادە بووە. بەپێی (انساب)، بەشی 1 و 3، لاپەڕە 346.

پێدەچێت چەند رۆژێك یان لانی زۆر هەفتەیەك بخایەنێت، بە جۆرێك کە عەلی توانی لە (النخیلة) پیاوەکانی سازو ئامادە بکات، پاشان بە خێرایی بەرەو نەهرەوان ئاراستەیکردن، ئەوەش بەدوور نازانرێت، کە کۆنگرەکە لە مانگی زیلحجەی ساڵی 37ی کۆچی ئەنجامدرابێت. کەواتا دوو دادوەرەکە بە رەزامەندی هەردوو بەرەکە، واتا عەلی و عێراقییەکان و موعاویە و خەڵکی شام، تەنیا بۆ یەکجار لە ئەزروح کۆبوونەوە. ئەزروح شوێنێکی نزیکە لە (البتراء) کە دەکەوێتە ئوردونی ئێستاوە و تا ئێستا قەڵایەکی رۆمانی لێیە، کە پێدەچێت ئەو کۆبوونەوەکە لەوێ کرابێت. لەو کۆبوونەوەیەدا (400) جەنگاوەری عێراقی، کە وەك پاسەوان بوون، دەوری (ئەبو موسا)یان دابوو، لە بەرەی شامییەکانیشەوە ژمارەیەکی هاوشێوە دەوری (عەمرو کوڕی ئەلعاص)یان دابوو. لەو کاتەدا کەسایەتی و پیاوە گرنگەکانی ئیسلام بۆ ئامادەبوون لەو گفتوگۆیەدا کە لە نێوان ئەو دوو دادوەرەدا رویدا بانگهێشتکران، یاخود بە هاندانی شەخسی: موغیرەی کوڕی شوعبە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر ئامادە ببوون، بەڵام سەحابی گەورە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، تاکە ئەندامی شورا، هێشتا لەگەڵ عەلی لە ژیاندا مابوون، بەڵام ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، هەروەها پێدەچێت موعاویە هەندێك لە قورەیشیە دیارو ناودارەکانی بۆ کۆبوونەوەکە بانگهێشت کردبێت، بەڵام ئەوانە خاوەنی هیچ رابردوویەکی ئیسلامی نەبوون.

گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر ئاییندەی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەستیپێکرد، کە بە هەموو قورسایی خۆیەوە هاتبوو بۆ پشتیوانیکردنی ئەو روداوە ئاشتەواییە گرنگە لە نێوان ئوممەتدا، بۆ ئەوەی شێوازێکی ئاشکرای هەبێت. لە راستیدا لەو کۆبوونەوەیەدا تەنیا یەك سەحابی راستەقینە ئامادە بوو، ئەویش (موغیرە)یە، بەڵام قورەیشی نەبوو، بەڵکو کەسێکی گوماناویش بوو. بەڵام پیاوی لەخواترس عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، کەسێکی دیار بوو، چونکە کوڕی عومەری کوڕی خەتابە، بە تایبەتی کەسایەتیەکی گرنگ بوو، چونکە لەڕووی تەمەنەوە، گەورەترین نوێنەرانی نەوەی

دووەم، نەوەی کوڕانی ئەسحابەکان بوو، تەنانەت لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت لە ریزی ئەسحابەکاندا پۆلێنبکرێت، چونکە لە تەمەنی هەرزەکاریدا پێغەمبەری خوای ناسیوە، بەڵام موعتەزیلە - بێلایەنەکانی تر، لە نێوانیشیاندا هاوڕێ کۆنەکانی عوسمان، وەك محەمەدی کوڕی سەلەمە، زەیدی کوڕی سابیت، ئوسامەی کوڕی زەید، ئەوانیش ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون. هیچ وشەیەك دەربارەی ئەو ژمارە کەمەی زیندوان لە ریزی هاوەڵانی ئەنسار نەوتراوە، چونکە پەیڕەوی مێژوویی لە سەردەمی (ئەبوبەکر)وە ئەوانی لە ناوەندی بڕیارە سیاسییەکان دوورخستەوە، لەبەرئەوەش بوو کە سەرجەمیان چوونە پاڵ عەلی. لەوانەیە موعاویە بە شەخسی ئامادەی کۆبوونەوەکە بووبێت، بەڵام عەلی رازی نەبوو ئامادەببێت، چونکە پێی باشتر بوو لە عێراق بمێنێتەوە.

لە ئەزروح چی رویدا؟ ئەو سەرچاوە و گێڕانەوانەی کە زۆرتر کۆنن و راستگۆترن، لە گرنگی ئەو رووداوە کەم دەکەنەوە، نەك بە چۆنێتیەکی مەبەستدار، بەڵکو لەبەرئەوەی پشتیان بەستووە بە وتەی پیاوانی کاریگەرو پەیوەندیدار بە رووداوەکە: دەوترێت دوو دادوەرەکە کۆبوونەوە و رێکنەکەوتن. لەوەش زیاتر ئەمە تەنیا شتێکە کە دەکرێت بە راست دابنرێت. هەرچەندێك زیاتر بەناو رووداوەکانی مێژوودا شۆڕ بینەوە، ئەوەندە لە شایەتحاڵەکان دوور دەکەوینەوە، چونکە گێڕانەوەکان زۆر و پڕی وردەکارییە، بەڵام کەمتر جێی باوەڕ و متمانە پێکردنن. دەکرێت لە کاتی پێویستدا پشت بەوە ببەسترێت کە (الشعبي) بۆمانی دەگێڕێتەوە سەبارەت بە رووداوی کۆنی سەدەی یەکەم، کە ئەبو مەخنەف شایەتی بۆ دەدات. داوەریکردن بەرگی گفتوگۆو مشتومڕی نێوان هەردوو دادوەرەکەی لەبەردەم جەماوەری ئامادەبوو پۆشیوە. مەسەلەی یەکەمی بەرجەستەکراو دەربارەی زانینی ئەوەی کە ئایا عوسمان وەك ستەملێکراوێك کوژراوە. نوێنەری عەلی ئەبو موسا لەسەر ئەو بابەتە رازی بوو. گێڕانەوەکەی (الشعبي) باسی خاڵێکی تر دەکات: کێ بۆ خەلافەت دەپاڵێورێت؟ عەمرو کوڕی عاس ناوی

موعاویە دەڵێت، چونکە خزمی نزیکی عوسمانە و داوای خوێنیکردووە، هەروەها لەبەرئەوەی سەر بە بنەماڵەیەکی شەرەفمەندی قورەیشە، پیاوێکی سیاسی ژیر و سەحابی و زاوای پێغەمبەری خودایە.

وەڵامی ئەبو موسا بە رەتکردنەوەی داواکە بەپێی عەقڵێکی ساغبوو. ئەبو موسا وتی: «هەڵبژاردنی خەلیفە بەپێی شەرەفمەندێتی کۆمەڵایەتی ناکرێت، بەڵکو بەپێی رادەی فەزڵ و خوداپەرستیە، من دەسەڵات نادەمە دەست موعاویە و پشت لە کۆچبەرە پێشینەکان بکەن، بەڵام ئەگەر بتەوێت ناوی عومەری کوڕی خەتابمان بۆ زیندوو بکەرەوە». ئەبو موسا ئەمەی وت و ئاماژەی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کرد، ئەو کەسەی کە بەشداری لە فیتنەدا نەکرد، لە هۆڵی کۆبوونەوەکە ئامادە ببوو. لێرەدا گێڕانەوەکەی (الشعبي) دەوەستێت، وەکئەوەی بەشێکی لێ بڕدرابێت، بەڵام بەراوردکاری و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، کە رێگە بە تەواوکردنی چیرۆکەکە دەدات، بەمشێوەیە: «عەمرو کوڕی عاس پاڵاوتنی عەبدوڵڵا کوڕی عومەری رەتکردەوە و ناوی کوڕەکەی خۆی، عەبدوڵڵای کوڕی عەمروی پێشکەش کرد، بەڵام ئەبو موسا خۆپاڵاوتنی رەتکردەوە، چونکە ئەو پیاوە بەڕاستی لەخوا ترسە، لەلایەن باوکیەوە لە فیتنە تێوەگلا، بۆیە دووبارە پێشنیاری ئیبن عومەر دەکات، بەڵام عەمرو سەرلەنوێ رەتیدەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی کەم توانایە. سەرئەنجام عەمرو دەگەڕێتەوە بۆلای موعاویە و ئەبو موساش توڕە دەبێت، پاشان هەردوو دادوەر جنێوو قسەی بریندارکەر بەرامبەر یەکتری بەکاردەهێنن و کۆبوونەوە و گفتوگۆکە لە کەشێکی ئاڵۆزدا کۆتاییپێدێت و ئەبو موسا بۆ مەککە هەڵدێت، تاوەکو رووبەڕووی توڕەیی عەلی نەبێتەوە. بۆچی عەلی توڕە بوو؟، چونکە بە درێژایی بەڕێوەچوونی داوەریکردنەکە، پشتگوێیخست و سیفەت و دەسەڵاتەکانی فەرامۆشکرد.

لە میانی بەرەنگاربوونەوەی عەمری کوڕی ئەلعاص، کە لە پاڵاوتنی موعاویە هیچ نەوەستا، لەولاشەوە نوێنەری عێراقییەکان و نوێنەری عەلی، ئەبو موسا لە پرۆسەکە

دانەدەبڕا و پێداگری دەکرد، لەسەر پاڵاوتنی عەبدوڵڵای کوری ئەبو عومەر، لەوەشدا پارێزگاری لە بێلایەنی و نەفرەتکردن لە فیتنە تێیدا بەرجەستە ببوو، لەپاڵ خۆگونجاندنی لەگەڵ لۆژیکی تایبەت بە خۆی، بەو شێوەیەش بە تەواوەتی کاریگەری عەلی ونکرد، لەگەڵ پێداگریکردنی بەهێزی لەسەر رەتکردنەوەی موعاویە، هەروەها پێدەچێت ئەبو موسا پێشنیاری ئەوەی کردبێت، کە هەڵبژاردنی بۆ شورا پێشنیارکردبێت، دوای ئەوەی بە ئەنقەست هەوڵیدا ئوممەتی ئیسلام لەسەر هەڵبژاردنی کوڕی عومەر کۆبکاتەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە ناکۆکیەکە لەو کاتەدا بەهۆی پێداگریکردنی عەمری کوڕی عاس لەسەر خۆپاڵاوتنی معاویە بۆ پۆستی خەلیفە بووبێت، لێرەوە تورەبوونی ئەبو موسا سەریهەڵدا، کە بە دوای دەریچەیەکدا دەگەڕا، واتا چارەسەرێك بۆ تێپەڕاندنی فیتنە و دووبەرەکی و هەموو هاوشێوەکانیان، لەمەشدا رەفتاری عەمرو بە هەڵسوکەوتێکی خراپ و ناپاك دەزانی. پێدەچێت لەو ساتەدا داوەریکردن بەو فۆڕمە بەڕێوە چووبێت، بەڵام ئەمادەنەبوونی عەلی لە کێبڕکێکردن لەسەر خەلافەت، لە دیدی مێژووی قۆناغی داهاتووی لایەنگری شیعەکاندا، وەك ئابڕوچوونێك لێکدەدرێتەوە، کە دواتر لە روانگەی خودی عەلییەوە قبوڵکردنی قورسبوو، سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستی ئەبو موسا لەو بابەتەدا چاوەڕوانکراو بوو. لێرەوە دەکرێت شیکردنەوە بۆ چیرۆکێکی دانراو بکرێت، بەڵام ئەو چیرۆکە گەیشتە ئاستی هەواڵێکی باو، کە تا ئەمڕۆژەی ئێستاشمان، بەکۆی دەنگ پەسەند کراوە، بەو پێیەش بە سەرکەوتوویی نەوە لە دوای نەوە قۆناغەکانی بڕیوە. ئەم چیرۆکە چیمان پێدەڵێت؟

پێمان دەڵێت: عەمروی کوڕی عاس بە شێوەیەکی زیرەکانە ئەبو موسای هەڵخەڵەتاند. عەمرو پلانێکی داڕشتبوو، ئامانجی ئەوە بوو، رێگەبدات هەمیشە ئەبو موسا لەپێش خۆیەوە دەست بە قسەکردن بکات، بەو پاساوەی ئەو رێز بۆ تەمەن و پێشینەیی لە بوون بە هاوەڵی پێغەمبەر دادەنێت. پاشئەوەی ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی عەمرو پێشنیارکران لە بەرامبەردا

هەریەکەیان پاڵێوراوی یەکترییان ڕەتکردەوە، بەڵام ئەبو موسا بیرۆکەیەکی بۆ هات کە بریتی بوو لە دورخستنەوەی هەردوو پیاوەکە (عەلی و موعاویە) و گەڕاندنەوەی پرسی خەلافەت بۆ بنەمای شورا لەناو موسڵماناندا. عەمرو یەکسەر ئەو بیرۆکەیەی قبووڵکرد و وەك عادەتی خۆی ڕێگەی بە ئەبو موسادا، پێشخۆی دەست بە قسەکردن بکات، پاشان ئەبو موسا دورخستنەوەی عەلی و موعاویەی لە کێبڕکێکە ڕاگەیاند. لەو کاتەدا عەمروی کوڕی عاس هەستایە سەرپێ و وتی: «گوێتان لێبوو ئەم پیاوە هاوڕێکەی دوورخستەوە، منیش وەك ئەو دوریدەخەمەوە و ناوی موعاویە جێگیر دەکەم، چونکە ئەو شوێنگرەوەی عوسمانەو داوای خوێنەکەی دەکات و زیاتر لە خەڵك بۆ ئەو پێگەیە شیاوە». لەو کاتەدا نەفرین و جنێوو قسەی توندی ئاڕاستەکرا، ئەو فێڵەی عەمرو لە مێژووی ئیسلامدا ناوبانگی دەرکرد، چونکە مۆرێکە بە ناوچاوانیەوە ناکرێت بسڕێتەوە، بەڵام دانراوە بە کاریگەرێتی ئەو ڕووداوە لەسەر مێژووی ئیسلام لە داهاتوودا.
مێژوونوسە کۆنەکان، لەوانە ئەبو مەخنەف دەگێڕنەوە: لەو ساتەوەختەوە خەڵکی شام موعاویەیان بۆ خەلافەت بە شیاوتر دەزانی[62]. مێژوونوسەکانی تریش لە داهاتوودا دانیان بەوەدا ناوە، کە لەو ساتەوەختە یەکلاییکەرەوە، ئیتر ئاڕاستەی روداوەکـان لە بەرژەوەندی موعاویەدا بووە، لە کاتێکدا کە مەسەلەی عەلی جگە لە پاشەکشەکردن و کاڵبوونەوە، هیچی تری لێ سەوز نەبوو. ئایا نەدەبوو رووبەڕووی دۆخەکە ببێتەوە، لەبەرئەوەی کە لە کۆبوونەوەیاندا لەلایەن هەردوو داوەرەکەوە دوورخرایەوە، لە کاتێکدا بەڵێنی دابوو ڕێز لە حوکمەکەیان بگرێت و پێوەی پابەند بێت، بەڵام موعاویە لانیکەم لەلایەن یەکێك لە دادوەرەکانەوە دانرا؟ وەلحاڵ هەرچەندە ئەم روداوە بەناوبانگە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، تەنها پشتی بە

62- الطبری، بەشی5، لاپەڕە 71. صفین، لاپەڕە 546. انساب، بەشی 1 و 3، لاپەڕە 341: بۆ ڤاکیا ڤالکیری تیۆرەکەی خۆی دەربارەی ئامادەبووانی کۆنگرەی داوەریکردن و لادانی عەلی لە کۆبوونەوەی ئەزروح بسەلمێنێت، دەڵێت موعاویە لە مانگی ذی القعدە 37ی کۆچی/ نیسانی 658ی زایینیەوە خەلافەتی پێسپێردراوە، بەڵام لەمەدا پشتی بە گێڕانەوەیەك بەستووە کە بنەمایەکی درووستی نییە.

گێڕانەوەیەکی دابڕاو و درەنگوەخت بەستووە، بەڵام بە شێوەیەکی دەستەجەمعی لە مێژووی ئیسلامدا، بە نزیکەیی لەسەر زمانی خەڵك بووە[63]. ئەوەی ئامانجە لەسەر گۆڕەپانی رووداوەکە، ئەوەیە کە ئەبو موسا بە کردەوە عەلی لە پرۆسەکە دوورخستەوە، بەو هۆیەشەوە وێنای ماکیاڤیلییانەی عەمرو لە بەسەرهاتەکەدا قەبە دەرکەوت، لە لایەکی تریشەوە بیرۆکەی بەرزکردنەوەی وێنەکانی قورئان لە شەڕی (صفین)دا کە رووبەڕووی کرایەوە، فێڵێکیتر بوو.

بەڵام هەروەك (لامنس) پێیوایە، ئایا دەکرێت ئەم رووداوی داوەریکردنە بە تەواوەتی پووچەڵبکرێتەوە، بە پاساوی ئەوەی کە فێڵێکی ئاشکرای لەوجۆرە، دەکرێت بەسەر داڕێژەرەکەی (عەمرو)دا بشکێتەوە و ببێتە دەرئەنجامێکی خراپ لە دژی موعاویە؟ بەڵێ بێگومان لە ئاستی تایبەتی و لەلای ئەوانەی کە ئاگادارن، نەك لە ئاستی تێکڕای جەماوەری بەرفراوان و گشتیدا، کە پێش هەموو شتێك بۆ ئەنجامە بەرجەستەکراوەکان حەماسیان هەبوو. شتێکی مومکین بوو بۆ عەقڵیەتی گشتی، یان عەقڵیەتی گشتی دیاریکراو لەو سەردەمەدا چەپڵە لێبدەن بۆ پیلان و داوێك، کە بەو جۆرە سەرکەوتوانەیە داڕێژرا.

ئەوەی لە بواری قبوڵکردنی ئەو بەسەرهاتەدا تەنگەتاومان دەکات، فێڵ و تەڵەکەبازی نییە، بەقەدەر تەنگەتاوبوونمان بەو وێنا بازاڕییەی، کە تەواو لەگەڵیدا گونجاوە و رابردووی مێژوویی لەسەر عەمرو، پاشان لەسەر موعاویە تۆماریکردووە. موعاویە نەیدەتوانی ویست و خواستەکانی داهاتووی بە متمانەیەکی زۆرەوە بونیات بنێت، ئەگەر رووداوەکان بەو چۆنێتیە بەڕێوە بچوونایە، کە گێڕانەوەی کلاسیکییانەی بەسەرهاتە کە باسی لێوە دەکات و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە لە

---

63- سەبارەت بە گێڕانەوەکەی (الشعبي) یان (الزهري)، ئەگەر وایدابنێین ئەم سەرگوزشتە بەناوبانگە ناپەسەند و هەڵبستراوە، بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێین کە موعاویە ناکرێت لە ساڵی 38ی کۆچیدا خەلافەتی رادەستکرابێت. لە شوێنێکی تریشدا (الطبری) لە بەشی5، لاپەڕە 161دا بە تەواوەتی ئاماژەی پێدەکات کە موعاویە لە (ئیلیا)ی فەلەستین تەنها لە ساڵی 40ی کۆچیدا، لەپێش کوژرانی عەلی یان لەدوای کوژرانی، خەلافەتی پێسپێردراوە.

هەموو جدییەتێك بەدەردەكات. دەكرێت رەهەندێكی تر سەبارەت بە سەرگوزشتە قرتاوەكەی (الشعبي)دا لە ئەندێشەی خۆماندا وێنا بكەین، نەك ئەو سیناریۆیەی كە باسمان لێوە كرد، بەڵام بەبێ هەموو ئەو دەرهێنانەی بۆیكراوە. دەكرێت بڵێین هەردوو داوەر لە دوای ئەوەی كۆتاییان بە ناكۆكییان هێنا، بۆئەوەی كۆتایی بەو مشتومڕە بهێنن، گەیشتوونەتە دەركردنی چەند حوكمێكی جودا لە یەكتری. ئەبو موسای دڵسۆز بۆ بێلایەنیەكەی و خوازیار بۆ تێپەڕاندنی فیتنە، پێدەچێت دوورخستنەوەی عەلی و موعاویەی پێكەوە راگەیاندبێت، واتە پووچەڵكردنەوەی خواستەكانیان و جێهێشتنی خەلافەت بۆ حوكمی شورا، بەڵام عەمروی پلانداڕێژەر بۆ ویست و خواستەكانی موعاویە، پێدەچێت ئەویش لایخۆیەوە عەلی دوور خستبێتەوە «هەروەك چۆن ئەبو موسا ئەوی دوورخستەوە» و موعاویەی لەناو چوارچێوەكەدا هێشتەوە و مافی ئەوی بۆ وەرگرتنی خەلافەت جێگیر كرد.

ئەوەی هاندەرە بۆ دووبارە رێكخستنەوەی داوەریكردنێكی لەو شێوەیە، ئەو تێڕوانینەیە كە شایەتحاڵە هاوسەردەمەكان جێیانهێشتووە، لەپێش هەمووشیانەوە، گەواهیدانی خودی عەلی، كە لەو كاتەی داوەریكردنەكەی رەتكردەوە، نە پشتی بە فێڵكردن، نە بە هیچ كەموكورتیەكی شەكڵی لە پرۆسەكەدا بەس، بەڵكو راستەوخۆ بەرەو ترۆپكی بابەتەكان هەنگاوی دەنا، مەبەستمان ئەوەیە كە هەردوو داوەرەكە، ناكۆكییەكانی نێوانیان نیشاندا و بەگوێرەی قورئان كارییان نەكرد. لە سەرووی ئەوەشەوە، قورسە لە سەرچاوەكانماندا بە بەردەوامی و لە زۆرێك بۆنەدا، تەئكید لەوە بكەینەوە، كە داوەرەكەی عەلی دوورخستەوە، بەڵام داوەرەكەی تر موعاویەی جێگیر كرد.

لە دواییدا كاتێك موعاویە داوای لە بەسرییەكان كرد، پەیوەندی پێوە بكەن و ببنە هاوپەیمانی، داوای ئەوەیلێكردن، كە حوكمەكەی عەمرو كوڕی ئەلعاص لە بەرژەوەندی خۆیدا جێبەجێ بكەن، بەڵام بەشێك لە ناوەندی رایگشتی لە سەرووی هەموو گومانێكەوە، نەیانتوانی پارێزگاری لێبكەن: خەواریجەكان،

ئەلخریت و هاوەڵەکانی، خەڵکی شام و لایەنگرانی عوسمانی، پێشدەچێت خودی عێراقییەکان لە هەمان تاقمبووبن، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە موعاویە دەنگی خەڵکی بەدەستهێنا، بەڵام عەلی هیچ هێزی بەدەست نەهێنا، بەو پێیەش بیرۆکەی بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی زیادە لەلایەن موعاویەوە، شتێکی بەرجەستەبوو. فێڵکردنەکە لەوەدا بوو، کە هاوکێشەیەکی لەو جۆرە سەرەتایی و ساختەکاریە بەکارهێنرا. سەرباری ئەوەش لەبەرئەوەی حوکمی قورئان لە کۆبوونەوەکەیاندا بوونی نەبوو، هەروەك عەلی نکۆڵی لەوە کرد، بابەتێك نییە جێگەی سەرسوڕمانمان بێت، چونکە نەزمی سەردەمەکە بە هەموو رەهەندەکانیەوە، سەبارەت بە قورئان، جگە لە دیدێکی دابەشبووی حەرفی شتێکی تریان نەبوو: هەمیشە ئایەتێکی قورئان دەهێنرایەوە بۆ پاساوهێنانەوەی هەڵوێستێك. دەمێنێتەوە بڵێین کە داوەریکردنەکە وزەو توانای ئەم ئوممەتە نیشاندەدات، کە هێشتا لەو سەردەمەدا لاو بوو بۆ بەرجەستەکردنی هەموو دیوە شاراوەکانی کەلتور- ئەنترۆپۆلۆژیا، سیاسی و ئایینیەکە بۆئەوەی کرۆك و عەقڵی خۆی لە سیاسەت و جەنگدا ئاڕاستە بکات.

با بێین لە نزیکەوە زیاتر بابەتەکان شرۆڤە بکەین. تاکە کۆمەڵ کە هاتن بیرۆکەی داوەریکردنیان بە شێوەیەکی جدی وەرگرت، بریتی بوون لە کۆمەڵی قورئانخوێنەکان، کە دواتر بوونە خەواریجەکان، چونکە ئەوان زیاتر بارگاوی ببوون بە ئایدۆلۆژیاو لە فیتنەدا هەر لە سەرەتاوە زیاتر لە رووی ئایینیەوە پابەندبوون. ئەو کۆمەڵە نەیاندەتوانی قبووڵی دیالۆگێکی شەرعی بکەن، دەربارەی کوشتنی عوسمان، چونکە ئەوە بەرامبەرە بە گومانکردن لە هەموو کارەکانیان لە رەگ و ریشەوە، لە دوای سەرهەڵدانی دابڕان لەگەڵ عەلی و جەماوەری خەڵکی عێراق، ئیتر مەسەلەکە بەلای هەموو خەڵکەوە بووە شتێکی لاوەکی، لێرەوە شێوازی پەلەکرۆزەی حوکمی هەردوو داوەرەکە دەربارەی کوژرانی عوسمان بەدەرکەوت: عوسمان ستەملێکراوانە کوژرا و هەموو شتێك کۆتاییپێهات. هیچ

هەنگاوێك نەنرا بۆ گەڕان بە دوای بەرپرسیارێتییەکاندا، بە تایبەتیش عەلی تۆمەتبار نەکرا، هەروەك پێشتر لەسەر زاری موعاویە و خەڵکی شام لە پێش ڕوودانی شەڕی (صفین) دووپاتدەکرایەوە. هەر زوو کۆبوونەوەکە بووە خەڵوەتی نێوان هەردوو داوەر، بۆ ئەوەی ناوی خەلیفەی داهاتوو پێشنیار بکەن. ئەوە چ شتێکە کە پاساوی گۆڕانکارییەکی لەم جۆرە دەداتەوە؟ لە بەڵگەنامەی سەرەکیدا هیچ شتێکی تیادا نییە ئاماژە بۆ ئەوە بکات، چونکە داوەرەکـان ئەنجومەنی شورا نەبوون. هەرچەندە ئەم بابەتە گەورەیە کە ناتوانرێت پشتگوێبخرێت و لە بەڵگەنامەی داوەریکردنەکەدا باسکراوە، ئەویش بریتییە لە قبوڵکردنی سڕینەوەی نازناوی ئەمیری باوەڕداران لەلایەن عەلییەوە، ئەمەش وایکرد لەگەڵ موعاویە، یان هەر کەسێکی دیکەدا یەکسان بێت، کەواتا لە دیدگای هەردوو داوەردا، هەست بە بوونی بۆشایی لە دەسەڵاتی خەلافەتدا دەکرا و پێشیان وابوو ئەرکیانە بە تایبەتی کار بۆ پڕکردنەوەی بکەن. بەڵام ئەو کارە لێکۆڵینەوەیەکی بێئاکام بوو، هیچ شتێکی زیاد نەکرد، چونکە لەلایەك عەلی و خەڵکی عێراق هەبوون، لەلاکەی تریشەوە موعاویە و خەڵکی شام هەبوون، واتە دوو هێز بوونیان هەبوو، کە هەر یەکێکیان سەرۆکی دانپێدانراوی خۆی هەبوو. ئەوە دۆخێك بوو نەدەکرا بە ئاسانی تێپەرنێرێت. داوەریکردن کارێکی شکڵی رووتبوو، چونکە هەڵدەستا بە پاساو هێنانەوە بۆ وەستاندنی شەڕەکان و پتەوکردنی یەکێتی پێکهاتەیی و یاسایی ئوممەتی ئیسلام.

لەبەر ئەوەی لەسەر پرۆسەی داوەریکردن، پێویستبوو هەندێك سودی سایکۆلۆژی (دەروونی) پێشکەشبکات، هەرچەندە دواجار ئەوە لە بەرژەوەندی موعاویەدا شکایەوە، بەڵام ئەم بابەتە هەر لە سەرەتاوە بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو. چۆنێتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان ئەم سودەمان پیشاندەدات:

یەکەم: کاتێك پرسی پاڵاوتنی موعاویە بۆ خەلافەت لەسەر زاری عەمرو بە روونی و لەپێش گەواهیدەران پێشنیاز کرا.

دووەم: لەبەر ئەوەی دەبوو لەو پرۆسەیەدا نوێنەرایەتی عەلی بکرایا، بەڵام بە تەواوەتی چاوپۆشی لە مافەکانی کرد و بە شێوەیەك لە شێوەکان ناوی لە لیستەکەیدا سڕییەوە. ئەو دەرئەنجامە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام لێرەشدا کاریگەریێتی سایکۆلۆژی بەلای عەلیەوە، نەدەکرا ئەنجامی باشی هەبێت، چونکە کارە سەرەکیەکە لە دیدی عەلی ئەوە بوو، کە لەلایەن لایەنگرانیەوە وەك ئەمیری باوەڕداران بمێنێتەوە و دانی پێدا بنرێت، واتە لەلایەن عێراقییەکان و کوفییەکانەوە پێش هەمووان، لەوەشدا هەتا مردنی سەرکەوتوو بوو. راستە کە ئەو بە بەردەوامی لە سنوری پێگەو دەسەڵاتی خۆیدا، تاعەتی فەرمانەکانی نەدەکرا و گوێ بۆ قسەکانی نەدەگیرا، بەڵام ئەوە بۆ چەند هۆکارێکی دیکە دەگەڕایەوە، زیاتر لە پەیوەستبوونی بە پرۆسەی داوەریکردن و نەبوونی بەرئەنجامێکی بەرجەستە. سەرەڕای ئەوەش، عەلی هەر زوو سەرکۆنەی ئەنجامەکەی کردو رەتیکردەوە، لە دوای خۆیشی کۆمەڵی خەڵکی کوفەش رەتیانکردەوە، بە تایبەتی ئەو کوفییانەی کە پێشتر (ئەبو موسا)یان بەسەریدا سەپاند، بەڵام لە کۆتاییدا هەستیان بەوە کرد، کە مافەکانی پاڵێوراوەکەیان و سەرکردەکەیانی لەبەرچاو نەگرت. ئێستا لە دوای دابەشبوونی دەرەکی و گاڵتەجاڕی پرۆسەی داوەریکردن، زیاتر لە هەر کاتێك پێشوو پشتیوانیان لێکرد. کاتێکیش لەوەدا شکستیهێنا، کە نەیتوانی ببێتە خەلیفەی هەموو موسڵمانان، جگە لە شکستخواردن هیچ رێگەیەکی تر لەبەردەمدا نەبوو، بەڵکو تەنها بووە خەلیفەی کوفییەکان، لە بەرامبەر خەلیفەی بەرەی دووەم، واتا خەلیفەی شام و خەڵکی شام (موعاویە).

# نەهرەوان و بە کۆمەڵکوشتنی خەواریج

## ئایدۆلۆژیای خەواریجە سەرەتاییەکان

لەو کاتەوەی عەلی سوربوونی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی پرۆسەی داوەریکردن بەبێ هەبوونی حوکمێکی پێشوەخت لەسەر ئەنجامەکانی نیشاندا، لایەنگرانی داوەریکردن ئاڕاستەی جیابوونەوە و دابەشبوونیان هەڵبژارد و بوونە (خەواریج)،

واته دەرچووان لە ڕێباز بە مانا راستەقینە و مەجازیەکەی. بەتایبەت لە کوفە، تەنانەت لەپێش کۆچکردنیان لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخ و بڵاوکردنەوەی کێشە و ئاژاوە نەدەوەستان، لەناو مزگەوتی گەورە و لەبەردەم خودی عەلی دروشمەکەیان دەوتەوە. بە هەمان چۆنێتیش هەوڵیاندا گوشار بخەنە سەر خەلیفە، بۆئەوەی دەستبەرداری بیرۆکەکەی ببێت، ئەوەش لە ڕێگەی ناردنی چەند شاندێکی بچوك بچوك، کە هەندێك لە ناودارترین سەرکردەکانیانی تێدا بوو، وەك حەرقوص بن زوهێر. عەلی لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام ئارەزووی نەدەکرد دابڕان ڕووبدات. هەرچەندە خەواریج دەیانتوانی ببنە بەشێکی جیانەبۆوە لە ئوممەت و بەخشین و یامەتی خۆیان وەردەگرت، تەنانەت ئەگەر بە دەنگێکی بەرز و بەهێزیش ناکۆکی و ناچونییەکی، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا هەستانایە بە جیابوونەوە و دابەشبوون، بۆی دەکرا شەڕییان لەگەڵدا بکات.

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە ئەو پیاوانە خەڵکی کوفە بوون و لە شەڕ (الجمل) و (صفین)دا سەری رمی عەلی بـوون، بەڵام بە توندی لایەنگری کەسایەتی عەلی نەبوون بە مانای دڵسۆزی و وەلاو، بەڵکو بزوێنەری راستەقینە و بابەتی شەڕ و ململانێکانی بـوون، بۆیە بەوپەڕی ئارامی و پشودرێژیی لەگەڵیاندا مامەڵەی دەکرد، بەڵام هەموو ئەمانە هەرگیز نەبوونە ڕێگر لەبەردەم تەقینەوەی ئەو ململانێیەدا، کە هەمیشە خەفەکراو و دواخراو بوو، بە جۆرێك کە بە ڕوبەڕوبوونەوەیەکی سەربازی و قڕکردنی نیمچە تەواوەتی خەواریجەکان لە نەهرەوان کۆتاییپێهات. سروشتی بزوتنەوەیەکی لەوجۆرە وابـوو، کە لە قوڵاییەکانیدا سەرسەخت و کەللەڕەق بوو، چونکە بابەتە پەیوەندیدار بوو بە پرسی خوێندنەوەیەکی دیاریکراو بۆ ئیسلام، کە تا ئەوپەڕی رادەی هەڵنراو بوو. ئەوان ئەوەندە لە ئاییندا قوڵبوونەوە تا ئەو ئاستەی لێیدەرچوون، وەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێت، هەروەها نەیارەکانیان ئەوانەی کە ناوی (المارقة)یان بەسەردا دەدەن، بە مەبەست لە بارەیانەوە دەڵێن: زۆر ڕۆچوونی دینییان بە

جۆرێك ئاڕاستەیان دەكات، كە لە كۆتاییدا لە هیچ شتێك تێناگەن، بەڵكو بەناو ئیسلامدا گوزەر دەكەن، بێئەوەی هیچی لێوەربگرن.
وتمان خەواریجەكان، قورئانخوێنانی پێشوو، بە تەواوەتی كەوتبوونە ژێر كاریگەری قورئان، چونكە تاكە مەرجەعییان بوو. ئەوان پێیانوابوو كە رابردووی كارەكانی ئەبو بەكر و عومەر پاك و بێگەردە، چونكە هەردووكیان رێزییان لە قورئان دەگرت، بەڵام پێویستە سەركۆنەی ئەو ماوەیەش بكرێت، كە تێیدا و لە سەردەمی عوسمان پێشێلی قورئان كراوە، هەموو شەڕەكانی تریشییان دەچووە چوارچێوەی هەمان لۆژیكەوە. پێدەچێت خەواریجەكان بانگەشەی كوشتنی عوسمانیان كردبێت و كۆی فیتنەكەش، كاردانەوەیەكی بە زنجیرە ریزبەند و بەدوای یەكدا هاتبێت، بۆیە دەبێت سەرلەنوێ دان بەوەدا بنرێت، كە بنەمای ئایدۆلۆژی فیتنە بۆ خۆی شۆڕشێكی قورئانی بوو. خەواریجەكان باسی ئەوەیان دەكرد، كە قورئان باسی هەموو شتێكی كردووە، بۆیە دەكرێت لەبەر رۆشنایی قورئاندا هەموو شتێك باسی لێوە بكرێت و تاوتوێبكرێت، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندارە بە سیاسەتەوە، واتە پەیوەندیدارە بە چارەنوسی «ئوممەتی محەمەد»ەوە. سیاسەت كاروبارێكی ئاینییە، چونكە راست و هەڵە، بیروباوەڕ، باوەڕهێنانی قووڵ و سەرسەختی و رەقیی دەگرێتەخۆ. لەبەرئەوە، ئەوان ناوی (ئەهلی حەق)یان لە خۆیان نا. خەواریجەكان لەلای هەمووان خەڵكانێكی خاوەن زوهد و خوداپەرستی ناودار بوون، بە راستی هەستەكانی خۆیان بۆ كاركردن تەرخانكردبوو، نەك بۆ پێشبینی كردن، لێرەشەوە كاریگەرێتی و پێگەیان دەركەوت. چ هۆكارێك وایكرد خەواریجەكان پرۆسەی داوەریكردن رەتبكەنەوە، ئەو بنەمایەی كە لە دیدی ئەواندا ببووە بیروباوەڕیان كە باوەڕداران راستەقینەكانی لە كۆی موسڵمانان جیادەكردەوە، واتە ئەوانەی كە بە هەڵگەڕاوەو بێباوەڕ دەدرانە قەڵەم؟
گومانی زۆریـان هەیە، كە پێویست دەكـات بچینە ئەو بـاوەڕەوە، كە ئەو ئەنجامە بۆخۆی نارەزایەتییەك بوو لە دژی بە عەلمانیكردنی سیاسەت، هەروەها

ڕەتکردنەوەی سیاسەتە وەك ڕێگەی دانوستان و پێکهاتن، یان ڕێککەوتنی نێوان خەڵك لە پێناو ئامانجێکی شیاودا. چارەنووسی ئوممەتی ئیسلام پێویستە تەنهاو تەنها لە دەستی خودادا بێت، واتا دەق، بەڵام دەقێك کە بەهۆیەوە ڕێگەیان بە خۆیاندا، ببنە تاکە شیکەرەوە و لێکدەرەوەی قورئان. ئەمە هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە خەواریج لەو بڕوایەدا بووبن، کە قورئان بەرجەستەکاری خودایە، چونکە زانستی ئاخاوتنی ئەوان لە دواییدا لە ڕێگەی گەشەکردنیەوە زۆر بە توندی ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش مانای وای نییە، کە خەواریجەکان گومانییان هەبووە لەسەر بنەمای ئیمامەت (پێشەوایەتیکردن)، واتە گومانکردن لە هەموو حکومەتێکی دروستکراوی مرۆڤ، لانیکەم لەو قۆناغە سەرەتایەدا. خەواریجەکان هێشتا دەستیان بە تیۆرسێنی بیروباوەڕییان نەکردبوو، بەڵام ئەو پەیڕەوەی کە لە بواری هەڵبژاردنی ئەمیرێکی تایبەت بە خۆیان دەرییاندەبڕی، وەك عەبدوڵڵای کوڕی وەهەبی ئەلراسبی، هەروەها هەڵسوکەوتی رابردوویان لەگەڵ عوسمان، پاشان لەگەل عەلیشدا بەهەمان شێوە، بە تەواوەتی نیشانیدەدات، کە دەسەڵات بە تێڕوانینی ئەوان دامەزراوەیەکی پێویستە، بەڵام بە مەرجێك دەسەڵاتێکی کراوە بێت، لەبەردەم هەموو پیاوێکی خوداناس و بە توانا، جگە لەوەش مەرجدار بێت بە بەڵێندانی لەسەر ڕێزگرتنی قورئان بەوپەڕی وردیەوە. عەبدوڵڵای کوڕی وەهەب، تەنها ئەمیرێکی ئەوان بوو، بەڵام گوماندەکرێت نازناوی خەلیفەیان پێدابێت، چونکە پۆستی خەلیفە بەپێی ریزبەندی مێژوویی بارێکی گرانبوو، ئەوانیش بە دیاریکراوی دەیانەویست لە ڕێگەی دەرهێنانی قورئان لە بازنەی زەمەنیی، لێی دەربچن. بەهەرحاڵ ئەوان دانیان نەدەنا بە دەستبەسەرداگرتنی خەلافەت لەلایەن قوڕەیشەوە. ئەوە هۆکارێك بوو بۆ ڕەتکردنەوەی داوەریکردن لەلایەن خەواریجەکانەوە، واتە گەمەی دانوستان لە نێوان دوو پیاوی سەر بە قوڕەیش، دوور لەوان و لەسەروی ئەوانیشەوە.

هەر لە یەکەم هەنگاونانیان لەسەر ڕێگەی شۆڕشکردن لە دژی عوسمان،

خەواریجەکان  ناحەزییان بۆ قورەیش هەبوو. راستە ئەوان بەهۆی خزمایەتی و نزیکیەوە لە پێغەمبەر و زوو ئیسلامبوونی، هەروەها بەهۆی کەسایەتی چاکەخوازییەوە بەیعەتیان بە عەلی دا، بەڵام خەواریجەکان بەهۆی زاڵبوونی رۆحی قورئانیی بەسەریاندا، هەموو ماناو هەستکردنێکیان لە مێژووی ئیسلام لەدەستدا، بۆیە بە شێوەیەکی رەها هەموو گوێڕایەڵیەکی کوێرانەیان بۆ ئیمام (پێشەوا) رەتدەکردەوە، ئەگەر خاوەنی هەموو ئیمتیازەکانیش بووبێت، کەواتە ئەوان وەك یەك دژی شیعەی عەلی و شیعەی موعاویە بوون، کە هەردووکیان لە دیدی ئەواندا لە رووی گوێڕایەڵیکردن بۆ پێشەوا بەرجەستە دەکات، لە پاڵ چاوپۆشیکردن لە ناوەڕۆکی مەسەلەی حەق.

خەواریجەکان، بە قوڵی نوێنەرایەتی توندڕەوی هەڵگەڕانەوەی شۆڕشگێڕانە دەکەن، بە پێچەوانەی زمانی مێژووی سەردەم، زمانی ئایین و یاسا تایبەتیەکەی، واتا «قورئان». ئەگەر بڵێین خودی بانگەوازی پێغەمبەرایەتی، شۆڕشی لە دورگەی عەرەبی هەڵگیرساند، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا هەر لە سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی قورئانخوێنانەوە لە یەکێك لە رەهەندەکانییەوە، یان پەیوەندیدار بووە بە ئاڕاستە وەرگرتنی بەرەو هەڵچوون و توندڕەوی، یان بە هەڵگیرسانی شۆڕش لەناو شۆڕشدا. ئەو بزوتنەوەیە دەیخواست هەموو واتاکانی ئیسلام بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆرخبکات، دەیویست خۆی بکاتە تاکە لێکدەرەوەی ئیسلام و دیکتاتۆریەتی لێکدانەوەکانی بەسەر هەمواندا بسەپێنێت. ئەوان قەومێك بوون، کە بە بنەڕەتدا خاوەنی شەرەفی خێڵەکی، تەنانەت رابردووی هاوەڵێتی راستەقینەش نەبوون. دەستیان لە قورئان گیرکرد، بۆئەوەی لەو روانگەیەوە زیاتر لە چاودێرییەك، یان هەژمونێك بەسەر تێکڕای کۆمەڵی بەرفراوانی ئیسلامدا بسەپێنن: دیکتاتۆریەتی کەمینەیەکی لادەر. ئەوەی رویدا ئەوەبوو، کە خواستەکانی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ خواستەکانی عەلی بەریەککەوتن، بەڵام خواستەکانی لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی/ئایدۆلۆژی کە دەیتوانی جەماوەرێکی فراوان بەلای خۆیدا رابکێشێت، خەڵك

زیاتر بەرەو پیری دەچوون. ئێستاش ڕێگەکە دەبێتە دووڕێیانێك: ئەوان ژمارەیان کەم دەبێت و بە تەنها دەمێننەوە، تەنانەت لەلایەن سەرکردە قەرئانخوێنە دێرینەکانیشیانەوە جێهێڵران، وەك (الأشتر) یان (عەدی کوڕی حاتەم) کە چوونە پاڵ عەلی، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیش لە کوفە و بەسرە یان لە شام، دوایان نەکەوتن. هەندێك لە لێکۆڵەرەوان وایاندەزانی ئەو بزوتنەوەیە، پێویستە سیمای دەشتەکی هەبێت، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە دەشتەکیبوونی سەرەتا لەگەڵ خواستی ئیسلامیدا یەکبگرێتەوە، واتا دانانی ئیسلام لەناو ئاوێنەی سایکۆی دەشتەکێتی دا، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی رەها و لەم پێودانگەدا دەشتەکییە راستەقینە نالکێنراوەکان لە مەدینەی ئیسلامیدا دوور بخرێنەوە، چونکە سەرچاوەی سەرجەم خەواریجەکان، کوفە و بەسرەیە و لەناو پرۆسەی بەخشیندا تۆمارکراون و لە کۆچبەرانی ساتەوەختی یەکەمی سەرهەڵدانی ئیسلامن. ئەوانە لە دەشتەکییە سەرەتاییەکان بوون، کە دواتر بوونە شارنشین، بەڵام ئەوە بە راستی دەمێنێتەوە، کە لە کۆی (54) کەس کە ناسنامەکانیان دیاریکراوە، (18)یان سەر بە هۆزی (تمیم)ن و زۆرینەشیان سەر بە هۆزەکانی (مضر) و (قیس)ن، واتە هۆزە دەشتەکیە شوانکارەییە بەناوبانگەکانی سەردەمی جاهیلیەت. بە پێچەوانەی ئەوەی کە بە گشتی دەوترێت، ژمارەیەکی کەم لە بەکرییەکان و کەمینەیەکی سەر بە هۆزی (الطائي) کە هۆزێکی یەمەنی بەعەرەبکراوە چوونە ناو خەواریج. ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە، نەبوونی یەمەنیە راستەقینەکانە لە ریزی سەرکردە خاوەن بنەچە دێرین و ئەسڵزادە شارستانییەکانی ناو بزوتنەوەی خەواریج، بۆ نموونە وەك تیرەکانی (حەمیر، هەمەدان، کندە). من لەگەڵ ئەمەشدا بڕوام نییە بە بیرۆکەی دەشتەکیبوونی خەواریجەکان، تەنانەت ئەگەر پشتیشی بەستبێت بە بیرۆکەی هەبوونی گیانێکی دەشتەکی دیاریکراو، چونکە زۆربەی ئەوانەی لە کوفە و بەسرە نیشتەجێبوون، سەر بە کۆمەڵگە دەشتەکییەکانی رابردوو بوون و بۆ ئەو بزوتنەوە دەرەکیە پەلکێش نەکراون.

لەوەش زیاتر، ئەو بزوتنەوە دەرەکییە وای دەخواست لە قۆناغێکی تردا سنوری چوارچێوەی خێڵەکی، تەنانەت عەرەبیش تێکبشکێنێت، بۆ ئەوەی خۆی وەك بانگەوازدەری ئاراستەکراو بۆ تاك خۆی نمایشبکات، لە شێوەی رێدۆزینەوەی شەخسی بەرەو راستی ئایینی، هەڵوەشێنەری پەیوەندییەکانی خوێن و هاونیشتەجێیی پێکەوە. خەواریج هێشتا نەببووە تاقم، بەڵام نەشبووە حزبێکی سیاسی بە مانا مۆدێرنەکەی. لە دیدگای شوێنکەوتوان و ئەندامەکانیدا، خەواریج گروپێك بوون زۆر بە توندی وابەستەی بیرورا دینییەکان بوون، بەڵام لە دیدی ئێمەوە، گروپێکی سیاسی – ئایینیە. لێرەدا ئایین مانای باوەڕبوونێکی تایبەتی، تەنانەت زانستێکی تایبەتی ئاخاوتنیش نییە. ئەوان تەنها لە روانگەی باوەڕبوونیان بە چەند بیروڕایەکی پەیوەست بە راستیە مێژووییە تازەکان دەرکەوتن و بەوپەڕی هێزی باوەڕداری دەمارگیرەوە بارگاوییان کرد. ئەو بیروڕایانە لەو لێکۆڵینەوانەدا بەدەرکەوتوون کە لەسەر قوربانییەکانیان ئەنجامیانداوە وەك: رات لەسەر ئەبوبەکر و عومەر چیە؟ بە تایبەتی رات چیە لەسەر عوسمان و عەلی؟ رات لەسەر پرۆسەی داوەریکردن چیە؟ خەواریجەکان هەموو ئەوانەیان بە کافرو بێباوەڕ دادەنا، کە پێچەوانەی رای خۆیان بوون، بۆیە رایان دەگەیاند، کە رشتنی خوێنییان حەڵاڵە، وەك: عەلی، هاووڵاتیانی کوفە و بەسرە و هەموو موسڵمانانی تریش. ئەوان گروپێك بوون لە رێگەی دوورخستنەوەی هەموو تاقم و گروپەکانی ترەوە سەریانهەڵدا و دروستبوون. لەدواییشدا ناوی خۆیان نا بە (موسڵمانەکان)، واتا تەنها خۆیان بە موسڵمان دەزانی. هەر لەو قۆناغە سەرەتاییەی یەکەمەوە، بە ریتمێکی جیاوازی کارکردن و بڕوایەکی بونیاتنراو لەسەر تۆبەکردن و کوفراندن خۆیان لە خەڵکی جیاکردەوە (جگە لە خۆیان هەموو کەسێکیان بە کافر دەزانی)، هەروا بە دوای شەهیدبوون و رشتنی خوێنی خەڵکەوە عەوداڵ بوون، ئەگەر لە شەڕدا بێت یان لە رێگەی تیرۆرکردنی تاکەکەسیەوە.

# دابڕانێکی سەرتاسەری، شەڕو قەسابخانە

کوفە قەڵای خەواریجەکان بوو، لە کۆی (4000) پیاوی دەرچوو، کە لە بارێکی جیابوونەوە و دابەشبووندا بوون و لە ڕووی پراکتیکییەوە لە ئوممەت دابڕابوون، تەنها (500) کەسیان خەڵکی بەسرە بوون. لە لایەکی تریشەوە پێدەچێت (3000) یان لە بەسرە مابێتنەوە، بەڵام ئەوانە لە راکانیاندا میانڕەوتر بوون. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، کە نابێت شەڕ لە دژی عەلی بکرێت و لە پاڵیدا شەڕ بکرێت. ئێمە نازانین کە ئایا عەلی هەر لە سەرەتای جیابوونەوەیانەوە، تەواو هۆشیار بووە بەرامبەر بە قوڵی و مەترسیداری ئەو کەلێنەی، کە کەوتۆتە نێوان خۆی و خەواریجەکان، یاخود هێواش هێواش هەستیپێکردووە، بەو ئاستەی کە سیماکانی ئایدۆلۆژیاکەیان لە ڕێگەی شێوازی کارکردنیانەوە ئاشکرایکرد. سەرچاوەکان پێماندەڵێن، کە لە دوای رودانی پرۆسەی داوەریکردن و سەرکۆنەکردنی لەلایەن عەلیەوە، ئیتر نامەی بۆ نوسین و ناردی بۆ شوێنی گردبوونەوەیان لە نەهرەوان، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دیجلە، بۆئەوەی پێیانبڵێت دوو داوەرەکە بەپێی قورئان حوکمییان دەرنەکردووە، بۆیە حوکمەکەیان ڕەتدەکاتەوە و سەرکۆنەی دەکات، بەو پێیەش هیچ هۆکارێك بۆ بوونی ناکۆکی نییە. داواشیلێکردن پاشگەز ببنەوە و پێیوتن: «بۆ ئەوەی بچین بۆ شەڕکردن لە دژی دوژمنی ئێمە و ئێوەش»، واتا موعاویە، بەڵام وەڵامی خەواریجەکان بە تەواوەتی عەلی بێهیوا کرد، چونکە داوایان لێکرد شایەتی لەسەر بێباوەڕی خۆی بدات و دانیپێدا بنێت و تۆبەی لەسەر بکات. لە باری پێچەوانەشدا ئەوان ئامادەبوون شەڕ لە دژی عەلی بەرپا بکەن. ئەمجارە جیاواز لە مەسەلەی (حروراء)، هیچ بوارێك بۆ گەڕانەوە نەمایەوە، چونکە بۆ دواجار پەتی هاوپەیمانێتی نێوانیان پچڕا. ئەوان وەڵامی زمانی ئاخاوتنی پیاوی دەوڵەتیان دایەوە، کە پێیوابوو بابەتی ناکۆکی و کێشەی کاتی نێوانیان (بە دیدی ئەو) تێپەڕێنراوە، بە شێوازی گوتارێکی ئایینی وەڵامیاندایەوە، کە بە

ڕەقێتی و توندڕەوی تۆمەتبارییان کرد، بە جۆرێك قورس بوو بۆ عەلی سنوری لۆژیکەکەی تێبپەڕێنێ. عەلی بە وتنی ڕاستیەکی دیارو بەرجەستە کۆتاییپێهێنا: دوای هەموو جیهاد و تێکۆشانی لەگەڵ پێغەمبەری خودا، هیچ ڕەوا نییە خودی خۆی بە بێباوەڕ (کافر) تۆمەتبار بکات.

هەرچەندە لۆژیکی دەرەکی لەگەڵ کوشتنی عوسماندا دەستی بەکار کرد، هەر ئەمەشە کە پێویستبوو درکی پێبکرێت. هیچ شتێکی سیاسی لە پشت ئەوەوە نەبوو، بەڵکو بابەتەکە بە تایبەتی پەیوەندی بە ڕەتکردنەوەی سیاسەتەوە هەبوو: ئەوە هەبوونی ویژدانێکە دوودڵین لە وەسفکردنی بەپێی هاوسۆزی دینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دینیە، چونکە شانبەشانی خواپەرستی و باوەڕبوون بە ڕاستی و بانگەواز بۆ شەهیدبوون ڕێدەکات. ئێستا لێرەدا، عەلی تەنها گرنگی بە بیرۆکەی دەستپێکردنەوەی شەڕکردن لە دژی خەڵکی شام دەدات. لەبەرئەوەی کە پرۆسەی داوەریکردن بە گوێرەی هیواو خواستەکانی عەلی و ئەو ڕێگەیەی کە بە ڕاستی دەزانی بەڕێوە نەچوو، ئەگەرچی لە سەرووی ئەوەشەوە، بە ڕوودانی ناکۆکی لە نێوان هەردوو داوەرەکە کۆتاییپێهات، بەڵام عەلی خۆی بە چارەسەرکاری میساقی (صفین) دەزانی، کە پێداگری دەکرد لەسەر نەهێشتنی شەڕ لەناو دڵی ئوممەتی ئیسلام بە شێوەیەکی کۆتایی. ئەوە بوو ڕۆیشت بۆ نەخیلە و دەستیکرد بە ئامادەکاری، بەڵام بەسرە بە نزیکی سەرەڕای پشتیوانی دووان لە گرنگترین پیاوچاکەکانی (الأحنف) و (جارية بن قدامة)، کە هەردووکیان سەر بە خێڵی تەمیم بوون، وەڵامی داوای ئامادەکارییەکەیان نەدایەوە، کە والی (عەبدوڵڵای کوڕی عەباس) بۆی گواستنەوە. لە نەخیلە تەنها (3200) کەس ، یاخود بەپێی سەرچاوەیەکی دەرەکی (5000) کەس لە کۆی (60000) پیاوی جەنگاوەر لە بەسرە چوونە پاڵ عەلی. ئەوە بۆ خۆی کارەساتە و مانای هەرەسهێنانی بەرەی یەکگرتووی عێراق و لەدەستدانی پێگە و دەسەڵاتی عەلی بەسەر بەسرەدا دەگەیاند، لانیکەم ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە جیهادکردن لەگەڵیدا. بەو شێوەیە

بەسرە بێلایەنی یان رەتکردنەوەی هەڵبژارد. پێشتریش بەسرە، لە شەڕی (صفین) زۆر بە چڕی ئامادەیی نیشان نەدا، بەڵام خێڵی رەبیعە و چەند تیرەیەك لە تەمیم، لانیکەم سێیەکی کۆی خەڵکی بەسرە یان نیوەیان پێکدەهێنا، بەو پێیەش وا پێدەچوو شۆکی شەڕی (الجمل) تێپەڕێنرابێت، بەڵام ئەمجارەیان شۆکی شەڕی (صفین) رۆڵی خۆی گێڕا و لەوانەیە دابڕانە کۆنەکەی نێوانیانی بەئاگا هێنابێت، بە تایبەتی کاتێك سەرکەوتن هاوەڵی عەلی نەبوو، جگە لەوەش خواستەکانی ئاشتی خەریکبوو زاڵ دەبوو. دوای هەموو ئەوەی رویدا، بەسراوییەکان حەزییان لە بەردەوامبوون لە گەمەی شەڕ نەبوو، بەڵام عەلی دەیویست بۆ بارودۆخی پێشوو بگەڕێتەوە، چونکە بە تایبەتمەندی کاردانەوەی جەنگاوەری هەمیشەیی ناسراوە. وەڵامی بەسرە بۆ عەلی جێگەی بێئومێدی بوو، بەڵام کوفە وەك بنکە و پایتەخت و ناوەندی لایەنگرانی مایەوە. ئەوەبوو عەلی بە زمانی گەورەی شیعەو لایەنگرانی تایبەتی و یاریدەدەرانی قسەی لەگەڵ سەرۆك خێڵەکان و کەسایەتی و جوامێرانی کوفەدا کرد، نەك بە زمانی خەلیفەی هەموو موسڵمانان. لەو کاتەدا چارەنوسی کۆتایی عەلی، بە تەنها بە کوفە و خانەدانەکانیەوە بەند بوو، ئەوانەی کە لە رێگەیانەوە نەبوایا نەیدەتوانی ئامادەسازی بکات. پێدەچێت کوفەییەکان بەرەیەکیان لەگەڵ عەلی پێکهێنابێت، بەڵام بە گیانی هاریکاری و تەواو گوێڕایەڵی کردن، بەبێ ورەیەکی گەورە و بەرز پێکهات، چونکە چارەنوسیان بە چارەنوسی عەلیەوە بەسترابوو.

عەلی داوای لە خانەدانەکان کرد، سەرژمێریەکی گشتی هەموو ئەوانە بکەن، کە توانای بەشداریکردنی شەڕییان هەیە: جەنگاوەرانی پێگەیشتوو، لەگەڵ شەڕکەرانی هەرزەکار، تەنانەت کۆیلە و موالییەکانیشی گرتەوە. ئەوە هەوڵدانەکانی پیاوێکی جەنگاوەرە لە سایەی دۆخێکی بێهیواییدا، پیاوێك کە ئامادە بوو شەڕ لە دژی هەمووان بکات. سەرژمێرییەکە ئامادەگی (4000) جەنگاوەری پێگەیشتوو، (17000) هەرزەکار و (8000) کۆیلە و موالی نیشاندەدات، لەگەڵ

یەکەیەکی سەربازی بـەسرە، ئەو هێزە بە تێکڕایی بریتی بوو لە (68000) کەس، کە ژمارەیەکی فریودەرە. لە کاتێکدا ئەبو مەخنەف بۆمانی باسدەکات، بەڵام شێوازی هەوڵی هیوابڕاوی عەلی لەبەرچاو نەگرتووە. ئەم ژمارەیە دوای ماوەیەکی کەم، تا ئاستێکی زۆر چۆکدادانی کوفە پیشاندەدات، چونکە عەلی لە واقیعدا تەنها (43000) جەنگاوەری راستەقینەی مابۆوە، واتا بە نزیکی نیوەی سوپاکەی (صفین)، بەوەش نەیدەتوانی هیچ شتێك بکات. ئایا ئەو سوپا وەهمیە، کە ژمارەیان نزیکەی (70000) کەس دەبوو، بە راستی لەو کاتەدا لە نەخیلە کۆکرانەوە و ئامانجی شەڕکردنی شام بوو؟ تەنانەت ئەبو مەخنەف ئەوە بەڕوونی پشتڕاست نەکردوەتەوە، خوێندنەوەیەکی سەرپێیانەی سەرچاوەکان دەریدەخات، کە موعاویە لە کاتێکی درەنگوەخت لە دوای مردنی عەلی لە ساڵی (40ی کۆچی) دا، هەستی بە ئامانجە شەڕخوازییەکانی عەلی کرد و هەستا بە جۆشدانی خەڵکی شام و ئامادەکردنیان لە بەرەی خۆیدا. سەرەڕای ئەوەش ئێمە دەزانین کە عەلی کاتێك شەڕی نەهرەوانی کرد، تەنها (14000) جەنگاوەری لەگەڵدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش هیچ گومانێك لەوەدا نییە، کە لە سەرەتای ساڵی (38ی کۆچی)، هێزێکی گەورە لە (النخيلة)  بوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی گومانی لێدەکرێت ئەوەیە، کە نەفیرێکی گشتی هەبوو بۆ بەسەربازکردنی هەمووان. تەنها بەپێی زانیارییەکانی ئەبو مەخنەف، لە (النخيلة) ئامادەسازیکراوە بۆ هەنگاونان بەرەو شام، پاشان چەند روداوێکی چاوەڕواننەکراو ئاڕاستەی هێزەکان، یان بەشێك لەو هێزانەی گۆڕیوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ خەواریجەکاندا. چی رویدا؟

تاقمی خەواریجەکانی بەسرە بە سەرکردایەتی (عروەی کوڕی ئەدیە)، لە رێگەدا تووشی کوڕی سەحابیەکی بەناوبانگ بوون ئەویش (عەبدوڵڵای کوڕی خەباب ئەلئەرت) بوو، کە بە یاوەری هاوسەرە دووگیانەکەی بەرەو شوێنێك رێیان دەکرد. عەبدوڵڵا-یان گرت و بە شێوازێکی زۆر دڕندانە سەرییان بڕی، پاشان سکی ژنە دووگیانەکەشیان هەڵدڕی، هەروەها نێردراوەکەی عەلیشیان کوشت. بە رۆژی

روناك توندوتیژی دەرەكی سەریهەڵدا: كوشتنی عەبدوڵڵای كوڕی خەباب، بووە سەرەتای دەستپێكردنی زنجیرەیەك روداوی دوورو درێژ، لە چوارچێوەی شەڕكردن لەگەڵ تاكەكاندا، كە لە دوای لێپێچینەوەیەكی ئایدۆلۆژی ئاڕاستەی موسڵمانانی تر دەكرا، بە تایبەتی دژی ئەوانەی وەكو خۆیان بیریان نەدەكردەوە. لێرەوە سوپای كوفە، كە هێشتا (الاشعث بن قیس) بە ناوییەوە فەرمانی دەكرد، داوای لە عەلی كرد سەرەتا بچێت بۆ شەڕكردن لەگەڵ خەواریجەكان، چونكە نەیاندەتوانی بەرەو شام بڕۆن و وڵاتەكەیان لەژێر رەحمەتی خەڵكانێكی لەو جۆرەدا جێبهێڵن. ئەوەبوو عەلی رەزامەندی لەسەر داواكەیان دەربڕی و سوپاكە جوڵێنرا بۆ شەڕكردن لە دژی خەواریجەكان.

بەسەرهاتی كوشتنی كوڕی خەباب لە هـەردوو سەرچاوەی سەرەكی: ئەبی مەخنەف لـەلای (الطبری) و چەند گێڕانەوەی (الـبـلاذري)دا باسكراوە. بە دڵنیاییەوە ئەم گێڕانەوەیە لەلای (البرادي) بوونی نییە، بۆیە ناتوانرێت هەرگیز لە هەموو ئەو بەسەرهات و روداوانەی پەیوەندییان بە نەهرەوانەوە هەیە، پشتی پێببەسترێت، بەڵام ئەو گێڕانەوەیە لەبەر چەند هۆكارێك كارەكەمان پەكدەخات، چونكە پەیوەندی بە هەندێك فەرمودەوە هەیە، كە دەوترێت گوایا پێغەمبەر سەبارەت بە فیتنە وتویەتی ، بەو پێیەش چەندین سەرچاوە و بابەتی دوایخۆی دەگرێتەخۆ، بەڵكو لەو رووەوە بە وەرگیراو دەناسرێت كە دەیەوێت رەفتاری دەرەكی بابەتەكە دەربخات، هەروەك چۆن لە دواییدا رودەدات[64].

64- ئیبن سەعد، بەشی3، لاپەڕە 167 (الاسناد والنص): «محمد بن عمر الواقدي» لە محمد بن عبدالله، ئەویش لە الزهري كە لە دوای ساڵی 120ی كۆچی مردووە، لە رێگەی عبدالله كوڕی عبدالله كوڕی حارس كوڕی نۆفل گێڕاویەتیەوە: پرسیارم لە عبدالله كوڕی خەباب كرد پێموت كەی باوكت مردووە، وتی: «ساڵی 37ی كۆچی مردووە كاتێك تەمەنی 73 ساڵ بووە». ئەمە پرسیارێكە كە ناكرێت لە ساڵی 38ی كۆچی یان لەپێش ساڵی 60 یان 70ی كۆچیدا كرابێت. لەوەش زیاتر (الطبری) لە بەشی5، لاپەڕە 92، پێدارگری لەسەر ئەوە دەكات كە شەڕی نەهرەوان لە ساڵی 38ی كۆچیدا رویداوە، بە پێچەوانەی ئەبو مەخنەف كە بە ساڵی 37ی كۆچی دیاریكردووە و بە تەواوەتیش دەربارەی روداوی كوشتنی عبدالله كوڕی خەبابی كوڕی ئەلئەرت و كۆبوونەوەی (النخیلة) بێدەنگی لێكردووە. باس لەوەشدەكات كە خەواریجەكان بە تەنها نێردراوەكانی عەلیان كوشتووە.

ئیبن سەعد باسی عەبدوڵڵای کوڕی خەباب دەکـات، وەك ئـەوەی لە دوای ئەو روداوە بۆ ماوەیەکی زۆر ژیابێت. دواجـار بەجۆرێك هەستدەکەین کە سەرچاوەکانمان وایانخواستووە دەربارەی قەسابخانەی خەواریجەکان لاپەڕەی عەلی وەك لاپەڕەیەکی سپی و بێگەرد نیشانبدەن: واتە خەواریجەکان بەهۆی هەڵسوکەوتی توندڕەوانەیانەوە شەڕەکەیان بەسەریدا سەپاندووە، لە لایەکی تریشەوە سوپاکەی خۆی بەسەریدا سەپاندووە، بۆیە بە شێوەیەکی نەخوازراوانە بۆ ئەو شەڕە پەلکێشکراوە. پێدەچێت ئەو بەسەرهاتە داهێنراو بێت، لەپێناو پاساوهێنانەوە بۆ ئەو کوشتارگەلەی، کە پێویست بوو بە گەورەیی نیشانبدرێت، ئەوەبوو یەکسەر بە گەورەیی نیشاندرا و وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی فیتنەدا.

بە دیدی ئێمە، ئەو پرسەی لەو سەردەمەدا خۆی بەرجەستە کردووە، بریتیە لە ئاستی بەرپرسیارێتی عەلی لە کێشەی نەهرەوان: ئایا خۆی بە تەنیا بڕیاریداوە، یان بڕیاری دابڕان و دوورکەوتنەوەی نێوان براکانی نەداوە؟ لەلایەك، عەلی تا ئاستێك ببووە چاولەبەری خەڵکی کوفە، لەلایەکی تریشەوە عەلی پیاوێك بوو، هەروا بە ئاسانی لە ئاستی جیابوونەوەیەکی ئاوا ئاشکرادا چاوپۆشی نەدەکرد. لە دیدی عەلیدا ئەوە روونبوو کە خەواریجەکان تاقمێکی هەڵگەڕاوە بوون، بەڵام ئایا لە یەکەم ساتەوە توندوتیژی دەرەکی بەرپا بووە، یان بە پێچەوانەوە لە دوای کوشتارگەلی نەهرەوان وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئەو کوشتارگەلەدا بەرپا بووە؟ ئایا کاتێك شارەکانیان جێهێشت و لەوپەڕی خاکی عێراق گردبوونەوە بەدوای چیدا دەگەڕان؟ ئایا ئەوان بە تەنها بە دوای دابڕان و جیابوونەوەی مەعنەوی دەگەڕان لە پاڵ راگرتنی بەیعەت پێدانیان بە عەلی، یاخود لەسەر زەوییە کراوەکان، جۆرێك لە شەڕی پارتیزانیان پەیڕەو کرد؟ ئێمە جگە لە پرسیارکردن دەربارەی بابەتەکە، ناتوانین هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوە پێشکەشبکەین. بەگوێرەی سەرچاوەکانمان، عەلی پێداگری نەکردووە لەسەر شەڕکردن لە نەهرەوان، تا ئەو کاتەی ئەوپەڕی

دەرفەت بۆ خەواریجەکان رەخسا، بۆئەوەی پاشگەز ببنەوە و هەڵوێستیان بگۆڕن و دەستبەرداری هەڵوێستی هەڵگەڕاوە و دوژمنکارانەیان بن، ئەوەبوو عەلی فەرمانی کرد بە دانانی گفتی ئاشتەوایی لەلای سەحابی ئەبو ئەیوبی ئەنساری، راشیگەیاند، کە سەرجەمی ئەوانەی دەڕۆن بۆ کوفە، یان بۆ هەر جێگەیەکی ترو گردبوونەوەکە جێدەهێڵن ژیانیان پارێزراو دەبێت، جگە لەوانەی کە بە دەستی خۆیان کاری کوشتن و تاوانکارییان ئەنجامداوە. لە کۆی (4000) کەس، (1200) کەسیان بە پێشنیارەکەی عەلی رازیبوون، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی پەیوەندیە کۆنەکان کە لە نێوانیاندا هەبوو، رۆڵی خۆیان گێڕاوە. بۆ نموونە، فروەی کوڕی نۆفەلی ئەشجەعی، کە بە یاوەری (500) جەنگاوەری ئەسپسوار لەو گروپە جیابۆونەوە وتویەتی: «من هیچ هۆیەك نابینم بۆ شەڕکردن لە دژی عەلی، بەڵکو راموایە بچین بۆمان روونبێتەوە تا بزانین بۆچی شەڕی لەگەڵدا بکەین، یان لە دوایەوە رێبکەین». ئەوەبوو فروە و پیاوەکانی لە خاکی وڵاتی میدیاوە بەرەو ئاڕاستەی بندنیگین و دەسکەرە رۆیشتن. تاقمێکی تریش کە ژمارەیان نزیکەی (600) کەس دەبوو، بە پەرشوبڵاوی بەرەو کوفە رۆیشتن، هەروەها نزیکەی (100) کەسی تریش پەیوەندییان بە عەلیەوە کرد، بەو شێوەیەش ژمارەی ئەوانەی مانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای کوفە، کە ئەنسارەکانیان لەپشت بوو، تەنها (2800) پیاو مابوونەوە: گروپێکی کرۆکی توندڕەو کە زۆرینە بوون، ئامادەی قوربانیدان بوون، بەڵام ئایا سەرکردەکانیان کێ بوون؟

بە زۆری سەرکردەکانیان تەنها لە کوفییەکان بوون، ئەمیرەکەیان بە هەڵبژاردن (عەبدوڵڵای کوڕی وەهەب ئەلڕاسبی) بوو، سەرکردەکانیش بریتیبوون لە: زەید کوڕی حصین تائی (لە شەڕی صفین دەرکـەوت)، شورەیح کوڕی ئەوفی ئەلعەبسی، حەرقوص کوڕی زوهێر ئەلسەعدی (یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕش لە دژی عوسمان، کە لە قەسابخانەکەی بەسرە رزگاری ببوو)، حەمزەی کوڕی سینان ئەلئەسەدی بوو. گرنگە تێبینی ئەوەشبکەین، کە بوونی عەدی کوڕی حاتەم،

خانەدان و شەرەفمەندی هۆزی تەی لە کوفە و یەکێك لە هاوەڵە نزیکەکانی عەلی، هەمووی چەند زانیاریەکی نیمچە راست و متمانەپێکراوە. ئەوەش کە دڵنیابوون و متمانەی کەمترە، ئەو گفتوگۆ و دیالۆگەیە، کە لە نێوان هەردوولادا بە وردی بەڕێوە چووە.
سەرەتا عەلی تەنها داوایدەکرد، بکوژانی عەبدوڵڵای کوڕی خەباب و نێردراوەکانی رادەست بکەنەوە، کە بۆلای ناردبوون، پاشان وازییان لێدەهێنێت و شەڕییان لەگەڵناکات، بەڵکو بەرەو شام دەچێت و لە خودا دەخوازێت لەو رێگەیەوە وایانلێبکات راو بۆچوونیان بگۆڕن. وەڵامەکە ئەمەیە کە دەوترێت: «هەموومان بکوژتانین، هەموومان خوێنی ئێوە و ئەوانیش دەڕێژین». دوای ئەوە مشتومڕو دەنگەدەنگ دەربارەی داوەریکردن و دڵنیاکردنەوەی بیرو بۆچوونە دیارەکانی هـەردوولا دروستبوو، هەروەها مشتومڕی تازەش سەبارەت بە کوفراندن و خۆنمایشکردن سەریهەڵدا. خەواریجەکان کە زۆربەیان پیادە بوو، بە توندی دەستیان بە شەڕ کرد و هاورییان دەکرد و دروشمە بەناوبانگەکەیان دەوتەوە کە ئەمەیە: «الرواح، الرواح الی الجنة»، واتا دەڕۆین، دەڕۆین بەرەو بەهەشت. ئەوان بەرەو شەهادەت (شەهیدبوون) و دیداری خودا هەنگاوییان دەنا، نەك بە شێوەیەکی نەرێنی، بەڵکو بە ورەیەکی بێهاوتا، کە دوایی بەپێی شێوازێکی بەردەوام دەستیان پێوە گرت. پێشبینییەکانیان بۆ شەهادەت دەچووە چوارچێوەی نموونە کەلتورییەکانیان و بەهاکانی شەڕو قارەمانێتی نواندن.
سوارچاکانی سوپای عەلی بوون بە دوو تاقم و رێگەیان لەبەردەمدا کرایەوە، تیرهاوێژەکان تیربارانیان کردن، بەڵام سوارچاکەکان چواردەورییان گرتن و دواتر پیادە چەکدارەکان بە شمشێر و رمەکان لەو چوونە گیانبازیەکەوە. لە دوای ماوەیەکی کورت کۆمەڵکوژ کران و تەنها (400) کەسیان بە برینداری رزگارییان بوو، پاشان چارەسەر کران و گوازرانەوە بۆلای خێزانەکانیان لە کوفە. وەك هەموو جارێك تاڵانکردن قەدەغە بوو، جگە لە چەك و ئەسپ و کەلوپەلە جەنگییەکان

هیچی تر بە تاڵان نەبرا. ئەوانەی لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بوون، کوژراوەکانیان بە شێوەیەکی شایستە و گونجاو بەخاك سپارد، ئەو دیمەنە وایکرد عەلی ئەم تێبینییەیان لەسەر بڵێت: «دەیانکوژن، ئینجا بە خاکیان دەسپێرن!».

بەلای عەلیەوە، خەواریجەکان بە راستی لایەنگری نەبوون، بەڵکو لە پێش ئەودا لەسەر گۆڕەپانە هەبوون. تەنها سەرکردە سەرەتاییەکانیان، واتە سیاسییەکان کە لایەنگرییوون و خاوەنی پێگە و شەرەفمەندی خێڵەکی بوون، هەر لە (الأشتر)ەوە کە ئەوکاتە مردبوو، تا دەگاتە عەدی کوڕی حاتەم و حجری کوڕی عەدی، بەڵام خەواریجەکان کە بەرگرییان لە بیروڕا و ژیانیان دەکرد، لە ڕووی بابەتیەوە توندترین پشتیوان و هاوپەیمانی بوون. هاوپەیمانانی کاریگەر و مایەی نیگەرانی لە هەمانکاتدا، چونکە ئەوان بکوژانی عوسمان بوون و ئامادەگی ناسەقامگیرییان لە هاوشانی، ببووە کرۆکی ناکۆکی عەلی لەگەڵ موعاویەدا. ئەوەتا ئێستاش لە ڕێگەی گۆڕانی بارودۆخەکە کە جێگەی باوەڕهێنان نییە، بکوژانی عوسمان لەسەر دەستی خودی عەلی کوژرانەوە، بەڵام کوشتن، ئەو واقیعە بنچینەییە بەهۆی چەند دیاریدەیەکی زۆر لە خۆی گەورەترەوە تێپەڕێنرا، بە جۆرێك کوشتن ئیتر نەبووە ناسنامەی کوژراوانی نەهرەوان. ئەوان لەسەر ئایدۆلۆژیایەك دامەزران، کە لە شەڕی (صفین) و رووداوەکانی دوای کوشتنی عوسمان سەریهەڵدا.

شەریك و هاوپەیمانی سەرەکی خەواریج/قورئانخوێنانی پێشوو[65]، دۆست

65- پێدەچێت هەڵەبین ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە هەموو قورئانخوێنان بوونەتە خەواریج، بەو پێیەش ئەو سێ چوار هەزار خەواریجەی شەڕی نەهرەوان هەموویان لە قورئانخوێنانی کوفە بوون، بە پلەیەکی کەمتریش قورئانخوێنەکانی بەسرەیان تێدا بووە. جیاواز لە سەرۆکەکانیان لە سەردەمی شۆڕشکردن بەسەر عوسماندا، کە پاشان چوونە پاڵی عەلی و ئیتر بە قورئانخوێنان نەدەناسێنران، هاوەڵانی ئیبن مەسعود لە کوفە مابوونەوە و بە دیاریکراویش بێلایەن و ناسیاسی بوون و لە قورئانخوێندندا پرۆفیشناڵ بوون. پێدەچێت ژمارەیەکی زۆرییان لە کوفە بوون، لەوانەیە زۆرینەی قورئانخوێنانی نەناسراو بووبن، کە لە دەرەوەی پابەندبوون بە خەواریج مابوونەوە. بە درێژایی سەدەی یەکەم بە چڕی هەست بە بوونی ئەوانە دەکرێت، بە تایبەتی لە شەڕشی (التوابین) لە ساڵی 64ی کۆچی و شۆڕشی (ابن الاشعث) لە ساڵی (82-83)ی کۆچیدا، ئەوەش بە فەرمانی یەکێك لە دەربازبوانی فیتنە کە (کمیل بن زیاد)ە. الطبری، بەشی6، لاپەڕە 350.

و دوژمنیشیان بوون، عوسمان نەبوو، بەڵکو عەلی بوو، کەسایەتی ناوەندی و سەرەکی لە سەرهەڵدانی فیتنەدا. ئەو بزاڤە دەرەکیەی بە خێراییەکی بێهاوتا گەشەی کرد، لە دەوری کرۆکە بەهێزەکانی کۆبووەوە، ئەو پێکهاتانەی کە هیچ پەیوەندیەکیان بە کوشتنی عوسمانەوە نەبوو، بەڵکو ئەو لایەنگرانە بوون کە مشتومڕی نێوان بیروڕا و بۆچوونە هەڵکەوتووەکان لە شەڕی (صفین)دا پەلکێشی بزاڤەکە ببوون. ئەو مشتومڕانە سەرەتا پەیوەندییان بە واقیعێکی بەرجەستەوە هەبوو، واتا داوەریکردن، بەڵام توانی تێیبپەڕێنێت، بۆئەوەی بە ناڕوونی لە بارەی بنەمایەکی گشتیتر و هەڵوێستێکی ناڕازی و ڕەتکەرەوە چڕ بێتەوە.

موعاویە، دوژمنی سەرەکی سەرسەختی عەلی بەوەیزانی کە لە نەهرەوان رویدا، هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بۆ ئەو چارەنوسە نەکرد، کە رووبەڕووی بکوژانی عوسمان بۆوە، بەڵام بابەتەکەی بەم شێوەیە لێکدایەوە لەبەر رۆشنایی ئەوەی بۆی گوێزرایەوە: «عەلی بە تایبەتی لایەنگرانی خۆیکوشت، دەسەڵاتەکانی لە عێراق بەرەو لاوازبوون دەچوو». ئەمە دیدێکی تەواو دەرەکیە، تێڕوانینێکی کتومت سیاسیانەیە، نەیدەویست تەنها لەو لایەنەوە نەبێت بوەستێت، بەڵام ئایا پیاوەکەی شام، جیهانی نەبوونی ئایدۆلۆژی، کە خاوەنی مێژوویەکی راستەقینە نییە، دەتوانێت لە کوفە تێبگات، ئەو شارە – جیهانە، کە لە پشتی عێراقە و شکانەکانی هەموو مێژووی هاوسەردەم و داهاتووی ئیسلامی تێدا دروستبوو؟

ڤیلهاوزن دەڵێت: «مێژووی ئیسلام لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، مێژووی عێراقە». ئەو مێژووە لەگەڵ قورئانخوێنانی ساڵی 30ی کۆچیدا دەستیپێکرد و لەگەڵ تەقینەوەی بزوتنەوە سیاسی – ئایینی یان کەلتوریە – ئاینییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچیدا بەردەوامی هەبوو. نەهرەوان قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ گەشەکردنی بزوتنەوەی خەواریج، چونکە بە شێوەیەکی بەردەوام لایەنی کەمینەیی و بێئومێدی لەناو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیدا درووستکرد و لە خاکە رەسەنەکەی خۆی لە قەڵەمڕەوییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام دایبڕی.

خەواریجەکانی سەدەی یەکەم، بوونە دوژمنانی سەرسەختی مەدینەی ئیسلام و دەسەڵاتەکەی پێکەوە، بەڵام ئێستا لەناو ئەو ئاگرەی مێژووودان، کە بەردەوام خۆی درووستدەکات، پێشدەچێت نەهرەوان بووبێتە گورزێکی کوشندە بۆ خودی دەسەڵاتەکەی عەلی لە کوفە، واتا لەسەر ئەوەی لە دوای (صفین) لێی مابۆوە، یاخود بۆسەر ئەو دەسەڵاتەی، کە بە پشوودرێژی و وریاییەوە ماوەیەکی کورت بوو، خەریکبوو بونیات دەنرایەوە. عەلی لە کاتی گەڕانەوەی لە نەهرەوان بەرەو (النخیلة)، هەستی بە زۆربوونی سوپاکەی کرد، لەو کاتەدا نیازی بوو ئامادە بێت بۆ رۆیشتن بەرەو ناوچەی (المحلین) لە شام، بەڵام سوپاکەی لە ماوەی چەند رۆژێکدا بووە هەڵم و سەرجەم جەنگاوەرەکان رۆیشتن بۆ کوفە. عەلی بە تەنها مایەوە و (1000) پیاو لە خانەدانەکان و سەرۆکەکان لەگەڵی مانەوە. سەرگوزشتەی تەواوی بەسەرهاتەکە، دەیەوێت پێمانبڵێت کە عەلی بە دیاریکراوی لە دوای نەهرەوانەوە، هانیدەدان راستەوخۆ بڕۆن، ئەوانیش بەمجۆرە وەڵامیان دایەوە: «تیرەکانمان تەواو بوون، شمشێرەکانمان و نوکی رمەکانمان کول بوون». پیاوەکان داوایان لێکرد بگەڕێنەوە بۆ کوفە، بۆئەوەی لەوێ باشتر خۆیان ئامادە بکەن. لە (النخیلة)ش تا دوایین کەسیان بڵاوبوونەوە و رۆیشتن.

ئەوەی کردییان رەتکردنەوەیەکی بەئەدەبانەی شەڕکردن بوو، بۆ نەگەڕانەوەیان بۆ بەرەکانی شەڕ. دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە چەند هۆکارێك هەن بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە، بەڵام ئاشکرایە کە مەسەلەی نەهرەوان یەکلاکەرەوە بوو، چونکە لە نەهرەوان کوفییەکان براکانیان، ئامۆزاکانیان، رۆڵەکانیان و عەشیرەت و خەڵکی شارەکەی خۆیان کوشت. کاتێکیش خەواریجەکان ئامادەبوون بۆ دەرچوونیان لە کوفە، خێڵەکان و عەشیرەتەکان هەوڵیاندەدا رۆڵەکانیان دەستگیر بکەن. هەندێکجار لەوەدا سەرکەوتوو بوون، هەندێکجاریش شکستیانهێنا. بە جیاوازی لەگەڵ خەواریجەکان، خەڵك لایەنی ئایدیاڵیان کەم بوو، بەو هۆیەشەوە وابەستەیی خوێن و خزمایەتی و هەست و سۆزی مرۆیی بەسەرییاندا زاڵبوو. چەند

حاڵەتێکمان دەربارەی ترسان، یان بەرەنگاربوونەوەی بێهودانە لە بەرامبەر ئەو دابڕانە بۆ دەگێڕنەوە. خەڵکانێك بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەستیان بە شاقەلی کراسی کەسوکارییان گرتبوو، کە لەلای خۆیان بیانهێڵنەوە. نموونەی خانەدانی هۆزی تەی (عەدی کوڕی حاتەم) کاتێك بە گوندەکاندا دەگەڕێت، بۆئەوەی کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە، کە پاشان لە نەهرەوان کوژرا، یەکێکە لە نموونە هەرە دیارو بەرچاوەکان. راستە کە سەرچاوەکان هەوڵیانداوە بۆ بونیاتنانی روداوەکان لە ئاسۆی ئەوەی لە دواییدا رویداوە، بەڵام لەوەدا کەمێك راستی و دروستی بەدیدەکرێت. دوایی شەڕەکە دەستیپێکرد، بەڵام بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەلای خەڵکی کوفەوە تاڵ بوو. ئەوان بەوپەڕی رێزو خودا لەخۆڕازیکردنەوە قوربانییەکان و مردوەکانیان بەخاك سپارد. بیستمان کە چۆن بریندارەکان، بە فەرمانی عەلی نێردرانەوە بۆ خێڵەکانیان تاوەکو چارەسەر بکرێت. لە دوای هەڵگیرسانی فیتنەوە ئەوە یەکەمجار نەبوو، کە وا رێبکەوێت پیاوانی سەر بە یەك خێڵ بە ناوی وەلائی سەروی خێڵەوە لە دژی یەکتری شەڕ بکەن، لە بەسرە و لە (صفین)، بەڵام لێرەدا خزمایەتی سەبارەت بە شارنشینی و هاوڵاتیبوون، زاڵترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی، کە لە رێگەی نیشتەجێبوون و هاورێیەتی سەربازییەوە دروستبوون. لەم روانگەیەوە دەتوانین لەدایکبوونی برینێك بەرچاو بگرین، لەمەش زیاتر لەدایکبوونی هەستکردن بە هەڵچوون و رقلێبوونەوە بەرچاو بگرین. لە شەڕێکەوە بۆ شەڕێکی تر، کوفییەکان لەسەر کوشتنی براکانیان و رۆڵەکانیان بەردەوامبوون، ئەوە شەڕێکی هاوبەرامبەر نەبوو، بەڵکو کوشتارگەل و قەسابخانە بوو. ئەوان ناچارکران ئەو کارە بکەن، کە بۆ خۆی کارەساتێکی گەورە بوو.

ئـەوان ئەمجارەش راستەوخۆ وەك ئـەوەی (صفین) عەلیان تاوانبار نەکرد، هەرچەندە باسی ئەوەیان کرد، کە ئەبو موسا دەربارەی فیتنەی روخێنەر وتبووی. بەوپەڕی سانایی جێیانهێشت، لە کاتێکدا بەدەست شەکەتی ناوخۆ، ئازاری ویژدان

و شەرمەزاریەوە گیرییان خواردبوو، بەڵام لە گەرمەی تورەیی و شۆڕشدا لێی یاخی نەبوون، تا پێی بڵێت ئایا تۆ ئێمەت بەرەو چ ئاقارێك برد؟ خەواریجەکان دەیانزانی کە قۆناغی روداوەکان (عەلی) وەکو ئەوان تێپەڕاندووە، بەڵکو ئێستا ئەو سکاڵا و پەستبوونی خۆی ئاڕاستەی پیاوانی کوفە دەکات، تا ئەو ئاستەی کار گەیشتە کڕوزانەوە، لە هەندێك کاتیشدا گەیشتە ئاستی نەفرین لە یەکتریکردن. بەو شێوەیە لە دوای شەڕی (صفین)ەوە دیالیکتێکی ترسناك دروستبوو، بەهۆی تەقاندنەوەی چەند گرفت و ناچونیەکییەك لەناو ریزەکانی عەلی، کە نەدەتوانرا لێی دەربچن، ئەو گیروگرفتانەی کە بە شێوەیەکی خەفەکراو لە پێشدا بوونیان هەبوو، بەڵام بەسترابوون بە پەتای شەڕی هاوبەشەوە. پێویستبوو سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێن بەدیبێت، لە پێناو پارێزگاریکردن لە تۆکمەیی ئەو هاوپەیمانێتیەی، کە عەلی لە درووستکردنیدا سەرکەوتوو بوو، کاتێك خۆی لە دووڕیانی شۆڕش و شۆڕشێکی پێچەوانەدا بینییەوە، بەو شێوەیەش لە نێوان قورئانخوێنان و رەوتی بێلایەنی کوفە و خەڵکی بەسرەدا قەتیسببوو، کە پێشتر لە شەڕی (الجمل)دا سەرکەوتبوون، هەروەها بڕیاری داوەریکردن و ئەبو موسای بەسەردا سەپێنرا، بەڵام رەوتی شۆڕشگێڕی دژی هەموو بوو. هەروەکو چاوەڕواندەکرا، ئەبو موسا لە دژی عەلی وەستایەوە و قورئانخوێنەکانیش جێیانهێشت، بەڵام توانی بیانگەڕێنێتەوە، پاشان بۆ دواجار جێیانهێشت و عەلی ئەنجامی پرۆسەی داوەریکردنەکەی رەتکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناچارکرا شەڕی خەواریج و قورئانخوێنان بکات، بۆیە هەموو شتەکان لەلای ئەو تەقینەوە. ئیتر شوێنی نەکەوتن و دەسەڵاتەکەی لە عێراق دەستی بە لاوازبوون کرد، بەڵام ئایا سەرلەنوێ درووست دەبێتەوە؟

گرنگترین خاڵ کە لەو پیاوە خاوەن شەوکەت و هەیکەتە مەزنەدا بەدیدەکرێت، لە سەرووی پێداگری توندی لەسەر مافەکانی و خۆڕاگری لەناو گەردەلولدا، بریتییە لە بە توانایی لە تێپەڕاندنی بارودۆخە زۆر مەترسیدارەکان، بۆئەوەی سەرلەنوێ دەربکەوێتەوە: لە (صفین)، لە (حروراء)، لە دوای پرۆسەی داوەریکردن، لە دوای

تەقینەوەی بزوتنەوەی خەواریج. عەلی دواهەمین کەسی بە تەمەنی سەردەمی قارەمانێتی پێغەمبەرایەتی بوو، هەر لە سەرەتاوە بەشداری شانازییەکانی ئیسلامیکردووە. ئەو پیاوێکی تری مێژوو، پیاوی مێژووی دامەزراندن، ئەو هات تاکو ناوی بخاتە ناو چوارچێوەیەکی مێژوویی تەواو جیاواز. ئەسڵی مەینەتییە کەسییەکانی، کە سەرچاوەکانمان لە قەبارەی خۆیان گەورەترییان دەکەن، لێرەدا دەستیان پێکردووە و تەقیونەوە.

–5–

# ململانێ لەسەر دەسەڵات

# فراوانبوونی دەسەڵاتەکانی موعاویە

## دەموچاوی نوێی فیتنە

ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت، نەهرەوان بوو بە وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە لە بواری گەشەکردنی فیتنەدا، لە هەمانکاتدا بیرۆکەیەکی تەواو نوێ و زۆر کۆنیشە. کۆنە لەبەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ (الشعبي) کە کەسایەتیەکی فکری گەورەی کوفەیە لە

سەدەی یەکەمی کۆچیدا. ئەو بە شێوەیەکی شمولی بیری لە ململانێ دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەنی عەلیەوە دەیبینی. (الشعبي) ئەمەی خوارەوەی راگەیاندووە: «کاتێك عەلی ئەوانەی نەهرەوانی کوشت، خەڵکێکی زۆر لەگەڵیدا ناکۆکبوون و لایەنگرانی لە دژی وەستانەوە، بەنو ناجیە و ئبین ئەلحەزرەمی بەسرە و خەڵکی ئەهواز لە دژی راپەڕین، هەروەها ئەهلی کۆکردنەوەی خەراج بیرییان لە شکاندنی کردەوە، پاشان (سەهل کوڕی حونەیف)یان لە وڵاتی فارس وەدەرنا». (الشعبي) لە وێنەیەکی روون و واتاداردا ئەو هەستە باوەی وێنا کردووە، کە لە هەموو جێگەیەك هەبووە لەگەڵ هەڵوەشانی دەسەڵاتی عەلی لە سنوری پێگەی خۆیدا، هەروەها دەیبەستێتەوە بە روداوی کوشتارگەلی نەهرەوان. کوفە کە ناوەند بوو، لەم تێبینیەدا بزرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بینیمان کە نکۆڵیکرد لە بەشداریکردنی شەڕە گەورەکە لە دژی شام، پەیوەندییەکانی خودی عەلیش لەرزۆك و ناسەقامگیر بوون.

لەلایەکی تـرەوە ئـەوە بیرۆکەیەکی نوێ بـوو، چونکە هۆشیاری مێژوویی ئیسلامی نوێ، یان تەنانەت هۆشیاری خۆرهەڵاتناسیش، کاتێك لە روانگەی چەند بەڵگەنامەیەکی درەنگوەختەوە، یان لە رێگەی لۆژیکی گشتگیری میراتی مێژووییەوە بیری لە شەڕی ناوخۆ کردووەتەوە، تاکو ئێستا ئەو رایەی تەرحکردووە کە پرۆسەی داوەریکردن جومگەی سەرەکی و ساتەوەختی یەکلاکەرەوە بووە، لە کاتێکدا چارەنوسی عەلی بەرەو ئاڕاستەیەکی کزو لاواز هەڵخلیسکاوە، بەڵام چارەنوسی موعاویە بەرەو هەڵکشان چووە. لە دیدێکی ئاوهاوە بزرکردنی نەهرەوان ئەنجامدراوە، چونکە سەرچاوەکان لە مێژووی داهاتووی پاش سەدەی یەکەمی کۆچی، کە ناسراوە بە ململانێی دژواری نێوان خەواریجەکان و خەڵکی ویلایەتەکان، پێچەوانە بۆتەوە. ئەو روداوە وەك موژدەیەکی خۆش بۆ دەستپێکردنی ململانێکانی داهاتوو خۆی نمایشکردووە، وەك ئەوەی شەڕێکی ئامانجدار و سەرکەوتوو بێت. وەلحاڵ، لەو قۆناغە سەرەتاییەدا ناکۆکی و

ململانێکە زۆر روون نەبوو.
خەواریجەکان کە وەك گروپێکی هەڵگەڕاوەی سەربەخۆ دروستبوو، بە حوکمی رابردوویان و پەیوەستبوونیان بە کوفە و بەسرە، لە بیرەوەری گشتیدا زیاتر لە دابڕان و جیابوونەوەیەکی حزبی لێیدەڕوانرێت. ئەوان هێشتا تازە لەناو رەگەکانیاندا چەکەرەیاندەکرد: لە رووی زەمینەی هاوبەش، ئایدۆلۆژیا، بیری خێڵەکی، شارستانی، یاخود زیاتر لە لێڕوانینیان لەبەر رۆشنایی پرۆژەکەیاندا، هەمیشە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لە دوای مردنی عەلی و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن موعاویەوە، تەنانەت لە کوفەش خەواریجەکان لە دەرەوە دەهاتن، تا ئەو کاتەش وەك چەند تاقم و باندێك بۆ شوێنی دوور دەربەدەر کرابوون. ئەوان بەوپەڕی ساویلکەییەوە دەستپێکردنەوەی شەڕییان لە دژی دوژمنی هاوبەشیان بۆ کوفەییەکان پێشنیار کرد. لە کوفە، پێدەچێت لە بەسرەش، دوای نەهرەوان و کاتێك عەلی لە ژیاندا بوو، هەزاران پیاوی خاوەن هەستی خەواریج بە ئاشتی و ئارامی لەگەڵ خەڵکی تردا، بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی پێکەوە دەژییان، زۆرێکیشیان پێیانوابوو، کە نابێت شەڕ لە دژی عەلی بکەن و بەرەنگاری نەبنەوە. رای زاڵتر ئەوەیە، کە هەندێك خەڵکی تر تێڕوانینێکی کەمتر روونیان بۆ بارودۆخەکان هەبوو، لە هەندێك بیروبۆچوونیاندا هاوڕا بوون، بەڵام لە هەموو ئاڕاستەکەدا هاوڕا نەبوون، یان تەنها ئەوان خاوەنی رایەکی ناجێگیر و دوودڵ بوون.
هەموو ئەمانە بیرۆکەی شۆکی نەهرەوان و بەردەوامبوونی زەق و لەسەرخۆی بزوتنەوەی خەواریج لەناو جەستەی گەورەی کوفەدا پشتڕاستدەکەنەوە، ئەو شۆکەش بووە خاڵی دەستپێکردنی هەڵوەشانی دەسەڵاتی عەلی لە ناوەندەکەی خۆیدا. بۆ نموونە لە کوفەوە روداوی (الخريت) و رابەری ناجیە دەستیان پێکرد، ئەو کارەی کە ئەهواز و هەموو کەناری وڵاتی فارسیان هەژاند. دواجار بینیمان کە موعاویە وەك جۆرێك لە شەڕی ناوخۆی نێوان عەلی و لایەنگرانی لە شەڕی

نەهرەوانی دەڕوانی، بۆیە وا پێویستبوو لەسەری بزانێت، گردبوونەوەی (النخیلة) بە تایبەتی لە دوای گەڕانەوە لە نەهرەوان هەڵوەشێنرایەوە. ئەو لەوێدا کەلێنێکی گرنگی بینی، کە پێویستبوو کەڵکی لێوەربگرێت، ئیتر لێرەوە دوژمنایەتیکردنی بۆ عەلی و عێراقییەکان دەستپێکرد، کە لە چەند پەلامارێکی کتوپڕو دووبارەدا بەرجەستە بوو. بەڵام ئایا ئەوە مانای وایە کە داوەریکردنەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕێڕەوی روداوەکان نەبووە؟ پرۆسەی داوەریکردن کە لە بناغەوە ناپەسەند بوو، دەسەڵاتێکی لێنەکەوتەوە، بەڵکو بووە هۆی دروستبوونی دوو دەسەڵاتی جیاواز و ناچوونیەك، لە ئەنجامی ئەوەشدا ناوبانگی عەلی لەکەدار بوو، بەڵام لە ئاستی سنورێکی دیاریکراو تێپەڕی نەکرد، چونکە عەلی شەرعیەتی لە خودی خۆی و کەسێتی خۆیدا هەڵگرت. لە بەرامبەریشدا، گومان لـەوەدا نییە کە موعاویە تا ئەوپەڕی ئاست ئەنجامەکانی پرۆسەی داوەری بۆ خۆی بەکارهێناوە، تەنانەت ئەگەرچی ئەو ئەنجامانە تەنها پەیوەندیدار بـوون بە حوکمی نوێنەرایەتیەکەیەوە، بۆئەوەی لەبەرچاوی لایەنگرو پشتیوانە تایبەتییەکانی شەرعیەت بۆ دەسەڵاتەکەی زیاد بکات و پلەو پایەی خۆی لە والی بۆ خەلیفە، یان پاڵێوراوی خەلافەت بەرزبکاتەوە، بەوەش دەیتوانی قەبارەی خواستەکانی فراوانتر بکات، بۆئەوەی هەموو فەزای ئیسلامی بە تەواوەتی بگرێتەوە. موعاویە لەوە بەدواوە بە تەنها خۆی لە ئاسۆی شام قەتیسنەکرد، بەڵکو وا خۆی نیشاندەدا، کە راسپێردراوە بۆ رابەرایەتیکردنی هەموو ئیسلام و ململانێکردن لە دژی عەلی لەسەر قەڵەمڕەویکردن بەسەر ئەو ویلایەتانەدا کە لەژێر دەسەڵاتیدا بوون.

بەو پێیە ئەگەر هەرەسهێنانی دۆخی ناوخۆیی عەلی لە ناوەڕۆکدا، پەیوەندی هەبوو بە گەشەکردنی ناچوونیەکییەکان لەناو جەرگەی بەرە تایبەتیەکەی، کە لە دورەوە سەریهەڵداوە و لە شەڕی نەهرەوان گەیشتە لوتکە، بەڵام لە بەرامبەردا سەرکەوتن و فراوانبوونی دەسەڵاتی موعاویە، بناغەی مەعنەوی و سایکۆلۆژی خۆی لەو شەرعیەتەدا دەبینیەوە کە پرۆسەی داوەریکردن بۆی پەیدا کرد. موعاویە

راستەوخۆ لە دوای داوەریکردن دەستی بە یەکەم جموجووڵیکرد بۆ دەستپێکردنی کێشە و ناکۆکییەکان و پرۆسەی فەتحکردنی میسر، هەرچەندە کۆتایی کۆنگرەی داوەریکردن هانیدا کە خۆی لە وابەستەبوون لە هودنە بپارێزێت. هەروەها هەوڵدانی دوای ماوەیەك بۆ تێکدانی بەسرە لە ناوەوە خستنیە ژێر رکێفی قەڵەمڕەوی خۆیەوە، بە ئامانجی ئەوەبوو بەپێی خواستی ئەو دانبنرێت بە حوکمی عەمروی کوڕی ئەلعاص، واتا بۆ بەرژەوەندی خۆی.

ئەوەی نابێت لەیادمان بچێت ئەوەیە (ئەزرح) کە لە بنەڕەتدا وەك کۆبوونەوەیەك بۆ هێوربوونەوە و رێککەوتن تەماشا دەکـرا، هەوڵدانێك بوو بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیەی ئوممەتی ئیسلامی کرمۆڵ دەکرد، ئەویش لە رێگەی کارکردن بە کیتابی خودا (قورئان)، بەڵام لە دوای ساڵێك بەسەر پێکهاتندا، کێشە و ململانێکان دەستیانپێکرد. عەلی سوپاکەی ئامادە کرد، بۆئەوەی (صفین) دووبارە بکاتەوە، بەڵام شکستیهێنا، موعاویەش دەستی بەسەر میسردا گرت. ئەوەبوو لە دوای ئەزروح و نەهرەوان، کە تەنها مانگێك نێوانیان بوو، لە مانگی موحەڕەم و صفری ساڵی (38ی کۆچی/658)ی زایینی، قۆناغێکی نوێی فیتنە دەستیپێکرد و شەڕ سەریهەڵدایەوە، بەڵام بە شێوازێکی تر، ئەوە شەڕی داچۆڕاندن بوو، نەك شەڕی بەرەیی، جگە لە حاڵەتی میسر، کە تێیدا بە راستی شەڕ رویدا، بەڵام بەبێ بەشداریکردنی عەلی و کوفەییەکان. لە زاراوەسازی دەرەکیدا، چەمکی فیتنە تەنها لە چەند کاتێکی دژوار و ئاماژەدار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاشکرا نەبێت بەکارناهێنرێت، نەك لە حاڵەتی رودانی شەڕو ململانێی بەردەوامی ناوخۆدا: (4) شەڕ لەو سەردەمەدا رویاندا: شەڕی ماڵەکە (کوژرانی عوسمان)، شەڕی (الجمل)، شەڕی (صفین) و شەڕی نەهرەوان. پێدەچێت لێرەدا گومان بکەین لە گوێزانەوەیەکی ئیسلامیانەی (رۆژانی عەرەب)، بەڵام چەمکی دەرەکی فیتنەی پچڕپچڕ، بەشبەش و چڕبۆوە، لە لایەکی ترەوە فرەجەمسەریی و بەدوایەکداهاتنی زەمەنی نیشاندەدات.

لەناو فیتنەدا چەندین فیتنەی تر هەبوون، بەڵام خەواریجەکان لە نەهرەوان وەستانیان، وەك دوا شەڕی چەکدارانەیان، کە پاڵنەری ئایدۆلۆژی هەبوو، لە ڕاستیشدا ئەوە بە مانا فراوانەکەی دوایین شەڕەکانی فیتنە بوو. ڕاستە خەواریج – قورئانخوێنان تەنها تاقمێك بوون، کە لە هەموو ساتەکانی قەیران و دژوارییەکاندا بە جەستەیان و دەروونیان لە دژی زۆرێك نەیارو ڕکابەر شەڕییان کرد وەك: عوسمان، تەڵحە و زوبێر، لە کۆتاییشدا عەلی و موعاویە، بەردەوامیش لەو ڕێگەیەوە خوێنی ئەوان و خەڵکانی تریش ڕژێنرا. جگە لە قورئانخوێنەکان، ئەوانەی کە بوونە خەواریج یان نەبوون، هیچ جەنگاوەرێك و هیچ هەڵگیرسێنەرێکی فیتنە لەو چوار قۆناغە یەکلاکەرەوەیەدا بەشدارینەکرد، تەنانەت عەلیش کە لە دەرەوەی بازنەی کوشتن مایەوە. مەبەست لێرە پابەندێتی جەنگی و بوونی چەکە لەناو دەست. تەڵحە و زوبێر، جگە لە فیتنەی (الجمل) نەژییان تا فیتنەی تر ببینن، موعاویەش تەنها فیتنەی (صفین)ی بینی. بە تێکڕایی قورئانخوێنان نوێنەرایەتی ڕێچکەی خوێناوی و بەردەوامی بەدوایەکداهاتنی فیتنەیان دەکرد، وەك ئەوەی فیتنەیەك داوای دروستبوونی یەکێکی تر بکات، بەڵام گرەوەکەیان هەر یەکێك بوو: حەماسی گەرموگوڕ بۆ بەرگریکردن لە قورئان و بنەماکانی.

ئایا تێڕوانینێکی وا تەنها دەربڕینی ساویلکەیی بەکۆمەڵی سیاسی – دینی پێکەوە گرێدراوە، یان دەربڕی بۆچوونێکی جەنگیی زۆر کاریگەرە بۆ چەمکی ململانێ، یان دابەشبوون، یان هەبوونی لاوازییەکی پێشوەختە لە بەردەم تێپەڕاندنی ئەو پێودانگە بەرجەستەیە؟

ڕاستە، ساتەوەختە دژوارەکـان ساتەوەختی شەڕو کوشتار بوون، ڕاستیشە کە ژمارەی ئەنجامدەرانی زیادییان کرد و شوێنەکانی شەڕکردنیش زۆر بوون، لە مەدینە تاکو بەسرە، لەوێوە تاکو شام و سنورەکانی خۆرهەڵاتی عێراق. فیتنە چەندین دەموچاوی هەبوو، بەڵام نەك تەنها بە مانای ئاشکراکردنی حساباتەکان لە شەڕەکاندا بەگوێرەی تێڕوانینی دەرەکی، چونکە فیتنە لەلایەکی ترەوە خاوەنی

یەکپارچەیی خۆی بوو، کە ناکرێت گومانی لێبکرێت، بەڵام ئەو یەکپارچەییە بەردەوام نەبوو، تەنانەت لە دەرەوەی بزوتنەوەی خەواریج لە زمانی سەردەمدا، زۆر بە باشی گوزارشتی لێکراوە، ئەگەرچی لە هۆشیاری بکەرانیدا بزر نەبووە. لە کۆنترین سەرچاوەکانماندا بە شێوەیەکی دەگمەن گوێبیستی وشەی فیتنە دەبین: لە سەردەمی عوسماندا، لە کاتی سەرهەڵدانی ناڕەزایی و هەڵچوونەکاندا، بە راستی فیتنە دەستی بە سەرهەڵدان چەکەرەکردنی و خۆی نیشاندا، ئەمەش تەنها سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی پاشان بە شێوەیەکی خەملێنراو (تخمینی) روویدا. پێش شەڕی (الجمل)، ئەبو موسا ئامۆژگاری کوفییەکانی دەکرد وازبێنن و لە دەموچاوی سامناکی فیتنەیەکی کەڕولاڵ دەیترساندن. مانای ئەوە چیە؟ ئایا فیتنەکە لەگەڵ کوشتنی عوسمان، لەگەڵ جیابوونەوەی عائیشە و تەڵحە و زوبێر، لەگەڵ روودانی کوشتارگەلی بەسرە، لەگەڵ هەڵوەشانی یەکێتی مۆراڵیی ئوممەتی ئیسلام و دروستبوونی هەڕەشە و گوشارەکانی سەر یەکبوونی دەسەڵاتی بەرجەستەبوو لە خەلیفەی موسڵماناندا دەستیپێنەکرد؟ ئایا ئەبو موساش لە شێوەی بەرەنگاربوونەوەی جەنگیی داهاتوو پێشبینی فیتنەی نەدەکرد، وەك شەڕێکی هەڵگیرساو لە نێوان موسڵماناندا بە گشتی؟ یان شەڕی (الجمل) بوو بە تەنها لەو کاتەدا لە ئاسۆ دیار بوو؟

چەمکی فیتنە بە شێوازێکی روونتر لەو وتانەدا بەرفراوانتر دەبێت، کە دەخرێنە پاڵ سەحابیە موعتەزیلەکان: سەعد، موغیرە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و چەندانی تریش. فیتنە ئەوەیە، کە بە پێچەوانەی یەکبوونی ئوممەت رێدەکات و دابەشیدەکات و هەڵیدەوەشێنێت، فیتنە پێشبینیەکی شمولیترە و بە تەنها پەیوەندار نییە بە واقیعی جەنگییەوە، بەڵکو ئەولەوییەتی کۆدەنگی شکۆدار دەکات. ئەوان لە گۆشەگیربوونێکی شایستەدا خۆیان بەرجەستە کرد، بەیعەتدانیان بە عەلی رەتکردەوە، بە هەمان ئاستیش لە داهاتوو پێشنیازەکانی موعاویەیان رەتکردەوە. نموونەی هەرە باڵاو خۆڕاگر لەگەڵ خودی خۆیدا (سەعد کوڕی ئەبی

وەقاص) بوو، کە بە یەکجاری لە گۆڕەپانەکە دوورکەوتەوە و رازی نەبوو ئامادەی کۆبوونەوەی داوەریکردن بێت.
دەستەواژەی فیتنە لە بەڵێننامەی (صفین)دا ناوی نەهاتووە، چونکە هەردوو داوەر لەو ئاگادار دەکرێنەوە، کە هەرگیز ئوممەت بەرەو (شەڕو دابەشبوون) پەلکێشنەکەن، بەڵام ئەبو موسا بۆ نموونە لە (ئەزرح) بەکاریهێنا، کاتێك عەمروی بەوە تۆمەتبار کرد، کە کوڕەکەی لەناو فیتنەدا نغرۆ کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە عەمرو و عەبدوڵڵای کوڕی تەنها لە (صفین)دا بەشدارییانکرد، بەڵام لێرەدا بەپێی چوارچێوە روونەکە چەمکەکە کۆمەڵێکی تەواو رووداوی پێکەوە بەستراو و بەدوایەك دەگرێتەخۆ، جگە لەوەش لەو کاتەدا کەوتۆتە بەر تێڕوانینێکی پاشەکشەیی گشتگیر، کە حوکمێکی مۆراڵیی نێگەتیڤ دەگرێتەخۆ. چەمکی فیتنە وەك قۆناغێکی داخراوو کۆتکراوی زەمەنی، بە هەموو واتا مێژووییەکانیەوە، وەکو قۆناغێکی مێژوویی دەرنەکەوتووە، تەنها لەو دەقە راستەوخۆیانەدا نەبێت کە باسی گەڕانەوەی ئاشتی دەکەن، بۆ سەرلەنوێ یەکخستنەوەی ئوممەت لە دوای گەیشتنی موعاویە بە کورسی خەلافەت، خەلافەتی هەموو موسڵمانان لە (41ی کۆچی/661ی زایینی)دا. ئاماژەکانی داهاتوو نە فیتنەیان دیاریکردووە و نە حوکمیشیان لەسەر داوە، بەڵکو وەکو خاڵ و هێما و یەکەیەکی زەمەنی سەیریدەکات، بەبێ بوونی هیچ روونکردنەوەیەکی تر لە رووی نـاوەرۆك و ناسنامەکەیەوە. ئەمجۆرە فۆڕمە لە هێما دەگمەنە و دەچێتە چوارچێوەی گوتارەوە، لە باتی پێکهاتن و دامەزرانی وەك پێوەرێکی بنەڕەتی. بەو ئاستەی، کە پێودانگی زەمەنی شۆڕبینەوە، زۆرجار وادەردەکەوێت ناونیشانی ئەو قۆناغەی پەیوەندیدارە بەو سەردەمەی شێوازی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، ببێتە چوارچێوە و بنەمای دامەزرێنەر، کە بەشی هەرە گەورەی مێژووی ئیسلامی دانی پێدا دەنێت.
ئەوەی ویستومە لە رێگەی ئەم شرۆڤەکارییەوە پیشانی بدەم، ئەوەیە وشەو

بیرۆکەکە لە ژیانی سەردەمەکەدا، کە هەردووکیان لە فەرهەنگی قورئانیەوە وەرگیراون، بە راستی بوونیان هەبووە، نەك لە دواییدا درووستکرابن، بەڵام لەگەڵ چەند چەمکێکی جیاواز لە چەمکی فیتنە، بە گشتی وەکو چەند فیتنەیەکی جەنگیی، دەگاتە ئاستی چەمکی روحی فیتنە، بەو پێیەی شکانی روحی ئوممەتە، تا دەگاتە چەمکی مێژوویی و پێکهێنەرانەی کۆمەڵێك ململانێی کۆکراوەی گشتگیر لە هەموو جۆرەکان بۆ قۆناغێکی تەواو: ململانێ جەنگییەکان، دیپلۆماسیەت، سایکۆلۆژی و ئایدۆلۆژی. دەبێت مێژوونوسی مۆدێرن بە حەماس بێت، بەرامبەر یەکبوون و چڕی رووداوی فیتنە، کە لە لۆژیکە ناوخۆییەکەیدا وەك دابڕانێکی درێژخایەن و رێژەیی لە قووڵایی ئوممەتی ئیسلامدا بەرجەستە بووە. هەموو ئەمانە لە یەککاتدا ئەو قۆناغە نوێیەیان جیا کردووەتەوە: کودەتایەکی سەرتاسەری بەسەر دۆخەکە، دروستبوونی قەیرانێك لە ناوجەرگەی ئەو ناوچەیەی لەژێر دەسەڵاتی عەلیە، گۆڕان لە میتۆدی شەڕ لە نێوان هەردوولای بەشەڕهاتوودا. لە دوای شەڕی (الجمل)ەوە، فیتنە قەتیسکرا لە چوارچێوەی ململانێی نێوان عەلی و موعاویە، ململانێ گەورەکە لە کۆی هەموو فیتنەی وێناکراو و چەسپاو بە تایپی ئایدۆلۆژیا و قەناعەتەکانی. دواتریش هەندێك ناکۆکی ناوخۆیی لە بەرەی عەلیەوە بۆ زیادکرا، بە تایبەتی شۆڕشی خەواریج. ئەو ناکۆکی و ململانێیانە گەشەیان کردو بوونە بەشێکی جیانەبۆوە لە دینامیکیەتی فیتنە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجدانە ئەوەیە، کە ململانێی گەورەتر بە ئاشکرایی لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی باڵادا دروستبوو.

هەر لە سەرەتاوە ئەوە شتێکی روون بوو لەلای عەلی، کە دەیتوانی ئاشکرایبکات، چونکە دەستی بەسەر شەرعیەتی خەلافەتدا گرتبوو، بەڵام ئەوە لەلای موعاویە روون نەبوو، کە لەپێناو خوێنی عوسمان و لابردنی ئەو ستەمکاریەی بەرامبەری کرا شەڕی دەکرد، بە هەمان ئاستیش تێدەکۆشا بۆ دووبارە جێگیرکردنی بناغەی شەرعیەتی سیاسی (شـورا). ئێستاش موعاویە لەو قۆناغە نوێیەدا، کە تێیدا

خواست و هەوڵەکانی بۆ خەلافەت زۆر بە روونی و ئاشکرایی دەستیپێکرد، وەك ئەوەیە کە گەمەکەی ئاشکرا بووبێت، لە روانگەی لە هاوسەنگی نێوان هێزەکان کە بۆی لەبار بوو. موعاویە هەنگاوێکی نوێی هەڵێنا، دەتوانین بڵێین، فیتنە لە ساڵی 38ی کۆچییەوە لە دوای پرۆسەی داوەریکردن و شەڕی نەهرەوان، بەوپەڕی روونی بەرگی ململانێی لەسەر دەسەڵاتی خەلافەت پۆشی، لە سەرووی ئەوەش دەسەڵاتێکە پێویست بوو لەسەر یەکێتیەکەی، کە قابیلی بەشبەشکردن نییە، بونیاتبنرێت. عەلی تێدەکۆشا لە پێناوی ئەوەی لەو دەسەڵاتە ماوەتەوە بەو هیوایە رۆژێك لە رۆژان بە تەواوەتی بەدەستی بێنێتەوە. موعاویەش تێدەکۆشا لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی خەلافەت بەوپەڕی ئاسانی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە موعاویە لە بنەڕەتدا لە روانگەیەکی تایبەتییەوە بۆ دوورترین ئاست لە شام هەنگاوی نا، هەرگیز فۆڕمی تەوحیدی بنەڕەتی ئەرکی خەلیفە (ئیمام) ی لەبیر نەکرد، کەواتە ئایا هەر لە سەرەتاوە بە نهێنی هەوڵی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی خەلافەت دەدا، بە پاساوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان؟ ئایا فیتنە بە گشتی جگە لە شەڕێکی گەورە لە پێناو دەسەڵاتدا، کە لەلایەن هەموو کاراکتەرە سەرەکییەکان، عەلی و تەڵحە و زوبێر و موعاویە بەرپا کراوە، شتێکی تر بووە؟ ئەگەر وای دابنێین، کە موعاویە ئیتر دەمامکی خواست و ئارەزووەکانی ئاشکرا کردووە، ئایا ئەمە مانای وایە هەموو ئەوەی رابورد، جگە لە ناپاکی و پیلان و فێڵ هیچی تر نەبوو؟ یان پێشکەوتنێکی پشوودرێژ و بەردەوام و پڕ مەترسی و سەرکێشی بەرچاوگیراو، بەرەو تاکە ئامانجێك، کە دواجار جگە لە رێگەیەکی سامناکی هونەری سیاسی شتێکی تر نەبووە.

هەموو ململانێیەکی ناوخۆیی لە بوارێکی فراواندا، هەموو «شەڕێکی ئەهلی» بۆ خۆی ململانێیەکە، لە پێناو پاوانخوازی و دەسەڵاتدا، بەڵام هەرگیز بە شێوازێکی وشك بەڕێوە نەچووە، جگە لەوەش وەك ئەم حاڵەتەی خۆمان لە سەردەمێکی شایستە و پێناسەکراو بە وەحی و میتامێژووی پێغەمبەرایەتی، فەتحکردنی بەهێزی

جیهان و دەرکەوتنی گەلێك لە مێژوودا نەنەخشێنراوە، لە ڕێگەی تەقاندنەوەی هەموو وزە و توانا خەفەکراوەکانیەوە. پیاوانی مێژوو، کە لێرەدا بریتی بوون لە عەلی، تەڵحە، زوبێر و موعاویە، لە رووی مەبدەئیەوە خواستیان هەبوو، بەڵام هەمیشە پرۆژەیەکیان هەبووە و وابەستەی نموونەیەك بوون، وابەستەیی حەق و شەرعیەت. پێش ئەوەی عەلی هەوڵ بۆ دەسەڵاتی رەها بدات، سەرەتا خۆی بە چاکترو شیاوتر دەدایە قەڵەم، بۆیە لە رێگەی خەلافەتەوە هەوڵیدەدا بۆ دانپێدانان بە فەزڵ و چاکەی، کە بووە ناوەڕۆکی بوونی ئەو، بۆیە پابەند بوو بە ئاکاری سیاسیەوە. موعاویە شەریکەکەی تری فیتنە، ئەویش دەیتوانی خۆی بە شایستەی خەلافەت بداتە قەڵەم، بە ناوی خودبینی پشتبەستوو بە چەند پێوەرێکی تر، بەڵام ئەوە خواستێکی خۆیی بوو، کە نەدەکرا بۆ خۆی و خەڵکیش رێگەپێبدات، بە ئەستەمیش نەبێت، بواری ئەوەی نەبووە لە ئاستی واقیعیدا دەربببڕێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەها باوەکانی سەردەمدا ناچونیەك بووە.

ئەو ویست و خواستە شاراوەیە، توانی خۆی ئاشکرا بکات، بەو ئاستەی کاری واقیعی پێشکەوت. بە راستی خاوەنی پرسێك بوو کەسێتیەکەی تێپەڕاند، چونکە پرسێك نەبوو وەکو پاساو، یان دەستپێك تەماشابکرێت، بەڵکو پرسی نیشاندانی تەواوی رەزەمەندیە لە شێوەی چاککردنی مافێك، کە موعاویە لە رێگەیەوە توانی جەماوەرێکی بەرفراوان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. عوسمان بووە بەهای مەرجەعیی لە بونیادی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا و واشدەمێنێتەوە، ئەگەر موعاویە هەوڵیدابێت تۆڵەی بکاتەوە، یان دوای ئەوەش ئەگەر هەوڵیداوە داوای دەسەڵاتی خەلافەت بکات، بەڵام بە پێچەوانەی عەلی لاوازی خۆی لەوەدا نیشانداوە، کە نەیتوانیوە خۆی وەك تەوەر و ئامانجی کارکردنی خۆیی بەرجەستە بکات. موعاویە وەك تۆڵەسێن، پاڵێوراوی خەلافەت و دواییش وەك خەلیفە، خۆی لە پشت سێبەری عوسماندا دەشــاردەوە، واتە پرسی پیرۆزی پێشەوای قوربانی، وەك پرسی دامەزرێنەر بۆ دینامیکیایەی، کە شەرعیەتی راستی

بۆ درووستبکات، بەڵکو کەسایەتی دیاری ئیمامە، کە شورا لە دوای ئەبوبەکر و عومەر هەڵیبژاردووە، وەکو بەشێکی جیانەبۆوە لە میتامێژوویی پێغەمبەرایەتی، وەك مەرجەعێکی بنەڕەتی دەسەڵاتی ئومەوی. لە سەرووی ئەوەشەوە موعاویە بە هێزی خۆجێگیرکردن لەلایەن جیهانە شامیەکەیەوە هەڵنراوە، لە کاتێکدا خۆی لەناو دیالیکتیکی مێژووییدا هۆشیار کردو گەیاندیە ئاستی جیهانێکی سەربەخۆ، پاشان بەرەو جیهانێك، کە دەیڕوانیە راسپاردییکردن لەسەر هەموو فەزای ئیسلام و خۆدەرخستن تێیدا.

لە سەرەتاوە خواست نەبوو، کە هەڵسوکەوتی موعاویەی وەك ئامانجێکی سیاسی راستەقینە ئاڕاستە دەکرد، تەنانەت ئەگەرچی دیدێکی ستراتیژی بەهێز خراوەتە پاڵ موعاویە. جگە لەوەش موعاویە نەبوو بە سودوەرگرتن لە کاری هەڵکەوتووی کتوپڕی عائیشە و تەڵحە و زوبێر حوکم بکات، بەڵکو بەو ئاستەی شیاو و گونجاو بوو لە هۆشیاریدا گەشەی کردووە و لەدایکبووە. ساڵی 38ی کۆچی خواستی گەیشتن بە خەلافەت لەلای فەرماندەی شام، وەك داوایەکی بەهێز نەتەقیەوە، بەڵکو گەشەیکرد و هەندێك سنوری نەبەزاند. لە راستیدا عەلی هێشتا ئامادەیی هەبوو، تەنها لە کاتی مردنیدا لە ساڵی 40ی کۆچی، خواستی موعاویە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی خەلافەت لە شێوەی پێداگریەکی بێ بەرەنگاری دەرکەوت.

ئەگەر بڵێین فیتنە هەر لە سەرەتاوە، واتە لە کاتی دەرکەوتنی داواکاری قورئانحوێنان، لە بەرامبەر پێشبینیکردنی عوسمان بۆ ئیمامەت، جگە لە ململانێیەکی ئاسایی لەسەر دەسەڵات، هیچی تر نەبوو، بەڵکو ئەوە مانای تێکدان و لێداماڵینی رەهەندە روحی، مرۆیی، ئەنترۆپۆلۆژی و ئایدۆلۆژییەکانی دەگەیەنێت، کاتێك کەسی سیاسی درووست دەبێت، بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە. لەناو فیتنەدا رەهەندێکی جێی رەزامەندی هەیە شایستەی ئەوەیە ئاشکرا بکرێت. لە رێگەی خواست و ئارەزوە بەکۆمەڵەکان لەناو ترۆپکی سیاسەتدا، خودێتی چەکەرە دەکات. نەك خودێتی هەست و هەڵچوونە بەهێز و سەرکەشەکان،

بەڵكو خودێتی شتێكی قووڵتر و وردتر، چونكە بانگەشەكردن بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی عوسمان، تورەیی پیاوێك بوو، لە پێناوی نیشاندانی خۆشەویستی بۆ پیاوێك. خواست و ئامانجی دەرەكی لە سەرووی پاساوە ئایینی و سیاسییەكانی، شۆڕشێكی خودییە لە بارە راوەستاوەكەیدا. دواتر كینە و بانگەشەكانی عەلی، كە تا رادەیەك هەواڵدەرەكان درووستیان كردووە، دەردەكەوێت و خودێتیەكی تراژیدی بەرجەستە دەكات، ئەگەرچی هیچ بنەمایەكی راستەقینەیان نییە.

رەهەندێكی دیكە هەیە پێدەچێت هەڵسەنگاندنی و باسكردنی بەسود بێت، ئەویش رەهەندی دەرفەتە، چونكە لە ساڵی 38ی كۆچیەوە دەرفەت و دەرفەتە ئیسلامییەكان بۆ مێژوونوس ئاشكرا دەبن. گەمەیەكی زەبەلاح بە درێژایی هەموو كەناری خۆرئاوای دورگەی عەرەب، لە شام تاكو میسر، لە عێراق، لە (تەیما) وە تاكو یەمەن و ناوچەی سنوریی دورگەكە سەرهەڵدەدات، بەڵام بە دیوێكی تریشدا لە فەزای ئێرانی، لە ئەهواز، وڵاتی فارس، ئازەربایجان و ناوچەی چیا (میدیا)ی پێشوو بەرێوە دەچێت. هێرشە كتوپڕەكانی موعاویە، وەڵامەكانی یەكە گەڕۆكەكانی سوپای عەلی، خێرایی بێهاوتای تاقم و باندە دەرەكیە بچوكەكان و جووڵەی سەربازی بێئەندازی (الخريت) و (ناجية)، هەموو ئەمانە بوارەكەیان بەرتەسككردبۆوە و پەیامی كرنەوەیان دەبەخشی بۆ زاڵبوونی عەرەبی بەسەر مەوداكان و خێرایی لە جووڵاندا. پێویستە لەبیرمان نەچێت كە عەرەب دەشتەكی و كۆچەرییەكانی پێشوو بوون و شارەزاییان لە بواری شەڕو فتوحاتەكاندا هەبوو، بەڵام لێرەدا بابەتە پەیوەندی بە جموجووڵێكی گشتگیرەوە هەیە، كە لە كاتی نائاساییدا كێرڤی بەرز دەبێتەوە، بە دەگمەنیش دەتوانرێت لە شارستانیەتەكانی تردا بەدیبكرێت.

فیتنە پەیوەندی عەرەبی بە بوارە ئیمپراتۆریەكەیان ئاشكرا كرد. لە ئاستێكی بەرتەسكدا، بەڵام مەودای بەرفراوانتر بۆ ناوچە تایبەتییەكانی كوفە و بەسرە، ئامادەگی عەلیان سەبارەت بە كەسایەتیەكەی وروژاند، نەك بە حوكمی پۆستەكەی،

بەڵکو بە حوکمی بەتوانایی لە تەدەخول کردندا. دواجار فەزا ئیسلامییەکان لە ڕێگەی ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە، خۆیان بە یەکگرتوویی بینیەوە، چونکە هەموویان لە ململانێکاندا بەشداربوون، هەروەها بە دیاریکراویش لە ڕێگەی دابەشبوونیانەوە لە خاڵە هەستیارەکاندا، بەسەر کۆمەڵگەکانی شیعەی عەلی یان شیعەی عوسمان لە جیاتی شیعەی موعاویە، لە یەمەن تا میسر درێژەی کێشا.

# دەستبەسەرداگرتنی میسر

## ((صفر 38ی کۆچی/ تەمووزی 658ی زایینی))

دەستبەسەرداگرتنی میسر کارێکی خێرا بوو، بەڵام بە شێوەیەکی باش لەلایەن موعاویە و عەمروی کوڕی ئەلعاص پلانی بۆ داڕێژرابوو. میسر لەڕووی جوگرافی و ستراتیژی و مێژووییەوە درێژبوونەوەی وڵاتی شام بوو، چونکە هەردووکیان سەر

بە زۆنی رۆمانی – بێزەنتی بوون. عەمروی کوڕی ئەلعاص دەستی بە فەتحکردنی میسر کرد لەو روانگەیەوە کە فەلەستین پشتئەستور بوو بە چەند پاڵپشتێکی عەرەبی لە شام، کە سەردەمێکی زۆر بوو لەگەڵ هێڵی ناوچەکانی دەوروبەر درووستببوو، تاوەکو خاکی حیجاز لە لایەك و عێراق لە لایەکی ترەوە، یان ئەوەتا لە دواییدا لەگەڵ فتوحاتەکاندا کۆچیانکردووە. میسری عەرەبی، بە شێوەیەکی تایبەتی لە رووی پێکهاتەی خێڵی و عەشیرەتە یەمەنییەکانیەوە، رەنگدانەوەی شام بوو[66]. لە ساڵی 36ی کۆچی، لە دوای شەڕی (صفين)، موعاویە لە یەکگرتنی نێوان عێراقییەکان و میسرییەکان دەترسا. میسر لە ژێر دەسەڵات و فەرمانی عەلی دا بوو، زۆرینەی جەنگاوەرەکانیشی بەیعەتیان پێدا، هەر لەوێش بوو کە بکوژی راستەقینەکانی عوسمان لەگەڵ کینانە کوڕی بیشر ئەلتوجەیبی و عەبدولڕەحمانی کوڕی عودەیس ئەلبەلوی و محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر ئامادەکران، ئەوانەی کە کرۆکێکی پتەوو چاونەترس بوون. بەڵام، لە بەرامبەریشدا هەروەکو بینیمان عوسمانیزمەکان یەکەمجار هەر لە میسر سەریانهەڵدا، واتا موعتەزیلەکانی (خربتا) کە سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانی موعاویە بوون، بەڵام بە یەکپارچەیی مانەوە، بە پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی کارەکانیان لە بەرامبەر خەڵکی شام. بوونی هەڕەشەلێکراو و پارچە پارچەبوویيان والیەکەی عەلی ناچار کرد چاوپۆشیان لێبکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە ویلایەتەکەی بکات. کاتێك قەیس کوڕی سەعد کوڕی عوبادە متمانەی عەلی لەدەستدا، محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر لە

66- ابن عبدالحكم، فتوح مصر، لاپەڕەکانی 114-119، المقريزى، بەشی 1، لاپەڕە 297 و دوایی. ئەوەی ئاماژەی پێکراوە ئامادەبوونی هۆزەکانی سەر خێڵی (حمير)ە: (يحصب، رعين، ذوالكلاع) کە پێشەنگی یەمەنییەکانیانکرد لە شام (تەماشای صفين بکە)، بەڵام هەژمونگەری لە میسر لە پشکی (تجيب) بوو، لقێکە لە دانیشتوانی کندە کە ئەوانیش بەچڕی لە شام نیشتەجێبوون، بەڵام ئەوە بەبێ هەندوەرگرتنی عەرەبەکانی ناوچە شامیە – عێراقییەکان بووە، جگە لە خێڵی (کلب)ی گەورە. رەنگدانەوەی شامی لەناو رەگەزە یەمەنییەکاندا قەتیسبووە، کە زۆرینەیان پێکدەهێنان، بێئەوەی درێژبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی خێڵەکانی قەیسی و مەزەڕی یان ئەو پشتیوانانەی کە راستەوخۆ لە حیجازەوە هاتبوون، واتە (أهل الراية). دواجار تێبینی ئەوە دەکرێت کە عەشیرەتە کۆچبەرەکان لە شامەوە، بە بەراورد لەگەڵ خێڵی دایك چەند عەشیرەتێکی لاوەکی و پەراوێزخراو بوون.

شوێنی دانرا، کە بەبێ گەیشتن بە هیچ ئەنجامێك سیاسەتێکی دوژمنکارانەی پیادە کرد. لە شەڕی (صفین) هیچکام لەو دوو لایەنە ئامادە نەبوون، چونکە هیچ لایەکیان نەیاندەتوانی رێگە بە خۆیان بدەن گۆڕەپانەکە جێبهێڵن، ململانێکەش لە چوارچێوەی میسردا قەتیس مابۆوە.
بەڵام عوسمانیزمەکان لە رێگەی ئەنجامی ئەو شەڕە هاوبەرامبەرەوە هەستیان بە هاندانیانکرد، لەبەر ئەوەی کە تەنها بەرەنگاری و خۆڕاگری خەڵکی شام بۆ خۆی بە سەرکەوتن دەدرایە قەڵەم، بۆیە بزوتنەوەی عوسمانیزم بە سەرکردایەتی رابەرێکی نوێ ئەویش (موعاویە کـوڕی حودیج ئەلسکونی) بـوو، گیانی جەنگاوەرێتی و خۆڕاگری زیاترییان نیشاندا. ئەلسکونی پێش هەردوو سەرکردەی پێشوو (موسەلەمەی کوڕی موخەلەد) و (یەزیدی کوری حارس ئەلکەنانی) کەوت، بەڵام عوسمانیزم ئەگەرچی خۆیشی بەهێز کرد، بەڵام بە تەنها لاوازبوو و نەیتوانی دەست بەسەر میسردا بگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەستبەسەرداگرتنی ویلایەتی میسر زیاترو زیاتر لە فەرمان و دەسەڵاتی نوێنەری عەلی دەردەچوو، دەسەڵاتەکەش جێی مشتوومڕ بوو. لێرەوە والیەتی نوێ بۆ میسر نێردرا، ئەویش (الاشتر) یارمەتیدەری یەکەمی عەلی و پیاوی شەڕو بڕیاردان بوو. لەو کاتەدا موعاویە و عەمرو و خەڵکی شام نەیانتوانی لە رووی سەربازیەوە تەدەخول بکەن، چونکە بەهەر نرخێك بێت دەیانەویست تا جێبەجێکردنی داوەریکردن رێز لەو رێککەوتنە بگرن کە لە شەڕی (صفین) لە نێوانیاندا کرا و پێوەی پابەند بوون. ئەوان دەیانزانی کە بارودۆخی عەلی لە عێراق بەهۆی جیابوونەوەی خەواریجەکانەوە خراپ و قورسە، دەشیانزانی کە بزوتنەوەی عوسمانیزم پێشکەوتووە، بەڵام جگە لە پێشکەشکردنی یارمەتیەکی ناڕاستەوخۆ نەیاتدەتوانی هیچی تر بکەن. دەوترێت موعاویە، کە لە دامەزراندنی (الاشتر) پاشگەزبۆوە چونکە لێی دەترسا، بۆیە لە کاتی گەیشتنی بۆ (القلزم - السویس) کەسانێکی بۆ

ژەهرخواردوو کردنی راسپارد[67]، یەکسەریش محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر پێگەکەی خۆی بەدەستهێنایەوە، بەڵام پیاوی خاوەن هەڵوێست نەبوو.

موعاویە وەکو عەمرو، لە ساڵی 37ی کۆچیەوە هەوڵیدەدا دەست بەسەر میسردا بگرێت، بۆیە هەردووکیان خۆیان بۆ ئەو بابەتە ئامادە دەکرد. موعاویە لە سنوری ستراتیجیدا، لە چوارچێوەی ململانێ گەورەکەی لەگەڵ عەلی، بیری لەو ئامانجە دەکردەوە. لەبەر ئەوەی میسر وڵاتێکی دەوڵەمەند بوو، دەکرا لە رێگەیەوە دارایی و سامان دەستبکەوێت و بەروبوومی ساڵانەی بچێتە سەر بەرژەوەندییەکانی جەماعەتەکەی لە شام، بەڵام نەك بە شێوەی بەزاندنی سنوری دیاریکراو. پەلاماردانی میسر مانای فراوانکردنی رووبەری دەسەڵات و پێگەی موعاویە، جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی لە چەندین بواری تازە لەناو دڵی ماڵی ئیسلام، دەرچوون لە گۆشەگیری و داخراوی شام و پێکهێنانی بەرەیەکی میسری – شامی دەگەیەنێت. بەڵام سەبارەت بە عەمرو، دەستبەسەرداگرتنی میسر بریتیبوو لە بەدەستهێنانەوەی پێگە و دەسەڵاتێك کە خۆی دایمەزراندووە و رێکیخستووە. عەمرو دەیەویست بەپێی ئەو هاوکاری و هاوپەیمانێتیەی کە زۆر بەهێز لە نێوان خۆیی و موعاویەدا دروستبوو، دووبارە دەست بەسەر میسردا بگرێتەوە. سەبارەت بە عوسمانیزمیش، موعاویە بە شێوازێکی روون و گونجاو پەیوەندی

67- الطبری، بەشی5، لاپەڕەکانی 95-96، الانساب، بەشی3، لاپەڕەکانی 398-399، الکندی (ولاة)، لاپەڕە 46 و دوایی. دانانی (الاشتر) لە دوای دانانی قەیس بوو، موعاویەش لە مردنی (الاشتر) تێوەناگلێنێت، ئەگەر بزانین کە لە چەند هۆنراوەیەکی هاوچەرخدا پێچەوانەی ئەوە دەڵێت، بەڵکو وا عەلی پیشاندەدات کە بە مردنی (الاشتر) خۆشحاڵبووە. الکندی، کە کەسێکی سوننیە، دوایین رۆژەکانی ژیانی دەکەوێتە سەرەتاکانی دەسەڵاتی بنەماڵەی فاتیمی شیعی. بەڵام ئەلیەعقوبی لە (تاریخ)، بەشی 3، لاپەڕە 194، دەڵێت دانان و ناوهێنانی (الاشتر) لە دوای شکستی (المسناة) و مردنی محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر بووە، بەڵام ئەم بۆچوونە لەبەردەم بەدواداچوون و پشکنیندا خۆناگرێت. دەشکرێت لە کاتی پێویستدا پشت بەو بیرۆکەیە ببەسترێت کە دەڵێت: موعاویە لە (الاشتر) ترساوە، چونکە لە جۆشدانی یەمەنییەکانی میسردا بەتواناتر بووە. بەڵام ئەلیەعقوبی سەرچاوەیەکی زۆر خراپە، نەك بەهۆی ئەوەوە کە شیعە بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە رووداوەکانی ئەو قۆناغە دەباتە سنوری هەبوونی ناکۆکی و ململانێکان لە نێوان یەمەنییەکان و مەزەڕییەکان.

پێوە دەکردن، بەڵێنی پێدان لە ڕێگەی یەکەیەکی سەربازییەوە کە لە شامەوە دێت بە شێوەیەکی خێرا یارمەتیان بکات، بەڵام کەی؟ بەپێی سەرچاوەکان، هەموو شتێك لە دوای پرۆسەی داوەریکردن بەڕێوە دەچوو[68]، ئەو شۆڕشەی کە لایەنگرانی عوسمان بەرپایان کرد، دواتر بڕیاردانی موعاویە لەسەر هێرشکردن بۆ میسر و نامەگۆڕینەوەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی لە میسر و دامەزراندنی (الأشتر) و سەفەرکردنی بۆ میسر دەستپێکرد. ئەوە کۆمەڵێك ڕووداوی چارەنوسسازی تەواو بوو، بە تایبەتی کاتێك ئێمە دەزانین کە پرۆسەی داوەریکردن لە مانگی موحەڕەمی 38ی کۆچیبوو، بەڵام شەڕی دەستبەسەرداگرتنی میسر لە دوای مانگێك لە داوەریکردن لە مانگی سەفەری رویدا 38ی کۆچیدا رویدا. ئەمە کات و بوارێکی بەرتەسکی جێهێشت، ئەوەبوو لایەنگرانی عوسمان ئەو هێزانەیان تێکشکاند کە محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر لە ساڵی 37ی کۆچیدا ناردبووی بۆ (خربتاء)، بەڵام راستەوخۆ لە دوای ئەوەدا بە سەرکردایەتی موعاویەی کوڕی حودەیج و موسەلەمەی کوڕی موخەللەد ریزەکانیان ڕێکخستەوە، کە ئەوان سەرکردەی راستەقینە بوون و لە خەڵکی شام نزیکتربوون، هەروەها کوڕی موخەللەد رابەری روحی و مێژوویی و زیاتر لە بەرمبەر دەسەڵاتی موعاویەدا سەربەخۆتر بوو. لە (خربتاء) وەك کەمینەیەك لە حەشارگەکەیان دەرچوون و

---

68- ئەمە لەلای (البلاذري) زۆر روونە، انساب، بەشی 1 و 3، لاپەڕە 398-400: البلاذري بۆ خۆی چیرۆکەکان لە شێوەی چیرۆکەکان لەناو چیرۆکی بەردەوامدا، بەو هۆیەشەوە بۆ ماوەیەکی کورت لە ئەبی مەخنەف دوورکەوتۆتەوە، لە کاتێکدا ئەبی مەخنەف بەسەرهات و روداوەکان بە قۆناغی یەك لەدوای یەك باسدەکات: لە کۆتایی 36ی کۆچی، محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر فشار دەخاتە سەر ئەو لایەنگرانەی عوسمانیزم کە رووبەڕووی بوونەوە، سەرەتای 37 دوای شەڕی (صفین) دوو یەکەی سەربازییان بۆ دەنێرێت، بەڵام تێکدەشکێنرێن. الطبری، بەشی 2، لاپەڕە 557. دوای ماوەیەکی کورت کردەوەکەی موعاویەی کوڕی حودەیج بە ئاشکرا روودەدات، بەڵام پێش قۆناغی داوەریکردن بوو کە لە مانگی رەمەزانی ساڵی 37ی کۆچیدا بووە، یان پێدەچێت مانگێك دواتر بووبێت. لە دوای پرۆسەی داوەریکردن، عەلی (الاشتر)ی نارد. گومانیشی تیادا نییە کە موعاویە لە دوای داوەریکردنەوە و تەنانەت لەدوای شەڕی نەهرەوان دەستیکردووە بە پلاندانان بۆ فەتحکردنی میسر. الطبری، بەشی 5، لاپەڕە 97-98.

لایەنگری زۆرییان لە عوسمانییەکانی (الفسطاط) و لە ریزی ئەوانەی دوودڵ بوو بۆ لای خۆیان پەلکێشکرد، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لە ساڵی 37ی کۆچیدا بوو. گومانی تێدان نییە پرۆسەی داوەریکردن بە شێوەیەکی کتوپڕ لەسەر ئاستی لۆکاڵی پێگەیانی بەهێز کرد.

ئەوە ئەو ساتەوەختە بوو کە موعاویە هەڵیبژارد، دوایئەوەی بەهۆی ئەنجامەکانی پرۆسەی داوەریکردنەوە پێگەی بەهێز کردو لە کۆت و بەندەکانی هودنە رزگاری بوو، ئینجا دەستیکرد بە ئاشکراکردنی خواست و ئامانجە بەربڵاوەکانی، بۆ ئەوەی بە ئاشکرا بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی میسر بدات. لە راستیدا پێشئەوە بە روونی بڕیاری خۆیدابوو، جگە لەوەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنگرانی عوسمانیزم بە روونی دەرکەوت. راستی ئەو پەیوەندییانە تا رادەیەك ناسەقامگیر و ناچوونیەك بوو. لە بنەڕەتدا عوسمانییەکانی میسر، کە یەکەم کەس بوون خۆیان بەو ناوەوە ناساند، خۆیان بە تاقمێکی یەکگرتوو دامەزراو لەسەر چەند بیروباوەڕێکی سیاسی - دینی دەزانن، کە وەك بیروڕای ئایینی لێیان دەڕوانی و کوژرانی عوسمان رەتدەکەنەوە. کاردانەوەکانیان کە زوو دەرکەوت، دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە پێیانوایە پڕوپاگەندەی پیس و ناپاك لە دژی عوسمان یەکەمجار لە میسرەوە سەریهەڵدا و بکوژانی راستەقینەی عوسمان لەناو میسر دەرچوون. تا ئاستێکی زۆریش، کوشتنی عوسمانی پرۆژەیەکی میسری بوو، بە پلەی یەکەمیش ئەوان لێی بەرپرسن، چونکە ئەرکی کاردانەوەیان خستە ئەستۆی خۆیان، هەستیشیان بەوە دەکرد کە جێی گرنگیپێدانی ئەوانە بەو پێیەی ئەندامن لە کۆمەڵگەی عەرەبی میسری.

لێرەدا ناکۆکی سۆسیۆلۆژی و خێڵەکی روون نییە، چونکە لەناو ریزی شیعەی عەلی (واتا شەرعییەکان)، نوێنەرانی ئەرەستۆکراتی باڵا دەبینین، وەك: ئیبن ئەبرەهەی کوڕی ئەلسەباح، شەریف لەخم، ئەکدەری کوڕی حەممام. لەبەر ئەوەی کە خێڵی هەرە گەورە (سەکون کندە)، بکوژی راستەقینەی عوسمان

(کینانەی کوڕی بیشری ئەلتوجەیبی) پەروەردە کردووە، کە بێگومان رابەرە، بە هەمانشێوەش تۆڵەسێنی لەو دڵڕەقتری پەروەردە کردووە کە (موعاویە کوڕی حودەیج)ە. ئەوەی جێی ئاماژەکردنە کە موسەلەمەی کوڕی موخەلەد فەرماندەی یەکەمی بزوتنەوەی عوسمانیزم سەحابیەکی ئەنساری بوو لە دوای سەرهەڵدانی فیتنە گەڕایەوە بۆ مەدینە و لەوەێ مرد. موعاویەی کوڕی حودەیج -یش کە هەر لە سەرەتاوە پێوەی پابەند ببوو، یەکێك بوو لە پیاوانی ئیسلام، پێغەمبەری بینیبوو بە پلاندارێژی (الفسطاط) دادەنرێت، کە خێڵەکانی نیشتەجێ کرد. لە بنەڕەتدا، عوسمانیزمی میسر بزوتنەوەیەکی ناڕازی دیینی ئەخلاقی ئاشتیخوازانەی بێلایەن بوو.

سەربەخۆیی هەرێمیی بە قووڵی رۆڵی خۆی دەگێڕا. میسر بەلای ئەمان و ئەو خەڵکەی تریشەوە، نیشتمان و موڵك و سەرچاوەی داهات و رسقیان بوو. میسریش وەکو کوفە و بەسرە و شام وابوو، بەڵام لەگەڵ مەدینە جیاواز بوو. ئەوان بەهۆی تایبەتمەندی و خۆبەزلزانیان نەیاندەویست و نەشیاندەتوانی بچنە ژێر فەرمانی خەڵکانی ترەوە، لەبەر ئەوەش کە میسر هەرێمی خۆیانبوو، ئارەزوویان نەدەکرد جێیبهێڵن، بەو پێیەش عوسمانییەکانی میسر بەوپەڕی زانایی و درککردنەوە شەڕەکەیان لەناو فەزای میسردا دیاریکرد. ئەو شێوازی پێکەوەژیانەی کە (قەیس کوڕی سەعد) بیری لێکردبۆوە تەواو بۆیان گونجاو بوو، چونکە بە دەستپێشخەری ئەوان نەبوو، بەڵکو عەلی و نوێنەرە تازەکەی بە شێوەیەکی پراکتیکی بۆیان دانابوون، بۆیە پێویستبوو بەرەو هەڵوێستێکی هێرشبەرانە گەشە بکات تەنانەت بەبێ بێزارکردنەکانی محەمەدی کوڕی ئەبو بەکر، چونکە ئەگەر ویستبێتیان یان نەیانویستبێت بەشدارییان لە ململانێیەکی فراوانتردا کردووە کە سنوری ئەوانی تێپەڕاندووە.

شەڕی (صفین) و پرۆسەی داوەریکردن کە بێئەوان و لە شوێنێکی تر بەڕێوەچوون، بەدەر نەبوون لە کاریگەری نواندن لەسەر فراوانبوونی بزوتنەوەکەیان و

لەبەرچاوگرتنی ستراتیژیەکی هێرشبردن لەلایەن موعاویەی کوڕی حودەیج، هەروەها کاریگەری لەسەر پەیوەندی هاوپەیمانیان لەگەڵ موعاویە و خەڵکی شام، کە هەندێك پەیوەندی ئایدۆلۆژی ورد پێکیەوە دەبەستنەوە و لە ڕێگەی ئەو ململانێ گەورەیەوە کە ئەنجامیانداوە ڕێزی خۆیان بەدەستهێناوە. کەواتە گۆڕانێك لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ موعاویە ڕوویـداوە، تەنانەت دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ستراتیژی نوێی ئیبن حودەیج، بە تایبەتیش سەبارەت بەو دروشمەی نوێیەی بەرزییانکردەوە (داواکردنی خوێنی عوسمان)، تا ڕادەیەك ئاماژەکەی ڕاستەوخۆ لە موعاویەوە بووە. چونکە جیاوازی ئەو عوسمانیزمانە لەوەدایە کە یەکەمین کەس بوون خۆیان بەو سیفەتە ناساندووە، دوایین کەسیش بوون بانگەشەی تۆڵەسەندنەوە و دادپەروەرییانکرد. هەروەها تێبینی ئەوەشدەکەین کە عوسمانیزمەکان لە ترۆپکی بەهێزییان لە سەرەتای ساڵی 38ی کۆچی، هانایان بۆ موعاویە نەبرد تاوەکو دەربازییانبکات، موعاویەش لە کاتی پلاندارشتن و بڕیاردانی بۆ پەلاماردانی میسر ڕاوێژی پێنەکردن. دەگێڕنەوە کە موعاویە دوو نامەی بە یەك ناوەڕۆك ناردووە، یەکێکیان بۆ موسەلەمەی کوڕی موخەلەد، ئەویتریانی بۆ موعاویەی کوڕی حودەیج ناردووە، تیایدا بە چەند دەستەواژەیەکی زۆر ئیسلامیانە پیرۆزباییان لێدەکات لەسەر ئەو کارەی لە پێناو خەلیفەی ستەملێکراودا کردوویانە، پێشی ڕاگەیاندوون و موژدەی پێداون بە گەیشتنی کۆمەکی (ئەولیای خودا) و پاداشتکردنیان و کۆتاییهاتنی ئازار و مەینەتیان لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتەکەیدا.

ئـەوەی جێی ئاماژەپێکردنە موعاویە لە هــەردوو سەرکردەکە تەنها یەك وەڵامی پێگەیشت، ئەوەش موسەلەمە لەسەر داوای ئیبن حودەیج بۆی نوسی: پاداشتکردنی یەکێکیان بۆ ئەوەی تر، یەکبوونی گوتار و هەڵوێست و خواستی نیشاندانی سەربەخۆیی. وەڵامەکەیان باسی ئامانجەکانی کارەکەیان دەکات، بە هیوای وەرگرتنی پاداشتی خودا، لە پای تۆڵەسەندنەوەی «ئیمام»، تەواو

سەرکەوتنیان لەو پارچەیەی زەوی رووندەکاتەوە. بەڵام بەڵێنەکانی موعاویە لە دیدگای دەسەڵاتەکەی لەم دونیایەدا، لە بەرامبەردا دوودڵی مەبدەئییان بە روونی بەرگی راشکاوانەی بەبەردا کراوە: «بە خودا ئەوە بابەتێکە ئێمە نەماندەخواست و نەماندەویست ببێت». بەڵام ئەوان لە کارەکەدا پەلەی لێدەکەن، چونکە هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو دوژمنەکەیان لێیان دەترسا. دەیانوت: «ئەگەر خودا لەلایەن تۆوە پشتیوانیمان بکات، ئەوا دەرووتان لێدەکاتەوە»، واتا سەرکەوتن لە رێگەی شەڕەوە. لەوێدا دوودڵیەکی عاقڵانە و ژیرانە هەبوو، چونکە هێشتا ژمارەیان کەم بوو، هێشتا پێویستیان لە هێزی زۆری موعاویە بوو، لەبەر ئەوەی کە ئامانجەکانیان تا ئاستێکی زۆر هاوبەش بوو.

بیرۆکەی هەوڵدانی موعاویە بۆ بەرفراوانکردنی دەسەڵاتەکەی نیگەرانی دەکردن، چونکە دەبوو پێشەوایەکیان هەبێت، لەبەر ئەوەش بوو کە دەیانزانی فەتحی دووەم لە شامەوە بەڕێوەیە و لە هەر بارێکدا مانای دۆڕاندنی پێگەیەکی سەربەخۆی ویلایەت یان نیشتەجێکردنی خەڵکی شام ناگەیەنێت، بەڵکو مانای جووڵانی دەسەڵاتە لە لوتکەوە. ئەوان تەنها وایانپێباشبوو پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە شەڕییان نەکردووە بۆئەوەی لە دەسەڵاتی داهاتوودا کە خەریکبوو دروستببێت، دەستکەوت بچننەوە، تەنانەت پێدەچێت بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتەکە شەڕییان نەکردبێت. موعاویە وەها باسی عوسمانییەکانی میسری دەکرد کە لەگەڵ خۆیدا بن. ئەم بابەتە لە رووی سیاسی و مەوزوعیەوە راستە، بەهۆی پێشکەوتنی بارودۆخەکە و دوو جەمسەریی جڵەوگیرکردنی ململانێکە و روونی دۆخەکە بە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی خەلافەت. بەڵام لەسەر ئاستی پابەندێتی لۆکاڵی و هەستی ئاکاریی و ئایینی راست نییە، چونکە عوسمانیزمەکان بەر لە هەموو شتێك خۆیان بە جەماعەتی عوسمان دەدایە قەڵەم، بەبێ هیچ نێوەندکارییەك. لەوانەیە ئەوان یەکەم کەس بووبن کە ناوەرۆکێکی رۆحی و سۆزدارییان بە چەمکی شیعەگەرایی بەخشیوە، چونکە ئەوان بوون لە یادەوەری

پیاوێکی مردووی ستەملێکراودا دایانهێنا. هەروەها چەمکی شیعەگەرایی عەلی بە شێوەیەکی گشتی تادوای مردنی و شکستهێنانی نەبووە خاوەنی ناوەرۆکێکی لەو جۆرە.

دەستبەسەرداگرتنی میسر لە هاوکێشەکانی موعاویەدا قەزیەی عوسمانیزمی تێپەڕاندووە، چونکە پەیوەندی بە لایەنی نەیاریشەوە کـردووە، هەڕەشە و بانگەوازەکانی بۆ ئاشتی و یەکبوون بەردەوام بوون. هەرگیز دەستبەسەرداگرتنی میسر لە دوای خوێنڕشتن لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، ئەگەرچی دەیوست پیاوەکانی لەژێر رکێف و فەرمانی خۆیدا کۆبکاتەوە، جگە لەوەش مەبەستەکە بریتی بوو لە دورخستنەوەی جەنگاوەرەکان و دەرهێنانیان لە ریزی سوپاکەی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر، کە رووبەڕووی هەڕەشەیەکی دەروونی ببۆوە و داوا دەکات سزای توند بگرێت، بەڵام وایانلێکردبوو باوەڕ بەوە بێنێت کە ئەوان دژی رشتنی خوێنی هەر قوڕەیشیەکن، بۆیە ئامۆژگاریان کرد گۆڕەپانەکە چۆڵبکات. بە دیاریکراوی پێدەچێت موعاویە و عەمری کوڕی ئەلعاص ویستویانە خۆیان لە رووبەڕووبوونەوە بەدوور بگرن. محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر خۆراگری کرد و ئارامیگرت، بەڵام پڕوپاگەندەی دوژمن و نزیکبوونەوەی هێزی شام کاری خۆیان کرد. ئەوەبوو نامەی بۆ عەلی نوسی پێیوت کە لایەنگرەکانی نیشانەی شکست و لێکترازانیان تێدا دەرکەوتووەو ورەیان روخاوە، بۆیە داوای کۆمەك و یارمەتی لێکرد، لە بەرامبەریشدا عەلی بەڵێنی پێدا یارمەتی بدات، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار. عەلی بە تایبەتی هانیدا پشت بە هێزی خۆیی ببەستێت، ئەویش داوای یارمەتی لە رابەری تاقمی توندڕەو و بکوژی عوسمان (کینانەی کوڕی بیشر ئەلتوجەیبی) کرد، داواشی لێکرد خیرەت بخاتە بەرخۆی. دوای ماوەیەکی کەم عەمروی کوڕی ئەلعاص بە سەرکردایەتی هێزێکی (6) هەزار سەربازی چوونە ناو خاکی میسر، بەڵام لە نزیك سنوور سەربازگەی هەڵدا.

لەوێ عوسمانیزمەکان چوونە ریزی سوپاکەی[69]. سوپای محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر شلوشاوی و پەرتەوازەیی پێوە دیار بوو، ئەوەش بووە هۆی گەورەبوونی قەبارەی ئەو هێزەی کە موعاویە و عەمرو لەبەرەی خۆرهەڵاتی میسر لە نزیك دەلتا پێکیانهێنابوو. بە دیاریکراوی لەو کاتەدا هێزەکەی کوڕی ئەبوبەکر ببووە کەمینە و هاوسەنگی هێز تێکچوو[70]. شەڕی (المسناة) کە ئەلواقدی ناوی ناوە و مێژووەکەی لە مانگی سەفەری ساڵی 38 کۆچیی بەرامبەر بە تەمووزی 658ی زاینی دیاریکردووە، لە راستیدا شەڕێکی خوێناوی دەستەویەخە بووە و بە کوژرانی کینانەی کوڕی بیشر کۆتایی پێهاتووە. محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر لە شەڕەکەدا دۆڕا و پەنای بۆ کەسێکی خەڵکی میسر برد، بەڵام کاتێك ئاشکرابوو تا مردن بەرگری لە خۆی کرد. سەرگوژشتەی ئەلواقدی بۆخۆی گێڕانەوەیەکی وشك، ورد و شایستەیە بۆ رووداوەکان، بەڵام ئەبو مەخنەف گێڕانەوەیەکی داستانئامێز سەبارەت بە رووداوەکە بەرجەستە دەکات . ئەو دەڵێت: لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر خۆی لە تەنهاییدا بینیەوە و پەنای بۆ شوێنێکی وێرانە برد، لەوێ جوتیارەکان پێیانزانی و موعاویەی کوڕی حودەیج بردی و لە ترسی ئەوەی عەمروی کوڕی ئەلعاص ئازادی نەکات، لەسێدارەیدا و تەرمەکەی خستە ناو کەلاکی گوێدرێژێکەوە و هەردووکیانی پێکەوە سوتاند.

69- لە دوای جێگیربوونی عەمروی کوڕی ئەلعاص لە میسر، ئاشکرا نییە ئایا ئەوانە پەیوەندییان بە موعاویەوە کردووە لە شام، بۆ ئەوەی لە دواییدا لەگەڵ سوپاکەی عەمرو بگەڕێنەوە. هەروەك (الكندي) لە لاپەڕە 51ی کتێبی (ولاة)دا رایگەیاندووە، بەڵکو وەکو تاقمێکی جیا بە سەرکردایەتی موعاویەی کوڕی حودەیج شانبەشانی سوپای گەمرو شەڕییانکردووە. الطبری، بەشی 5، لاپەڕە 103.

70- ئەو سوپایەی میسرییەکان کە سەر بە عەلی بوو لە (4000) سەرباز پێکهاتبوو بەسەر دوو یەکەدا دابەشببوو، هەریەکەیان (2000) سەربازی لەخۆدەگرت. یەکەی پێشەوە بە سەرکردایەتی کینانەی کوڕی بیشر بوو، بە راستیش بە تەنها ئەم یەکەیە شەڕی کرد، ئەو یەکەیەی تریش لەژێر فەرمانی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکردا بوون، بەڵام لە دوای لە کوژرانی کینانە و تێکشکانی سوپاکەی هات و هێزەکەی بەبێ شەڕێکی ئەوتۆ بەبەرچاوییەوە هەڵوەشا و بە تەنهایی مایەوە. الطبری، بەشی 5، لاپەڕە 103. انساب، بەشی 1 و 3، لاپەڕە 402.

ئەمە تۆڵەسەندنەوەیەکی ترسناك و دڵڕەقانەیە بۆ ناشرینکردنی لاشەی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر کرا بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەهای کەسێتی، بەڵکو ئەو کارە تۆقاندنێکی گەورە بوو.

بەهۆی ئەو رووداوەوە عائیشەی خوشکی تووشی ئازارێکی توند بوو، هەرچەندە گێڕەرەوەکانی داهاتوو ویستویانە ئەم چیرۆکەی ئەبو مەخنەف نەرمتر باس بکەن. دەگێڕنەوە کە عائیشە دوای ئەو رووداوە بەرگەی نەگرتووە بۆنی گۆشتی برژاو بکات. چەند بابەتێکی هاوشێوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە دەگەڕێتەوە سەر بونیادی ئەندێشەیی لە سەرگوزشتەی کوشتنی محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە کە بە دەربەدەری و تەنهایی لەناو ئەشکەوتێکدا خۆی شاردبۆوە، بەڵام کاتێك کۆمەڵێك جوتیار بینیان کەوا کەرەکێوییەك لە کاتی نزیکبوونەوەی لە ئەشکەوتەکە دەسڵەمیەوە ئەوەش وایکرد بوونی محەمەد لەناو ئەشکەوتەکەدا ئاشکرابکەن[71].

گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە دروستکردنی چیرۆکی لەم جۆرە لە چوارچێوەیەکی شامی- میسریدا بە تایبەت بۆ کەسانی قوڕەیشی داهێنراوە، وەك پێشبینیەکی نوێ بۆ فیتنە. ئامانجی ئەم بەسەرهاتانە بریتییە لە تۆمارکردنی دڕندەیی لە کاتی هەبوونی ناکۆکیدا. ئەم دڕندەییە لە یەمەنیش دەبینرێت لە رووداوی سەربڕینی هەردوو کوڕەکەی عوبەیدوڵڵای کوڕی عەباس، کە پێشبینی دەکرێت بەسەرهاتێکی راستبێت. هەروەها لە رێگەی ئەم ئەفسانانەوە ناهۆشیاری کۆمەڵگەی عێراقیش دەگرێتەوە بە جیاواز لە سەردەمی دەسەڵاتی ئومەوییەکاندا، دەسەڵاتی دێرینی قوڕەیشی کە کەسانی توندڕەو و دڕندە و پڕ دڵڕەقی هەموو جۆرەکانی ئەرستۆکراتیەتی ئیسلامی و قوڕەیشی بەکارهێناوە، هەرکاتێکیش دەرفەتیان بۆ

71- الطبری، بەشی 5، لاپەڕە 106. بەپێی هیشامی کوڕی ئەلکەلبی، جیاوازییەکان لە بارەی چۆنێتی مردنی محەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە پێگەیەکی گەورەی لەو مێژووەدا هەیە. ئایا محەمەد لە ساڵی 36 یان 38ی کۆچیدا لە دوای شەڕی (المسناة) کوژراوە، ئایا موعاویە بەدیلی گرتویەتی و لە کاتی هەوڵدانی تاکو هەڵبێت کوشتوویەتی یان نا؟

رەخسابێت تا ئەوپەڕی ئەو رقەیان بە هەموو شێوەیەك پیادە کردووە[72].
کەواتە عەلی میسری تۆڕاند و موعاویە بردییەوە، بەڵام بەلای عەلییەوە گرنگی لە دەستدان کەمتر بوو بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی بردنەوە بەلای موعاویەوە. سەرچاوەکان پێداگریدەکەن لەسەر گرنگی باج و خەراجی میسر، بەڵام لەو کاتەدا گرنگ بوو گریمانە بکرێت کە داهاتەکانی باجی و خەراجی ئەو سەردەمە لە سایەی ناسەقامگیری و تێکچووندا زۆر کەمینەکردووە و بەشی زۆری بەشێوەیەکی تایبەت گوازراوەتەوە بۆ ناوەندی دەسەڵات بەمەبەستی بەکارهێنانی وەك کۆمەکی جەنگیی. لە قۆناغی داهاتوودا، لە سەردەمی ئاشتی و لە سایەی دەسەڵاتی موعاویەدا لە کۆی (14) ملیۆن دینار تەنها (600) هەزار دینار نێردراوە بۆ خەلیفە. میسر وەکو چەشەیەك درایە عەمرو، بەڵام میسریش خاوەنی جەنگاوەرانی ئازاو بەجەرگ بوو کە لە پێناوی سەربەخۆیی میسردا دەجەنگان. سەرەڕای ئەمەش بە حوکمی ئەو هاوپەیمانێتیە سەرەتاییەی کە لەلایەك موعاویە و عەمروی پێکەوە دەبەستەوە، لەلایەکەی تریشەوە عوسمانییەکانی پێکەوە بەستبۆوە، بەو هۆیەشەوە لە ئایندەدا میسر بەشدارییەکی دارایی بەرچاوی دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی خەزێنەی جەنگیی شام، ئەو شامەی کە بە بەراورد لەگەڵ سەروەت و سامانی عێراق و میسر بە هەژاری ناسرابوو. بەلای موعاویەوە ئەمە شتێکی زیادە بوو، بەڵام بۆ عەلی و عێراقییەکان لەدەستچوونێکی هێندە گەورە نەبوو.
ئایا موعاویە دەیتوانی پشت بە سەرچاوە سەربازییەکانی میسر ببەستێت؟ لەوانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جوزئی. لە ساڵی 41ی کۆچیدا کاتێك دەستبەسەر

72- موعاویەی کوڕی حودەیج بەرگەی بیرۆکەی هێشتنەوەی کەسێکی قورەیشی وەك محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر ناگرێت، لە کاتێکدا کە کینانەی ئامۆزای کوژرا. محەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە لە بەندیخانەکەی کە موعاویە تیایدا بەندکردبوو رایکرد، پیاوێك لە خێڵی خەسعەم شوێنپێی هەڵگرت، دوای ماوەیەکی کورت دۆزییەوە و لە ترسی ئەوەی نەبادا موعاویە پارێزگاری لە ژیانی بکات، بەدەستی خۆی کوشتی.

دەسەڵاتی عێراقدا گیرا، عەمروی کوڕی ئەلعاص چووە پاڵ موعاویە، بەڵام ئایا لەوەدا بەیەکەیەکی سەربازی میسری پشتیوانیلێکراوە کاتێك کەمێك پێش ئەوە موعاویە هەڕەشەی داگیرکردنی عێراقی کردووە؟.
لە دیدگا و گرنگیپێدانی عەلیدا، میسر لە پەراوێزدا ماوەتەوە، بەڵام لە دەستدانی گورزێك بوو بۆ وێنای جیهانی پیشەی خەلیفایەتی کە دەیویست بەرجەستەی بکات. لەبەرامبەریشدا فراوانبوونی رووبەری دەسەڵاتی موعاویە خواستەکانی بەهێزتر کرد، لەوەش زیاتر بەلای ئەوەوە دەستبەسەراگرتنی میسر گرنگ بوو. ئایا عەلی دەیتوانی پارێزگاری لە میسر بکات؟ هێڵەکانی پەیوەندی عێراق بە وڵاتی میسرەوە خراپ و مەترسیدار و رێگاکەی دورودرێژ بوو، کە دوورییەکەی هەموو باکوری دورگەی عەرەبی تەنیبوو، بەڵکو دەبێتە سەرترۆپکی خۆرهەڵاتی بەرزەخ لە نزیك سنورەکانی شام، بەو هۆیەشەوە ترس هەبوو سوپاکەی موعاویە دوورییەکەی ببڕێت. عەرەبەکان لەم سەردەمەدا خاوەنی هێزیی دەریایی نەبوون، بە جۆرێك پرۆسەی رزگارکردنی میسر لە کوفەوە کارێکی قورس بوو ئەگەر ئەستەم نەبووبێت. کەواتە ئایا عەلی بە جددی پێشبینی ئەوەیکردووە؟ من پێموانییە، چونکە لە سەرەتای ساڵی 38ی کۆچی لە دوای پرۆسەی داوەریکردن عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب سەرقاڵی جۆشدان و ئامادەکردنی کوفەییەکان بوو لە ناوچەی (النخيلة) بۆ ئەنجامدانی پەلامارێکی فراوان لە دژی شام یان لە دژی خەواریجەکانی نەهرەوان (بە بۆچوونی ڤیلهاوزن). شەڕی نەهرەوان لە 9ی مانگی سەفەری ساڵی 38ی کۆچی رویدا، لە هەمان مانگیشدا بوو عەمروی کوڕی ئەلعاص پەلاماری میسریدا. ئەگەر مێژووی ئەلواقدی راست بێت، ئەوا عەلی لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوفە کاتی پێویستی لەبەردەستدا نەبووە بۆ خۆرێکخستن و بەرگریکردن لە میسر، بەڵام بەروارو مێژووەکان هەمیشە راست نین و ناشکرێت لەبەر رۆشناییاندا لێکدانەوە بۆ هەڵوێستی عەلی بکرێت، بە تایبەتی لە پرسێکی وەها گرنگدا.

با بزانین گێڕەرەوەی سەرەکیمان (ئەبو مەخنەف) سەبارەت بە عەلی و میسر چیمان پێدەڵێت. ماوەیەکی زۆر لە دوای داوەریکردن و (النخیلة) و نەهرەوان روداوەکان کەوتنە کوفەوە، بەپێی ئەو بەروارانەی ئەبو مەخنەف دەربارەی ئەو روداوانە باسی کردوون، بەڵام (الطبری)ش لە وتارەکەیدا ئەو روداوانە بۆ ساڵی 38ی کۆچی دەگەڕێنێتەوە. لە کاتی دەستپێکردنی هێرشەکەی عەمرو بۆسەر میسر، محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر بە پەلە داوای فریاکەوتن دەکات. عەلی لەناو مزگەوتی گەورەی کوفە ژمارەیەکی زۆر لە کوفەییەکان کۆدەکاتەوەو راستەوخۆ قسەیان لەگەڵ دەکات و دەڵێت: دوژمنی خودا، عەمروی کوڕی ئەلعاص شەڕی لە دژی برا میسرییەکانمان بەرپا کردووە، بۆیە دەبێت فریایان بکەوین و بەرگری لە مافەکانیان بکەین بۆ ئەوەی میسر و سامانەکەی بکەین و بەشداری لە دەسەڵاتی خەلافەتدا بکەن. عەلی داواشیلێکردن خۆیان ئامادە بکەن و سبەینێ لە ئەلجرعا کۆببنەوە، کە ناوچەیەکی نزیکی کوفەیە. عەلی خۆی چوو بۆ ئەلجرعا و چاوەڕێیدەکرد، بەڵام تەنها یەك پیاویش پەیوەندی پێوە نەکرد.
لە دوای بانگەوازی راستەوخۆی جەماوەری جەنگاوەران، عەلی خانەدانەکانی لە کۆشك کۆکردەوە لە کاتێکدا (غەمبار و بێتاقەت) بوو. بە زمانی لۆمە و گلەییکردنەوە بۆ رازیکردنیان وتارێکی نوێی ئاراستەکردن. چارەنووسی عەلی وابوو کە سەرپێچییان لە فەرمانەکانی کرد، ئەوەش مەینەتیەکەی بوو، ئیتر لەو رۆژەوە مردن عەلی لەوان جیاکردەوە. ئایا چاوەڕوانی چییاندەکرد تاکو لە پێناو مافەکانیاندا شەڕ بکەن؟ ئەوان لەناو دەرماڵی خۆیان لەلایەن دوژمنەکەیانەوە هێرشکرایە سەرییان و بەرگرییان لە خۆیان نەکرد. نە لە ژێر کاریگەری دیین و نە لە ژێر کاریگەری هەڵچوون جووڵەیاننەکرد.
بە تەنها مالکی کوڕی کەعب کە لە خانەدانەکانی هەمەدان بوو تا ئەو کاتەش لە گۆڕەپانەکە دیار نەبوو وەك خۆبەخش ئامادەیی نیشانداو پشتیوانی لە وتەکانی عەلی کرد. لەو کاتەدا عەلی فەرمانی پێکرد داوا لە خەڵك بکات لەگەڵ خۆیدا

ئامادەبن، ئەوەبوو تەنها هەزار کەس ئامادەییان نیشاندا. دوای تێپەڕ بوونی پێنج ڕۆژ بەسەر بەرێکەوتنیاندا، عەلی سەرکەوتنی عەمرو و مردنی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری بیست و خۆشی و شادمانی شامی داگرت، بەو هۆیەشەوە یەکە سەربازییەکەی گەڕاندەوە و بە هەواڵی مردنی تراژیدیایی محەمەد زۆر غەمبار بوو، بە جۆرێك بە ئاشکرا بە دەموچاوییەوە دیاربوو، چونکە محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر پەروەردەکراوی دەستی دایکی بوو، بە ڕاستیش وەك کوڕی خۆی سەیری دەکرد هەروەك (البلاذري) بۆمانی دەگێڕێتەوە. دواجار و لە دواین دیمەندا، عەلی قسە بۆ خەڵك دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە دوژمنانی ئیسلام دەستیان بەسەر میسردا گرتووە و کوڕی ئەبوبەکریان شەهید کردووە. هەر لەوێدا بە توندی کوفەییەکان سەرزەنشت دەکات، چونکە «گوێ لە قسەکانی ناگرن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نابن». ئەو بێهوودە ماوەی (50) شەو زیاتر داوای لێدەکردن فریای براکانیان بکەون، بەڵام خاوەخاوییان لێکرد، لە کۆتاییشدا چەند سەربازێکی ئامادەنەکراوییان نارد وەکئەوەی بەرەو مردن ڕاپێچبکرێن، ئەوانیش تەماشایاندەکردن. لە دوای وتارەکەی، عەلی نامەی بۆ ئیبن عەباسی ئامۆزای نارد کە والی بەسرە بوو، تا ببێتە گەواهیدەری پێداگری و توندی سوربوونی لەسەر بەهاناوەچوونی خەڵکی میسر و تووڕەیی لە بێباکی کوفەییەکان بەرامبەر فەرمانەکانی. لە وەڵامدا ئیبن عەباس دڵنەوایی دەداتەوە و داوایلێدەکات لەگەڵ پیاوەکانیدا زیاتر ئارام بێت و دان بە خۆیدا بگرێت.

لە هەموو ئەو بەسەرهاتەدا چی دەبینین؟ بە ڕاستی دەکرێت وای ببینین کە هیچ گوشارێك لەلایەن عەلیەوە لەسەر کوفەییەکان بوونی نەبوو، هیچ جۆرێکیش لە بەهاناوەچوون و فریاکەوتن ڕەوانە نەکرا، یان ئەوەتا بەهۆی ئەوەوە بوو کە عەلی بەهۆی دووری و قورسی هاتوچۆوە وەك هەرێمێکی لەدەستچوو تەماشای میسری کردووە، یان بەهۆی ئەوەوە بووە کە زۆر درەنگوەخت لە نەهرەوان گەڕاوەتەوە. هەروەها دەتوانین ئەوە ببینین کە دەق لە بەرامبەر هەموو ئەو تۆمەتانەی

که دەڵێین هەوڵی تەواوی نەداوە بۆ پارێزگاریکردن لە میسر، دەیەوێت پاساو بۆ عەلی بێنێتەوە و لاپەڕەی بە سپێتی نیشانبدات. لەوانەشە هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ رزگارکردنی میسر نەدابێت، بەڵام سیناریۆکە لە ئایندەدا لە چەندین بۆنەو وێستگەی تردا دووبارە دەبێتەوە: روداوێکی دیاریکراو، دوژمنکاری، هەڵگەڕانەوە، بانگەوازی عەلی بۆ خەڵك، خەمساردی کوفەییەکان، رەخنەگرتنی توندی عەلی، وەڵامدانەوەیەکی لایەنگرانە و خۆبەخشینی هەندێکیان، دواجاریش کاردانەوە. گرنگ ئەوەیە تێبینی بکەین کە هەمیشە لە دژی دەستدرێژی کاردانەوەیەك هەیە. لەم حاڵەتەدا، قورسە باوەڕ بەوە بکرێت کە عەلی دەستبەرداری میسر بووە تا بفەوتێت، یان پشتی لە لایەنگرەکانی کردووە تا بکوژرێن، بێئەوەی هەوڵبدات جووڵەیەك بکات. کەواتا ئەگەری هەیە لە کاتێکی زۆر دەرەنگوەختدا رێڕەوێکی راستەقینە هەبووبێت بۆ یەکبوونی جەنگاوەران، هەروەك خودی ئەبو مەخنەف دانی بەوەدا ناوە. بەڵام پێدەچێت ئەو رێڕەوە زەمری بووبێت. لە راستیشدا لەدەستچوونی میسر لە چارەنوسێکی گشتگیرتردا و لە قۆناغێکی مێژوویی قورس و دژواردا وێنا دەکرێت.

# هەڕەشەکانی سەر دەسەڵاتی عەلی

میسر لەدەستچوو، واتا وەك شوێن و سەرچاوە و خەڵکەکەی لەدەستچوو، بەڵام هەموو ئەوانە لە بارێکی خەفەکراو و بە شێوەیەکی نیمچە ڕەمزی بوو. ئەو فەزایەی کە هێشتا لەژێر قەڵەمڕەوی عەلی بوو، گەورە بوو: دورگەی عەرەب، عێراق، تەواوی ئێران. لە ڕاستیشدا مەسەلەکان بەو میتۆدە بەرجەستە نەدەکرا و درکی پێنەدەکرا، واتا وەك چەند وڵات و هەرێمێکی پێکەوەبەستراوو یەکگرتووی بونیاتنراو نەبوو وەك ئەمڕۆ. دورگەی عەرەبی کە لەو سەردەمەدا پێینابووە ناو کاری مێژووییەوە، دابەشببوو بەسەر حیجاز و هەردوو ناوەندی مەککە و مەدینە

و یەمەن بە روانگەی سەنعاوە.

هەریەك لە بەحرەین و عومان و یەمامە[73]، کە چەند ناوچەیەك بوون ناوەندێتی و تایبەتمەندێتی خۆییان هەبوو، نەچوونە ناو گەمەکەوە. بەڵام ناوچە بیابانیە بەرفراوانەکان کە بەبێ چوارچێوە لەگەڵ ئیسلام بوون، بۆ خۆیان ناوچەی بۆشایی مێژوویی بوون، بەڵکو مەککە و مەدینە و یەمەنیش وەك چەند ناوەندێکی رەمزی، تەنها بواری گرەوکردنی ململانێکە بوون و بەشدارێکی کارا نەبوون، بەڵکو دارایی و پیاوەکانیان دەناردە ناو جەرگەی ململانێکە، جگە لە چەند سەد کەسێك لە ئەنسارەکانی مەدینە نەبێت، کە لە شەڕەکانی (الجمل) و (صفین) ئامادەییان هەبوو. هەروەها عێراقیش قەوارەیەکی یەکگرتوو تۆکمە نەبوو، چونکە دوو هێڵ دابەشیان دەکرد: یەکەمیان لە نێوان فەتحکاران و غەزاکاران، دووەمیش لە نێوان کوفە و بەسرە. لەلایەك جیهانی عەرەبی ئیسلامی تایبەت بە جەنگاوەرە فەتحکارەکان کە لە هەردوو ناوەندەکەدا کۆببوونەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو هەرێمانە هەبوون کە بەگوێرەی یاسا دیاریکرابوون و هەردوو ناوەندەکە لەسەرییان دەژییان: جیهانێکی کشتوکاڵی پڕ لە جوتیارانی ژێردەستە، ئەو گەلانەی ئەهلی زممە کە بەڵێنیان دابوو لەژێر قەڵەمڕەوی ئیسلامدا بن، بە تەواوەتی لە دەرەوەی ئەو مێژووەدا کە درووستدەکرا.

لێرەو لەوێ، چەند ناوچەیەکی پارێزراوی عەرەبی وابەستە بە وڵاتەکە لە کوفە و بەسرە و مەدائین و ئەنبار و هیت. لەپشت ئەوەشەوە، ماڵباتی بەرفراوانی ئێران کە وەك دوانەی ژێردەستەی کوفە و بەسرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بۆ دوو ناوچەی دەسەڵاتداریی دابەشکرابوو، هەردوو ویلایەتەکەش وزەی جەنگییان لێوەردەگرت، بەڵام لەگەڵ هەندێك خاڵی گرنگ و چڕکراوە لە هەندێك جێگەدا. فشاری باج و ئامادەگی عەرەبی قورسایی کەمترییان لەسەر زەوییەکانی ئێران

---

73- لە سەرووی ئەوەشەوە، والیەکەی عەلی لە بەحرەین هەڵات و (بیت المال)یشی لەگەڵ خۆیدا برد. الیعقوبي، بەشی 2، لاپەڕە 201.

هەبوو، ئەو زەوییانەی کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ بەڕێوەبردنی خۆیی جێهێڵرابوون، هــەروەك چۆن لە دەشتی وڵاتی رافیدەین دەگــوزەرا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆڵکردنێکی راستەقینە هەبوو هیچ دەرفەتێکی بۆ جیهانی ئەهلی (جەماوەریی) جێنەهێشت تاکو دەربازی ببێت. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو جیهانە لە رووی سیاسیەوە لە بەرامبەر فەتحکارە پێشکەوتووەکان لە سیستماتیکیاندا جیهانێکی هەڵوەشاوە بوو، بۆیە ئامادەبوون بدەن بەسەر کەمترین یاخیبوون و لەناوی ببەن. لە رووی پراکتیکیەوە بە درێژایی ماوەی شەڕەکانی فیتنە، هەرگیز هیچ هەوڵدانێك بۆ یاخیبوون یان پەلاماردان نە لەلایەن فارسەکان و نە لەلایەن بێزەنتییەکانەوە روینەدا[74]، بە تایبەتیش لە قۆناغی شەڕی (صفین)، کاتێك هەموو جەنگاوەرانی عەرەب لە بۆتەی هێزێکی (150) هەزار شەڕکەری شام و عێراق بە نزیکی لەسەر یەك خاڵی بچوك چڕکرانەوە. لە کۆتایی خەلافەتی عەلی بزوتنەوەیەکی هەڵگەڕاوەی بچوك لە وڵاتی فارس سەریهەڵدا، بەڵام هەرزوو لەناوبرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین کە شتێك هەیە لە شێوەی هەبوونی ترسێکی عەرەبی گەورە کە لە گۆڕەپانی شەڕی (صفین) بەدەرکەوت، ترسان لە پەلاماردانی ژنان و منداڵان لەپشتەوە لەلایەن رۆم و عەجەمەکانەوە، لە کاتێکدا عەرەبەکان یەکترییان قڕ دەکرد.

ئەو رووبەرەی لەژێر دەسەڵاتی عەلیدا بوو، کە میراتی بونیادی فەتحی ئیسلامی بوو، بە شێوەیەکی جەوهەری بەسرە و کوفە و پاشکۆکانیانی لە وڵاتی رافیدەین و وڵاتی فارس دەگرتەوە. بەڵام لە دوای هەردوو وەرچەرخانی (صفین) و نەهرەوان و نەهامەتی داوەریکردن، لە کاتێکدا کە کۆی دەسەڵاتەکەی عەلی دەستی بە لاوازبوون کرد. کوفە بە هەموو جیاوازییەکانەوە دەستی بە گۆڕانکاری کردبوو بەرەو تەنها بنەما باوەڕپێکراوەکەی، بەرەو ئەو قەڵایەی کە شمشێرەکانی

74- موعاویە خۆی لە هەڕەشەی بێزەنتییەکان پاراست ئەوەش بەهۆی پێدانی جزیەوە، هەروەك دوایی (عبدالملك)یش لە قۆناغی دووەمی فیتنەدا هەمانکاری پیادە کرد.

ڕۆڵەکانی بەرگرییان لێدەکرد، نەك تەنها بەرگریکردن لە ناوەندی دەسەڵاتەکەی، بەڵکو لە فەزاکەی و ناوەندی پێگەکەی، بەرامبەر بە هەموو ئەو فەزایەی تر کە سەرچاوەکان بە پەراوێزو لاکەنار ناوزەدییان کردووە. بە هەموو ناوچونیەکیەك دەڵێم، لەبەر ئەوەی کوفە لەو سەردەمەدا وەك لادەر لە ڕێڕەو و پابەندێتیەکەی و چوونە پاڵ عەلی تەماشا دەکرا، عەلیش وەها وێنا دەکرێت کە نیگەران بووە لە کەمی حەماس و گوێڕایەڵی نەکردنی فەرمانەکانی لەلایەن کوفییەکانەوە. لەو قۆناغە دژوارەی خەلافەتەکەی کە لە ساڵی 38ی کۆچی تا 40ی کۆچی درێژبۆوە، ئەمیری باوەڕداران بەختی وابووە کە لە بواری دەسەڵاتەکەیدا بەدەست دۆخەکەوە بناڵێنێت، واتا لە هەموو لایەکانی قەڵەمڕەوەکەی بەرامبەر ناوەندەکەی لە کوفە و جگە لە کوفەش، بەدەست هەموو جۆرەکانی دەستدرێژییەکانی موعاویە و چەندین سەرهەڵدان و شۆڕشەوە گیرۆدە بووە. موعاویە هەوڵیدا شۆڕشێك لە ناوخۆی بەسرە بەرپا بکات، وای لێکرد بچێتە بەرەکەیەوە، پاشان لە ڕێگەی چەند پەلامارێکی بەهێزەوە سنوری دەسەڵاتی (عێراقی و عەرەبی) عەلی بەزاند، چەند شۆڕشێك لە عێراق و وڵاتی فارس بەرپا بوون.

ئەوەی سەرچاوەکان پێشکەشیانکردووە بریتیە لە تابلۆی زەمینلەرزە و هەژێنێك و بەهۆی ئاڵۆزبوونیەوە پەیوەندییەکانی نێوان عەلی و ئەو شارەی ژێر دەسەڵاتی تێکدا. وا پێدەچێت هەموو شتێك هەرەسیهێناوە. وەلحاڵ، بونیادەکە زۆر پتەوو خۆڕاگر بووە، بە تایبەتیش کرۆکەکەی، کرۆکی ئەو مەڵباتە عێراقی – ئێرانیە فراوانە. لە کاتی مردنی عەلی، هیچ پارچەیەك لەو فەزای قەڵەمڕەویەی دانەبڕێنرا، موعاویەش دەستی بەسەر هیچ ناوچەیەکی خاکی عێراقدا نەگرت، جگە لەوەش هیچ پەلامارێکی بۆ داگیرکردن ئەنجامنەدا، بەڵکو شەڕێکی دەروونی و تۆقێنەرانەی لەگەڵدا بەڕێوە برد.

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە تەنها لەپێش و دوای مردنی عەلی نەبێت مانای هەڵوەشان ناگەیەنێت. لە ساڵی 41ی کۆچیدا خەلافەت گوازرایەوە بۆ موعاویە، بەڵام تا شەڕی

(صفین) پێدەچێت هەموو شتێك، قەڵەمڕەوی، شەرعیەت، داهاتەکان، هێزی مادی و مەعنەوی، هەمووی لەلای عەلی بووە. مومکینە بۆ مێژوونوسی هاوچەرخ لە نوسینەکانیدا، هەموو ئەو رووداوانە بکاتە ئامانج و باسیان بکات کە توانیویانە دەسەڵات و پێگەی عەلی لەناو فەزای دەسەڵاتی خۆیدا بلەرزێنن بێئەوەی هیچی لێکەمبکاتەوە. هەروەك دەشتوانێت بە پێچەوانەی سەرچاوەکان و لێکدانەوە هاوچەرخەکانیان هەڵسێت بە خوێندنەوەی ئەو قۆناغە، تاکو نیشانیبدەن کە عەلی و کوفە تێیدا سەرکەوتوو بوون، سەرەڕای خیانەت و هێرشەکانی شام، بەڵکو توانیویانە لەبەردەم گەردەلولدا خۆڕاگر بن. لە سەرچاوەکانماندا، تێڕوانینێك هەیە پێدەچێت رەشبینانە بێت سەبارەت بە توانای تێکڕایی شەڕەنگێزی، هەروەها خواستێکی شاراوەش هەیە لە رووی بەرجەستەکردنی وێنایەك لە بارەی عەلی کە شایەنی بەزەیی بێت، وێنایەکی تاقەتپڕوکێن، ئازاردەر، بێزراو و تراژیدی شایستە. ئەمە کارێکە لەناو کرۆکی ویژدانی شیعی، کە زۆر سەرەکیە لە بواری لەدایکبوونی مێژووی ئیسلامیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو رووداوو بەسەرهاتانە هەن کە هیچ مێژوونوسێك ناتوانێت پشتگوێیان بخات، بەڵکو لەسەریەتی بەبێ زێدەڕۆیی و درێژدادڕی باسیان بکات.

# یاخیبوونی خرێت

بەسەرهاتێکی سەرەتایی: یاخیبوونی (خرێت کوڕی راشد) ئەو یاخیبوونەیە لە کوفە سەریهەڵدا، بەڵام بزوتنەوەیەکی کوفی نەبوو. روبەری ئەو یاخیبوونە گەورە و فراوانتر بوو تا گەیشتە فەزایەکی دەرەکی بەربڵاو، لە ئەهوازەوە تا ئەو شوێنە کەنارییە بەرفراوانەی باشوری وڵاتی فارس کە پێیدەوترێت (لێواری دەریا). خرێت سەرکردایەتی تاقمێکی بچوکی دەکرد کە بە بنەچە بەسراوی بوون، بەشدارییان لە هەردوو شەڕی (الجمل) و (صفین)دا کرد، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی لە

کوفە نیشتەجێ بن. بە شێوەیەکی بەهێزو بوێرانە و راشکاوانە لەبەردەم عەلیدا رایگەیاند: « وەڵڵاهی عەلی من گوێڕایەڵی فەرمانەکانت نابم و لە دواتەوە نوێژ ناکەم». ئەمە لەوە دەچێت ئەو عەلی وەکو پێشەوا رەتکردۆتەوە. گومانی تێدا نییە کە خرێت لە سەرەتاوە بە قەناعەتێکی نێوخۆیی قووڵەوە هەڵنراوە و بەپێی ئەرکێك لە فۆرمی ئەخلاقی و ئایینی و پاڵنەری ئایدۆلۆژی جووڵاوە، هەموو ئەوانەش لە ئاقاری کاروانی دەرەکیدا نزیکن.

لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکە پەیوەندی بە بزوتنەوەی دەرەکیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە فۆرمێکی نارەزایانەی تازە و پێچەوانە: ئەو تۆمەتەی ئاراستەی عەلی کرا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە داوەریکردن رازی نەبووە. دادوەرەکەی عەلی (ئەبو موسا)، ئەوی دوورخستەوە و رایگەیاند کە خەلافەت کاری شورایە. خرێت لایەنگری ئەو حوکمەی کردووە و لە ئەنجامی بڕیاری داوەریکردن دانی پێدا ناوە کە عوسمان ستەملێکراوانە کوژراوە. خرێت بە لایەنگرەکانی دەڵێت: «من لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبم کە داوای حوکمی شورا دەکەن، ئەگەر خەڵك کۆکبن لەسەر دانانی کەسێك بۆ پێشەوایەتیکردنی هەموو ئوممەت، منیش لەگەڵیاندام». ئەمەیە ئەو تاکە بزوتنەوە ناسراوەی کە لەپێناو دادوەریدا راپەڕی و یاخیبوو. بەڵام کاتێك وەك کەمینە و پەراوێزانە دەرکەوت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رایەکی لەو شێوەیە لەوە دوورترە کە رەزامەندی بەرفراوان بەدەستبێنێت، بەڵام چونکە هەبوو ئاماژەیەکە بۆ هەبوونی مشتومڕێك لەسەر بابەتەکە لەلای هەندێك توێژی هۆشیاری بەکۆمەڵ، بابەتەکەش عەقڵەکانی سەرقاڵکردووە. کوفەییەکان بە پەیوەستبوونیان بەو پێشەوایەوە مانەوە کە بۆ خۆیان هەڵیانبژارد، بەڵام داوەریکردن کە لە دەرەوە شەرعیەتی عەلی لەباربرد، هەرچەندە رەتیانکردەوە، بەڵام کاریگەری هەبوو لە لاوازبوونی ورەیان و شکانیان لەڕووی دەروونیەوە، وەکچۆن (صفین) تێکیشکاندن و (نەهرەوان)یش بێزار و بێهیوای کردن.

بزوتنەوەی خرێت لە رێگەی میکانیزمی داوەریکردنەوە تیشکێکی نوێ و ئەرێنی

بەدەستهێنا، چونکە ئەو پشتی بە داوەری بەرەکەی خۆی بەست نەك هەردوو داوەر یاخود پشتبەستن بە کۆی پرۆسەی داوەریکردنەکە. ئەویش وەك موعاویەی کرد کە تەنها پشتی بە حوکمی عەمروی کوڕی ئەلعاص بەستووە، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەلای بەسرییەکان بەهێز بکات و رازییانبکات تاکو بچنە پاڵی. لە هەموو بارێکدا، دووانەی مەرجەعیەت روونە. لە سەرووی ئەوەشەوە زۆر بە روونی دیارە کە ئەبو موسا داوەری بەرەکەی خۆی کردووە و خرێت لە بانگەواز و داواکەیدا پشتیپێبەستووە، چونکە سێ خاڵی جەوهەری راگەیاندووە: عوسمان ستەملێکراوانە کوژراوە، لادانی عەلی (ئەو تەنها خاڵەی کە خرێت ویستوویەتی، چونکە لە هەموو بارێکدا دانی بە موعاویەدا نەناوە)، بە دڵنیاییشەوە پرسی لادانی عەلی بەو پێیەی هەنگاوێکە ئامانجی دوورخستنەوەیەکی لە هەموو هەوڵدانێك بۆ گەیشتن بە خەلافەت. دوایین خاڵیش بریتیە لە گەڕاندنەوەی پرسی دانانی خەلیفە بۆ شورا. خرێت چەمکی شورا بە باشی روونکردۆتەوە: «ئەو پرۆسەیەیە کە لە رێگەیەوە هەموو ئوممەت پێشەواکەی هەڵدەبژێرێت، لەسەر ناوو کەسێتی پێکدێن، چونکە پێشەوایەکە خاوەنی کۆدەنگی خەڵکە». لە دیدی (خرێت)دا ئەوە خاڵە گرنگ و دیارەکەیە لە حوکمەکەی ئەبو موسا کە داوای حوکمی شورای کردووە و دەنگی خستۆتە پاڵ دەنگیەوە. لەسەر شێوازی خودی ئەبو موسا، لە هەڵوێستی خرێت دا یەکبوونێکی مەنتیقیانە، هەستکردنێکی قووڵ بۆ کارکردن لە پێناو یەکبوونی ئوممەت، واتا (ئوممەت – جیهان، سەرووی هەموو کەسەکان) بەدیدەکرێت، بە تایبەتیش خودی عەلی، هەروەها لە سەرووی بەشەخسیکردنی دەسەڵات کە ئوممەت پەرتەوازە دەکات. گومانی تێدا نییە کە هێزی باوەڕبوونی خرێت و ئەو شێوازە بەهێزەی کە لە سەرەتاوە پێیدەرکەوت، وایکرد هەندێك بۆ ماوەیەك بە کەسێکی هەڵە و خەواریج بیدەنە قەڵەم. بەڵام خرێت، هەروەك نموونە باڵاکەی (ئەبو موسا)، ناچوونیەکیەکی سیاسی قووڵی نیشانداوە، بە کورتی دیارە کە غیابی قووڵی راست و دروستی بیرکردنەوەی بەرجەستە کردووە. بەڵام

ئەمە لە حاڵەتی ئەبو موسا بەهۆی ناوەندێتی رۆڵیەوە زیانی زیاتر بووە، بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتی (خرێت)دا.
ئایا زیاتر جێی سەرسوڕمان نییە سەبارەت بە هەوڵدانە جۆراوجۆرەکانی عێراقییەکان، واتا زۆرینەی ئاشتیخوازی شەڕی (صفین) کە ئەبو موسا و تەنانەت (خرێت)یان بەسەر عەلیدا سەپاند، تەنانەت لەلای نەیارە خەواریجەکانیش ئەوە رەنگیدایەوە، چونکە ئەو خواستە بوو کە تێکنەدەشکێنرا، لە کاتێکدا نەیارەکانی وایان بیر دەکردەوە کە تەنها خۆیان ئوممەت، هەموو جیهانن؟ ئەو خواستە بۆ کارکردن و کارکردن وەکئەوەی تەنها خۆیانن، کە بە شێوەیەکی ئەفسوناوی لە دژەکەیان رزگارییان بووە و هەموو ویژدانی خۆشیان بۆ بازنە نێوخۆییەکەیان دەگەڕاندەوە. ئەمانە هەموو لەو سەردەمەدا تابۆی عێراقییەکان بوو، بەرهەمی کەلتورێکی سیاسی – دینی شڵەژاوی هەڵچوو، کە بەدەستی خۆی، خۆی وێران دەکات، ئەوەش بەرەو قۆناغێکی تری شکست و دۆڕان ئاراستەیان دەکات، بەڵام لە قۆناغێکی زۆر درەنگوەختدا دەیانبات تا ئەو کاتەی خۆیان وەکو دامەزرێنەرانی رەوتە کەلتورییەکانی ئیسلام، سەنتەری داهێنەرانەی پێرفێکت و هۆشیار و دەربڕی کەلتور خۆیان دەناسێنن.
بەڵام کاتێك کوفەییەکان زۆر بەهێز مەزهەبی (خەواریج)یان رەتکردەوە و دەستیانکرد بە راوەدوونانی خرێت و تاقمەکەی تاکو ئەوپەڕی وڵاتی فارس، سوربوونی خۆیانپیشاندا لەسەر قایمکردنی پێیان لە پێناو مانەوەدا، هەروەها چەسپاندنی هەندێك لە واقیعیەت و سەلیقە. جیاوازیەکە ئەوەیە کە ئەو یاخیبووەی بە شێوەیەکی ئاسایی سەر بە ئەبو موسایە، کە لە بنەڕەتدا جەماوەری عێراق لە (صفین)دا وەك دادوەر سەپاندییان، هیچ لایەنگرێکی لە کوفە نەبوو، جگە لەوەش هیچ کەسێکی دەستنەدەکەوت تا داوای لابردنی عەلی و حوکمی شورا بکات، واتا بۆوە هۆی خۆکوژی. شاری کوفە وەکئەوەی خۆی سازبکات بۆ ئەوەی تەنها وەك کۆمەڵێکی مرۆیی بەرگری لە بوونی خۆی بکات، دواییش

هەموو هەڵسوکەوتی داهاتووی تەرخاندەکات بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی لە رووی مۆراڵی و جەستەییەوە. با بگەڕێینەوە بۆ رووداوەکان. خرێت لەگەڵ (120) پیاوی سەر بە هۆزەکەی خۆی (ناجیە) لە کوفە دەرچوو، کە هۆزێکی بچوکە لەناو پۆلێنی پێکهاتەی رەچەڵەکە گەورەکانی عەرەب. بەرەو بەسرە رۆیشت، پاشان بەرەو ئەهواز بەڕێکەوت، دواتریش چوون ناو قووڵایی وڵاتی فارس، بەرەو ئەو ناوچە کەنارییەی هاوسنورە لەگەڵ کەنداو.

ئەوە گەشتێکی دوورو درێژە و بووە نموونەیەکی پێشەکی بۆ چەند کاروانێکی هەڵاتنی گەورە بەرەو پێشەوە کە باند و تاقمە خەواریجەکان لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوی پێیهەڵسان: بەرفراوانکردنی رووبـەرەکـە، سەرهەڵدانی کێرڤی خێرای پەلاماردانەکان، راوەدونانی گروپێکی بچوك لەلایەن سوپایەکی رێکخراو، بەو هۆیەشەوە کاروانەکە قەبەتر دەبێت لە ئەنجامی بەشداریکردن و پەیوەندیکردنی چەندەها جۆر و توخم. لەگەڵ یاخیبوونی خرێت، گوندەکان و رووبەرە بیابانییە دوورەکانیش چوونە ناو گەمەی فیتنەوە، چونکە خرێت، دەشتەکییەکان و فارسەکان، موسڵمان مەسیحییەکانی خستە ریزی هێزەکانیەوە، خەڵکانێکی راست و باوەڕدار و چەتە و رێگر پێکەوە. خرێت ئەو بەرگرانەی روخاند کە لە نێوان ماڵباتە زۆر دوورەکاندا هەبوو، پاشاگەردانی درووستکرد و تۆوەکەی چاند.  ئەو هێزە کوفەییەی کە شوێنپێی هەڵگرت، بریتیبوون لە (2000) کەس بە سەرکردایەتی مەعقەل کوڕی قەیسی ئەلڕیاحی، دواییش ژمارەیەکی هاوتا لە بەسرییەکان پەیوەندییان پێوە کرد. بەو شێوەیە ئەوەی رویدا یەکخستنی هەوڵەکانی هەردوو ویلایەتەکە بوو لە دژی دوژمنێکی هاوبەش لە سەرووی تایبەتمەندێتی هەرێمی. بەڵام کەسێتی خرێت و کارەکانی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکە، گۆڕانیان بەسەردا هات: ورەبەرزی و سوربوونی کەسی یاخیبوو لە پێناو بنەمای شورا گۆڕا بۆ هەلپەرستی و یەکتابوونی ئیسلامی لەبەردەم خۆدەرخستنی ئەنقەست و وابەستەی خێڵەکی توایەوە. دەوترێت خرێت بە

زمانێکی دەرەکی لەگەڵ خەواریجەکاندا قسەیدەکرد، بەڵام بە زمانێکی لایەنگرانە بۆ عوسمان قسەی لەگەڵ عوسمانیزمەکان دەکرد. لە ناوچەی کەنار دەریا، خرێت خەڵکانێکی مەسیحی عەرەبی بینی سەر بە هۆزەکەی خۆی (ناجیة) بوون، کە ببوون بە ئیسلام و دوایی بە درێژایی ماوەی فیتنە هەڵگەڕابوونەوە.

لە دیدی مێژووی سۆسیۆلۆژی - دینی و لە دیدی عەقڵییەتەکاندا دەکرێت لای هەرە گرنگ لە یاخیبوونی خرێتدا بەو ئامادەگیە چڕەی مەسیحیە عەرەبەکان و دەرکەوتنیان بە بۆنەی فیتنە و هەڵوێستی دەسەڵاتی ئیسلامی لە بەرامبەرییاندا بەرجەستە بکرێت. مرۆڤایەتی و نامرۆڤایەتی، دڵڕەقی و خوداپەرستی و پۆلێکی تەواو لەسەر گۆڕەپانی دەسەڵات، ئایین، بونیادی سایکۆلۆژی تاکی عەرەبی: ئەمانە هەمووی ئەنترۆپۆلۆژیایەکی شایستەیە کە لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی زیندووەوە کە ئەبو مەخنەف پێشکەشی دەکات، خۆی نمایش دەکات. بەڵام خرێت-ی گەمارۆدراو خۆی بە تەنهایی لەگەڵ هۆزەکەی بینییەوە، کە بە چڕی لە ناوچەی کەنار دەریای باشوری وڵاتی فارس نیشتەجێبوون، ئەویش بێگومان لە ئەنجامی کۆچێکی لەخۆوە هەڵچووانەوە لە ماوەی هەنگاوەکانی پرۆسەی فەتحدا. خرێت و ئەو چەند سەد کەسە لە لایەنگر و پیاوەکانی، پێشئەوەی بچنە کوفە، لەگەڵ ستراکچەرە ڕێکخراوەکانی هەبوونی عەرەبی - ئیسلامی ویلایەتی بەسرەدا ئاوێنە ببوون، بەڵام بەشی زۆرینەی هۆزەکە لێیان دوور بوون و پارێزگارییان لە ریتمی دەشتەکیی شوانکارەیی و فرەیی پێکهاتەی ئایینی خۆیاندەکرد و وابەستەبوون بە ڕەسەنایەتیانەوە.

موسڵمانەکان و مەسیحییەکان لەنێو بونیادێکی خێڵەکی تەواو پێکەوەگونجاودا ژیانیان دەگوزەراند، بەڵام لەژێر هەژمونی خواستە سیاسییەکانی دەوڵەتدا بوون و باج و خەراجیاندەدا. لەسەر موسڵمانەکان واجب بوو سەدەقە و زەکات و بەیعەت بدەن بە خەلیفە، لەسەر مەسیحییەکانیش واجب بوو جزیە بدەن، کە بریتیە لە باجێکی سەپێنراوی قورس بەسەر جولەکە و مەسیحییەکاندا و یەکێك

بوو لە نیشانەکانی چۆکدادان و گوێڕایەڵی بۆ هێزی ئیسلام، بەڵام هۆزی ناجیە لە کاتی شەڕی (صفین)ەوە سودی لە دۆخی شەڕی ناوخۆ وەرگرت، بۆ ئەوەی سەدەقە و زەکات نەدات. بەڵام ئایا ئەوە بارێکی تایبەت بوو یان زیاتر باو بووە؟ ئەوەی لە دیدی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە هەموویان مەترسیدارتر بوو بریتیە لە هەڵگەڕانەوەی ئەو مەسیحییانەی پێشتر موسڵمان ببوون، ئەو هەڵگەڕانەوە بچوکەی کە سەریهەڵدا بۆ زیندووکردنەوەی بیرەوەرییەکانی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە گەورەکان لە سەردەمی ئەبوبەکر-دا. خرێت لەو دۆخەدا رۆڵی گێڕا و بیری یاخیبووەکانی هێنایەوە عەلی چی بۆ سازدەکردن: مردنی بێهودە. یاخیبوون، هەڵگەڕانەوە، نەدانی باج کۆمەڵە کاردانەوەیەك بوو کە نێردراوی عەلی خۆی لە بەرامبەرییاندا بینی، لەلایەن خەڵکانێکەوە کە لە رووی ئاینییەوە بۆ سێ تاقم دابەشبوون: موسڵمانەکان، مەسیحییەکان، ئەو موسڵمانانەی پێشتر مەسیحی بوون و گەڕابوونەوە سەر بیروباوەڕی دینی پێشوویان، واتا هەڵگەڕابوونەوە. شەڕ دەستیپێکرد و سوپاکەی کوفە و بەسرە بە تەواوەتی سەرکەوت و خرێت کوژرا. سەرکردەی سوپا (مەعقەلی کوڕی قەیس)، بە شێوەیەکی زۆر ورد لە بەرامبەر دۆڕاوەکان هەڵسوکەوتی کرد: داوای لە موسڵمانەکان کرد بەیعەتیان تازە بکەنەوە و سەدەقەی دواکەوتووی سەر ئەستۆیان بدەن، هەروەها داوای لە هەڵگەڕاوەکان کرد تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ سەر رێبازی ئیسلام ئەگینا لەسێدارە دەدرێن. هەموو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون و لە کۆتاییدا بە مەرجە سوکەکانی رازیبوون، چونکە مەعقەل پێش هەر شتێك شوێنی خرێت و لایەنگرە دیارەکانی کەوتبوو، لەبەر ئەوەش کە ئاکاری سیاسی عەلی کە مەعقەل ئیلهامی لێوەردەگرت بە شێوەیەکی کوێرانە پەیڕەوی داپڵۆسین و تۆڵەسەندنەوەی نەدەکرد. تاقمی سێیەم دەمێنێتەوە، تاقمی مەسیحییەکانی ئەهلی زممە کە بە تەواوەتی کرانە کۆیلە و وەکو مێگەلێکی سەرلێشێواو نێردران بۆ لای عەلی. لێرەوە رەهەندی نەتەوەیی – کەلتوریی عەرەبی، کە چەمکی ئوممەی ئیسلامی بە تەواوەتی ئیستیعابی

نەکردووە، بەرجەستە دەبێت.
لە سەرووی ئەمەشەوە، ئەوەی جێی ئاماژەیە، هۆزی ناجیە بە ناوی ناکۆکیەکی ئیسلامی رووت بە دوای سەرۆکە هەڵگەڕاوەکەی کەوت، بێگومان وەك یەك قەوارەی خێڵەکی بەهۆی کاریگەری پەراوێزخستنەوە، ئایینە جیاوازەکانی لەخۆیدا ئاوێتە کرد بەدوای یەك ڕێچکەی دەمارگیریدا. بۆچی مەعقەلی کوڕی قەیس قسە دەکات، یان ناچاری دەکەن دەربارەی مەسیحیە عەرەبەکان قسە بکات، وەکئەوەی خەڵکانێکی ئاسایی هاوشێوەی عەجەمییەکان بن؟ بۆچی بەو دڵڕەقی و پڕ رق و کینە و بەکەمزانیە باسیان دەکات؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیای عەلی بەسەر ئیسلامدا زاڵبووە و هەموو کاریگەریەکی نەتەوەیی یان ئیتنی تێپەڕاندووە؟ واتا ئەو ئایدۆلۆژیا پراکتیکیەی کە سەبارەت بە پەیڕەوکردنی شەریعەتی خودا هیچ گومانێکی لەسەر نییە، بەهۆی تێپەڕاندنی هەموو ئیعتیبارەکانی تر. لەوانەیە، بەڵام توندی و رەقی لە گوتار و کاری داپڵۆسێنەرانەش دەگرێتەوە، چونکە یاخیبوون رویداوە. ئایا ئەو خەڵکە مەسیحیە کوژران، مەبەستمان نێرینە پێگەیشتووەکانە کە توانای هەڵگرتنی چەکیان هەیە؟
لە سەرەتای پرۆسەی فەتحدا، خالیدی کوڕی وەلید قاڵنەببۆتەوە لە جێبەجێکردنی یاسای کۆنی شەڕ بەسەر عەرەبەکانی دەوروبەر، یان عەرەبی ناوچەکانی ناسراو بە (الضاحیة): کوشتنی پیاوەکان و بەکۆیلەکردنی ئەوانەی تر لە کاتی بەرگریکردندا. لێرەدا ئەبو مەخنەف لەو بارەیەوە هیچ شتێکی باسنەکردووە، چوارچێوە گشتیەکەش تەواو ئاماژە بۆ هەبوونی توندوتیژی لەگەڵ جیاکاریدەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گومان بەدیدەکرێت و ناکرێت بە تێکڕایی ئەو ئەگەرە بەدوور بزانین، کە من لەلای خۆمەوە بە لاوازی دەزانم. کاروانی دیلە کۆیلەکان بەبەردەمی هێزی (ئەردەشیر خـەڕە)دا تێدەپەڕی، بەڵام تەنها باسی ژنان و منداڵانکراوە، کە داوای یارمەتی و بەهاناوەچوون لە والی (مەسقەلەی کوڕی هەبیرەی شەیبانی) دەکەن بۆ ئەوەی فریایان بکەوێت، بێگومان هەوڵدەدەن

وایلێبکەن بەزەیی پێیاندا بێتەوە.
ئەمە لە کاتێکدایە پیاوەکان لەو دیمەنەدا بزر بوون. سەرەڕای ئەوەش خودی بەسەرهاتەکە پڕە لە ئاماژە: مەسقەلە بەزەییەك پیشاندەدات و کۆیلەکان لە بەرامبەر یەك ملیۆن درهەم دەکڕێت و ئازادییان دەکات، بەڵام تەنها نیوەی ئەو بڕە پارەیە دەدات. دواتر مەسقەلە نەگەیشتە ئەوەی پارەکە بدات، عەلی پەلەی لێکرد پارەکە بدات و هەڕەشەیلێکرد. لەو کاتەدا مەسقەلە هەستیکرد کەوا ناچارە پەنا بۆ موعاویە ببات، هاواری دەکرد و دەیوت: «ئەگەر کوڕەکەی هند (موعاویە) یان عوسمانی کوڕی عەفان قەرزییان لەلام بوایا لێم خۆشدەبوون». بەڵام عەلی لەسەر ماڵی موسڵمانان سازشی نەدەکرد. لەودیوی باکگراوندی ئەنترۆپۆلۆژییەوە کە روداوەکە ئاشکرای کردووە، خەونی سەرگەورەی عەرەب، بانگەوازی خوێن ئاماژەیە بۆ شێوازی عەلی لە فەرمانڕەوایەتیدا، لە ئاستێکی قوڵتریشدا، ئەو وێنە دووسەرە پێچەوانەیە سەبارەت بە هەردوو سەرکردەکە بەر دیدە دەبێت، پێدەچێت بۆ هەردوو بنەچەکەش دوو میتۆدی رەفتاریی و دوو جۆر شێواز خۆیان بەردیدە کردبێت.
یاخیبوونی خرێت تەواو بابەتێکی ناوخۆیی بوو لەناو بەرەی عەلی سەریهەڵدا. دەشتوانرێت تا ئاستێکی دوور وەك بزوتنەوەیەکی خەواریج پۆلێنبکرێت، بەڵکو دەچێتە خانەی ئەو ململانێ ئایدۆلۆژییانەوە کە ریزی لایەنگرانی خەلیفەیان هەڵدەتەکاند، بەڵکو رەگەزێکی تازەشی بۆ زیاد دەکرێت کە هۆشداری بە هەڵوەشانی دەسەڵات دەدا، وەك هەڵگەڕانەوە، رەتکردنەوەی پێدانی باج و تەقینەوە و هەڵچوونی هۆزێك کە لە گوێڕایەڵیەوە گۆڕا بۆ یاخیبوون.

# شکستهێنانی هەوڵی بەرپاکردنی شۆڕش لە بەسرە

دووەم کێشەی گەورە کێشەی بەسرەیە، کە موعاویە وروژاندی، بەو پێیەش پێینایە ناو ستراتیژی بەرەنگاربوونەوە. لە ئاستی گرەو لەسەرکردن و بوێریە بێهاوتاکەی، پرسی بەسرە گرنگترە، تەنانەت لە رووی بەرئەنجامە بەدیهاتووەکانشیەوە گرنگترە. ئامانجەکە جگە لە هەڵچوواندنیماڵباتی باشوری گەورەی عێراق لە دژی عەلی و تێکدانی دەسەڵاتەکەی لە ناوخۆدا و بادانەوەی لە بەرژەوەندی موعاویەدا، شتێکی تر نەبوو، لانیکەم سەرلەنوێ ناچارکردنی بۆ هەڵگرتنی چەك لە دژی عەلی. ئەوە هەوڵدانێکی مەترسیدار بوو، چونکە بەسرە ئەگەر دڵی ئەو فەزایە نەبووبێت کە لەژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عەلی بوو، وەك کوفە کە کرۆکی دەسەڵاتەکەی بوو، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ناوەندا جەمسەرەکەی تری پێکهاتەی عێراق بوو، واتا ئەو بنکەیەك هەرێمایەتی بوو بۆ عەلی، وەکچۆن شام بۆ موعاویە وابوو. عێراق بە تەنها دوو سەری گرنگی هەبوو: کوفە و بەسرە، کە لە هەردووکیاندا هەموو وزە و توانای مرۆیی چڕ ببۆوە و زاڵبوون بەسەر ئەو ماڵباتە پێکهاتووە هەڵکەوتووەدا. ئەو دوو شارە دەستەخوشکە پێکەوە دەژییان، پاشئەوەی بە هاوبەشی پێکەوە پرۆسەی فەتحکردنی جیهانی ساسانیان ئەنجامدا. لەو دوو شارەدا خەڵکی عێراق دەژییان، لێرەدا چەمکی خەڵك بەهێزە، چونکە ناسنامەیەکی جێگیرو هەبووی رەسەنایەتی و نیشتەجێبوون دیاریدەکات، هەروەك پێکەوەگونجانیش بەرجەستە دەکات. بەڵگەنامەی (صفین) بۆ ئەوە بوو کە ئەو ناسنامەیان لەبیر بێت کاتێك (ئەهلی عێراق و شیعە بوون)یان وەك بەرەیەکی ناو ململانێکە بەرجەستە بوو. خەڵکی کوفە و بەسرە لە شەڕی (صفین)

دا زۆرینەی ڕەهای سوپاکەی عەلی-یان پێکدەهێنا، بەڵام کوفەییەکان باوتر بوون، چونکە هەموو بەسرییەکان دیارنەبوون. هەردوولا پێکەوە ڕوداوەکانی شەڕی تۆقێنەر و خۆڕاگری شایستەی شەڕ و مشتومڕ و گەنگەشەی توندی ناو ئەو بەرەنگارییە چارەنوسسازەیان بینی. بەڵام زۆرینەیان پابەند بوون بە پێدانی بەیعەتیان بە عەلی، کە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی ئامۆزای کردبووە والی بەسرە. ئەو پیاوێکی زانا و عاقڵمەند و پیاوی شەڕیش بوو، لەناو ماڵی خۆیدا گرنگ و سەنگین بوو. عەلی لە شەڕی (صفین)دا سەرکردایەتی هەموو بەشی چەپی سوپاکەی پێسپارد. بەڵام پابەندێتی و پەیوەندی بەسرە بە عەلیەوە لە پابەندێتی و حەماسی ویژدانیی کوفە بۆ عەلی کەمتر نەبوو.

کەلێنێکی نهێنی هەمیشە وەك برینێك وابوو لە نێوانیاندا: ئەویش بیرەوەری شەڕی (الجمل) کە وەکو موعجیزەیەك وابوو، بەڵام عەلی بە خێراییەکی بێهاوتا توانی تێیپەڕێنێت. موعاویە گرەوی لەسەر ئەو کەلێنەی نێوانیان دەکرد، بۆ ئەوەی بەربەرەکانێ لەگەڵ عەلیدا بکات. موعاویە گرەوی لەسەر هەڵوەشانی عێراقیش دەکرد، ئەوەش لە ئەنجامی کاریگەری ئەو کەلێنە لەسەر دڵ و دەروونەکان دروستبوو، پاشان لاوازکردنی هێزی سەربازی بـەرەی عەلی لەو ڕێگەیەوە لێکەوتەوە.

ئەگەر هەموو بەسرە پێکەوە بچووبایا پاڵ هەموو کوفە، لە گۆڕەپانی شەڕ ئامادەیی خۆی نیشانبدایا، ئەوە مانای وابوو موعاویە تیادەچێت و دەیدۆڕێنێت، بەڵام بابەتەکە بەو جۆرە نەبوو. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نیوەی بەسرە ئامادە نەبوو، واتا (30) بۆ (35) هەزار پیاو ئامادەنەبوون بچنەوە پاڵ عەلی، ئەمە بێئەوەی کوژراوانی (الجمل) ئەژمارد بکەین، ئەو قارەمانانەی خێڵی ئێزدییەکان و زەبییەکان کە بەرگرییان لە ڕێبازی پێغەمبەری خودا کرد. (الأشتر)یش لە شەڕی (صفین)دا باسی ئەوەی کردووە کە شەڕ هەمیشە ئازاترین پیاوەکان لەناو دەبات. ئێستا بەسرە بەسەر خۆیدا داخراوە، بێدەنگ و خامۆش وەکئەوەی کۆڵی دابێت، بە بەراورد

لەگەڵ ئەو هەڵچوون و تورەییە زۆرەی کوفەی داگرت. کاتێك عەلی راستەوخۆ لە دوای پرۆسەی داوەریکردن، بڕیاریدا گردبوونەوەی گەورەی (النخیلة)، یان بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕی یان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەواریجەکان ئەنجامبدات، بەسرە هەرچەندە داواشی لێکرا هێز بنێرێت، تەنها هەندێك جەنگاوەری کەمی نارد کە ژمارەیان (1500) کەس بوو. پاشان بە پێداگریکردنی عەلی، ئیبنو عەباسی ئامۆزای کە والی بەسرە بوو، بە هاوکاری جاریەی کوڕی قودامە کە یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی هۆزی (تەمیم) توانی (2000) جەنگاوەری تر ئامادە بکات و بینێرێت. ئاشکرایە بەسرە ئارەزووی نەدەکرد جارێکی تر خۆی لە ململانێکانەوە بگلێنێت، تەنانەت تەواوی ئەو تاقمەش کە بە (عبدالقیس) ناسرابوون لەگەڵ ژمارەیەك لە رەبیعە و بەکرییەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو، هەرچەندە لەپێش شەڕی (الجمل)ەوە زۆر بەهێز پشتیوانی عەلیان دەکرد. هۆزی رەبیعە کە هەمیشە بە پشتیوانییەکانی بۆ عەلی نوبانی دەرکردووە، لە شەڕی (صفین)دا بە چڕی و بەوپەڕی هێزیەوە ئامادە بوون و بەرەی لای چەپی سوپاکەیان پێکهێنا و لەو شەڕەدا فریای عەلی کەوتن.

هەوڵی موعاویە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لە بەسرە ساتێکە لە ساتەکانی ململانێ گەورەکە لە رووی رەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی چڕی دیینی - ئایدیۆلۆژی - سیاسییەوە. ئەو کارە لە رێگەی ئاوێنەی کاردانەوەکانەوە، رۆشنایەکی بەهێز دەخاتە سەر رێڕەوی ئەو فیتنەیەی کە بونیادە قوڵەکانی خودی بەسرەشی گرتەوە. روداوەکە کە (الطبری) و (البلاذري) و گێڕەرەوەکان وەك سەرگوزشتەیەکی درێژو دەوڵەمەندتر، بەپێی ریزبەندییەکی لۆژیکییانە لە ساتەوەختی لەدەستچوونی میسردا بەرجەستەیانکردووە، ئەویش ستراتیژیەتی فراوانخوازانەی موعاویە و هەڵای سەرکەوتنەکانیەتی. بابەتەکە پەیوەندیدارە بە سەرکەوتنە هەرێمیە بەرچاوو زۆر گەورەکان، نەك تەنها ئەوەی پەیوەستە بە دەستکەوتە مەعنەوییەکان وەك لە بابەتی داوەریکردندا هەیە. دوایئەوەی میسری خستە ژێر رکێڤی خۆیەوە

هەوڵیدەدا بەسرەش بحاتە ژێر ركێڤیەوە. (البلاذري) کە لێرەدا هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی پێشکەشنەکردووە، نە دەربارەی ئەو هەموو روداوانە و نە دەربارەی پاشماوەی قۆناغی لاوازبوون و لەناوچوونی دەسەڵاتی عەلی، ئەوە راستەوخۆ روداوەکـەی خستۆتە دوای پەلاماردانی میسر، (الطبري)ش بابەتی یاخیبوونی خرێتی خستۆتە نێوانیان و رودانی هەردوو روداوەکەشی بە ساڵی 38ی کۆچی دیاریکردووە.

جارێکی تر لەگەڵ گیروگرفتەکانی قۆناغبەندی بەریەکدەکەوین، کە لە کۆسپەکانی تێگەیشتنی وردی لۆژیکی مێژوویی بەدەر نییە[75]. بەڵام با بچینە سەرباسی روداوەکان، کە لە روونی ناوەرۆکییانەوە زۆر دەوڵەمەندن. کەواتا لە دوای میسر، موعاویە ناردی بە شوێن (عەبدوڵڵا بن عامر ئەلحەزرەمی)، ئەو پیاوەی کە وەکو گەواهیدەر ناوی خۆی لە کێشەی ناسراو بە (فەرمانی ئیبن ئەلحەزرەمی) دا تۆمار کرد. ئەو پیاوە ئومەویەی دڵسۆزی موعاویە و عوسمان بوو، سەر بە خێڵی ئەسەدی-یە، بەو پێیەش دەچێتەوە سەر جەماعەتی گەورەی (مضر) و کەسێکی ئەرەستۆکراتی و بە رەچەڵەك دەشتەکی بوو. باوکی عەبدوڵڵا گەورەی خێڵەکەیان بوو، ئەو خێڵەی ناردی بۆلای پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئەوەی بە ئیسلام ئاشنا بێت و بەیعەتی پێبدات. لە سەردەمی عوسماندا، عەبدوڵڵای کوڕی عامر یاریدەدەری والی بەسرە بوو. ئەو لە مەککە لەو ژمارە کەمەی موسڵمانان بوو کە لە پرۆژەکەیدا پاڵپشتی دایکی موسڵمانانیان کرد، کە دواجار داوای لە والی و

75- هەوڵدان بۆ هەڵچواندن و وروژاندنی لە ساڵی 38ی کۆچی هەمان ئەو مانایەی نییە کە لە ساڵی 40ی کۆچیدا هەیبووە. وەلحاڵ سەرچاوەکانمان ناچونیەکن دەربارەی مێژووی روداوێکی پەیوەست بە کێشەی بەسرە: هەڵاتنی والی (ئیبن عەباس) و دابڕانی لە عەلی. ئەو کێشەیە لە ساڵی 38ی کۆچی لە ئەنجامی ونبوونی ئیبن عەباس رویدا، بەڵام بە قورسی باوەڕ دەکرێت کە لە سەردانێکدا بووە بۆ لای عەلی کوڕی ئەبو تالیب. الطبری، بەشی 5، لاپەڕە 110، یاخود ئیبن عەباس زووتر دابڕانی خۆی بەدەستهێناوە. دەشکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە ئیبن عەباس لەو رۆژەدا لەلای عەلی بووە و زیادی بە تەنیا جێهێشتووە تاوەکو لەو گێژاوە دەربازی بێت و لەناو بۆگەنیاتی ناحەزی و ناکۆکیە خێڵەکییەکاندا نقوم ببێت و بە شکانەوەی بەلای ئەو هەڵدێرانەدا رازیبێت بۆ ئەوەی چەمك و سیمبوڵەکانی دەسەڵات رزگار بکات.

عەبدوڵڵای کوڕی عامر کرد رووبکەنە بەسرە، چونکە هەردووکیانی باش دەناسی و دەشیزانی لە بەسرە پەیوەندی باشیان هەیە.
بە دڵنیاییەوە، عەبدوڵڵای کوڕی عامر بەشداری لە شەڕی (الجمل) و (صفین)دا کردووە، بەڵام دوایی لەگەڵ ئومەوییەکانی تری مەککەدا باسوخواسی نەماوە، پاشان کاتێك موعاویە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی بەسرە بانگهێشتیکرد جارێکی تر هاتەوە بەرباس، ئەوەش بەهۆی پەیوەندییە دێرین و نوێکانی بەو شارەوە، هەروەها بەهۆی ئەو متمانە زۆرەوە کە هەیبوو. بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیە دێرینەکانی، پێویستە ببەسترێتەوە بە فراوانبوونی بەسرە بەرەو خوراسان لە سەردەمی عوسمان و بەڕێوەبردنی پیرۆزکراوی ئیبن عامر، بۆیە پێدەچێت لێرەوە ئەستێرەی رەسەنی عوسمانیزم لەلای سەرجەم بەسرییەکان گەشابێتەوە. بەڵام پەیوەندییە زۆر تازەکان پێویستە ببەسترێتەوە بە دامەزراندنی عوسمانیزمی سیاسی لە بەسرە، کە لە شەڕی (الجمل)دا تەقیەوە. عەبدوڵڵای کوڕی عامر، پیاوی سێبەر، کەسێکی سەرکێش و تەڵەکەباز، شارەزا لە تێکدان و رووخاندن، وەك خەبەرکەرەوەی شەیتانە عوسمانییەکان و وروژاندنیان ناوبانگی دەرکردووە. ئایا موعاویە چی پێدەڵێت، یان خۆی چی دەڵێت؟
«زۆربەی خەڵکی بەسرە رایان لە بارەی عوسمان وەکو رای ئێمە وایە و لەسەر داواکردنی خوێنەکەی کوژران، بۆیە ئارەزوو دەکەن کەسێك بێت و کۆیانبکاتەوە و ریزییان رێکبخات و رابەرایەتیان بکات بۆ تۆڵەسەندنەوە و داواکردنی خوێنی ئیمامەکەیان». موعاویە پێداگری دەکرد لەسەر راوێژکردن بە هاوڕێکەی لە (جیهاد) دا، داگیرکەری میسر، عەمروی کوڕی ئەلعاص، ئەوەش بابەتێکە شایەنی پێداگری لەسەرکردنە. لێرەوە لێکدانەوەی بارودۆخەکە بە روونیەکی زیاتر بەرجەستە بوو، نامەی بۆ نوسی: «من لە مەسەلەی خەڵکی بەسرەم کۆڵیەوە، بۆمدەرکەوت کە زۆربەی خەڵکەکەی لەگەڵ خۆماندان و دوژمنی عەلی و شیعەکەین، بەڵام وەك دەزانم تێکەوتون، هەرچەندە ئەو رقە لە سینەیاندا جێگیر بووە، بەڵام خودا

بەهۆی کوشتنی کوڕی ئەبوبەکر و فەتحکردنی میسرەوە ئەو ئاگرەی کوژاندەوە کە لە ئاسۆدا داگیرسابوو، بەوەش سەری دۆست و لایەنگرانمان لە وڵاتدا بەرزبۆوە. بۆیە پێمباشبوو عەبدوڵڵای کوڕی عامری ئەلحەزرەمی بنێرم بۆلای خەڵکی بەسرە تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ (الأزد) ببەستێ و داوای تۆڵەسەندنی خوێنی عوسمان بکات و شەڕی عەلیان بیر بێنێتەوە کە لە بەرامبەر باوك و براکانیان و رۆڵەکانیان بەرپایکرد».

هاوسەنگی لەگەڵ میسر درووستبوو. لێرەو لەوێ لایەنگرانی عوسمان هەستانەوە و تەنها چاوەڕێی یارمەتی و کۆمەکی موعاویەیان دەکرد بۆ ئەوەی سەرییان هەڵبڕن. بەڵام لە سەرووی ئەوەشەوە بەسرە خاوەنی هەندێك ناکۆکی و کێشە بوو لەگەڵ عەلی، بۆیە گونجاوو جێی خۆی بوو کەڵکیان لێوەربگیرێت. لێرەدا تۆڵەسەندنەوەی لەبەرچاوگیراو دوو رووی هەبوو: روویەکی ئایدۆلۆژی، دینی و باوەڕپێهێنراو سەبارەت بە خوێنی عوسمان، هەروەها روویەکی عاتیفی، وروژێنەر لە دژی عەلی سەبارەت بە کوژراوانی شەڕی (الجمل). موعاویە پێیوابوو دەتوانێت لە ناوخۆدا بۆمبی رق و کینەی خەفەکراو بتەقێنێتەوە، لەو بڕوایەشدا ئەو کارە بە یەك کەس دەکرێت، چونکە ئامانجەکە پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستبوو یاخیبوون و شەڕو گرمەگرمی چەك بەدوای خۆیدا بێنێت. ئەوە پرۆسەیەك بوو بە ئامانجی وروژاندنی عوسمانیزم و جۆشدانی ئەو هەستەی کە لە دژی عەلی هەبوو، پاشان ئاراستەکردنی هەمووی لە رێگەی گەمەیەکی ستراتیژی خێڵەکیەوە. بەڵام لە راستیدا بەسرە وەکو میسر نەبوو، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێك کە بۆ جوگرافیا و بونیادی سایکۆلۆژی، ئایدۆلۆژی و پێکەوەژیانی مێژوویی دەگەڕێتەوە. کاتێك موعاویە پیاوێکی بۆ بەسرە نارد، نەك سوپایەك، هەرچەندە ئەوە بابەتێکە لەلایەکی ترەوە مومکین نییە بیری لێبکرێتەوە، بەڵام گەورەی شام بە تەواوی بێدەسەڵاتی خۆی لە جڵەوگیرکردن و لکاندنی بە قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی خۆی شاردەوە. موعاویە جگە لە گرەوکردن لەسەر

ئەوەی ئەگەری رودانی لێناکرێت هیچی ترینەکرد، بەسرە ناشڵەژێ و تووشی پاشاگەردانی نابێت. کەواتا چی تیا رودەدات؟
شڵەژانێك بوو لە پشت دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عەلی، کە تێیدا عوسمانیزم وەکو حزبێکی دیاریکراو و سنوردار لە چوارچێوەی بەسرە، بووە خاڵی رابوونی خێڵەکی پێکەوە گرێدراو، لەگەڵ دووبارە زیندووکردنەوە و چالاککردنەوەی بەهاکانی سەردەمی جاهیلیەت. بێگومان خاڵی یەکەم گرنگە و لە دەرئەنجامی دوور و راستەوخۆش بەدەر نییە. ئیبن ئەلحەزرەمی لە تەمیم، گەورەترین هۆزەکانی مەزەر و بەهێزترین گردبوونەوەی خێڵەکی هاوپەیمان لەگەڵ (الأزد)ی هاوتا یەمەنیەکەی لە بەسرە دابەزی. لایەنگرانی عوسمانیزم بە پەلە چوونە لای و خۆشحاڵی و رێزی خۆیان بۆ خۆی و نوێنەرایەتیەکەی دەربڕی و گفتوگۆ لە نێوانیاندا درووستبوو.
بە دڵنیاییەوە، بۆ ئەو عوسمان (امام الهدى) مەرجەع و بەرجەستەکاری بەها روحییەکانی ئیسلام بوو، بەڵام ئەوەمان لەبیر بێت کە موعاویە تەنها دەیویست بە ناوی ئیسلام و دادپەروەریەوە تۆڵەی عوسمان بکاتەوە، هەروەها دواتریش وەك میراتگری نەبێت خۆی نمایشنەکرد. کەواتا، ئیبن ئەلحەزرەمی بابەتی داواکردنی خوێنی خەلیفەی کوژراوی هێنایەوە گۆڕێ. ئەو داواکاریەی کە بەسرە لە پابەندبوون پێوەی یەکەم بوو، لەژێر سەرپەرشتی و سەرکردایەتی دایکی موسڵمانان (عائیشە)، بەڵام ئەمجارەیان داواکردنی خوێنی عوسمان لەلایەن موعاویەوە وروژێنرا و پێی نایە قۆناغێکی تر لە مێژووی فیتنە و بە سەرکردەیەکی ترەوە بەندبوو. لێرەوە داواکرا بەیعەت بە موعاویە بدرێت، ئەوەش دەروازەی دووەمـی داواکارییەکانی ئیبن ئەلحەزرەمی پێکهێنا. ئەوە بەیعەتپێدانێکی گرێبەستیانە نییە، کە سنوربەند کرابێت بە شەڕێکەوە وەکئەوەی لە سێکوچکەی (الجمل)دا رویدا، بەڵکو بەیعەتێك بۆ دەسەڵاتێکی هەبووی دامەزراو.
ئیبن ئەلحەزرەمی هەموو ئەوانەی کۆکردەوە کە لە شاری بەسرە سەنگ و پێگەیان

هەبوو. بوونیش لە بەسرە هەرگیز بە شێوەیەکی نهێنی نەبوو. وتووێژو گفتوگۆکان بەڕێوە دەچوون و سەرۆك هێزی پۆلیسی والی بەشدار تێدا دەکرد. ئیبن ئەلحەزرەمی توانی لایەنگریی بەهێزی هەندێك لە سەرۆك هۆزی قەیسییەکان بەدەستبێنێت، بەڵام فەرماندەکانی پێکهاتە خێڵەکیە گەورەکانی بەسرە دژایەتی و دوورەپەرێزییان نیشاندا لە بەرامبەر پرۆژەیەکدا کە بۆنی شەڕی ناوخۆیی لێدەهات، جگە لە هەبوونی چەند گرەوێکی ئاکاریی مەترسیدار. یەکێك لە سەرۆکەکانی خێڵی (عبدالقیس) کە لە شەڕی (صفین)دا سەرکردایەتی خێڵەکەی دەکرد، زۆر بە توندی دژایەتی ئەو بیرۆکە و پرۆژەیەی کرد، ئەوەش هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراو بوو. بەڵام سەبرەی کوڕی شیمان کە وەك تاکە سەرۆکی خێڵی (الأزد) دەرکەوت، بە شێوەیەکی تایبەتی رازینەبوو پشتیوانی لێبکات. لێرەدا چەند شتێکمان لەدەست دەچێت، کە دەکرێت لەبەردەم شیکردنەوەیدا روونبێتەوە، بەوەش ئاستی دووبارە بونیاتکردنەوە و خوێندنەوەی پێشوەختی سەرچاوەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

لەلای ئیبن ئەلحەزرەمی رۆڵ و بوونی (سەبرەی کوڕی شیمان) بزرە، بۆیە هەروەك موعاویە راسپاردەی لەسەر داوە هیچ موجامەلەیەکی لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو نێردراوەکەشی بووە میوانی خێڵی تەمیم. سەبرە پشتیوانی و لایەنگری ئیبن ئەلحەزرەمی نەکرد، چونکە لە ماڵی ئەو دانەبەزی. لەوانەیە ئەم بابەتە جێگەی پێکەنین دەربکەوێت، ئەگەرچی هەموو بابەتەکە لەسەر بناغەی بەها خێڵەکییەکان بونیات نەنراوە، هەرچەندە دیمەنی سەبرە، کە وەك بەسەرهاتێك پێش ماوەیەکی زۆر رویداوە، جۆرێك لە دڵەڕاوکێ و ساویلکەییەکی گەورەی پێوە دیارە، بەڵام لێکدانەوەی بە لاوازی و نابوتی ماوەتەوە. ئیبن مەسمەع، پێشەوای خێڵی بەکری کە لایەنگری عوسمان بوو لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەیی نەبوو، بەڵام ئێمە ئاشکرامانکردووە کە لە ترسی بانگەشەکانی (زیاد) نوێنەرەکەی عەلی بۆ پارێزگاریکردن خۆیدزیوەتەوە. (الأحنف)، رابەری مەعنەوی هەموو خێڵی تەمیم

و سەرۆکی راستەقینەی عەشیرەتی سەعد لەوێ ئامادەبوو، بەڵام بەوپەڕی ئاگایی و ژیرییەوە هەڵوێستێکی بێلایەنانەی نیشاندا، هەرچەندە بێگومان بە نهێنی و لە ژێرەوە لەگەڵ عەلی بوو، هەروەك پێش شەڕی (الجمل). ئەمەیە تاکە دۆخی هاوپەیوەندی کە سەبارەت بەو رابردووە وێناکەی دەبینین، بە تایبەتی لەو جۆرە پڕۆژە دووبارەبووە گاڵتەجاڕیەی رابردوو. مرۆڤ زۆر بە زەقی هەست بە نیگەرانی بەسرە و ئاست و مەودای گۆڕانی بارودۆخەکان دەکات.

زیاد، ئەو گەنجە سەقەفیەی کە ئیبن عەباس دەسەڵاتی شەرعیپێدا، هەرچەندە خاوەنی شەرەفمەندی و پێگەیەکی ئیسلامی و کۆمەڵایەتی گەورە نەبوو چیکرد؟ ئەو کەسەی سەلیقە و تواناکانی بۆ ئەبو موسا و دواتریش بۆ ئیبن عەباس ئاشکرا کردو بەو هۆیەشەوە کردی بە نوسەری خۆی و ئێستاش بە جێنشینی خۆی، چی ئەنجامدا؟ ئەو نوێنەرایەتی شتێکی دیاریکراوی نەدەکرد، بەڵام لە واقیعدا دەسەڵاتی بە فۆڕمە رەمزییەکەی بەرجەستە دەکرد. ئەو لەپشت بەیعەتی بەسرییەکان بوو بە خەلافەتی ئەمیری باوەڕداران (عەلی) کە تا ئەو سەردەمەش لە ئەستۆیان بوو. بەیعەتپێدان کە کردارێکی رووتی هەردوو دەستە، بریتیە لە چەپڵەلێدان بە هەردوو دەست، ئەوەش لە روانگەی بناغەی قووڵی چوارچێوەی ئیسلامی، چوارچێوەی بیروباوەڕ و دەوڵەت هەڵقوڵاوە، لە شێوەی ئەو جڵەوەی مرۆڤ لە گەردنیەوە بە ئیمام و پێشەواکەیەوە دەبەستێتەوە و هەڵناوەشێتەوە. بەیعەتپێدان بەر لە هەر شتێك کارێکی گرێبەستیە: لەلایەك گوێڕایەڵی، لەلایەکیتریشەوە بەڵێندانی راشکاوانەیە بە رەوایەتی حوکم بەگوێرەی ((کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی)). بەڵام چوارچێوەی ئەو ململانێیەی کە هەمووان تیایدا ژیان، ئاسۆکانی ئیشکالیەتی دەسەڵات تێکدەدات و بناغەکانی هەڵدەتەکێنێت، چونکە ئیتر دەکرا روو لە بەیعەتپێدان وەربگێڕن و پاشگەز ببنەوە.

لە دیدی (زیاد)، لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا هەموو شتێك شڵەژا، ئەویش

تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوو. نامەی بۆ عەلی نوسی و پێیڕاگەیاند کە زۆرینەی بەسرییەکان بەیعەتیان بە ئیبن ئەلحەزرەمی داوە. لە راستیدا مەسەلەکە بەو جۆرە نەبوو، بەڵام ئیبن ئەلحەزرەمی بە شێوەیەك ئاماژەی نیشاندا کە بە پشتیوانی لایەنگرانی عوسمان دەستی بەسەر شارەکەدا گرتووە، چونکە عوسمانییەکان لە هەموو لایەك و لە سەرووی وابەستەییە خێڵەکییەکانەوە لەرووی ئایدۆلۆژییەوە پشتیوانی بوون، دەستە و تاقمەکانی سەر بە تەمیم و حەنزەڵە و عەمرو، کە شانبەشانی هێزی عائیشە بەشدارییان لە شەڕی (الجمل)دا کرد. کاتێك زیاد بە تەنهایی مایەوە، ئەویش پەنای بۆ هێزی خێڵ برد و داوای لە سەرۆکی خێڵەکانی (الأزد) و (صبرة) کرد پارێزگاری لێبکەن، لە بەرامبەریشدا (صبرة) بە داواکەی رازیبوو.

ئەوە پرۆسەی زیندووکردنەوەی نەریتێکی جاهیلی کۆن بوو، مانای داکۆکیکردن و پابەندبوونی تەواو تا مردن دەگەیەنێت. لە بەرامبەریشدا بەزاندنی مانای شورەیی و لەکەدارکردنی شەرەف دەگەیەنێت. ئەوەی لێرە سودی لە پارێزگاری و هاوسێیەتی وەرگرت (زیاد)ی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو ئەو کەسە سودمەند بوو کە جڵەوی دەسەڵاتی شەرعی وەرگرت، لە پێشیانەوە تاقەتکاری (بيت المال)، خەزێنەی گشتی یان دارایی گشتی. بەو پێیەش چووە پاڵ (الأزد) و لەگەڵ خۆیدا خەزێنەی گواستەوە و بردی. ئیبن ئەلخەزرەمی بە هەڵنانی لەلایەن لایەنگرانی عوسمانیزمەوە هاندەدرا دەست بەسەر کۆشکدا بگرێت، ئەو سەراو قەڵایەی کە نیشتەجێکەی و ناوەندی دەسەڵات و سیمبوڵە بەهێزەکەی جێیهێشت. بەڵام (الازد) خۆی رێکخست وەك ئامادەبوون بۆ شەڕ، (الأحنف)یش هەمان کاری لەگەڵ سەعد و تەمیم کرد. بەو شێوەیە هێزە خێڵەکیە رێکخراوەکان پێشکەوتنی خۆیان بەسەر هێزە بەحزب کراوە عوسمانییەکاندا نیشاندا، کە دواجار پاشەکشەیان کرد. بەمشێوەیە پێدەچێت ئەو پارێزگارییەی بە زیاد بەخشرا، شەخسی (زیاد)ی تێپەڕاند، چونکە هەموو دەسەڵاتی گرتەوە، تەنانەت لە دەرەوەی پلانەکانی خێڵی

(الأزد). له راستیدا گەمەی خێڵەکی گەمەیەکی روون و پاك نەبوو، لەبەر ئەوە کە هاریکارییەك بە فۆڕمی سیاسی لە نێوان (الأزد) و گروپێکی سەر بە تەمیم درووست بوو بۆ رێگرتن له دەستبەسەرداگرتنی کۆشك.
خێڵی (الأزد) کاروبارەکانی دەسەڵاتی له مزگەوتی (الحدان) وەك بڵنگۆ و شوێنی حەوانەوە دایە دەستی زیاد، بەو شێوەیە توانرا پارێزگاری لە دەسەڵاتی شەرعی بکرێت. بەو پێیەش گروپێکی خێڵەکی تایبەت بە پشتبەستن بە بەهای عەرەبی و خێڵەکی رووت ئەرکی پاراستنی دەسەڵاتی گشتیان خستە سەر ئەستۆی خۆیان، کە بەشێکە لە ترۆپکی کەلتوری ئەنترۆپۆلۆژی کۆنی عەرەب. دەوڵەت گوێڕایەڵی ئەم بنەمایە دەکات، بەڵام لەوپەڕی ئاستەکانی لاوازیدا، پارێزگاری لە جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی دەکات و ستایش دەکرێت و رێزی لێدەگیرێت. شتێکی جەوهەری بوو کە زیاد پارێزگاری لە ئامادەگی ئەو کەلتورە بکات، چونکە هەر کەلێن و بۆشاییەك لەناو دەسەڵاتدا بۆی هەیە ببێتە کارەسات. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بپرسین سەبارەت بەو هۆکارەی وایکرد سەرۆکی خێڵی (الأزد) بەو جۆرە رەفتار بکات. ئایا هەڵسوکەوتی تەنها لەبەر چەند هۆکارێکی شەرەفمەندیی خێڵەکی و هاوسێیەتی بوو یان لەژێر کاریگەری هاندان و جۆشدانی خێڵەکیدا بوو، بەهۆی ناحەزی لەگەڵ خێڵی تەمیم کە پێشوازی لە ئیبن ئەلحەزرەمی کرد؟ زیاد بەو بەهایانەدا هەڵدەدات کە سودییان بە پرسە بنەڕەتیەکە و دڵسۆزی ئیبن ئەلحەزرەمی و هەستکردنی قووڵییان بە شکۆو شەرەفمەندیی دەگەیاند، هەر ئەو هاوسەنگیەش وایلێکربوون لە رابردوودا دژی ئەمیری باوەڕداران شەڕ بکەن، ئەو هاوسەنگیەشە ئەمڕۆ بۆ چوونە سەر رێچکەی راست تەوزیف دەکرێت. ئەوە تێڕوانینێکی ساویلکانەیە، بەڵام تێڕوانینێکی راستەقینەیە. ئەوە بوو روحییەتی بەسرە، بە تایبەتیش روحییەتی خێڵی (الأزد).
بەسرە شارێك بوو سەرەتایەکی ئاسایی بوو، لەو خۆنیشاندانە ساویلکەییە رزگاری بوو کە سنوری چەقی ئیمپراتۆریەتەکان (کوفە)ی بڕی. بەسەرە شارێك

بوو بە هێواشی گەشەیدەکرد، خاوەنی رابردوویەك بوو لە لکاندنی بە پاشکۆی ئیمپراتۆریەت. جگە لەوەش خەڵکی شارەکە پێکەوە گونجاو بوون، چونکە تەنها چەند گروپێکی خێڵەکی گەورەی لەخۆگرتبوو وەك: (الأزد، تمیم، عبدالقیس، بکر، قیس). سەرۆکایەتیکردنی خێڵ و هۆزەکان لە بەسرە بەردەوام زیاتر لەوەی لە کوفە دەگـوزەرا، گەشەیدەکرد، لەپاڵ لە ئامێزگرتنی ئاسایشی ناوخۆیی و پێکەوەژیانی نێوان خێڵ و هۆزەکانی. هەر لە سەرەتاوە بەسرە لەسەر بنەمای کۆچکردنێکی ئاشتیانە لە پێناو ژیانێکی باشتر دامەزرا. هەڵبژاردنی ئەو ژیانە باشترە لە ئەنجامی دروستبوونی سیستمی ئیسلامییەوە پتەوتر بوو. کاتێك عەلی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو شارە کە زۆر قەرزاری عوسمانی کوڕی عەفان بوو، بە تەواوەتی بەیعەتی دایە عەلی، بەبێ هیچ کێشە و گرفتێك.

هاتنی عائیشە و تەڵحە و زوبێر بۆ بەسرە هۆکارێك بوو بۆ دروستبوونی هەڵچوون، دابەشبوونی ناوخۆیی و هەڵگەڕانەوەی زۆرینە لە بەرژەوەندی قەزیەی کوشتنی عوسمان. ئەوە بە پاڵنەری مەزهەبی ئایدۆلۆژی رووینەدا، بەڵکو بە گیانی رێزلێنان لەو سیمبوڵە گەورەیەی ئیسلام بەرجەستەبوو، بە جۆرێك کە خوداپەرستی و هەستی شەرەفمەندێتی عەرەبی لە بەرگریکردنی ساماناك لە حوشترەکەی ئاوێتەی یەکتریبوون. ئەو جۆرە لە خوداپەرستی و شەرەفمەندێتی کە لە بەرزترین ئاستەکاندا لەلای (صبرة)، سەرۆکی خێڵی (الأزد) بەدیدەکەین. لەلایەکی ترەوە هۆزی (عبدالقیس) لە بەسرە چووە پاڵ عەلی، بەڵام ئەوە بە کاریگەری ویستێکی سیاسی – دیینی نەبوو، بەڵکو بەهۆی کاریگەری ئەو توڕەییەوە بوو کە لە ئەنجامی سەربڕینی جگەرگۆشەکانیان دروستببوو. لە راستیدا دیوێکی کاتی لە بەڵێنەکانی خەڵکی بەسرەدا بوونی هەیە، جگە لە هەڵچوونی توندی حەماسی کەمینەکان شتێکی سەرەکی ئەوتۆ نییە بۆ باسکردن. دەکرێت بڵێین ئەزدییەکان نەچوون بۆ شەڕی (صفین)، بەڵام لە بەرامبەردا خێڵی رەبیعە قارەمانانە بەشدارییان تێدا کرد. ئیمڕۆش هۆزی بەکر خۆدەدزێتەوە لە پارێزگاریکردنی زیاد، خێڵی (عبدالقیس)

یش لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نییە.
ئایا لێکدانەوەکانی موعاویە هەڵە بوون؟ لە چیدا هەڵە بوو، ئایا لە مەزەندەکردنی توانا و لێوەشاوەیی زیاد هەڵە بوو؟ راستیەکەی ئەوەیە کە لە ئەنجامی گەمەی هاوسەنگی ململانێی دووجەمسەری نێوان خێڵی (مچر) و یەمەن هەڵە بوو، لێرەش لە گەمەی نێوان تەمیم و (الأزد) هەڵە بوو، لەوانەیە ئەوە لەژێر کاریگەری فیتنەدا بووە. بەڵام ئێمە دەبینین تەمیم، جەماعەتی (الأحنف) لە سەعد دابڕێنرا، ئەزدییەکان بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر یەکگرتوو بوون و لە دەوری گەورەکەیاندا کۆبوونەوە. خاڵێکی جەوهەری دەمێنێتەوە: هەمان ویژدانی ئیسلامی رەنگکراو بە بەها عەرەبییەکان، هەمان تەقوای ساویلکانەی (صبرة بن شیمان)، کە لە کێشەی عائیشە و کەسێتیەکەیدا چڕ کرایەوە و بە شێوەیەکی جەستەیی لە بەسرە بەردیدە بوو، هەر ئەوەش بوو سەرەڕای شەڕی (الجمل) بۆ عەلی گوازرایەوە. با گوێ لە قسەکانی (صبرة) بگرین: «وەڵڵاهی ئێمە لە رۆژی دواییدا لە شەڕی عەلی دەترسین، زیاتر لە ترسامنان لە شەڕی موعاویە لە دونیادا». با گوێ شلکەین بۆ وتەیەکی تری سەرۆکێکی بەسرایی خاوەن دەنگێکی پچڕپچڕ کە دەڵێت: «وەڵڵاهی رۆژێك لە رۆژەکانی عەلی لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) زۆر لە موعاویە و ئال موعاویە چاکترە». بابەتەکە زۆر روونە. سەرۆکی ئەزدییەکان خاوەنی هۆشیاریەکی ئیسلامی قووڵە کە پشت بە میتامێژووی پێغەمبەرایەتی دەبەستێت، هەروەها رێز لە هەموو سیمبوڵە گەورەکان دەگرێت: عائیشە، عوسمان، تەڵحە، زوبێر و عەلی. هێزی هەستی ئیسلامی لەسەر کەسەکان چڕبۆتەوە نەك لەسەر قورئان، بۆ نموونە سەبارەت بە قورئانخوێنەکان. ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، خانەدانە تەقلیدییەکانی بەسرە ئەوانەی بنەچەی دێرینیان هەبوو، کەوتبوونە بەر کاریگەری بیرۆکەی پایەبەرزی گەورە ئەسحابەکان چونکە ئامادەبوون تاعەت و گوێڕایەڵیان بکە ن، بەڵام لە کوفە وانەبوو.
تا ئێستا دەستپێشخەریەکە تەنها لەلایەن (زیاد)وەیە، بەڵام عەلی بەشداری

له گەمەکەدا دەکات. چیدەکات؟ ئەویش نێردراوێك رەوانە دەکات، بۆ ئەوەی رووبەڕووی کاری نێردراوەکەی بوەستێ و رێگری لێبکات، ئەویش بۆ خۆی کارتی خێڵایەتی بەکاردەهێنێت. لە دوای شەڕی (صفین)وە، تەنانەت پێشتریش چەندین گروپ و تاقم لە بەسرییەکان لای عەلی لە کوفە نیشتەجێبوون. ئاشکرایە کە (الخریت) لە نێوانیاندا بوو، لەوانەشە هەندێك لە خێڵی (عبدالقیس)، بە تایبەتی هۆزی تەمیمییەکان لەگەڵ ئەعیون کوڕی زوبێعە ئەلمەجاشعی و جاریەی کوڕی قودامە لە نێوانیاندا بووبن.

ئەوانە موالییەکان بوون کە دەیانویست لە گۆڕەپانی رووداوەکاندا خزمەتی ئەمیری باوەڕداران بکەن و لە هاوسێیەتیدا بژین. لەبەر ئەوەی کە تەمیمییەکانی بەسرە پێشوازییان لە ئیبن ئەلحەزرەمی کردو پشتیوانیان لێکرد، بۆیە وا بە باشتر زانرا کەسێکی تەمیمی بنێردرێت، ئەویش ئەعیون ئەلمەجاشعی بوو، مەبەستەش ئەوە بوو هەوڵبدات لە ئیبن ئەلحەزرەمی دووریان بخاتەوە و پەرتەوازەیان بکات و یەکێتی نێوانیان لاواز بکات. ئەعیون ئەلمەجاشعی سەر بە (مجاشع) بوو، کە تیرەی عەشیرەتی سەرەکی (الحتات) بوو لە دارم، هاوشانی (الأحنف) کە یەکێك بوو لە گەورەکانی خێڵی تەمیم. وەلحاڵ گوماندەکرێت (الحتات) لە موعاویەوە نزیك بووە، هەروەها عەشیرەتی مەجاشع لە سەردەمی ئومەویدا بووەتە خاوەنی سۆز و رێزگرتن لەلایەن دەسەڵاتەوە، چونکە بەناوبانگە بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ بنەماڵەی ئومەییە. دەشکرێت باوەڕ بەوە بکرێت کە بە تایبەتی لەناو ئەم عەشیرەتەدا گروپ و تاقمە بەرفراوانەکانی دارم و حەنزەڵە هەبوون کە بۆ عوسمانیزم زۆر بە حەماس بوون. لەبەر ئەوەش کە ناسنامەی حزبیبوون سنوری دابەشبوونە خێڵەکی و عەشائیرییەکانی تێپەڕاند، بۆیە عوسمانیزم لەو ماوە هەستیارەدا تا ئاستێکی دوور لەگەڵ عەشیرەتەکانی تەمیم وێکدەهاتەوە و رێککەوتبوو. بە واتایەکی تر، سەبارەت بە خێڵی (الأزد)یش، پابەندێتی خێڵی تەمیم بە تەنها کاریگەری لەسەر ململانێی نێوان خێڵەکان لەسەر پێگەو دەسەڵات نەبوو، بەڵکو دامەزرێنەری

عوسمانیزم بوو، زۆر بەهێزو بە ئاستێك لەناو خۆیدا وێنای کردبوو کە بەهۆیەوە نێردراوەکەی عەلی تیرۆر کرا. دەستتێوەردانی دەسەڵاتی باڵا هاوسەنگی و بنەماکانی لەرزاند، لانیکەم لە خواست و نیازەکانیاندا. لە سەرووی ئەوەشەوە زۆرێك لە تەمیمییەکان رووبانکردە جاریە و چوونە پاڵ هێزە شەڕکەرەکەی، ئەوەش سەری لایەنگرانی عەلی بەرزکردەوە. دوو بزوتنەوە دەستیان بە جووڵە کرد: صبرە و ئەزدییەکان لەگەڵ زیاد لەلایەك، جاریە و پیاوەکانی لەلایەکی ترەوە. شەڕەکە لە دژی ئیبن ئەلحەزرەمی و لایەنگرانی دەستیپێکرد و بە تێکشکاندنیان کۆتایی پێهات. ئەگەرێکی لاواز هەیە کە ئەزدییەکان بەشداری ئەو شەڕەیان کردبێت، ئەگەر وابوایا ئاگری هەڵچوونی دەمارگیری خێڵەکی دادەگیرسا.

بەرەنگاربوونەوەی نێوان تەمیمییەکان تا ئاستێکی زۆر لە چوارچێوەی لایەنگری عوسمانیزم و پشتیوانیان بۆ عەلی قەتیس مابوو، واتا چەند هەزار کەسێکیان دژی شەپۆلەکە بوون. لە دوای رێگەی دیپلۆماسیەت و مانۆڕو فرت و فێڵە خێڵەکییەکان، چەك قسەیکرد. بەڵام بەسرە لەبەردەم بەرپابوونی توندوتیژی، وەك تەماشاکاری هەردوو بەرە بەشەڕهاتووەکە مایەوە. کێشەکە بە دیمەنێکی ترسناکی بێوێنە کۆتایی پێهات. لە دوای ئەو دۆڕانەی کە هەڵاتنی بەدوای خۆیدا هێنا، ئیبن ئەلحەزرەمی لەگەڵ (70) کەس لە لایەنگرانی پەنای بۆ قەڵای (صنبیل) برد، کە میراتی ساسانییەکان بوو لە ناوجەرگەی قەڵەمڕەوی تەمیم. بەڵام جاریە گەمارۆی داو داری وشکی کۆکردەوە و ئاگری لە قەڵاکە بەردا. ئەزدییەکان لێگەڕان تاوەکو بەرپرسیارێتی ئەو کارە بکەوێتە ئەستۆی و پێیانوت: «ئەوانە قەومی خۆتن»، بەڵام شوێنەکە سوتا و پیاوەکانیش گڕییان تێبەربوو سوتێنران. ئیتر لەو کاتەوە جاریە بە (سوتێنەر) ناوزەد کرا.

دەوترێت فیتنە چەندین داهێنان و شێوازی لە بواری میتۆدی مامەڵەکردنی دوژمن هێناوەتە ئاراوە، بە تایبەتی لە قۆناغی کۆتایی فیتنەدا، کە بە جۆرێکی بێهاوتا و توند لە بەسەرهاتەکاندا چەسپێنراوە. کەواتا بەسرە بە گوێڕایەڵی

مایەوە، بەڵام ئەو بەرەنگارییەی موعاویە دەستیپێکرد گەورە بوو، شارەکەش سەرەڕای هەڵوێستی جیاوازی ئەزدییەکان بە نەرمی وەڵامیدایەوە. ڕاستە کە ڕوداوەکە دیالیکتێکی گرنگ لە نێوان خێڵ و دەوڵەت و هەستی ئاینیدا ئاشکرا دەکات، بەڵام هەمانکاتیش بەردەوامی هەستی ئاشتیانەی ناوخۆیی و دەرەکی و ڕەتکردنەوەیەکی قووڵی شەڕ و سەلبیەتێکی نامۆ ئاشکرا دەکات. ناکۆکی و ململانێکە لەسەر بەسرە بوو، بەڵام ئەو شارە خۆی وەك چەقی بزواندنی سیاسی و ئایدۆلۆژی بەرجەستە نەکرد. ئای کە چەند چارەنوسێکی سەیر تووشی ئەو هەرێمە بوو کە لەناو دوو ئەزمونی دژبەیەکدا ژیا، چونکە بەسرە لە (الجمل) دا دژی عەلی شەڕی کرد، بەڵام لە (صفین) لەگەڵ بوو، دواتریش سەرکێشیەکەی ئیبن ئەلحەزرەمی بووە هۆی دروستبوونی چەند بزاڤ و ڕاپەڕینێکی لەناو خاکی ئێران، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو بەرئەنجامە هۆکارێك بوو بۆ سازدان و ئامادەکردنی دەروون و عەقڵیەتەکان بۆ ڕازیبوون بە خەلافەتی موعاویە، بەبێ کێشە و هەبوونی قەیرانی ویژدان لە دوای کوژرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب.

# پێگەی ئێران لە ستراتیژی فیتنەدا

پێدەچێت کێشەی بەسرە و (خرێت)یش، دەرئەنجامی خراپی لەسەر هەڵوێستی گەلانی ژێردەستەی وڵاتی فارس و کرمان هەبووە لە هەمبەر دەسەڵاتی عەرەبیدا. لاوازکردنی دەسەڵاتی عەلی لەناو خودی بەسرە و سیمای ئەو شارە دابەشبووە گیرخواردووە بە نائارامی و ئاژاوە، لە کاتێکدا عەرەبەکانی کەنار دەریا خەریکبوون لە فەرمان و گوێڕایەڵی دەردەچوون، تەنانەت بە زەبری هێز ناچارکران. ئەم دیمەنە بەرجەستەبووە لەبەر دیدی دانیشتوانی ڕەسەنی بەسرە هانیدان لە پێدانی ئەو باج و خەڕاجە بوەستن کە بەسەر زەوییەکاندا سەپێنرابوون، تا ئەو ئاستەی لە ساڵی 39ی کۆچیدا وێرایان کاربەدەستی کۆکردنەوەی باجەکان (سەهل کوڕی

حونەیف) و کارمەندانی تری دەسەڵاتی کۆکردنەوەی باج دەربکەن. دابەشبوون و ڕەتکردنەوەی پێدانی باج، هێشتا نەببووە یاخیبوونێکی گشتی، بەڵام وڵاتی فارس (ئێران) کڵپەی کردبوو.

لەو سەردەمەدا وڵاتی فارس تەنها بەشێك بوو لە وڵاتەکانی هەرێمی ئێرانی گەورە و لانکەی بنەچەی فارسی و ناوەندی ئایینیان بوو، هەر لەوێشەوە ڕەچەڵەکی هـەردوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری گـەورەی ئێران (ئەخمینی) و (ساسانی) سەریانهەڵداوە. ئەو سەنتراڵیە مێژووییە، ئاینییە سیاسیە وای لە ئەغریقییەکانکرد ناوی (فارسەکان) بەسەر هەموو کۆمەڵگەی ئێرانیدا بەکاربێنن، ئەوەش ناوێکە هەموو سەرچاوەکانی خۆرئاوایی کردوویانەتە بنەما، هاوکات لەگەڵ جیاکردنەوەی لەلایەن مێژوونوسان و جوگرافیاناسەکان بە تایبەتی، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناوی (perside)ی کەم بەکارهێنراو گەڕاندوویانەتەوە سەر ئەو ناوچەیە. لە بەرامبەریشدا، عەرەبە دێرینەکان ئەو دیدگا بەشبەشکراوەیان دەربارەی ڕوانگەی وڵاتەکە لە فارسەکانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە: هیچ وشەیەك نییە ئاماژە بۆ تێکڕایان بکات، بەڵکو وابەستەبوونێك هەیە بە ناوە جیاوازەکانی ئەو شوێن و ناوچانەی کە وەك هەرێمی لێکجیاکراوە درکیانپێکراوە، بۆ نموونە: فارس، کرمان، ناوچەی چیاکان (ئەو بەرزاییە ناوەندییەی کە نیوەی باشوری لەگەڵ میدیا ئاوێتە بووە، سەجستان، خوراسان، ئازەربایجان، تەبەرستان.. و.. هتد. قورسایی هەوڵەکانی پرۆسەی فەتحی عەرەبی بە درێژایی ماوەی خەلافەتی عومەر و عوسمان لە نێوان (13 – 35ی کۆچی)دا لە چوارچێوەی دوو شەپۆلی بەدوایەکدا لە وڵاتی فارس و ناوچەی چیاکان چڕبوونەوە، چونکە بە تەنها ئەو دوو هەرێمە بە ڕاستی لە سەردەمی فیتنەدا خرابوونە ژێر ڕکێفی قەڵەمڕەوی عەرەبی ئیسلامیەوە. سەرەڕای ئەوەش پرۆسەی فەتح لە خوراسان و سەجستان لە شێوەی بەسەرکشاندا بوو بەو هۆیەشەوە قابیلی لاوازبوون و پاشەکشەکردن بوو. وڵاتی فارس و کرمان و نیوەی باشوری ناوچەی چیا لە ڕووی یاساییەوە

پاشکۆی ویلایەتی بەسرە بوون، بە شمشێری رۆڵەکانی بەسرە فەتحکران. بەڵام لە سەرەتاوە خێڵەکانی بەحرێن (عبدالقیس، ناجیە) بوو کە دەستیان بە فەتحکردنی ئەو ناوچانە کرد، پاشان چوونە پاڵ هێزی والی بەسرە (ئەبو موسا) بۆ ئەوەی تەواوی هەرێمەکە کۆنترۆڵ بکرێت. پێشبینی دەکرێت بەشی هەرە گەورەی ئەو ناوچانە لەگەڵ بەسرەدا ئاوێتە کرابێتن، بەڵام هەندێکیان لە ناوچەی کەنار (الأسیاف) نیشتەجێبوون.

سەرەڕای روخانی دەسەڵاتی ساسانییەکان لە شەڕی نەهاوەند لە ساڵی (21ی کۆچی/642ی زایینی)دا، فەتحکردنی وڵاتی فارس، هەروەك فەتحکردنی خاکەکانی تری ئێران پرۆسەیەکی هێواش و قورس بوو. دانیشتوانی ئەو ناوچانە گەلێکبوون لە گەورە و دەستڕۆیشتوان، کە بە پێچەوانەی گەلانی تر (کۆیلەکانی دەشتی وڵاتی رافیدەین و میسر) بەرگرییان لە خاکی نیشتمانەکەیان کردو بە باشی لەلایەن دەسەڵاتە ئەرستۆکراتیەکەیانەوە جۆشدرابوون، کە پێدەچێت هەموویان لە شەڕەکانی ئەلقادسیە و نەهاوەند تێدا نەچووبن. بە نزیکی لە هەموو شارێکدا عەرەبەکان سەرۆکێکیان دەبینیەوە بڕیاری شەڕکردن یان خۆبەدەستەوەدان بدات، واتا یان ئەوە سەرکردایەتی شەڕەکە بکات یان سەبارەت بە مەرجەکانی چۆکدادان و خۆبەدەستەوەدان دانوستان بکات. لە دەرەوەی پێدەشتە کارییەکە، کە وڵاتێکی گەرمە، وڵاتی دەوڵەمەندی فارس، وڵاتێکی ساردو تەنراو بە چەندین شار و قەڵاکان، وڵاتێکی شاخاوی سەخت و پڕ پێچاوپێچ، سەدان گوندو دێهاتی هەبوو کە بەهۆی سەدان قەڵا و شوراوە پارێزگارییان لێدەکرا، جگە لە بوونی چەندین شارو پایتەختی ناوچەکان وەکو: ئەستەخەر، شاری پیرۆز، شاپور، ئەرجان، درابگرد، ئەردەشیر خرە و شیراز. وڵاتی فارس جیهانێکی رێکخراوو دامـەزراو، خاوەنی کشتوکاڵی بەپیت و پیشەسازی دەست بوو، کە پشتی بە رستن و چنین دەبەست. لەو وڵاتە کۆمەڵگەی شوانکارەی دەشتەکی، شارنشینانی پیشەوەر، جوتیارانی گوندنشین و جیهانێکی دوورەدەست و دابڕاویش هەبوو،

کە خاوەنی ریتمێکی ئەرەستۆکراتی توند بوون. عەرەبەکان (10) ساڵیان پێویست بوو تاکو توانیان دەست بەسەر وڵاتێکی ئاوهادا بگرن، ئەو پرۆسەیەش لە نێوان (19 تا 29ی کۆچی) بەردەوام بوو، ئەوە بەبێ ئەژمارکردنی پەلامارە سەرەتاییە بێسەروبەر و رێکنەخراوەکانی بەحرێنییەکان. فەتحکردنی راستەقینەی وڵاتی ئێران لە ساڵی (23ی کۆچی/644ی زایینی) لە سەردەمی ئەبو موسای ئەشعەری لە بەسرەوە دەستپێکرد. بە گشتی ئەبو موسا لە رێگەی سازش و رێککەوتنەوە توانی دەستبگرێت بەسەر زۆربەی شارەکاندا، هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی جزیەی گشتی لە خەڵکەکە.

عەرەبەکان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ نەبوون، بەڵکو بە چۆکپێدادان و خۆبەدەستەوەدانیان وازییان هێنا، بەڵام لە دوای جێهێشتنی شارو ناوچەکاندا فارسەکان یاخیدەبوون و رادەپەڕین، بەو هۆیەشەوە سەرلەنوێ پرۆسەی فەتح دەستپێکردەوە. هەوڵی هەرەزۆر و یەکلاکەرەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی فارس لە ساڵی 29ی کۆچی لەسەردەستی (ئیبن عامر) والی بەسرە لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان دەستپێکرد. لەو کاتانەدا، بەسرە لە ئەنجامی شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەرانی نوێوە زۆر گەورە بوو. ئەمجارەیان پەلاماردانی چڕ دەستپێکرد، بەڵام هەمان شێوازی پەلاماردان لەلایەن ئیبن عامر دووبار بۆوە: فەتح، دووبەرەکی و هەڵگەڕانەوە، فەتحی نوێ. بەڵام لەو پرۆسانەدا ئیبن عامر بە توندی هێرشی کردو توندوتیژی و داپڵۆسینی توند بەکارهێنرا. بۆ نموونە لە ئەستەحەر قەسابخانەیەکی راستەقینە رویدا، لە کۆتاییدا وڵاتی فارس لە ساڵی (30ی کۆچی)دا خۆی بەدەستەوەدا، ئەوەش بەهۆی لاوازبوون و تەواوبوونی تواناکانی و روخانی ورەی جەنگاوەرەکانیەوە بوو.

ئایا بارودۆخی پێدانی باج لەو هەرێمەدا چۆن بوو؟ لە ماوەی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی فەتح لەسەر دەستی ئەبو موسا و عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاص، چەندین حاڵەتی سازش و رێککەوتنی نێوان هێزەکان و شارەکان و ناوچەکانی

هەرێمەکەمان بۆماندەگێڕنەوە، کە پێدانی باجێکی گشتی بـەدوادا هاتووە، بەڵام دووبارکردنەوەی فەتح لەلایەن (ئیبن عامر)ەوە توندوتیژ بوو، بە جۆرێك بوو کە خەڵکی وڵاتی فارس ناچارکران باجی سەرو باجی سەر زەویش بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی یاسا وەك بێباوەڕە پارێزراوەکان لە سایەی ئیسلامدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. ئێمە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی قەبارەی داهاتەکان و شێوازی کۆکردنەوەیان نازانین، بەڵام لە دواییدا ئاشکرا بوو کاتێك موعاویە زۆری لە زیاد کرد تەنها (2) ملیۆن درهەمی لە داهاتەکان بۆ بنێرێت، کە ئەوە بڕێکی کەمە بە بەراورد لەگەڵ داهاتی بەسرە کە (60) ملیۆن درهەم بوو.
پێشبینی دەکرێت ئەو هەرێمە کە هۆکاری دەوڵەمەندبوونی بەسرە بوو، چونکە داهات و سەرچاوە سەرەکییەکانی لەوێوە پێدەگەیشت، بە ئەهوازیشەوە باج و خەراجێکی ئەوەندەی دەدا کە پێشبینیکردنی زەحمەتە. عەرەبەکان درکییان بەوە کرد کە زۆر پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئەرەستۆکراتە لۆکاڵییەکاندا بگەنە لێکگەیشتن، چونکە تەنها ئەوان دەیانتوانی ئەو وڵاتەیان بۆ رابگرن، لە بەرامبەریشدا دەبێت پشکی خۆیان لە دەسەڵات و هێز لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بۆ دەستەبەر بکەن. بەو شێوەیەش پێویستبوو لەسەر سەرکردە فارسەکان خۆیان باجەکان کۆبکەنەوە و بیدەن بە کاربەدەستە عەرەبەکان. پێشدەچێت هەندێك شاری وڵاتی ئێران، تەنانەت ئەوانەی بەزۆر فەتحکرابوون، بەردەوامبوون لە پێدانی باجی گشتی لەو کاتەوەی کە سەرۆکەکانیان توانیان دووبارە هێزەکانیان درووست بکەنەوە، چونکە ژێرخانی وڵاتە لەرزۆك و هەڵوەشاو نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە فیوداڵەکان رۆڵی درووستکردنی پەیوەندییان لە نێوان فەتحکاران و دانیشتوانی ناوچەکاندا دەبینی، بەوەش توانیان پارێزگاری لە دەسەڵات و پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵدا بکەن.
لە دوای سەرهەڵدانی کێشەی بەسرە، وڵاتی فارس زاتی ئەوەیکرد راپەڕێت، بەڵام لەناوبردنی بەلای عەرەبەکانەوە زۆر ئاسان بوو، چونکە جگە لە یاخیبوونێکی

شەرمنانە شتێکی تر نەبوو، بەڵام بۆی هەبوو ببێتە هەڕەشە و یاخیبوونێکی گشتگیرو فراوانتر. لە دیدی مێژوونوسدا پرسەکە گرنگە، چونکە لاوازی روانگەی مەدەنی بۆ ئازادی پیشاندەدات. دواتر گرنگیەکەی زیاتریش بوو، چونکە خۆی بینیەوە کە بەستراوە بە هەڵکەوتنی ئایندەیەکی دانسقە، ئایندەی زیادی کوڕی عوبێد، کە دواتر ناوی بووە زیادی کوڕی ئەبو سوفیان، واتا برای موعاویە (لە باوکەوە). موعاویە وەك برای سروشتی خۆی تەماشایدەکرد و کردی بە گەورەی عێراق و پانتایی ئێران، بە شێوەیەکی پراکتیکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی خەلافەتی ئیسلامی لەگەڵ دابەشکرد. لە کێشەی بەسرەدا، زیاد دەستپێشخەرییەکی گەورەی نیشاندا، بۆیە کارێکی ئاسایی بوو کە ئیبن عەباس دەستنیشانیبکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی وڵاتی فارس و کرمان بکاتەوە و بە سوپا (4) هەزار سەربازییەکەی کە لە بەسراییەکان پێکهاتبوو بچێتەوە ناو خاکەکەی. بەسراییەکان ئەو دوو هەرێمەیان بە موڵك و هەرێمی خۆیان دەزانی. ئەوان باج و خەراجی بڕاوو کورتهێنراوییان بە کەموکورتی لە بەخشین و خەراجەکانیان دەدایە قەڵەم، بەوەش بەسراییەکان یەکەم لایەنی پەیوەندار بوون بەو مەسەلەیەوە، بۆیە پێویستبوو لەسەرییان بەرگری لە داهاتەیان بکەن کە بە هێزی چەك بەدەستییان هێنابوو. بەڵام لێرەدا درك دەکرێت بە دیالیکتی کارپێکراو لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و ئەو هێزگەلە جەنگیەی ئوممەت پێکیهێنا، چونکە دەوڵەت پێی وانییە ئەوان بەبێ پێشەوایەك لە پێناو سامانەکانیان، یان لە پێناو بوونی بەکۆمەڵیاندا بجەنگن. کەواتا دەسەڵاتی باڵا فەرمان دەکات و دەستەبەری دەکات، کارو چالاکیە جەنگیە ئیمپراتۆرییەکانی بۆ بڵندی ئەرکی جیهاد ئاراستە دەکات، هەروەك چۆن یەکپارچەیی ناوخۆیی و بوونی بەکۆمەڵی دەگرێتە ئەستۆی. بەم پێیە عەلی یان نوێنەرەکەی ئەرکەکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و فەرماندەکەن بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێك بۆ بەرگریکردن لە یەکێتی ناوماڵی ئیسلام و بەرژەوەندییەکانی بەرەیەکی ئوممەتی ئیسلام کە رابەرایەتی دەکەن. زیاد بە ناوی عەلیەوە پێی

خستە ناو خاکی فارس بۆ ئەوەی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەکەی لەناوبەرێت، هەر بەناوی ئەوەوە بۆ ماوەیەك کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات و تیایدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی سوکایەتی بە موعاوی دەکات. گێڕانەوە و سەرگوزشتەکان دەربارەی هەڵسوکەوتی زیاد جۆراوجۆرن. لە دیدی هەندێکیاندا پێدەچێت زیاد تا ئەوپەڕی هێزی بەکارهێناوە، بەڵام لە دیدی هەندێکی تردا، پێویستی بە بەکارهێنانی هێز نەبووە، بەڵکو بە جۆرێکی باش ستراتیژێکی سیاسی لێوەشاوەی پیادە کردووە.

لە راستیدا لە کاری (زیـاد)دا دوو ماوە هەیە: یەکەمیان ماوەی لەناوبردنی هەڵگەڕانەوە، دووەم ماوەی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی فارس. لە قۆناغی یەکەمدا، وا پێویستیدەکرد زیاد هەردوو ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و شارەزایی سیاسی پەیڕەو بکات، لە ڕێگەی فێڵکردن لە ناحەز و نەیارە فیوداڵییەکان، واتا لەلایەك بەخشندە و بەڵێندەر، لەلایەکی تریشەوە پەلاماردەر و بە هەڕەشە بوو. ئەو لە یەککاتدا ژیرانە توانی سود لە پارچە پارچەبوونی وڵاتی فارس و هێزی لەقاڵبدانی ئەرستۆکراتی وەربگرێت، ئەو دوو ریتمەی کە ساسانییەکان جێیانهێشت و عەرەبەکانیش پارێزگارییان لێکرد، بەڵکو گەورە و فراوانترییان کرد. تەنها بە هەبوونی بونیاتەکان، عەقڵانییەت دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت. زیاد سەرکەوتوانە توانی یاری بەو سەرۆکانە بکات کە دواجار لەگەڵ یەکتردا بەشەڕهاتن و هیچ دەستەگەری و شەڕێك لەلایەن ئەوانەوە نەبوو، بەڵکو هیچ شەڕێکی ڕێکخراو لەناو ریزەکاندا درووست نەبوو.

دوایئەوەی ئارامی گەڕایەوە، زیاد لە قۆناغێکی تردا بۆ ماوەی (4) ساڵ حوکمیکردن، ئەو ماوەیە بە (بەسەرهاتی کیسرا ئەنۆشیروان) ناسراوە، ئەو ئەزمونە فارسیە – عەرەبیە - عەقڵانیە سیاسیە کۆنەی بەرجەستە بوو. زیاد وەکو سەرکردەیەکی فەتح رەفتاری نەکرد، بەڵکو وەکو شوانێکی باش رەفتاری دەکرد. ئەو وڵاتی فارسی هەڵخەڵەتاند، کە نەك تەنها نەچووە ژێر رکێفیەوە، بەڵکو بەو زیادە لێیان دەڕوانی کە لە قەڵایەکی سەختی ئەستەخەر نیشتەجێبوو. لە کاتی مردنی

عەلی، زیاد گەورەی وڵاتی فارس بوو، دەستی بەسەر دەرامەت و داهاتەکانیدا گرتبوو. لە دوای دوو ساڵ بەسەر گەیشتنی موعاویە بە کورسی خەلافەت، سور بوو لەسەر دانپێدانەنان بە دەسەڵاتەکەیدا. ئەوە مانای وایە زیاد لە دەرەوەی دەسەڵاتی شەرعی ئیسلامی، ببووە جۆرێك لە پادشا لەسەر وڵاتی فارس، پاشان وەرچەرخانێکی پەسەندکراو و خێرا لە چوارچێوەی سیستمی ئومەویدا رویدا. ئەمە خاڵێکی گرنگ و شایەنی ئەوەیە پێداگری لەسەر بکرێت: هەنگاوەکانی سەرەتا بۆ دانانی کاریگەری فارسی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە و شارستانیەتی عەرەبی لەلایەن (زیـاد)وە بوو، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو تێربوونەوە بوو کە لە ئەنجامی مانەوەی لەو وڵاتە پێیگەیشت. بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆمان گرنگە، بریتیە لەو جیاوازییە دووسەرەیە. هەرێمێکی هەڵگەڕاوە لە عەلی لە کۆتاییدا وا خۆی دەبینێت تەنها شوێنە رکابەرەکەی رەتدەکاتەوە، جگە لەوەش دەبێتە دوایین رێگری عەلی لەلایەك، لەلایەکەی تریشەوە پیاوێك وەکو دوایین پشتیوانی عەلی خۆی نمایشدەکات بۆ ئەوەی ببێتە پایەی سیستمی ئومەوی و بەردێکی سەرسەخت و چەوسێنەری شیعەی نەیارو تازە هەڵکەوتوو.

بێجگە لەو نیمچە هەڵگەڕانەوەیەی وڵاتی فارس، کە زۆر بە خێرایی خەفە کرا، هیچ بزوتنەوەیەکی دیکە لە وڵاتی بەرفراوانی ساسانی ژێر دەسەڵاتی هەردوو ویلایەتی کوفە و بەسرە کە لەژێر قەڵەمڕەوی عەلیدا بوو، بە مەبەستی لێدان لە هەژموونی عەرەبی لە هەردوو قۆناغی فیتنەدا بەرپا نەبوو. پێشتریش هەندێك لێکدانەوەمان دەربارەی ئەو بابەتە باسکرد، دەشکرێت ئەوە زیاد بکەین کە دابەشبوونی عەرەب دەربارەی بابەتی شەرعیەتی ئیمام، هیچ پەیوەندی بە گەلە پەلاماردراوەکانەوە نەبوو، لەبەر ئەوەی کە پابەند نەکرابوون بە بەیعەتەوە، چونکە ئەوە تەنها پرسێکی ئیسلامیە، لە رووی یاساییشەوە گەلانی ئەو ناوچانە وەك گەلانی نائیسلامی ژێر فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی لێیان دەڕوانرا. ئەو گەلانە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی سیستمێکی ئیمپراتۆری کە هێشتا لەکار نەکەوتبوو.

کاربەدەستانی عەلی بە بەردەوامی لەسەر گۆڕەپانەکەدا ئامادەییان هەبوو، چونکە ئەوان دەستیان بەسەر ناوچە کراوەکان و گردبوونەوە کۆمەڵایەتیە ستراتیژییەکاندا گرتبوو: حەلوان، ئەلڕەی، قەزوین، ئەلدینۆر، ئازەربایجان.. هتد.. هەروەها لە روانگەی کوفە و بەسرەوە تا ئەسفەهان و هەمەدان و ناوەندە سەرەکییەکانی خۆزستان و فارس و کرمان.

ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە ئەو تەنها حاڵەتی یاخیبوونە راگەیەنراوەیە کە لە هەرێمێکی زۆر نزیکەوە سەریهەڵدا، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کەوتە ژێر کاریگەری هەڵچوون و لەرزینی کتوپڕی بەسرە، واتا لە هەرێمە دوورەکانەوە نەبوو، کە بێئاگا و دابڕاو بوون لەوەی لە ناوەند رویـدەدا. لە لایەکی ترەوە عەرەبە فەتحکارەکان خاوەنی ریزبەندی ئەولەوییەتی خۆیان بوون لە پێناو پارێزگاریکردن لە سنوری دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خۆیان: بە پلەی یەکەم وڵاتی رافیدەین، چونکە ئەو خاکەیان بوو کە بەخێوی دەکردن، بە پلەی دووەمیش خۆزستان و ئەهواز دێت، پاشان ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاستی ئێران وەك فارس و ناوچەی چیاکان. بەڵام وڵاتە کراوە و دوورەکان، کە هێشتا بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی یەکلا نەکرابوونەوە، وەك جیلان و قومس و سەجستان و خوراسان لە دیدی ئەواندا جێگەی گرنیپێدانی سەرەکی نەبوو، یان نەبوونە مەترسی لەسەر سیستمی ئیمپراتۆری، لە کاتێکدا دەیانویست لێیان جیا ببنەوە. لە نێوان هەرێمە کەنارییەکاندا، خوراسانی گەورە لە هەموویان گرنگتر بوو. وەلحاڵ، هەندێك لە هەرێمەکان بە دیاریکراوی لە سایەی فیتنەوە، هەژموونی عەرەبییان رەتکردەوە و هەندێکی تریشیان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەرەبیەوە، بە دیاریکراویش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەلی. هەموو هەرێمی خوراسان لە بارودۆخی جیابوونەوە و دابڕاندا نەبوو، بەڵکو بەپێی (البلاذري) کە لە شوێنێکی تردا باسیدەکات، خوراسان تاکو کوژرانی عەلی بە دۆخێکی ناسەقامگیردا تێپەڕی. هۆکاری ئەو سەقامگیرییە بۆ دووفاقی هەڵوێستی خوراسانییەکان دەگەڕێتەوە، ئەوانەی کە لە پابەندێتی و

پەیمانەکانی رێککەوتن پاشگەزبوونەوە و ئەوانەش کە بە بەڵێنەکانیانەوە پابەند مانەوە. ئەو هەڵوێستە تا ئاستێکی زۆر نیشانەی بوونی دووفاقیەکی مێژوویی – سیاسی و نیمچە نەژادی بوو لە نێوان خوراسان بە مانا راستەقینەکەی، ئەو هەرێمە ساسانیە سنورییە دێرینەی ئاوێتەی ئەو ئیمپراتۆریەتە ببوو، کە لە نیساپور تا ئەبرشەهر و مروی ئالروز زیاتر بەلای خۆرهەڵات و باشوردا درێژ ببۆوە، مەبەستم تەخارستان و میرنشینەکانی ئەلهەیاتڵەی ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی تورکەکانە، لەگەڵ شارەکان و ناوچەکانی وەك: هورات، بۆشنگ، بادغیس و بەڵخ.

پرۆسەی فەتحی عەرەبی ئیسلامی هەڵکەوتوو لە بەسرەوە لە نێوان (31 و 33ی کۆچی)، کە لە سەردەمی زێڕینی خەلافەتی عوسمان بە سەرکردایەتی ئیبن عامر دەستیپێکرد، گسکی لە هەموو شتێکدا و سنورەکانی لە قاڵبدا و تا روباری جیرۆن لە خۆرهەڵات و کەمێك بۆلای باکوری چیای هندوکوش نەوەستا. ئەوە پرۆژەیەکی زۆر ئاستبەرز و گرنگ بوو، لێوەشاوەیی رەهای ئەزمونی فەتحەکانی بەرجەستە کرد، نەك وەك دەربڕینی ویستی پاوانکردن و دەستبەسەرداگرتن یان تینوێتی بۆ دەستکەوت و پارە (غنائم)، یان وەك ئامرازێکی بەهێز بۆ چۆکپێدادانی جیهانی مرۆڤایەتی و بەربەرەکانیکردنی جیهانی سروشتی: دووری رێگە، بیابان و چۆڵەوانی، ناخۆشی و سەختی چیا، هەموو ئەمانە راست بوون، بەڵکو لە بنەڕەتدا وزەیەکی روحی هەبوو کە بەردەوام لەسەر خاکی خودا بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، بەو پێوەرەی کە کاروانێکی بێکۆتایی و نەپساوە بوو بە ناوی خوداوە، لە پێناو داپۆشینی هەموو جیهان بۆ ئەوەی بۆ خودا بێت.

ئیبن عامر، ئەو گەنجە ئومەوییە، لە کۆتایی کارەکانیدا کراسی سپی ئیحرامی لە نیساپور لەبەرکرد، وەکئەوەی لە حاڵەتی ئیحرام پۆشیندا لە مەککە بێت. لەو شوێنە دوورە بە پێچەوانەی نەریتە باوەکان پەیوەندییەکی روحی لە نێوان سەرکەوتنە گەورەکەی و عومرەی پیرۆز، لە نێوان سوچێکی جیهان و ماڵی پیرۆزی خودا (کەعبە)دا درووستکرد.

زۆربەی پرۆسەی فەتحکردنی خوراسان بە مانا و وردەکارییەکەی پرۆسەیەکی ئاشتیانە بوو. سەرۆکە فارسەکان، ئەوانەی فەرمانڕەوای هەرێمە ساسانییەکان بوون و بوونە کەسانی سەربەخۆ، هــەرزوو رێککەوتننامە و پەیماننامەی پێکهاتنیان لەگەڵ عەرەبەکاندا بەست، ئەو رێککەوتننامانە پێدانی جزیەی ساڵانە بە عەرەبەکان دەگرتەخۆ. جگە لە مرو ئەلروز کە لە دوای شەڕێکی قورس تەسلیم بوو، چەند گەمارۆدانێکی ماوە کورتی شارەکان نەبێت هیچی تر روینەدا، بۆ نموونە گەمارۆدانی نیساپور. لە هەموو شوێنێك و لە هەموو بارێکی شەکلیدا، عەرەبەکان وەك بنەمایەکی گشتی بۆ هەڵسوکەوتیان بە سازش، پەیماننامەی ئاشتی، بەیعەتپێدانی سەرزارەکی و سەپاندنی باجی گشتی رازیبوون، ئەگەر شەڕ روبدات یان بەبێ شەڕکردن خۆبەدەستەوە بدەن، لە پێناو پارێزگاریکردن لەو بونیادە فەرمانڕەواییانەی هەبوون. فەتحکارەکان رووبەڕووی بەرەنگاری بوونەوە و لە تەخارستان لە خولگەی میرنشینەکانی ئەلهاتڵەی سەر بە جابگۆی تورکی راهاتوو لەسەر سەربەخۆبوون، شەڕی ئاشکرایان کرد، هەروەك لە فاریاب و گۆزجان و تاڵقان بەرەنگاربوونەوە و شەڕ رویدا، بەڵام عەرەبەکان لەو شوێنانەش پەیمان و رێککەوتننامەیان کرد لەگەڵ سەپاندنی باج، بۆ نموونە لە ناوچەی بەڵخ، پایتەختی تەخار و تەخارستان، هەروەها لە هورات و بادغیس و بۆشینگ. سەرەڕای یەکسانی لە مامەڵەکردندا کە عەرەبەکان لە بەرامبەر هەردوو هەرێمی خوراسان و تەخارستان پەیڕەوییانکرد، بەڵام پێویستە سەرەتا ئاماژە بەو جیاوازییە بکەین کە لە هەڵسوکەوتی پراکتیکی ئەو دوو جیهانەدا هەبوو، چونکە یەکێکیان لەسەر سەروەری ساسانی راهاتبوو، ئەویتریشیان جەنگاوەر و هەڵگەڕاوە بوو، لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا لە خولگەی تورکیدا دەسوڕایەوە.

کەواتا دەبوو چاودێری هاتنی رەگەزی هەیاتڵی بکرێت بەهۆی رەتکردنەوەی هەژموونی عەرەبی، بە تایبەتی لەو کاتەوەی هەڵمەتەکە گەڕایەوە بۆ بەسرە و لە دوای خۆی تەنها (4) هەزار سەربازی جێهێشت کە پارێزگارییان لە قەڵاو

شوراكان دەكرد و لەو پانتاییە شاخاویە فراوانەدا و لە ناوەندی ئەو هەموو گەل و پاشا و خاوەن دەسەڵاتانەدا بزربوون. بە شێوەیەكی پراكتیكی، لە ساڵی 32ی كۆچیەوە، واتا لە دوای كۆچكردنی ئیبن عامر، بە تایبەتی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە بەڵخ و بادغیس و هورات سەریهەڵدا، دواتر بەرەو هەرێمی قوهستات تەشەنەی كرد. ئەوە هەڵگەڕانەوەیەكی هیاتڵی بوو، نەك فارسی یان خوراسانی. پێدەچێت بزوتنەوەیەكی جیاواز بووبێت، چونكە بە سەركردایەتی خانەدانێكی ساسانی هەڵگیرسا بە پشتیوانی كنارنگ توس، فەرمانڕەوای گشتی پێشووی خوراسان كە لە بنەماڵەی پاشایەتی ساسانی نزیكبوو. سەرچاوە چینییەكان باسی هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی سەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانی دەكەن لە ساڵی (35ی كۆچی/655ی زایینی)دا، ئەو ساڵەی كە كوشتنی عوسمانی كوڕی عەفان و گەیشتنی عەلی بە كورسی خەلافەتی بەخۆوە بینی، كە لەلایەن هەیاتڵەكانی تەخارستان و دوژمنە كۆنەكانی ساسانییەكان پشتیوانی لێكرا.

لە ساڵی 32ی كۆچی، ئەو هێزە عەرەبییانەی لەسەر گۆڕەپانەكە مابوون بەبێ كێشە هەستان بە شكاندنی ریزەكانی ئەو گردبوونەوە زۆر پێشكەوتووە لەڕووی ژمارەوە، كە بە سەركردایەتی ئیبن خازم بەرپا بوو، پاشان وەكو والی خوراسانی عەرەبی نوێ بەردەوام بوو، كە سنورەكەی لە نیساپور تاكو روباری بەڵخ درێژبۆوە. لە ساڵی 33ی كۆچیدا، خودی ئیبن عامر لەگەڵ هێزێكی بەسراوی بەهێزدا هات و هەڵگەڕانەوەكەی لەناوبرد. ئەو هەرێمە لە نێوان ساڵانی 33 و 35ی كۆچیدا لە سایەی ناردنی ساڵانەی هەڵمەتێكی سەربازی لە بەسرەوە سەقامگیری و ئارامی گشتی بەخۆوە بینی، بەو شێوەیەش بە تەواوەتی تاكو ئەوپەڕی سنورەكانی ناچاركرا بە پێدانی جزیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبەكان تێیدا نیشتەجێ نەبوون و ئاوەدانیان نەكرد. هەڵمەتە تەنها داگیركردنێكی ئاسایی بوو لەلایەن (4) هەزار كەسەوە ئەنجامدرا كە بەگوێرەی سیستمی مداوەرە و هەڵمەتی سەربازی ساڵانە پشتیوانیان لێدەكرا.

بە گشتی ئەو بارودۆخە بوو کە بە میرات درا بە عەلی. ئیبن خازم تاکو پێش شەڕی (الجمل) وەك والی خوراسان مایەوە، بەڵام شتێکی ئاسایی بوو پەلهاویشتنی بەسرە لەگەڵ دەستپێکردنی فیتنەدا بوەستێت، بەو شێوەیەش لە توانای عەرەبەکانی ئەو هەرێمەدا نەبوو کە ژمارەیان نزیکەی (4) هەزار دەبوو، کارێکی تر بکەن جگە لە پشتبەستن بە هێزی خۆیان. لە باشی چانسی عەلی و بەسرە ئەوەبوو هەڵگەڕانەوەکە لە ساڵی 32 کۆچیدا رویدا، چونکە هەر هەڵگەڕانەوەیەك بۆ دووەم جار بەو ئاسانیە بەرپا نابێت. ساڵی 36ی کۆچی، لە دوای سەرکەوتنی و هێوربوونەوەی بارودۆخی بەسرە، عەلی لەوپەڕی هێزیدا بوو: هەموو ئوممەتی ئیسلام و ئیمپراتۆریەت لە پشتی بوو، جگە لە ویلایەتی بچوکی شام. لە رووی تیۆری و بە واقیعیش دەسەڵاتی عەلی تاکو ناو خاکی خوراسان درێژ ببۆوە، ئەو هەرێمە خۆرهەڵاتیە دوورە بەلای دەسەڵاتی ئیسلامەوە، دوایئەوەی هەرێمی خۆرهەڵاتی وڵاتی فارس بوو، لە خۆرئاواشەوە قەڵەمڕەوی عەلی تاکو (بورقە)ی لیبیا درێژ بۆوە.

لە دوای شەڕی (الجمل) لە ساڵی 36ی کۆچی، عەلی لە کوفە پێشوازی لە (ماهویە ئەبراز) مرزبانی ناوچەی مرو کرد، کە بەپێی سەرچاوەکان، بۆ رێککەوتن و تازەکردنەوەی گوێڕایەڵی هاتبوو. عەلی بۆ بەرژەوەندی خۆی نامەی بۆ «سەرۆك هەرێمەکان، ئەساورەکان، دەهشلارییەکان» نوسی تاوەکو جزیە (باج) ی پێبدەن. ئەوە مانای چی دەگەیەنێت؟ سەرۆك هەرێم و کاربەدەستەکان سەر بە چینی بچوکی خانەدانی فارسی بوون و وەك کاربەدەستانی کۆکردنەوەی باجەکان خۆیان خستبووە خزمەتی عەرەبەکانەوە، بەڵام ئەساورەکان بریتیبوون لەو جەنگاوەرانەی لە شەڕی قادسیەوە لەگەڵ بەسرە ئاوێتە ببوون، ئەوانەی لەگەڵ بەسرییەکان هاتن بۆ خوراسان و ئیسلامیانبوون و پشکی خۆیان لە دەستکەوتەکان وەردەگرت. بە رواڵەت، لەوانەیە ماهویە ئەبراز بۆ ئەوە هاتبێت تاکو داوای یارمەتی لە عەلی بکات لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی کە ببووە

جێی گومانی ئەو کاربەدەستە فارسانەی خزمەتی عەرەبەکانیان دەکرد. ئەوەی داوایکرد عەلی بۆی دابینکرد. گێڕانەوەیەکی تر بۆمان ڕووندەکاتەوە کە پێدەچێت عەلی نامەی بۆ دەهاقین و سوپای عەرەبی نوسیوە تاکو پێیان بڵێت: «ماهویە هاتووە بۆلام، منیش بە داواکەی ڕازیبووم». نوسیویەتی ئەلبلازری: لە ئەنجامی ئەمەدا، خوراسان هەڵگەڕایەوە و لە دژییان ڕاپەڕی. عەلی لەو کاتەدا جەعدەی کوڕی هوبیرەی مەخزومی بۆ خوراسان نارد، بەڵام نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات، بەو شێوەیەش خوراسان هەتا کوژرانی عەلی هەر بە کڵپەسەندوویی مایەوە.

شەعبان سەبارەت بە سەردانی ماهویە بۆلای عەلی کوڕی ئەبو تالیب، ئەم لێکدانەوەیەی پێشنیار کردووە: «ناوچەی مرو بەسەر دەسەڵاتی عەرەبی و دەسەڵاتی مزربانەکاندا کرد کە پەیوەندییان زۆر بەهێز بوو». ئەمە ئەگەری ڕودانی هەیە و لەلایەن (المدائني)وە پشتڕاستکراوەتەوە. لە ساڵی 36ی کۆچیدا، ناوچەی نیساپوریش ڕاپەڕی. مرو لەگەڵ نیساپور ئەو دوو ناوەندە گەورەی خوراسانی کۆن بوون، بەڵام بە تەنها ئەو دوو شارە ڕاپەڕین و داوای جیابوونەوەیان دەکرد. لە ساڵی 37ی کۆچی، خەلیفە لە دوای گەڕانەوەی لە شەڕی (صفین) جەعدەی کوڕی هوبیرەی خزمی نارد کە لە شاری کوفە نیشتەجێبوو، بۆ ئەوەی ئەو بزوتنەوە جوداخوازیە لەناوبەرێت و شکستیهێنا. بەڵام دوای ئەو خولەیدی کوڕی قوڕی ئەلیەربوعی نێردرا و گەمارۆی (نیساپور) و (مرو)ی دا و گەیشتە ڕازیکردنی خەڵکەکە بە ڕێککەوتن و پێکهاتن لە ڕێگەی پێدانی جزیە (باج). لە ڕاستیدا دانیشتوانی ئەو دوو شارە ڕاپەڕینیانکرد، نەك سەرۆکەکان کە بەرژەوەندی هاوبەش لەگڵ عەرەبەکاندا دەیبەستنەوە و شەرعییەت و هێزی دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی باڵای ئەمیری باوەڕداران بەرجەستە ببوو، چونکە میراتگری سەرەکی و بابەتییانەی موڵکی پادشاکان بوو. چیرۆکی ماهویە زۆر بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات، پاشان بەو شێوەیە دەسەڵاتی عەلی بەسەر خوراساندا بەردەوامی هەبوو. لە ساڵانی 38 و 39ی کۆچیدا، هێشتا عەلی والیەکی لە خوراسان هەبوو

ئەویش (خولەید کوڕی قوڕە) یان (ئیبن ئەبزا) بووە، بۆیە باسەکە سەبارەت بەم خاڵە روونە، ئەوەش مانای وایە کە پێدانی باج (الجزیة) بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو بەردەوامی هەبووە.

بـەڵام تەخارستان، واتـا وڵاتـی تـورك و سندەکان، یان بادغیس و هـورات و بۆشنگ و بەڵخ، خۆیان لە بەیعەت و پێدانی جزیە رزگار کرد، چونکە پاشا و فەرمانڕەواکانیان شەرعییەتیان لە خۆیاندا بەرحەستە کردبوو، هەرچەندە جێی سەرسوڕمانە کە ئەوان سودییان لە دۆخی فیتنە وەنەگرت بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتە ئازادەکانیان، یان لە پێناو بەدەستهێنانەوەی بۆ پاراستنی داهات و سەرچاوە لۆکاڵییەکانیان، بەڵام لە سەردەمی عەلیدا هیچ شتێك نییە لەو بارەیەوە ئاماژەمان بۆ بکات. ئەوەمان کاتێك بۆ ئاشکرا دەبێت کە موعاویە لەساڵی 41ی کۆچی/661ی زایینی هەوڵیدا دەسەڵاتی خەلافەتەکەی لە هەموو جێگەیەك دابمەزرێنێت. تەواو روونە کە ئەم بابەتە دوایین سەرقاڵییەکانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بوو، لەبەر ئەو بارودۆخە تایبەتیەی کە لە ساڵەکانی 38 و 39 و 40ی کۆچی تێیدا بوو. عەلی خوراسانی لەژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا هێشتبۆوە، ئەوەش بۆ ئەو کەم نەبوو، بەڵام خوراسانەکەی تر، کە بەڕووی چەند روانگە و هەرێمێکی دیکەدا کرابۆوە دواتر بە درێژایی سێ چارەکە سەدەیەك ئومەوییەکانی سەرقاڵکرد.

لە ململانێیەکی ئاوهادا و لەو قۆناغەی مێژووی ئیسلامدا، چەمکی قووڵایی ستراتیژی هیچ مانایەکی نەبوو، چونکە لەو ماوەیەدا هێشتا (دار الاسلام) بنەببووە ئیمپراتۆریەتێکی راستەقینەی تۆکمە کە بتوانرێت داهات و سەرچاوەکانی بەکاربهێنرێت. لەو شەڕەی نێوان مێرووله و فیل کە چەقی ململانێکە لە نێوان عەلی و موعاویەدا بوو، بە تەنها ئەو بەشە کۆچبەرە، رێکخراوە، جەنگاوەرە، چالاکەی ئوممەتی ئیسلامی پەیوەندیدار بوو بە ململانێی مێژووییەوە، ئەوانەی لەو ئەرخەبیلە عەرەبیە – ئیسلامیەدا دەژییان لە دەرەوەی دورگەی عەرەبی، واتا: کوفە، بەسرە، شام و ئەلفستات. بەڵام مەدینە ئەولەویەتی سیاسی خۆی

لەدەستدابوو، بەڵکو دوایئەوەی دەستدرێژیکاران بۆ سەر خەلیفە عوسمان پێیان خستە ناو شارەکەوە و پاشانیش کە عەلی دانپێدانەنانی بە شەرعیەتی خەلافەتەکەی تێدا بینی و بەجێی هێشت، ئیتر گرنگییەکەی تەنها وەك ئەولەویەتێکی مۆراڵی و روحی مایەوە. موعاویە و عەلی وەك ئامانجێکی نەرێنی لەسەر مەدینە ململانێیان کرد، هەروەك چۆن بەو شێوەیەش لە مەککە و یەمەنیان دەڕوانی. ئیتر مەدینە بووە ئامانجی پەلامار و هەڵمەتە تێکشکێنەرەکانی موعاویە، تەنانەت ئەوەندە بوێری نیشاندەدات تا دەگاتە گورزلێدان لە نزیکی سنورەکانی کوفە.

# دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن (موعاویە)وە

## تیرۆرکردنی عەلی

### (رەمەزانی ساڵی 40ی کۆچی/661ی زایینی)

بینیمان کە دوایین پەلاماری پێچەوانە، ئەوەبوو کە جاریەی کوڕی قودامە لە حیجاز و یەمەن لە وەڵامی هێرشە مەترسیدارەکەی (بوسر)دا بەرپایکرد، بەڵام گوێبیستی هەواڵی تیرۆرکردنی عەلی بوو. هەموو شتێك شایەنی بیرکردنەوە بوو لەوەدا کە

هەوڵدانی موعاویە لە دورگەی عەرەبیدا وا بڕیار بوو کۆتایی هەوڵەکانی بێت، جگە لەوەش فیتنە گەیشتبووە ئەوپەڕی ئاستی شڵەژان و نائارامی، بە جۆرێك وا چاوەڕواندەکرا لە پشت ئەو بارودۆخەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەرێکی کاتی یان کۆتایی بەدیبێت. لەو بڕوایەدام کە دەبوو بیرۆکەی رێککەوتن لەسەر دابەشکردن لەو دۆخە دووربخرێتەوە، چونکە تەواو پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای باو بوو (ئایدۆلۆژیای هەمیشەیی بۆ یەکبوونی ئوممەت)، ئەو ئایدۆلۆژیا راگوزەرەی کە بزوتنەوەی فیتنەی لەسەر دروستبوو، کە بە هۆیەوە هەردوولا خۆیان بە رەوا (حەق) دەزانی.

لەبەر ئەوە لە دوای زۆرێك لە کاری پەرت و لاوەکی، لە سەرکەوتنە بچوکەکان و دۆڕانە بچوکەکانەوە، پێویستبوو چاوەڕوانی نوێبوونەوەی بەرەنگاربوونەوە سەرتاسەریەکە بکرێت. هەموو دینامیکیەتی فیتنە لە سایەی هاوسەنگی هێزەکان و گەڕانی بێوچان و نەپساوە بە دوای چارەسەردا بەڕێوەچوو، ئەو چارەسەرەی کە هەمیشە لە ئاسۆدا بزر دەبوو. سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ و گرژبوونەوەی هەڵوێستەکان لە ساڵی 40ی کۆچیدا، لە هەردوو لاوە بوو. کاتێك موعاویە بێهودەیی هەوڵدانەکانی بۆ روخاندنی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عەلی لە رێگەی ستراتیژی لەرزاندنەوە بینی، هەرچەندە تا ئەو کاتەش سەرەڕای ئەو فشارانەی لەلایەن خەڵکی شام لە سەری بوو، بەڵام زۆر خۆی لە بەرپابوونی هێرشێکی بەرەیی گشتی دەپاراست. لەو کاتەدا ئەرکەکەی خستە ئەستۆی و لە مانگی رەجەبی ساڵی 40ی کۆچی/تەمووزی 660ی زایینی خۆی وەك خەلیفە ناساند، هەروەك ئەمە لە سەرچاوە سریانی و عەرەبییەکاندا پشتڕاست کراوەتەوە. ئەوەبوو بە ماوەیەکی زۆر لەپێش مردنی عەلی، لەلایەن پیاوانی و لایەنگرانی لە (ئیلیاء)- قودس بەیعەتی پێدارا، هەرچەندە تا ئەو کاتەش نازناوی (ئەمیر) یان نازناوی (خەلیفە)ی تەنها وەك ناوێك بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. خۆڕاگەیاندنی بە خەلیفە بێزاری موعاویەی لە بەرامبەر تەقینەوەی بەهێز و بەرجەستەبووی

دەسەڵاتی عەلی لەبەرچاوی خەڵك نیشاندەدا، جگە لەوەش نیشاندانی متمانەی داهاتووی دەردەخست لە چوارچێوەی کاروانێکی تەواو و دوورودرێژ لەدوای پرۆسەی داوەریکردن. ئەوە بەربەرەکانیەك بوو موعاویە لە بەرامبەر عەلی دەریبڕی، لە هەمانکاتیشدا دانپێدانانێکی راستەوخۆ بوو بە گەورەیی دامەزراوەی خەلافەت، کە هەروەك جاحز دەڵێت (بەرزترین پلەکانی دین)ە. دەبوو موعاویە لە دوای شەڕی (صفین) بۆ ماوەی زیاتر لە (3) ساڵ چاوەڕوان بێت تاکو داواکارییەك بەرجەستە بکات بۆ بەیعەتپێدانی بە شێوەیەکی ئاشکرا، هەرچەندە ئەگەر سنوورداریش بێت، بۆیە لە دیدی موعاویەدا دەبوو دۆخەکە تا کاتی مردنی عەلی بەوجۆرە بمێنێتەوە، ئەوەش دیوە شاراوەکەیە لە هاوکێشەکەدا.

پێدەچێت عەلی لە رێگەی ئامادەسازییەکی گشتیەوە وەڵامی ئەوەی دابێتەوە کە بە دیدی خۆی وەکو دەستدرێژی، یان وەك گورزێکی کاریگەرتر لە پەلاماردانێکی تێکشکێنەر لێکدراوەتەوە، چونکە ترۆپکی شەرعیەتی دەسەڵاتەکەی کردە ئامانج، ئەو شەرعیەتەی کە تا ئێستاکە لەسەری ناکۆکی هەیە، بەڵام هەرگیز بەو جۆرە بەهێزە رەتنەکرابۆوە. سەرچاوەکان بە حەماسەوە هەرچییەك لەو بارەیەوە بڵێن تاکو بۆمانی نیشانبدەن، کە عەلی بە شێوەیەکی تراژیدی بەجێهێڵراوە و لە بیابان هاواریکردووە، بەڵام راستیەکەی دوژمنایەتی موعاویە، کۆفەییەکانی لە بێئاگاییان بەخەبەر هێنا. لەبەر ئەوەی جۆرێك تێکشکان، یان سستی لەلایەن کوفەییەکانەوە هەبوو، بەڵام نەدەبوو لەلایەن بژاردەی خانەدانەکانەوە بێت، کە عەلی نوێی کردەوە، بەڵکو لە دەروونی کۆمەڵێکی هەڵوەشاوەوە بوو. لە ئەنجامی شۆکی شەڕی (صفین)، درامای وەستانی شەڕەکان، دابەشبوونە نێوخۆییەکان و گوشارەکانی سەرۆکە هەڵوێست ناوچونیەکەکان، ئیتر ریزی جەماوەری شەڕکەر هەڵوەشایەوە. ئەو جەماوەرەی کە بە بە جۆرێکی قووڵتر لە ئەنجامی دووبارە بونیاتنانەوەی هەمان دەسەڵاتدا، مەیلی بەلای نێگەتیڤبووندا هەبوو، چونکە ئەمیری باوەڕداران بۆ خۆی لە کوفە ئامادە بوو، هەرچەندە ئامادەبوونی چوارچێوە خێڵەکییەکانی

دەلەرزاند و خێڵی وەك قەوارەیەکی سیاسی یان ئەنترۆپۆلۆژی هەڵدەوەشاند. لە کۆتاییشدا لە پلەو پایەی ئەو خانەدانانەی کەمکردەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان گۆڕان بۆ کاربەدەست و فەرمانبەر و لەناو دەوڵەتێکدا ئاوێتە بوون کە بە توندی ئامادە ببوو. بەو شێوەیە بەرەنگاربوونەوەیەکی راستەوخۆ لە نێوان عەلی و خەڵکی کوفەدا هەبوو، لە سەرووی خانەدانەکان و ئەو کوفەییانەوە کە چیتر نەیاندەتوانی کێشەی عەلی لەگەڵ ئەرکی جیهادا بگونجێنن.

خانەدانەکانیش چیتر نەیاندەتوانی ورەی هاوڵاتیانیان جۆشبدەن بۆ ئەوەی ئیرادەیان باش بێت. بەڵام عەلی بە هەوڵدانێکی لێبڕاوانە نەوەیەکی نوێی لە خانەدانەکان سازو ئامادە کرد، کە بە خودی و خۆی و دەسەڵاتەکەیەوە پەیوەست بوون، وەك: مالکی کوڕی کەعب (لە هەمەدان)، مەعقەل کوڕی قەیس ئەلڕیاحی (لە تەمیم)، ئەلموسەیەب کوڕی نوجبە (لە فزارە)، عەبدولڕەحمانی کوڕی شورەیح (لە هەمەدان)، حوجری کوڕی عودەی (لە کندە)، سلێمانی کوڕی صرد (لە خوزاعە). کەلتوری لایەنگری شیعە لەوەدا لەسەر حەق نییە کاتێك «شکستەکانی» عەلی دەخاتە ئەستۆی پیلانگێڕیی لەلایەن خانەدانەکانەوە، لەپێش هەمووشیانەوە لەلایەن (الاشعث)وە، یان هەندێکجار دەیخەنە ئەستۆی بەرتیلخۆری ئەو خانەدانانەی کە یەکسانی و دادپەروەری و راوەستاوی سەرەکی عەلی نەیتوانی تێرو رازییان بکات.

ساڵی 40ی کۆچی، (الاشعث) هیچ رۆڵێکی لە کوفە نەدەگێڕا، چونکە دەسەڵاتی کارێزمایی عەلی لە هەر کاتێکی رابردوو بەهێزتر بوو، چینی تازەی خانەدانەکان پێوەی گرێدرابوون. هەڵکشانێکی دووجەمسەر هەبوو پێویستە وەك روخانی پێگە و کاریگەری ئایدۆلۆژیی قورئانخوێنە رادیکاڵییەکان لێکبدرێتەوە لە دوای شەڕی نەهرەوان و لەناوچوونی کەسە جەنگاوەرە گەورەکانی وەك (الاشعث)، محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر، محەمەدی کوڕی ئەبی حوزەیفە. لە دەرەوەی روانگەی کوفەش، کرۆکی ناوەندی زۆر نزیکی لایەنگرانی عەلی، ئەوانەی کە

بەرزترین پۆست و پلەیان وەردەگرت، لە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی بوون بە تایبەتیش لقە عەباسیەکەی، یان سەر بە پشتیوانان بوون: عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (والی بەسرە)، عوبەیدوڵڵای برای (والی یەمەن)، براکەی تری بە ناوی (قضم) سەرۆکی مەککە، سەهل کوڕی حونەیف (لە پشتیوانان و والی پێشووی مەدینە بوو). بەڵام ئەم بازنەیە دەستی بە لاوازبوون کرد.

لە ساڵی 40ی کۆچیدا، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس پۆستەکەی لە بەسرە جێهێشت و بەشێك لە (بيت المال)ی لەگەڵ خۆیدا برد، ئەوەش هەڵچوون و ناڕەزایەتی خێڵەکانی لێکەوتەوە. هەر لە ساڵی 40ی کۆچیدا بوو عەبەیدوڵڵا بە شێوەیەکی جێی شەرمەزاری لەبەردەم پەلاماری (بوسر) هەڵات، لە کاتێکدا خەڵکی شاری مەدینە بۆلای موعاویە کۆچیان دەکرد. هەر لێرەدا، واتا لەناو ئەو بازنە حیجازیەدا و لەبەردەم نەمانی دەموچاوە کۆنەکاندا، چەند هاوسۆزی و وەلائێکی تازە سەریهەڵدا. حاڵەتی شایستەی دەرکەوتنی زیادی کوڕی عوبێد کاتێك بەهۆی دورکەوتنەوەی لە پۆستەکەی جێگەی ئیبن عەباسی گرتەوە، هەروەها دەرکەوتنی (ئەبی ئەسوەد ئەلدئولی) و (جاریەی کوڕی قدامە)، جگە لەوەش پەیدابوونی هێزو کەسێتی قەیس کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە بە تایبەتی، کە لە کۆتاییەکانی خەلافەتی عەلی دەرکەوتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا ئەمیری باوەڕداران بەنیاز بوو دووبـارە پیاوەکان لە عێراق و کوفە بە پلەی یەکەم سازو ئامادە بکاتەوە، ئەوەش لە پێناو ئەنجامدانی هێرشێکی بەربڵاو بۆسەر موعاویە و خەڵکی شام. لانیکەم لە ژیانی عەلیدا بنەماکانی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە داڕێژران، واتا درووستکردنی هێزێکی پەلاماردەری نوێ، کە بژاردەیەکی جەنگاوەری دڵسۆز و دامەزراو سەرکردایەتی دەکات.

مەبەست لەو هێزە (شرطة الخميس)ە کە سەرچاوەکان باسیان لێوە کردووە و مانای (بژاردەی سوپا) دەگەیەنێت، کە لە هێزەکەی قەیس کوڕی سەعد پێکهات و لەدوای خۆیەوە ئەو (40) هەزار سەربازە کوفیەی تر سازو ئامادەبوون. لێرەدا ئەو

دەستدرێژییە فەوتێنەرە رویدا کە عەلی بە ژیانی باجەکەی دا، نەك لە بارودۆخی روخان و شکست، بەڵکو لە بارودۆخێکی بارگاوی بە جۆشدانی وزە و گردبوونەوە و وریاییدا بوو، ئەوەش لە دوای هەوڵدانێکی زۆر و دوورو درێژ بۆ بونیاتنانەوە و لەگەڵ سوربوونی راستەقینەی عەلی و بازنە نوێیەکەی لایەنگرانی و بەشێك لە جەنگاوەرانی کوفە کە ئامادەبوون بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی هێرش. گرنگە پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بکرێت، بۆ ئەوەی تێبینی بکەین کە لەڕووی مێژووییەوە هەڵەیە بوترێت یان بیر لەوە بکرێتەوە کە تیرۆرکردنی عەلی کۆتایی دەسەڵاتێکی هەڵوەشاوە بوو، ئەو کۆتاییەش دەرئەنجامێکی مەنتیقی بوو، بگرە بە قووڵی چاوەڕوانکراو و پێشبینیکراو بوو.

کەلتوری شیعی ئەوەی بەرجەستە کردووە کە عەلی حەزی بە مردنی خۆیکردووە، چونکە زۆر بەداخ بوو لە بەرامبەر ئەو دۆخە دژوارەی بەسەر ئەم ئوممەتە دابەشبووە داماوەدا هاتبوو، لە کاتێکدا ئوممەت رازینەبوو دانی خێر بە کەسی باشتردا بنێت. بەڵام ماندوێتی و خەم و پەژارە و بێزاری خەڵك، ئەمانە هەمووی جارێکی تر بەشداربوون لە بونیاتنانەوەی کەسێتی عەلیدا، ئەوەش لە رێگەی ئازارێکی راستەقینە یان درووستکراوەوە بەرجەستە بوو. لە راستیدا ئەو جۆرە مردنە هەرگیز پێشبینیکراو نەبوو، ئەگەر بێتو لە گۆشەی ململانێی نێوان عەلی و موعاویەوە لێی بڕوانین. موعاویە نە بە راستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە نەبووە، بەڵکو پێشبینیشی نەکردووە، چونکە هێشتا لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی زۆر دوور بوو: لێرەوە موعاویە خۆی بە خەلیفە ناساند و ئامادەیی نیشاندا بۆ دووبارە بەرەنگاربوونەوەی عەلی. ئەگەر ئەو روون و راستبێت کە مردنی عەلی هەڵگیرسێنەری فیتنەکە بووە، بەڵام ئەوە دەرئەنجامی کۆتایی کێشمەکێش و ناکۆکیە نێوخۆییەکانی ناو بەرەکەی بوو، کە میکانیزمی جەهەننەمی ئایدۆلۆژیای فیتنە بەرجەستەی کرد، لەبەر ئەوەی کە گوزرەکە لە خەواریجەکانەوە ئاراستە کرا، بەڵام بابەتەکە بە رواڵەت پەیوەندی بە تیرۆرکردنی

تاکەکەسی هەبوو، کە پێشبینیکراو نەبوو سەرەڕای ئەوەی پێمان ڕاگەیەنراوە کە چەندین هۆشداری و ئاگادارکردنەوە لە لایەنگران و دەوروبەرەکەیەوە ئاراستەی عەلی کراوە سەبارەت بە هەبوونی مەترسی دەرەکی لەسەر ژیانی. نەهرەوان خەواریجەکانی هەڵوەشاند و تا ئاستێکی زۆر پەرتەوازەی کردن، بەو شێوەیەش تەنها چەند تاقم و باندێکی بچوك و سنوردارییان لێمایەوە ئەوانیش بەرەو گوندەکان هەڵاتن.

هەرچەندە لە کوفە هەندێك لە لایەنگرانی خەواریج هەبوون، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبوو ئەرکیان بریتی دەبێت لە دژایەتیکردنی عەلی و دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی. وتمان ئەوانە لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا دەژییان و بەخشینی خۆیان وەردەگرت، بەو پێیەش لە ڕێگەی بنەماڵەکانیان و عەشیرەت و خێڵەکانیانەوە کەوتبوونە ژێر فشارێکی توندەوە، فشاری ڕێزگرتنی ڕوانگەی کوفی کە بە دەوری عەلیەوە بوو، بەڵکو هێشتا دەستبەردار نەببوون لە دەستپێکردنەوەی شەڕی هاوبەش لە دژی ئاژاوەگێڕانی شام. هەروەها ئەخلاقی خەواریج ئەوە نەبوو ژێراوژێر یان بە پیلانێڕی خەڵك بکوژن، بەڵکو ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی نەیارەکانیان دەبوونەوە، یان لە حاڵەتی بوونی ئەو نمایشانەدا حوکمەکانی کوشتن و لەسێدارەدانیان بەسەر کەسەکاندا جێبەجێ دەکرد. بە ڕواڵەت، کەش و بارودۆخی ساڵی 40ی کۆچی هات نەبوو، نە بۆ تازەکردنەوەی شڵەژان و ناسەقامگیری ناوخۆیی، نە بۆ زیندووکردنەوەی دژایەتیکردنی کەسێتی عەلی. بەپێی تێڕوانینێکی سەرەتایی پێدەچێت تیرۆرکردنی عەلی کارێکی تەواو فەردی بووبێت، بێگومان پەیوەندی هەبوو بە ڕوداوەکانی ڕابردوو، نەهرەوان و تۆڵەسەندنەوەی شەهیدانی خەواریج، نەك وەکو کارێکی سیاسی ڕێکخراوی دروستبوو لە بزوتنەوەکە بە شێوەیەکی تەواوەتی یان جوزئی. خەواریجەکانی ئایندە کە بابەتەکەیان بیرچۆوە بەوە هەڵنەخەڵەتان و نکۆلیان کرد لە ڕاگەیاندنی بەرپرسیارێتییان لە کوشتنەکە، بەڵکو بە تەنها خستیانە ئەستۆی عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلجەم و خۆیان لێی

بەدوور گرت.
سەرچاوەکان دەربــارەی تیرۆرکردنەکە چیمان بۆ باسدەکەن؟ سەرچاوەکان چیرۆکێکیان بۆمان هۆنیوەتەوە کە جێگەی باوەڕپێکردن نییە. دەڵێن گوایا لە کاتی وەرزی حەجکردنی ساڵی 39ی کۆچی پیلانگێڕییەك لە نێوان (3) کەسدا هەبووە لە دژی ئەو بارودۆخەی کە ئوممەتی هەڵوەشێنراوی ئیسلام بەهۆی (3) پێشەواوە پێیگەیشتووە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب، موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان و عەمروی کوڕی ئەلعاص، هەر بۆیە ئەو (3) کەسە سوربوون لەسەر کوشتنیان و رزگارکردنی ئوممەت لێیان. ئەمە کارێك بوو، بەبێ راسپاردنی کەسێك و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا و لە سەرووی مەبەست و بەرژەوەندییەکان لە نیازی ئەو کەسانەدا گەڵاڵە بوو. دیداری دووەم لە مانگی رەجەب لە کاتی عومرەدا لە مەککە رویدا و تێیدا پێداگری لەسەر مەرامەکانی سەرەتا کرا. پاشان لە رۆژی 17ی مانگی رەمەزانی ساڵی 40ی کۆچیدا رێککەوتن لە نێوانیاندا کرا بۆ ئەوەی لە بەشداربوان لە کاتی نوێژی بەیانیدا لەناو مزگەوتەکانی کوفە و دیمەشق و ئەلفستات کارەکانیان جێبەجێ بکەن. عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلجەم چوو بۆ کوفە و لەگەڵ ناوەندە ئاساییەکەی خۆیدا، واتا خەواریجەکان پەیوەندی بەست، بەڵام پرۆژەی کارەکەی بە نهێنی هێشتەوە و باسی نەکرد، ئەوەش خاڵێکی گرنگە. بەڵام عەبدولڕەحمان لەو ماوەیەدا ژنێکی زۆر جوانی ناسی ناوی (قطام) بوو، زۆر شەیدای ببوو. ئەو ژنە سەر بە هۆزی (تیم الرباب) بوو لە خێڵی تەمیم، کە ژمارەیەك لە خەواریجەکانی تیادا بوو. (قطام)یش لە شەڕی نەهرەوان باوکی و براکەی لەدەستدابوو، بۆیە ویستێکی بەهێزی هەبوو بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەڵام بە بەردەوامی ئەو هەستەی لە ناخیدا شاردبۆوە. بەڵام کوڕی مەلجەم کە عیشق کوێری کردبوو، خەریکبوو ئەو ئامانجەی بیر بچێتەوە کە لە پێناوی جێبەجێکردنیدا هاتبوو بۆ کوفە، ئەگەر ئەو هەستە خەفەکراوەی ناخی (قطام) نەبوایا، ئەوەش بە رێکەوت لە دژی عەلی شکایەوە، ئەگینا بێگومان لەوانە بوو

کوڕی مەلجەم دەستبەرداری کارەکەی ببێت، ئەویش کوشتنی عەلی بوو. بەڵام لێرەدا خۆشەویستی لەجیاتی بەرهەڵستیکردنی، بە پێچەوانەوە پاڵپشتی سیاسەت دەکات، چونکە (قطام) کە داوای هاوسەرگیری لێکرا، کوشتنی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی کردە پێشمەرج وەك مارەیی. دواجار ئەوجۆرە جوانی و قەشەنگیە، ئەو عیشقە بەهێزە لەگەڵ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجێکی بڵندی زۆر ئەستەمدا ئاوێتە بوون: ئامانج خودی عەلی «خاوەن پێشینە و نزیکی و خزمایەتی لە پێغەمبەری خودا» بوو. بە تەنها دڕندەیی کوشتنی دەتوانرێت لە بەرامبەر (قطام)دا لە تەرازویەکدا دابنرێت، ئەو جوانیەی کە ناکرێت پێی بگەیت.
بەڵام راستیەکەی ئەو پێشمەرجە لەگەڵ پرۆژەیەکی لەپێشدا ئامادەکراودا یەکانگیر بوو. کوڕی مەلجەم بە خۆشەویستەکەی دەگوت: «ئەوەی منی بۆ ئەم وڵاتە هێناوە، بە تەنها کوشتنی عەلیە». دواجار مارەبڕینەکەش لەسەر ئەو بناغەیە (مارەبڕینی مردن) پێکهات، پێشدەچێت هاوسەرگیریەکە ئەنجامدرابێت. ئاشکرایە کە (قطام) کاروبارەکانی جێبەجێکرد و پلانی تیرۆرکردنی رێکخست. دوو هاوکاری بۆ عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلجەم ئامادە کردو کارەکانی بە وردی رێکخست، هەروەك کوڕی مەلجەمیش لایحۆیەوە هەستا بە ژەهراویکردنی شمشێرەکەی بە شێوەیەك کە عەلی بواری رزگاربوونی لە مردن نەبوو، تەنانەت ئەگەر برینداریش بێت. رۆژی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان 17 یان 19ی مانگی رەمەزان بوو. عەلی چوو بۆ مزگەوت و بانگی خەڵکی کرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، لە کاتێکدا مزگەوتەکە لە سەلەواتدان و چڕی نوێژخوێنان جمەی دەهات و بە درێژایی شەو پڕ بوو لە خەڵك. دوو بریسکە لە تاریکیدا دەرکەوتن، بریسکەی دوو شمشێر کە راکێشران، یەکێکیان کە شمشێری هاوکارەکەی بوو بریندارى نەکرد، بەڵام ئەویتریان شمشێری عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلجەم بوو، نێوچاوانی ئەمیری باوەڕدارانی پێکاو بە سەختی بریندارێکرد و دوو شەو لە دۆخی گیانەڵڵادا بوو، بەڵام تەواو ئاگای لە خۆی هەبوو.

له هەمانکاتیشدا پیلانگێڕەکەی تر لە دیمەشق هەمان کاری ئەنجامدا، بەڵام نەیتوانی موعاویە بکوژێت، بەڵکو بریندار کرد. بەو شێوەیە موعاویە لە مردن رزگاری بوو، هەروەها (عەمرو کوڕی ئەلعاص)یش لە ئەلفستات چونکە نەخۆش بوو لە مردن رزگاری بوو، بەو هۆیەشەوە فەرماندەی پۆلیسی ویلایەتەکەی لە جیاتی خۆی نارد بۆ پێشنوێژی، ئەویش کوژرا. بەپێی سەرگوزشتەی (الطبري) و هەندێك سەرچاوەی تر کە (البلاذري) لە مێژوونوسانی جدی وەك ئەبو مەخنەف دەیگێڕێتەوە هەرچەندە زۆریش باوەڕپێکراو نین، ئەمەیە بەسەرهاتی کوژرانی عەلی. هەروەك ڤیلهاوزن ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوە بە تەواوەتی چیرۆکێکی دانراو و داڕێژراوە.

کەواتا لەناو یەك چیرۆکدا دوو جۆر چیرۆك داڕێژراوە، کە پێکەوە بەستراونەتەوە: چیرۆکی پیلانگێڕیی سێقۆڵی و چیرۆکی عیشقە تۆڵەسێنەکەی (قطام)، بەڵام وا دەردەکەوێت پێکەوە وێکنایەنەوە، ئەگەرچی هەندێك خامەی شیعریی کۆن هەن لە بەرژەوەندی چیرۆکی دووەمدا نوسراون. مەسەلەی پیلانگێڕی بە تەواوەتی چیرۆکێکی هەڵبەستراوە، چونکە هەرگیز مەنتیقی نییە کە ژنێکی عاشق، هۆکار بێت بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بۆ بکرێتە قوربانی و هەوڵی ئەستەم لە پێناویدا بدرێت، واتا لە کۆتاییدا دڕندایەتی و مردن لە رێگەی ژنێکەوە وا پێشبینیکراوە وەك مارەیی داوای شتێکی زۆر گرانیکردووە، بە پیاوێك ئاشنا دەبێت کە بە تایبەتی ئەوە پرۆژەی بووە، بەڵکو هاتنی بۆ کوفە تەنها لەبەر ئەنجامدانی ئەو کارە بووە. لەبەر ئەوەی کە بنەمایەکی راستی لەو چیرۆکە مێژووییەدا بەدیدەکرێت، بۆیە پێدەچێت ئەوە چیرۆکی پیاوێکی خاوەن هەستی خەواریجی بووبێت لەناو خودی کوفە، پیاوێکی سەر بە هۆزی حەمیر لە کندە، کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنێکی ناخ پڕ لە هەستی تۆڵەسەندنەوە، کە لە بەرامبەر خۆ ڕادەستکردنی بەو پیاوە، داوای کۆتایی پێهێنانی ژیانی خەلیفەی لێدەکات.

وا پێدەچێت ئەو چیرۆکە هەیسەمی کوڕی عەدی بۆمانی گێڕاوەتەوە، هەروەك

شیکارە شیعرییەکان بۆمانی باسدەکەن. بەڵام تەنانەت لەم فۆرمەشدا کە ڤڵهاوزن باوەڕی پێدەکات، بەڵام چیرۆکەکە ناپەسەندە و پێویستدەکات دوور بخرێتەوە، نەك تەنها لەبەر رۆمانسیەتە خۆش و سەرنجڕاکێشەکەی، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەچێتەوە سەر جیهانی ئەندێشەیی بونیاتنراو لەسەر کەسایەتی عەلی، بە هەمان ئەو ئاستەی کە دەچێتەوە سەر جیهانی قووڵی سیمبوڵگەرایی. چونکە عەلی مەزن و گەورە، تەنها لە تاریکیەکی شەیتانی و پیلانگێڕیدا نەبێت کە لەسەر ئاستی ئیسلامی لە دژی کرا، یان لە ئەنجامی عیشقێکی فەوتێنەری گەورەدا نەبێت ناکرێت بمرێت. هەموو ئەوەی دەکرێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە دەستەکانی بکوژەکە چەکی تیادا بوو، لە پشت ئەوەشەوە رق و کینە و گیانی تۆڵەسەندنەوە بۆ کوژراوانی نەهرەوان ئاوێتە ببوون. کێبوو ئەوانی دەجوڵاند؟ بێگومان ئەوانە بریتیبوون لە تاقمێکی بچوکی خەواریج لە تاریکیدا، بەڵام لە کوفە لەناو قووڵایی خێڵەکیدا خۆیان مەڵاسدابوو.

هەروەها دەشکرێت باوەڕ بکەین بە هەبوونی پیلانگێڕییەکی داڕێژراو لە کوفە لەلایەن هەندێك لە خەواریجە نەناسراوەکانەوە، بەڵام پەیوەستکرابوو بە عەلی. یان تەنانەت دەتوانین بڵێین پیلانگێڕییەکی فراوانتر بوونی هەبووە و تەنها عەلی کردبووە ئامانج بە مەبەستی تێرکردنی خواستی تۆڵەسەندنەوە و خۆڕزگارکردن لێی و دەستپێکردنەوەی شەڕی هاوبەش لەگەڵ خەلیفە، بە مەبەستی بە خەبەرهێنانی بزوتنەوەی خەواریج و دینامیکیەتی مێژوویی فیتنە وەکیەك. بە کردەوە لەگەڵ مردنی عەلیدا، بزوتنەوەی خەواریج بەوپەڕی هێزی لە سەردەمی (حەسەنی کوڕی عەلی)دا گەڕایەوە و دووبارە چووەوە ناو ململانێکەوە و لە پێناو هەڵگیرساندنی شەڕێکی بێئاکامدا گوشاری دروستکردووە و لەبەردەم سستی (حەسەن)دا هەوڵیاندا بیکوژن، بەڵام شکستیهێنا. لە راستیدا بیرکردنەوە لە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان هەردوو کارەکەدا، واتا ئەوەی عەلی و ئەوەشی حەسەنی کردە ئامان بێهودەیە.

له هەمانكاتدا پێویستە بابەتی زیندووكردنەوەی بزوتنەوەی خەواریج لە دوای عەلی هەڵبسەنگێنرێت، نەك وەك بزوتنەوەیەكی دەرچوو لە یاسا، بەڵكو وەكو بەشێكی جیانەكراوە لە هەڵگیرساندنەوەی ململانێ. راگەیاندنی ئەوە زۆر ئاسانە كە دەوترێت بزوتنەوەی خەواریج هەموو ئەو كوشتنە تاكەكەسییانەی رەتكردۆتەوە بە مەبەستی پاككردنەوەی لە هەموو گومانێك دەربارەی كوشتنی عەلی. بە بڕوای من بە دیاریكراوی بزوتنەوەی خەواریجی كوفە بوو عەلی كوڕی ئەبو تالیبی كردە ئامانج و لێیدا، بۆ ئەوەی تۆڵە بكاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ شاری مەدینە كە لێی بێبەشكرابوو، بەو مەبەستەی شەڕەكە لەگەڵ كەسێكی تردا دەستپێبكاتەوە كە دەستەكانی بە خوێنی براكانی سور نەبووبێت. سەرچاوەكان بە هەڵەدا نەچوون كاتێك باسی ئەو هۆشداری و لێئاگاداركردنەوانەمان بۆ دەكەن كە پەیوەست بە مەترسی خەواریج و هەڕەشەكان لە دژی شەخسی عەلی هەبوون. عەلی كوڕی ئەبو تالیب، لە دوای عومەر و عوسمان، سێیەم خەلیفەی ئیسلام بوو بكوژرێت بە جیا لە ئەبوبەكر، كە ماوەیەكی كەم لە خەلافەت بەردەوامبوو، هەرچەندە ئەویش بۆی هەبوو بكوژرێت ئەگەر مردن یەخەی پێنەگرتایا. وەلحاڵ ئەو سەردەمە لە هۆشیاری ئیسلامیدا وەك سەردەمێكی نیمچە پیرۆز وێنا دەكرێت، سەردەمی چوار خەلیفەی راشیدی لەلای ئەهلی سوننە، سەردەمی دوو شێخەكە لەگەڵ شەش ساڵی یەكەمی سەردەمی خەلافەتی عوسمان و قۆناغی دەسەڵاتی عەلی، كە بە دیدی خەواریجەكان تاكو پرۆسەی داوەریكردن درێژ بۆوە، بە بە تەنها لە دیدگای شیعەی دوانزە ئیمامیەوە بە سەردەمی خەلیفە عەلی دادەنرێت. كاتێك ئوممەت بە مێژووەكەیدا دەچێتەوە، فەرمودەیەكی پێغەمبەر بیر دێنێتەوە كە دەڵێت: «خەلافەت (كە تەواو پێچەوانەی پاشایەتیە)، لە دوای منەوە سی ساڵە».

ئەمڕۆ هەموو ئیسلام بە شیعە و سوننەوە، لەگەڵ مردنی عەلی كۆتایی بە سەردەمی هیدایەت (خەلافەتی راشیدی) دێنێت، بەو پێیەی كە درێژكراوەی

پێغەمبەرایەتی و نموونەی سەرکردایەتی تەواوە، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، چونکە جگە لە خودا و دینەکەی و فراوانکردنی موڵکدارێتی خودا و دادپەروەری نواندن لە بەرامبەر باوەڕداراندا، هیچ خەمێکی تری نییە. ئەوەی لێرە بەلای منەوە گرنگە بیرکردنەوە و پێشبینیکردنە لەو ناچونیەکیە دیارەی کە هەندێك لە عەلمانیە نوێگەرەکان ئاماژەیان پێکردووە، لە نێوان میسالیەتی ئەو سەردەمەی سەرەتای ئیسلام، کە لەگەڵ مردنی عەلی کۆتاییهات، و نێوان بەرپابوونی توندوتیژی و لەدەست دەرچوونی بە جۆرێك کە لە چوار خەلیفە گەورەکە، ژیانی سیانیانی کردە ئامانج.
ئیسلام هات توندوتیژی عەرەبی جڵەوگیر کرد، کاتێك خستیە پێناوی خودا و دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی تازە هەڵکەوتوو، رێکیخست و مەبەستەکانی بۆ دیاریکرد. جگە لەوەش رەهەند و واتایەکی تری پێبەخشی. لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا، دوور لە گەمە نەزۆکەکانی جاهیلیەت سەردەمی شەڕی راستەقینە دەستیپێکرد، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی کەمتر لە ئیمپریالیزمە زۆرەکانی تر تۆوی مردن و کوشتنی چاند. ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی پارێزگاری لە دانیشتوانی سیڤیل دەکرد، بەبێ خوێنڕشتن بە گوێڕایەڵبوونیان رازی دەبوو، دژی خراپەکانی و گەندەڵی لەسەر زەوی وەستایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەرچەندە رێکخراوو سنوردارکراو بوو، بەڵام توندوتیژی و وزەیەکی زۆری توندوتیژی هەبوو. خەڵك لەسەر شەڕ و کوشتار راهاتبوون، تاکو بکوژن و بکوژرێن. ئەو دۆخە ببووە قەدەرێکی رۆژانە. لێرەوە مردنی مرۆڤ بێبەها بوو، کە لە سەردەمی جاهیلیەتدا وەك بەهایەکی قارەمانێتی بە شکۆوە تەماشای دەکرا، ئەو بەهایەی کە لە ئەنجامی نیشاندانی گیانی قوربانیدان لە ئیسلامدا زیاتر چەسپا. سەدان هەزار لە پیاوانی چەکدار لە ویلایەتەکاندا هەبوون: 40 بۆ 50 هەزار لە کوفە، 60 هەزار لە بەسرە، 60 هەزار لە وڵاتی شام، 30 بۆ 40 هەزار لە میسر، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ جۆرێك لە پاشاگەردانی و بێسەروبەرەیی تۆمارکراو نییە، چونکە سیستمی ئیسلامی تیایدا

باڵادەست و خەمخۆری بوو، جگە لە هیوایان بە غەنیمەت و بوونی چالاکیەکی تاقەتپڕوکێنی پرۆسەی فەتح.
سەرچاوەکان باسی کوشتنی سەرکردەکان لەلایەن سەربازەکانیان و رودانی کێشەو ناخۆشی لە نێوان خێڵەکان یان بوونی چەتە و تاڵانچیانیان بۆ نەکردوین. تەنانەت خودی فیتنە بە ناوی فکرو بیروباوەڕەوە لەلایەن سەرکردەکانەوە بەڕێوەبراوە و نەبووەتە تەقینەوەیەکی بێئەندازی شێتانە. تا دوودڵیەکی زۆر پەیدا نەبوو عوسمان نەکوژرا، بەڵام کوژرانی بووە کێشەیەکی گەورە و هۆکاری دروستبوونی شەڕی ناوخۆ. بکوژانی عوسمان بۆ ماوەیەکی بۆ ماوەیەکی زۆر لە پشتیوانی دیوارێکی ناوخۆیی نەبینراو راگیرابوون، چونکە قورئان باسیکردووە، ئەوانەی کەسانێکی باوەڕدار بکوژن ئاگری دۆزەخ جێگەیانە. بەڵام هەر کاتێك سنوری ئەو دیوارە ناوخۆییە بەزێنرا و دەرکەوت کە کوشتن بەبێ کێشە رویداوە، هەرچەندە بکوژەکان پێیانوابوو خۆیان لەسەر حەقن. لە ئەنجامی رشتنی ئەو خوێنەی لە قورڕقوڕاگەی عوسمان هاتەدەرەوە، شەپۆلێك خوێنی زۆر لە بەسرە هەستا: سەدان کەس لە بکوژانی عوسمان کوژرانەوە. پاشان لە شەڕەکانی (الجمل) و (صفین) دا هەزارانی تر کـوژران. مرۆڤ بە گران بڕیار لەسەر گرتنەبەری توندوتیژی دەدات، بەڵام کاتێك ناچار دەکرێت توندوتیژی بکات تێیدا دوودڵ نابێت. ئێمە بە جۆرێك ئاماژە بۆ هەبوونی ئاوێتەیەکی شایستە لە رێزگرتنی ژیان دەکەین، نەك تۆڵەسەندن کە جگە لە نیشاندنی ئەو هەستە شتێکی تر نییە، هەروەك دوورکەوتنەوە لە حەرام و پێگەیشتن رێگەیەکن بۆ دامرکاندنی گەردەلولی توندوتیژی. عەلی بە شێوەیەکی تایبەتی نیشانیدا کە لە بەرامبەر هەڵگەڕاوە خەواریجەکاندا کەسێکی ئارام و پشوودرێژە، بەڵام کاتێك ناچارکرا و بواری بۆ نەهێڵرایەوە، هەموویانی لە نەهرەوان کوشت، هەرچەندە لەلایەکی ترەوە خەواریجەکان بە دوای شەهیدبووندا عەدواڵ بوون و دەرچوون.
بەڵام پەیوەست بە دەسەڵاتی خەلیفایەتی، هەرگیز بە تەواوەتی دووبارەی

ناکاتەوە و ڕێگەی بەخۆی نەدەدا، لەبەر ئەوەی کە شەریعەتی خودا فەرمانی کردووە موسڵمان دەستدرێژی نەکاتە سەر ژیانی موسڵمانێکی تر. شەڕەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕاوەکان وەکو شەڕ فەوتێنەر بوو، بەڵام گومانێکی گەورە دەربارەی خالیدی کوڕی وەلید دروستبوو، چونکە هەڵگەڕاوەیەکی کوشت لە کاتێکدا ئیسلامبوونی تازە کردەوە. مەبەستی خالیدبریتیبوو لە دەستبەسەرداگرتنی هاوسەری کەسە هەڵگەڕاوەکە.

ئەمە مەسەلەیەکە لە دژی بــەرژەوەنــدی ئەبوبەکر و لە چوارچێوەی کەموکوڕییەکانیدا تۆمار کراوە، کە لە دواییدا شیعەکان زەقی دەکەنەوە. بە تەنها گێڕەرەوەکانی فەرمودەکانی پێغەمبەر لەگەڵ شیعەکاندا، گومان دەخەنە سەر عومەر لە بارەی مردنی سەعد کوڕی عوبادە، چونکە پیادەکردنی توندوتیژی و ئازەرووی شەخسی لە کاربەدەست قبوڵ نەدەکرا. کتومت ئەمە لە سەردەمی عوسمان دەگوزەرا، چونکە هەرگیز فەرمانی کوشتنی کەسی نەداوە، بەڵکو تەنها سزای سوکی بەسەریياندا جێبەجێ دەکرد، ئەوە بە ناپەسەند دادەنرا. هەر لە کۆنەوە ئەو قسەیە هەیە کە دەڵێت، خەلیفەکانی سەرەتا زیاتر چەوساوە بوون نەك چەوسێنەر، لەبەر ئەوەیە کە خەلیفەکان لە سەرکردەکانی شەڕ نەبوون، بەڵکو وەکو سیمبوڵ سەرۆکی ئوممەتی ئیسلامی بوون و نەخشەی چارەنوسیان بۆ دیاریدەکرد. ئەوان بە راستی جڵەوی فەرمارەوایەتیەکی رەسەنیان بەدەستەوە نەبوو، چونکە لەبەر ئەوەی پاشا نەبوون، هیچ نەریت و ڕێوڕەسمێکی رواڵەتیان نەبوو، جگە لەوەش لە هەڕەشە و کردنەئامانج پارێزراو نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لێپرسراوی هەموو شتێك بوون، چونکە بە تەنها خۆیان نوێنەرایەتی دین و یەکرێزی و یەکپارچەیی ئوممەتیان دەکرد، بەوەش دەسەڵاتێکی مەعنەوی گەورەیان لە دەستی خۆیاندا کۆکردبۆوە، بەڵام بونیاتی دەوڵەتێك نەبوو لەسەر ئاستێکی ناوەندی بەهێز پشتیوانی کارەکانیان بکات.

بەپێی کەلتور، وا پێدەچێت عومەری کوڕی خەتاب لەسەر بابەتێکی بێبەها

کوژراوە. کۆیلەیەکی موغیرەی کوڕی شوعبە کەسێکی فارس بوو، یەکێك بوو لە بەدیل گیراوەکانی شەڕ، چوو بۆ لای خەلیفە عومەر تاکو مافی لە گەورەکەی بۆ بسێنێت، بەڵام عومەر کە بە دادپەروەری ناسراوە، سکاڵاکەی بە لاواز بینیوە، بەو هۆیەشەوە پیاوەکە هەستا بە کوشتنی عومەر. خەڵك پێیانوابوو ئەوە بابەتێکی نیمچە ئاساییە، جگە لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر کە رایگەیاند روداوەکە پەیوەندی بە پیلانگێڕی (هورموزان)وە هەیە، کە فەرمانڕەوایەکی شکستخواردوی فارسەکان بوو، ببوو بە ئیسلام و لەناو مەدینە دەژیا. بۆیە بەبێ هیچ دوودڵیەك هورموزانی کوشت. ئەوە جگە لە گیانی تۆڵەسەندنەوە کە لە ناخیدا هەبوو، شتێکی تر نەبوو. لەو سەردەمەدا هیچ بیرۆکەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات. پاشان ناڕەزایەتیەکی گشتی لە دژی عوبەیدوڵڵا دروستبوو، چونکە تۆمەتبارییان کرد بە کوشتنی موسڵمانێك بە ستەم و بەبێ هیچ بەڵگەیەك. عەلی بە تایبەتی داوایکرد سزای (القصاص) لە دژی جێبەجێ بکرێت، کە شەرع سەبارەت بە روداوی لەو جۆرە سەپاندوویەتی. عوسمان وەڵامی داواکەی نەدایەوە، چونکە پێیوابوو ناتوانێت بەو رازی بێت بنەماڵەکەی عومەر بەو شێوازە تیا بچێت، بەڵام بڕواپێبوونی گشتی ئەوەبوو کە بابەتەکە پەیوەندی بە کوشتنی تاکەکەسیەوە هەیە، ئەم بڕواپێبوونەش بە درێژایی سەردەمەکان رەنگیدایەوە. ئایا پیلانگێڕییەك یان تەنانەت هەڵچوونێکی تاکەکەسی وەك تۆڵەسەندنەوە بۆ روخاندنی ئیمپراتۆریەتی فارسی بەدوور دەزانرێت؟ ئایا بە راستی دەکرێت بوترێت کوشتنی عومەر لەسەر شتێکی بێبەها بووە؟

دوورییەکی بەرفراوان هەیە لە نێوان پایەی عومەر و پاڵنەرەکانی پشت کوشتنی، کە بە بەردەوامی خۆی دەسەپێنێ و داوامان لێدەکات لێی بکۆڵینەوە. ئایا پاڵنەرە راستەقینەکان بە وریاییەوە شاردراونەتەوە، یان بە پێچەوانەوە ئایا لە واقیعدا راستیەکەی زۆر سەرپێیە؟ لە سەردەم و جیهانێکدا کە چەندان شەپۆلی خوێنی تێدا رژاوە، ئارەزووی کوشتن دراوێکی بەبەها بوو. بۆیە لەبەر ئەوەی کە بابەتەکە

بە گشتی بەرجەستەکراوە، ناوەرۆکەکەی ئەوەیە کە عومەر قوربانی دەستی تاقمێکی ئوممەت نەبوو، تەنانەت قوربانی کاری دەستی موسڵمانێك نەبوو. بۆیە کوشتنی تەعبیر نییە لە تێکچوونێکی بنەڕەتی لە ئیسلامی سەرەتادا، هەروەك نوێگەرە عەلمانییەکان دەیانەوێت ئەمجۆرە بیرۆکەیە بسەپێنن.

کوشتنی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە ئەنجامی پیلانێکی دارێژراو نەبوو لەلایەن موعاویەی دوژمنی، بەڵام بە گشتی لەلایەن گروپێکی زۆر بچوکی خەواریجەکان، یان لەلایەن تاکە کەسێکی خەواریجەوە ئەنجامدرا، کە بەگوێرەی نەریتی مێژوویی ئەو کەسە چەکدار بوو بە عیشقێکی هەڵکردوو، لە نێوان خۆشەویستی و تۆڵەسەندنەوەی ژنێکدا. لێرەشدا درك بە جۆرێك لە بێبەهایی و گەمژەیی دەکەین، بە تایبەتی لە ئەنجامی شەڕی نەهرەوان خۆی دەبینێتەوە. ئایا پیلانگێڕییەکی بێدەنگ هەبووە مەرامی بکوژانی خەلیفەکانی راشیدی وەك شتێکی بێبەها بەرجەستە بکات، بێجگە لە کوشتنی عوسمان کە ناکرێت تێبپەڕێنرێت، چونکە بزوتنەوەیەکی فکری راستەقینە پشتیوانی لێدەکات؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا لاوازی لە بەڕێوەبردنی دراماکەدا هەبوو؟ یان تامی ژیانی تاَ و دژوار، توندوتیژی شاراوەی سەردەم، رێکنەخستنی خەلافەتی سەرەتا کە لە خەڵك و گەلەوە نزیکبوو، وایانکردووە کاربەدەستانی دەسەڵاتی نوێ چارەنوسیان ئەوە بووە تەنها بە کوشتن بمرن؟ بەلای عەقڵیەتی عەرەبەوە، سەرکردەی جەنگاوەر ناکرێت لەناو جێگەدا گیانی لەدەستبدات، بەڵکو دەبێت لە گۆڕەپانی شەڕدا گیانی بسپێرێت. عەلی جەنگاوەرێکی ئازا و چاك بوو، بەهۆی فیتنەیەکی لەدەستدەرچوو بە زەبری تیژی شمشێر گیانی سپارد، لە کاتێکدا هیوالێبڕاوانە هەوڵیدەدا کۆنترۆڵی بکات.

# پێگەی عەلی لە مێژوو، میتامێژوودا

عەلی سێ رووی هەیە: عەلی بیروباوەڕ، عەلی ئەفسانە، عەلی مێژوو. هەرسێکیان بەرهەمی گەشەکردنی مێژوون لە دوای مردنی، رەنگدانەوەن لە ویژدانی ئیسلامیدا، لەگەڵ خودی فیتنەدا بوونەتە مەرجەع و بناغە. ئەگەر عەلی بەشداری جیهانی ململانێی سیاسی نەکردبایا و لە دوای خۆیەوە جووڵانێکی گەورەی لە ئیسلامدا بەرپا نەکردایا، چارەنوسێکی نادیاری دەبوو. لە لایەکی تریشەوە ئەو بە تەنها خۆی رێڕەوی مێژووی ئایندەی نەبڕی، بەڵکو بە درێژایی سەدەیەك پۆلێك لە شەهیدەکانی قۆناغی سەرەتای شیعەگەرایی لەگەڵ بوو، لەپێش هەمووشیانەوە شەهیدی کەربەلا (حەسەن)ی کوڕی کە رێڕەوی هاوسۆزی شیعی دەستپێدەکات. ئەوانەی تریش وەك: حجری کوڕی عودەی، تۆبەکاران، ئەلموختار. لەو کاتەدا کە مێژوویەکی ریالیزمی (واقیعی) لەلایەن نەیارە ئومەوییەکانیەوە بونیات دەنرا، کە زۆر سوربوون لەسەر سڕینەوەی باس و خواسی عەلی، مێژوویەکی پێچەوانە لەسەر ئاستی روحی لە پەراوێزدا بونیات دەنرا.

ئەو مێژووە لەسەر یادەوەری عەلی و شەهیدکردنی کوڕەکەی چڕبۆوە، هەر ئەو مێژووەش دواجار سەرکەوت. دوای (80) ساڵ، بانگەوازی شیعی بە ناوی مافەکانی ئالوبەیت لە پێشەوایەتیکردنی ئوممەتی ئیسلام، بەڵام لقێکی تری هاشمییەکان، سەر بە بنەماڵەی ئەلعەباس و ئیبن ئەلعەباس دەسەڵاتیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە، چونکە ئەوان لەپشت رێکخستن و درووستکردنی ئەو بزوتنەوەیە بوون. بنەماڵەی عەلی لە رێگەی (حسێن) و رۆڵە ستەملێکراوەکانیەوە لە کەربەلا، دەستبەرداری دونیا بوون، ئەوەش کۆڵێك بەرچاوڕوونی پێبەخشین. لێرەوە بونیاتنانی لەسەرخۆی شیعەگەرایی دینی و بیروباوەڕەکەی دەربارەی پێشەوایەتیکردنی روحی و مەعسومیەتی بەخشراو بە عەلی و بنەماڵەکەی دەستپێکرد. عەباسییەکان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی لێی دابڕان: دووبارە

خوێندنەوەی رابـردووی بنەڕەت، لەگەڵ رەتکردنەوەی دیوە شاراوەکان کە زیان بە کۆدەنگی ئیسلامی دەگەیەنێت. عەباسییەکان لە شیعەگەرایی توندڕەو سەرچاوەکان گرت، بەڵام لەپشت سوننەگەراییەکەوە ریزییان بەست کە لە قۆناغی دروستبووندا بوو، بەڵکو بەشدارییان لە درێژبوونەوەیەکی مێژووییدا کرد کە بەشی هەرە گەورەی میراتی رابردووی لەخۆی گرتبوو.
ئەوان لە بەرامبەر رەتکەرەوەکاندا دانپێدانانیان بە خەلیفەکانی سەرەتا هەڵبژارد، بە تایبەتی ئەبوبەکر و عومەر، هەروەها چەکی پێشەوایەتیکردنی روحی تایبەت بە ئامۆزاکانیان رەتکردەوە، چونکە شەرعیەتی ئەوانی لەناو دەبرد. بەڵام شتێکی ئاسایی بوو کە عەباسییەکان لێبگەڕێن وێنای عەلی بە درێژایی سەدەیەك مافەکانی و کەسێتی خۆی بەدەست بێنێتەوە، بەڵکو هانیاندا بەدەستی بێنێتەوە، چونکە یەکێك بوو لە بنەماو پایە ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵاتیان. کۆمەڵگە و ئیمپراتۆرییەت لە سەردەمی عەباسییەکاندا فراوانبوون و گەشانەوەیان بە خۆیانەوە بینی بە ئاراستەی تۆکمەیی و یەکبوون.
بە هەمان رێڕەویش زانست پەیدا بوو دوایئەوەی ئومەوییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا بە توندی خەفەیان کرد، چونکە شەرعییەتیان زۆر فشەڵ بوو بەهۆی ئەوەی کە کارییان بە میتامێژووی پێغەمبەرایەتی و فەزیلەتە دینییەکان نەدەکرد. لەگەڵ هاتنی عەباسییەکان دۆخەکە تەقیەوە و لەساڵی 140ی کۆچی/757ی زایینی بـەدواوە عەوداڵبوون بە دوای مەعریفەی توند گرێدراو بە مێژوو: بەسەرهات (السيرة) و میتامێژووی پێغەمبەرێتی (حەدیس)یان کۆکردنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر، بەو شێوەیەش ژمارەی خوێندنگاکانی فیقە و مێژوو زۆر بوون. لەم چوارچێوەیەدا وێنای عەلی لە دوڕێیانی جۆرەها مەعریفە و زانستی پێکەوە گرێدراودا، لە ناوجەرگەی دابڕانە گەورەکەی نێوان سوننە و شیعەدا و لەناو رەوتەکانی عوسمانیزم و موعتەزیلەدا ئەو پلەو پێگەیەی گرت، لەبەر ئەوەی ئەستەم بوو وێنەی واقیعی و راستەقینەی عەلی لەناو روانگەی مێژوویی تایبەت

بەخۆیدا گەشە بکات. ئەو لەناو مێژوویەکی بەرفراواندا دەستی بە ژیان کردووە تاکو ئەمڕۆمان درێژ بۆتەوە، تەنانەت لەناو هەموو ئیسلام و ئەو خورافەتە جەماوەرییەشدا کە دروستی کرد، ئەو چاکترین قارەمانە. لێرە و لەوێ، ئەم پرۆسە مێژووییە داهاتووە لەناو پانتایی سیاسەتدا هەڵیکێشا، بۆ ئەوەی بیکاتە یەکێك لە گەورە پێشەواکانی ئایینی ئیسلام: دژە سیاسی، مرۆڤی بەرجەستەبوو لە پیرۆزی و بەردەوامێتی ئایین.

مشتومڕو گفتوگۆی زۆر دروستبوون، کە بۆ چەندین نەوە درێژەیان کێشا، مقۆمقۆیەکیان جێهێشتووە هێشتا لەلای ئیبن ئەبی ئەلحەدید و ئیبن کوسەیر بە زیندوویی ماوەتەوە، بە تایبەتی لە دوای هێرشی مەغۆلەکان کە شارستانیەتی ئیسلامی لە ناوەندەکەی خۆیدا لەناوبرد، ئەو کاتەی کە چەمکی ئایینی و مێژوویی دەموچاویچکی فکری زۆر چڕو بەهێزییان پۆشی. سەرەتا و پێش هەر شتێك سەبارەت بە پێگەو پایەی عەلی لەناو میتامێژووی پێغەمبەرێتیدا، ئەو قۆناغە یەزدانیەی کە ، بە تایبەتی بۆ هەموو لێکدانەوە و واتاکان بووەتە گرێ و لە ئەنجامی پیرۆزکردنی بەردەوامی وێنەی پێغەمبەر و فەرمودەکانی، گەورە و قەبەتر کراوە. ئەوە بوارێکی هاوبەشی لە نێوان ئەهلی سوننە و شیعەدا دروستکردووە، بوارێکی دیاردەیی و مێژوویی. بەڵام ئایا ئەو پێگەیە چییە کە عەلی لەو بوارە میتامێژووییەدا بەدەستی هێناوە، کە بە شێوەیەکی ڕەها پێش هەموو قۆناغێکی تر کەوتووە و هەموو چاکە و مافەکان لەسەری وەستاوە؟ ئاساییە ئەگەر ئەو ئەشکالیەتە خراوەتە روو، لەبەر ئەوەیە کە ئاراستە و چڕییەکی تەواوی مێژووی راستەقینە هەبووە، وەك: فیتنە، ئومەوییەکان، شۆڕشی عەباسییەکان و ئەو هەموو پێگەیشتنە ئایینی و فکری و سەرزارەکیەی هەبووە. لێرەدا قەبەیی ماددی گرنگی نییە. (صفین) ئەو شەڕە گەورەیە، تاکو ئاستێکی زۆر بچوکە لەبەردەم کەمترین دیمەن لە دیمەنەکانی سەردەمی پێغەمبەری خودا. ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر قارەمانێتی عەلی بکەین، تەنها لە بارەی خەسڵەتە جەنگییەکانی،

ئەوا پێویستە لێرە بەدوایدا بگەڕێین، نەك لە هەر جێگەیەكی تر. ئەفسانە بە تەواوەتی لەمە تێدەگات كاتێك عەلی وەك قارەمانێكی جەربەزە و تێكشكێنەری بێباوەڕان وێنا دەكات، نەك وەك جەربەزە و تێكشكێنەری جەماوەری سامناكی جەنگیی بەلێشاوی شام.

ئەگەر هەوڵبدەین بەراوردكاریەك لە نێوان سێ خوێندنەوەی بۆ میتامێژووی پێغەمبەرایەتی بكەین، واتـا: خوێندنەوەی سوننی، خوێندنەوەی شیعی، خوێندنەوەی عوسمانیزم، دەبینین كە لە حاڵەتی یەكەمدا جۆرێك لێهەڵبژاردن لە بەرامبەر ئەسحابەكان هەیە، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا قەبەكردنێكی بێئەندازی رۆڵی عەلی بەدیدەكرێت، لە دوایین حاڵەتیش (حاڵەتی عوسمانیزم)، بەراوردێك نەك لە نێوان عوسمان و عەلی، بەڵكو لە نێوان ئەبوبەكر و عەلی بەدیدەكرێت بە ئامانجی سەلماندنی ئەوەی كە رێزو چاكەی ئەبوبەكر لە عەلی زیاتر بووە. لە دیدگای بەسەرهاتی شیعەدا، عەلی یەكەم كەس بووە باوەڕی بە ئیسلام هێناوە و لە تەمەنی (10) ساڵی یان زیاتردا بە پێگەیشتن و ژیری گەیشتووە، ئەوەش وایكردووە ئیسلامبوونی ببێتە كارێكی عاقڵمەندانە. بەڵام لە دیدگای بەسەرهاتی سوننەدا، پێدەچێت عەلی وەك یەكەمین مێرمنداڵ بووە بە ئیسلام و لەو كاتەدا تەمەنی لە نێوان 9 تا 10 ساڵان بووە، (ئەبوبەكر)یش وەك یەكەمین پیاو ئیسلام بووە. بە هەرحاڵ، ئاشكرایە عەلی لە قۆناغی مەككیدا بەهۆی بچوكە تەمەنیەوە رۆڵێكی سادەی گێڕاوە، بەڵام لە قۆناغی مەدینەدا، واتا قۆناغی بونیاتنانی ئوممەت و دەوڵەت و قۆناغی شەڕیش، رۆڵێكی گەورەی گێڕاوە. هەمووان دان بەوەدا دەنێن كە عەلی جەنگاوەرێكی ئازا و چاونەترس بوو، بەڵام لەپاڵ بوونی چەند جیاوازییەكی گرنگ لە حوكمەكاندا. عەلی لە دیدی شیعەكاندا، قارەمانێكی بێ ركابەر و پیاوی شانازییەكان و هەڵوێستە قورسەكان بووە، بەڵام دیدگای سوننی رۆڵ و شانازییەكانی عەلی لە قاڵبێكی زۆر بچوكتردا قەتیس دەكات. بۆ نموونە سەرگوزشتەی شیعی دەڵێت: لە شەڕی بەدر، لە كۆی (70) بێباوەڕ (45) كەسیان

به دەستی عەلی کوژراون، لە شەڕی (ئوحود)یش عەلی بەیداخی پێغەمبەری هەڵگرتووە و لە ریزی ئەو چەند کەسە کەمەدا بووە کە لە کاتی بوونی هەڕەشە لەسەر ژیانی پەرژینیان بە دەوری پێغەمبەردا کردووە، بۆ ئەوەی بە گیانی خۆیان بەرگری لێبکەن.

بەڵام سەرگوزشتەی سوننی دەڵێت: عەلی لەگەڵ ئەو ژمارە کەمەدا نەبووە کە پەرژینیان بە دەوری پێغەمبەردا کردووە، بەڵکو ئەبوبەکر و عومەر و تەڵحە و زوبێر و حارسی کوڕی ئەلصمە بوون. بەگوێرەی سەرگوزشتەی سوننی، روداوی تەسلیمبوونی هۆزی (بەنولنەزیر)ی جولەکە بە موسڵمانەکان لە دوای تەنها دوو هەفتە بەسەر گەمارۆدانیان، بەبێ شەڕ کۆتایی پێهاتووە. لە بەرامبەریشدا سەرگوزشتەی شیعی ئەو روداوەی وەکو هەڵمەتێکی سەربازی وەسفکردووە، کە تێیدا عەلی جارێکی تریش رۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیوە. هەروەها لە روداوی شەڕی خەندەق، عەلی بووە کە دۆخەکەی لە بەرژەوەندی موسڵمانەکاندا شکاندۆتەوە، نەك هەوڵدانە دیپلۆماسییەکانی پێغەمبەر. با کەمێك لە روداوەکانی تری بەسەرهاتی پێغەمبەرایەتی دەربچین، دەبینین شیعەکان بە شێوەیەکی زۆر رێکخراو، تا دەگەینە فەتحکردنی خەیبەر، هەر رۆڵی یەکەم دەدەن بە عەلی. لە دیدی شیعەکاندا ئەو پرۆسەیە تەنها کاری عەلی بووە، دوائەوەی ئەبوبەکر و عومەر لاوازییان سەلمێنراوە. کاتێك عەلی ئازارێك لە چاوەکانیدا پەیدا ببوو، پێغەمبەر بانگی کرد و تفی کردە چاوەکانی و چاکبۆوە و راشیسپارد هێرشەکە ئەنجامبدات. لەو شەڕەدا عەلی دەرگای قەڵایەکی قایمکراوی جولەکەکانی دەرهێنا و لەسەر خەندەقەکە کردی بە پرد. پاشان موسڵمانەکان چوونە ناو قەڵاکە و دەستیان بەسەر شوێنەکەدا گرت. بەو شێوەیە عەلی هێزی بێئەندازی جەستەی دەردەخات، کە بە پشتیوانی خودا بەرجەستە بووە، بەڵام سەرگوزشتەی سوننی بەسەرهاتێکی لەو شێوەیە رەتدەکاتەوە و لە قەبارەی شکستی ئەبوبەکر و عومەر کەمدەکاتەوە، هەروەها لە قەبارەی تواناکانی عەلیش کەمدەکاتەوە. لەوەش

زیاتر مێرگی خەیبەر ژمارەیەك قەڵای تیادا بوو، هەندێکیان خۆیان بەدەستەوەدا، هەندێکی تریشیان بە پاڵپشتی کاری سەرتاسەری و دەستەجەمعیانەی سەرجەم موسڵمانان دەستیان بەسەردا گیرا.
ئێستا گەیشتمە (3) رووداوی سەرەکی: غەزای تەبوك، بابەتی دابەزینی سورەتی (براوە) بەهۆی عەلیەوە، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر رووداوی (غەدیر خوم)ە. لە ساڵی 9ی کۆچیدا، پێغەمبەر (د.خ) خۆی سەرکردایەتی شەڕی بەرپەرچدانەوەی رۆمەکانی کرد و ئامانجی تەبوك بوو، عەلی وەك جێنشینی خۆی لە مەدینە جێهێشت، بۆ ئەوەی لە کاتی جێهێشتنی مەدینەدا ئاگای لە کاروبارەکانی بێت. بەڵام دووڕووەکـان، دوژمنانی پێغەمبەر ژاوەژاوێکیان درووستکرد گوایا عەلی بەهۆی لاوازی و کەم ئەزمونییەوە لە مەدینە جێهێڵراوە، پاشان عەلی دەگاتەوە پێغەمبەر بۆ ئەوەی سکاڵا لەلای بکات سەبارەت بە جێهێشتنی لەناو «ژنان و منداڵان»دا. پێغەمبەر وەڵامی دایەوە و پێیوت: «ئایا رازی نیت پایەت لەلای من وەك پایەی هارون بێت بەلای موساوە؟». عەلی بە دڵێکی دڵنیاوە گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی. شیعە و سوننە بەبێ جیاوازی وەکیەك لەسەر ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر کۆکن، جگە لەوەی کە شیعەکان لە کۆی هەموو رووداوەکـەدا وای دەبینن پێغەمبەر رایگەیاندووە کە عەلی دەبێتە جێنشینی، بەڵام ئەهلی سوننە تەنها وەك بەڵگەیەکی سۆز و متمانەپێکردنی پێغەمبەر محەمەد بەرامبەر بە زاواکەی و ئامۆزاکەی و برای لە ئیسلامدا لێکی دەدەنەوە.
هەروەها لە ساڵی 9ی کۆچی و لە وەرزی حەجدا، پێغەمبەر ئەبوبەکری نارد بۆ ئەوەی پێشنوێژی بۆ حاجیان بکات. لەو کاتەدا سورەتی (براوە) هاتۆتە خوارەوە، کە باسی لابردنی بەڵێننامەکان لەگەڵ بتپەرستەکان و قەدەغەکردنی چوونە ناوەوەیان بۆ حەرەم دەکات، بەڵام لەجیاتی ناردنی ئەبوبەکر بۆ ئەوەی سورەتی (بـراوە) بۆ خەڵکەکە بخوێنێتەوە، عەلی لەلایەن پێغەمبەرەوە دانرا تاوەکو لەدوای مردنی ببێتە جێنشینی. بەڵام ئەهلی سوننە لەوەدا پشتیان بە نەریتە

عەرەبییەکان بەستووە و ئەو بڕیارە وەك نەریتی ناردنی کەسێك لە بنەماڵەکەی لێکدەدەنەوە کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە ڕاگەیاندنی پەیامێکی گرنگ یان بە پێدانەوەی قەرزێکەوە هەبێت. بەڵام مەسەلەی (غدیر خوم) کە لە نێوان هەموو بابەتەکاندا لە هەموویان گرنگترە، چونکە شیعەکان لە بابەتی چەمکی وەسیەتدا پشتی پێدەبەستن، واتا پێغەمبەر عەلی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بە فەرمانی خودا ببێتە جێنشینی.

لە کاتی گەڕانەوەیدا لە حەجی ماڵئاوایی لە ( 18ی مانگی زیلحجەی ساڵی 10ی کۆچی/16ی ئاداری 632ی زایینی)، پێغەمبەر فەرمانی کرد لە نزیك غەدیر خوم پشوو بدەن. لەو شوێنە پێغەمبەر بە ئاشکرا دەستی عەلی بەرزکردەوە و بە ئامادەبووانی وت: «خودایە ئەوانەی من پێشەوایان بووم، عەلی پێشەوایانە، خودایە پشتیوانی ئەوانە بکە کە پشتیوانی لێدەکەن، دوژمنایەتی ئەوانەش بکە کە دوژمنایەتی دەکەن». با سەرەتا لە هەڵوێستی سوننە بڕوانین، چونکە ئاسانترینیانە و بابەتەکە لێرە پەیوەندی بە ڕوداوێکی لە ڕوداوەکانی بەسەرهاتی پێغەمبەرایەتی هەیە، هەروەك پەیوەندیشی بە زانستی فەرمودەوە هەیە، چونکە ناوەرۆکەکەی فەرمودەیەکی پێغەمبەرە. لە سەرەتاوە پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین کە سەرچاوە سوننییەکان یان خودی ڕوداوەکە یان فەرمودەکە، یان هەردووکیان پێکەوە ڕەتدەکەنەوە. ئیبن سەعد نەهاتۆتە سەر باسی بابەتی غەدیر خوم، (ئیبن حەزم)یش فەرمودەکەی ڕەتکردۆتەوە، (بوخاري)یش بە فەرمودەیەکی لاواز دەیداتە قەڵەم. هەروەها ئیبن کوسەیر لەو بارەیەوە پشتی بە ئیبن حەنبەل بەستووە کاتێك دەڵێت: ناوەرۆکی فەرمودەکە، واتا بەشی یەکەمی بە کۆی دەنگ پەسەندە. واتا « ئەوانەی من پێشەوایان بووم، عەلی پێشەوایانە». هەرچەندە کەلتوری سوننی فۆرمێکی مێژوویی بۆ فەرمودەکە زیاد کردووە و لە گرنگیەکەی کەمکردۆتەوە. مەبەست لەوە بەرگریکردنە لە عەلی لە هەمبەر ئەو هێرشانەی بەهۆی هەڵسوکەوتی لە یەمەن ڕووبەڕوویان بۆوە. ئەم کەلتورە تا ماوەیەك دانی

بە دەستەواژەیەکی ئاوەهادا ناوە، بەڵام لە هەموو ناوەرۆکێکی سیاسی و ئایینی بەتاڵی کردۆتەوە.

بەڵام شیعەکان لە دواییدا بەوپەڕی ژیرییەوە لەسەر بنەمای ئەو فەرمودەیە هەموو شتێك بونیاد دەنێن، کردوویانە بە پەیامی خودی پێغەمبەر. دوایئەوەی پێغەمبەری خودا نەریتەکانی حەجی بە باوەڕداران راگەیاند، تەنها ئەنجامدانی یەك ئەرکی تری لەسەر مابوو، ئەوەش ئەرکی (وەسیەت) و دانانی جێنشینێك بووە، نەك لەلایەن خۆیەوە، بەڵکو بە فەرمانی خودا. لێرەدا ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەر هاتە خوارەوە: «یا أیها الرسول بلغ ما أنزل الیك من ربك وان لم تفعل فما بلغت رسالته والله یعصمك من الناس ان الله لا یهدي القوم الكافرین». پێغەمبەر بە فەرمانی خودای کردو وتارێکی پێشکەشکرد کە ئەو فەرمودە بەناوبانگەی تێدایە، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لەگەڵ چەند فەرمودەیەکی بنەڕەتی روونتردا، ئەمەیان پێگەیەکی لاوەکی هەیە. فەرمودەکە ئەمەیە: «عەلی کوڕی ئەبو تالیب براو راسپێردراو و جێنشینی منە، ئەو لە دوای من پێشەوایە، عەلی لە دوای خودا و پێغەمبەر وەلی ئەمرتانە». بیروباوەڕی شیعە لە رێگەی بابەتی (غەدیر)ەوە هەمووی بریتیە لە دەربڕینی ئەم فەرمودانەی خودی پێغەمبەر. دوایئەوەش کاتێك پێغەمبەر محەمەد هەموو پەیامەکەی تەواو کرد، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە کۆتایی بە هاتنەخوارەوەی وەحی بۆ مرۆڤایەتی هێنا: «الیوم أكملت لكم دینكم وأتممت علیكم نعمتي ورضیت لكم الأسلام دینا».

لە دیدگای خوێندنەوەی سوننی بۆ سەردەمی پێغەمبەرایەتی، بە هەمانشێوەش لەلای شیعەکان زانستی فەرمودە و شیکردنەوەی قورئان و مەعریفەی مێژوویی تێکەڵ کراوە، لە کاتی حەجدا نەك لە دوای حەج هەمان ئەو ئایەتە هاتووەتە خوارەوە کە کۆتایی وەحیە و هیچ پەیوەندییەکی بە عەلیەوە نییە، هەروەك فەرمودەکانی پێغەمبەر لە بارەیەوە، کە بە شێوەیەکی رێژەیی مشتومڕییان لەسەرە، ئاماژەیان بۆ هیچ وەسیەتێك یان راسپاردەیەك نەکردووە لە بەرژەوەندی

عەلی، جگە لەوەش هێمایان بۆ هیچ وەسیەتێك نەکردووە بەپێی فەرمانێکی خودایی، بەڵام بۆچوونی شیعە ئەوەی لەخۆگرتووە کە خەلیفە یەکەمینەکانی سەرەتا: ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان، زۆردار بوون و مافی ئەوەیان نییە هیچ ئیعترافێکیان پێبکرێت و شەرعیەتی خەلیفایەتیان ناپەسەندە و ڕەتدەکرێتەوە. لێرەوە ناوی (رافیزەکان) لە بەرامبەر شیعەکان بەکارهێنراوە، بێجگە لە (الزيدية). ئەو ڕەوتە عوسمانیەی کە لە سەدەی (2ی کۆچی/8ی زایینی)دا تەنها قەتابخانەیەکی فکری، بژاردەیی (نخبوي) بوون، تەواو لەسەر ڕێڕەوێکی پێچەوانەی (رافیزەکان) بەردەوام بوون و دانیان بە شەرعیەتی سێ خەلیفە یەکەمینەکانی سەرەتا هێنا، بەڵام رازی نەبوون دان بنێن بە شەرعیەتی خەلافەتی عەلی. ئەوان لەم ئاراستەیەوە لە دەرەوەی بازنەی سوننە وەستان، هەرچەندە لێیەوە نزیکبوون.

یەکێك لە جیاوازییەکان ئەوەیە، خۆیان ناکەن بە نیشاندەری چاکییەکانی عوسمان، بەڵکو چاکییەکانی ئەبوبەکر نیشاندەدەن و لە ڕێگەی گەشەکردنی میتامێژوویی پێغەمبەرایەتیەوە لەگەڵ عەلی بەراوردی دەکەن، وەکئەوەی کەسێتی عوسمان لەبەر دیدی ئەواندا تا ئاستێکی وا لاواز بووبێت کە بە عەلی بەراورد ناکرێت، کە لەگەڵ کاتدا پێگەی فراوان بوو، یان لەبەر ئەوە بووە ئەبوبەکر ئەو کلیلە بووە کە ڕێگەی داوە بە دژایەتیکردنی شەرعیەتی عەلەوی، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە (رافیزەکان)کان ئەبوبەکریان وەك سەرچاوەی زۆرداری وێنا دەکرد. جێی سەرسوڕمانە کە ئیشکالیەتی چاکەخوازی لەلای موعتەزیلەکان گەشەی کردووە، ئەوانەی کە بە شێوازێکی عەقڵانی بە توندی قسە و مشتومڕو گفتوگۆیان دەکرد. موعتەزیلەکان لە سەدەی دووەمی کۆچی لە بەسرە دەرکەوتن، پاشان ڕوویانکردە بەغدا. بەڵام بەو پێیەی کە سوننەگەرایی زانستی قسەو باسی سیاسیە، هێشتا لە شاراوەیی و ناڕوونیدا بوو، بە دووریش نازانرێت کە بەپێی ریزبەندی زەمەنی سیستمی چاکەویستی خۆی لە بەرامبەر خەلیفەکانی راشیدی لەو خواستە

موعتەزیلەییە وەرگرتبێت، چونکە موعتەزیلەکان یەکەمین تاقم بوون مشتومڕو گفتوگۆیان کـردووە، گفتوگۆکانیشیان سـەرەڕای پەیوەندییان بە سیاسەتەوە، دەربارەی هەوێنی ئیمان و کرۆکی بیروباوەڕ بوو.

کەواتا ئایا عەلی لە ئەبوبەکر و ئەوانەی تر چاکتر بوو، یان بە پێچەوانەوە؟

زۆرێك لەو بەسرییانەی کە لە ریزی موعتەزیلەکاندا بوون لە دژی پێشخستنی عەلی بوون، چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە فەزڵ و چاکەخوازی بەگوێرەی سیستمی ریزبەندی خەلافەت بەڕێوە دەچێت. پێدەچێت ئەم رایە خرایە ناو سوننەی پێکهاتوو لەو سەردەمەدا، بەڵام زۆربەی بەغدادییەکان لەگەڵ هەندێك لە بەسرییەکان، ئاراستەیان بەرەو پێشخستن و بەچاکتر زانینی عەلی بوو، چونکە لە سەرووی ئەوانی ترەوە دایاندەنا. بۆ نموونە وەك: ئەبی جەعفەر ئەلئیسکافی، دادوەر عەبدولجەبار. ئەوە بووە رەوتێك بۆ نەوە لە دوای نەوە گواسترایەوە تا گەیشتە ئیبن ئەبی ئەلحەدید. هەرچەندە دامەزرێنەرانی ئەو مەزهەبە: واصلی کوڕی عەتا و ئەلعەللاف، پێیان باشبوو لە ئاست بابەتی پێشخستن و بەچاکتر زانینی ئەبوبەکر یان عومەر یان عەلی هەڵوەستە نەکەن، هاوکات لەگەڵ بڕوابوونی دڵنیا و متمانەکردنیان بە پێشخستنی عەلی بەسەر عوسماندا، هەموو ئەوانەش لەسەر بنەمای بەسەرهات و رابردوویان نەبوو، بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ پلەو پێگەیان لە میتامێژووی سەردەمی پێغەمبەرایەتی.

لەم چوارچێوەیەدا وابەستەیی (الجاحظ) بۆ عوسمانیزم دەرکـەوت، کە موعتەزیلەیەکی بـەسراوی و نوسەرێکی نـاودار و خاوەن عەقڵێکی گشتگیر بوو. کتێبەکەی دەربارەی عوسمانیزم دەچێتە قاڵبی پێشەنگیدان بە ئەبوبەکر و پێشخستنی بەسەر عەلیدا، ئەوەش لەلایەن موعتەزیلەکانی بەسرەوە دانی پێدانراوە، زیاتر لە چوونە ناو قاڵبی ناوەرۆکی عوسمانیزمی راستەقینەوە بە ئامانجی داکۆکیکردن لە یادەوەری و ماف و چاکەکانی عوسمانی کوڕی عەفان. ئەو بە ناڕوونیەکی زۆرەوە دەریخستووە کە عوسمانیزم دانی بە پێشەوایەتیکردنی

عەلیدا نەناوە، بێئەوەی لەو بابەتەدا رای تایبەتی خۆیمان پێبڵێت. لە کۆتاییشدا خۆمان لەبەردەم دووبارە خوێندنەوەی میتامێژووی پێغەمبەرایەتیدا دەبینینەوە بە ئامانجی نیشاندانی چاکی ئەبوبەکر، نەوەك چاکی عوسمان بە بەراورد لەگەڵ عەلی.

گرێی نیشاندانی جیاوازییەکان لەسەر دوو بابەت دەخولێتەوە: «ئەبوبەکر چاکترین و شایستەترین کەسە بۆ پێشەوایەتی کردنی ئەم ئوممەتە»، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئیسلامبوونی لە سەرووی ئیسلامبوونی عەلیە. بە چی شتێك ئەبوبەکر بەرزتر و لەپێشترە؟ یەکەم، لەبەر ئەوەیە کە ئەبوبەکر وەك یەکەمین نێرینە بووەتە ئیسلام، لە کاتێکدا خەدیجە هاوسەری پێغەمبەر (د.خ) یەکەمین ژنە باوەڕی بە پێغەمبەر هێناوە. راستە کە (الجاحظ) ئەوە باش دەزانێت کە لە بارەی عەلی وتراوە. ئەگەر گریمان عەلی لەپێش ئەبوبەکر ئیسلام بووە، بەڵام لەو کاتەدا تەنها مێرمنداڵێك بووە تەمەنی لە (7)ساڵان تێپەڕی نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە سوننەکان تەمەنیان لە نێوان 9 بۆ 11 ساڵان دیاریکردووە، بەڵام شیعەکان تەمەنیان بە 13 یان 14 ساڵ دیاریکردووە. زوو ئیسلامبوونی عەلی لەو کاتەدا کە لە ماڵی پێغەمبەر بووە، هیچ فەزڵێکی نییە، چونکە بابەتەکە پەیوەستە بە ئیسلامبوونی بە شێوەیەکی ئاسایی (سروشتی)، ئیسلامبوونێك کە لە ویست و ئیرادەیەکی هۆشیارانەوە نەهاتووە و هیچ بەرپرسیارێتیەکی لەسەر شان نییە. بە پێچەوانەوە، ئیسلامبوونی ئەبوبەکر خاوەنی فەزیلەتێکی باڵایە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی لە رێگەی بڕیارێکی سەربەستانەوە بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەبوبەکر لەناو قورەیشدا خاوەنی پلەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، لەبەر ئەوەشە کە دەبوو زۆر شت لەدەستبدات، بەهۆی ئەو پلەو پایە کۆمەڵایەتیەشەوە بوو ئەبوبەکر زیاتر لە زەیدی کوڕی حاریسە و خەبابی کوڕی ئەلئەرت هەڕەشە لەسەر ژیانی هەبوو، کە دووان لە موسڵمانە پێشینەکانن، بەڵام لە رووی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە لەو نزمتر بوون. دەتوانین بە ئاراستەیەکی پێچەوانە بە بەڵگەوە رووبەڕووی ئەمە

ببینەوە، بەڵام (الجاحظ) لە هونەری بەراوردکاری و دیالیکتیکدا مامۆستا بوو، بەسەرهات و ڕووداوەکان لە بۆچوونەکانیدا پشتگیری دەکەن، چونکە ئەبوبەکر لە پێناوی ڕێبازی خودا تووشی لێدان و ئەشکەنجەدان و سوکایەتی پێکردن بوو. لە سەرووی ئەوەشەوە ماڵ و سامانەکەی خستە خزمەتی ئەو ئیسلامە پڕ مەینەتی و چەوسێنراوە تازە هەڵکەوتووە. بۆ نموونە ئەبوبەکر چەندین کۆیلەی باوەڕداری لە ژنان و پیاوان ئازاد کرد، کە قوڕەیشییەکان بە خراپترین شێواز ئازارییان دەدان تاوەکو واز لە ئایینی ئیسلام بێنن، وەك بیلال.

لەژێر کاریگەری ئەبوبەکر هەریەکە لە تەڵحە و زوبێرو عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و عوسمانی کوڕی عەفان بوونە ئیسلام. هەموو ماڵ و سامان و پێگەکەی خستە خزمەتی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام. هەروەها لەو ماوەیەی بانگەوازی مەککیدا زۆر دەبیستین لە بارەی چەند ململانێیەکی عومەر و زوبێر و سەعد لەگەڵ بێباوەڕەندا، بەڵام هیچ شتێك دەربارەی عەلی بەدیناکرێت، کە تەواو لە گۆڕەپانی روداوەکان ونە «ئەو خاڵە نەخوازراوەش ساڵێك یان دوو ساڵ نەبووە، بەڵکو ماوەکەی 13 ساڵە». پاشان کۆچکردن بەرەو مەدینە دەستپێکرد، ئیتر لێرەوە ڕۆڵی عەلی لە شەڕی (بەدر)ەوە، تەنانەت ماوەیەك پێشتریش دەرکەوت. عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەشداری لە هەموو شەڕەکانی پێغەمبەردا کرد. بەڵام ئایا دەوترێت جیهادی عەلی لە قۆناغی مەدینەدا فەزڵی زیاترە لە ڕۆڵ و کاریگەری ئەبوبەکر لە قۆناغی مەککیدا؟. (الجاحظ) بە نەخێر وەڵامدەداتەوە، چونکە موسڵمانەکانی لە دوای کۆچکردنیان لە دۆخی بەهێزیدا بوون، بەڵام کاتێك لە رابردوودا دابڕاو بوو، بەدەست چەوساندنەوە و ئازار و ئەشکەنجەوە دەیانناڵاند. (الجاحظ) نکۆڵی ناکات لە گەشەکردنی جەنگاوەرێتی عەلی لە قۆناغی دووەم، واتا قۆناغی شەڕەکانی پێغەمبەرایەتی، بەڵام ئایا بەهای قارەمانێتی لە جەنگدا چەندە؟ لە کۆتاییدا شتێك نییە شایەنی باسکردن بێت. خودی پێغەمبەر (د.خ) تەنها یەك کەسی بە دەستی خۆی کوشت کاتێك هەڕەشە لەسەر ژیانی

هەبوو، ئەویش لە شەڕی (ئوحود)دا بوو. لە بۆتەی شکۆمەندێتی و قارەمانێتی جەنگەکاندا، عەلی بە تەنها خۆی نەبوو، بەڵکو شانبەشانی ئەو کەسانی وەك ئیبن ئەفرا، ئەبو دوجانە و زوبێر و جەنگاوەرانی گەورەی دیکە هەبوون. زۆری چاکەی ئەبوبەکر وایکرد ببێتە یەکەم خەلیفەی موسڵمانان.

(الجاحظ) بە شێوازێکی بڕواپێهێنەر باس لە بوونی ڕەوتێکی شیعی سەرەتایی دەکات لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکر، ئەوەش لەلایەن ڕەوتی شیعەگەرایی درەنگهاتوو پشتڕاست کراوەتەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە دروشمی (سەلمان کردید و نکردید)ەوە هەیە، هەروەها لەو بیرۆکەیەشدا دیارە کە عەلی لە کاتی ڕەتکردنەوەی بەیعەتپێدانی بە ئەبوبەکر پشتیوانیی هەبووە، بە هاوکاری هەریەك لە عەممار و ئەبی زەڕی غەفاری و ئەلمیقداد. لە کاتێکدا ئەبوبەکر لە سەردەمی خۆیدا دەستی بە فتوحاتی ئیسلامی کرد، بەڵام فتوحاتەکان بەردەوام بوون و هەرگیز نەوەستان لە سەردەمی دەسەڵاتی عەلیدا نەبێت، کە هەڵگیرسێنەری فیتنە بوو. لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەی شیعە کە دەڵێت شەرعیەتی خەلیفایەتی تەنها لە ڕێگەی نزیکی خزمایەتی لە (پێغەمبەری دامەزرێنەر) بەدەست دەهێنرێت، (الجاحظ) رایگەیاندووە «خەلافەت گەورەترین دەسەڵاتەکانی دینە، بەو شێوەیەش ئەوی پەیوەندی بە دینەوەیە تەنها لە ڕێگەی دینەوە نەبێت بەدینایەت، ئیمامەتی و پێشەوایەتی کردنیش دەبێت پەیوەست بێت بە هەوڵدان و کارکردن، نەك پەیوەست بە خزمایەتی». دواجار (الجاحظ) نکۆڵی دەکات لە وەسیەتکردن بۆ جێنشینی عەلی و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەڵنەبژاردن لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆ خۆی هەڵبژاردنە.

ئەو کتێبەی (الجاحظ) کاردانـەوەی خێرای یەکێك لە سەرمەزهەبەکانی موعتەزیلەی لە بەغداد لێکەوتەوە، ئەویش (ئەبی جەعفەری الاسکافي)یە. ئەو پیاوە بە ڕەتکردنەوەی لایەنگریکردنی (رافیزەکان) ناسراوە، بە تایبەتیش لە دژی ئەو گرێ و گۆڵانە بوو کە شیعەکان لە دژی ئەبوبەکر بڵاوییان دەکرەوە. الاسکافی

به شەخسی شیعە نەبوو، بەڵام تەنها لایەنگری عەلی دەکرد و لە سەرووی هاوەڵانی ترەوە دایدەنا، لەگەڵ ئەوەشدا باسی شەعیەتی (امامة المفضول)ی عەلی و گوێڕایەڵی کردنی کردووە، ئەمەش بابەتێکە سوننە پێشینەکان باسیان لێوە کردووە.

کەواتا (الاسكافي) لایەنگری عەلیە و داکۆکی لێکردووە، بەڵام نەك بە واتا سیاسیەکەی، بەڵکو بە واتای گیانی دادپەروەری و هاوسەنگی کە بۆ ماوەیەك دوور لە بیروباوەڕی شیعەگەرایی و تیۆرەکانی عوسمانیزم مایەوە. ئەو بە بەڵگەهێنانەوەیەکی عاقڵانەی پشتبەستوو بە مەعریفەیەکی باشی فەرموودە وەڵامـی (الجاحظ)ی داوەتــەوە. الاسكافی دەڵێت: «هەڵەیە بوترێت عەلی لە منداڵیەوە ئیسلام بووە، بەڵکو لە تەمەنی پێگەیشتن و باڵقبوونیدا چووەتە ناو ئیسلام، واتا لە تەمەنی 14 یان 15 ساڵاندا بووە». الاسكافي بە شێوەیەکی گشتگیرتر رەخنە لە عوسمانیزم دەگرێت، بە تایبەتیش رەخنە لە دەمارگیری و لادانی (الجاحظ) دەگرێت. هەروەها دەڵێت: «ئەوان فەزڵ و چاکەکانی ئەو پیاوەیان کردووەتە ئامانج و تێکیان هەڵشێلاوە». دەشڵێت: «ئێمە نکۆڵی لە چاکە و رابردووی باشی هاوەڵان ناکەین و مەسەلە دیارەکان ناشارینەوە، بەڵام دژی ئەوەین یەکێك لە هاوەڵان بە باشترو چاکتر دابنرێت لە عەلی، جگە لەوەش نکۆڵی لە هیچی تر ناکەین». بەم ئاراستەیە ئەبو جەعفەر باسی چاکییەکانی عومەر و زوبێر و سەعد دەکات و دانیان پێدا دەنێت، بەڵام لە دژی (الجاحظ) هەڵدەچێت بەهۆی ئەوەی عەلی کردووەتە ئامانج و لێیداوە، تا ئەو ئاستەی نکۆڵی لە هەموو قارەمانێتییەکانی کردووە، هەرچەندە عەلی موجاهیدێکی گەورەیە و یەکێکە لە قارەمانەکانی ئیسلام.

ئەبو جەعفەری الاسكافی لەو ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات شیبکاتەوە بۆچی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە رووی مێژووییەوە بووەتە جێی مشتومڕ، یان بۆچی تاکو سەدەی (3ی کۆچی/9ی زایینی) کە خۆی تێیدا ژیاوە، بابەتی

عەلی هەر جێی مشتومڕ بووە. ئەو هەوڵدانەی لەبەر ئەوە بووە کە لەسەری پێویستبوو لە دوای مردنیەوە گەشە بە باس و ناوبانگی بدات و بە درێژایی ماوەی سەردەمی ئومەوی بەسەر گرفتی لەبیرکردن و کاڵبوونەوەی بەسەرهاتی زاڵبێت. لەو سەردەمەدا دەسەڵات لە دەستی ئومەوییەکاندا بوو، کە دوژمنی بوون. دیاری و بەرتیل و بەخشین لەو سەردەمەدا بەوپەڕی سەخاوەتەوە دەدرا بەو کەسانەی کە بەسەرهاتیان لە بارەی چاکەکانی ئەبوبەکر دەگێڕایەوە، ئەوە بوو ئایدۆلۆژیان دەوڵەت. لە بەرامبەریشدا، هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ ئەوەی باس و یادەوەری عەلی و کوڕەکانی خەفە بکەن، بەڵکو گەیشتنە ئەو ئاستەی لەسەر بڵندگۆکان نەفرەتیان لێدەکرد، ئەو دۆخە بۆ ماوەی (80) ساڵ درێژەی کێشا. وەلحاڵ خەڵك لەسەر دینی پاشاکانیان بوون، تا ئەو رادەیەی کە چەندین نەوە لەسەر خراپ پیشاندانی عەلی و کەمکردنەوە لە رێزو بەهای پەروەردە کران. کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ویستی ئەو جنێو و پلاردانانە لە کەسێتی عەلی رابگرێت، رەخنەیان لێگرت و پێیاندەوت «ئەوە دەستبەرداری سوننە بووە، سوننەتی بنەماڵەی ئومەوی کە بەشێك لە شەرعیەتی دەسەڵاتەکەی لەسەر دروستبووە»، بەڵام سەرەڕای ئەو پیلان و جنێودانە ویستی خودا وابوو ناوبانگی زیاتر بکات و فەرمانی بە کوڕەکەی کرد گەشە بەو خواستەی بدات.

لە یەکێك لە نوسراوە کەم بەناوبانگەکانی (ابن قتيبة)ش ئەوجۆرە فۆرمە لە شیکردنەوە و بەرجەستەکردنی مێژوویی بەدی دەکەین. بەڵام لێرەوە بابەتەکە پەیوەندی بە بیروباوەڕێك یان بە هیچ سەلماندنێکی عەقیدەییەوە نییە، بەڵکو تەنها پەیوەندیدارە بە بەرگریکردنێکی عەقڵانی لە عەلی. کەواتا ئیبن قوتەیبە چی دەڵێت؟. رافیزەکان زیادەڕۆییان لە خۆشەویستی عەلی دەکرد و پێش ئەوانەیان دەخست کە پێغەمبەری خودا (د.خ) و ئەسحابەکانی پێشیانخستبوون، جگە لە ئیدیعاکردنیان بۆ هاوپشکی عەلی لەگەڵ پێغەمبەر لە پێغەمبەرایەتی و زانینی غەیب لە بارەی کوڕەکەی و زۆرێك لەو قسەو قسەڵۆك و مەسەلە نهێنییانەی کە

بە درۆ و بێباوەڕی و زیادەڕۆییکردن لە نەزانی و گەمژەییدا کۆکرابوونەوە. جنێوو رق و کینەیان وەك رەفتاری خەڵکی پێشخۆیان تەماشا دەکرد و خۆیان لێ بێبەری دەکرد. ئایا نازناوی خەلیفەیان لێنەسەندەوە بە پاساوی ئەوەی کۆدەنگی لەسەر ناوهێنانی نەبوو؟

زۆرێك لە گێڕەرەوانی فەرمودەکانی پێغەمبەر بەهۆی رقلێبوونیان لە رافیزەکان، خۆیان بێدەنگ کردووە لە گێڕانەوەی ئەو فەرمودانەی باس لە فەزڵ و چاکەکانی عەلی دەکەن. دادوەری لەوەدا بەدی دێت کە زێدەڕۆیی نەکرێت نە لە خۆشویستنی و نە لە رقلێبوونەوەی (ئەوەش مەسەلەیەکی ئاینیە)، هەروەها لە دانپێدانان بە پلەو پایەو رێزی لەلای پێغەمبەری خودا بەرجەستە دەبێت، وەك: پەروەردەی دەستی، برای، زاوای، ئەوەش لە پێناو زانینی رێزو چاکییەکانی، لە سەرووی هەموشیانەوە جیهادکردنی لەگەڵ پێغەمبەر، دواتریش دین و زانست و فەزڵی دێت. لە گۆشەیەکی دادوەرانە و دیدێکی راستگۆیانە بۆ مەسەلەکان، ئەمە بەرگریکردنێکی ئاستبەرزە لە عەلی.

ئەو زێدەڕۆییە نکۆڵیکارانەی شیعەکان لە سەردەی سێیەمی کۆچیدا چی بوون، لە کاتێکدا بوارێکی هاوبەش لەگەڵ خەڵکانی تردا هەبوو، واتا ئەوەی لە دەرەوەی ئەو پێشبینیکراو دەربارەی ئیمامەتی روحی و پشتاوپشت و لە دەرەوەی دەسەڵات و وەسیەت درووستیان کردووە؟ لە دیدگای شیعەکاندا، عەلی چاکترینی هەموو مرۆڤەکانە، بە پیاوو ژنەوە، بە دڵنیاییەوە لە دوای پێغەمبەر. هەروەها ئەو تاکە ئەمیری باوەڕدارانە و هەموو ئەوانەی تر تەنها کەسانێکی زۆردارن. لێرەوە لە بازنەی میتامێژوو دەردەچین، لە کاتێکدا کە رۆڵی یەکەمی هەیە تاوەکو بچینە ناو مێژووی خەلیفایەتیەوە، ئەو مێژووەی لە دوای سێ شکستەوە چاوخشاندنەوەی تیادا دەکرێت: شکستی عەلی لە خۆسەپاندنی لە سەرەتاوە، شکستهێنانی لەناو شورا، دواجار شکستهێنانی لە دوای کوشتنی عوسمان. لە کاتێکدا عەلی ئەو پیاوە دیارەی ئیسلام کە خاوەنی رابردوو بوو، لەلایەك کەسێکەوە ململانێی دەسەڵاتی

لەگەڵدا دەکرێت کە یەکێك بوو لە (الطلقاء)، یەکێك لەوانەی لە دوایین ساتەکاندا بە زەبری هێز ببوو بە ئیسلام، لە لایەکی تریشەوە شەهیدکردنی کوڕەکانی بوو بە شێوەیەکی سامناك لە سایەی دەسەڵاتی ئومەوییەکان و عەباسییەکاندا وەکیەك، ئەو کوڕانەی عەلی کە بەو ئەندازەیەی کوڕی عەلی بوون، بە هامانشێوە کوڕی پێغەمبەریش بوون، بەڵام بە هەزار جۆرو شێواز کوشتیانن.

ئەو نسکۆ دونیەویە گەورەیە جێگەی بەزەیی پێداهاتنەوە بـوو، بەزەیی هاتنەوەیەك گەشەیکرد تا ئاستی نیمچە ئاینێکی سەربەخۆ. دەکرێت بوترێت شیعەگەرایی کە هاتە ناو ماڵباتی ئیسلام، بۆ حۆی شەرەفمەندێتی ئیسلام بوو. بەڵام ئایا لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی سەردەمی خەلیفایەتی، هەروەك شیعەکان باسیدەکەن لەبەردەم ئەو تاقیکردنەوەیەدا بەرگە دەگرێت؟ ئەوە بونیادێکی نوێ بوو لەبەر رۆشنایی عەقیدە و خۆشەویستی. سەبارەت بە بەیعەتی ئەبوبەکر، کۆدەنگیەك لەسەر ئەوە هەیە کە عەلی بەیعەتپێدانی بە ئەبوبەکر تا ماوەیەك رەتکردۆتەوە، پێدەچێت بۆ شەش مانگ بووبێت، بەڵام لە کۆتاییدا ناچارکرا بەیعەتی پێبدات. کتێبی (الأحتجاج) کە تەبروسی نوسیویەتی پڕیەتی لە ناڕەزایەتییەکانی عەلی لە کاتێکدا کە بەڵگە و پاساوەکانی دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی لە کاتی هەر گرفتێکدا کە تێیدەکەوێت و دوور دەخرێتەوە، یان بە واتایەکی تر بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی دەیانخاتە ڕوو. لە کاتی روداوی (سەقیفە)دا، چۆن ئەبوبەکر و عومەر توانیان سود لە پشتیوانەکان وەربگرن بەهۆی نزیکییانەوە لە پێغەمبەر خودا لە کاتێکدا لە حساباتی خۆیاندا نزیکی و خزمایەتی ئالوبەیتیان سڕییەوە؟ کەلتوری شیعی هەوڵیداوە قەرەبووی دۆخی نێگەتیڤی عەلی بکاتەوە لە رێگەی نیشاندانی چالاکیەکی بەرچاوو دیار: هەوڵیداوە پشتیوانەکان پەلکێش بکات، بەڵام ئەو هەوڵدانە زۆر درەنگوەخت بوو، پاشان هەوڵیانداوە بەنی هاشم بخەڵەتێنن لە کاتێکدا عومەر بە زۆر ناچاری کردن بەیعەت بە ئەبوبەکر بدەن. ژمارەیەك لە هاوەڵان لە دەوری عەلی کۆببوونەوە، وەك: ئوبەی، عەممار، ئەبو

زەری غەفاری، خالیدی کوڕی سەعید کوڕی ئەلعاصی ئومەوی، بەڵام لە کۆتاییدا بە تەنها مایەوە و ناچار کرا بەیعەت بە ئەبوبەکر بدات.

قۆناغی دووەم: شورا . ئێستا (15) ساڵ تێپەڕیوە و عەلی بووە بە پیاوێکی پێگەیشتوو شایستەی خەلافەت. نە لە سەرچاوە سوننییەکان و نە لە سەرچاوە شیعییەکاندا، عەلی نە وەك کەسێکی خۆبەدەستەوەدەر و نە وەك کەسێك کە خۆی لە سەرووی بابەتە دونیەوییەکانەوە دەبینێت بەرجەستە نەکراوە، بەڵام بە دیدی شیعەکان پەنای بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بردووە. لەلایەك، هەر لە سەرەتاوە عەلی لە نێوچاوانی نوسراوە بەگژی پەیمانشکێنان و هەڵگەڕاوە و یاخیبووەکاندا بچێتەوە، واتا دوژمنەکانی داهاتووی لە (الجمل) و (صفین) و نەهرەوان، لەلاکەی تریشەوە فەزڵ و چاکییەکانی زۆر و زەوەندە دەکات بۆ ئەوەی بەڵگەی خۆی هەڵبسەنگێنێت.

لە دواییشدا هەمان شت سەبارەت بە تەڵحە و زوبێر لە کاتی شەڕی (الجمل)دا رویدا. کەواتا بۆچی ئەمە بە دەرچوونی لە بەرامبەر ئەبوبەکر و عومەر دابنرێت لە کاتێکدا عەلی هیچی لەو دوو هاوەڵە کەمتر نییە؟ بەڵکو بەشداربوانی شەڕی (الجمل) بە فەرمودەی خودی پێغەمبەر محەمەد نەفرەتلێکراون، ئەو بەهەشتەش کە بەڵێنیان پێدراوە، جگە لە فەرمودەیەك نەبێت کە لە سەردەمی عوسمان دانراوە هیچی تر نییە، بەو پێیە بێت ژمارەیەك لە (10) موژدەپێدراوەکانی بەهەشت دەخرێنە خوارەوەی گلکۆی دۆزەخ، لە نێوانیشیاندا تەڵحە و زوبێر، کە لە ریزی بێباوەڕەکان دایانناون و هەر ئەوان بوون عائیشەیان راکێشایە ناو پیلانە جەهەننەمیەکەیانەوە، عائیشە کە بووە قوربانی دەستی ئەوان. لە هەردوو شەڕی (الجمل) و (صفین)دا، ئوممەتی ئیسلام لە رێگەی عەلی لایدا و لەلایەن پێشەوایانی گەندەڵەوە سەرکردایەتی دەکرا، پیاوانێکی هەڵخەڵەتێن و ئەهلی دونیا، کە ئیسلام بە راستی لەناو دڵیاندا نەچەسپیبوو: موعاویە و عەمرو. مافی عەلی لە بەدەستهێنانی خەلافەتدا زەوتکرا، ئەمە هەستێکە تاکو ئەمڕۆ لەناو

ویژدانی ئیسلامیدا لەلای شیعەکان و سوننەکان پێکەوە بە گشتی ماوەتەوە و باوە.

بەلای سوننەکانەوە قورسە دوای ئەو بیروباوەڕەیان بکەون کە لە رووی فەزڵ و چاکەوە، عەلی دەخاتە دوای عوسمان. لە راستیدا عەلی لەلایەن سەرجەم موسڵمانانەوە خۆشویستراوە، یان لەبەر ئەوە بووە کە شیعەگەریێتی لە دوای گوزەرکردنی بەو ناوچانەدا دیدگای خۆی بەسەر مرۆڤەکاندا سەپاندووە: لە ئەفریقیا، لە میسر و عێراق، یان لەبەر ئەوەیە کە سەرەنجامی ئەفسانەی زیندوو بە بەردەوامی عەلی کردووەتە بابەتی سەرەکی خۆی، یاخود لەبەر ئەوەیە عەلی بەهۆی نکۆڵیکردن و رەتدانەوەی ئازار و مەینەتی چەشتووە، لە کاتێکدا خۆشەویستی پێغەمبەر بوو. بوەیهییەکان کە شیعە بوون، سەلجەقییەکان کە سوننە بوون، هەموویان شمشێرەکانیان بە وێنەی عەلی ڕازاندبۆوە، ئەو وێنە خەیاڵیەی کە تاکو ئەم رۆژانەی ئێستاشمان ماوەتەوە و لەژێر شوشەدا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام ئەی سەبارەت بە مێژووی مێژوونوسان چی؟ پێشتر بینیمان کە مێژوونوسە کۆنەکانی وەك ئەبی مەخنەف، چەند گرتەیەکی کەم و بچوکییان لەو گوتارانە گواستۆتەوە کە ئاراستەی کوفەییەکان کراوە، کە بریتیە لە کۆنترین داڕشتنی وتەکانی عەلی، هەروەك چۆن هەستاون بە درووستکردنی کەسایەتی تراژیدی جیاواز لەگەڵ ئەو بابەتانەی تر کە دەربارەی عەلی بۆمانی دەگێڕنەوە. پێدەچێت عەلی کوڕی ئەبو تالیب کە کۆتاییەکانی ژیانیدا بەرەو دۆخێکی پڕ تاڵی و بێزاری و ناخۆشی هەڵخلیسکابێت، بەڵام هەموو رووداوەکان پێماندەڵێت کە ویستێکی هۆشیارانە هەبووە بۆ ئەوەی عەلی وەکو کەسایەتیەکی زۆر توند پیشان بدرێت، ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی بە کوفە و بە تایبەتی لەسەر ئەو پەیوەندییە ناچونیەکیانە هەبووە کە کوفە لە دواییدا درووستی کردووە، واتا لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعەگەرایی یەکەمدا بەر لەوەی بە شێوەیەکی گشتی (لە سەدەی 3ی کۆچی/9ی زایینی)وە خۆی رادەستی داچۆڕاندنی کلاسیکی

و درەنگوەختی شیعی بکات، بەڵام ئەوە زیاتر دەچێتە خانەی بونیاتی کەسایەتی عەلی کە لەگەڵ هاتنی سەردەمی عەباسیدا گەشایەوە، بەڵام نەك عەلی شیعە عەقیدەییەکان، بەڵکو ئەو عەلیەی مێژوونوسانی لایەنگری شیعەگەرایی بە شێوەیەکی گشتی وێنایان کردووە. ئەم عەلیە دونیای سەرقاڵکرد، چونکە هەموو سەردەمەکان پێشەنگێتی کەسایەتی ئەوییان خستە پێشەوە. ئیسلامی کلاسیکی عەلی وەك زانست و دادوەر و دادپەروەری ناوزەد کردووە، ئیسلامی پارا کلاسیکی و سۆفیگەریش خوداپەرستی و خەسڵەتی جەنگیی و بەهێزی جەستەیی رەهای عەلی پیشاندەدەن، کە خەڵکی بە گشتی کەتبوونە ژێر کاریگەرێتیەوە. لە کۆتاییشدا ئیسلامی مۆدێرن تیشکی خستۆتە سەر دادپەروەری و یەکسانی لە کەسێتی عەلیدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نەك تەنها لەلای لایەنگرانی شیعە، چەندین سەرچاوەی کۆن دەبینینەوە بۆ نموونە لای ئیبن سەعد.
ئاشکرایە کە هەموو ئەم باسانە لەسەر بنەمایەکی بۆش درووست نەبووە، چونکە عەلی پیاوێکی زانا، دادوەرێکی پلە یەك بووە و عومەر راوێژی پێکردووە، هەروەك پیاوێکی ئازا و جەنگاوەرێکی گەورە و جەربەزەی راستەقینە و خوداپەرست و باوەڕدارێکی گەورە بوو. بەڵام بە گەورە بینینی فەزڵ و چاکییەکانی عەلی سودی بۆمان هەیە، تەنانەت تا ئاستی تێپەڕاندنی عەقیدەی شیعەگەراییش، تاوەکو نموونەیەك بۆ دیین و شارستانیەت لەودا وێنا بکەین، وەکو قارەمانێکی عەقیدە، زانست، دادپەروەری و جەنگ. لە دیدی ئەندێشەی بیری بەکۆمەڵەوە، عەلی یەکێکە لەو نیشانە گەورانە، چونکە بەربەرەکانێی سەردەم و قۆناغەکانی داڕوخانی کرد کە شارستانیەتی ئیسلامی پێیاندا تێپەڕی. عەلی خاڵی لەسەر وەستان و پەناگەی ئێش ئازارەکانی ژیانی ئاسایی بوو، کە شانبەشانی ژیانی پێغەمبەر باسدەکرێت. ئەمە سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنی ئەو پیاوەیە لە دوای کۆچکردنی، چونکە پاش (14) سەدە لە مێژوو هەموو دوژمنەکانی هاڕی. گرنگە ئەوە بزانین چۆن ئەم پرسە لە ناو زانایاندا بەرجەستە بووە. لە سەدەی 4ی

کۆچی و لە ترۆپکی قۆناغی دەسەڵاتی شیعی بوەیهییەکاندا، (الشريف الرضي) کە یەکێکە لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە و کوڕی گەورەی تالیبییەکانە، لەژێر ناوی (نهج البلاغە)دا وتارو وتە قسە بەنرخەکانی عەلی کۆکردەوە.
کتێبی (نهج البلاغة) بە گشتی لە چەندین سەرچاوەوە کۆکراوەتەوە، کە بلیمەتیەکی وتاربێژیی نائاسایی بە عەلی دەبەخشێت، بەڵام لە راستیدا هێما و فۆڕمی سەرقاڵکردنی نەوەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە بۆ ئەوەی زمانێکی عەرەبی رەوان و پاراو پێشکەش بکات. پێموایە شتێك لەم بابەتە پەیوەندی بە خودی ئیمام عەلیەوە نییە، بەڵام ئەو سۆزەی بەرامبەر ئەو پیاوە پیشاندراوە بۆ ئەوەیە بەرگێکی فکری بەبەردا بکرێت، بە جۆرێك کە تا ئێستاش یەکێکە لە جوانترین و باشترین دەرهاویشتەکانی کەلتور و خوداپەرستی کۆمەڵگەی عەرەبی. ئەو زیادکردنە فکری و چاکسازیە ئاکارییەی بۆ رابردووی پیاوێکی خاوەن کردار و کار، لە کۆتاییدا دەربڕی ئیسلامی کلاسیکیە، کە ئیبن ئەبی ئەلحەدید لە شیکردنەوە گەورەکەیدا وەك قۆناغێکی پڕ تراژیدیا و بێهیواییدا بە شێوازێکی هونەرییانە بەرجەستەی کردووە. کەواتا عەلی خاوەنی زانستی خودایی، فیقە و شەرع، شیکردنەوە و لێکدانەوەی قورئان، زاهیدی و سۆفیگەری و جوانی و بڵندی زمانەوانیە. ئەو دامەزرێنەری زانستی ئیسلامیە بە هەموو لقەکانیەوە، کە لە چوارچێوە و فۆرمی یەکەمیدا کۆیکردۆتەوە. پێگەی عەلی لە رێگەی ئەو بەها بەردەوامانەوە کە بەرجەستەی کردوون و قۆناغ دوای قۆناغ گەیشتووەتە نەوەکان لە کۆسپ و رێگرییەکانی سیاسەت بەرزترە. تاکو ئەمڕۆش، تەها حسێن بە دوورو درێژی باسی یەکسانی عەلی و هەستکردنی قووڵی بە دادپەروەری کردووە و بە بۆچوونی هەندێك پێش نموونەکەی دیکەی ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب) کەوتۆتەوە.
لەسەر ئەم بنەمایە، عەلی لە دوای مردنیەوە ژیانێکی زۆر درێژی هەبووە، کە پێش هەر شتێك پشتی بەو تایبەتمەندیە دینی و ئاکاری و فکرییانە بەستووە

که خراونەتە پاڵی، کە بووەتە بناغەیەکی ڕاستەقینە بۆ مانەوە و گفتوگۆکردن لەگەڵ مرۆڤ. جێگەی سەرسوڕمانە تەنانەت لە سەردەمی کۆنیشدا و لە کاتی سەرەمەرگیدا، وەسیەتێکی دینی پاك و بێگەری شایستە بە زمانیدا هاتووە، کاتێك جگە لە باوەڕ، قورئان و نوێژ، باسی هیچ شتێکی تر ناکات، ئەمەش پێش داڕشتنە شیعییەکان بووە دەربارەی کەسایەتی عەلی. ئەو ساتەوە وەکئەوە وابوو کە جگە لە قووڵی و ڕۆچوونی دینی عەلی، ئەو قووڵیە بارگاویە بە پەیوەندی بەهێزو پتەوی لەگەڵ پێغەمبەری خودا، هیچ شتێکی تر نەمابوو.

# کۆتایی فیتنە و دووبارە یەکخستنەوەی ئوممەت

شەش مانگ لە دوای کۆچکردنی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، فیتنە کۆتایی پێهات و سەرلەنوێ ئوممەتی ئیسلام لەژێر دەسەڵاتی موعاویەدا خۆی بە یەکگرتوویی بینیەوە. ئەوە لە ڕێگەی سەرکەوتنێکی سەربازییەوە نەبوو، بەڵکو لە ڕێگەی زنجیرەیەك ڕوداوی سیاسیەوە بوو: ئامادەسازیی ئاشتیانەی شوێنگرەوەی عەلی لە کوفە، واتا (الحسن)ی کوڕی و ئەو گەمەی دانوستانانەی کە موعاویە بە شێوازێکی باش ئەنجامیدا، زانی چۆن پێشوازی لەو خواست و ئامادەسازییانە دەکات، بۆیە سەرکەوتوانە پرۆسەیەکی قورس و دژواری بەڕێوەبرد، چونکە لەلایەن بەشێك لە خەڵکی کوفەوە ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی توند بۆوە.
چۆن باسی پرۆسەیەکی لەو شێوەیە دەکرێت؟ ئەو پرۆسەیە نە سەرکەوتن بوو نە تەسلیمبوون، بەڵکو بریتی بوو لە سەرلەنوێ یەکخستنەوەی ئوممەتی ئیسلام، یان جۆرێك لە جۆرەکانی ئاشتەوایی و ڕێککەوتن، کە بەهۆی دەستبەرداربوونی (الحسن)ی کوڕی عەلی لە خەلافەت و ویستە ئاشتیخوازیەکەی بەدیهات و

بە ڕێکەوت لەلای موعاویە بووە خواستێك بۆ ئاساییکردنەوە و ئامادەگیەك بۆ سڕینەوەی ڕابردوو. بەوەش دەرکەوت کە عەلی بەهۆی بەهێزی کەسێتیەوە کوفە و عێراقی لەژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا گرتبوو، بەڵام کاتێك نەما هیچ کەسێك لە گۆڕەپانەکەدا نەبوو شایەنی ئەوە بێت شوێنی بگرێتەوە. لە سەرووی ئەوەشەوە: پرسەکە پرسی عەلی بوو، کە عێراقییەکان تێیدا تواوبوونەوە و دەست و پەنجەیان لەگەڵیدا نەرمکرد، بەڵام هەمیشە بە سوربوونێکی تەواو نەبوو.

دوایین خواست و هیوای عەلی بریتیبوو لە دەستپێکردنی شەڕی سەرتاسەری لە دژی خەڵکی شام، بۆ ئەو مەبەستەش بە هاوکاری قەیسی کوڕی سەعد هێزی (شرطة الخمیس)ی دامەزراند، کە بژاردەیەکی سوپا بوو. ئەو هێزە فیرقەیەك بوو لە (12) هەزار سەرباز پێکهاتبوو، بە پشتیوانی (40) هەزار سەربازی تر کە قابیلی ئامادەسازی بوو، زۆرینەی هێزەکەش لە کوفە ئامادەکرا. عەلی جەنگاوەرێك بوو لەناو قووڵاییدا، هەرگیز بە تێکشاو نەدراوەتە قەڵەم، بەڵکو لە جۆشدانی گیانی بەرگری لە ناخی ئەو کوفییانەدا سەرکەوتوو بوو، کە لە چەند وێستگەیەکدا توانیان بێهیوای بکەن، هەرچەندە لە کاتی کۆچکردنیدا هێزێکی پەلاماردەری سازو ئامادە و پرۆژەیەك بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ هەبوو. یەکسەر لە دوای کۆچکردنی، (الحسن)ی کوڕی وەکو خەلیفەی نوێ لەلایەن هاوەڵانی عەلیەوە لە کوفە سەپێنرا، لەپێش هەمووشیانەوە ئەو کارە بە یارمەتی قەیسی کوڕی سەعد بوو.

ئەوە بەیعەتپێدانێك بوو بەهۆی ئەو پەیوەندیە کەسییانەوە کە عەلی لە کوفە درووستی کردن، زۆر بە ئاشکرایی خۆی سەپاند، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە نائاساییەی هەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی کە (الحسن) لەگەڵ (الحسین)ی برای تاکە نەوەی پێغەمبەری خودا بوون، ئەوەش بۆ خۆی ڕێزلێنانێکی دووسەرەیە لە هەمبەر پێغەمبەر و عەلی و بەرجەستەکردنی چەمکەکانی میراتگری و ئالوبەیت پیشاندەدات. بەڵام بیرکردنەوەی ئەوان لەو سەردەمەدا لە هۆشیارییەوە نەبوو،

بەڵکو بابەتەکە لەخۆوە هەڵچوون بوو. رژانی ئەو فرمێسکانە و هاتنەخوارەوەیان بەسەر رومەتی سەربازانی کوفەدا دیمەنێکی زۆر کاریگەر بوو کاتێك (الحسن) چووە سەر باسکردنی خەسڵەت و چاکییەکانی عەلی لە بواری خوداپەرستی و دادپەروەریدا. لەبەر ئەوە نەدەکرا مشتومڕ بکرێت لەسەر کەسایەتی (الحسن)، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هەستێکی دەستەجەمعی و پێویستیەك بۆ خێرا پێکهاتن و کۆدەنگی لەسەر کەسێك لە پێناو مانەوە و شەرەفمەندێکی جەماعەت و روبەڕوبوونەوەی رکابەرەکان لە ئارادا بوو، بەو پێیەش بەکۆی دەنگ بەیعەت بە (الحسن) درا. مێژوونوسان پێماندەڵێن خەلیفەی نوێ گومانی لەلا دروستبوو سەبارەت بە مەرامە جەنگییەکانی کاتێك ئەم دەستەواژەیەی بۆ چەمکی بەیعەت زیادکرد: «شەڕ لەگەڵ ئەوانە دەکەن کە من شەڕییان لەگەڵ دەکەم، ئاشتی لەگەڵ ئەوانەدا دەکەم کە ئاشتیان لەگەڵ دەکەم». بەڵام ئایا پێویستە ئەوە بهێنینەوە یادمان کە خودی عەلی لە دوای شەڕی (الجمل)دا دەستەواژەیەکی هاوشێوەی بەسەر بەسرییەکاندا سەپاند؟ لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت (الحسن) بە درێژایی (50) رۆژی تەواو هیچ نیازێکی بۆ شەڕکردن نیشان نەدا، لە کاتێکدا خەڵکی شام دەستیان بە خۆئامادەکردن کردبوو. ئیبن عەباس ناچار بوو نامەیەکی بۆ بنوسێت و دوایین نیاز و ئامانجەکانی باوکی بیر بهێنێتەوە، تاوەکو بڕیار بدات نوسراوێك بۆ موعاویە بنێرێت تیایدا داوای لێبکات گوێڕایەڵی پیشانبدات. موعاویە دەیزانی و دەیگوت (الحسن) گەنجێکە لە شەڕ تێناگات و پێگەو توانای باوکی نییە، وەکو باوکیشی هەست بە شەرعیەتی مافی خۆی ناکات.

هیچ کێشەیەکی شەخسی لە نێوانیاندا نەبوو، هەرچەندە (الحسن) بە بەردەوامی بەزەییهاتنەوەی بەرامبەر عوسمان نیشاندەدا و تەنها لە دەرگای واجبی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی باوکی نەبێت بەشداری فیتنەی نەکرد. ئێستاکە دوو خەلیفە بۆ یەك ئوممەت بوونیان هەیە، بەڵام دوو خەلیفە کە وەکیەك خاوەنی هەمان فەزڵی کەسیی نەبوون، بۆیە موعاویە بە جوانی و سەلیقەوە

وەڵامیدایەوە و وتی: «نێوانی من و تۆ هاوشێوەی نێوانی ئێوە و ئەبوبەکرە لە دوای کۆچکردنی پێغەمبەری خودا (د.خ)». موعاویە بەو شێوەیە و زۆر بە ڕوونی شەرعیەتبوونی خەلافەتەکەی بەسەر هەموو ئوممەتدا دامەزراند، بێگومان لە رێگەی بەگەڕخستنی شارەزایی و توانا شەخسییەکانی، ئەو کارەش لە بەرامبەر (الحسن)دا زۆر ئاسانتر دەکرا وەك لە بەرامبەر عەلی. موعاویە بەراوردێکی کرد لە نێوان دۆخی خۆی و دۆخی ئەبوبەکر، کە ئوممەتی ئیسلام بەهۆی لێوەشاوەیی و تواناکانیەوە بە خەلیفە هەڵیانبژارد، نەك بەهۆی نزیکی و خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ)، ئەو کێشەیەی هێنایەوە بیری خۆی کە لەو سەردەمەدا لە نێوان عەلی و ئەبوبەکر دا رویدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبیری چوو کە ئەبوبەکر خاوەنی رابردوویەکی پڕشنگدارە لەناو ئیسلام، لە کاتێکدا خۆی ئەو رابردووەی نییە. ئەو فەزڵ و چاکەیەی موعاویە سەبارەت بە خۆی باسیدەکرد، فەزڵێکی سیاسی رووت بوو. موعاویە لە کۆتایی وەڵامەکەیدا بەڵێنیداوە بە (الحسن) کە ئەو دابینکردنی خەرجیە شەخسییەکانی بگرێتە ئەستۆی. بەڵام گەورەی شام تەنها بە بەرگریکردن لە مافەکانی بە نوسین و پێشنیارکردنی قەرەبووکردنەوەی ماددی (الحسن) نەوەستاوە، بەڵکو قسەکانی کردە کردار و پەلاماری عێراقی داو خۆی و لەشکرەکەی لە سنورەکانی نزیکبوونەوە و گەیشتنە پردی (منبج). لە راستیدا موعاویە تەنها بە نیشاندانی هەڕەشەیەکی سەربازی وازیهێنا و هەرگیز لەبەر دوو هۆکار جێبەجێی نەکرد:

یەکەم: حەزنەکردنی بە رژانی خوێنی شامییەکان سەرەڕای لاوازی سوپای عێراق.

دووەم: بە باشترزانینی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بە شێوازێکی ئاشتیانە، بۆ ئەوەی بتوانێت دانپێدانانی تەواو بەدەست بێتێت و داهاتووی خەلافەتەکەی مسۆگەر بکات. چونکە لە دوای ململانێیەکی خوێناوی زۆر دوورو درێژ، کە رق و کینەیەکی زۆری دروستکرد، هەنگاوێکی باش نابێت ئەگەر خەلافەتەکەی لەسەر بناغەی سەرکەوتنی سەربازی و خوێنڕشتن بونیات بنێت.

کاتێك (الحسن)ی کوڕی عەلی هەواڵی گەیشتنی موعاویەی بۆ نزیك سنورەکانی عێراق بیست، پیاوەکانی ئامادە کرد بۆ بەرەنگاربوونەوە. من پێموایە پێویست ناکات گوێ بەو زانیارییانە بدەین کە سەرچاوەکان پێماندەڵێن، تەواو وەکئەوەی هەمیشە سەبارەت بە عەلی نوسیویەتی دەربــارەی ڕەتکردنەوەی تاعەت یان لانیکەم دەربــارەی هەر جۆرە لاوازی و خەمساردیەك لەلایەن لەشکری کوفەوە. هەموو ئەو روداوانەی لە دواییدا رویانداوە پێچەوانەی ئەو قسانەیە. لە رووی پراکتیکیەوە، (الحسن) بەبێ هیچ گرفتێك پێشەنگی سوپاکەی بە سەرکردایەتی (عوبەیدوڵڵا بن عەباس) و (قەیس کوڕی سەعد) نارد بە مەبەستی روبەڕوبوونەوەی موعاویە لە (مسكن). (الحسن) بەشەکەی تری سوپای لەگەڵ خۆیدا بردو بەرەو ئەلمەدائین بەڕێکەوت و زۆرینەی کوفەییەکان لەگەڵیدا بوون، بێگومان هەندێك لە بەسرەییەکان و خەواریجەکانیشی لەگەڵدا بوو، ئەوانەی کە لە دوای مردنی عەلی نکۆڵیان لە شەڕکردن لە بەرامبەر موعاویە نەدەکرد. بێگومان ئەوانە کۆمەڵێك یان ئاوێتەیەك بوون کەمتر رێکخراو بوون، بە بەراورد لەگەڵ هێزی شورتە، کەسانێکی کەم لە خانەدان و ئازا و جەربەزە و خاوەن ئیرادەکانیان تێدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوەیست بەرگری لە خاك و خەلیفەکەیان بکەن. سوربوون و سیستم لە ناخی ئەو دەستە پێشەنگە بەناوبانگەدا بوو، کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی موعاویە لە (مسكن) گیرسایەوە.

کەواتا هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە (الحسن) خاوەنی (40) هەزار شمشێربەدەستی ئامادە بووە، کە ئامادەبوون شانبەشانی بوەستن، چونکە ئەزمونەکە سەلمانی کە کوفەییەکان لە شەڕ دەترسان. بە تەنها ئەو کوتلە بەهێزە پتەوە کە لە (12) هەزار جەنگاوەر پێکهاتبوو سەری رمی (الحسن)یان پێکهێنابوو، بەڵام ئەو ژمارەیە بەس نەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای گەورەی شام. ئایا بوونی هۆشیارییەکی ئاوەها دەربارەی لاوازی سوپای عێراق و ئەو لەبەریەکهەڵوەشانەی کە عێراق تێیدا دەژیا بەهۆی دەستەگەرێتی و سەقامگیر نەبوونی، جگە لە کرۆکێکی بچوك

نەبێت، هەر ئەوەش بوو وایکرد (الحسن) لە کۆتاییدا رووبکاتە رێگەچارەی ئاشتیانە، ئەگەر ئەوە لە بەرامبەر وازهێنان و دەستبەرداربوونیشی بێت؟ پێدەچێت (الحسن) لە سەرەتادا کەسێکی ئاشتیخواز بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێڕایەڵی راو بۆچوونی پیاوەکانی و دەوروبەری کردووە، بەو پێیەش سوپای ئامادە کردووە و ئەوەی کردووە کە پێویست بووە بیکات. ئەوە چۆن لێکبدەینەوە کاتێك (الحسن) لە ساباد بە شێوەیەکی کتوپڕ وتارێکی پێشکەشکرد و تێیدا وتی: «ئەوەی لە یەکبوون و دەستەجەمعیدا پێتان ناخۆشە، لەوە چاکترە بۆتان کە لە دابەشبووندا پێتان خۆشە»؟، جگە لەوەش دڵنیای کردنەوە کە چەند بڕیارێك لە بارەیانەوە دەردەکات، لە کاتێکدا خۆیان نەیانتوانی بڕیار بدەن، داواشی لێکردن لەو بڕیارانەدا گوێڕایەڵی بکەن؟

رای گشتی یەکسەر بەم وشانە کۆمێنتی خۆی لەسەر وتارەکەی (الحسن) دەربڕی: (الحسن) سوورە لەسەر بەستنی رێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ موعاویە چونکە لاوازی خۆی نیشانداوە. هەر روبەڕوبوونەوەیەکی سەربازی لە سەرووی وزە و تواناو ئامرازە سایکۆلۆژییەکانیەوە بوو، لە سەرووی ئەوەشەوە بەرپرسیارێتی خەلیفایەتی هەبوو. (الحسن) هێزێکی ناوخۆیی تەواوی نەبوو بۆ دووبارەکردنەوەی (صفین). بەڵام ئایا کوفەییەکانی خاوەنی روحێکی جەنگیی تەواو بوون؟ رای زاڵتر ئەوەیە کە کاتێك لە ساتەوەختی یەکرییکردنەوەدا کە لە دوژمن نزیك دەبۆوە، درکی بەو لاوازییە دووسەرەیە کرد، کاریگەری لاوازی دووەم لە کاریگەری لاوازی دووەم زیاتر بوو. لەو کاتەدا و بەوپەڕی خۆڕاگریەوە بڕیاری خۆیدا: «دەبا یەکبوونی ئوممەت لەژێر سەرکردایەتی کەسی شیاوتر و بەتواناتردا تازەبێتەوە. ئەوە بڕیارێکی سەروەرانە بوو، چونکە لەو قۆناغەدا ویژدانی ئاسودە کرد، بەبێ بوونی هیچ دەستێوەردانێك لەلایەن دوژمنەوە.

ئەوە بڕیارێکی بوێرانە بوو، چونکە ژیانی خۆی خستە مەترسیەوە بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت. بڕیارێك بوو بۆ پڕکردنەوەی هیچ مەرام و چاوچنۆکیەك نەبوو.

بەڵام لەو کاتەدا کە ئەو چەند وشە کەمە لە دەمی هاتنە دەرەوە (الحسن) تووشی شەپۆلێك نارەزایی بۆوە. ژمارەیەك خەڵکی خراپ و ناکەسبەچە بەوپەڕی تووڕەییەوە دزەیان کرد بۆ ناو خێمەکەی، هەموو شتێکیان بەتاڵان بردو بە زەبری هێز جلوبەرگەکانی و بەرماڵی نوێژەکەیان برد. (الحسن) لە ئەنجامی توندوتیژیەکی لەو شێوەیەدا تووشی سەرسوڕمان بوو، بەڵام هەرزوو دانی بەخۆیدا گرت و سواری ئەسپەکەی بوو بەرەو مەدائین بەڕێکەوت، لە کاتێکدا روبەڕووی هەموو جۆرەکانی گاڵتەجاڕی کرایەوە. بەڵام یەکێك لە خەواریجەکان لە شوێنێکی دیاریکراوی سەر رێگەی نێوان ساباد و مەدائین لە تاریکاییدا خۆی بۆ دانوستاندبوو، بە بەکارهێنانی داس گورزێکی توندی لێوەشاند و رانی تا سەر ئێسقانەکەی بڕی. پاشان (الحسن) گوازرایەوە بۆ مەدائین و لەلایەن والی مەدائینەوە پێشوازی لێکرا کە پێشتریش والی باوکی بوو فەرمانیدا برینەکەی بۆ چارەسەر بکرێت. هەردوو هەوڵی تیرۆرکردنی (الحسن) لە ساباد ئاماژەیە بۆ ئەوەی تا چ ئاستێك هەموو بیرۆکەیەکی ئاشتی لەگەڵ شامییەکاندا بە شێوەیەکی کوێرانە و شێتانە کاردانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە. دووەمین هەوڵی تیرۆرکردنی (الحسن) لەلایەن یەکێك لەو خەواریجانەوە بوو کە چوونە ریزی (الحسن)وە، چونکە لە دیدی ئەواندا لە (کوفر)ی باوکیدا بەشدار نەبوو، بەو پێیەش پێیانوابوو بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەتوانن لەگەڵیدا شەڕی هەڵگەڕاوەکانی شام بکەن. بەڵام (الحسن) بێهیوایکردن و بەشدار بوو، بۆیە دەویسترا وەکو باوکی بیکوژن. یەکەمین هەوڵی تیرۆرکردنی بە شێوەیەکی لەخۆوەهەڵچووانە و ترسناك بوو، لەلایەن کۆمەڵێکی کوفەیی نەناسراوەوە بوو کە بەوپەڕی هێزییان بیرۆکەی ئاشتیان لەگەڵ شامییەکاندا رەتکردەوە.

راستە کە حەشاماتێکی لەوجۆرە پیاوان ناتوانرێت جۆش بدرێت و بە چەکەوە لە ماڵەکانیان دەربهێنرێن، بۆ ئەوەی گوێیان لەو قسانە بێت کە باس لە ئاشتی لەگەڵ خەڵکی شام دەکات. بەڵام نازانین تا چ ئاستێك ئەو کۆمەڵە تاڵانچیە بچوکە

لەلایەن خەواریجەوە ئاراستە کراون، هەروەك ناشزانین ئەوان لەو ساتەوەختەدا تا چ ئاستێك نەفسیەتی گشتی کوفەییەکانیان تێدا بەرجەستە بووە.

قەیسی کوڕی سەعد بووە پیاوە بەهێزەکەی عێراق، چونکە ئەو کەسێك بوو بە باشترین شێوە خواستی خۆویستییانی دابین دەکرد، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە عوبەیدوڵڵا کوڕی عەباس خۆی بە موعاویە فرۆشت و چووە پاڵی، هەروەها لەو کاتەوەی خانەدانەکانی عێراق، بە تایبەتیش خانەدانەکانی بەسرە شوێنپێی ئەوییان هەڵگرت. قسەیەك ئەگەر مانای هەبێت ئەوەیە کە لەوەودوا جگە لە باس و خواسی (10) هەزار پیاوەکەی قەیسی کوڕی سەعد، هیچ باسێکی تر بەرگوێمان ناکەوێت، چونکە هەر ئەوان هێزی شەڕکەر و بەرەنگاربوونەوە بوون. پێدەچێت (الحسن) لە دوای دوو هەوڵی تیرۆرکردنی لە ساباد و ناپاکی هەندێك لە خانەدانەکان، ئیتر بێزاری و بێئومێدبوونی لە عێراقییەکان بەدەرکەوت، هەروەك هەندێك لە بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە کە پێیوتوون: «ئێوە باوکمتان کوشت، خەنجەرتان لێدام، کەلوپەکامتان بە تاڵانبرد»، وەکئەوە وایە کاریگەری هەبووبێت لەسەر بڕیارەکەی بۆ ڕێکەوتنی ئاشتی، یان وازهێنانی لە خەلافەت لە بەرژەوەندی موعاویە. گێڕانەوەکەی (البلاذري) واتادارترە کە (الحسن) وتویەتی: «باوکمتان بۆ شەڕو حوکمداری ناچار کردو پاشان لەسەر ناکۆك بوون، بیستومە کە شەرەفمەندەکانتان چوونەتە ریزی موعاویە و بەیعەتیان پێداوە، لێمگەڕێن لە نەفس و دینم بوغرام مەکەن». لە راستیدا کێشەیەك هەیە دەکرێت سەبارەت بەو ناپاکیەی خانەدانەکان بوروژێنرێت. (البلاذري) تەنها باسی دوو کەسی بەسرا دەکات، یەکێکیان سەرۆکی خێڵی رەبیعەیە کە گوماندەکرێت دەستی لەگەڵ موعاویەدا تێکەڵ کردووە، بە تایبەتی لە شەڕی (صفین)دا. بەڵام سەرچاوەکانی تر هیچ باسی ناوێك ناکەن و هیچ رونکردنەوەیەکیشیان لەسەری نەداوە، بەڵکو باسی ئەو خێڵ و هۆزانە دەکەن کە یەك لە دوای یەك چوونەتە پاڵ موعاویە.

موعاویە کەسێکە چاك زانیویەتی ویژدانەکان بکڕێت و بەڵێنبدات، دواتریش لەناو

خودی کوفە حوکمی خانەدانەکان دەکات.

لەشکری عێراق بەبەر چاوانەوە هەڵدەوەشا و (الحسن) نەیتوانی نە کۆنترۆڵی دۆخەکە و نە سەربازەکانیش بکات. عوبەیدوڵڵای کوڕی عەباسی ئامۆزای، کە سەر بە بنەماڵەی هاشمییەکان بوو، بووە چاکترین نموونەی ناپاکی ئابڕووبەرانە. واتا بە شێوەیەکی گشتی داڕوخانێکی عێراقی بوونی هەبوو. بۆ جاری یەکەم بوو موعاویە نێردراوەکانی نارده لای (الحسن) لە مەدائین بۆ ئەوەی دەربارەی چۆنێتی و مەرجەکانی ئاشتی دانوستانی لەگەڵدا بکەن، بەڵام مەبەستی لە کام جۆرە ئاشتیەك بوو؟ سەرچاوەکان لێرەدا رەگەزە سەرەکیەکەیان لەدەستداوە، وەکئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە مەسەلەیەکی ئاساییەوە بووبێت، یان وەکئەوەی شتێك نەبووە شایەنی باسکردن بووبێت. ئەوە ئاشتیەکی هاوسەنگ یان ناهاوسەنگ نەبوو لە نێوان دوو دەوڵەت یان دوو نەتەوەدا. هەروەها جۆرێك لە ئاشتەوایی و پێکهاتنی نێوان دوو تاقمی یەك ئوممەت نەبوو، کە پێگەیەکی یەکسانیان داگیر کردبێت بۆیان هەبێت لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵات رێکبکەون، هەروەك لەو بارەیەوە گێڕانەوەیەکی بچوك هەیە دەربارەی کێشەی عەلی و موعاویە لە ساڵی 40ی کۆچی. ویستی ئاشتیخوازییانەی (الحسن) لەوەدا بەرجەستە بووە کە دەگەڕایەوە بۆ رای جەماعەت، واتا گەڕانەوە بۆ یەکێتی ئوممەت و ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیدراوە، لە کاتێکدا ئەو خۆی وازی لە هەموو دەسەڵاتێك هێناو بەرپرسیارێتی موسڵمانانی رادەستی موعاویە کرد، هەروەك یەکێك لە رێکەوتننامەکانی ئاشتی بە راشکاوی ئەوەی راگەیاندووە. دەستەواژەکانی (تەنازول) یان (خۆداماڵین لە دەسەڵات) کە لە کەلتوری سیاسی عەرەبەکاندا شتێکی نادیار نەبوو، لێرەدا بەکارنەهێنراوە، بەڵام بە دیاریکراوی ئەوە لە عوسمان داواکرا.

لە راستیدا (الحسن) جگە لە خەلیفەیەکی کوفەییەکان دەسەڵاتێکی تری نەبوو، هەروەك چۆن موعاویە خەلیفەی شامییەکان بوو. لە رووی پراکتیکیەوە

دەسەڵاتێکی سنورداری بۆ موعاویە دەگواستەوە، بەڵام ئەوە گرنگ بوو کە موعاویە بەدەستی بێنێت و (الحسن)یش بە خاترانە و نیازباشی وەریبگرێت، چونکە پشکێکی لە شەرعیەتی عەلی باوکیەوە وەرگرتبوو، بەڵکو لە سەرووی ئەوەشەوە دەیتوانی خۆی جیاواز بکات بەهۆی پەیوەندی رەچەڵەکی لەگەڵ پێغەمبەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

پێویستە بگوترێت کە سەروەری موعاویە بەسەر عێراقدا بە مانا سیاسییەکەی، وا پێویستبوو بە جۆرێکی ئاشتیانە بکرێت، لەبەر ئەوەی کە گرەوەکە بەلای پیاوی یەکەمی شامەوە زۆر گەورە بوو، چونکە کاریدەکرد لەسەر سەرلەنوێ درووستکردنەوەی راست و دروستی خەلافەتی یەکەم لە بەرژەوەندی خۆیدا، هەروەك کاریشی دەکرد لەسەر دووبارە یەکخستنەوەی ئوممەت و هەستانەوەی لە دوای ئەو هەموو کەلێن و هەڵوەشانەی کە تووشی ببوو. ئەگەر مردنی عەلی نەبوایا پێدەچێت هەموو ئەمانە رێگر بوونایە، بەڵکو لە ئاستی بنەماکاندا هەموو کارەکان ئەستەم دەبوون بەبێ رەمەندبوونی تەواوەتی (الحسن) لەسەریان، کاتێك لەسەری پێویست بوو خۆی لەو بەیعەتە دەرباز بکات کە کوفەییەکانی بە شەخسی خۆیەوە دەبەستەوە، هەروەها دەبوو دان بنێت بە دەستبەرداربوونی لە هەموو دەسەڵاتەکەی بۆ موعاویە، بەدەر لە کێشەی هاوسەنگی هێزی سەربازی، کە سەرەڕای تاقمی بەرهەڵستکاری قەیسی کوڕی سەعد بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی خۆیدا بوو، چونکە قەیس تا ئەوپەڕی ئاست لەسەر رازیکردنی (الحسن) پێداگری دەکرد، لە کاتێکدا زۆرێك لە کلیلەکانی لەناو دەستی (الحسن) دا بوو. سەرچاوە نەیارەکانی (الحسن) کە دەیانەویست بابەتی بەرتیلخۆری ئەو پیاوە نیشانبدەن، بەرتیلخۆریەك کە گەیشتە ئاستی سازش و پێکهاتن لەلایەن (الحسن) و فێڵ و تەڵەکەبازی و درۆ لەلایەن موعاویەوە، بەڵام ئەو سەرچاوانە هیچ شتێك لە عەقڵیەتی ئەو دوو پیاوە و هێزی سازش و پێکهاتنەکانی نێوانیان تێنەگەیشتوون. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك لە سەرچاوەکانی لایەنگری موعاویە

دەڵێن: قورسە بۆ مرۆڤ بەو ئاسانیە واز لە دەسەڵاتەکەی بێنێت و دەشبێت قەرەبووکردنەوە هەبێت.
تاکو لە دوای (10) ساڵ (الحسن) بە ژەهرخواردوویی کۆچی دوایی نەکرد، موعاویە دڵنیا نەبوو لە بارەی ئەو شتانەوە کە دەوترا. بەبێ هەنگاونان تا ئاستی دابەشبوونی تێڕوانینی هاوسۆزانی شیعە و خەڵکانی تریش لەگەڵ (الحسن)دا کە پێیانوایە رۆڵێکی شایستە و قارەمانانەی لە کۆکردنەوە و یەکخستنەوەی ئوممەتی ئیسلام هەبوو، بۆیە ئەوەندە بەسە هەوڵی تێگەیشتن لە عەقڵیەتی لایەنە ناکۆکە سەرەکییەکان بدەین. (الحسن) هەستی بەوە کردبوو کە ناتوانێت بارگرانی عەلی باوکی هەڵبگرێت، بنەمای پشتاوپشتیش هێشتا لەناو دەروونی عەرەبیدا دەستی نەکردبوو بە رۆڵگێڕان، لە کاتێکدا عێراقیش بە خراپی دابەشببوو، هەرگیز ئوممەت جارێکی تر یەکی نەدەگرتەوە و ئاستێکی کەمی پێکهاتن و رێککەوتن بەدی نەدەهات، ئەگەر یەکێك لەو سەرۆکانە گۆڕەپانەکە چۆڵ نەکات، ئەگینا دووبارە یەکگرتنەوە (یەکخستنەوە) بە زەبری هێز ئەنجامدەدرێت، لە پاڵ ئەو هەموو مەینەتی و برینانەدا کە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، یان دابەشبوونی وڵات هەتا کۆتایی درێژە دەکێشێت. عەلی کۆچی کردو قەزیەکەی و شەرعیەتەکەی و ئازارەکانی لەگەڵ خۆیبرد. لەو بڕوایەدام لەم ئاراستەیەدا پێویستە هەڵوێستی (الحسن) تێبگەین، نەك وەك کەسێکی ترسنۆك و بەرتیلخۆر و حەزکردوو بە ژن لێی بڕوانین. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە پێدانی قەرەبووکردنەوەی دارایی لە هەمبەر قوربانیدانێکی ئاوەهادا تەواو لە ستراتیژی موعاویەدا هەبوو واتا: وازهێنانی مەعنەوی لە کورسی خەلافەت لەلایەن کوڕی عەلی (نەوەی پێغەمبەر) ەوە و دەستبەرداربوونی لە رۆڵی سەرەکی و کارای لە کوفە.
بە بۆچوونی من بە نزیکی ئاشکرایە موعاویە پێشنیاری پێشکەشکردنی قازانجێکی ساڵانەی بە بڕی (1 ملیۆن) درهەمی کردووە، سەرەڕای پێدانی باج و خەراجی فەسا و درابجرد، کە لە پاشکۆکانی ویلایەتی بەسرە بوون. سەبارەت بە بڕی یەکەم،

وا نزیکترە بوترێت کە موعاویە راستگۆ بوو بە شێوەیەکی تەواو و رێکوپێك ئەو بڕە مووچانەی دەدا کە لە (بیت المال)ی موسڵمانان دەردەکرا، بەڵام سەبارەت بە رەگەزی دووەم جۆرێك لە فێڵکردنی پیشاندا لە پاڵ زانینی ئەو راستیەی کە بەسرییەکان وەرگرتنی پارەیەکی ئاوا رەتدەکەنەوە، بەڵکو خۆی بوو کە بابەتی رەتکردنەوەی لەلایەن بەسرییەکانەوە وروژاند بۆ ئەوەی ناوو ناوبانگی (الحسن) لەکەدار بکات.

مەسەلە جەوهەریەکە لێرەدا نییە، چونکە لە ساڵی 41ی کۆچیدا دوو رێکەوتن لە نێوان موعاویە و (الحسن)دا ئەنجامدرا. بەپێی رێکەوتنی یەکەم، موعاویە پابەند دەبێت بە ئاشتی و هەوڵنەدانی بۆ ئازاردانی (الحسن)، بەڵێنیش دەدات ئەو پارە و مووچانەی پێبدات کە باسمانکردن. لە رێکەوتنی دووەمیشدا، کە (الحسن) لەپشت ئەنجامدانیەوە بوو دوایئەوەی هەستیکرد کە رێکەوتنی یەکەم زۆر شەخسیە و زۆریش کەموکورتی تێدایە، لەسەر ئەم خاڵانەی پێکهاتن: (الحسن) واز لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی بەسەر موسڵماناندا دەهێنێت بۆ موعاویە، دوایئەوەش خەلافەت دەکرێتە شورا و لێبوردنێکی گشتی دەردەکرێت و موعاویە خۆی بەدوور دەگرێت لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە مەبەست لێی ئازاردانی (الحسن) و هاوەڵەکانی بێت. پێدەچێت رێکەوتنی دووەم، کە تێیدا ئەفسانە وا پیشانی دەدات گوایا موعاویە لەسەر لاپەڕەیەکی سپی واژۆی کردووە، کەوتن و شکستی ئایندەیی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بە ناوەرۆکی رێکەوتنەکانەوە پابەند بوون. لە سەرووی ئەوەشەوە ئەوە هەرگیز راست نییە کە (الحسن) وەکو کەسێکی خۆپەرستی نابەرپرس پیشان بدرێت وەکئەوەی بە بیریدا نەهاتبێت داوای پارێزگاری بۆ عێراقییەکان بکات و چاوەڕوانی کردبێت (قەیس کوڕی سەعد) لەجیاتی ئەو کارەکە بکات. هەروەك هەرگیز باوەڕ بەو قسەیە ناکرێت کە دەڵێت موعاویە هەموو بەڵێن و پابەندییەکانی بە رێکەوتن، کە پەیوەندییان بە فیتنەوە هەبوو، خستوویەتە ژێر پێی، واتا هەڵوەشاوە و بێبنەما بوون.

له راستیدا گواستنەوەی دەسەڵات یان درووستتر بڵێین بەیعەتپێدانی (الحسن) بە موعاویە، لەناو خودی کوفەدا لەلایەن کوفەییەکانەوە پەیڕەو کراوە و بە بێدەنگی و ڕێکوپێکی ئەنجامدرا. موعاویە زانیویەتی چۆن وەك پیاوی سیاسی وشە گونجاوەکان بدۆزێتەوە. (الحسن)یش لەلای خۆیەوە، لە کاتێکدا هۆشیار بوو بەرامبەر ئەو میراتەی هەڵیگرتووە، رایگەیاند کە دەستبەرداربوونی لە دەسەڵات بۆ (خێرو چاکەی ئوممەتی محەمەد)ە. فیتنە کۆتایی پێهات و روح و جەستەی ئوممەت پێکەوە درووستکرایەوە، بەڵام بە چێژێکی تاڵ و پڕ لە سکاڵا لەلایەن هەندێك لەو عێراقییانەی کە لە هاوەڵە نزیکەکانی عەلی بوون، بۆیە پێشئەوەی لە دواییدا بگۆڕێت بۆ سەرهەڵدانی کارە سەرەتاییەکانی ئۆپۆزسیۆنی شیعە، دۆخەکە بە رووی (الحسن)دا تەقیەوە و تۆمەتبارییان کرد. بەڵام ئێستا نە سەرکەوتن نە چۆکپێدادان و نە تۆڵەسەندنەوە بەدیناکرێت. خەڵکی شام کوفەیان وەك خاکێکی دژ بە خۆیان داگیر نەکرد، بەڵکو کوفەییەکان خۆیان کاروبارەکانی بەشەکەیان لە ئیمپراتۆریەت بەڕێوە دەبرد و لەژێر دەسەڵاتی ئەمیری نوێی باوەڕداران و نوێنەرەکانیدا دەژییان و درێژەیان بە ئیسلامەتیان دەدا. ماوەتەوە بڵێین، لە روانگەی بیرەوەری سەنتراڵیەتێکی ونبوودا، یادەوەری مەزنی و تاقەتپڕوکێتی عەلی، هەستدەکرێت کە قەزیەکەی دۆڕاند، لە لایەکی تریشەوە بە جۆرێکی زۆر بەرفراوان برینەکان و پەلکێشبوون بۆ رابردوو هەر مایەوە، دوائەوەش ستەمکاری و پشتاوپشتی و بنەماڵەیی زاڵبوو. بۆیە هەرگیز تۆوەکانی ناکۆکی و ململانێ شاراوەکان نەسرەوتن، بەڵکو لە پەراوێزی مێژوویەکی واقیعیدا درێژەیان کێشا، کە ئومەوییەکان درووستیان کرد.

# ڕەهەندەکان

ئەو کاتەی موعاویە لە ساڵی 41ی کۆچی/661ی زایینی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ئەو دەستبەسەرداگرتنە بە زەبری هێز نەبوو، لەبەر ئەوەی کە دەستبەرداری لە دەسەڵات و دانوستان رویدا بۆ ئەوە بوو کە خوێن نەڕژێت. بەڵام ئەگەر بە باشی لە بابەتەکە وردبینەوە، بە چاویلکەی روبەڕوبوونەوەی سەربازی لەگەڵ عەلی یان لەگەڵ (الحسن)دا لێی بڕوانین، ئەنجامی نزیکتر ئەوەیە کە موعاویە براوە بوو. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە عێراق تەنها کوفەی مابۆوە، کوفەش لەلایەن چەند هێزێکی هەڵوەشێنەری زۆر پێشکەوتوو بەڕێوە دەبرا. لە سایەی دۆخێکی ئاوادا، سەرکەوتنی موعاویە بووە سەرکەوتنی وەك کەسێکی سیاسی، رێکخەر،

ستراتیژی، بەسەر ئەو پیاوەدا کە لە کۆتاییدا تەنها خاوەنی رابردوویەکی دینی و پێگەیەکی فراوان و پێشەوایەتیەکی هەڵکەوتوو بوو. لە کۆتاییشدا لە رێگەی مردنەوە عەلی لە دۆڕانێکی گەورە رزگارکرا. عەلی نوێنەرایەتی نەوەیەکی تری دەکرد، ئەو نەوەیەی کە شەڕەکانی سەردەمی پێغەمبەرییان کرد، بە واتایەکی تر ئەو نەوەیەی ئیسلامی درووستکرد و تاکو ماوەیەکی زۆر لە چوارچێوەی مەدینەدا قەتیس مابوو. لە بەرامبەریشدا، موعاویە نوێنەرایەتی نەوەیەکی نوێی دەکرد، نەوەیەك کە بە هەموو شتێکی قەرزداری عومەر و فتوحات و قۆناغی بونیاتنانی ئیمپراتۆریەتی بوو. نەوەیەك بوو لەو بوارەدا شارەزایی و توانایەکی شایستەی وەرگرتبوو، سەرکردایەتی پیاوەکانی گرتە ئەستۆ و بەرگری لە دەستکەوتەکان دەکرد.

بە واتایەکی تر، لەو بوارەدا جێدەستی دیار بوو، لە سایەی خەلافەتی عوسمانیشدا ئەو نەوەیە رووبەرێکی دەسەڵاتی راستەقینەی لە شام پێکهێنا، کە بریتیبوو لە بەدەستهێنانی وبەستەیی و هاوپەیمانێتی و دەست تێکەڵاوکردن. بەڵام عەلی کاتێك هات بۆ کوفە لە سـەرەوە خۆی بەسەریدا سەپاند، کوفەیەك کە لە سەرەتاوە پێشەوایەتیکردنی کارێکی قورس بوو، لەسەریشی پێویست بوو فەتحی بکات، لە کاتێکدا نەیدەتوانی یان نەیدەزانی چۆن متمانەی سەرجەم سەحابەکان بەدەستبێنێت لە پێناوی چەسپاندنی شەرعیەتە مۆراڵیەکەیدا. بۆیە یەخسیری گروپێکی چالاك و بچوکی قورئانخوێنان بوو، بەو پێیەش دەبـوو بەدەست دژایەتیکردنی خانەدانەکانەوە گیرۆدە ببوایا. بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتەکەی بەهێز بکات، وا پێویستبوو ئەو هاوپەیمانێتیە فراوانەی کە پێکیهێنا و بەدوای خۆیدا رایکێشا، لە شەڕی (صفین)دا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست بهێنایا، بەڵام قەدەر وابوو چەك رێگەی نەدا ئەنجامەکان بەوجۆرە بێت، جگە لەوەش توانای باڵاو شایستەی خەڵکی شام لە جەنگدا رێگر بوو لە بەدیهاتنی ئەو سەرکەوتنەدا. ئیتر لەو کاتەوە، عەلی لە شکستێکەوە بۆ شکستێکی تر هەنگاوی

دەنا، گرنگترینیان پرۆسەی داوەریکردن و دابەشبوونی ناوخۆیی و سەرهەڵدانی خەواریج بوو. پاشان شیعەگەرایی درەنگهاتوو یان تەنانەت خەڵکی هاوسۆزی سوننەش، پێداگرییان کردووە لەسەر ئەو ستەمەی کە بە چارەنوسی عەلیەوە لکا. لانیکەم عەلی یەکێك بوو لە پیاوانی شورا و نەیاری عوسمان، پیاوێك بوو پڕ لە سەروەری و رابردووی ئیسلامی، بە واتایەکی تر ئەو شایەنی وەرگرتنی خەلافەت بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەتکردنەوە و دانپێدانەنان بە خەلافەتەکەیدا سەرەت لەلایەن ئەسحابەکانەوە بوو، تەڵحە و زوبێر، پاشان ئەوانەی پلەیان لە رووی فەزڵ و رۆڵبینیەوە لە خوار ئەمانەوە بوو، بە تایبەتی والی شام. بەڵام ئەو کردارە کوشندەیەی کە لە رێگەی مردنێکی ترسناکەوە بەسەر عوسماندا هێنرا، چەند هێزێکی سامناك لەناو ئیسلامی ئەو سەردەمەدا بەرجەستە دەکات، تاکو ئەندازەیەك کە فەزڵ و چاکەکانی لەبەرچاو نەدەگیران بەپێی چەند پێوەرێك کە چیدی بوونیان نەبوو. هێزو تۆڵەکردنەوە و خوێنی رژێنراو و یەکلاییکردنەوەی حساباتەکان، هەمووی بە ئاستێکی بەرفراوان خرانە ناو گەمەکەوە، واتا لەسەر ئاستی هەموو ئوممەتی چەکدار و پارچە پارچەبوو بەسەر ئەرخەبیلەکەیدا. خودی عەلی لەلای خۆیەوە، بە ناوی شەرعیەتێکی ناتەواوەوە دوودڵ نییە لە بەرپاکردنی شەڕ لە هەموو شوێنێك. رەخنەگرانی دەڵێن: هەموو ئەوانەی لە پێناوی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیدا کرد، نەك لە پێناو خێرو خۆشی ئوممەتدا. لە کۆتاییشدا ئەو وەك سیاسی و جەنگاوەرێك رەفتاری کرد، بۆیە تووشی سیاسەت و شەڕیش بوو.

ئاشکرایە فیتنە کە لە سەردەمی عوسمان دەستیپێکرد، کۆتاییهاتنی سەردەمێك رادەگەیەنێت. لە راستیدا دەبێت ئیسلامی دامەزرێنەر تەنها لە پێغەمبەر و هەردوو خەلیفەی یەکەم و دووەم (ئەبوبەکر و عومەر)دا قەتیس بکەین. پێغەمبەر (د.خ) دیین و دەوڵەتی دامەزراند، بەو هەنگاوەش لە یەککاتدا گەلی عەرەبی لەناو بونیاتی ئوممەتدا یەکخست و جیهادی وەکو ئامانج بۆ دیاریکرد،

هەوڵدانێك بوو بۆ پڕکردنی زەوی بە ناوی خودا. خەلیفەی یەکەم (ئەبوبەکر) خەلافەتی دامەزراند بۆ ئەوەی وەك دامەزرێنەر کاری خۆی تەواو بکات، واتا: لەناوبردنی هەڵگەڕانەوە بە زەبری هێز لە دورگەی عەرەبی، پاشان دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەت و دەستپێکردن بە پرۆسەی فەتح وەکو هەنگاوی دووەم. پاشان ئەرکی پرۆسەی فەتحی بەرفراوانی جیهانی کۆن: هیلالی خصیب، میسرو بەشێکی گەورەی ئێران و لەباربردنی ئیمپراتۆریەتەکەی کەوتە سەرشانی خەلیفەی دووەم. بەگوێرەی چەند پێوەرێك تەمەنی رێکخستنی پرۆسەی فەتح بۆ ماوەی سێ یان چوار سەدە ژیاوە: نیشتەجێکردنی لەشکری عەرەبی، دامەزراندنیدەزگایەکی کارا و ئاڵۆزی باج وەرگرتن. وەلحاڵ ئەو (3) پیاوە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا سەرکەوتنێکی جێگیرو بەردەوامی گەورەیان ئەنجامدا. پێغەمبەر و هەردوو شێخەکە (ئەبوبەکر و عومەر)، پەیوەندیەکی پتەوی هاوەڵێتی پێکەوە بەستبوونیەوە، نەك پەیوەندی فەزڵی کەسی. پێغەمبەر لەلایەن خوداوە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێت بە ئوممەت، لەوەشەوە دوور بوو کە بە تەنها ببێتە پیاوی بەهێزی مەدینەکەی. ئەبوبەکر سەر بە عەشیرەتێکی بچوکی قورەیش بوو، هەروەها عومەریش بەپێی عورف و نەریتە کۆنەکان خاوەنی شەرەفمەندیەتی کۆمەڵایەتی راستەقینە نەبوو. بەڵام هەرسێکیان پێکەوە مێژووی نوێیان دامەزراند بەوەش پلەو پێگەیان لە سەرووی حاڵەتی ئادەمیزادی ئاساییەوە بوو.

لەگەڵ بوونی عوسمان بە خەلیفە، هەموو شتەکان گۆڕان و مرۆڤی ئاسایی هاتە ناو گەمەکە. ئەو قۆناغە کۆتایی سەردەمێکی جیاوازی پایەبڵند بوو کە لە سەرووی هەموو بەها ئاساییەکانی خزمایەتی، بەرژەوەندی و حەزکردن بە پێگەو دەسەڵات بوو. ئەوە بوو خەلافەت رادەستی تاکێك لە رەچەڵەکی عەشیرەتی پێغەمبەر (عەبد مەناف) کرا، بەڵام هەتا هێرش و پەلامارەکانی مەغۆلەکان لە ساڵی 1258ی زایینی لەو بازنەیە دەرناچێت. عوسمان لە سەردەمی خۆیدا لە

ڕێگەی لقی تایبەتی ئومەوییەکانەوە پێداگری کرد لەسەر بەهاکانی خزمایەتی و نزیکی لەسەر حیسابی بەها ئیسلامییەکان و بونیادەکانی دەوڵـەت تاکو ئەندازەیەکی زۆر. بە هەمانشێوەش دەوڵەت بەرگێکی نیمچە پاشایەتی کرا بەبەردا و وەکو دابەشکارێکی دەستکەوت و بەخشینەکانی لێهات بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەندێك کەس. بەو هۆیەوە نارەزایەتی و بەرەنگاربوونەوەکی لە راستیدا لەدەستدەرچوو لەناو ریزی ئەسحابەکاندا بەرپا بوو، بەڵام بە تاقی تەنها نەیدەتوانی بگاتە ئەنجامێك. ئەوەی فیتنەی بە هەموو رەهەندەکانی و فراوانبوونیەوە هەڵگیرساند، دەرکەوتنی هێزێکی پێچەوانەی ئەو گەشەسەندنە بوو، هێزێکی کەمژمارەی هەڵکەوتوو لە ناوچەیەکی بـەلاوە، واتا (هێزی قورئانخوێنەکان)، ئەو پیاوانەی کە گەڕانەوە بۆ قورئان و مەرجەعیەتی ئیسلام. دەوڵەت و گەشەکردنی کۆمەڵگە و پێشەوایەتیکردنی مێژوویی، بە جۆرێك خوێندنەوەی دیاریکراوی بنەڕەتی و دەقئامێز بۆ ئیسلام بەرەنگاری دەکرا. ئیسلام وەکو هێزی رەتکردنەوە و هێزێکی کودەتایی وێناکرا.

ئەوە سەرەتایەکی دیار بوو کە تاکو ئەمڕۆش بە شێوازێکی دووبارەکردنەوە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا خودی بنەمای دەوڵەت، کەوتووەتە ژێر بنەمای بەرزڕاگرتنی ئایینی. بە تایبەتی لەم حاڵەتەدا بزوتنەوەیەکی ئاوا توانی یەکەم خەلیفە بکوژێت و فیتنەیەی گشتی و هەڕەشەئامێز هەڵبگیرسێنێت لە پێناو پارێزگاریکردنی خودی لە ئوممەت، پاشان توانی خەلیفەی دووەم بکوژێت، بۆ ئەوەی خۆی تەرخانبکات بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی بناغەی پاشایەتی لە دەسەڵاتدا و بەستنەوەی دەوڵەت بە هێزەوە، پاشان توانی گەشە بەخۆی بکات بەرەو رادیکالیەتێکی پەراوێزخراو بەبێ هەبوونی پێگەیەکی گەورە: بزوتنەوەی خەواریج.

کێشەی قورئانخوێننەکان و ئەوانەی لەناو کۆڕی ئەسحابەکاندا وەکو خودی عەلی دەستیان بە مانەوەی ئیسلامێکی پاك و بێگەردەوە گرتبوو، لە راستیدا بە

شێوەیەکی پێشوەخت کەوتبوە بەر پێشبینیکردنی دەوڵەتێك کە لە توانایدا نەبوو ببێتە پێشبینی دەوڵەتی سەرەتایی باوکسالاریی، داماڵراو لە چەك و قەتیسکراو بە فۆرمی دەوڵەتی عومەری. بەڵام قورئانخوێنان نەیاندەتوانی هێزی زۆر جۆشبدەن و ئامادەی بکەن ئەگەر عەلیان لەناو گەمەکەیاندا دانەنایا، بە جۆرێك کە پرسی سەرەکی بووە پرسی بەرگریکردن لە شەرعیەتی عەلی، سەحابی گەورە و کوڕە مامی پێغەمبەری خودا، لە بەرامبەری هەموو ئەوانەدا کە نکۆڵیان لە شەرعیەتەکەی دەکرد. وەلحاڵ، عەلی گەیشتە کۆتایی کاروانەکە و ناچاربوو لە نەهرەوان لە دژییان شەڕ بکات و بیانکوژێت، تاکو لەسەر دەستی یەکێك لە خەواریجەکان کوژرا. ئایا ئەوە چارەنوسێکی دیاریکراو بوو عەلی ببێتە گیرۆدەی دەستیان، بە شێوەیەك نەیتوانی یان نەیزانی لە کاتی گونجاودا خۆی لە دەستیان دەرباز بکات؟ پێدەچێت بابەتەکە وا بووبێت، چونکە لەو کاتەوەی یەکەمین خەنجەر لە قوڕگی عوسمان وەشێنرا، ئیتر فیتنەی گشتی وەکو ئامێرێکی جەهەننەمی بەسەر گەلی ئیسلامیدا زاڵبوو. لە کۆتاییدا، سێ هێزی کاریگەر لە بازنەی فیتنەدا هەبوون، ئەمانەن: ئیسلامێکی رادیکالی توندوتیژ - قورئانخوێنان، ئیسلامێکی مێژوویی و شەرعی - عەلی، ئیسلامێکی سیاسی ئەرەستۆکراتی – موعاویە.

موعاویە وەك عوسمان سەر بە بنەماڵەی بەنی ئومەییە بوو، بنەماڵەی پێشەوای قەڕەیش لەپێش هاتنی ئیسلام. لەگەڵ هاتنی عوسمان مەسەلەی دەستکردنەوە بە هاوپەیوەندی کۆمەڵایەتی تێکشکاو بە هاتنی ئیسلام خرایەڕوو، دواتریش بە گڕوتینێکی زیاتر لە سەردەمی موعاویە خۆی بەرجەستە کرد. لە دوای 40 ساڵ بەسەر ناکۆکی و ململانێ و فراوانخوازی و یەکبوون و قووڵبوونەوە لە دەرهاویشتەی ئایینی، لەو ماوەیەشدا 5 ساڵ لە شەڕی ناوخۆی سامناك، کوڕی ئەبو سوفیان، گەورەی کۆنی قوڕەیش، خۆی لە سەرتۆپی خەلافەتی ئیسلامیدا بینیەوە. ئایا ئەوە سەرکەوتنی بنەمای ئەرەستۆکراتیە بەسەر بنەمای فەزڵ و چاکەی دینی، بەو ئەندازەیەی سەرکەوتنی هەستی سیاسیە بەسەر هەستی

دیینیدا؟ ئەم بیرۆکە بێبنەمایە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست لە چەندین لاوە، لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا دەیبینین سەرکۆنە کراوە، هەرچەندە لەلای خۆرهەڵاتناسەکان دەبینین پێشوازی لێکراوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە موعاویە بەشداریکردووە لە چەسپاندنی ئیسلامی فەتحکار و دەتوانێت شانازی پێوە بکات. لە ساڵ 41ی کۆچی/661ی زایینی، ژمارەیەکی کەمی خەڵك هێشتاکە دەیانتوانی بڵێن: ئێمە پێغەمبەرمان ناسیوە و خزمەتمان کردووە. ئێمە دەزانین کە ئەهلی سوننە موعاویە لە ڕیزی ئەسحابەکان دادەنێن، چونکە موعاویە لە جیهان و سەردەمێکدا ژیاوە، کە تێیدا ئیسلام زۆر بەهێز و چەسپاو بوو، بێگومانیش ئیسلام لەناو دڵیدا ڕەگی داکوتابوو. لاوازی ڕابردووەکەی کە پەیوەندی بە لایەنە ئەرەستۆکراتیەکەیەوە هەبوو، نەیدەتوانی بێزاری بکات، لەوانەشە لەبەر ئەم هۆکارە بووبێت فەرمانیکردووە لەسەر بڵنگۆکان نەفرەت لە عەلی بکرێت، وەکئەوەی هەوڵبدات پەڵەیەك بسڕێتەوە، کە ناسڕێتەوە.

ئومەوییەکان بە بەردەوامی ڕووبـەڕووی کێشەیەکی شەرعی بوونەتەوە کە پایەکانی ناچەسپاو بوو. لێرەدا ئەو هۆکارە بەرجەستە دەبێت کە ئومەوییەکان لە پێناویدا هەوڵیاندا واتای مێژوویی بسڕنەوە. بەڵام موعاویە لە لایەکی ترەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێگەیەکی کردەوە بۆ زیادکردنی عەلمانیەت بۆ سەر چەمکی دەسەڵات، چونکە سەلماندی دەسەڵات بۆ ئەو کەسەیە کە بتوانێت وەریبگرێت و پارێزگاری لێبکات، بەڵکو دەسەڵات بۆ کەسێکە کە لە ڕووی سیاسیەوە شایەنی بێت. لە ڕووی پراکتیکیەوە بە تێکڕایی، موعاویە دەبێتە سەرکردەیەکی زۆر باش. ئەو زۆر دورترە لەوەی لەگەڵ کەلتوری ئیسلامیدا داببڕێت، بەڵکو ئەوە شتێکە ناکرێت بیریشی لێبکرێتەوە، بەڵکو لە دیدی هۆشیاری سەردەکەیەوە پارێزگاری لێکراوە، بەو پێیەی موعاویە وەك خەلیفەیەك بۆ زنجیرەی خەلیفەکانی تر زیادکرا. ڕاستە کە موعاویە لەپاڵ هاوسەنگی زیاتر هەستکردنی قووڵ بۆ هاوسەنگی جەماعەت و گروپەکان لەناو کۆمەڵگەدا، دەستیکرد بە زیادکردنی

فۆرمی پاشایەکی بۆ سەر سیاسەتی عوسمان. ئەو دەیزانی چۆن بە سەخاوەتەوە ڕۆڵ دەدات بە خانەدانەکان و بەهێزەکان و ئەوانەی کە پێگەو قورساییان هەبوو، دەیانتوانی تەمەنی دەسەڵاتی ناوەندی درێژ بکەنەوە و جیهانی کۆمەڵایەتی لە قاڵب بدەن. بەڵام لە ڕووی جەوهەرەوە دوو پرس هەبوون، سەرەڕای پەیڕەوکردنی چەمکی پاشایەتی و بنەماڵەیی لە دواییدا، دەبوو لە بەرژەوەندی موعاویەدا بوونایا ئەوانیش بریتین لە: (پتەوکردنی دەوڵەت) و (فراوانکردنی ئیمپراتۆریەت)، بە پشتیوانی هێزێکی شەڕکەر ئەویش سوپای شامە. ئومەوییەکان لە هەندێك کاتدا پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێز بردووە لە پێناو پارێزگاریکردن لە یەکێتی ئەو ئوممەتە، کە ئامادە بوو بۆ هەڵوەشان و دابەشبوونی بەسەر هەزار پارچەدا. بۆیە ئەولەویەتییان دایە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت و دواڕۆژی ئیسلام و عروبە و ئەو بەهایانەیان خستە سەرووی هەر ئیعتیبارێکی ترەوە. لە ڕووی پراکتیکیەوە، ئەوان مێژوویەکی کارا و واقیعییان لە تەواوی سەدەی یەکەمی کۆچی و بۆ دواتریش درووستکرد، واتا چوارچێوە و بناغە سەرەکییەکانی بوونی عەرەبییان داڕشت. سیستمێك هەبوو کە ئوممەت لە ناویدا جموجووڵی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ هەمیشە نەیانتوانی ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە کە لە نێوان ئەو دوو تاقمە سەرەکیە پێکهێنەرەی ئوممەتی ئیسلامدا درووست ببوو، کە ئەرکی پاراستنی ئیمپراتۆرییەت کەوتبووە سەر ئەستۆیان. ئەوان زۆر ڕۆچوونە ناو تایبەتمەندێتی (شامێتی)یانەوە، شکستیانهێنا لە پێکەوە لەناویەکدا تواندنەی هەردوو باڵەکەی ئوممەت بە شێوەیەکی قووڵتر. لەوەش خراپتر ئەوەیە، والیە ستەمکارەکانیان نارد بۆ عێراق کە هۆکار بوون بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورە. هەرچەندە سەرکەوتوو بوون لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکان، بەڵام ئەوە سیاسەتی هێزو دابڕانی زیاتر بوو، نەك سیاسەتی کۆکردنەوە و یەکخستنەوە.

ئەو لاوازی و شکستهێنانە لە یەکخستنەوەی دڵەکاندا، هەر لە سەردەمی موعاویەوە کاری خۆیکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موعاویە توانی ئەرەستۆکراتەکانی کوفە و

بەسرە بۆ لایخۆی پەلکێش بکات. لە جیاتی لابردن و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی فیتنە، لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی ڕقلێبوونەوەی عەلی زیاتر هونەری بەکارهێنا بۆ چاندنی تۆوی فیتنە. لێرەوە شیعەگەرایی وەکو بزوتنەوەیەکی ناڕازی، بەرهەڵستکار لەناو خەڵکانێکی کەم لە نزیکترین هاوەڵانی پێشوودا لەدایکبوو وەك وەفایەك بۆ بەرزڕاگرتنی یادەوەری عەلی، لە کاتێکدا تێکڕای لایەنگرانی عێراقی بوون، ئەوانەی کە زیاتر بە جۆش و خرۆش بوون بەرامبەر قەزیەکەی. دواجار عەلی مرد و موعاویە دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام چەمکەکە لەناو ئەو گروپە بچوکەی کوفەییەکاندا قەتیس بوو، کە بەوەفا بوون بۆ بیرەوەری عەلی، پەست و بێزار بوون لە نەفرینانەی کە ئاراستەی ناوەکەی دەکرا.
بەو شێوەیە لە ساڵی چلەکانی کۆچیدا حزبی شیعەی سیاسی - دینی دروستبوو، کە سیاسی بوو زیاتر لەوەی دینی بێت. ئەم حزبە ڕووبەڕووی توندوتیژی کرایەوە و شەهیدەکانی لە یەکەمینەکان بوون، پاشان حەساسیەتێکی دینی هاوسۆز لە هەمبەر شەهیدکردنی (الحسين) لە کەربەلا لە ساڵی 61ی کۆچی/680ی زایینی سەریهەڵدا. ئەوە شیعەگەراییەکی عەرەبی کوفەیی بوو کە بە درێژایی سەردەمی ئومەوییەکان شێوازێکی تایبەت بە خۆی پەیڕەو کرد، بەڵام هەروەك کەمینە مایەوە و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بە شێوەی شۆڕشی پچڕپچڕی شکستخواردوو دۆخەکەی دەتەقاندەوە. ئەم بزوتنەوەیە بە بـەراورد لەگەڵ بزوتنەوە زۆر کاریگەرەکانی تر لەسەر ئەو ماوە مێژووییە لە پاڵ هەموو خواست و بەرژەوەندی و تایبەتمەندێتیە هەرێمییەکانیان کە زیاتر بە گەمەی دەستەگەرێتی و حزبایەتی پەیوەستبوون، هەرگیز مەترسی لەسەر ئومەوییەکان درووست نەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا، شیعەگەرایی لە دۆخی پەراوێزخستنیدا، لە مەودایەکی زۆر دووردا و لەناو چەندین گرەوی جیاواز و نوێدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، کە لەگەڵیدا دەسەڵاتی بنەماڵەیی ئومەوی و عروبەی ئیمپراتۆرییەت هەڵدەتەکێت.
باشتروایە بڵێین عەباسییەکان بە ناوی شیعەگەراییەوە، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی

خۆیان دروشمی شۆڕشییان بەرز کـردەوە. چانسی نەوەسی (آل البیت)) و ڕۆڵەکانی محەمەد و عەلی پێکەوە ئەوە بوو، کە لە مێژووی فیعلی ئیسلامدا دەرفەتیان نەبێت. لێرەشەوە کاری قەرەبووی مەزن لەناو هۆشیاری ئیسلامیدا شیعەگەرایی وەك عەقیدە و فرەڕەنگیەك لە فرەڕەنگییەکانی ئیسلام بەرجەستە کرد. بێگومان هەموو ئەمانە ئەنجامگەلێکی دوور بوو لە فیتنە، دوور بوو لە خەلافەتی شلوشاو و کێشەلەسەری عەلی و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن دوژمنەکانیەوە بۆ سەدەکانی داهاتووی پڕ لە چەوساندنەوە. فیتنەی کۆتایی پێهاتوو وەکو ململانێیەکی حزبی، لەناو ویژدانەکاندا هەر بەردەوام بوو. شیعەگەرێتی و خەواریج و دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەوی لێکەوتەوە و بە میرات بۆی مایەوە. فیتنە درووستکەری مێژوو بوو، بە پێچەوانەی زۆرێك فیتنەی تر کە لە مێژووی سەدەی یەکەمی ئیسلامدا سەریانهەڵداوە و بێ ئایندە بوون.

لەگەڵ ئەمەشدا، فیتنە لە ڕێگەی خودو مێژووی تایبەت بەخۆی، ساتەوەختێکی شایەنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە، لە ڕووی پاڵەوانە ناکۆکەکانی، گوتار و بەهاکانیەوە، وەك یەکێك لە ماوە هەرە کاریگەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی وەك روداوێکی ئەفسوناوی دەمێنێتەوە، چونکە چەمکی دیینی خستە ناو جیهانی ململانێی سیاسیەوە. ماوەی فیتنە، ماوەیەکی تایبەت، چڕکراوە، نائارام و ناسەقامگیر بوو، لەسەر شێوازی ئەو شۆڕشە گەورانەی کە مرۆڤایەتییان هەژاند، لەبەر ئەوەی دەربڕی چەندین خواست و ئامانجی ناکامڵ و ناپاکانە نەبوو، بەڵکو چەندین بنەماو بیروڕا و خواست و داواکاری لەخۆی گرتبوو. هەروەك هیگڵ دەڵت: ئەگەر دامەزراندنی ئیسلام (شۆڕشی خۆرهەڵات) بووبێت، ئەوا فیتنە لە رودانی شۆڕشێکە لەناو شۆڕشدا، یان بە واتایەکی تر بۆ ئەوە بەرپا بوو تاکو واقیعی ئیسلامی بە دینامیکیایەکی بێهاوتا لەناو مێژووی ئیسلامدا دەوڵەمەند بکات.

# پێرستی سەرچاوە عەرەبییەکان


ـ الأزرقي ( محمد بن عبد اللّه ) ، **كتاب اخبار مكّة** ، بيروت ، د. ت.

ـ الأشعري ( أبو الحسن ) ، **كتاب مقالات الإسلاميين واختلاف المصلّيّن** ، تحقيق هـ. ريتر ، ط. ٣ ، فيسبادن ١٩٨٠ .

ـ ابن أبي الحديد ، **شرح نهج البلاغة** ، القاهرة ، ١٩٦٥ .

ـ ابن أبي داود ( أبو بكر عبد اللّه ) **كتاب المصاحف** ، تحقيق ونشر آ . جفري ، القاهرة ، ١٩٣٦ .

ـ ابن الأثير ( عزّ الدّين ) ، **الكامل في التاريخ** ، دار صادر ، بيروت ، ١٩٦٥ ـ ١٩٦٦ .

ـ ابن إسحاق ( محمد ) ، **سيرة سيدنا محمّد** ، غوتنفان ، ١٢٧٦هـ تهذيب عبد الملك بن هشام .

ـ ابن الأعثم الكوفي ( أبو محمد أحمد ) ، **كتاب الفتوح** ، حيدر آباد الدّكن ، ١٩٧٤ .

ـ ابن الجزري ، **غاية النهاية في طبقات القرّاء** ، نشر وتحقيق س . برغستراشر ، القاهرة ، ١٩٣٢ .

ـ ابن الجوزي ( سبط ) ، **تذكرة الخواصّ** ، طهران ، د. ت. .

ـ ابن حبيب السكّري ، **المحبّر** ، حيدر آباد ، ١٩٤٢ .

ـ ابن حجر العسقلاني ، **تهذيب التهذيب** ، حيدر آباد ، ١٣٢٧ هـ .

ـ ابن حزم ( أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد ) **جمهرة أنساب العرب** ، تحقيق ونشر عبد السلام هارون ، القاهرة ، ١٩٦٢ .

ـ ابن خلدون ( عبد الرحمان )، **المقدّمة** ، بيروت ، ١٩٦١ .

ـ ابن دريد ، **كتاب الاشتقاق** ، بيروت ، ١٩٧٩ .

ـ ابن سعد ( محمد ) ، **الطبقات الكبرى** ، دار صادر ، بيروت ، ١٩٧٤ ـ ١٩٧٧ .

ـ ابن شبّة ( عمر ) **تاريخ المدينة** ، المدينة .

ـ ابن عبد الحكم، (عبد الرحمان) **فتوح مصر** ، نشر س. ساتوري، نيو هافن، ١٩٢٢.

ـــ ابن عساكر ( أبو القاسم علي ) ، **تهذيب تاريخ دمشق** ، د. ت .

ـــ ابن قتيبة ، **الاختلاف في اللفظ** ، القاهرة ، ١٣٤٩ هـ .

ـــ ابن كثير ، **البداية والنهاية** ، بيروت ، ط. ٤ ، ١٩٨٨ .

ـــ ابن الكلبي ( هشام بن محمد ) ، **كتاب النسب الكبير** ، مخطوطة الأسكوريال .

ـــ ابن مزاحم ( نصر ) ، **كتاب وقعة صفّين** ، تحقيق عـ . هارون، القاهرة، ١٩٨١ .

ـــ ابن منظور ، **لسان العرب** ، بيروت ، ١٩٥٥ .

ـــ ابن النديم ، **الفهرست** ، تحقيق رضا تجدّد ، طهران ، ١٩٧١ .

ـــ أبو جعفر الإسكافي ، **المناقضات** ، مندرج في **العثمانية** للجاحظ .

ـــ أبو عبيد القاسم بن سلّام ، **كتاب الأموال** ، بيروت ، ١٩٨٦ .

ـ أبو الفرج الأصفهاني ، **مقاتل الطالبيين** ، بيروت ، د. ت.

ـــ أبو يوسف ، **كتاب الخراج** ، ط. ٢ ، القاهرة ١٣٥٢ هـ .

ـــ البرّادي ، **كتاب الجواهر** ، ط . حجرية ، ١٣٠٢هـ .

ـــ البلاذري ( أحمد بن يحيى )

١) **فتوح البلدان** ، ط . القاهرة ١٩٣٢ .

٢) **أنساب الأشراف**

- القسم الثاني ، جزء ١ و ٢ ، تحقيق محمد باقر المحمودي ، بيروت ١٩٧٤ و١٩٧٧ .
- القسم الرابع ، جزء ١ ، تحقيق إ. عبّاس ، بيروت ١٩٧٩ .
- القسم الرابع ، جزء ٢ أو « ب » ، تحقيق مـ . شلوسنغار ، القدس ١٩٣٨ .
- القسم الخامس ، تحقيق س . غويتاين ، القدس ، ١٩٣٦ .

ـــ الجاحظ ، **كتاب البلدان** ، تحقيق صـ . أ . العلي ، بغداد ١٩٧٠ .

ـــ الجاحظ ، **العثمانية** ، تحقيق عـ . هارون ، القاهرة ، ١٩٥٥ .

ـــ خليفة بن خياط ، **التاريخ** ، النجف ، ١٩٦٨ .

ـــ الدينوَري ( أبو حنيفة ) ، **الأخبار الطوال** ، القاهرة ، ١٩٦٠ .

ـــ الرّازي ، **تاريخ مدينة صنعاء** ، ط . ٢ ، صنعاء ، ١٩٨١ .

ـــ الزبيدي ، **تاج العروس** ، بيروت ، ١٩٥٥ .

ـــ الطبرسي ، **كتاب الاحتجاج** ، النجف ١٩٦٦ .

ـــ الطبري ( محمد بن جرير ) ، **كتاب الرّسل والملوك** ، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم ، القاهرة ، ١٩٦٠ ـ ١٩٦٩ .

ـــ **القرآن الكريم**

ـــ الكندي ( محمد بن يوسف ) ، **ولاة مصر** ، بيروت ، ١٩٥٩ .

ـــ المسعودي ، **مروج الذهب** ، بيروت ، ١٩٦٦ .

- المقريزي ، **الخطط المقريزية** ، دار صادر ، بيروت ، طبعة جديدة بالأوفست عن الطبعة الحجرية القديمة .
- مؤلّف مجهول الإسم ، **تاريخ الخلفاء** ، صورة شمسية نشرها غريبازنيفيتش ، موسكو ، ١٩٦٧ .
- ياقوت ، **معجم البلدان** ، بيروت ١٩٥٧ .
- اليعقوبي ، **التاريخ** ، بيروت ١٩٦٠ .


***

### ١) المراجع باللّغة العربية :


- طه حسين ، **الفتنة الكبرى** ، القاهرة ، ١٩٥٣ .
- عبد العزيز الدوري ، **مقدّمة في تاريخ صدر الإسلام** ، بيروت ، ١٩٦٠ .
- علي عبد الرّازق ، **الإسلام واصول الحكم** ، القاهرة ، ١٩٢٥ .
- عبد الله العروي ، **مفهوم الدّولة** ، الدار البيضاء ، ١٩٨٤ .
- خالد العسلي ، « الأعراب في النّقوش العربية القديمة » ، **مجلّة العرب** ، ج ٥ ، ١٩٧١ .
- جواد علي ، « عبد اللّه بن سبأ » **مجلّة المجمع العلمي العراقي** ، الجزء الخامس ، ١٩٥٨ .
- صالح احمد العلي ، **التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة في القرن الأول الهجري** ، ط. ٢ ، بيروت ، ١٩٦٩ .
- صالح احمد العلي ، **دراسات في تطوّر الحركة الفكرية في صدر الإسلام** ، بيروت ، ١٩٨٣ .
- صالح احمد العلي ، **خطط البصرة** ، بغداد ، ١٩٨٧ .
- رضا كحّالة ، **معجم قبائل العرب** ، ط. ٢ . بيروت ، ١٩٧٨ .
- **مجلّة كلية الآداب بالكويت** ، عَرَضَتْ عليّ للفحص دراسة لعلّها نشرت فيما بعد تحت عنوان « عبدالله بن سبأ : دراسة للروايات التاريخية عن دوره في الفتنة » .
- سالم النعيمي ، « ظهور الخوارج » ، **مجلة المجمع العلمي العراقي** ، جزء ١٥ ، ١٩٦٧ .

# پێرستی سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Andrae, Tor, **Mahomet. Sa vie et sa doctrine,** trad. franç, Paris, 1945.
- Blachère, Régis, **Introduction au Coran,** Paris, 1959.
- Blichfeldt, J.O., **Early Mahdism**, Leyden, 1985.
- Caetani, L., **Annali dell' Islam,** Milano, 1905-1926.
- Chelhod, J., **L'Arabie du Sud,** Paris, 1984.
- Coomaraswamy, Ananda K., **Hindouisme et Bouddhisme,** Paris, 1949.
- Crone, P., **Meccan Trade and the rise of Islam,** Princeton, 1987.
- Crone, P., and Cook, M., **Hagarism,** Cambridge, 1980.
- Crone, P., and Hinds, M., **God's Caliph,** Princeton, 1986.
- Djaït, H., **al-Kūfa. Naissance de la ville islamique,** Paris, 1986.
- Djaït, H., «al-Kūfa», in **Encyclopédie de l'Islam,** 2° éd., Leyden.
- Djaït, H., «Les Yamanites à Kūfa au I^er Siècle de l'Hégire», **Journal of Economic and Social History of the Orient,** vol 19, part. 2 (1976).
- Donner, F., **The Early Islamic Conquests,** Princeton, 1981.
- Dupront, A., **Du Sacré,** Paris, 1987.
- **Encyclopédie de l'Islam,** 1^ère éd., Leyden, 1913-1960; 2° éd., Leyden, 1960- Abrégée ici sous le signe de **E.I/**¹ et **E.I./**².
- Gibb, H.A.R., «The Evolution of Government in Early Islam», **Studia Islamica,** Vol 4, 1955.
- Gibb, H.A.R., **Studies on the Civilization of Islam,** London, 1962.
- Goitein, S.D.F., **Ansab al-Ashrāf,** Vol. 5, **Preface to,** Jerusalem 1938.
- Grunebaum, G. Von, «The nature of Arab unity before Islam», **Arabica**, n°10 (1963).
- Hegel, G.W.F., **Leçons sur la philosophie de l'Histoire,** trad. franç., Paris, 1970.
- Hill, D.R., **The Termination of Hostilities in the Early Arab Conquests, A.D. 634-656,** London, 1965.
- Hinds, M., «Kūfan political alignments and their background in the midseventh century A.D.,» **International Journal of Middle East Studies,**, 2 (1971).
- Hinds, M., «The murder of the caliph «ᶜUthmān», **ibid.,** 3 (1972).
- Huizinga, J., **Le Déclin du Moyen Age, trad. franç.,** Paris.
- Iqbâl, M., **Reconstruire la pensée religieuse de l'Islam,** trad. franç., Paris, 1955.
- Kister, M.J., «Mecca and Tamīm», in **Studies in Jâhiliyya and Early Islam,** London, 1980.
- Laoust, H., «Le rôle de ᶜAlī dans la **Sīra** shiᶜite»,, **Revue des Etudes Islamiques**, t. 30, 1962.
- Le Strange, G., **The Lands of the Eastern Caliphate,** Cambridge, 1930.
- Morony, M.G., **Iraq after the Muslim Conquest,** Princeton, 1984.

- Nagel, H.M.T., «Some considerations concerning the Pre-Islamic and the Islamic foundations of the Authority of The Caliphate», in **Studies on the First Century of Islamic Society**, éd. G.H.A. Juynboll, 1982.
- Paz, O., **Une planète et quatre ou cinq mondes,** trad. franç., Paris, 1985.
- Pedersen, E.L., «ᶜAlī and Muᶜāwiya, the rise of the Ummayad Caliphate», **Acta Orientalia, 23**/1959.
- Rebecchi, G., «La preghiere di Kumayl ibn Ziyād», **Islam, Storia e civiltà,** 4, 4, 1985.
- Robin, C., «La civilisation de l'Arabie méridionale avant l'Islam» in **L'Arabie du Sud,** éd. J. Chelhod, I.
- Rodinson, M., «Bilan des Etudes mohammadiennes», **Revue historique**, Paris, t. 229, fasc. 465, 1963.
- Rodinson, M., **Mahomet**, Paris, 1968.
- Schacht, J., **The Origins of Muhammadan Jurisprudence**, Oxford, 1951.
- Schmitt, C., **Théologie politique**, trad. franç., Paris, 1988.
- Schumpeter, J., **Impérialisme et classes sociales,** trad. franç., Paris, 1984.
- Serjeant, R.B., «Ḥaram and Ḥawṭah, the sacred enclave in Arabia», in **Mélanges Taha Husain**, le Caire, 1962.
- Sezgin, F., **Geschichte des arabischen Schrittums,** Leyden, 1967.
- Shaban, M.A., **The ᶜAbbāsid Revolution**, Cambridge, 1970.
- Shaban, M.A., **Islam History, A.D. 600-750**, Cambridge, 1971.
- Simon, R., «Ḥums et Īlāf, ou commerce sans guerre ...», **Acta Orientalia Academiae Scientiarum Hungaricae**, 23 (2).
- Veccia- Vaglieri, L., «'Il conflito ᶜAli- Muᶜāwiya e la secessione kharigita riesaminati alla luce di fonti Ibadite», **Annali dell' Instituti Orientali di Napoli. 4-5, 1952- 1953**.
- Watt, W.M., **Mahomet à la Mecque**, trad. franç., Paris, 1958.
- Watt, W.M., **Mahomet à Médine,** trad. franç., Paris, 1959.
- Wellhausen, J., **Das Arabische Reich und sein sturze**, trad. arabe de M. ᶜA. Abū Rīda, le Caire, 1958.
- Wellhausen, J., **Die religiös- politischen oppositions- parteien in altem Islam,** trad. arabe de ᶜA. Badawī, Koweit, 1978.
- Zadok, R., «Arabians in Mesopotamia during the late- Assyrian, Chaldian, Achaemamian and Hellenistic periods chiefly according to the cuneiform sources», **Zeitschrift der Deutschen Morgenländischen Gesellschaft,** 1981, 1.